

کۆبەرهەمی

# مەجید ئاسنگەر

بەرگی دووەم

کۆبەرهەمی

# مەجید ئاسنگەر


بەرگی دووەم

وتار | دیمانە

کۆکردنەوەی:

**د.بۆتان مەجید ئاسنگەر | د. جۆشان مەجید ئاسنگەر**

کوردستان ٢٠٢٥




**کۆبەرهەمی**

# مەجید ئاسنگەر

بەرگی دووەم

کۆکردنەوەی: **د.بۆتان مەجید ئاسنگەر | د. جۆشان مەجید ئاسنگەر**

گرافيك و دیزاین: **بەلوگرافیک - ٠٧٥٠٥٧٥٨٤٢٨**

ساڵ و شوێنی چاپ: **٢٠٢٥ - هەولێر**

چاپخانە: **زانکۆی سەلاحەددین**

تیراژ: **١٠٠٠ دانە**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٤١٤) ساڵی ٢٠٢٤ی پێدراوە.

# پێڕست

ماموستا مەجید ئاسنگەر/ مومتاز حەیدەری......................................................... ٩

## گوتارەکانی مەجید ئاسنگەر

چۆن نەگەیشتینە تاران؟ یان چەند بیرەوەرییەکی ١٤ تەمووز......................... ١٥
کورتەیەک لە مێژووی پڕشکۆی یەکێتی ماموستایانی کوردستان........................ ٢٥
کۆنگرەی یەکێتی ماموستایانی کوردستان لە (ناوپردان)............................. ٣٢
وێستگەیەک لە ژیانی ماموستایەتیم دا............................................. ٣٦
یادەوەرییەک تەمەنی لەنیو سەدە زیاترە............................................ ٤٢
یادەوەریی وێنەیەک.................................................................... ٥٣
پارتی قوتابخانەی خەبات و ڕەوشت بەرزییە.......................................... ٥٨
سەرۆک بارزانی نەمر و هەڵوێست و دوو یادگاری زۆر شیرین....................... ٦٩
لە پەراوێزی بیرەوەرییە(فەرامۆشکراوە)کانەوە...................................... ٧٦
چەند سەرە قەڵەمێک لەیادی شۆڕشی ئەیلوولدا..................................... ٨٢
دوو شار، دوو سەردەم، و دوو نەورۆز................................................ ٩٠
شەوانی ڕەمەزانی جارانی کۆیە....................................................... ٩٦
شتێک دەربارەی کۆیە................................................................... ١٠١
سەرگوروشتەی پڕۆتۆکۆلەکانی پەرلەمان............................................. ١٠٨
پڕۆتۆکۆلەکانی پەرلەمانی کوردستان و بەدواداچوونێک............................. ١١٥
هەر بەسەرپێیی چۆن سروود و شیعری گۆرانیم نووسی................................ ١١٨
ماکۆک.................................................................................. ١٢٦
سەربوردەی وێنەیەک.................................................................. ١٣١

**دیمانه**

دیمانەیەکی گۆڤاری ڕامان ........................................................................ ١٣٩
دیمانە لەگەڵ گۆڤاری ڕامان ......................................................................... ١٤٥
دیمانە لەگەڵ ڕۆژنامەی برایەتی........................................................................ ١٦١
دیمانە لەگەڵ ئاسۆی پەروەردەیی ........................................................................ ١٦٦
دیمانەیەک لەگەڵ کوردستان تیڤی ........................................................................ ١٧٨
چاوپێکەوتن لەگەڵ (ستایل)........................................................................ ٢٠٤
دیمانە لەگەڵ ڕۆژنامەی بەدرخان........................................................................ ٢٠٨
مەجید ئاسنگەر: هەر هەنگاوێك كورد بیهاوێ پێویستە زەمینەی بۆ خۆشكردبێ .......... ٢٢٦
لەگەڵ بەرنامەی میوان........................................................................ ٢٣٩

**مەجید ئاسنگەر لە دیدی نووسەر و کەسایەتییەکاندا**

مامۆستا مەجید حەداد........................................................................ ٢٦٤
مومتاز حەیدەری
تێکۆشەری نەتەوەپەروەری کورد مامۆستا مەجید ئاسنگەر ................................ ٢٧٢
کەریم شارەزا
لە یادی مامۆستا مەجید ئاسنگەردا........................................................................ ٢٨١
پۆڵا نانەوازادە
مەجید ئاسنگەر لە بیرەوەریەکانمدا........................................................................ ٢٩٦
پ.د. عەلی محمود جوکل
مەجید ئاسنگەر ڕۆشنفکرێک نغرۆ لە خەون ........................................................ ٣١٢
فازیل شـەورۆ
یادەوەرییەک دەربارەی شاعیری کوردپەروەر مەجید ئاسنگەر ................................ ٣١٦
حەمەکەریم هەورامی

ئەوالنامەی کتێب

مامۆستا مەجید ئاسنگەر کەسێکی پڕ نەزاکەت و ... ........................................ ٣٢١
حەمەکەریم هەورامی
لە کەسایەتییەکانی کۆیە شاعیر و نووسەر (مەجید ئاسنگەر ١٩٣٢-٢٠١٢)............. ٣٢٦
کەریم شارەزا
چەند تیشکێک لە ئەستێرەیەکی درەوشاوە ........................................ ٣٣٠
کازم کۆیی
مرۆڤێکی هێمن و لەسەرخۆ پشوودرێژی و دووربینی ........................................ ٣٣٤
تاریق جامباز
وەفا و چەند راستیەك ........................................ ٣٣٦
زاگرۆس ئەحمەد کەمال
مامۆستای مەزن: مامۆستا مەجید ئاسنگەر ........................................ ٣٤٠
شۆڕش عەزیز بیتۆشی
مامۆستا مەجید ئاسنگەر یەکەم کەس بوو داوای بە پارێزگابوونی کۆیەی کرد.......... ٣٤٢
پێشڕەوی سەید برایم

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکییەک بۆ کەسایەتی و بەرهەمەکانی مامۆستا مەجید ئاسنگەر

هەواڵنامەی کتێب

**مومتاز حەیدەری**

- مرۆڤێکی گیان فریشتەیی
- تێکۆشەرێکی سەرسەختی رێگەی ئازادی نیشتمان
- مامۆستایەکی پەروەردە و فێرکردنی چرای رۆشنگەری
- خاوەنی قەڵەمێکی هەمەڕەنگی باڵا
- دارچناری نەتەوەیی و مرۆڤپەروەری ....!

مرۆی کورد کە ئاوڕ لە رابردووی مێژووی هەمەچەشنی خۆی: کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، نەتەوەیی، خوێندەواری، هەژاری و خاوەن هەزارو یەك دەرد و ناحەز و دوژمنی هەمەڕەنگی خوێن رێژ .. هتد، دەداتەوە، کە سەدان

سـاڵە بـە دەسـت ئـەو پەتـا کوشـندانەوە دەناڵێنـی، هـاوکات زەوی و ئاسـمانی نیشـتمانەکەی بووەتـە دوو بەرداشـی زەبـەلاح، کـە لەوسـاوە دەیهـاڕن، ئەوجـاش بـە پێچەوانـەی ئـەو ڕەوشـە هـەرە دژواری هەمەلایـەن کـە ئامـاژەم پێـداون، ژمارەیەکـی هـەرە زۆری کەڵـە مـرۆی – بەهـەردوو ڕەگەزیـەوە - لـە بابـا تاهیـری عوریانـەوە تـا ڕۆژگاری ئەمـڕۆی هـەرە ئاڵـۆزی کوردسـتان – یـەك کوردسـتان – هەڵکەوتـو، نـەك تەنهـا لـە یـەك بـواری تایبەتـی، بگـرە لـە تێکـڕای جومـگ و ڕەهەندەکانـی ژیانیـان گرتۆتـەوە، بوونەتـە مایـەی هـەرە شـانازی نەتەوەیـی و مرۆڤپـەروەری ...

یەکێ لـەو مـرۆ گـەورە و نەمرانـەی کـورد، بـەو پـەڕی دڵنیاییـەوە، کۆچکـردووی نەمـر مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەرە ...

- بـە کورتـی، لـە چوارچێـوەی ژیانـی هەمـە لایەنـی کۆمەڵـی کـوردەواری و بەگشـتی، ژینگـەی شارسـتانی و کلتـووری و گیانـی نەتـەوە پـەروەری شـاری کۆیـە، بگـرە قوتابخانـە پێشـڕەوەکەی حاجـی قـادری کۆیـی، کـە مەڵبەندێکـی زینـدووی هەمیشـە بەرهەمهێنـەری ڕەسـەن کوردپـەروەری بـووە، کـە مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر لـە ئاگـردان و باوەشـی میهرەبانـی ژینگـەی ناوبـراو چـاوی کردۆتـەوە، فرچکـی بـە ڕەسـەنایەتی و بەهـای ڕەوشـت بـەرزی کۆمەڵایەتـی، نەتەوەیـی، مرۆڤپـەروەری گرتـووە .. هـەر کەسـێ بـە ژیننامـە هـەرە دەوڵەمەندەکـەی، کـە خەزنەیەکـی کۆمەڵایەتـی، نەتەوەیـی، کلتـووری ڕووناکبیریـە دا بچێتـەوە، ئەوەتـە (کـۆ بەرهەمەکـەی) نیشـانەیەکی هـەرە بەهێـزی گەورەیـی ئەومرۆڤـە نموونەییـە دەسـەلمێنێ ...!

جـا کـە خوێنـەر بـەو گەنجینـە زێڕینـەدا، بـە خوێندنەوەیەکـی قـوڵ و هەسـتیارەوە گـوزەر بـکات، ئـەوە زۆر بـە ڕۆشـنی و ڕاسـتگۆیانەوە، پایـەی گەورەیـی، بـە شـانازیەوە بـە مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر دەبەخشـێ ...

- ئـەوەی ڕاسـتی بێـت، چوارچێـوەی پێشـەکی نووسـین بـۆ درێـژە دادڕی

هەڵناگرێ، ئەوە دیارە ناوەڕۆکی ئەو کۆبەرهەمە دەوڵەمەندەی هەمەڕەنگ و بابەت - ی مامۆستا ئاسنگەر، بەشێکی زیندووی مێژووی کورد و کوردستان بە هەموو رەهەندەکانیەوە درووست دەکات.

- ئەوی جێی ئاماژەیە، بەداخێکی هەرە زۆرەوە، بە گشتی لە کۆمەڵی کوردەواری ئەمڕۆماندا، نمونەی گەورەیی مامۆستا مەجید ئاسنگەر فەرامۆش کراون .. کە زۆر پێویستە ژیاننامەو بەرهەمەکانی ئەو جۆرە مرۆڤانەی کورد، لە پڕۆگرامی خوێندنی ئامادەیی و زانکۆدا بخوێندرێ، بگرە بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا لە بارەیانەوە وەربگیرێ، بۆ ئەوەی نەوەی نوێ لە خەوی غەفڵەتی بێ ئاگاییدا راپەڕن و بە خۆیاندا بچنەوە، ئەو مێژووە زێڕینەی، ئەو گەورە مرۆڤانەی کوردستان، بکەنە سەرمەشقی دوا رۆژیان.
- هەزار و یەك چەپکەگوڵ و درود و سڵاو بۆ گیانی پاکی هەر هەموویان.

سوپاس

هەولێر – کوردستان

٢٠٢١/٦/١٢

هەواڵنامەی کتێب

# گوتارەکانی
# مەجید ئاسنگەر

هەواڵنامەی کتێب

# چۆن نەگەیشتینە تاران؟
# یان چەند بیرەوەرییەکی ١٤ تەمووز

هەواڵنامەی کتێب

(ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە ٢٦٢٥- ١٤/٧/١٩٩٨)

یەکدوو ساڵ بوو خولیای چوونە (ئێران) بۆ گەشتوگوزار لەسەری دابووین، بەڵام بۆمان ڕێکنەدەهات و میریی ڕێگەی پێنەدەداین. دواجار ئەو هاوینە خوا و ڕاستان دوای ماندووبوون و بێنەوبەرەیەکی زۆر کارەکەمان مەیسەر بوو، کاروباری پاسپۆرت و فیزە و ڕەزامەندیی جێبەجێکران.

پلیت (بطاقة)ی سەفەرمان بۆ (تاران) کڕی. دینارمان بە (تومان) ئاڵوگۆڕ کرد و دوایین شەو بۆ دڵنیایی لە (موسافرخانە)یەکی شاری (کازمییە)دا نزیک بەگەراجی پاسەکانی کۆمپانیای گەشتوگوزارەکەوە خەوتین، بەڵام چ خەوتنێک! بڕوا بفەرموون هەر (گورگانە خەو) بووا! من تا ئەوکاتیش هەر ڕەشبین بووم. شەوەکە پێش ئەوەی خەو بمانباتەوە لەسەر بانی ئۆتێلەکە هەردوو

هاوڕێکانــم مامۆســتایان (فازیــل شــەوکەت و فوئــاد شــێخ جەمــال نەقشــبەندی) بەدڵنیایــی و فیزێکــەوە گوتیــان "ئەوجــا خــۆ ئێســتا دەچینــە تــاران؟" هەروەکــو جارەکانــی پێشــووتر لــە وەرامــدا بــە ساردییەکەیەوە وتــم "بڵێــن ئینشــاللا"

بەیانییەکــەی لەســەر ڕاســپاردەی خۆمانــەوە، ئوتێلچــی ئــاگاداری کردینــەوە پەلەپــەل خۆمــان گەیانــدە (کارێــژ) و شــوێنەکانی خۆمانمــان لــە (ئوتوباســە) کــەدا گرتــەوە. زۆری نەبــرد (نەفــەرەکان) تــەواو ســواربوون، کاکــەی شــۆفێر نــاوی خــوای لێهێنــا و بــەرەو (بەغــدا) حەرەکەتــی کــرد. ئەوجــا دوو هاوەڵەکانــم هەمــان پرســیاری پێشــوویان دووپاتکــردەوە، منیــش بــە هەمــان شــێوە لــە وەرامــدا گوتــم " بڵێــن ئینشــاللا" بەنیمچــە بێزارییەکــەوە گوتیــان "ئــەی ماڵــت بەقــوڕ نەگیرێــت، ئــەوە چییــە، ئــەی تــۆ کــەی بــاوەڕت دێ؟ وتــم "ئینشــاللا کــە لــە ســنوور ئاودیــو بوویــن دەڵێــم "ئۆخــەی".

وەختێــک نزیــک کۆشــکی (ڕحــاب)ی شــاهانە و چەنــد دامودەزگەیەکــی گرنگــی دەوڵەتیــی و بەســەر پردەکانــی نێــو شــاری بەغــداوە ڕەتدەبوویــن پــۆل پــۆل ســەربازی چەکــدار و یەکــەی ســوپاییمان بەرچــاو دەکەوتــن بــۆ ئــەوەی بایەخێکــی ئەوتــۆی پێبدەیــن چونکــە دەمانزانــی بڕیــار درابــوو (لیوا)یەکــی ســوپای عێراقــی بــۆ (لوبنــان) بنێردرێــت. بەغدامــان جێهێشــت، خــۆر تــازە ســەرەتاتکێی دەکــرد. دڵنیــام زۆربــەی هــەرە زۆری دانیشــتوانی بەغــدا و هەمــوو خەڵکــی عێــراق لــەو ســاتەوەختەدا لــە خــەوی شــیرین دابوونــە و بــە ئارامیــی خەونیــان بــە ڕۆژێکــی دیکــەی هێمــن و ئاســوودەی وەک ڕۆژەکانــی پێشــترەوە دەبینــی. لەنــاکاوڕا ماشــێنێکی لــە ئەوەکــەی خۆمــان بچووکــتر کــە لــە دوامانــەوە بــوو خــۆی گەیانــدە ئاســتی پاســەکمانەوە و لــە پەنجەرەکــەوە یەکێــک بــە عەرەبــی وتــی" ماعدکــم ڕادیــۆ؟" شــۆفیرەکەمان بــە (لا) وەرامــی دایــەوە. کابــرا پرســیارکار وتــی "صــارت ثــورة" واتــا شــۆڕش بەرپــا بــووە لەنێــو هــەر چــل سەرنشــینەکانی پاســەکەماندا منــی ســەرگەرم و بێــزار لەرژێمــی پاشــایەتی و تینــووی ئــازادی، بــێ

دوو دڵـی و گوێـدان بـە هـەر ئەنجامێکـی چاوەڕوانکـراوی هەڵوێسـتێکی ئاوەهـاوە، زۆر هەرزەکارانـە هاوارمکـرد "عاشـت الثـورة" نەفەرەکانـی پاسـەکە کـە جگـە لـە دوو هاوڕێکانـی خـۆم، کـەس نەیدەزانـی چیـن و کێیـن و هەندێکیانیـش عەجـەم و فـارس (خەڵکـی ئێـران) بـوون و ئەوانـی تـر عـەرەب بـوون، گشـتیان حەپەسـان و سەراسـیمە بـوون و تـرس بـە ئاشـکرا بـە ڕوخسـاریانەوە دیارکـەوت، بـەڵام چ دەبـێ بـا ببـێ، تـازە (هۆتافەکـە) لـە قۆرگمـەوە دەرچووبـوو.. گەڕانـەوەی بـۆ نەبـووا! هێنـدەی نەبـرد لـە شـوێنێکدا ڕایانگرتیـن، پێـش ئێمـەش زۆران ئۆتۆمبیـل و خەڵکـی دیکەیـان لێراگرتبـوو. زۆربـەی ماشـێنەکان ڕادیۆکانیـان ئاخـر دەنـگ کردبـۆوە. مارشـی سـەربازی پەخـش دەکـران. هەنـدەی نەبـرد (بەیاننامـەی)ی ژمـارە (یـەک) خوێنرایـەوە و تیایـدا بەنـاوی سـوپا و بـە پشـتیوانی سـەرجەم گەلانـی عێراقـەوە، مـژدەی بەرپابوونـی شۆڕشـی ١٤ی تەممـوزی ١٩٥٨ و ڕووخاندنـی ڕژێمـی کۆنەپەرسـتیی پاشـایەتی و دامەزراندنـی (کۆمـاری عێـراق)ی بـە دنیـا ڕاگەیانـد. دواتـر سـواربووینەوەو لەنزیـک شـاری (باقووبـە) هەمدیـس ڕایانگرتینـەوە. بەیاننامـەکان بـە دوای یەکـدا ڕادەگەیەنـران. هەواڵـی دەستبەسـەرداگرتنی کۆشـکی پادشـایەتی و کوژرانـی مەلیـک فەیسـەڵی دووەم و ئەمیـر عەبدولئیـلای خاڵـۆی مەلیـک و وەلیعەهـد و زۆربـەی ئەندامانـی خانەوادەکـە بـە ژن و پیـاوەوە بڵاوکرایـەوە. هەروەهـا بڕیـار درا ئەنجوومەنێکـی سـەرۆکایەتی (مجلـس السـیادة) بـە سـەرۆکایەتی فەریقـی ڕوکـن محمـد نجیـب الربیعـی عەرەبـی سـوننە مەزهـەب و ئەندامەتیـی (محمـد مهـدی کبـە) عەرەبـی شـیعە مـەزەب و عەقیـدی خانەنشـین محمـد خالیـد نەقشـبەندی کـوردی سـوننە مـەزەب پێـک بهێنرێـت و دواتـر دامەزراندنـی ئەنجوومەنێکـی وەزیـران بەسـەرۆکایەتی زەعیمـی ڕوکـن عەبدولکەریـم قاسـم کـە هـەر خۆیشـی وەزیـری بەرگـری و فەرمانـدەی بـاڵای هێـزە چەکـدارەکان بـوو، عەقیـد عەبدولسـەلام محەمـەد عـارف جێگـری سـەرۆک وەزیـران و وەزیـری ناوخـۆ، لەگـەڵ چەنـد وەزیـری دی کـە نوێنـەری هێـز و

تویـژە جۆربەجۆرەکانـی نێـو گۆڕەپانـی سیاسـیی ئـەو سـەردەمە بـوون. هەروەهـا شۆڕشـگێڕان داوایـان لـە جەمـاوەری دڵسـۆزی شـۆڕش دەکـرد چالاکانـە پشـتیوانی شـۆڕش و هێزەکانـی بکـەن و دەرفـەت بـە دوژمـن و چڵکاوخۆرانـی بێگانـە نـەدەن دژی شۆڕشـەکەیان پیلانبگێـڕن. هەروەهـا دەبـێ کاربەدەسـتانی ڕژێمـی ڕووخێـنراو تەسـلیم بـە بنکەکانـی شـۆڕش بکـەن. هـەر لەوێـدا گوێـمان لـە دەنگـی تەقـە و دەسـترێژی چـڕ و ناوبەنـاو دەبـوو. بیسـتمان کـە یەکەیەکـەی هێزەکانـی لایەنگـری ڕژێمـی پاشـایەتی هێشـتا بەربەرەکانـی شۆڕشـگێڕانیان دەکـرد پێـش ئـەوەی بـۆ یەکجاریـی خۆیانیـان بـدەن بەدەسـتەوە. لـەو کاتانـەدا هەنـدێ هێـزی سـەربازیی بـە بەردەممانـدا بـەرەو (بەغـدا) ڕەتبـوون، ئەفسـەر و سـەربازەکان لەنێـو چەپڵـە و هۆتافکێشـانی حەشـاماتە کۆبووەکـەدا بـە پەرۆشـەوە دەسـت و چەکەکانیـان هەڵدەتەقانـد و نیشـانەی سـەرکەوتنیان دەنەخشـاند. خەڵکانێکـی باخەبـەر ئاماژەیـان بۆسەرنشـینی یـەک لـەم سـەییارە سـەربازییەکان کـرد و گوتیـان "ئەمـە زەعیـم ڕوکـن عەبدولکەریـم قاسـم" بـوو ئـەوەی شۆڕشـەکەی کـردووە و بۆتـە سـەرۆک وەزیـران.

بـەرەو (خانەقیـن) ڕێگەیـان پێدایـن، دنیـا تـەواو گـەرم داهاتبـوو، عێراقیـش وەک مەنجـەڵ هاتبـوو کـوڵ! کەچـی دوای نانخواردنـی نیـوەڕۆ کـە لەشـارەکەی سـەر (ئەلوەنـد)ەوە بـەرەو (سـنوورە دەسـتکردەکە)وە بەڕێکەوتینـەوە، ئەمجـارەش (سـتۆپ)یان بـە کاروانەکـە کـردەوە و (مژدە)یەکـی ناخۆشـیان پێدایـن کـە بـە فەرمانـی کاربەدەسـتانی شـۆڕش گشـت فرۆکەخانـە و بەنـدەر و سنوورەکانی عێـراق داخـراون و سـەفەر بـۆ دەرەوە قەدەغەکـراوە، تەنیـا ڕێگەیـان بەئێرانییەکانـدا کـە دوانیـان لەنێـو ماشـێنەکەدا گیانیـان سـپاردبوودا بیپەڕنـەوە ئـەو دیـو.. بـۆ ئێمەیـش "فەرمـوون بـۆ خانەقیـن بگەڕێنـەوە!"

شـەوێکی ئێجـگار گـەرم و هالاویـی و کـەم خەویـمان لـە خانەقیـن بەسـەربرد. دوو برادەرەکانـم مجێـی ئەوەیـان نەمابـوو لێـم بپرسـنەوە کەچـی خـۆم زامەکانیـم

کولاندنـەوە و گوتـم“ ”نەمدەگـوت بڵێـن ئیشـاللا! دە بزانـم چوویـن بـۆ (تـاران) یـان نا؟“

ڕۆژی پاشـتر ١٥ی تەمـووز تاکـو دوای نیـوەڕۆ قائمقامـی خانەقیـن نەیتوانـی ڕێگەمـان بـدات بگەڕێینـەوە بـۆ (بەغـدا). بـە درەنگـەوە هەرسـێکمان تاکسـیەکمان بـە کـرێ گـرت کـە شـۆفێرەکەی هـەرزە عەرەبێکـی زۆر لاسـار و سەرشـێت بـوو لـە ڕێگـەدا چەنـدان جـار وەختـە بـوو بـە فەتەرەتمـان بـدات! دەمـەو ئێـوارە لـە بازگـەی نزیـک (بەغـدا) ڕایانگرتبوویـن لەرادیـۆ هەواڵـدرا کـە (نـووری سـەعید) بـە جلـی ژنانـەوە دەسـتگیرکراوە. گەیشـتینەوە بەغـدا، بـەڵام چ بەغدایـەک! هـەر هەمـوو میللـەت ڕژابوونـە نێـو کووچـەو شـەقامەکانەوە، بـێ گوێدانـە گەرمـای بـێ وێنـە، ڕێپێـوان و خۆنیشـاندانی سـەدان هـەزار کەسـی، هاتوهـاوار و بمـری و بـژی و بڕووخێـت.. هەزارەهـا دروشـمی نـووسراو و هەڵـواسراو تەنانـەت ڕێگـەی ئۆتۆمبیـل نەبـوو ڕەتبـێ، ناچـار بـەلاڕێ و لـە کۆڵانـەی لاتەریکـەوە بەسـەد دەردی سـەر گەیشـتینە نزیـک ناوەنـدی شـار و بەحـاڵ لـە ئوتێلێکـی کـوردەکان شـوێنیان بـۆ کردینـەوە. لـە ڕاسـتیدا بۆنەیـەک بـوو دەیـان سـاڵ بـوو خەڵکانـی عێـراق بـە پەرۆشـەوە لـە چاوەڕوانیـدا بـوون و بـەردەوام قوربانییـان بـۆ دەدا. جـەژن و شـادیی و بـەزم و ئاهەنـگ بـوو. هەوەسـێک بەسـەر کۆمەڵانـی خەڵکیـدا هاتبـوو کـەس ناتوانـێ بـە تەواوەتـی وەسـفی بـکات! تێکـڕای میللـەت مەسـت و سەرخۆشـی سـەرکەوتن و سـەرگەرمی (تۆڵە)سـەندنەوە بـوون، تـا ئـەو جێگـەی زۆران کاری نـاڕەواو نابەجێـش، ڕوویانـدا. وەک ئـەوەی بیسـتمانەوە کـە گوایـە جەسـتەی (عەبدولئیلا)یـان لـە شـەقامدا بـە قەنـارەوە هەڵواسـیبووەو بـە چەقـۆ گۆشـتیان لێکردۆتـەوە! لاشـەی (نـووری سـەعید) و چەنـدان کاربەدەسـتی پێشـووی تریـان کەلوپارچـە کردبێـت و تەنانـەت سەییارەشـیان بەسـەریاندا ڕەتکردبێـت. مـن خـۆم ڕۆژی دواتـر لـە (کازمییـە) بەچـاوی خـۆم بینیـم لاشـەیەکیان بـە شـەقامدا ڕادەکێشـا! کاکـە خوێـن بـەری چـاوی ئـەو خەڵکـە گرتبـوو! ئەمانـە و

لە تەک چەندان کاری دزی و نارەوای نامرۆیانەی لەو چەشنەدا کە بە هیچ نەریتێک (پاساو)یان نادرێتەوە! کاربەدەستانی دیکەی ڕژێم، ئەوانەی لە مردن ڕزگاریان ببوو دەستگیرکران و درانە دادگەی باڵای سەربازی- دادگەی گەل- بەسەرۆکایەتی عەقید محەمەمەد فازیل مەهداویی و ئەندامێتی عەقیدی ڕوکن فەتتاح شاڵی کە کورد بوو ئەفسەرێکی دیکەی عەرەب و داواکاری گشتی عەقید ماجید محەمەدەمین، ئەوانیش یان ئەوەتا بە لە سێدارەدان، وەک وەزیری کوردی ناوخۆ سەعید قەزاز و هاوەڵەکانی، یان بە زیندانی بۆ ماوەی جیاجیا حوکمدران!

دوای سێ ڕۆژی پڕ لە ڕووداوی گرنگ و سەیروسەمەرە و هەندێ جار دڵتەزێنیشەوە، بە یارمەتی ئەفسەرێکی پلەبەرزی کوردەوە عەقید وەحید بامەڕنی لەوەزارەتی بەرگری پسوولەی ئەوەمان وەرگرت بگەڕێینەوە هەولێر و لەوێشەوە (من) بۆ (کۆیە). کوردستانیش بە چەشنی بەغدا و ناوچەکانی تر گڕگرتوو بوو، خرۆشابوو، گڕکانی ڕق و کینە و هەستی پەنگخواردووی کۆمەڵانی خەڵک تەقیبۆوە، لەهەر لا شایی و هەڵپەڕکێ و خۆنیشاندان و ڕێپێوان و دروشمبازیی و ئاهەنگێڕان و هوتافکێشان و بروسکە ناردن بوو.

وەفدی شاروگوندەکانی کوردستان نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عێراقی وسەرجەم یەکێتی و سەندیکا و ڕێکخراوەی چین و توێژەکانی گەلی کوردستان وەک هەموو بەشەکانی دیکەی عێراق بۆ پیرۆزبایی ڕوویانکردە (بەغدا) و پشتگیری تەواوی جەماوەری کوردستانیان بە شۆڕشگێڕان ڕاگەیاند ولەبەردەم زەعیم عەبدولکەریم قاسمدا وتەی هەرێمی کوردستانیان خوێندەوە.

شۆڕشی نیشتمانیی و ڕزگاریخوازی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ هەر لەیەکەم ڕۆژی بەرپابوونیەوە مژدە و بەخشش بوو بۆ گەلانی عێراق و هەموو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی گەلانی دنیای سێ

و گورزێکــی کوشــندە و کاریگــەر بــوو ســڕەوتێنرایە تاقمــی کۆنەپەرســت و خائیــن و نۆکەرانــی ئیمپریالیســتی جیهانــی و چقڵــێ بــوو چــووە چــاوی دوژمنانــی گەلــە تێکۆشــەرەکانەوە.. ئــەو شۆڕشــە مەزنــە پێــش ئــەوەی لــە ڕێگــەی ڕاســتی خــۆی لابــدات پــڕی بوولــە بەخشــش و دەســتکەوتی هــەرە مــەزن و گرنــگ کــە تەنیــا بــۆ (نموونــە) ئامــاژە بــۆ ئەمانــەی خوارەوەیــان دەکەیــن.

رووخاندنــی ڕژێمــی کۆنەپەرســتانەی پادشــایەتی و دامەزراندنــی (کۆمــاری عێــراق) لــە جێگەیــدا، دەســتگیرکردن و دادگایــی و ســزادانی بەرپرســانی پێشــوو کــە نۆکــەر و ئاڵقــە لــە گوێــی بێگانــە و ئیمپریالیــزم بــوون و بــۆ بەرژەوەنــدی خۆیــان و ئاغاکانیــان بەدواکەوتووتریــن شــێوە گەلیــان دەچەوســاندەوە. ئازادکردنــی گشــت زیندانــی و دەستبەســەرە سیاســییەکان و گێڕانــەوەی دوورخــراوەکان بــۆ شــوێن و ســەرفەرمانەکانی خۆیانــەوە. دانانــی دەســتووری کاتــی کــە لــە مــاددە ســێیدا بــۆ یەکەمجــار لــە مێــژووی نوێــی عێراقــدا دان بــەوە نــرا کــە (کــورد و عــەرەب هاوبەشــن لــە عێراقــدا و بەپێــی یاســا مافەکانــی نەتەوەیــی گەلــی کــورد دەســتەبەر دەکرێــن). ڕێگــەدان بــە گەڕانــەوەی ســەرکردەی قارەمــان و شۆڕشــگێڕی کــورد مــەلا مســتەفای بارزانــی و هاوەڵــە دڵســۆزەکانی لــە کۆمارەکانــی یەکێتــی شــۆرەوەیی جارانــەوە دوای پــتر لــە یــازدە ســاڵان ئــاوارە بــوون و پەنابەریــی ئــەم هەنــگاوەی شــۆڕش هــەرە گرنــگ و ئێجــگار کاریگــەر بــوو، کــە بــە هاتنــەوەی قارەمانــان و گەشــتنەوەیان بــۆ خاکــی عێــراق هــەر لــە بەنــدەری بــەسراوە هەتاکــو پایتەخــت و لەوێشــەوە دواتــر بــۆ کوردســتانی چــاوەڕوان بــوو، ســەرجەم دانیشــتوان بەشــێوەیەک لــە پێشــوازییاندا بــوون کــە هەرگیــز پێشــتر بــۆ هیــچ ســەرکردە و خەباتکارێــک نەکرابێــت. لەراســتیدا تەنیــا پێشــوازیی نەبــوو، بەڵکــو فیســتیڤاڵێک بــوو بگــرە کەرنەڤاڵێکــی مێژوویــی دەگمــەن و بــێ وێنــە بــوو! کێشــانەوەی عێــراق لەپەیمانــی ســەنتۆ، پەیمانــی بەغــدا و ڕزگارکردنــی دراوی عێراقــی لەچنــگ دەســەڵاتی ناوچــەی ئەســترلینی. مۆڵەتدانــی هەنــدێ حــزب و

ڕێکخراوەی پیشەیی و دیموکراتی کە لە نێوانیاندا پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕەسمیی مۆڵەتی کارکردنی بە ئاشکرای پێدرا و پەرەی بەچالاکییەکانی خۆیدا. دەرکردنی چەندەها ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنی پێشکەوتوو خواز و لە نێویاندا ڕۆژنامەی (خەبات) ئۆرگانی پارتی بوو. دەرکردنی یاسای چاککردنی کشتوکاڵی و دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاراندا. دانوستان کردن لەگەڵ کۆمپانیا خاوەن ئیمتیازەکانی بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراقدا و دیاری و کەمکردنەوەی سنووری دەسەڵاتەکانیان و زێتر کردنی بەشی عێراق لە (قازانجەکان). بایەخدانی زیاتر بە بەرنامەکانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و گۆڕانکاریی لە پرۆگرامەکانی خوێندن و قوتابخانەکان. دانان بە کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی، ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتی ئەوسا و بەستنی پەیوەندیی دیپلۆماسی و ئابووری لەگەڵ کۆمارە سوشیالیستەکانی ئەوسا و یەکێتی شووروەیی.. وێڕای هەموو ئەمانەیش چەند دەستکەوتێکی تایبەت بۆ گەلی کورد بەدی هێنران وەک دانان لە دەستووردا بەهاوبەشیی کورد و عەرەب، گەڕانەوەی بارزانیی نەمر و هاوڕێکانی، مۆڵەتدانی پارتیی و دەرچوواندنی ڕۆژنامەی (خەبات) و ڕێگەدان بە یەکێتییە کوردستانییەکانی وەکو لاوان و ئافرەتان و قوتابیان و جووتیار و کرێکاران و دواتریش مامۆستایان، بەستنی هەردوو کۆنگرەی یەکەم و دووەمی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە و دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی لە بەغدا و ڕێگەدان بە دەرچواندنی چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپکراوی کوردیی، گۆڕانکاریی لەبەرنامەکانی ڕادیۆ بەشی کوردیی و بایەخدان بە خوێندنی مێژوو و زمانی کوردیی و بەشداریکردنی کەسایەتییە ناسراوەکانی کورد لە پۆستەکانی وەزارەت و دامودەزگە و دامەزراوە گرنگەکانی دەوڵەتیدا و لە وەفد و نێردراوەکان بۆ دەرەوەی وڵات و زۆرانی تریش! وەکو لەسەرەوەشدا ئاماژەیان بۆ کراوە.

سەرکردەی شۆڕش، زەعیم ڕوکن عەبدولکەریم قاسم هەرچەند خۆی

هـاواری دەکـرد کـە خۆیـی و سـوپا لەسـەرووی حزبایەتییـەوەن، کەچـی هەنـدێ حـزب ئەویـان بـە ئەنـدام یـان لایەنگـری حزبـی خۆیـان دادەنـا و تەنانـەت دوژمنـە بیانییەکانیـش ژمـارەی تایبەتیشـیان لەڕیـزی یەکێـک لـە حزبەکانـدا بـۆ دیاریکردبـوو.

شـۆڕش بەردەوامبـوو لـە پێشکەشـکردنی دەسـتکەوتەکانی بـۆ گـەل هـەروەک عەبدولکەریـم قاسـم لەهەمـوو بۆنەیەکـدا دووپاتـی دەکـردەوە و دەیگـووت: "هەمـوو مانگێـک شۆڕشـێکمان دەبێـت" ئـەوە دوو سـاڵەی سـەرەتای شۆڕشـەکەوە بـوو، بەرلـەوەی ناحـەز و دژمنـان لـە سـەدمەکەیانەوە بـە خۆبێنـەوە و بکەونـە پیلانگێـڕان و دووبەرەکـی نانـەوە.. پێـش ئـەوەی عەبدولکەریمیـش بسـڵەمێتەوە و هەسـت بـە مەترسـیی بـکات و لـە هەڵوێسـتەکانی پاشـگەز بێتـەوە و لـە ڕێبـازە ڕاسـت و دروسـتەکەی شـۆڕش لابـدات و دوورکەوێتـەوە و سیاسـەتی دووفاقیـی و (پەرتکـە و سـەردەکەویت) پیـادە بـکات و تەنـگ بەکـورد هەڵبچنـێ و شـەڕی نـاڕەوای پـێ بفرۆشـێ و ناچـاری بـکات بـۆ بەرگریکردنـی ڕەوا لـە بوونـی خۆیـەوە دەسـت بـۆ چەکـی خۆپارێـزی ببـات و دواتـر شۆڕشـی (ئەیلـوول)ی مـەزن جـاڕ بـدات. پێشـتریش پیلانەکـەی عەقیـد عەبدولسـەلام محەمـەد عـارف دژی عەبدولکەریـم و ڕێبـازە دروسـتەکەی شـۆڕش و ئەوجـا هەوڵـە نەزۆکەکـەی حزبـی بەعـس بـۆ تیرۆرکردنـی عەبدولکەریـم قاسـم لـە شـەقامی ئەلرەشـیدی بەغـدادا، بـە بەشـداریی ئەیـاد سـەعید سـابیت و عەبدولوەهـاب ئەلفرێـدی و سـەددام حوسـێن و چەندانـی تـر... لەگـەڵ هەوڵـی کودەتـا سـەربازییەکەی عەقیـد عەبدولوەهـاب ئەلشـوان و نـازم ئەلتەبەقچەلـی کـە هیچێکیـان سـەرکەوتوو نەبـوون، بـەڵام تێکـڕا فاکتـەری بەهێـز و کاریگـەر بـوون بـۆ لادانـی عەبدولکەریـم لـە ڕێبازەکەیـەوە و هەڵگەڕانـەوە نالۆژیکیەکـەوە. بەوەرگرتنـی هەڵوێسـتی هەڵـە و چەواشـەکارانەیەوە هێـزە دیموکراتـی و پێشـکەوتووخوازەکانی لەخـۆی دوورخسـتنەوە و حەماسـەتی جەمـاوەری سـارد کـردەوەو بەوەیـش دەرفەتـی گونجـاوی لەبـەردەم دوژمنانـدا

والآ كـردەوە كـە لـە بەرەبەيانـى ڕۆژى ٨ى شـوباتى ١٩٦٣ دا كودەتايەكـى بەسـەردا بكـەن و شۆڕشــە مەزنەكــە لــە گــۆڕ نيــن.. عەبدولكەريــم قاســم و هاوڕێكانــى (گوللەبــاران) بكــەن و بــەم پيلانــە گومانلێكراوەيــان عێراقيــان لــە گۆمــى خوێنــى ڕۆڵــە وەفادارەكانيــدا گەوزانــد و گێڕايانــەوە بــۆ ڕۆژگارەكانــى لــە جــاران ڕەش و تاريــك و تاڵــتر.. تـا ئێســتەيش لەگەڵــدا بێــت گەلانــى عێــراق و بەتايبەتــى گەلــى كوردســتان ئاكامــە شــووم و هــەرە ئاڵۆزەكانــى دەچێــژن! ســەردانەكەى (تــاران) يشــم هــەر نەكــرد. هەتــا لەســايەى شۆڕشــى كوردســتانەوە ســاڵى ١٩٧٤ وەك سەرپەرشــتياريى پســپۆڕيى ســەردانى قوتابخانەكانــى ناوەنــدى و دواناوەندييەكانــى شۆڕشــم لــە شــار و ئۆردوگاكانــى ئێرانــدا كــرد و لــە ڕێگەيانــەوە چاومــان بــە (تــاران) و شــارە گرنگەكانــى ديكــەى كوردســتانى ڕۆژهەڵاتيــش كــەوت و خولياكــەى ســاڵى ١٩٥٨م ئەوســا هاتــەدى.

هەولێر ١٩٩٨/٧/١٢

هەواڵنامەی کتێب

# کورتەیەک لە مێژووی پڕشکۆی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان

هەواڵنامەی کتێب

لە ژمارە (٢٣٦٨)ی ڕۆژی ١٩٩٧/٧/٨ی ڕۆژنامەی "برایەتی"

هەر لەگەڵ دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە ساڵی ١٩٥٣ ختووکەی پێکەوەنانی ڕێکخراوەیەکی پیشەیی بۆ سەرجەم مامۆستایانی کوردستان لە بیروهۆشی ئەندام و لایەنگرانی پارتییدا چەکەرەی دەکرد و بەردەوام لە کۆبوونەوەو دانیشتنی تایبەت و بەیەک گەیشتنیاندا پێکەوە باسیان لێوە دەکرد و بیرۆکەی هێنانە کایەوەی یەکێتییەکەی لەو بابەتەیان لەنێو هەردوو حزبی شیوعیی عێراقی و پارتی دیموکراتی کورد هەوڵیان دەدا ڕێکخراوەی پیشەیی و جەماوەری سەربەخۆیانەوە دابمەزرێنن و بەهۆیانەوە خەڵک بۆ نێو ڕیزەکانی خۆیان ڕابکێشن و بیانخەنە ڕێکخستنەکانیانەوە. ئەوەبوو ساڵی ١٩٥٥ لە تاکە قوتابخانەی دوا ناوەندی بۆ کوڕانی هەولێر

بە مامۆستای زمانی ئینگلیزی دامەزرێنرام، ڕێکخراوەیەکی ڕەسمی بەناوی (جمعیة المعلمین) هەبوو، من وەکو نوێنەرێکی (نهێنی) پارتی بووم بە ئەندامی دەستەی کارگێڕی لقی هەولێری کۆمەڵەکەو دواتریش بەڕێوەبەری قوتابخانەی دواناوەندیی ئێوارانی کوڕان کەسەر بە کۆمەڵەکە بوو.

ساڵی ١٩٥٦ و لەسەروبەندی هەراکەی کەناڵی سوێس و هێرشە سێ قۆڵییەکەی سەر میسر بۆ قوتابخانەی ناوەندی (ام الربعیین) لە شاری (مووسڵ) گوێزرامەوە و ساڵێک دواتر گەڕامەوە دواناوەندییەکەی هەولێری کوڕان. ئەو سەردەمە جموجۆڵی سیاسی و حزبایەتی لە پەرەسەندندا بوو، بزووتنەوەی نیشتمانی لەعێراقدا (کوردستانیش بەتایبەتی) لەوپەڕی هەڵچوون و بەرەو پێشچووندا بە هەڕمێن بوو لەلایەکی تریشەوە بە نهێنی و بە ئاشکرا مشتومڕ و دەمەقاڵێی و بێنەو بەرەیەکی زۆر بەگشتی لەنێوان ڕێبوارانی ڕێبازی کوردایەتی (سەر بە پارتی) و لایەنگرانی خەباتی چینایەتی سەر بەحزبی کۆمۆنیستی عێراق دا هەبوو، بەتایبەتی لەسەر ئەوە (ئایا کورد ئوممەتە یا ئوممەت نییە)! لەبارەی ڕەوایی بوونی پارتی و پێکهێنانی کۆمەڵە و ڕێکخراوەی ڕامیاری و پیشەیی تایبەت بە کوردستانەوە، وەکو (قوتابیان و لاوان و مامۆستایان و ئافرەتان و جوتیار و کرێکاران و ..هتد) ئەوەبوو لەپاش بەرپابوون و سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ دا، کۆمەڵەی مامۆستایان ڕوو لە نەمان بوو، لەشوێنیدا (نیقابەی مامۆستایانی عێراقی) دامەزرێنرا. لە هەولێر پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیی عێراقی بەشێوەیەکی بەرەیی پێکەوە دەستەی دامەزرێنەری فەرعی هەولێری نیقابەمان پێکهێنا و دوایی ماوە پێدانی ڕەسمیش بە لیستێکی هاوبەش بەشداری هەڵبژاردن کراو، بەپێی بارودۆخی بێ سەروبەری ئەوکات و بە گوێرەی قەوارەی سیاسی هەر دووک حزبەکانەوە، لەیەکەمین دەستەی بەڕێوەبردنی (کارگێڕی) لقی هەولێردا بەتەنیا نووسەری ئەم بابەتە (وەک جێگری سەرۆکی فەرع) بە

نوێنەرایەتـی پارتـی هەڵبژێـردرام. لەگـەڵ ئەمەشـەوە، زۆر بەگیانێکـی دیموکراتیانـە و وەک برایـان پێکـەوە کاروبارەکانمـان ئەنجـام دەدان و خزمەتـی مامۆسـتایان و پرۆسـەی پەروەردەمـان دەکـرد. ئەوەبـوو لـە ٢ی شـوباتی١٩٥٩ دا بەنـاوی وەفـدی هەولێـر لەتـەک نوێنەرانـی پارێزگاکانـی سـلێمانی و کەرکـووک و دهـۆک و موسـڵ و دیالـە و کـوت دا لەکۆنگـرەی یەکەمـی نیقابـەی مامۆسـتایاندا لـە بەغـدا کـە بەڕێـز (هدیـب الحـاج حمـود) وەزیـری پـەروەردە بەوەکالـەت ئیفتیتاحـی کـرد ئامادەبوویـن و لـەو چەندیـن لێژنـەی جیـاوازدا چالاکانـە بەشـدار بوویـن و زۆر بـە پەرۆشـەوە داخوازییەکانـی سـەرجەم مامۆسـتایانی کوردسـتانمان دەخسـتەڕوو. هـەر لـەو بۆنەیەشـدا لـە وەزارەتـی دیفاعـی عێراقیـدا چاومـان کـەوت بـە زەعیـم عەبدولکەریـم قاسـم و لـەو دیـدارەدا نەترسـانە بـارودۆخ و داواکاریـی جەمـاوەری مامۆسـتایان و قوتابخانەکانـی کوردسـتانمان پێـی ڕاگەیانـد. هەروەهـا زۆر بـە شـانازییەوە سـەردان و دیدەنـی قارەمـان و سـەرکردەی تـازە گەڕایـەوەی نیشـتمان سـەرۆک بارزانـی نەمرمـان کـرد!

دیسـانەوە لـە ٢٣ی شـوباتی١٩٦٠ لـە بەغـدا بەشـداریی دووەم کۆنگـرەی نیقابـەی مامۆسـتایان بوویـن کەلەلایـەن سـەرۆک عەبدولکەریـم قاسـمەوە کرایـەوە و تیایـدا وتارێکـی بـە گـوڕی پێشـکەش کـرد و بـە چەپڵـەوە هۆتـاف کێشـانەوە لەلایـەن بەشـداربووانەوە پێشـوازی گەرمـی لێکـرا. لـەو کۆنگرەیەشـدا وەک لەهـی یەکەمـدا نوێنەرانـی پارێـزگا و شـارەکانی کوردسـتان، بەتایبەتیـش هەوادارانـی پارتـی و کۆمۆنیسـتەکان بەوپـەڕی دڵسـۆزیی و شـێلگیرانە بەشـداری لێژنـە هەمـە جـۆرەکان و چالاکییەکانـی کۆنگرەکەمـان کـرد و نەترسـانە لـە دژی تەییـارە شـۆڤینی و ڕەگەزپەرسـتیانەکەی نەتـەوە پەرسـتە کۆنەپارێـزەکان و کـورد نەویسـتەکانی نێـو کۆنگـرە بـە ئاشـکرا و جەخـت و بەرگریـمان لـە مافەکانـی پیشـەیی و دیموکراتـی گەلـی کوردسـتان دەکـرد.

هەروەهـا بەپشـتگیری و هاندانـی پارتـی و حزبـی شـیوعی و لەسـەرهەمان

بنەڕتدا و بە هەمان گوڕوتینەوە برادەرانی لایەنگرانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان وبەرەی سەر بە بزاڤی دیموکراسی لەعێراق هەر دووک (کۆنگرەی مامۆستایانی کورد)یان لە شەقڵاوە سازدا، یەکەمیان لە ڕۆژانی ١٠-١٣ی ئەیلوولی ١٩٥٩ بەستراو پارێزگاری ئەوسای هەولێر لیوا ڕوکن عەلائەدین مەحمود کردییەوە و دووەمەکەیان ڕۆژانی ١٥-١٧ی ئابی ١٩٦٠ کراو لەلایەن زەعیمی ڕوکن ئیمساعیل عارف وەزیری پەروەردەی عێراقەوە لەهۆڵی گەل لە شاری هەولێر کرایەوە و ئەوجا لە شەقڵاوە چالاکییەکانی لیژنە جۆراوجۆرەکانی درێژەی کێشا. لە هەردو کۆنگرەشدا بەندە وێڕای بەشداریکردنی چالاکی چەند لیژنەیەک بێژەر و (عەریف حەفل)ی کۆنگرەکان بووم و لە ئاهەنگی کردنەوەی دووەمیاندا لە هەولێر کاک نەجمەدین موفتی بە زمانی عەرەبی هاوکارم بوو. بێجگە لە مامۆستایان و پەروەردەکارانیش ژمارەیەک باش لە نووسەر و شاعیر و ڕۆشنبیرانی کورد وعەرەب و تورکمان و ئاسووری و میوانانی دەرەوەو تەنانەت شەهیدی نەمر دکتۆر ئاوڕەحمانی قاسملو (بەناوی عەبباسی ئەنوەری) ئامادەی کۆنگرەکان دەبوون. لەهەردوو کۆنگرەشدا نوێنەرانی پارتی (خوازیارانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان) زۆر چالاکانە بەشدارییان لەکاروبارەکانیدا کرد و بە پەرۆشەوە داکۆکی ئەوەیان دەکرد کە بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی خوێندن لە بەغدا بە نێوی (کوردستانەوە) دابمەزرێنرێت نەک بەناوی (کورد) وەک برادەرانی تر و بە ئاڕاستەی حکومەتی بەغداوە پێیان لە سەر دادەگرت. لە ڕاستیشدا بە بۆچوونی خۆم بەردی بناخەی دامەزراندنی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لەو کۆنگرەیەدا دانرا و بەیەکەم هەنگاوی کردەنی ئەم ڕێبازە دەژمێردرێ. ئەوەی پێویستیشە بووترێ ئەمەیە کە نوێنەرانی هەردوو حزب- پارتی وشیوعی- لەسەر ئاستی هەرە بەرز لە دەرەوەی کۆنگرە و (لە پشت پەردەوە) بەردەوام ئامادە و لە کۆبوونەوە دابوون بەمەبەستی ئاڕاستەکردنی

ئەنـدام و هەوادارانـی خۆیانـەوە لەسـەر شـانۆی کۆنگـرەدا ئـەوەی ڕاسـتیش بێـت جموجۆڵـی کۆنگـرە زیاتـر مۆرکـی حزبایەتـی پێـوە دیاربـوو و زیاتریـش بـەلای سیاسـەتدا دەشـکایەوە تـا کاروبـاری پـەروەردە و مامۆسـتایان. وێـڕای ئەمـەش دەرەنجامـی کۆنگـرەکان بەسـوودی جەمـاوەری مامۆسـتایان و بـەرەو پێشـبردنی ڕەوشـی خوێنـدن وپـەروەردە لـە کوردسـتان گەڕایـەوە.

لـە بەهـاری ١٩٦٠دا چـوار هاوڕێـی کۆمۆنیسـت لـە چیکۆسـلۆڤاکیای (ئـەوکات) دا لـە گەشـتێکی جیهانیانـدا بـە کوردسـتاندا گـەڕان و پارتـی بـە نـووسراوی ڕەسـمی لـە پـەروەردەی هەولێـرەوە منیـان وەکـو یـاوەر وتەرجومـان بەگـەل خسـتن، منیـش وەک هەوادارێکـی (ی.م.ک) و نوێنەرێکـی پارتـی لەتـەک نێردەکـەدا قـەزاو پارێزگاکانـی کەرکـووک و سـلێمانی و هەولێـر و موسـڵ گەڕایـن و زانیـاری زۆر و بـە سـوودمان دەربـارەی کـورد و کوردسـتان بـە شـاندەکە گەیانـد و ئەمانیـش لـە گۆڤـاری (The new orient )ی خۆیـان کـە لـە شـاری (پـراغ) ی پایتەخـت دەردەچـوو، بـە زمانـی ئینگلیـزی تـەواوی گەشـتەکەیان بـە وێنـەوە بڵاوکـردەوە و چەنـد وتارێکـی بەپێزیشـیان لەبـارە کوردسـتانەوە بـە چـاپ گەیانـد. لـەو سەروبەندانەشـدا لـە ئەنجامـی پێشـهاتە سیاسـییەکان و ئـەو گۆڕانکارییانـەی بەسـەر باردۆخـی ئـەو سـەردەمەی عێـراق و کوردسـتاندا هاتـن و بـە هـەوڵ و تێکۆشـانی نەپسـاوەی پەیڕەوانـی ڕێبـازی کوردایەتـی و بارزانیـی نەمـر و بـە خەباتـی ئەنـدام و دۆسـت و لایەنگرانـی پارتییـەوە (یەکێتـی مامۆسـتایانی کوردسـتان لـە مانگـی ئایـار (مایـس)ی سـاڵی ١٩٦٢ دامەزرێـنراو، وەکـو ڕێکخراوەیەکـی هەڵقـوڵاو لەجەرگـەی واقیعـی خەباتـەوە بـۆ داکۆکـی کـردن لـە مافـە پیشـەیی و نیشـتمانییە ڕەواکانـی جەمـاوەری مامۆسـتایان هاتـە گۆڕەپانەکـەوە و هـەر لەسـەرەتاوە بـوو بـە هەڵگـری مەشـخەڵی ڕووناکـی زانسـت و پـەروەدە و دروشـمەکانی لـە بـواری پیشـەییەوە بریتـی بـوون لـە داکۆکـی کـردن لـە سـەرجەم مامۆسـتایانی کوردسـتان بەبـێ جیـاوازی ڕەگـەز و پلـەی ژیـان (چیـن) و ئایدیالۆژیـا و بیروبۆچوونـی

ڕامیاریانـەوە.. دژی هەمـوو دەسـتدرێژییەک و زۆر و سـتەم لێکردنێـک و کارکـردن بـۆ دابینکردنـی ئاسـتێکی شایسـتەی گـوزەران و زامـن کردنـی ژیانێکـی پـڕ لـە کەرامـەت و زێدەکردنـی مووچـە و دەرماڵـە و نرخـی موحـازەرات و دروسـتکردنی کۆمەڵــەی هەرەوەزیــی بــۆ دابینکردنــی کەلوپەلــی پێویســت و خــۆراک بــە نرخێکـی گونجـاو و مسـۆگەرکردنی چارەسـەرکردنی نەخـۆش لـە هۆبـەی تایبـەت لــە نەخۆشــخانەدا و ئاســانکردنی ســەفەر و گەشــت وگــوزار و دەســتگیری،.. هتــد. لــە ڕووی سیاسیشــەوە شــان بەشــانی حــزب و ڕێکخــراوە دیموکراتــی و جەماوەرییەکانـی دیکـەوە تێدەکۆشـا بـۆ چەسـپاندنی کۆمـاری عێـراق و پتەوکردنـی گیانـی برایەتیـی ڕاسـتەقینە و یەکسـانیی کـورد و عـەرەب و کەمـە نەتەوەییەکانـی تـر و بـۆ بەدیهێنانـی مافـە نەتەوەیـی و دیموکراتییـە ڕەواکانـی گەلـی کوردسـتان و پارێـزگاری کـردن لـە تێکـڕای دەسـتکەوتەکانی شۆڕشـی چـوارده‌ی تەممـوزی ١٩٥٨.

وەلــێ بەداخــەوە هــەر لــە ڕۆژی دروســتبوونییەوە نیقابــەی مامۆســتایانی عێراقـی بەتایبەتـی لقەکانـی کوردسـتان، بـە ئاشـکرا و نهێنـی بەربەرەکانـی ئـەم یەکێتییەیـان کـرد و دانیـان پیـادا نەدەهێنـا. هەتـا سـەرەنجام لـە ژێـر فشـاری تەییـاری کۆنەپەرسـتان وشـۆڤێنییە عەرەبەکانـەوە ناچـار بـوو نیمچـە بەرەیەکـی لـە تەکـدا ببەسـتێ و لـە هەڵبژاردنەکانـدا پێکـەوە بـە لیسـتی هاوبـەش و یەکگرتـوو بەشـدارییان دەکـرد و سـەردەکەوتن.

سـاڵی ١٩٧٣ نیقابــەو یەکێتــی مامۆســتایانی کوردســتان تێکەڵــی یەکــتری بوونـەوەو بـەم هەنگاوەیـش هیـچ کۆسـپ و ئاسـتەنگ لەبـەردەم چالاکییەکانـی (ی.م.ک) دانەمـان و بـواری خزمەتکردنـی لەپێشـدا ئـاوەڵا بـوو، ئیـتر لەوسـاوە یەکێتـی مامۆسـتایانی کوردسـتان بەشـانازییەوە درێـژەی بـە خەبـات و تێکۆشـانی خـۆی داوەو لـە هەمـوو بوارەکانـدا بەتایبـەت لـە شۆڕشـەکانی ئەیلـوول و گـوڵان و لــە ڕاپەڕینــی بەهــاری ١٩٩١دا.

چالاکانە بەشداریی کردووە و ساڵی ١٩٧٣ کۆنگرەیەکی گرنگ و بەرفرەوانی بە ئامادەبوونی پێشەوای مەزن و باوکی کورد بارزانی نەمر لە (ناوپردان) سازداو تیایدا کە زۆران میوانی عەرەب و بیانی و گەورە لێپرسراوانی میریی و سەرکردە و نوێنەری حزبەکانی عێراق ئامادە بوون بەرنامەکانی خۆی سەرکەوتووانە بە ئەنجام گەیاند و چەندان بڕیاری بەجێ و سوودبەخشی وەرگرت و دەستەیەکی تازەی بۆ سەرکردایەتی و مەکتەبی سکرتارییەت هەڵبژارد، لەو کۆنگرەیەشدا نووسەری ئەم بابەتە وەک بێژەری ئاهەنگ و کۆڕەکان و هەروەها بە لێپرسراوی لیژنەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان (قەزای کۆیە) بەشداری جموجووڵەکانی کۆنگرەکە بووم.

ئێستەش چالاکی و خزمەتگوزاریی و دەستکەوتە بایەخدارەکانی (ی.م.ک) لەم خولەی ئێستەیدا و بە پشتگیریی جەماوەری مامۆستایان و کابینەی سێیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە لەبەرچاوانە، وەک ڕۆژی ڕووناک دەدرەوشێنەوە.

هەولێر/١٩٩٧

# کۆنگرەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان
# لە (ناوپردان)
# چەند بیرەوەرییەک

لە ڕۆژانێکی وەکو ئیمڕۆی سەرەتای مانگی (ئاب)ی ساڵی ١٩٧٠دا بوو کە کۆنگرەی یەکێتییە تێکۆشەرەکەمان یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە (ناوپردان) بەسترا. ئەو ڕۆژگارەش یەکەمین ساڵی پڕ لە شادی و جموجووڵ و خێروبێری ساڵەکانی ئۆتۆنۆمییە چوار ساڵییەکە بوو، کە بەری ڕەنج و بەرخودان و خەباتی نەپساوەی دەیان ساڵەی گەلی کوردی بەشخوراوی خۆراگر و دەستکەوتی گرنگ و مێژوویی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بوو، بە سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی قارەمانی مەزن و باوکی نەتەوەییمان (بارزانی نەمر) و بەگیانبازیی بێ وێنە و فیداکاریی دڵسۆزانەی پێشمەرگە ئازا و کۆڵنەدەر و بە خوێنی گەشی شەهیدە دلێر و سەربەرزەکانی کوردستان هاتبووە ئاراوە.

ئەوەبـوو لـە سـایەی کەشـوهەوای لەبـاری دوای ئیمزاکردنـی ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠، لـە نێـوان سـەرکردایەتی پارتـی و شۆڕشـی ئەیلـوول لەلایـەک و، سـەرکۆماری ئەوسـای عێـراق و سـەرکردایەتی حزبـی بەعسـیی فەرمانـڕەوا لەلایەکـی تـردا، جمووجۆڵـی سیاسـی و جەمـاوەری پـەرەی سـەندبوو، تـا ڕادەیـەک ئازادییـە دیموکراتییـەکان بـۆ خەڵـک فەراهـەم کرابـوون، بەتایبەتـی لـە هەرێمـی کوردسـتاندا (ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی) کـە بەشـێوەیەکی گشـتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بەڕێـوەی دەبـرد و زۆربـەی هـەرە زۆری کاربەدەسـت و بەرپرسـانی دەڤەرەکـە لـە ئەنـدام و لایەنگرانـی خـۆی و هاوپەیمانانـی بـوون. لـەو کەشـەدابوو، پارتیـش و یەکێتـی و ڕێکخـراوە پیشـەیی و جەماوەرییـەکان بەشـێوەیەکی ئاشـکرا لەجمووجـۆڵ دابـوون و چالاکییـان دەنوانـد و کـۆڕ و کۆبوونـەوە و کۆنفرانـس و کۆنگـرەی خۆیانیـان دەبەسـت! ئیـتر هـەر لـەو بارودۆخـەی ئازادییـەدا بـوو کـە یەکێتـی مامۆسـتایانی کوردسـتان کۆنگـرەی سـێهەمی خـۆی ئەنجامـدا.

ئەوەبـوو لـە ناوچـەی (ناوپـردان) داو بـە ڕۆخ چەمەکەیـەوە کەپـرو سـاباتێکی ئێجـگار پانوبەریـن و دڵگـر دروسـتکرابوو، ژمارەیەکـی زۆری کورسـی و لاتەخـت بـۆ سـەرجەم نوێنـەران و میوانانـی کۆنگرەکـە ئامـادە کرابـوو. لـەلای سەرەوەشـدا لـە بەرامبـەر و ڕووبـەڕووی ئەندامانـی کۆنگـرە و ڕێـک لـە پشـت مایکرۆفـۆن و سـەکۆی سەرپەرشـتیکارانیدا شـوێنی تایبـەت بـۆ سـەرۆکی قارەمـان (بارزانیـی نەمـر) و میوانـە تایبەتییـەکان لـە سـەرۆک و نوێنەرانـی حـزب و لایەنـە سیاسـی و دیموکراتییـەکان و کەسـایەتییە ناسراوەکانـی کـورد و عێراقـی و بیانـی کـە بانگهێشـت کرابـوون، بەشـێوەیەکی شایسـتە تەرخـان کرابـوو.

(بارزانیـی نەمـر) و میوانـە بەڕێـزەکان ڕۆژی یەکـەم لـە ئاهەنگـی کردنـەوەی کۆنگـرەدا (کـە هـەر بەسەرپەرشـتی جەنابیـان بەسـترا) ئامـادە بـوون و بـە چەنـد وشـەیەکی بەپێـز و هـەرە بـە نـرخ دوای پیرۆزبایـی لێکـردن ئامۆژگاریـی

ئامادەبووانـی کـرد و ڕێنمایـی ئێجـگار پـڕ سـوود و بەکەڵکـی پێشـکێش کردیـن.

نووسـەری ئـەم چەنـد دێـڕە وێـڕای ئەندامییەتیـش، یەکێـک بـووم لـە بێژەرەکانـی (عەریـف حەفـل)ی ئاهەنگـی کۆنگرەکـەش، خـاڵ و بڕگەکانـی بەرنامەکانیـم پێشـکەش دەکـرد و بروسـکەی پیرۆزبایـی لایەنەکانـم دەخوێنـدەوە و ئامـاژەم بـۆ نـاوی خاوەنەکانیـان دەکـرد، نـاوە ناوەیـش لـە نێـوان بڕگەکانیـدا (هوتافێکـم) بـە کـوردی یـان بەعەرەبـی دەکێشـا کە(ئـەو سـەردەمە بـاوی زۆر بـوو) یـان یەکـدوو دێـڕ هۆنـراوەم بـەو بۆنەیـەوە لـە بەرهەمـی خـۆم یـان هـی شـاعیرانی تـر دەخوێندنـەوە. بیـرم دێـت هـەر لەکاتـی ئاهەنگەکـەدا ئـەم (چوارینە)یـەم بـۆ هـات و بـە گوێـی ئامادەبووانـم دادا:

"جەژنـی شـادیمان یانـزەی ئـادارە
خاکـمان ئـازاد و گـەل بەختیـارە
لـە مێـژووی کـورد و پێشـمەرگەی پارتـی
(بارزانیـی) هێنـای ئـەم یـادگارە!"

ئەوەشـی کـە لـەو یـادە پیـرۆزەدا هەرگیـز لەبیـری ناکـەم و ڕەنگـە زۆر جـاری دیکـەش گێڕابێتمـەوە و (جارێکیـان بـۆ خـودی بەڕێـز سـەرۆک بارزانیشـم باسـکردۆتەوە) ئەمەیـە کـە کاتێـک نـۆرە گەیشـتە سـەر خوێندنـەوەی برووسـکەی پیرۆزبایـی (یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان) بـەم شـێوەیە دەسـتم پێکـرد گوتـم: بەڕێـزان ئێسـتاش بروسـکەی پیرۆزبایـی مەکتەبـی (سیاسـی) یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتانتان پێشـکەش دەکـەم! هـەر دەسـتبەجێ و لەناخـەوە هەسـتم کـرد (هەڵەیـەک) لـە ئارادایـە. دەمزانـی مەکتەبـی (سیاسـی) نییـە، بـەڵام چەنـدی لـەو سـاتە کـورت و ناسـکەدا مێشـکی خۆمـم گوشـی، بـێ فایـدە بـوو (دەک شـەیتان بەلەعنـەت بـێ) وەک دەڵێـن وشـە ڕاسـتەکە لەبەرچـاوم بـوو، تیـق تیقانێـی لەگەڵـدا دەکـردم و نەشـدەهاتە سـەرزارم! جـا لـەو سـاتە وەختـە ناسـکەدا بـوو جەنابـی کاک مەسـعود بارزانـی کـە بـە یاوەریـی سـەرۆکی نەمرمـان لـەوێ بـوون،

بــوو بەفریادرەســم، تیشــک ئاســا لــە پشــتمەوە تێپــەڕی و چرپانــدی بــە گوێمــدا و فەرمووویــان مەکتەبــی (ســکرتارییەت) بەندەیــش بەبــێ ســێ وو دوو لێکــردن ئازایەتییەکــەم کــردە هــی خــۆم و هەڵەکــەم ڕاســتکردەوە و دەســتبەجێ گوتــم (ببــوورن.. بروســکەی مەکتەبــی (ســکرتارییەتیی یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان) وئەوجــا دەقەکەیــم خوێنــدەوە.

کۆنگرەکــە بەگشــتی و ســەرکەوتووانە کۆتایــی هــات، ئەوانــەی بەشــدارییان تێــدا کــرد نوێنەرانــی هەڵبژێــردراوی مامۆســتایانی کــورد لــە مووســڵ و بەغــدا و دیــالا و کــووت و شــوێنەکانی تریــش. چەندیــن لیژنــەی جۆراوجــۆر پێکهێنرابــوون و لــە دانیشــتنەکانی ســەر لەبەیانــی و پــاش نیوەڕۆیانــی ڕۆژەکانــی کۆنگــرە هەمــوو لایەنەکانــی پیشــەیی و ئابــووری و کۆمەڵایەتــی و ڕۆشــنبیری گفتوگــۆی تێروتەســەلیان لەســەرکرا، لێکۆڵینــەوە لــە پێــڕەو و پرۆگرامــی یەکێتــی کــراو چەنــد گۆڕانکارییــان تێــدا ئەنجامــدرا، بڕیــار و ڕاســپاردەی بەســوود وەرگیــران و ســەرەنجام لــە هەڵبژاردنێکــی نهێنــی و دیموکراتــی و ئازادانــەدا دەســتەیەکی کارگێڕیــی نــوێ هەڵبژێــردرا و ئەنجامەکانــی کۆنگــرە دواتــر بەهەمــوو لایــەک ڕاگەیەنــران.

سڵاو لەو یادە پیرۆزە!

هەولێر ٢٠٠٢/٨/٦

# وێستگەیەک لە ژیانی مامۆستایەتیم دا

گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، ژمارە ٤٨ی ٢٠٠٧

لـەم وێسـتگەیەدا دەمـەوێ بەشـێکی یادگارییەکانـم بـۆ توێـژی قوتابییـان کـە پەیوەسـتە بـە خۆیانـەوە تەرخانکـەم و بـاس و خواسـی چەنـد شـتێک و سـەربوردەی سەیروسـەمەرەیان بـۆ بگرێمـەوەو، بەشـەکەی تـری بـۆ پـەروەردەکاران بەیانکـەم، بـۆ ئـەوەی هـەردوو توێـژەکان چـی وەکـو هەڵسـوکەوت و بەرامبـەر بەیەکـتری و یاخـود وەک جـۆر و شـێوازی کاردانـەوە و ڕەفتـار و مامەڵەکـردن لـە تەکیانـدا بەپێـی توانـا سـوودیان لێوەرگـرن.

چونکـە (کـرداری پـەروەردە فێرکـردن و پێگەیاندنـی نـەوەی نوێ)تـا بڵێـی پرۆسـەیەکی ئاڵـۆز و هەمـە لایەنەیـە و لـە هەمانکاتـدا کەسـایەتییەکی زانـا و دانـا و سـاکار و بەهێـز و توانـای دڵسۆزیشـی گەرەکـە.. ئەگینـا هیـچ بـە هیـچ ناکرێـت

و دەرەنجـام مایـە پـووچ دەمێنێتـەوە!

شـتێکی بەڵگـە نەویسـتە دەبێـت مرۆڤـی پـەروەردەگار ئافـرەت بـێ یـان پیـاو، مامۆسـتا بـێ یاخـود بەڕێوەبـەری قوتابخانـە، بـە تـەواوی و بەتایبەتـی بـۆ ئـەم پیشـە هـەرە پیـرۆز و ئامـادە و ڕاهێنرابێـت تاوەکـو بتوانێـت بـە شـێوازە دروسـتەکانی فێرکـردن و لـە ڕاسـت بنەمـا و ڕێنماییەکانـی زانسـتی دەروونناسـی و پـەرورەدەی تـازەوە وانـە بڵێتـەوە، کۆنترۆڵـی پـۆل و فێرخـوازان بـکات و دەزگاکـە (قوتابخانـە) بەڕێـوە بەرێـت و سـەرکەوتنیش بەدەسـت بهێنێـت و ئامانجـە سـەرەکییەکانی پرۆسـەی پـەروەردە و فێرکـردن بێنێتـە دی.

جاوەکـو ئامـاژە و بـۆ وەبیرهێنانـەوە دەڵێـم، هـەر لەسـەرەتای دامەزراندمـەوە وەک مامۆسـتای زمـان و ئەدەبـی ئینگلیـزی لـە تاکە(قوتابخانەکـەی دواناوەندیـی هەولێـری کـوڕان) لـە١٩٥٥/١٠/١دا بـۆ یەکەمینجـار لـە مێـژووی ئـەم شـارە دێرینـەدا، بـە هاوکاریـی چەنـد مامۆسـتایەکی دڵسـۆز و لێهاتـووی تـردا، توانیـمان ئـەو دیواربەندیـی و دووره پەرێزییـەی نێـوان مامۆسـتا و خوێنـدکاران کـە لەیەکـتری دابڕاندبـوون و بڕووخێنیـن، ئەوەیـش لـە زۆر ڕێـگاوە بەتایبەتـی لـە ڕێگـەی وەرزش و تێکەڵاوبـوون لەگەڵیانـدا بەهـۆی چوونـە نێـو گۆڕەپانـی یارییەکانـەوە و بەشـداریکردنیان لـە چالاکییـە هونەریـی و ئەدەبـی و دروسـتکردنی پێوەندیـی برایانـەی سروشـتیی لەبـری تیـۆری مامۆسـتا سـالاریی لـە تـەک قوتابییانـدا و هەوڵـدان بـۆ پێگەیانـدن و پەروەردەکردنـی خوێنـدکاری بـڕوا بەخۆبـوو، هاندانیـان و ئاڕاسـتەکردنیان بـەرەو ڕێبـازی نیشـتمانپەروەریی و کوردایەتـی و گۆشـکردنیان بـە گیانـی خەبـات و تێکۆشـان و فیداکاریـی و پەرەپێدانـی ڕێکخسـتنی نهێنـی (وەکـو یەکێتـی قوتابیـان) لـە نێوانیانـدا و ڕاهێنانیـان لەسـەر خۆڕاگریـی کاتـی تەنگانـە و لێقەومانـدا، لەگـەڵ دوورکەوتنـەوە لەهەرچـی شـێوە و شـێوازێکی ڕۆتیـن و پابەنـد نەبـوون بـە ڕایەڵەکانییـەوە.

جـا ئـەو ڕەفتـار و ڕێوشـوێنە تـازە بابەتانەیـش بـەلای بەڕێوەبـەری قوتابخانەمـان

کـە زۆر لـە میریـی دەسـڵەمییەوە و لێـی بەپارێـز بـوو، زیاتـری بـەلای هەنـدێ لەمامۆسـتایانی مێشـک قالبگرتـووی کۆنەپارێـز و خۆبەزلـزان نـەک هــەر شـاز و نامــۆ دەهاتنــە بەرچــاو، بگــرە پێچەوانــە و دژ بــە حــەز و مجێــز و هەڵوێســتی هیشـک و دۆگـما و توندڕەویشـیان بـوون، چونکـە ئـەوان وایاندەزانـی ئـەو جـۆرە تێکەڵاوبــوون و مامەڵەکردنــە لەتــەک قوتابیــدا زۆر لــە پلــەو پایــە و کەســایەتی (بـت ئاسـای) مامۆسـتا کەمدەکاتـەوە و ڕێـزو سامیشـی لـە بەرامبـەر خوێنـدکاردا دادەبەزێنێـت و بـە بۆچوونـی ئـەوان نـاوو ناوبانگـی مامۆسـتا دەزڕێنـێ و سـومعەی دێنێتـە خـوارەوە! چونکـە چـۆن دەبێـت مامۆسـتایان لـە (بورجـی عاجـی) خۆیانـەوە دابــەزن! ســەرباری ئەوانەیــش ئــەو جموجووڵــە جەربەزەییــەش گومــان و قیــن و ڕقـی دارودەسـتە ویـژدان مردووەکانـی میریـی لـە پۆلیـس و سـیخوڕ و کاربەدەسـتە چڵکاوخۆرەکانـی ئەوڕۆژگارانـەی وروژاندبـوو، وەلـێ ئێمـە بێباکانـە و بـێ ئـەوەی ئــەو کەشــوهەوا ناســازە بەهەنــد هەڵگریــن یــان گوێــی پــێ بدەیــن، لەســەر شـێوازی کارکردنمـان بـەردەوام بوویـن، ئـەوە بـوو تۆپـی پـێ و بالـەی تایبـەت بـە مامۆسـتایانمان پێکهێنابـوون و لەگـەڵ تیپەکانـی دیکـەی پارێـزگا (لیـوا)ی هەولێـردا وەکــو تیپەکانــی بروســک و پۆلیســان ســوپا و قوتابییان..تــاد، یــاری دۆســتانەمان ئەنجـام دەدا. ئـەوە بـوو سـاڵانە چەندیـن ئاهەنگـی خـۆش و بـە تـام و پێشـبڕکێی وەرزش و هەڵپەڕکێـی و شـانۆیی کـۆڕی شـیعر و وتـار خوێندنەوەمـان سـاز دەدان، هــەر لــە بــواری چالاکیــی ڕۆشنبیریشــدا دوو ژمــارە بڵاوکــراوەی (الامل)مــان بــە عەرەبـی بـە چاپگەیانـد و بەبۆنـەی جەژنـی نەورۆزیشـەوە کـە بەرەسـمی قەدەغـە و (بقـە) بـوو لـە نێـو هەنـدێ دەسـتە و تاقمـی کۆنەپەرسـت و دەسـتوپێوەندە نەفـام و نەزانەکانیانــەوە بــە کردارێکــی (حــەرام) و بــە چــاوی پــڕ لــە گومانــەوە ســەیر دەکـرا و دەیـان درۆ و بوختانـی بـۆ هەڵدەبەسـترا، قوتابیانمـان بەنـاوی سـەیرانەوە دەبردنــە دەرەوە و تــا درەنگــی ئێــوارە بــە جۆرەهــا جموجــووڵ و چالاکــی هونــەری و نوانــدن و سروودی بــە جۆشــی نیشــتمانیی و دروشــم و وتــاری سیاســی ڕۆژمــان

دەبــردە ســەر ویــادی ئــەو جەژنــە پیرۆزەمــان دەکــردەوە.

وەلـێ داخـی گرانـم سـەیرانەکەی سـاڵی ١٩٥٦مـان زۆر بـە گـران لەسـەر وەسـتا، چونکــە لــەو ڕۆژە شــکۆدار و مێژووییــەدا قوتابییەکــی نــازداری کــوڕە هەژارێکــی کوردپــەروەر و بیرووناکــمان لەدەســتدا، ئــەوە بــوو خوالێخۆشــبوو (ســەعید ســاڵح هەنــدان) خوێنــدکاری پۆلــی پێنجەمــی وێژەیــی (ئەوســاکە تەنهــا پۆلــی چــوار و پێنــج هەبــوو) تاقانــە کــوڕی دایکوباوکێکــی بێکــەس و هەناســە ســاردی ئێجــگار دەســتکورت و نەبــوو، لــە ئەنجامــی مەلەکردنــی بــە نهێنییــەوە لــە زێــی کەڵــەک (زێــی گــەورە)دا خنــکاو تەرمەکەیشــی لــە پــاش چەنــد ڕۆژێــک پشــکنین و گــەڕان بــە دوایــدا لــە خــوارووی (شــەرگات) دۆزرایــەوە.

بـۆ ئێـوارێ بـە پێچەوانـەی سـەرلەبەیانی ڕۆژەکەیـەوە کەبـە ئەوپـەڕی شـادمانی و خۆشــنیهادی گەشــبینییەوە گەشــت و ســەیرانەکەمان دەســتپێکردبوو، لەنێــو گەرمــەی سروود و گۆرانــی چڕینــدا بــە چەپڵەڕێــزان ڕووەو و (کەڵەکــی یاســین ئاغــا و) لێـواری (زێـی بادینـان) کەوتبووینـەرێ و دنیایـەک هیـواو ئاواتـی ڕەنگاورەنـگ لـە دڵ و دەروون و ئاسـۆی خەیاڵـی زۆربەمانـدا دەبریسـکایەوە، دوای بـێ ئومێـد بـوون لــە هــەوڵ و تەقەللایەکــی بێهــوودە بــۆ دۆزینــەوە و گرتنــەوەی تەرمــی ڕۆڵــەی خنکاومــان، خەمبــار و تایەزبــار هیوابــڕاو بــە خامۆشــیی و دڵشــکاویەیوە بــەرەو پیــرە هەولێــری تاســاوبووینەوە، کەچــی خەمــە گەورەکــە پێــش گەیشــتنەویە ئێمــە باڵــی ســامناکی بەســەر ئاســۆی شــارە بریندارەکــەدا کێشــابوو.

ئەوەبــوو بەگەیشــتنی هەواڵــی ڕووداوە جەرگبڕەکــەوە پێیــان خەڵکــی هەولێــر هــەر کەســێ بــۆی لــوا بوبــوێ، بەتایبەتــی خــاوەن ئۆتۆمبیــل و پارەدارانــی شــار هەرکــەس بــۆ ســۆراخی کــوڕ و کەســوکاری خۆیــان بــە پەلــە پــرۆووزە وەکــو شــێتان ملــی ڕێــی (کەڵەک)یــان گرتبــوو، لــە نیــوەی ڕێــگادا پێمانگەیشــتن زۆر بەداخــەوە گەشــت و ســەیران و جــەژن و ســەیرانی ئــەو ڕۆژەمــان لێبــوو بــە ماتــەم و شــین و زاریــی! ئــەوە بەڕاســتی کارەســاتێکی خەمنــاک و جەرگبــڕ بــوو،

دیمەنــی قورپێوانــی دایکــە کڵــۆڵ و پەککەوتەکــەی و هاتنــی هەمــوو بەیانیانــی دوای مەرگەســاتەکە بەســەری بــە قــوڕەوە بــۆ بــەر دەروازەی قوتابخانــە (کــە ئێســتا شــوێنی بەشــێکی ئەنجوومەنــی وەزیرانــی هەرێمــە) و ســینگ کوتــان و ســەردولکە و گریانــە بــە کوڵەکانــی دڵــی بــەردی دەتواندنــەوە و هەرگیــز لەبیــر ناچێتــەوە، هــەر لــەو سەروبەندانەشــدا قوتابیــان بەتایبەتــی ئەوانــەی ئەنــدام و لایەنگــر و ســەر بــە ڕێکخســتنەکانی (یەکێتــی گشــتیی قوتابیانــی عێراقــی) بــوون جمووجۆڵیــان لــە گەشــە و پەرەســەندندا بــوو، بۆیــە خرابوونــە ژێــر چاودێریــی و لێتۆژینــەوەی ســیخوڕ و ڕاپۆرتنووســەکانی میرییــەوەن بەڕێوەبەرایەتیــی قوتابخانەکەشمان لەســەری کرابــوو کــە چەنــد دیاریکراوێکیــان لــێ ســزا بــدات بــۆ ڕاگرتنــی چالاکییەکانیــان و چاوترســاندنی ئەوانــی دیکــەوە. ئەوەبــوو وەک لەبیــرم مابــێ قوتابیــان (عــادل حەســەن حوســنی د.عــادل) تەلعــەت نــادر، خوالێخۆشــبوو ســەلاح ســەعید و چەنــد کەســێکی تــر درانــە ئەنجوومەنــی مامۆســتایانی قوتابخانــە بــۆ بــە ســزاگەیاندنو دەرکردنیــان، کــە زۆر مەبەســتی کاربەدەســتانی ئەوســا بــوو، وەلــێ چالاکیــی و هەوڵــی بەردەوامــی نهێنــی و ئاشــکرای دەســتەیەک لــە مامۆســتا نیشــتمانپەروەرە خۆراگــرەکان و نووســەری ئــەم یادەوەرییــە، بوونــە بەربەســت لەبــەردەم وەدەرنانیــان (طــرد) و بــە دوورخســتنەوەی کاتیــی بــۆ ماوەیەکــی کــورت (یــەک هەفتــە ئەگــەر هەڵــە نەبــم) لــە تــەک داشــکاندنی چەنــد نمرەیــەک لــە ڕەوشــتی هــەر یەکێکیــان بەپێــی پەیــڕەوی قوتابخانــە دواناەوندییەکانــی ئــەو ڕۆژگارەوە، بڕیــار وەرگیــرا، کەچــی لــە دامودەزگــە ســەرکوتکەرەکانی ئەمنــەوە (ئاســایش) کــە بــە گوێــرەی یاســاوە هیــچ مافێکــی ئەوەشــیان نەبــوو، بڕیارەکــە ڕەتکرایــەوە و لەســەر داخــوازی و بــە فەرمانــی ئــەوان بەڕێوەبــەری قوتابخانــە بــە ناچــاری دووبــارە کێشــەکەی خســتەوە بەردەســتی ئەنجوومەنــی مامۆســتایانەوە بــۆ ئــەوەی بەبڕیارەکــەدا بچنــەوە و بــە ویســت و ئــارەزووی کاربەدەســتان قوتابییــەکان بــۆ هەتایــێ لەخوێنــدن بێبــەش بکــەن (طــرد موبــد).

بـەڵام بـە پێچەوانـەی نیـازی ئەوانـەوە، ئێمـە و مانـان هەمدیـس کەوتینـەوە خـۆ و دوابـەدوای ڕەنجێکـی زۆری لـە ڕادەبـەدەر توانیـمان بەرەیـەک لـە مامۆسـتا دڵسـۆزەکان پێکبێنـن کـە دژی ئـەو داوا نارەوایـە هەڵوێسـت وەربگریـن و لەسـەر بڕیـاری پێشـووی خۆمـان مکـوڕ بوویـن و بـە هیـچ کلۆجـێ نەمانهێشـت قوتابییـەکان لەیـەک هەفتـە زیاتـر لـە خوێنـدن دورو بخرێنـەوە ئـەو یەکگرتـن و ڕووبەڕووبوونەوەیـەش بـۆ کاربەدەسـتان شـتێکی تـازە بابەتـی نامـۆ و مەترسـیدار بـوو کـەوا بـە ئاسـانی بۆیـان قوتنـەدەدراو، هـەر لـە سـۆنگەی ئەوەشـەوە بـوو کـە لـە دەرفەتێکـی لەبـار بـۆ تۆڵەکردنـەوە دەگـەڕان و ئـەو هەڵەشـیان زوو بـۆ ڕەخسـا، پێدەچـێ ڕاپۆرتنووسـەکانیان مینـان بـە داینەمـۆی بەزمـەکان ژماردبـێ بۆیـەکا هـەر زوو پـاش ماوەیـەک بـە بۆنـە و بـە بیانـووی هەراکـەی (کەناڵـی سـوێس) ەوە نووسـەری ئـەم بابەتەیـان بـە فەرمانـی کارگێڕیـی (ادرای) بـۆ قوتابخانـەی ناوەندیـی ئیبنولرەبیعەیـن (ابـن الربعیـن) لـە شـاری مووسـڵ دوورخسـتەوە و سـاڵێکی ڕەبـەق لەوێیـان هێشـتمەوە، دوای سـاڵەکەیش لەبـەر پێویسـتی قوتابخانەکـە و لەسـەر داوای شەخسـیی مودیـری مەعاریـف (بەڕێوەبـەری پـەروەردە)ی هەولێـر خوالێخۆشـبوو (عەبدولوەهـاب ئەلروکابـی) هێنامیانـەوە بـۆ هەولێـر. ئیـتر ئـەوە بـوو سـاڵی تێـدا وەرسـوڕایەوەو شۆڕشـی چـواردەی تەمـووزی بەسـەرداهات و لـە هـەر هەمـوو کۆتوبەندانـەوە ڕزگارمـان بـوو، بـۆ ماوەیەکیـش پشـووی حەسـانەوەماندا.

دووای شـۆڕش زێـتر پەرەمـان بـە چالاکییەکانمانـدا، تـرس و تۆقانـدن ڕەوینـەوەو ئـازادی و سەربەسـتی هاتنـە کایـەوەو سـەرتاپای عێـراق بـە کوردستانیشـەوە گۆڕانکاریـی بنەڕەتییـان بەسـەرداهات و (بارزانـی نەمـر) و هەڤاڵـە تێکۆشـەرەکانی لەیەکێتـی شـۆرەوییەوە سـەربەرزانە گەڕانـەوە، بووبـە جـەژن و شـایی و هاونیشـتمانییان لەسەرانسـەری عێراقـەوە بـە ئاهەنـگ گێـڕان و هەڵپەڕکـێ بـە پیریانـەوە چـوون و وەکـو پاڵەوانـی نەتەوەیـی کـورد و سـەرجەم گەلانـی عێـراق پێشـوازییان لێیانکـرد و بـە دیداریـان شـاد و سـەرفراز بوونـەوە.

# یادەوەرییەک تەمەنی لەنیو سەدە زیاترە

**٢٠٠٤/٧/٢٠ گۆڤاری (شارەوانی) بڵاوی کردەوە.**

خوێنەری هێژا، گەرچی لەوانەیە ئەم (یادگارییەی) بەم چەند وشەیە لێرەدا بەسەریدەکەمەوە زۆر پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە شارەوانی هەولێرەوە نەبێت، وەلێ پێموایە بەشێوەیەک لە شێوەکان بۆ ئەوە دەشێت بخزێنرێتە دوو توێی لاپەڕە ڕەنگینەکانی گۆڤاری ئازیزی (شارەوانی)یەوە چونکە تا ڕادەیەک بۆی هەیە بە بەشێکی ئەگەر زۆر کەمیش بێ لە ڕابردووی (مێژوو)ی نزیکی شاری هەولێری دێرین بژمێردرێت و کەلێنێکی بچووکی ئەو مێژووە پڕ بکاتەوە. هەر لەو ڕاستییەشەوە دەتوانرێت بەراوردێ لە نێوان ئەو سەردەمە و ئێستادا بکرێت و بەوپێیەش دەستنیشانی ئەو پەرەسەندن و گەشەکردنە سەرسوڕهێنەرانە بکرێت کە ئەم پیرە هەولێرە لە

گشــت بوارەکانــی شارســتانی و ژیاریــدا بەخۆیــەوەی دیتــوون، بەتایبەتیــش لــە ڕووی خوێنــدن و پــەروەردە و جــۆر و ژمــارەی قوتابخانــە و خوێندکارانــەوە جــا لێــرەدا وەک نموونــە ڕەوشــی ئەوســای خوێنــدن و قوتابخانــەکان دەخەمــە بەرچــاو لەلایــەک بەمەبەســتی لێئاگادارکردنــی خوێنــەری بەڕێــز و لەلایەکــی دیکەشــەوە بــۆ ئەنجامدانــی بەراوردکاریــی و لێتۆژینــەوەی زانســتییانە دەربارەیــەوە.

ســاڵی ١٩٤٩-١٩٥٠ی خوێندنــی پۆلــی ســێیەمی قوتابخانــەی ناوەندییــم لــە کۆیــە تــەواو کردبــوو (ســەرجەم ژمــارەی قوتابییەکانــی هــەر ســێ پۆلەکانــی پێموایــە ٤٦ یــان ٤٧ بــوون و قۆناغــی ئامادەیــی واتــە پۆلــی چــوار و پێنجــی نەبــوو). جــا بــۆ درێــژەدان بــە پرۆســەی خوێنــدن هەنــدێ قوتابــی ڕوویانکــردە (بەغــدا) و لــە (دارالمعلیــن الابتدائیــە) و (اعدادیــە الزراعــە) لــە (ابوغریــب) وەرگیــران. یەکدوانێکــش چوونــە (کەرکــووک) و بەندەیــش بــۆ تەواوکردنــی قۆناغــی ئامادەیــی هاتمــە قوتابخانــەی دواناوەنــدی (ســانەوی) هەولێــر، کــە ئــەو ڕۆژگارە تەنیــا یــەک (ســانەوی کــە پێنــج پــۆل بــوو) بــۆ کــوڕان و یەکێکیــش بــۆ کچــان لــە شــاری هەولێــر هەبــوون. بینایــەی قوتابخانەکــە لــە شــوێنی ئێســتای تــەلاری پارێــزگای هەولێردابــوو بەرامبــەر بەبینایــەی ئاسایشــی هەولێــر کــە ئــەوکات فەرمانگــەی (متصرفیــە اربیــل- واتــە پارێــزگای هەولێــر) بــوو بــە هەمــوو بەشــەکانییەوە وەک نووســینگەی متــصرف (پارێــزگار) و پۆلیــس و دارایــی و نفــوس و تاپــۆ و تــاد، تەنانــەت گرتووخانــەش هــەر لەوێــدا بــوون!

دەرچووانــی قوتابخانــە ناوەندییەکانــی دەڤەرەکانــی (کۆیــە، شــەقڵاوە، هەریــر و باتــاس، ڕەوانــدوز و عینــکاوە و مەخمــوور دەهاتــن لەوێــدا درێژەیــان بــە خوێنــدن دەدا بــۆ ئــەو مەبەســتەیش بەشــێکی ناوخۆیــی بــۆ حەوانەوەیــان بــە نووســتن و خــواردن و جــل شووشــتن ئوتــووی کــراس و قــات و سەرتاشــین و خۆشــتن لــە حەمــام (گەرمــاو) داو تەنانــەت پــارەی هاتووچــۆی شــار و ناحیەکانــی خۆیشــیان لــە پێشــووی نیــوەی ســاڵ و لــە کۆتایــی ســاڵی خوێندنــدا بۆیــان دەســتەبەرکرابوو،

ئـەو بەشـە ناوخۆییـەش لـە جێگـەی قوتابخانـەی (نیشـتمانی سـەرەتایی تێکـەڵاو) ئیمـڕۆ دابـوو کـە ئەوسـا جگـە لـە خانووەکـەی (حاجـی ڕەشـید ئاغـا) کـە تـا ئـەم دواییـەش کرابـووە گـەراج (نقلیـات)ی کۆیـە و ڕانیـە- بەرامبـەر (ئوتێلـی فەریـد)ی ئێسـتادا، هیـچ تـەلار و ئاوەدانییەکـی دیکـەی لێنەبـوو، بگـرە جۆگەلـە ئاوێکـی گـەورەی پێـدا دەڕۆیشـت و دەوروبەرەکەیشـی هەمـووی شـینایی (تـوور و سـلق و کـەوەر و کـەرەوز و شـێلم و گێـزەر و دوورتریـش یەکپارچـە گەنـم و جۆبـوو، لەبەردەمیشـیا بـەلای شـارییەوە گۆڕسـتانێک و چەنـد حەسـارێ هەبـوون کـە لەنێـو هـەر یەکێکیانـدا دەیـان خێـزان ژیانیـان تێـدا بەسـەر دەبـرد. لەولاتریشـەوە (سـینەمای ئەلحەمـرا) کـە بەشـێکی هاوینەیشـی پێوەلکێنرابـوو هـەر چواردەوریشـی چۆلەوانـی بـوو، بێجگـە لـە گەڕەکـی خانەقـا شـەوانە فیلمـی هینـدی و میـسری نمایشـدەکران و نرخـی پلیتـی، پلەیـەک بـە (٧٠) حەفتـا فلـس و پلـەی دووش کـە لەبـەردەم شاشـەکەوە بـوو تەنیـا (٤٠) فلـس بـوو، بـۆ سـاردەمەنیش ئـەو دەمـە تەنیـا (سـیفۆن و سـۆدا) هەبـوون و نرخیـان وابزانـم بوتڵـی لـە (١٠) فلـس تێپـەڕی نەدەکـرد.

بەردەوامیـش بـەر لـە دەسـتپێکردنی فیلمەکـە و لەکاتـی پشـووی ناوەڕاسـتدا، مۆسـیقا و گۆرانییەکانـی (محمـد عبدالوهـاب و فریـد الاطـرش و اسـمهان و سـهام ڕفقـی) و ئەوانەیـان لێـدەدان زۆربەشـیان (قـەوان) بـوون. جـا لـەو بەشـە ناوخۆییـەدا جگـە لـە خوێندکارانـی چـوارەم و پێنجەمـی ئامادەیـی، ژمارەیـەک قوتابیانـی پۆلەکانـی ناوەندیـش هەبـوون هـی ئـەو ناوچانـەی کـە قوتابخانـەی ناوەندییـان نەبـوو، مامۆسـتای بەڕێـز (مسـتەفا حەسـەن شـەعبان) خـوا تەمەنـی درێـژکات، وابزانـم ئـەو سـاڵە دامەزرابـوو، کرابـووە مامۆسـتای چاودێـر لـە بەشـی ناوخۆییـدا و پێوەنـدی و ڕێزلێگرتنـی دوو لایەنـە لـە نێوانمانـدا ئاسـتێکی دیـار و بەرچـاوی هەبـوو، لـەو قوتابییـە بەڕێزانـەی قۆناغـی ناوەندیـی کـە لـە بەشـی ناوخۆییـدا دەژیـان ئەوانـەی ناوەکانیانـم لەبیرمـاون ئەمانـە هەندێکیانـن:

١- شەهید شێخ شەهاب شێخ نووری

٢- وریــا عەلــی کانــی مارانــی (دادوەر) کــە هەرســێکمان هاوڕێــی زۆر و نزیــک و ســەربە (پارتــی) بوویــن، دواتــر شــەهید شــەهاب لێــمان جــوودا بــۆوە و هەولێــری جێهێشــت و زۆر بــۆی ناڕەحــەت بوویــن.

٣- یەحیا خۆشناو

٤- خوالێخۆشبوو جەلال مەدحەت خۆشناو (ئەندازیار).

٥- جەمیل عەبدوللەتیف

٦- محێدین نافیز بەگ

٧- عەزیز مەحمود ڕواندوزی

٨- جەمیل شاکر ڕواندوزی

٩- عوسمان ئەحمەد شا ڕواندوزی (ئەندازیاری سەربازیی)

١٠- کوردۆ نوری باویل ئاغا

١١- عەبدوڵڵا تاهیر ڕواندوزی

١٢- عەبدولجەبار (ناوی بابیم لەبیرنەماوە) ڕواندوزی (ئەفسەر)

١٣- یۆنادم وەردە (خەڵکی هەریر یان باتاس بوو)

١٤- مەولــود ســاڵح لــە بەشــی عیلمــی دەیخوێنــد و دواتــر بــووە فەرمانبــەر لــە پــەروەردەی هەولێــر. لــەو ســەردەمەیدا چێشــتلێنەرەکەمان (طبــاخ) نــاوی لۆقــا و خەڵکــی عینــکاوە بــوو. یاریدەدەرەکــەی (مــام هیدایــەت) باوکــی هونەرمەنــد (جەمــاڵ هیدایــەت) بــوو. پیاوێکــی بــاش و قســەخۆش بــوو، کوردییەکــەی بــۆ ئەوســای ئێمــە نەختــێ (ســەیر) بــوو. دەیگــوت لــە تورکیــاوە یــان لــە ئەرمێنیــاوە بــە دەربــەدەری کەوتوونەتــە ئــەم هەرێمــەوە. بەردەســتی بەشــەکە (مــام برایــم)ی بــێ وەی، پیاوێکــی بــە تەمەنــی خەڵکــی خۆشــناوەتی و حاجــی ڕەفعەتــی بەقاڵیــش ئــەو بەڵێنــدەرە بــوو کــە ئازووقــەی قوتابیەکانــی بەشــەکەی بــە (قۆنتــەرات) گرتبــوو. (ئەمانــە هەمــووی بــۆ مێــژوون).

جـا ئــەوەی مەبەســتمە لــەم نووســینەدا باســی لێــوە بکــەم ئەمەیــە کــە ئــەو ســاڵە قوتابخانــە دواناوەندییەکــەی کــوڕان لــە هەولێــر کــە مامۆســتای خوالێخۆشبوو(عوســمان قۆجــە قەســاب) بەڕێوەبــەری بــوو، لــە قۆناغــی ئامادەییەکەیـدا (واتـە پۆلـی چـوارەم و پێنجـەم) تەنیـا بەشـی زانسـتی (عیلمـی) هەبـوو، کەچـی ژمارەیـەک لـە دەرچووانـی ناوەنـدی (نزیکـەی بیسـت قوتابـی) ئارەزوویـان لـە بەشـی وێژەیـی (ئەدەبـی) بـوو. ئیـتر دوای بێنـە و بەرەیەکـی زۆر و هاتووچــوون و پــرس و ڕاو داواکاریــی و پێداگرتنــی ئارەزوومەندانــەی خوێندنــی ئــەو بەشــە و هــەوڵ و کۆششــی کەســوکاری هەندێــک لــە قوتابییەکانیــش کــە لــە ڕاســتیدا دەستڕۆیشــتوو بــوو، ســەرەنجام (بەشــە ئەدەبی)یەکــە کرایــەوە و ئــەو خوێندکارانــەی ناویــان لــە خــوارەوە نــووسراوە (وەک لەبیــرم مــاوە، ئومێدیــش دەکــەم بەهەڵــەدا نەچووبــم و کەســیانم لــە یــاد نەچووبێــت) لــەو پۆلــەدا پۆلــی چوارەمــی وێژەیــی- ناونووســکراین و دەســتمان بــە خوێنــدن کــرد. ئــەو زاتانــەش ســەرەنجام پێگەیشــتن و هــەر یەکەیــان ڕشــتەیەک، یــان کۆلێژێکیــان تــەواو کــرد و بــە پلــە و پایــەی بــەرز گەیشــتن و لــە بــواری تایبەتــی خۆیانــدا، بەپێــی توانســت خزمەتــی بەرچاویــان بــە گــەل و نیشــتمان گەیانــد، لــە ناویشــیاندا هەبــوون لەســەر ئاسـتی عێراقـدا نـاسراو بوونـە و ڕۆڵـی گرنگیـان گێـڕاوە و هەیانـە (خـودا تەمەنیـان درێـژکا) تـا ئێسـتەیش لەسـەر پێشـکێش کردنـی خزمەتـی گشـتی هـەر بەردەوامــن. ئەمــەی خوارەوەیــش لیســتی نــاوی ئــەو بەڕێزانەیــە کــە هەندێکیــان چوونەتـە بـەر دلۆڤانیـی خـوا و هەندێکیشـیان بەرحەیـات مـاون، خـوای میهرەبـان لــە مــردووەکان خــۆش بــێ و تەمەنــی زیندووەکانیــان درێــژکات. (ئامیــن)

١- ئەحمــەد عەبدولکەریــم- کۆلیــژی دارالمعلمیــن العالیــەی لــە بەغــدا تــەواو کــرد و بــوو بــە مامۆســتای زمانــی عەرەبــی. ئێســتێ خانەنشــینە لــە هەولێــر.

٢- ئیبراهیـم مسـتەفا قەرەداغـی (خـوای لێخۆشـبێ) کـوڕی متـصرف (پارێـزگار) ی ئــەو ســەردەمی هەولێــر بــوو، کۆلیــژی مــاف (حقــوق)ی لــە بەغــدا تــەواو کــرد.

پارێـزەر بـوو.

٣- بورهـان نەجمەدیـن بەرزنجـی – دارالمعلمیـن العالیـە لـە بەغـدا تـەواو کـرد و مامۆسـتای زمانـی ئینگلیـزی و دواتـر سەرپەرشـتیاری پەروەردەیـی بـوو. ئێسـتا لـە لیبیایـە.

٤- باکووری (ئەندریۆس ئیسرائیل خەمۆ) بەشـی ئینگلیـزی لـە دارالمعلمیـن العالیـە لـە بەغـدا تـەواو کـرد و بـوو بـە مامۆسـتای ئینگلیـزی، زیاتـر بایەخـی بـە هونـەردا، تیپـی مۆسـیقای (باواجـی) لـە کۆیـە دامەزرانـد. خانەنشـینە لـە هەولێـر.

٥- شـێخ بەشـیر عەبدولرەحـمان ئەتروشـی- کۆلیـژی (حقـوق)ی لـە بەغـدا تـەواو کـرد. بـوو بـە ئەمینـداری گشـتی ئەوقـاف و کاروبـاری ئیسـلامیی سـەردەمی حوکمـی زاتـی لـە هەرێمـی کوردسـتان ئێسـتا خانەنشـینە لـە بەغـدا.

٦- جـەلال غەریـب عومـەر – دارالمعلمیـن العالیـەی لـە بەغـدا تـەواو کـرد و بـووە مامۆسـتای زمانـی عەرەبـی ئێسـتا لـە هەولێـر خانەنشـینە.

٧- جـەلال زێـوەر ئاغـا- کۆلیـژی (حقـوق) لـە بەغـدا تـەواو کـرد ئەندامـی دادگای تەمیـزە لـە هەولێـرە.

٨- جەمال عەتا ئوڵلا ئاغا- بەداخەوە زانیاریم لەبارەیەوە نییە.

٩- خالیـد لەفتـە- کـوڕی ئەفسـەرێکی عـەرەب بـوو. دواتـر خۆشـی بـوو بـە ئەفسـەری سـوپا. (نازانـم چـی بەسـەرهاتووە).

١٠- خوالێخۆشـبوو خەلیـل عەبدولـڵا (بـرای حاجـی جەمالـی بـەزاز) دوای کۆلیـژ بـوو بـە مامۆسـتای زمانـی عەرەبـی.

١١- فاتیـح محەمـەد (کۆلیـژی ئادابـی بەغـدا بەشـی کـوردی)ی تـەواو کـرد بـوو بـە مامۆسـتای زمانـی کـوردی ئێسـتا لـە هەولێـر خانەنشـینە.

١٢- فاتیـح ڕەسـول عەبدولـلا کەبابچـی (کۆیـی) هـەر ئـەو سـاڵە لـە ئەنجامـی خۆنیشـاندانێک کـە حزبـی شـیوعی عێراقـی لـە هەولێـر سـازیدابوو دەسـتگیرکراو

حوکمـدرا و لـە قوتابخانـە دابڕێنـدرا. دواتـر بـوو بەسیاسـەتمەدار و گەیشـتە پلـەی ئەندامێتـی کۆمیتـەی ناوەنـدی حزبـی کۆمۆنیسـتی عێراقـی. چەنـد کتێبێکـی نووسـیوە. ئێسـتا بەخانەشـینی لـە وڵاتـی (سوید)نشـیتەجێیە.

١٣- خوالێخۆشـبوو فەیسـەل حەمـدی- کۆلیـژی پۆلیسـی لـە بەغـدا تـەواو کـردووە و بـووە ئەفسـەری پۆلیـس- پاشـان لەبـەر (سیاسـەت) لەسـەر ئـەو کارە لابـراو بـۆ فەرمانگەیەکـی (مەدەنی)گوێزرایـەوە.

١٤- عەلـی حەسـەن ڕەزا بـوو بـە مامۆسـتای سـەرەتایی ئێسـتا لـە هەولێـر خانەنشـینە.

١٥- عەبدولقادر داود ئاغا یەعقووبی ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە.

١٦- عەبدولڕەحـمان عەبدولـلا، مامۆسـتای سـەرەتایی بـوو کۆچـی دوایـی کـردووە، خـوای لێخۆشـبێ.

١٧- عەبدولڕەحـمان نـووری قەسـاب بـوو بـە مامۆسـتای سـەرەتایی، کۆچـی کـردووە خـوای لێخۆشـبێ.

١٨- ڕەشـاد عەلـی دنـدووک (کۆیـی) هـەر ئەوسـاڵی لـە ئەنجامـی خۆنیشـاندانەکەی حزبـی شـیوعی عێراقـەوە لـە هەولێـر دەسـتگیر کـرا و لـە قوتابخانـە دوورخرایـەوە. دواتـر گەڕاوەتـەوە سـەر خوێنـدن و بۆتـە مامۆسـتای سـەرەتایی و گەیشـتە پلـەی سەرپەرشـتیاری پەروەردەیـی بـۆ زمانـی ئینگلیـزی، کۆچـی دوایـی کـردووە، خـوای لێخۆشـبێ.

١٩- خوالێخۆشـبوو کەمـال مسـتەفا بـوو بـە مامۆسـتای سـەرەتایی و دواتـر سەرپەرشـتیاری پەروەردەیـی.

٢٠- مەجیـد ئەحمـەد ئاسـنگەر بەشـی ئینگلیـزی لـە کۆلیـژی دارالمعلمیـن العالیـە لـە بەغـدا تـەواو کـرد مامۆسـتای زمانـی ئینگلیـزی و دواتـر بەڕێوەبـەری هـەردوو (دارالمعلمیـن الابتدائیـە و معهـد اعـداد المعلمیـن) لـە هەولێـر و قوتابخانـەی کۆیـەی کـوڕان بـوو سـاڵی ١٩٨٥ خـۆی خانەنشـین کـردووە ئێسـتا

ڕاوێـــژکاری ڕاگەیاندنـــی پەرلەمانـــی کوردســـتانە.

٢١- موحســین حەمەدەمیـن دزەیـی- کۆلیـژی (حقـوق)ی لەبەغـدا تـەواو کـرد، پارێــزەرە، گەیشــتە پلــەی ســەفیری و وەزیریـــی لــە حکومەتــی عێــراق و ئێســتا نوێنــەری تایبەتــی ســەرۆک مەســعود بارزانییــە.

٢٢- خوالێخۆشـبوو مەعـروف ڕەئـوف – کۆلیـژی (حقـوق)ی لـە بەغـدا تـەواو کــردووە، پارێــزەر و دواتــر دادوەر بــووە.

٢٣- نیهــاد نوورەدیــن ڕەشــید ئاغــا- کۆلیــژی (حقــوق)ی لــە بەغــدا تــەواو کــردووە. پارێــزەر، دوایــی فەرمانبــەر و ســەرەنجام ئەندامــی یەکەمــی پەرلەمانــی کوردســتان بــوو. ئێســتا خانەنشــینە.

٢٤- خوالێخۆشبوو حەمەدەمین عەبۆ (عەبدوڵلا) ئاغا

ئەمــە و وەک لەیــادم مابــێ ئــەم بەڕێزانــەش ئــەوکات هێندێکیــان لــە پۆلــی چــوار و ئەوانــی تــر لەپۆلــی پێنجەمــی بەشــی زانســتی (عیلمــی) دا دەیانخوێنــد.

١- دکتۆر عەبدولڕەزاق شەهاب دەبباغ

٢- خوالێخۆشبوو د.محەمەد شێخۆ دکتۆری عەسکەری بوو.

٣- فوئــاد محەمــەد ســەفوەت- لــە دارالمعلمیــن العالیــە لــە بەغــدا دەرچــووە، مامۆســتای دواناوەندیــی بــووە. ئێســتا خوێندنــی تــەواو کــردووە و چەندیــن ســاڵە لــە ئەمەریــکا دەژیــت.

٤- میدحــەت محەمــەد ســەفوەت- دارالمعلمیــن العالیــەی لــە بەغــدا تــەواو کــردووە. مامۆســتا و دواتــر بەڕێوەبــەری دواناوەنــدی بــووە لــە هەولێــر. ئێســتا لــە وولاتــی تورکیــا دەژیــت.

٥- خالــص شــێخ جــواد معــروف- دارالمعلمیــن العالیــەی لــە بەغــدا تــەواو کــردووە بــوو بــە مامۆســتا و دواتــر بەڕێوەبــەری دواناوەنــدی و سەرپەرشــتیاری پســـپۆری و لـــە پاشـــان ڕاوێـــژکاری پـــەروەردە لـــە ســـەرۆکایەتی ئەنجوومەنـــی وەزیرانـــی هەرێـــم بـــووە. ئێستاخانەنشـــینە.

٦- خوالێخۆشـبوو ئەنـوەر سـاڵح- گەیشـتە پلـەی بەڕێوەبـەری گشـتی دەزگای ئینحیسـاری تووتـن.

٧- خوالێخۆشـبوو مەولـوود سـاڵح- بـووە بەرپرسـی بەشـی خۆیەتـی لـە پـەروەردەی هەولێـر.

٨- پرۆفیسـۆر دکتـۆر مـارف خەزنـەدار- مامۆسـتا لـە زانکـۆی سـەلاحەدین، چەندیـن کتێـب و لێتۆژینـەوەی بـە نرخـی نووسـیوە.

٩- میدحـەت سـەعید- بـوو بـە ئەفسـەری سـوپا. نەشـئەت سـەعیدی بـرای بـووە ئەندازیـار. نازانـم چیـان بەسـەرهاتووە.

١٠- خوالێخۆشـبوو عەلـی فەتـاح دزەیـی شـاعیر- پارێـزەر و دواتـر بەڕێوەبـەری ناحیـە بـووە.

١١- خوالێخۆشـبوو مووسـا خەلیـل- دەرچـووی دارالمعلمیـن العالیـە لـە بەغـدا مامۆسـتای ماتماتیـک و جێگـری بەڕێوەبـەری قوتابخانـەی دواناوەندیـی هەولێـر و سـەرۆکی لقـی هەولێـری نیقابـەی مامۆسـتایانی عێـراق بـووە.

١٢- خوالێخۆشـبوو عـادل مسـتەفا پەریخـان- دەرچـووی دارالمعلمیـن العالیـە لـە بەغـدا، مامۆسـتا و دواتـر بەڕێوەبـەری قوتابخانـەی سـانەوی و جێگـری بەڕێوەبـەری گشـتی پـەروەردەی هەولێـر و دواتـر سەرپەرشـتیاری پسـپۆریی بـووە.

١٣- خوالێخۆشـبوو شـێخ عـارف ڕەئـووف نەقشـبەندی دارالمعلمیـن العالیـە تـەواو کـردووە. مامۆسـتا و فیزیـا و بەڕێوەبـەری قوتابخانـە و سەرپەرشـتیاری پسـپۆری بـووە.

١٤- جەوهەری حوسێنی مەلا

١٥- شـێخ ڕەقیـب حوسـێنی مـەلا- پارێـزەر دواتـر قائیمقـام ئەوجـا ئەندامـی یەکەمـی پەرلەمانـی کوردسـتان بـوو. ئێسـتا خانەنشـینە لـە هەولێـر.

١٦- دکتۆر عومەر ئیسماعیل دەزیی- نۆژداری پسپۆر، لە بەغدا کار دەکات.

١٧- خوالێخۆشـبوو دکتـۆر خالیـد ئیسـماعیل دزەیـی- نـۆژداری چـاو- دەرچـووی

وڵاتـی تورکیـا.

١٨- ئەنـوەر عەزیـز مەعـروف دەرچـووی کۆلیـژی (حقـوق)ی بەغـداد، ئێسـتا لـە هەولێـر خانەنشـینە.

١٩- جەمیـل سـلێمان دزەیـی کۆلیـژی (حقـوق)ی لـە بەغـداد تـەواو کـردووە. ڕاوێـژکاری وەزارەتـە لـە هەولێـر.

٢٠- سـەعدوللا ڕەشـید- کۆلیـژی هەندەسـەی لـە بەغـدا تـەواو کـرد. ئەندازیـاری خانەنشـینە.

٢١- خوالێخۆشـبوو نەجمەدیـن محەمـەد موفتـی- دارالمعلمیـن العالیـەی لـە بەغـدا تـەواو کـرد. بـوو بـە مامۆسـتای زیندەوەرزانـی و دواتـر بەڕێوەبـەری دواناوەنـدی هەولێـر و سەرپەرشـتیاری پسـپۆریی.

٢٢- خوالێخۆشـبوو عەبدولـلا عەزیـز دزەیـی (عـەوڵا پاشـا) پێموایـە کۆلیـژی حقوقـی تـەواو کردبـوو.

٢٣- خوالێخۆشـبوو دکتـۆر تەحسـین نورەدیـن- پزیشـکی سـەربازی بـە پلـەی (عەقیـد). لەگـەڵ چەندانـی تـر کـە ناوەکانیانـم لەیـاد نەمـاوە، تـکای لێبوردنتـان لێدەکـەم.

٢٤- خوالێخۆشـبوو ئەنـوەر عەزیـز دزەیـی کۆلیـژی (حقـوق)ی لـە بەغـدا تـەواو کـرد و پارێـزەر بـوو. هـەر لێرەشـدا بـە پێویسـتی دەزانـم بەڕێـزەوە نـاوی ئـەو مامۆسـتایانەم بنووسـم کـە دێنـەوە بیـرم- چونکـە بەڕاسـتی (٥٥) سـاڵ ماوەیەکـە گەمـەی پێناکـرێ.

خوالێخۆشبوو:

١- مامۆسـتا عوسـمان قۆجـە قەسـاب بەڕێوەبـەری دواناوەنـدی، دواتـر سەرپەرشـتیاری پسـپۆریی.

٢- مامۆسـتا نەشـئەت سـەفوەت- مامۆسـتای زانسـتەکان دواتربەڕێوەبـەری قوتابخانـەی دواناوەندیـی و سـەرئەنجام بەڕێوەبـەری گشـتی پـەروەردەی هەولێـر.

٣- حاجــی عەبدولباقــی کۆیــی- مامۆســتای ماتماتیــک- لــە ٩ی حوزەیرانــی ١٩٦٣دا لەگــەڵ ٨٣ ڕۆڵــەی نیشــتمانپەروەری کــورد لــە ســلێمانی گوللەبــاران و شــەهید کــرا.

٤- نافیع عەبدولمەجید (خەڵکی مووسڵ) مامۆستای زمانی عەرەبی بوو.

٥- جەمیــل ڕەشــید ئامێــدی- مامۆســتای کیمیــا یــان فیزیــا بــوو. دەرســی بــە ئێمــە نــەدەدا.

٦- عەلی حوسێن کەسرە- مامۆستای سەرەتایی بوو و وەزرشی پێدەداین.

٧- هونەرمەنــد جــەواد ڕەســول ناجــی- مامۆســتای ســەرەتایی بــوو وانــەی هونــەری شــێوەکاری دەگوتــەوە. دەســتی بــاڵای لــە دیکــۆر وشــانۆ و دەرهێنانیــش هەبــوو.

٨- مامۆســتا مســتەفا حەســەن شــەعبان (خواتەمەنــی درێــژکات) (خەڵکــی ئامێــدی- مامۆســتای بابەتــە کۆمەڵایەتییــەکان بــوو، دوایــی کرایــە بەڕێوەبــەری قوتابخانــەی ناوەندیــی و لەپاشــانا بەڕێوەبــەری (دارالمعلمیــن الابتدائیــە)ی هەولێــر و ئەوجــا بەڕێوەبــەری پــەروەردە و دواتــر ڕاوێــژکار لــە وەزارەتــی پــەروەردەی هەرێــم.

لەم ماوەیەدا خانەنشین کراوە و لە هەولێر نیشتەجێیە.

خوێنــەری هێــژا، ئــەم بابەتــە هەرچەنــدە زیاتــر بریتییــە لــە نــاوی کەســایەتییەکان کــە ڕەنگــە لای زۆرانــەوە بایەخێکــی ئەوتــۆی پێنەدرێــت، وەلــێ چونکــە بەشــێکە لــە مێــژووی شــارەکەمان و ئــەم زاتانــەش زۆر و کــەم ڕۆڵــی کاریگەریــان بــووە و جــێ پەنجەیــان بەســەر کۆمەڵگــەوە دیــارە، بــە پێویســتم زانــی لایەکــی لێبکەمــەوە و تــۆز و گــەردی لەبیرچوونەوەیــان لــێ بتەکێنــم. بــەو هیوایــەی ســوودێک بگەیەنێــت!



# یادەوەریی وێنەیەک

لەم وێنەیەدا کە ساڵی ١٩٥٦/٦/٩ لەشاری کۆیە گیراوە، ئەو مامۆستا بەڕێزانە لە چەپەوە بۆ ڕاست بە دیار دەکەون.

١- جەمال غەفور (خەڵکی سلێمانی) مامۆستای بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.

٢- خوالێخۆشبوو شەفیق سابیر کە ساڵی پار کۆچی دوایی کرد (خەڵکی کۆیە) بەڕێوەبەری قوتابخانە.

٣- مەجید ئاسنگەر (خەڵکی کۆیە) مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە دواناوەندی هەولێر.

٤- مس ئۆلیڤەر (miss Oliver) (ئینگلترە) سەرپەرشتیاری پسپۆری لە عێراق.

٥- سەدیق عەبدولقادر نەشئەت (خەڵکی کۆیە) مامۆستای بابەتە زانستییەکان، ئێستا خانەنشینە و لە گەڕەکی (ئازادی) لەهەولێر نیشتەجێیە، خوا تەمەنی درێژ بکات.

٦- عومەر دەرویش (خەڵکی کەرکووک) مامۆستای زمانی عەرەبی و دین.

٧- ویلیەم جندی عیوەز (خەڵکی میسر) مامۆستای زمانی ئینگلیزی.

٨- ئەحمەد وەهبی (خەڵکی میسر) مامۆستای زمانی ئینگلیزی.

سەربۆردەی ئەم وێنەیە ئەوەیە کە لەو سەردەمەدا سەرپەرشتیارانی پسپۆری تەنیا هەر لە (بەغدا) و دواتریش لە (مووسڵ) دادەنیشتن و بەدەگمەن و زۆر کەم سەردانی قوتابخانەکانی قەزا و ناحیەکانیان دەکرد. نایەتە بیرم پسپۆڕێکی زمانی ئینگلیزی و بەتابەتی ئەگەر ئینگلیز نەژادیش بووبێ هەرگیز بۆ ئەو مەبەستە چاوی بە (کۆیە) کەوتبێت! ئەوەبوو کاتێ من لە (دارالمعلیمین العالیە- واتا کۆلیژی پەروەردەی ئێستا) دەمخوێند. یەکێک لە مامۆستا بە نەژاد ئینگلیزەکانمان قەیرە کچێکی زیرەک و لێوەشاوە و ڕووخۆش و زۆر (سپۆرت) بوو. بەناوی Miss Oliver وانەی زمان و گەڕامەری ئینگلیزی پێدەداین و لەگەڵ مندا وەک خوێندکارێکی دیار و پێشکەوتوو ئاشنایەتی و پێوەندی و ناسیاویی زیاتری هەبوو. وەختێک دەرچووم و لە ١٩٥٥/١٠/١ دا بووم بە مامۆستای ئینگلیزی لەتاکە دواناوەندیی کوڕان لەهەولێر، لەو تەلارەی ئێستاکە بەشێکی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی تێدایە و مامۆستای خوالێخۆشبوو (عوسمان قۆجە قەساب) کەکاتی خۆشی لە قۆناغی (ئامادەیی)مدا بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان بوو کە ئەو سەردەم بینایەکەی لە شوێنی ئێستای (پارێزگای هەولێر)دابوو گۆڕەپان و حەوشەیەکی پان و بەرین و باخێکی قەشەنگی پڕ لە درەختی باڵابەرزیشی هەبوو، بەڕێوەبەری قوتابخانە بوو.

ساڵێک پاشتر، ڕۆژێکیان ئەو مس ئۆلیڤەرەمان لێ پەیدا بوو، دیاربوو

کرابــووە سەرپەرشــتیاری پســپۆریی زمانــی ئینگلیــزی بــۆ هەمــوو عێــراق، زۆر بــەوە ئاســوودە و دڵخــۆش بــوو کــە ناســیاوێکی خــۆی- قوتابییەکــی پێشــووی- دیتــەوە لێــرە مامۆســتایە و (خــوا هەڵناگــرێ) لەوانــە گوتنەوەیشــی خەیلــێ ڕازی مەمنــوون بــوو. هــەر لــەو دەرفەتەشــدا باســی شــاری کۆیــەم بــۆی کــرد و تێمگەیانــد کــە ئەوێــش قوتابخانەیەکــی پێشــکەوتووی لێیــە، ئــەوە دێنــێ ســەردانێکی بــکات و مامۆســتاکانی بەســەر بکاتــەوە. لــە ڕاســتیدا بــە پێشــنیازەکەم دڵخــۆش بــوو، وەلــێ هەندێــک دوو دڵ بــوو چونکــە ئــەوکات ڕێــگای هەولێــر و کۆیــە زۆر ســەخت و ناخــۆش و پــڕ مەترســی بــوو. قیرتــاو نەکرابــوو، ڕۆژانــە بەدەگمــەن یــەک ســەییارە یــان دوان پیایــدا دەڕۆیشــتن. نەفــەرەکان بەهاوینــان جەســتە و دەموچاویــان ئــاوا بــە تەپوتــۆز ســواخ دەدرا لــە ئاوێنــەدا خۆیانیــان نەدەناســییەوە! زســتانانیش هەتــا دەگەیشــتنە جــێ کــە زۆر جــاران دوو ڕۆژی دەخایانــد ئــەوە دەبــوا پەیتــا پەیتــا دابــەزن و پاســە کۆنەکەیــان پــاڵ بــدەن و لــە قــوڕ و لیتــە و چــاڵ و زەلــکاو دەری بێنــن و مــاوەی زۆریــش بــە (پــێ) بــڕۆن. ئــەوە حاڵــی ڕێگاوبانەکــەی بــوو. هەروەهــا لەبــەر ئــەوەش کــە زانــی لــە کۆیــە هوتێــل یــان شــوێنێکی گونجــاو و بەتایبەتــی بــۆ ئافرەتێکــی بیانــی و بەتەنیــا دەســتناکەوێت. منیــش بــۆ جێبەجێکردنــی کارەکــە و بــە نیــازی پێشکەشــکردنی خزمەتێکــی بچکۆلــە بــە شــارەکەمان کــە سەرپەرشــتیارێکی ئینگلیــز و قسەڕۆیشــتوو ببــەم بــۆ کۆیــە تــا بــە چــاوی خــۆی ناتــەواوی وســەختی و مەترســیی ڕێگەوبــان و کەموکوڕییەکانــی قوتابخانەکــە ببینــێ و کــە گەڕایــەوە هــەوڵ و داوای نەهێشــتنیان بــکات، مەســەلەی ڕێگاکــەم بەلایــەوە ســووک کــرد و مەترســییەکانیم ڕەوانــدەوە و مەســەلەی شــوێن و میواندارییەکەیشــم خســتە ئەســتۆی خۆمــەوە. تێمگەیانــد کــە ئێمــە ماڵــمان لەکۆیەیــە و جێــگای بــەلاوە و گونجاومــان بــۆ میــوان هەیــە و ناهێڵیــن بــە هیــچ شــێوەیەک نارەحــەت بێــت.

ئیــتر چونکــە متمانــەی زۆری بەمــن هەبــوو لەقســەکانم دڵنیــا بــوو، بڕیاریــدا و

چووین بۆ کۆیە و سوپاس بۆ خوا هیچ گرفتێکی ئەوتۆی ڕێگامان نەهاتە پێش شایانی نیگەرانی بێت و بەسەلامەتی گەیشتینە جێ! بۆ شوێنی نووستن و حەسانەوەیش ئەوا لەماڵی شاعیری نیتشمانپەروەر خوالێخۆش بوو (عوسمان عەونی) کە هێشتا نەبوو بووە خەزوورم، بەڵام بەهۆی خزمایەتیی نزیک و هاوسێیەتییەوە زۆر تێکەڵاویمان هەبوو، ماڵەکەیشیان هەروەکو ماڵی خۆم وابوو- ژوورێکی تایبەتییان بۆ تەرخان کرد و بەڕێز و تەقدیرێکی زۆرەوە میواندارییەکی باشی کوردانەیان لێکرد، بەڕادەیەک دەیگوت (تا ماوم لەبیری ناکەم) و هەر بەو بۆنەیەشەوە ئەدەرێسی خۆی لە بەریتانیا پێدان و بەگەرمی داوەتی کردن کە دەبێ ئەگەر چوونە ئەوێ سەردانی بکەن و ببن بە میوانی. لێرەشدا پێموایە ناشیرین نییە ئەو نوکتەیەش بگێڕمەوە کە هەندێک لە ئەهلی گەڕەک، بەتایبەتی چەند ئافرەتێک دەیانگوت (بە زاراوەی کۆییان): "ئەییەڕۆ، کاک مەجید ژنە ئینگلیزێکی هێناوە!" منیش قسەکەیانم بۆ مس ئۆلیڤەر گێڕایەوە، ئای کە سەیر بوو! ڕووی سووری هێندە تر وەک تەماتەی لای خۆمان سوورتر هەڵگەڕا چاوە کەسکە شینباوییەکانی زیاتر بریسکانەوە. بە خەندەیەکی تێکەڵ بە نەختێ شەرمی مێیینانەوە گوتی "Oh no no" و مەجید قوتابی خۆمە).

بەهەرحاڵ ڕۆژی دواتر مس ئۆلیڤەر سەردانی قوتابخانەی دواناوەندیی کوڕانی کرد، مامۆستاکانی بەتایبەتی هی زمانی ئینگلیزی بەسەرکردنەوە و خۆشحاڵی خۆی بەشێوەی بەڕێوەبردن و ئاستی بەرزی خوێندنی قوتابییەکان نیشاندا و لە هەمانکاتیشدا نیگەرانی و پەرۆشیی خۆی بۆ کەموکوڕییەکانی قوتابخانە لەبارەی کەمی ژمارەی مامۆستایان و نەبوونی کەلوپەلی پێوستی تەواو، هەروەها پشتگوێ خستنی شارەکە بەگشتی لەلایەن کاربەدەستانی میرییەوە دەربڕی. ئەم سەردانەیشی بووە مایەی دڵخۆشی و پێزانینی بەڕێوەبەر و مامۆستایانی قوتابخانەکە و ئەم وێنە یادگارییەشمان ئەو ڕۆژە لە

دەرەوەی تــەلاری قوتابخانەکــەدا گرتــووە و ئێســتا (٤٥) ســاڵی ڕەبەقــی بەســەردا تێپەڕیــوە!

لــە کۆتایــی ســەردانەکەماندا، مــس ئۆلیڤــەر کــە زۆر بــە دیمەنــە جوانــەکان و دابونەریتــی ناوچەکــە و میواندۆســتیی خەڵکەکــە سەرمەســت و کەیــف ســاز بــوو، بــە سوپاســێکی بــێ پایانــەوە ماڵئاوایــی لــە (کۆیــە) ی شــار و قوتابخانــە و بەتایبــەت ماڵــە خانەخوێیەکــەی کــرد و بــە ڕەزامەندییــەوە بــەرەو (هەولێــر) هاتینــەوە. ئــەوە بــوو دوای تەواوکردنــی کارە پەروەردەییەکانــی و بەرلــەوەی بــەرەو (بەغــدا)ی پایتەخــت (هەولێــر) جــێ بهێڵێــت، ناونیشــانی خــۆی لــە (بەریتانیــا) پێــدام داوای لێکــردم هــەر کاتــێ چوومــە ئــەوێ ســەردانی بکــەم. وەلــێ بەداخــەوە لــەو ڕۆژە بــەولاوە چیــتر چــاوم پێــی نەکەوتۆتــەوە. هــەر ئــەو ساڵەیش بەهــۆی ڕووداوەکانــی (کەناڵــی ســوێس) و دەســتدرێژییە ســێ قۆڵییەکــەی ســەر وڵاتــی میــسرەوە، بەندەیــش گوێزرامــەوە بــۆ قوتابخانــەی ناوەنــدی (أم الربیعیــن) لــە شــاری (موســڵ). هەرچەنــد ســاڵی ١٩٥٩ بــۆ خولێکــی هاوینــە بــۆ چەنــد مامۆســتایەکی زمانــی ئینگلیــزی لــە عێــراق نێردرامــە ئینگلســتان و ســکۆتلەندە، هەروەهــا ســاڵی ١٩٧٧ یــش بــە ماڵــەوە ســەردانێکی ئــەو وڵاتــەم کــردەوە زۆریــش ســەر و ســۆراخیم پرســی، بــەڵام هەرگیــز هەواڵێکــم لــە هیــچ لایەکــەوە نەبیســت و تــا ئێستەیشــی لەگەڵــدا بێــت سەروســوڕاخێکم نەزانیــوە! دوعــای خێــری بــۆ دەکــەم. چونکــە هاوســۆزی گەلــی کــورد بــوو، یــادی بەخێــر.

# پارتی قوتابخانەی خەبات و ڕەوشت بەرزییە

ڕۆژنامەی برایەتی ڕۆژی ١٦ی ئاب ١٩٩٨

ڕۆژی ١٦ی ئابــی ســاڵی ١٩٤٦ هەڵاتنــی خــۆری گــەش و پرشــنگداری هیــواو ئاواتەکانــی کــوردو کوردســتان بــوو.

ســاڵی ١٩٤٧ لــە پۆلــی دووەمــی قوتابخانــەی ناوەندیــی کۆیــە بــووم. برادەرێکــی لەخــۆم بــە تەمــەن و هەراشــتر کــە دواتــر بــووە یــەک لەســەرکردەکانی حزبــی کۆمۆنیســتی عێراقــی و ئێســتاکێ لــە وڵاتێکــی ئەوروپــادا گیرســاوەتەوە.

پێشــی مــن دەســتی لــە ســیــــاسەتدا وەردابـــــــوو، بــە نێــوی حزبــی (التحــرر)ەوە پێوەندیــی پێمــەوە دەکــرد و هەفتــەی دوو ســێ جــار باســی سیاســەت و کاری حزبایەتــی بــۆ دەکــردم و چاپەمەنــی و ئەدەبیاتــی حزبەکەیانــی پێــدەدام و ئــەو کتێبانەشــی بــۆ دەهێنــام کــە ئەوســاکە قەدەغەکرابــوون و لــە

ڕێگـــەی حزبـــەوە نەدەبوایـــە دەســـت نەدەکەوتـــن وەک (المادیـــە الدیالکتیـــە و الدیمقراطیـــە الحدیثـــە) و بەرهەمەکانـــی (لنیـــن و ســـتالین و ماوتســـی تونـــغ و گۆرکـــی و ...هتـــد) هەوادارانـــی ئـــەو حزبـــەش لـــە قوتابخانەکەمانـــدا ژمارەیـــان زۆر بـــوو، بـــەڵام لـــە هەمانکاتـــدا دەســـتەیەکی دیکـــەی قوتابیانیـــش هەبـــوون برادەرەکـەم و هاوبیرەکانـی لانـی کـەم بـە چـاوی دۆسـتانە و برادەرانـە سـەیریان نەدەکــردن و لەگەڵیانــدا هەمیشــە ململانــێ و ڕکەبەرایەتییــان دەکــردن و بگــرە جاروبـار دەگەیشـتە ڕادەی شـەڕە چەپـۆک و قژرنینـەوە و تێکهەڵدانیـش! هەسـتم بەوانـــە دەکـــرد و دەمزانـــی ئەمانیـــش لەناوخۆیانـــدا ڕێکخراوێکیـــان هەبـــوو، زیاتریـش بـەلای کاری نەتەوەیـی و کوردایەتییـان دادەشـکاندەوە. لـە دیدارەکانـدا هـەر جارێـک پرسـیارم لـە بـارەی نەتەوایەتییـەوە ئاڕاسـتەی ڕێکخەرەکـەم بکردایـە زوو بابەتەکـەی دەگـۆڕی و باسـەکەی بەلایەکـی دیکـەدا دەبـردە وەکـو دەڵێـن تاســەم بــە وەرامەکانــی نەدەشــکا. لــەو ڕووەوە لــە پرسیارەکانیشــم قەڵــس و نیمچـە نیگـەران دەبـوو. منیـش تـا دەهـات ئـەو تاسـەیە لـە دەروونمـدا پەنگـی دەخـواردەوە و گرێکوێرەکـە زیاتـر تەنگـی پـێ هەڵدەچنیـم. لـەو سەروبەندانەشـدا لــەوە ئاگــەدار ببــووم کــە حزبێــک پەیــدا ببــوو بــە نێــوی (پارتــی دیموکراتــی کـورد)ەوە و ژەنـەڕاڵ مسـتەفا بارزانـی کـە ئـەو سـەردەمە سەرلەشـکری کۆمـاری کوردسـتانی مەهابـاد بـوو دایمەزراندبـوو. ئـەو بـارە چەنـد مانگێکـی خایانـد، تـا دەشـهات هەسـتی کوردایەتـی لـە دڵ و مێشـکمدا زێـتر چەکـەرەی دەکـرد و شـوێنی بـەراو ئایدیـای پێشـووم لەقدەکـرد. هـەر جـارەش پرسـیاری قووڵـترم لـە هاوڕێکـەم دەکـرد و ئەمیـش زیاتـر لێـم بەدگومـان و هەراسـان و وەرامەکانیشـی ڕەقــتر و هەڕەشــەئامێزتر دەبــوون. ئــەوە بــوو دواجــار بڕیــاری یەکلاکــەرەوەی خۆمـم دا و بـەڕووی ڕێکخەرەکەمـدا تەقیمـەوە و پێـم گـوت (باوکـم کـە پیاوێکـی سـادەی دینـدار و خواپەرسـتی بـڕوا قاییمـە، حەزنـاکات مـن چیـتر لەگـەڵ ئێـوەدا - کــە لایەنــی ئاینیتــان لاوازە- هەڵســو کــەوت و ڕێکخســتن بکــەم. (لەڕاســتیدا

ئەمە وانەبوو، بە هیچ کلۆجێ باوکم ئاگەی لەم کەین و بەینەدا نەبوو، تەنها بەهانەیەکبوو مێشکی ساکاری ئەوسام بە خەیاڵ دروستی کردبوو). لە وەرامدا گوتی (ئەگەر باوکت کۆنەپەرستە و ڕێگەی ئەمەت لێدەگرێ، پێویستە بە قسەی نەکەیت و ئەگەر پێویستی کرد دەبێ لە ڕوویشیا هەڵگەڕێیتەوە! وتم ئەی باشە ئەگەر خوانەخواستە ئەمەم کرد، کە لێشم ناوەشێتەوە و باوکیشم لەماڵەوەی بەدەرنام کێ دەمژێنێ؟ گوتی "حزب" ڕێنماییەکەی هەندەیتر شێلگیری کردم بۆیە گوتم: کاکە لەمڕۆ بەدواوە من و ئێوە هیچ پەیوەندێیکی سیاسیمان لە بەیندا نامێنێ. تەنیا برادەری یەکتری دەمێنینەوە. گوتی نەخێر ئەوەی لەگەڵمانا نەبێت دوژمنی ئێمەیە! بێلایەن و مامناوەندی لە ئارادا نییە! ئەوەندی من کردم ئەم نەیسەلماند هەر ئەمەیە (یان دۆست، یانەخۆ دوژمن!) گوتم ئارەزووی خۆتانە، برالە هەر لەم ساتەوە خواحافیز.

ڕۆژەکەی دواتر پەیوەندیم بە(مام جەلالەوە) کرد کە هەرچەند پۆلێک لە خوار منەوە بوو، دەمزانی چالاکی و جموجۆڵێکی کوردایەتی دیار و بەرچاوی هەبوو، یەکێک بوو لە ڕابەرە هەرە چالاکەکانی دەستەکەی دیکەی قوتابیانەوە. باسەکەم بۆی گێڕایەوە و پێم گوت کە (دەمەوێ تێکەڵ بە ڕێبازەکەی ئێوەوە بم). دوای هەندێ پرسیار و وەڵام و لێکحاڵیبوون گوتی "باشە دوایی وەرامت دەدەمەوە" بێگومان وەرامەکەش چەند ڕۆژێک دواتر (بەڵێ، باشە) بوو. ئیتر ئەوەبوو لەو ڕۆژەوە تێکەڵ بە هەوادارانی پارتیەوە بووم! لەو ڕۆژگاریشدا جگە لەمام جەلال لەنێو قوتابیاندا حوسامەدینی تەیب (ناسراو بە شەعب) وریا کانی مارانی، برایان مەحمود قادر، زیاد غەفووری، جەمال تاهیر مام خدر، محەمەد و سەدیق سادق، فوئاد تاهیر چەلەبی، واحید نەشئەت، خالید دلێر، عەزیز سەربەست، کەمال محێدین، خالید سەعید، بەکر و سەلام سەعدی، مەزهەر و عەبدولکەریم شێخ سەدرەدین و چەندانی دی و لەنێو شاریشدا بەڕێزان کاک عەلی عەبدوللا،

مامۆستایان محەمەدەمین مەعروف، عەبدولمەجید نوورەدین جەلیزادە، مەسعود محەمەد جەلیزادە، خوالێخۆشبووان تاهیر سەعید، عوسمان عەونی شاعیر و دادوەر عومەر حەبیبی برای (عومەرە سوور) محەمەد شوان، سابیر ئیسماعیل، کەریم تەوفیق، عومەر عەبدوللا و عوسمان برای (...) ناسراو بە (مام وەتمان)، عەبدولڕەحمان ئیسماعیل (مامە ڕووتە)، ئەحمەدی حەمە مەلا، کاکە زیاد غەفووری، کەمالی حاجی مەجید، دادوەر بەکر ئیسماعیل، مامۆستا کەمال عەبدولقادر، کاکە سوور تاڵەبانی (پارێزەر) و چەندانی دیکە بە ڕێبوارانی پارتی ناسرابوون و ڕۆڵی زۆر بەرچاویان هەبوو! ئەوجارەیان ئەندام و بەرپرس و یا پاڵێوراو و لایەنگرانی پارتی بوون.

بۆ ماوەیەک باش بە ئەدەبیاتی پارتییەوە گۆشکرام، پەیڕەوی ناوخۆ و پرۆگرامیم بەوردی دیراسە و هەزم کرد و ئاشنایان بووم. ئەوەندە برگە و خاڵەکانیم بەدڵ بوون و کاریان تێکردم ئێستاشی لەگەڵدا بێت لەگەڵ خوێن لە دەمارەکانمدا دەگەڕێن، بڕوای یەقینم بەسەرجەمی بەندەکانی هێنا.. پاش ماوەی پاڵێوراویەتی کە نزیکەی دوو ساڵی خایاند و بە چەندەها تاقیکردنەوەدا تێپەڕیم و تیایاندا سەرکەوتوو بووم و دوای ئەوەی دوو ئەندام پەسندیان کردم ئەوجا بەشێوەیەکی ڕەسمی بە (ئەندام)ی پارتی وەرگیرام کە بۆ من ئەو ڕۆژە نەک هەر جەژنێکی هەرە خۆش و مەزن بوو، بگرە خەونێکی زۆر دووریشم بوو، بەدیهات! چونکە پارتی قوتابخانەیەکی مەزن و بەرفرەوان بوو، هەرچی ڕەوشتی بەرز و چاک هەیە فێری ئەندام و لایەنگرەکانی دەکردن، ڕاستگۆیی زمان و دەست و داوێن پاکی، دڵسۆزی، ڕاز و نهێنی پارێزی، پیاوەتی و ئازایەتی و جوامێریی، گیانی لەخۆبوردوویی و هاریکاری، خزمەتی کۆمەڵ و نیشتمان، یاریدەدانی هەژار و نەدار و لێقەوماوان، بەربەرەکانێ و دژایەتی زۆردار و خوێنمژ و ناپاک و نیشتمانفرۆشان، بەخەرجدانی هەموو توانستێک تا ڕادەی خۆبەختکردن و چوونە بەر پێی پەتی سێدارەوە لە

پێنــاو جێبەجێکردنــی پرۆگــرام و پەیــڕەوی حــزب و پاراســتنی ڕێکخســتنەکانی و بەدیهێنانــی مافــە ڕەواکانــی گەلــی کــوردی ســتەمدیدە و بەشــخوراو!

بــە شــانازییەوە بوومــە ئەنــدام و مانگانــە یــەک درهــەم (پەنجــا فلــس) (ئابوونــە)م دەدا بــە حــزب.

لــەم قۆناغــەدا، لــە ڕیزەکانــی پارتییــەوە شــەوانە ماوەیــەک لــە ماڵــی مــام جــەلال لــە تەکییەکــەی خۆیانــدا و دواتریــش لــە ماڵــی مامۆســتا محەمەدەمیــن مەعــروف تــا درەنگانــی شــەو کۆبوونەوەکانــی شــانەی خۆمانمــان درێــژە پێــدەدا، ئەوجــا بەنێــو کۆڵانــە بــەردەڵان و تاریکەکانــی شــاردا دەگەڕامــەوە ماڵــەوە، کۆیــە کارەبــای نەبــوو، لــە وەرامــی پرســیارەکانی باوکمــدا دەمــووت (ســەعیمان دەکــرد) دەشــمزانی ڕەحمەتــی گومانــی پەیداکردبــوو کــە کوڕەکــەی تێکــەڵاوی سیاســەت بــووە، بــەڵام زۆر دڵنیــا نەبــوو! لــەو ماوەیــەدا بەشــداری جموجوڵەکانــی مانگرتنــە مێژووییەکــەی قوتابخانــەی ناوەندیــی کۆیەمــان کــرد کــە پێموایــە لــە عێراقــدا لــە قوتابخانــە یەکەمــەکان بــوو کــە بەمەبەســتی پشــتگیری کردنــی مانگرتنەکانــی کۆلیــژ و قوتابخانەکانــی بەغــدای ســاڵی ١٩٤٨ و هەروەهــا چەنــد داخوازییەکــی تایبــەت بــە قوتابخانەکــەی خۆشــمانەوە، جــاڕی مانگرتنێکــی گشــتیماندا و پــتر لــە دوو هەفتــەی خایانــد و میــری ناچــار کــرد لــە هەولێــرەوە (مفتــش) سەرپەرشــتیارێکی پەروەردەیــی (کــەوا بزانــم خوالێخۆشــبوو عەزیــز قــادر بــوو) بنێرێتــە کۆیــە بــۆ لێکۆڵینــەوە لــە هــۆی مانگرتنەکــە و داواکارییەکانمانــەوە.

هەروەهــا مانگــی کانوونــی دووەمــی هەمــان ســاڵ، هــەر لەســایەی پارتیــدا و لەگــەڵ حزبــی شــیوعی و جەمــاوەری تێکۆشــەری کۆیــەدا بەشــداریی خۆنیشــاندانەکانی ڕاپەڕینــە (وثبــە) مەزنەکــەی ١٩٤٨ مــان کــرد لــە دژی (پەیمانــی پۆرتســمۆث) کــە حکومەتەکــەی (ســاڵح جەبــر)ی نۆکــەری ئیمپریالیــزم دەیویســت لەگــەڵ بەریتانیــادا مــۆری بــکات و بــە زەبــری ئاگــر و ئاســن بەســەری گەلــی عێراقیــدا بســەپێنێ. ئەوەبــوو لەسەرتاســەری عێراقــدا (ڕاپەڕیــن) وثبــە بەرپــا

بــوو شــەڕ و پێکــدادان لــە نێــوان هێــزە چەکدارەکانــی حکومــەت و جەمــاوەری ڕاپەڕیــوی بەغــدا قەومــا شــەڕی ســەر پردەکــە (معرکـة الجسر)ی بەغـدا کـە دواتـر بــە (جــسر الشــهدا) نــاوزەد کــرا، لــە٢٧ی کانــووی دووەمــدا ڕوویــدا و خوێنــی چەنــدان شــەهیدی کــورد و عــەرەب تیایــدا تێکــەڵ یەکــتری بــوون و ســەرەنجام حکومەتەکــە ناچــار کــرا دەســت لــەکار بکێشــێتەوە و پەیمانــە شــوومەکەش هەڵوەشــێنرایەوە.

پۆلــی چــوارەم و پێنجەمــی دواناوەندیــم کــە ئەوســا لــە کۆیــە نەبــوون، لــە هەولێــر تــەواو کــرد لــەوێ زیاتــر لــە تــەک برادەرانــی ســەر بــە پارتیــی دیارترینیــان خوالێخۆشــبوو حەیــدەر محەمەدەمیــن و بەڕێــزان هاشــم عەبدولڕەحــمان، ســەعدی محەمەدەمیــن دزەیــی، شــەهید خاڵــە شــەهاب شــێخ نــووری و جەمیــل ســلێمان و ئەحمــەد عەلــی کاکەخــان و حەســەن حەمــەد زۆرانــی دیکــە بــوون، دواتــر مــام جەلالیــش هــەر هاتــە هەولێــر، ئاشــنایەتیم لەگەڵــدا پەیــدا کــردن و لــە چالاکیــەی نهێنییەکانمانــدا بــەردەوام بوویــن. ئەگەرچــی پەیوەندیــی پارتایەتیــم (حزبایەتــی) لــە ڕووی ڕێکخســتنەوە لــە ڕێگــەی مامۆســتا کەمــال عەبدولقــادرەوە بــوو، کــە بەتەنیــا منــی دەدیــت. ئــەو ســەردەمیش خوالێخۆشــبووان پارێــزەران عەونــی یوســف و عومــەر حەبیــب (عومــەرە ســوور) کــە هاتبــووە هەولێــر و بــە جووتــە لەگــەڵ ڕێــزدار ڕەشــید عەبدولقــادر (ســەرۆکی دادگــەی تەمیــزی هەرێــم) نوســینگەی پارێزەریــان لــە شــەقامی (موزەفەرییــە)دا هەبــوو، هەروەهــا ئەحمــەد محەمەدەمیــن دزەیــی و ئیبراهیــم عەلــی ئۆمــەراوە و ڕێــزدار جەوهــەر عەزیــز و ئەنــوەری بــرای و زۆرانــی دیکــەی ئەندامانــی بنەماڵەکانــی دزەیــی و هۆزەکانــی تــری دەوروبــەری هەولێــر و خانــەوادە نــاسراوەکان ناویــان بــەوە دەهــات کــە ئەنــدام یاخــود لایەنگــر و ســەر بــە پارتــی بــوون. پارتیــش تــا دەهــات ڕەگــی لەنێوخەڵکــدا دادەکوتــا و دروشمەکانیشــی بەتایبەتــی ئەوانــەی داکۆکیــان لــە لێقەومــاوە بارزانییــەکان دەکــرد و زیاتریــش بەهــۆی ئــەوەوە کــە نەمــر (بارزانیــی

مستەفا) کە سەرکردەیەکی درەوشاوەی نەتەوەیی بوو، سەرۆکی پارتی و دامەزرێنەریشی بوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاپوورەی خەڵکیان لە دەوری حزبەکەدا کۆدەکردەوەو هەمیشە ژمارەی ئەندام و لایەنگرانی لە پەرەسەندندا بوون.

ساڵی ١٩٥٠ بەیەکەم لە ئامادەیی هەولێر دەرچووم، بەڵام پارتی بڕیاریدا بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی حزب لە کۆیە بمێنمەوە، بۆیە نەچووم بۆ هیچ کۆلیژێک. ئەوە بوو بووم بە ئەندامی کارگێڕی لیژنەی ناوچەی کۆیە، کاک عەلی عەبدوللا ئەندامی لیژنەی ناوەندیی و بەرپرسی کۆیە بوو. هەمان ساڵ لەگەڵ کاک محەمەد عەبدولکەریم شوانی کە بە(محەمەد شوان) ناسرابوو، بە نوێنەراتی کۆیە بۆ دووەم کۆنفرانسی حزب هەڵبژێردراین کە لە شاری بەغدا بەسترا. لە یادمە دانیشتنەکان لە ماڵی (عەلی حەمدی) لە یەکێک لە گەڕەکە میلییەکانی بەغدا ساز دەکران، لە نهۆمی دووەمی خانووەکەدا و هەردەم مێزی بەردەممان بە پەرداخ و بوتلە مەشروب و مەزە تەیار بوو، هەرچەند کەس نەیاندەخواردەوە، گوایە بۆ چەواشەکردنی سیخوڕ و پیاوانی میری ئەمە دەکرا. لە کۆنفرانسدا کاروبار و کێشەکانی حزب و ڕێکخستنەکانی خرانە بەرباس و لێکۆڵینەوە و لیژنەیەکی ناوەندیی تازە هەڵبژێردرا ئەگەر هەڵەم نەکردبێ ئەم چەند ناوانەم لەبیرماون. بەڕێزان عەلی عەبدوللا، محەمەدەمین مەعروف، بەکر ئیسماعیل، عومەر مستەفا، عەلی حەمدی، مام جەلال، ئیسماعیل عارف، هەمزە عەبدوللا، ئیبراهیم ئەحمەد و چەندانی تر..

لەبیرمە هەر لەو تەمەنەمدا جارێکیان ڕایانسپاردم لە کۆیەوە نامەیەکی حزبی ببەمە مووسڵ ئەگەرچی تا ئەوکاتیش پێشتر مووسڵم نەدیبوو، بیگەیەنمە مامۆستا (صبغة اللە) ناوێک کە مەلای مزگەوتی (الجامع العمری) بوو، بۆ چەواشەکاری پۆلیس و چڵکاوخۆرانی میریی لە پشتی زەرفەکە نووسرابوو (الی فضیلة الشیخ محی الدین المحترم) گوایە نامەکە بۆ خوالێخۆشبوو شێخ محێدنی بەرزنجی ناوداری ئەوسای شاری هەولێر بووە

و کـەس ناتوانـێ بیگرێـت یـا بیخوێنێتـەوە! چوومـە مووسـڵ و بـە پرسـیاران بـە شـڕە عەرەبییەکـەی قوتابخانەییـم، مزگەوتـی ناوبـراو و مامۆسـتاکەیم دۆزییـەوە و ئامانەتەکەیـم گەیانـدە خاوەنـی.. پێموابـێ ئـەو دەمـە مـەلا صبغـة اللەیـش ئەندامـی لیژنـەی مەرکـەزی بووبێـت و لـە مووسـڵ نیشـتەجێ بـووە بـە سـاخ و سـەلامەتی گەڕامـەوە کۆیـە!

سـاڵانی کۆلیـژ ١٩٥٤-١٩٥٥ لـە چالاکییەکانـی پارتایەتیـدا بەردەوامبوویـن و بەشـداری هەراکانـی ڕاپەڕینـە (الانتفاضـة) کـەی ١٩٥٢مـان کـرد کـە بەهۆیـەوە مـاوەی نزیکـەی ٧٠ ڕۆژ کۆلیژەکانـی بەغـدا داخـران، دواتریـش لـە سـاڵی ١٩٥٣دا یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتانمان دامەزرانـد کـە ئەمیـش لـە خۆیـدا بۆنەیەکـی مێژوویـی و وەرچەرخانێکـی کاریگـەر بـوو لـە خەباتـی ڕەوای قوتابیانـدا کـە پارتـی ئەوپـەڕی پشـتگیری و هاندەریـان بـوو.

سـاڵی ١٩٥٨ ئەندامـی کارگێـڕی ناوچـەی هەولێـر بوویـن لەگـەڵ بـرادەران کەمـال عەبدولقـادر، شەمسـەدین موفتـی (پارێـزەر) صالـح شـێرە، حەسـەنی مسـتەفا، خوالێخۆشـبوو قـادر شـۆڕش، شـێخ لەتیـف بەرزنجـی و خوالێخۆشـبوو (عاصـم حەیـدەری) ش بەرپرسـی لیژنەکـە بـوو. لـە هەمانکاتـدا ئەندامـی کارگێـڕی لقـی دوو بـووم وەک ژمێریـاری لـق ئـەوکات لـە بەرپرسـی لـق کـە ئەندامێکـی لیژنـەی مەرکـەزی و سـکرتێر و ژمێریـار و بەرپرسـی لیژنەکانـی ناوچەکانـی قەزاکانـی سـەر بـە پارێـزگا پێکدەهـات و مانگـێ یـان جارێـک یـان دوو جـار کۆبوونـەوەی خـۆی دەبەسـت. لـەو ماوانـەدا هەڤـاڵان عەلـی عەبدولـلا و خوالێخۆشـبوو جـەلال عەبدولڕەحـمان بەرپرسـی ئـەو لقـە بـوون. سـاڵی ١٩٥٨ کاتێکیـش ململانێـی ڕاسـت و چەپـی کەوتـە نێـو سـەرکردایەتی حـزب، دەسـتەی هەمـزە عەبدولـلا خوالێخۆشـبوو حەمیـد عوسـمان لەلایـەک و دەسـتەی ئیبراهیـم ئەحمـەد و مـام جـەلال لەلایەکـی تـرەوە، هـەر لایـەو داوایانکـرد هەولێـر سـەر بەوانـەوە بێـت، ئێمـە لـە هەولێـر زۆر شـێلگیرانە هەڵوێسـتمان ئەوەبـوو، سـەر

بــە هیــچ لایەنێکیــان نەبیــن و ســەربەخۆیی ڕێکخســتنەکانی خۆمــان بپارێزیــن هەتــا دوای کۆنگــرەی حــزب، پــاش کۆنگرەکــە کــێ هەڵبژێــردرا هەولێــر (ئــەوان بــە شــەرعی ڕەوا) دەناســین و ملکەچــی فەرمانەکانــی پارتــی دەبێــت. هەروایــش دەرچــوو.

ســاڵی ١٩٥٩ بــۆ کۆنگــرەی دووەم چووینــە بەغــدا، دانیشــتنەکان لەماڵــی خوالێخۆشــبوو (نــووری شــاوێس) لــە وەزیریــەدا دەبەســترا.

بارزانیــی نەمــر ئامادەیــی نەدەبــوو، نوێنــەران چــوون هێنایــان، ڕەخنــەی زۆری لــە ڕەوشــە ناڕێــک و بەرپرســیارانی هەبــوو، بــە تێکــڕای دەنــگ بــۆ پۆســتی ســەرۆکایەتی هەڵیانبــژاردەوە، تــکای لێکــردن لــەو ئەرکــەی ببیــوورن و فەرموویــان "ئەگــەر ئەمــن – واتــە بارزانــی نەمــر- ســەرۆکی پارتــی نەبــم و هــەر بەئەنــدام بمێنمــەوە و زۆر بــۆ پارتیــش بــۆ گەلــی کوردیــش قازانجــترە.. بــا یەکێکــی تــر ســەرۆک بێــت، ئــەوکات دەتوانــم چاکــتر و زیاتــر خزمەتــی میللــەت بکــەم" قەبووڵیــان نەکــرد. لــە ڕاستیشــدا نەدەکــرا و لــە توانــادا نەبــوو کەســێکی دیکــە بکرێــت بــە ســەرۆکی پارتــی. کۆنگــرە بەســەرکەوتوویی لیژنەیەکــی ناوەندیــی نوێــی هەڵبــژاردەوە و کارەکانــی خــۆی بــە کۆتــا هێنــا. هــەر لــەو ساتانەشــدا بــوو عەبدولکەریــم قاســم لێــدرا و بــە برینــداری برایــە نەخۆشــخانەی (الســلام)وە و نەختێــک بــاری پایتەخــت شــڵەژا.

دوای مۆڵــەت پێدانــی ڕەســمی بــە پارتــی کــە بــە ئاشــکرا چالاکــی بنوێنــێ هەڵبژاردنــی ئەندامانــی کارگێــڕی لقــی دوو بــە ئامادەبوونــی دادوەرێــک و نوێنەرانــی میــری ئەنجامــدرا، لــەو هەڵبژاردنــەدا مــن و مامۆســتا کەمــال ڕازی نەبوویــن ناومــان بخرێتــە لیســتی پاڵێوراواوەکانــەوە، بڕوامــان بــەوە بــوو هەنــدێ لــە کادیــرە چــالاک و لێهاتووەکانــی حــزب بخرێنــە پشــتی پــەردەوە، هەرچــی حــزب هەیەتــی و نییەتــی بــە پاککــراوی نەخرێتــە بەردەســتی کاربەدەســتانی حکومەتــەوە. دوای بێنەوبــەردە بۆمــان چــووە ســەر و ئــەوە بــوو نــە بــۆ لیژنــەی

لـق و نـە بـۆ لیژنـەی ناوچـەی خۆمـان نـە پـاڵاوت. پێشـتریش وەختـی هاتنـەوەی سـەرکردە و قارەمانـی کـورد بارزانیـی نەمـر و هەڤاڵـەکای کـە لـە شـورەوەیی گەڕانـەوە، پارتـی چالاکانـە ڕۆڵـی خـۆی لـە پێشـوازی و بەخێرهێنانەوەیانـدا بینـی و سـەرۆکایەتی لیژنـەی پێشـوازییەکە بەڕێـزدار موحسـین دزەیـی سـپێردرا بـوو.

وێـڕای مـەددەی جەمـاورەی حزبـی شـیوعی دوای شۆڕشـی ١٤ی تەممـوز ١٩٥٨ و پشـتگیری عەبدلکەریـم قاسـم بـۆ ئـەو حزبـە، پارتـی خـۆی ڕاگـرت و ڕۆژ دوای ڕۆژ پـەرەی دەسـەند و ڕیزەکانـی قایمـتر و یەکگرتووتـر دەبـوون و کۆمەڵانـی خەڵـک لـە ژێـر ئاڵاشـەکاوەکەیدا کۆدەبوونـەوەو درێژەیـان بـە خەباتـی نەپسـاوەیاندەدا.

لـەو ماوانەشـدا چەنـدان جـاران چ لـە هەولێـر و شـەقڵاوە، یـا خـود لـە بـارەگای خـۆی لـە بەغـدا شـەڕەفی دیدەنـی وشـادبوون بـە لوتفـی باوکانـەی سـەرۆک و سـەرکردە و ڕەمـزی کوردایەتـی ڕاسـتەقینە (بارزانـی مسـتەفا)ی هەمیشـە زیندوومـان بەرکەوتـوە کـە بەلامانـەوە لەهەمـوو شـتێکی دونیـا بـە نرخـترە! ئـەو سـەردەمیش یـەک لـەدوای یـەک وەفـدی دەوڵەتـە سۆشیالیسـتەکان و یەکێتـی شـوورەوەیی و پەیتـا پەیتـا سـەردانی کوردسـتانیان دەکـرد، پارتـی منـی ڕاسـپاردبوو لێـدوان و وتەکانیـان لـە ئینگلیزییـەوە ڕاسـتەوخۆ بـۆ خەڵکەکـە بکەمـەوە کوردیـی و عەرەبـی و لـە هەمانکاتـدا وتـەی حـزب و بەرپرسـە خۆماڵیەیـکان لـە کوردیـی و عەرەبییـەوە بـۆ میوانـەکان بکەمـەوە ئینگلیـزی. هەروەهـا لەهەمـوو ئاهەنـگ و کۆبوونـەوە جەماوەرییـە گشـتییەکاندا (عەریـف حەفـل)ی پارتـی هـەر دەبـوا "ئاسـنگەر" بێـت. کاتێکیـش وەفـدە چوارکەسـییەکەی ئەکادیمیـەی زانسـتی بـراغ (چیکوسـلۆڤاکیای ئـەودەم) گەشـتێکی زانسـتی و سیاسـیانەیان بـە کوردسـتاندا (لـە میانـەی گەشـتەکەیاندا بـە هەمـوو جیهانـدا) کـرد، بـۆ مـاوەی دوو سـێ هەفتـە، پارتـی هـەر منیـان بەگەڵـدان وەکـو چاوسـاغ و یـاوەر و وەرگێـڕ!

(دەرفـەت ببـێ بـە دوورودرێـژی لەبـارەی ئـەم گەشـتەوە شـتێک دەنووسـم)

سـەرەنجام لـە ١٩٦٠/١٠/٢ کاتێـک لـە قوتابخانـەی مامۆسـتایانی سـەرەتاییدا دەرسـم دەگوتـەوە، دەسـتگیرکرام و هـەر ئـەو ئێوارەیـە لـە وێسـتگەی شـەمەندەفەر لـە هەولێـر، جەمـاوەری پارتیـی و بەتایبەتـی قوتابیـان بـە خۆنیشـاندانێکی گـەورە و پـڕ حەماسـەتەوە بـەرەو گرتووخانـەی بەغـدا بەڕێیـان کـردم. لـە ڕاسـتیدا بـە ڕێکخسـتنەکەو جوامێـری ئـەو دوو پۆلیسـەی - سـەر بەپارتـی بـوون- منیـان گەیانـدە بەغـدا، بۆنەیەکـە هەرگیـز لەیـادم دەرناچێـت! لـە بەغـداوەش دوای ئـەوەی هەفتەیـەک بـە هاوڕێیەتـی شـەهیدی سـەرکردە سـەیدا صالـح یوسـفی کـە لـەوێ دەستبەسـەر بـوو، شـاد بـووم، یەکسـەر بـۆ بەندیخانـەی بـەسرا گوێزرامـەوە و دوای دەرچوونیشـم لـە زیندانـەوە نەیانهێشـت بێمـەوە کوردسـتان و بـۆ مـاوەی چـوار سـاڵی ڕەبـەق لـە قـەزای (صوێـرە) مامـەوە، لەوێشـدا ڕێکخسـتنەکانمان لـە چالاکـی دابـوون و لـە ڕێگـەی خوالێخۆشـبوو مسـتەفا نەریـمان پەیوەندییـمان بەڕێکخـراوی (کـووت)ەوە بـوو! دەرچوونەکەشـم لـە بەندیخانـە و دەبـێ بـۆ مێـژوو بگوترێـت، بـە هەوڵـی بەڕێـز مامۆسـتا مەسـعود محەمـەدەوە بـوو کـە فەرمانـی ئازادکردنـی خوالخۆشـبوو ئەحمـەد حەمەدەمیـن دزەیـی و منـی لـە عەبدولکەریـم قاسـم وەرگرتبـوو. ئەمەیـش جـارێ مشـتێکە لـە خەروارێـک!

هەولێر ١٩٩٨/٨/١٢

### به بۆنەی ١٤ەمین ساڵڕۆژی کۆچی دوایی بارزانی نەمرەوە

# سەرۆک بارزانی نەمر و هەڵوێست و دوو یادگاری زۆر شیرین

ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە (١٥٨٥) ١٩٩٣/٣/٢

زۆرن یـادگاری شـیرین لەگـەڵ سـەرۆک (بارزانـی)ی نەمـردا بـە کورتـی باسـی دوانیـان دەکـەم.

ئاخروئۆخـری هاوینـی سـاڵی ١٩٥٨ بـوو، پرشـنگی شۆڕشـی چـواردەی تەممـوز دیوەزمـەی شـەوەزەنگی ڕەش و تـاری بـە چـۆکا هێنابـوو، مەشـخەڵی ئـازادی بـۆ ڕزگاری نـەک تەنیـا لـە سەرانسـەری عێـراق، بگـرە لـە تـەواوی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا دەدرەوشـایەوە و هـەوری چڵکنـی ئاسـمانی ناوچەکـەی ڕادەماڵـی و مـژدەی هەڵهاتنـی ڕۆژێکـی نـوێ و نوقلانـەی کامەرانـی و سـەرفرازی بـۆ سـەروەری بەگەلانـی عێـراق و دەور و پشـت دەبەخشـی. لەسەرتاسـەری عێراقـدا گەرمـەی شـایی و هەڵپەڕکـێ و زەماوەنـد و ئاهەنـگ گێـڕان بـوو، کۆمەڵانـی خەڵـک

خومـاری ئـەو سـەرکەوتنە مەزنەیـان بـوون و هێشـتا مەسـتی بـادەی سەربەسـتی بـەری نەدابـوون بەتایبـەت لـە کوردسـتاندا کـە جەژنـی گەڕانـەوەی بارزانـی نەمـر و هەڤاڵەکانـی لـە یەکێتـی شـورەوییەوە، جەژنـی چـواردەی تەمـووزی" کردبـوو بـەدوو جەژنـەوە گەلانـی عێـراق هـەر لـە زاخـۆوە هەتـا بـەسرا بەتایبەتـی لـە کوردسـتان بـەو بۆنـە ئێجـگار پیـرۆزەوە بەشـێوەیەک وڕووژابـوون بـاوەڕ ناکـەم هیـچ گەلێـک بەهیـچ بۆنەیەکـەوە ئاوەهـا بوڕوژێـت، وڕوژانـی کـە لـە توانـای هیـچ قەڵەمێـک دا نییـە بینوسـێتەوە و هیـچ هەسـتێک بـۆی نییـە دەری ببڕێـت! جـا نـەک بـە تەنیـا کـورد، بەڵکـو بـرا عـەرەب و تورکـمان و ئاشـوری و کەمـە نەتـەوە و ئایینیەکانـی دیکـەش، خـوا هەڵناگـرێ لـە کـوردان زێـتر سەرمەسـتی ئـەو ئاهەنـگ و پێشـوازییە گەرموگوڕانـە بـوون! بەڕاسـتی شـتێکی سـەیرو سـەمەرە و دەگمـەن و نـاوازە و کـەم وێنـە بـوو. "پەرجۆیـەک" بـوو بـۆ ئـەو ڕۆژگارە دووبـارە بوونـەوەی زۆر ئەسـتەمە، کاتێکیـش پـای موبارەکیـان خاکـی هەولێـری دێرینـی گەشـاندەوە، تێکـڕای خەڵکەکـە بـوو بـە "دەروێـش" و "حاڵ"یـان گـرت ئیـدی ڕۆژ و شـەو دەیـان هـەزار کـەس ژن و پیـاو، پیرومنـداڵ گـەورە و بچـووک لـەو سەرشـەقام و گۆڕەپانـەدا بەسـەدان دروشـمەوە ڕیزیـان دەبەسـت و خۆپیشـاندانیان سـاز دەدا و لـە چاوەڕوانیـی شـادبوون بەدیـداری سـەرکردەی خۆشەویسـتییانەوە ڕۆژ و شـەویان پێکـەوە گـرێ دەدان، یاخـود دەسـتە دەسـتە و کۆمـەڵ بـە کۆمـەڵ ڕوویاندەکـردە شـوێنی حەوانەوەیـان لـە "ڕێسـت هاوسـی" وێسـتگەی شـەمەندەفەری هەولێـردا.

لـە دوای ماوەیـەک ئێمـەش دەسـتەیەک لـە مامۆسـتایان کـە ئەوسـا ئەندامـی "پارتـی" ی بوویـن سـەرلەبەیانی ڕۆژێکیـان سـەرمان کـرد بـە "ڕووگـە" پیرۆزەکـەدا تـا بـە دیـداری موبارەکیـان شـادبین و چاومـان ڕوون بێتـەوە. ئـەو (مفـوض امـن) ەی لــەو ڕۆژەدا بەرپرسـیاری ئـەوێ بـوو ڕێـگای پێدایـن بچینـە بـەر دەرگـەی هۆڵـی شـوێنەکەوە و خـۆی ڕۆشـتە ژوورەوە و داواکارییەکـەی ئێمـە ڕابگەیەنێـت.

زۆر چاکم لە یاد ماوە وەکو ئێستا بێ وایە، کاتێک ئێمە بەتەمای ئەوە بووین کاکی (مفوض) بێتەوە و جەوابمان بۆ بێنێتەوە، کەچی بەوەی دیمان هەر وەختابوو هەمووان دڵمان لە لێدان بوەستێت. (سەرکردە و .. قارەمان و باوکی دڵسۆزی خۆشەویستی کورد "ژەنەراڵ" بارزانی نەمر خۆی بەڵێ، بەڕاستی خۆی لەگەڵ هاوڕێیانیدا وەکو خەیاڵ، وەک خەون، ئەفسانە ئاسا لەبەردەممانددا قوت بوونەوە... تۆ بڵێیت ئەمە ڕاست بێت! ئەمە "مستەفا بارزانی" یە ڕووبەڕووی ئێمە تەشریفی موبارەکی وێستاوە و چاوی میهرەبان و پڕ لە خۆشەویستی بڕیوەتە چاومانەوە و ئەملاوئەولامان وەک باوک ماچ دەکات و بە دەستی موبارەکی خۆی دەستە لەرزۆکەکانی ئێمەمانان دەگوشی؟ ڕاستە یان خەو و خەیاڵە! لە ساتێکی مێژوویی و لە بارێکی دەروونیی ئێجگار تایبەت دابووین.. بارێک کە تیایدا گیان دەبێتە پەپوولەیەکی بەهەشتی و هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بەلەش و دەوروبەرەوە نامێنێ... مرۆڤ دەبێتە گوژمەیەک تیشک و بۆ بەهەشتی خوایی هەڵدەکشێت!

دوای بەهۆش هاتنەوەمان و نەختێ ڕەوینەوەی تەمی حەپەسانی پاش شڵەژانی سام گرتوومانا یەکەم قسە کە بە زۆر وەک چرپە لە دەممانددا هاتە دەرەوە ئەو بوو کە (من) وەک جەزبەگرتوویەک وتم" بەخێربێنەوە سەرۆکی قارەمان، ئیدی یەکسەر بەڕێزی فەرموویان "من نە سەرۆکم و نە قارەمانیشم" بەندەیش خواوراوەستان بۆم هات و بە دەنگێکی لەرۆزەکەوە گوتم "بەخێربێنەوە مامۆستای تێکۆشەر" دیسانەوە بە بێزارییەکی شاراوە فەرموویان: من مامۆستا نیم! منیش پێم بە جەرگی خۆمەوە ناو گوتم "ئەی باشە بڵێین چی.. چۆن جەنابتان بدوێنین؟"

زۆر بە (تەوازوعەوە) فەرموویان "بڵێ مستەفا، بڵێن مستۆ، دوا ساتێ نەختێ بە نیگەرانییەوە نەرمە تووڕەبوونێکی باوکانەوە فەرمووی "ئەوە ئەم میللەتەی ئێمە بۆ وای بەسەرهاتووە! من زۆر عادزم، تاکەی لەم

(عەبدایەتـــی) و خۆبەکەمزانینـــە ڕزگاری نابێـــت! دوێنـــێ لـــە شـــەقامی گشـــتی دا بـــە بەرچـــاوی ئـــەو حەشـــاماتەوە گەنجێـــک خۆیـــدا بەســـەر پێڵاوەکانمـــدا و خەریـــک بـــوو گوایـــە (قاچـــم) مـــاچ کات! ئـــای لـــەم کارەســـاتە.. مـــن ئەمـــەم پـــێ قەبـــووڵ ناکرێـــت، خـــۆ ئێـــوە (بەنـــدە) نیـــم.. شـــورەییە میللەتـــان وا بـــەرەو ئاســـمان دەچـــن و کـــوری ئێمەیـــش تـــازە بـــە تـــازە خەریکـــی دەســـت و پـــێ ماچکردنـــن! دیاربـــوو زۆر پەســـت و دڵتەنـــگ بـــوو، خـــۆم بـــۆ نەگیـــرا جۆرئەتـــم دابـــەر خـــۆم و بەشـــەرمەوە گوتـــم: فەرمـــوودەی جەنابتانـــە. ڕاســـتە بـــەڵام.. بەڕێزتـــان دەبـــێ هەقێکیـــش بـــەم میللەتـــە قوربەســـەرە بـــدەن، ئـــەو کـــوردەی ئـــەوا ســـیانزە ســـاڵی ڕەبەقـــە وێنـــەی جەنابتانـــی لەنێـــو دڵـــی خۆیـــدا (بـــە خوێـــن) چاپکـــردووە، ئـــەو کـــوردەی کـــەوا ١٣ ســـاڵی دوورودرێـــژە بێنـــاز و بەبـــێ ئومێـــد لـــە چاوەڕوانیـــی ڕۆژێکـــی وەک ئیمـــڕۆدا ســـووتاوە، کوردێـــک بەدرێژایـــی (عومرێـــک) لەتاریکـــی و لـــە ژێربـــاری ســـەختترین چەوســـانەوە و زوڵـــم و ســـتەمدا بـــە هیـــوای تروســـکەیەکی خـــۆری ئاواتـــەوە دانـــی بەخۆیـــدا گرتبـــێ و ئێســـتاش لەپـــڕ ئـــەو "هەتـــاوە" گەشـــەی لـــێ هەڵهاتبـــێ و ئـــەو (ســـەرکردە) هـــەرە خۆشەویســـت و هیواهێنـــەرەی بـــە زیندوویـــی و بەســـەرفرازیی بـــۆ هاتبێتـــەوە نیشـــتمانی ئازادکـــراوەوە، ئـــەی توخـــوا ئەگـــەر لەبـــەردەم بەرێزتانـــا (نـــەک هـــەر دەســـت و قـــاچ ماچکـــردن) بگـــرە هـــەر باوکێـــک جگەرگۆشـــەیەکی خـــۆی ســـەربڕێت لێـــی دەگیرێـــت؟

قوربـــان جەنابتـــان بـــەو چـــاوە حســـاب بـــۆ ئـــەم خەڵکـــە لێقەومـــاوە مەکـــەن کـــە لـــە وەڵاتێکـــی وەک شـــوورەوییدا تەشریفتـــان هێناوەتـــەوە و کـــە ئاســـتی ژیـــان و پلـــەی شارســـتانی ئێجـــگار زۆر جیـــاواز و پێشـــکەوتووترە، بەڵکـــو بەچـــاوی ئـــەو دەروێشـــەوەی حیســـاب لەگەڵـــدا بکـــەن کـــە دوای ســـیانزە ســـاڵ دووریـــی و دەربەدەریـــی و ئـــازار و ئەشـــکەنجەوە جارێکـــی تـــر بـــە دیـــداری (شـــێخی تەریقـــەت) و (پیـــری) ڕێبـــەر و پێشـــەوای مەزنـــی شـــادبووبێتەوە! ئیـــدی جەنابـــی (بارزانـــی) بزەیەکـــی کـــرد و فەرمـــووی "ئێـــوە چیـــن؟ ئێمـــەش بەتەوازوعـــەوە

گوتمان" مامۆستای قوتابخانەین" پێکەنی و لەگەڵ پێکەنینەکەیدا ئارامییەکی ئەفسوناویان بەدڵمان بەخشی و فەرموویان:

"دەمزانی دەرقەتی مامۆستایان نایەم، بەڵام زۆر ڕجاتان لێدەکەم ئەم خەڵکە چاک فێرکەن با چیتر لەمەودوا ئەو خووە کۆن و خراپانەیان نەمێنێ و سوپاستان دەکەم.. ئێمەیش بەو پەڕی گوڕ و شادمانییەوە بەڵێنمان پێدا هەرگیز دریغی نەکەین و.. دوعا خوازیمان کرد و ئەو شوێنە موبارەکەمان جێهێشت بۆ ئەوەی (ماوە) بەو هەموو دەستەو کۆمەڵ و تاقمانە بدەین کە لە دەرەوە بۆ شاد بوون بەدیداری سەرکردەی قارەمان و خەباتگێڕی مێژوویی و پاڵەوانی کورد بە پەرۆشەوە چاوەڕوانیان دەکرد. یادگاری دووەم دوای پتر لە دوو ساڵ شوێن (شەقلاوە)یە و کاتیش شەوێکی سارد و باراناوی زستانی (١٩٦٠)ەوە جەنابی (مستەفا بارزانی)ی نەمر لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی دا لە کۆشکەکەی ماڵی خوالێخۆشبوو (صالح بەگی میران) بوون، ئێمەیش چەند نوێنەرێکی (لقی دووی پارتی) لە هەولێرەوە بۆ پێشوازی و دیدەنی بەڕێزیان لەوێ ئامادە بووین. چاکم لەبیرە زۆپای دار نیڵە نیڵ گڵپەی دەهات و سووررداگەڕابوو.. ناوەناوەیش دیشلەمەی خەستمان بۆ تێدەکرا و ژوورەکەیش هەوابڕ کرابوو. سەرۆکی نەمر ئەو شەوەی ئێجگار نیگەران و نارەحەت و بێزار بوو بەهۆی وەزعی عێراق و کردەوە و ڕەفتاری عەبدولکەریم قاسم و دارودەستەکانی حکومەتەکەیەوە.. زۆر بەپەرۆشەوە دەدوا.. سەرەنجام هاتە سەر ئەوەی کە فەرموویان:

"دەچمەوە بەغدا و بە "زەعیم" دەڵێم یان ئەوەتا دەرگای بەندیخانەم بۆ بکاتەوە یانەخۆ ڕێگەم بدات لە عێراق بچمە دەرەوە، چونکە ئیدی لە توانام دا نەماوە لەم (وەزعە) بژیم. هەروەها فەرموویان "من لە هەموو ژیانمدا تا ئێستا سەرم بۆ کەسێ دانەنواندووە و بۆ "زەعیم و شێخ ئەحمەدی کاکم" نەبێ و خۆم بەسەربازی کەس نەزانیوە هی عەبدولکەریم

نەبێ.. کەچی ئەوان بە جۆرێکی دی (ئەمە) لێک دەدەنەوە! منیش ناوە ناوە خۆم ئازا دەکرد و قسەی زل و پفدراوی میسالیم باس دەکرد. کاتێک زوپاکە زۆر گەرم داهاتبوو، ژووریش نەفەس بڕ بوو، بەندە خۆمم بۆ نەگیرا بۆ هەناسە وەرگرتنێک ئیزنم خواست و چوومە دەرەوە. بەڵام هیچ شتێ لە (سەرکردەی بلیمەت و لێهاتوو)وە شاراوە نەبوو زوو هەستی پێکردبوو. لەسەر بانیژەکەی دەرەوە خەریک بوو پیشم وەبەر دەهاتەوە ئارەقەم لێ سارد دەبووەوە پیاوێ هات و گوتی جەنابی سەرۆک بانگت دەکات، کە بە پەلە چوومەژوورەوە و داوای لێبۆردنم کرد، سەرۆکی نەمر بە ماناوە فەرمووی "کاک .. فلان جەنابت بەرگەی ئەوەندوکە گەرمایەی ئاگرۆکەی ئەم زۆپایەت نەگرت و بۆی دەرچوویت، کەچی داوا لە من دەکەیت بەرگەی ئەو (دۆزەخە) بگرم کە بۆیان داخستووم! بەندەیش وەرامم ئامادەبوو گوتم "گەورەم ئەمانە لێک جوودان، من کە بەرگەی گەرماییم نەگرت و بۆی دەرچووم یەکەم خۆم لەنارەحەتییەک دەرهاویشت کە هیچ سوودێکی نییە، دووەم ئەو خۆ دەربازکردنەیشم زیانێکی بۆ هیچ کەسێک نەبوو، من ئازادم، بەڵام جەنابتان ئەگەر ڕێم بدەن بڵێم (ئازاد نین) ئێوە موڵکی میللەتن، ژیان و مان و و ئایندەی میللەتێک ئەمڕۆ بە ئێوەوە بەستراوە. ئەگەر ئێوە بچنە زیندانەوە یاخود بڕۆنەوە بۆ دەرەوەی وڵات ئەوە زیانێکی ئێجگار قورس و گەورە بە میللەتی کورد دەکەوێ و دیسانەوە ئەم کوردە لێقەوماوە بەبێ کەس و بێ سەرکردە دەمێنێتەوە.. ئەنجامەکەیش جەنابتان خۆتان دەیزانن!

بۆیە دەبێ ئێوە ئازارەکەیش بچێژن و قەبووڵیش بکەن جیاوازی پیاوی گەورە و بچووکیش هەر ئەمەیە و برا گەورەیش هەموو دەم دەبێ خۆی لە پێناوی میللەتەکەیدا بسووتێنێ! ماوەیەکی کورت بێدەنگ بوو، ئەوجا زۆر بە میهرەبانییەوە سەیری کردین و بە زەردەخەنەیەکەوە فەرموویان "نەمگوت دەروەستی مامۆستایان نایەم.. بەخوای مامۆستاینە، هەرچەندە هەقیشن

بـەڵام قسـەتان زۆر قەڵـەون. خـۆ هـەر وایـە، بـەڵام ئاخـر ئەوانیـش بـە جارێـک بێتامیـان کـردووە و زۆریـش تێیـان پەڕانـدووە!

ئیـتر ئـەو شـەوش بـە درەنگـەوە ماڵئاواییـمان لـە بەڕێزیـان خواسـت و بێشـەی شـێرمان جێهێشـت و بـەرەو هەولێـر تێـمان تەقانـدەوە... هـەزار جـار یادیـان بەخێـر و گۆڕەکانیـان هەمیشـە پـڕ لـە نـووور بـن.. بەڕاسـتی سـەرکردەی ڕاسـتەقینە هـەر ئاوەهـا دەبـن.. بۆیـەش هەمیشـە هـەر نەمـرن..

# لە پەراوێزی بیرەوەرییە (فەرامۆشکراوە)کانەوە

(پانۆڕامــای کۆنگرەکانــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان) بابەتێــک بــوو کاک کەریــم قــادر لــە ژمــارە (٢٩٣٨)ی ڕۆژنامــەی (برایەتــی) و چەنــد ژمارەیەکــی دواتریــدا بــڵاوی کردنــەوە، تیایانــدا کورتەیــەک لەمــەڕ کۆنگرەکانــی پارتــی وەک زنجیرەیــەک بــاس دەکات و ئامــاژە بــە شــوێن و کات و چۆنییەتــی و ئەنجامەکانــی هەریــەک لــەو کۆنگرانــەوە دەدات. ئــەوەی ڕاســتی بێــت نووســینەوەی ئــەم جــۆرە بابەتانــە گرنگیــی و بایەخــی مێژوویــی خــۆی هەیــە و بەتایبەتیــش لــە ســەروبەندی کۆنگــرەی ١٢ دوازدەیەمــی پارتیــدا بەهــرە و ســوودی زۆر دەبەخشــێ. هەرچەنــد پێشــتریش چەنــدان هەڤــاڵ و بــرادەری دیکــەش لــەم ڕووەوە کــەم و زۆر، بــە وتــار لــە ڕۆژنامــە و گۆڤارانــدا چ بــە نامیلکــە و پەرتــووک بــووە، شــتیان چــاپ و

بڵاوکردۆتەوە، لەگەڵ ئەمەشەوە ئەم نووسینەوە پانۆڕامایییە بۆ ڕۆژگاری ئیمڕۆی بەستنی دوا کۆنگرەی پارتی لەسەدەی بیستەمدا و خۆ سازدانی بۆچوونە ناو سەدەی بیست ویەکەمەوە کارێکە لە قازانج بەدەر نییە، بەلانی کەم وەک یادکردنەوەیەکی مێژووی پڕ لە شانازیی و سەروەریی ئەم حزبە تێکۆشەرەی (دایک)دا و بۆ نیشاندانی ڕێڕەوی ڕاست و دروستی ڕەوتی هەمیشە و بەردەوام بەرەو ژوورهەڵکشاوی خەبات و تێکۆشین و قوربانیدان و پەرەئەستاندنیەوە. هەروەها بۆ پێداچوونەوەی ئەوانەی مەبەستیان بێت و لە ئەستۆشیاندایە پێیدا بچنەوە بەمەبەستی چاکتر ئاشنابوون بە قۆناغە جیاجیاکانی ئەم کاروانە پڕ لەسەروەرییەو دیاریکردن و هەڵاوێردنی نووچدان و سەرکەوتنە مەزنەکانی و دەستنیشانکردنی فاکتەر و هۆکارە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانی ئەو شکست و سەرکەوتنانە و پەند و عیبرەت وەرگرتن و فێربوون لێیانەوە و سوودمەند بوون لە تاقیکردنەوە و ئەزموونەکان بەتاڵ و شیرینیانەوە لە پێناو دەوڵەمەند کردنی پرۆسەکەدا و بۆ بنەبڕکردنی هەڵە و چەوتییەکان و برەودان و چەسپاندنی هەنگاوە دروست و هۆکارە بە ئاواتگەیەنەرەکان.

لە ماوەی ئەم ٥٣ ساڵەی تەمەنی پڕ لەخەباتی نەپساوەی پارتیی دایکدا، کە بۆ پتر لە ٣٣ ساڵ دامەزرێنەری پارتی، باوکی ڕۆحیی و نەتەوەیی کورد، ڕابەر و سەرکردەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و زامینکاری مافی ئۆتۆمی بەرەسمیی بۆ کوردستان بۆ یەکەمینجار لە مێژووی ئەم گەل و نیشتمانە ژێردەست و دابەش و ستەمدیدەیەدا، جەنابی مستەفا بارزانی نەمر سەرکردایەتی و ڕێبەرایەتی کردووە، دیارە هەڵدانەوەی ڕووپەڕەکان و بەمێژووداچوونەوە بۆ مەبەستەکانی سەرەوە، واتە عیبرەت و پەند لێوەرگرتن و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی (ئێستا) و بنیاتنانی (ئایندە) لەسەر بناخەی ڕەگداکوتاوی (ڕابردوو) ەوە بەشێوەیەکی گشتی ئەرکێکی بەهادار و پیرۆز و هەرە پێویستیشە بە ئومێدی دوورکەوتنەوە لە هەڵەکان و نەهێشتنی کەموکوڕییەکان و گرتنەبەری

بنەما و هەنگاوە ڕاست و ڕەوانەکان هەتاکو هەرچی زووترە بە گیانێکی سەردەمانەی نوێخوازی پشت ئەستوور بە ڕابردوویەکی ئەزموونداری قاڵبووی خەباتێکی سەخت و درێژخایەنی شکۆدارەوە، کۆنگرەی ١٢ی پارتیی بۆی بکرێ لەسەر داخوازیی هەلومەرجی بابەتی و خودیی، لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیانەی سەرەوەدا کارەکانی خۆی ئەنجام بدات (کە هەر ئاوەهاش بوو) ڕەوشی (هەنوکە و داهاتوو)ی کوردستانی فیدراڵ شیکاتەوە و کێشە و تەگەرە سەرەکیی و لاوەکییەکان دیاری بکات بۆ چارەسەریی دروست و بە کردەنی هەرچی (گۆڕانکاریی وپاکسازی) پێویستە چ بۆ پارتی وەکو (حزب) و چ بۆ دامودەزگە بەرپرسەکان وەکو کارگێڕی و حکومەت ئەنجامی بدات، بۆ ئەوەی بتوانین لەمەودوا لەگەڵ ڕەوتی خێرای جیهانی سەردەمدا، جیهانی تەکنەلۆژیا و ئەنتەرنێت و بە جیهانیبوون، جیهانی ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ بڕۆین بەرێوە، ئەم ئەزموونە دیموکراسیەمان بپارێزین و زیاتری بچەسپێنین و گەلەکەمان بە ئاوات و مافە ڕەواکانی خۆی شاد بێت.

لە پانۆراماکەی کاک کەریم دا چەند هەڵەیەکم بەرچاوکەوتن دوورنییە هەڵەی چاپ بن، پێویستە ڕاستیان بکەمەوە. لەناوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتیی محەمەدئەمین مستەفام نەبیستووە کەچی مامۆستا محەدئەمین مەعروف دوو خولان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی بووە و لە نووسینەکەی سەرەوەشدا جارێک ناوی هاتووە کە لە کۆنگرەی سێیەم هەڵبژێردراوەتەوە.

هەروەها بۆ شوێنی بەستنی کۆنگرەی چوارەمیش دەڵێ ”لەماڵی کاکە زیاد بەسترا..هتد“ ئەمەیشیان وا نییە، چونکە کۆنگرەکە لەماڵی خوالێخۆشبوو نووری شاوەیس بوو لە گەڕەکی (وەزیریە) و بارزانیی نەمر تیایدا بەشداری کرد و بە تێکڕای دەنگ بە (سەرۆک) هەڵبژێردرایەوە. هەر لەکاتی بەستنی کۆنگرەکەیشدا بوو لەشەقامی ئەلڕەشیددا دەستدرێژی کرایە سەر زەعیم

عەبدولکەریـم قاسـم و بریـنـدار کـرا. دیسـانەوە لەباسـی ئەندامانـی سـەرکردایەتی کاتـی پـاش گەڕانـەوەی تاقمەکـەی هەمـزە عەبدولـلا بـۆ نـاو پارتـی نـاوی نـەزار ئەحمـەد عەزیـز هاتـووە کـە ئەوەیـش ڕەنگـە هـەر هەڵـەی چـاپ بێـت و ناوەکـە (نـەژاد) بـێ نـەک (نـەزار).

سـەبارەت بە(کۆنگـرەی دووەم) تـا ئێسـتا زۆر کـەم نـووسراوە و وەک فەرامـۆش کرابێـت وا دێتـە بەرچـاو. لەبیرمـە هەرچەنـد نیـو سـەدەی بەسـەردا تێپەڕیـوە و زۆر شـتیم ڕەنگـە لەیـاد نەمابـن، یـان وەک خـەون بێنـەوە بەرچـاوم، لـە مانگـی ئـاداری سـاڵی ١٩٥١ خـۆم و کاک محەمـەد کەریـم شـوان کـە ئەوسـا ئەندامـی کارگێـڕی لیژنـەی ناوچـەی کۆیـەی پارتـی بوویـن بـە نوێنـەری کۆیـە هەڵبژێردرایـن و نێردرایـن بـۆ بەشـداریکردنی کۆنگـرە لـە بەغـدا، کـە تـا ئـەو دەمـە مـن نـەک بەغـدا بەڵکـو کەرکووکیشـم نەدیبـوو. ئـەوە بـوو لـە ئوتێـل (شـط العـرب) لـە (حافـظ القـاضي) شـەقامی الرشـید ژوورێکیـان بـۆ گرتبوویـن، ڕۆژانـە سـەر لـە زوو دەیانبردیـن بـۆ ماڵـی عەلـی حەمـدی لـە گەڕەکێکـی میللـی نێـو بەغـدا و لـە ژوورێکـی سـەر کۆشـکەکە دادەنیشـتین. (کەلوپـەل و کەرەسـتەی خواردنەوەیـش لـە ناوەڕاسـت ژوورەکـەدا ئامـادە کرابـوو، گوایـە ئەگـەر لەلایـەن سـیخوڕ و پیاوانـی میرییـەوە ئاشـکرا کرایـن بڵێیـن ئەمـە داوەتـی خواردنەوەیـە و هیچـی تـر) دانیشـتنەکان پێـش نیـوەڕۆ دوای نیوەڕۆیـش بـەردەوام دەبـوون و نازانـم دوو ڕۆژ یـان سـێ ڕۆژی خایانـد!

ئـەو بەڕێزانـەی ئامادەبـوون ئەگـەر لەبیـرم مابـێ مامۆسـتا عەلـی عەبدولـلا، ئیبراهیـم ئەحمـەد، خوالێخۆشـبووان نـووری شـاوەیس و عومـەر مسـتەفا (دەبابـە) و عەبدولکەریـم تەوفیـق، عەلـی حەمـدی، هەمـزە عەبدولـڵا کـە تـا ئـەو دەم (مـۆر)ی پارتـی لەلابـوو، لـەوێ لێـی وەرگیرایـەوە، هەروەهـا بەکـر ئیسـماعیل و جـەلال تاڵەبانـی و ... بـوون.

لـەو چەنـد ڕۆژانـەدا گفتوگـۆی تێروتەسـەل دەربـارەی زۆر شـتان کـرا، هەنـدێ

ناکۆکی لە ئارادا هەبوون، ڕەخنە لە یەکتری دەگیرا، دەمارگریژیی هەستی پێدەکرا.

لەمابەینی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسانی حزبەوە، هەندێک دەستکاری لە پرۆگرامدا کرا. چەند بڕیارێک وەرگیران و بەیاننامەی کۆتایی دەرکرا. کۆمیتەیەکی ناوەندیی نوێ هەڵبژێردرایەوە، چاکم لەیاد ماوە کاتی پاڵاوتن بۆ ئەندامەتی کۆمیتەکە خوالێخۆشبوو (عومەر مستەفا) قەبووڵی نەدەکرد ناوی بخرتێە لیستەکەوە و دەیگوت (نایکەم) زۆریان ئیلحاحی لێکرد کەهەر دەبێ بیکات و ئەویش مکووڕ بوو لەسەر نەکردنەکە. بەڕادەیەک من کە بەتەمەن بچووکترین ئەندامی کۆنگرە بووم نەمتوانی بێدەنگ بم و گوتم (ئەگەر کاکە عومەر، خۆی ئارەزووی نەبێ و ئامادەی کارەکە نەبێ چۆن بە زۆری زۆردارەکی بەسەریدا دەسەپێنن؟ چونکە گەر خوانەخواستە کەمتەرخەمی بنوێنێ یان ئەرکەکانی بە چاکی ئەنجام نەدا بۆی هەیە بڵێ من نەمدەکرد، ئێوە بە ملتان دادام) لە ڕاستیدا بە قسەکانم پێموایە گاڵتەیان هات، چونکە سەرەنجام هەر وازیان لێنەهێنا و هەر هەڵیش بژێردرایەوە. ئەمە کورتەیەک بوو، وەک لەبیرم ماوە، لە کۆنگرەی دووەمی پارتی و ئیمڕۆش کە دوای نیو سەدەی پڕ لە خەبات و تێکۆشان و کارەساتی جەرگبڕ و نسکۆ و سەرکەوتن و دەستکەوتی مێژوویی ئێجگار گرنگ، ئەوا کۆنگرەی دوانزدەیەم بەسترا و بەسەرکەوتوویی کۆتایی هات و کۆمیتەیەکی ناوەندیی نوێ هەڵبژێردرایەوە بە سەرۆکایەتی هەڤاڵی تێکۆشەر کاکە مەسعودی خۆشەویست، پڕ بە دڵ پیرۆزبایی سەرکەوتنی کۆنگرە و هەڵبژاردنی ئەو بەڕێزانە دەکەین کە متمانەی گەورەترین کۆنگرەیان بەدەست هێناوە، ئاواتەخوازین بەوپەڕی لێوەشاوەیی و توانستەوە لە ئاستی بەرپرسیاریەتی مێژوویی ئەم قۆناغەی سەردەمی نوێ و چوونە نێو سەدەی بیست و یەکەمدا بن، بە گیانێکی بەرزی سەردەمانە و بە هەستێکی کوردستانپەروەرانەی تازەوە پرۆسەی ئاشتی سەرتاسەری

سـەربخەن. وەک کاکـە مەسـعود بەڵێنـی پێدایـن ماڵـی نێوخـۆی کـورد بـۆ هەتایـە یـەک و ڕێـک بخەنـەوە. ئەزموونەکەمـان دەسـتکەوتەکانی بپارێـزن و بـە زمانـی سـەردەم بـەرەو بەدیهێنانـی دەسـتکەوتگەلی زۆر مەزنـتر و گەیشـتن بـە گشـت هیـوا و ئاواتـە ڕەواکانمـان و بەڕاسـتگەرانی خەونـە خۆشـەکانمان لەسـەر ڕێبـازی هـەرە پیـرۆزی بارزانـی نەمـردا، چالاکانـە هەنـگاو هەڵێنیـن!

هەولێر ١٩٩٩/١٠/١٨

# چەند سەرە قەڵەمێک لەیادی شۆڕشی ئەیلوولدا

ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە ٢٦٦٧- ١٩٩٨/٩/١٠

ماوەیەک بوو ساردیی و لێکحاڵینەبوونێک کەوتبووە نێوان حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە. نۆکەر و مشەخۆران و تۆڕەکانی جاسووسیەت و ناحەزانی کورد بە گوڕ کوتبوونە خۆ و پتر گڵپەی ئاگری فیتنە و ناکۆکیی نانەوەیان خۆشدەکرد و پەرەیان بە ئاڵۆزییەکە دەدا و ڕۆژانە گوێچکەی سەرەک وەزیرانی عێراق و هێڵی شۆڤێیەنییە ڕەگەزپەرست و کۆنەپارێزانی نێو دەسەڵاتدارانیان بە درۆ و دەلەسە و هەواڵی ناڕاست و چەواشەکاریی هەڵبەستراو دەئاخنین و بەو ئاڕاستەوە هانیاندەدان گورزێکی کاریگەرانە لە پارتی و سەرۆکە مێژووییەکەی و لە ڕێگەی ئەمانیشەوە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی پەرەسەندووی گەلی کورد

بوەشـێنن!

زەعیـم عەبدولکەریـم قاسـمیش لـەو سـەروبەندانەدا بەهـۆی ئـەوەوە کـە مەیلـی (تاکڕەویـی) لـە هـزر و دەروونیـدا چەکـەرەی کردبـوو لەلایـەک و لەلایەکـی دیکەشـەوە هەسـتی بـە پێگـەی پتـەوی پارتیـی و پایەبەرزیـی و خۆشەویسـتی سـەرکردەی لێهاتـووی کـورد (بارزنیـی نەمـر) لەنێـو جەمـاوەری نـەک تەنیـا کوردسـتان بگـرە لەسەرتاسـەری عێراقـدا بەگشـتی کردبـوو، وایدەزانـی (بارزانـی) تاکـە ڕکابەرێکـی مەترسـیداری ئەمـە، بەبـێ لێکدانـەوە و گوێـی بـۆ ئـەو هەمـوو پڕوپاگەنـدە و هەواڵـە بـەدرۆ و هەڵبەسـتراوانە شـل دەکـرد و لـە دڵیشـی خۆشـدەهاتن. بۆیـەکا بەرەبـەرە خۆیـی لەسـەرکردایەتی کـوردی بـە دوور دەگـرت و پەڵـپ و بیانـووی پێدەگرتـن. بارزانـی نەمـر حـەزی بـەو پێشـهاتانە نەدەکـرد، لـەو ڕۆژگارانـەدا نەیدەویسـت پێوەنـدی کـورد لەگـەڵ حکومەتـی شۆڕشـی چـواردەی تەمـووزدا بپچڕێـت، یاخـود ئاڵـۆزکاو بێـت ڕوو لـە کزبـوون بـکات. چونکـە بـە دووربینـی و لێکدانـەوەی دروسـتی و خوێندنـەوەی وردی بـۆ بارودۆخەکـە دەیزانـی ئـەوە لـە بەرژەوەنـدی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کوردسـتان نەبـوو، زەمینـەی پتەویشـی بـۆ قایـم نەکرابـوو. لـە هەموویشـی گرنگـتر نەیدەویسـت سـات و شـوێنی تەقاندنـەوە و هەڵگیرسـاندنی شۆڕشـی کوردسـتان لەلایـەن دوژمنانـەوە دیـاری بکرێـت! کەچـی فشـارەکانی زەعیـم و داروودەستەکەی تـا دەهـات زێـتر و دژوارتـر دەبـوون، بەشـێوەیەک لەیادمـە چەنـد ساڵێکیش پێـش ئێسـتا لـە وتارێکمـدا لەوبارەیـەوە لـە ڕۆژنامـەی (برایەتـی) دا ئامـاژەم پێیدابـوو کـە شـەوێکیان لـە ماڵـی خوالێخۆشـبوو (میرانـی ساڵح بـەگ)دا لـە شـەقڵاوە بەڕێزیـان ئێجـگار پـەرۆش و نیگـەران بـوو، دەیفەرمـوو " مـن لـەم دنیایـەدا لـە پـاش خـودای مـەزن و میهرەبـان بەتەنهـا بـۆ دوو مـرۆڤ سـەردادەنوێنم، ئەوانیـش (شـێخ ئەحمـەدی کاکـم و زەعیـم عەبدولکەریـم و، هەمیشـە گوتوومـە مـن سـەربازێکی عەبدولکەریـم و کۆمـاری عێراقـم و ئەمەیـش لـە دڵمەوەیـە، نـەک

تەنیا بەڕووکەش یان بۆ هیچ مەبەست و مەرامێک. کەچی عەبدولکەریم وا تێدەگات ئەمەم لە بێدەسەلاتیی و لاوازییەوە بێت! جا فەرموویان "ئەمجارەیان دەچمەوە بەغدا و لە زەعیم داوا دەکەم واز لەو هەڵوێستەی و پاڵەپەستۆیانەی بێنێ، ئەگەر نا، یان ئەمەتا دەرگەی بەندیخانەم بۆ بکاتەوە، یانەخۆ دەروازەی ئێراقم بۆ واڵا بکاتەوە تاوەکو بچمەوە دەرەوەی وڵات، چونکە ئەم وەزعە وەک دۆزەخ وایە و چیتر تەحەمول ناکرێت!"

ئیتر ناحەزان لەسەر ئاژاوەنانەوەدا بەردەوام بوون تا دەهات گڕی ئاگرەکەیان خۆشتر دەکرد. ئەوە بوو هەر زوو دەستیان بە گرتن ڕاوەدوونانی ئەندام و لایەنگرە چالاکەکانی پارتی کرد، هەرچەندە ئەوسا پارتی دیموکراتی کوردستان تەنیا حزبی مۆڵەتپێدراوی کورد بوو، بەپێی یاسا چالاکییەکانی خۆی ئەنجام دەدا.

یەکەم ئەندامیش لە پارێزگای هەولێر کە دەستگیرکرا (نووسەری ئەم چەند دێڕە) بوو. ئەمە بوو ڕۆژی ١٢/١٠/ ١٩٦٠ لە کاتی وانەوتنەوەدا لەیەک لە پۆلەکانی (دارالمعلمین الابتدائیە) دەریانهێنام بە فەرمانی (حاکمی گشتیی سەربازی عێراق) بەتۆمەتی ئەوەوە گوایا بە ئۆتۆمبیلی تایبەتی خۆم (چەک و تەقەمەنیم) بۆ ناوچەکانی سەرکردایەتی کورد گوێزابێتەوە! لە ڕاستیشدا ئەو تۆمەتە هیچ بناخەیەکی نەبوو، چونکە هەتا ئەو ساتە کردەوەیەکی ئاوەهام ئەنجام نەدابوو، بگرە هێشتا شۆڕشی مەزنی ئەیلوولیش هەڵنەگیرسابوو! هەرهەمان ئێوارە بە شەمەندەفەر ڕەوانەی گرتووخانەی (موقف السرای) لە بەغدا کرام.. لەوێش بەدیداری شەهیدی نەمر خوالێخۆشبوو (سەیدا ساڵح یوسفی) شاد بووم کە لەگەڵ چەند هاوڕێ و سەرکردەی حزبی شیوعی عێراقیدا دەستبەسەر بوون و کاربەدەستانی میری چەندین جار داوایان لێکردبوو سکاڵایەک بنووسێت داوای لێبوردن بکات، تاکو دەستبەجێ ئازاد بکرێت، ئەمیش وەهای وەرامدابوونەوە کەهەرگیز ئەوە بە چاوی خۆیان

نابینــن و بــەو ئاواتەیــان ناگــەن.

لــە ڕاستیشــدا هەروەهــا بــوو، چونکــە ئــەوان خۆیــان ناچاربــوون بەرامبــەر بــە خۆراگریــی و ســەربەزرییەکەیەوە ئــازادی بکــەن. بەهەرحــاڵ شــادمانییەکەم بــە هاوبەندییەتــی لەگــەڵ ســەیدای تێکۆشــەر، ســەرکردە، بوێــژ و نووســەر و ڕووناکبیــری خۆشەویســت (ســەیدا ساڵح) درێــژەی نەکێشــا و زۆری نەخایانــد! هــەر هەفتەیــەک دواتــر، بــە کەلەبچەکــراوی و بەزنجیرێــک بــە کورســی واگۆنێکــەوە بەســتراو، هەمدیســان بــە شــەمەندەفەر بــەرەو (بەندیخانــەی کۆمــاری لــە شــاری بــەسرا) بەڕێیانکردمــەوە!

لــەو دەمانــەدا (صدیــق بەگــی میــران) لەســەر ڕێــی شــەقڵاوە- کۆرێــدا کــوژرا. دەســتوپێوەنەکانی میریــی هەڵــی کوشــتنەکەیان قۆســتەوە و ئۆباڵەکەیــان خستەئەســتــــــۆی پـــــــارتیی و ســـەرکردایەتییەکەیەوە. دەســبەجێ ڕۆژنامــەی (خەبــات)ی ئۆڕگانــی حزبیــان داخســت و (ئیبراهیــم ئەحمــەد)ی ســکرتێری ئەوســای حــزب و بەرپرســی ڕۆژنامەکەیــان تۆمەتبــار کــرد. چاپەمەنییــە ڕووزەرد و داخ لەدڵەکانــی ســەر بــە حکومــەت کەوتنــەوە هێــرش و پەلاماردانــی بزاڤــی ڕزگاریخــوازی کــورد بەگشــتی و پارتــی و ســەرکردە مێژووییەکــەی بەتایبەتــی.. کات بەســەرچوو، مــن لــە بەندیخانەکــەی بــەسرادا، هەراکــەی ئەوســای ســێ بــرا جووتیارانــەی ناوچــەی هەریــر کــە لەســەر ئــاژاوە و هەراکــەی ئەوســای نێــوان ڕەعییــە و ئاغاکانــی سیســاوە حوکــم درابــوون و لــەوەێ زیندانــی کرابــوون، هەرسێیانیشــان ســەر بــە (پارتــی) بــوون، هەروەهــا بەهاوکاریــی و بەشــداریی تــەواوی هــاوڕێ کۆمۆنیســتەکانەوە بەتایبەتــی ســەرکردەکانی ســەندیکای (نیقابــە) ی نــەوت و بەنــدەرەکان کــە هەندێکیــان بــە (ســێدارە) و ئەوانیــتر بــە (موبــد) حوکمدرابــوون، لــە یــادی جەژنــی نــەورۆزدا ئاهەنگێکــی قشــتیلانەمان ســازدا و لەوێــدا بەکــردەوە دروشــمی (برایەتــی کــورد و عــەرەب) بەرجەســتە بــوو، براعەرەبــەکان فێــری هــەردوو سروودی (ئــەی ڕەقیــب و ئــەم ڕۆژی ساڵی تازەیــە)

کرابوون و لەگەڵ ئێمەدا زۆر بەگەرمی و لەناخەوە دەیانگوتنەوە! دواتر بە میانگیری و تەقەلای خوالێخۆشبوو بەڕێز مامۆستا مەسعود محەمەد لە (بەندیخانە) دەرچووم، بەڵام بە مەرجێک نەگەڕێمەوە پارێزگاکانی کوردستان و لە بەغدا بە خوارەوە سەرپشک بم هەر قوتابخانەیەک هەڵبژێرم کە (شاغر)ی لە وانەی (ئینگلیزی) تێدا هەبێت و ماڵیان ئاوا، بەندەیش قەزای (صوێرە)ی سەر بە پارێزگەی کووت (واسیط)م هەڵبژارد و دواتر چوارساڵی ڕەبەقی تیادا مامەوە و تا نزیکەی کۆتایی ساڵی ١٩٦٤ لەوێ بووم. لەوێش ڕێکخستنی پارتیمان بەنهێنی دامەزراند و درێژەمان بە چالاکییەکانماندا بەتایبەتی لەگەڵ ئەو مامۆستا و فەرمانبەر و ژمارە زۆرەی پۆلیسە تێکۆشەرەکانی سەر بە پارتی کە بۆ ئەوێ گوێزرابوونەوە. پەیوەندیشم بە حزبەوە لە ڕێگای خوالێخۆشبوو (مستەفا نەریمان)ەوە بوو کە ئەوکات بەرپرسی پارتی بوو لە (کووت) دانیشتوانی صوێرە بەتایبەتی کوردە فەیلییەکان زۆر دڵسۆز و هاوکارمان بوون، بەو پڕوپاگەندانەی حکومەت بڵاویان دەکردنەوە دەربارەی ڕەوشی کوردستان و سەرکەوتنە بە درۆکانی هێزەکانیانەوە ئێجگار خەفەتبار و نارەحەت دەبوون، کاتێکیش ئێمە بەرپەرچی ئەو درۆیانەمان دەدانەوە و هەواڵە دروستەکان و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەی قارەمانمان بۆ باس دەکردن و ناوبەناویش بەپێی توانست بڵاوکراوەکانی حزب و شۆڕشمان پێدەدان بەوپەڕی دڵخۆشی و ورەبەرزییەوە وەریان دەگرتن و پێیانەوە دەگەشانەوە.. لە یارمەتیدانیش هەرگیز درێخیان نەدەکرد! هەرچەندە دوای کودەتا شوومەکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و ئیرهاب و تۆقاندنی کوودەتاچییەکان چالاکییەکانیان تا ڕادەیەک بەرتەسکتر کردەوە و پەیوەندییەکانمان ئێجگار سنووردار وپڕ مەترسی بوون!

بگەڕێمەوەو بێمەوە سەر باسی هاوینەکەی ساڵی ١٩٦١ ئەو هاوینە وردە وردە هەواڵی دڵگر بڵاودەبوونەوە.. زۆربەی برادەرانی سەر بە پارتیی

ڕووە و کوردستان و بەتایبەتی بۆ گوند و شوێنە دوورەدەستەکان و لاپاڵی کێوە سەخت و سەرکەشەکانەوە پێدزەیان کردبوو، ژێراوژێریش دیارە هەوڵی پەیداکردن و کۆکردنەوەی (چەک و تەقەمەنی) و تفاق و پێداویستییەکانی تر درابوو! ناوەناو لێرەو لەوێ مەفرەزەی سەرەتایی چەکدار- چەکی سووک و هەمە چەشنە، دەبینران و هەواڵیان دەبیسترا. ئێمە ماڵمان لە (بایزبەگ) بوو، (بایزبەگ و مێکوکاو) دوو نیمچە هاوینەهەواری کۆیانن لە نێوانی هەردوو گوندی(سماقوڵی و سەروچاوە و بیرۆکان) لە مابەینی چیای سەفین و چیای سوسێدا بە دووری حەوت سەعاتە ڕێ لە شاری (کۆیە) و دە سەعاتە ڕێ بە کاروان و بە پێ لە هەولێرەوە. دە دوازدە ماڵە کۆیی لە بایزبەگ و بیست ماڵێک لە مێکوکاو ڕەزی ترێ و هەرمێیان هەیە و ئەوسا بۆ بەرهەمهێنان و ساخکردنەوەی بەربوومی ڕەزەکانیان و دابینکردنی نانی ساڵێ بە گۆڕینەوەی (ترێ بە گەنم) لە دەشتی هەولێر و دزەیی و قەراجی داو، لەگەڵ داری سووتانی زستانەیان، هاوینان ماڵیان دەهێنایە ئەوێ و پاییزان بە درەنگەوە بەرەو کۆیە دەبوونەوە!

ڕۆژێکیان ١٢ی ئەیلوولی ١٩٦١ کاروان لە کۆیە هاتنەوە مزگێنی ئەوەیان پێدایـن کە شەوەکەی پێشووتر واتا ١٩٦١/٩/١١ لەسەر هەیبەت سوڵتان و چیاکانی ئەودیوی دەشتی بیتوێن و دۆڵی خەلەکان و چەند شوێنی تردا (ئاگر)کراوەتەوە و (تەقە) کراوەو (پێشمەرگە) لەشکریان دامەزراندووە! منیش لە سۆز و کاریگەریی مژدەکەوە هەر ئەو ساتە ئەم چوارینەیەم بۆ هات:

وا لەسەر لوتکەی بەرزی شاخەکان
ئاگری هیوام بۆ دەکرێتەوە
بە هەوڵ و خوێنی دڵ بەداخەکان
ئالای ڕزگاریم هەڵدەکرێتەوە!

ئیتر چەکداران تا دەهات ژمارەیان زێتر دەبوو. ئێوارەیەک بۆ کات

بەسەربردن چووبوومە سەرچیاوە، وەختێ کە گەڕامەوە گوتیان میوانت هاتوون، چوومە ماڵەوە بینیم دە دوانزدە چەکداری گەنجی کۆک و تەیار بە فەرماندەیی بەڕێز (مام تەها خۆشناو) کە ئەو دەم بەرپرسی ناوچەی شەقڵاوەی پارتی و دۆست و ناسیاوی خۆم بوو، دانیشتبوون، ئەو شەوە پێکەوە بە باسی هەڤاڵان و دەنگۆی ڕاپەڕین و شیکردنەوەی بارودۆخە پشێوەکەوە ڕامانبوارد و بەیانییەکەی ڕۆژی پاشتر بەرەو شاری کۆیە و دەوروبەری بە ڕێکەوتن. شەوێکی تریشیان دوو چەکداری ناسیاو لە (سماقوڵی و سەروچاوە) وە هاتنە لامان و گوتیان "برادەرێکی زۆر ئازیزت لە گوندەکەمانەوە حەز دەکات چاوی بە تۆ بکەوێ، گوتم هەر بەم شەوە؟ وتیان بەڵێ، چونکە ئەو پەلەیەتی و سبەی دەڕووات!" سەروەختێ بە درەنگەوە ئەو شەوە گەیشتینە ماڵی کوێخا عەزیز (خوالێخۆشبوو عەزیز حاجی ئەمین)ی سەیرم کرد برادەرە خۆشەویستەکەم بەڕێز (شمس الدین موفتی)یە کە بە (شەماڵ) ناومان دەبرد، یادی بەخێر، کە بۆ کاروباری حزب و بزووتنەوەکەوە سەردانی ئەو ناوچانەی کردبوو. ئەو شەوەش تا پێش مەلا بانگدان لەوێ بە لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی ڕەوشەکە و گۆڕینەوەی بیروبۆچوونەکان و گەیاندنی پەیام و ڕێنماییەکانی حزب بە خەڵکەکە، بە دیشلەمە خواردنەوەوە بەسەرمان برد و ڕۆژەکەی دوایی بە ئومێدی سەرکەوتن و دیداری ئایندە، ئەم بۆ دەشتی بیتوێن و دەڤەری پشدەر، بەرەو خوار، منیش بۆ بایزبەگ بەرەو ژوور ماڵئاواییمان لەیەکدی کرد و جودابووینەوە!

لەکۆیە و چەند شوێنی تر بازگەکانیان کۆنترۆڵ کردبوو، کۆڕوکۆبوونەوەی فراوان دەبەستران، بارەکەیان بۆ جەماوەر ڕوون دەکردەوە، بیروڕا ئاڵۆوگۆڕ دەکران. میریی بزوا، فڕۆکەی جەنگیی و (مێگ) تەقەیان لە خەڵک کرد و هێزی چەکدار بەکار هێنران. سەنگەرەکان پەلاماردران، شەهید و بریندار و کوژراو کەوتنە گۆڕێ، خەریک بوو کار لەکار دەترازا، قوونەشەڕ دەستی

پێکردبـووو، تـا دەهـات زیاتـر کڵپـەی دەسـەند. نۆکـەر و چڵکاوخـۆران هەمـوو توانسـتێکی خۆیانیـان بـۆ خۆشـکردنی گـڕی ئاگرەکـەوە خسـتبووە کار، بارزانیـی نەمـر و سـەرکردایەتی پارتـی بڕیاریدابـوو هەمـوو هەوڵێـک بـدەن تـا نەهێڵـن ڕەوشـەکە ئاڵۆزتـر بێـت و شـەڕەکە پـەرە بسـەنێ و لەدەسـت دەربچێـت. بـەڵام کـە ئەمەیـان بـۆ مەیسـەر نەبـوو، ناچـار کەوتنـە خۆسـازدان بـۆ داکۆکـی لەخـۆو لەکوردسـتان کـردن و ئەوسـا ئـاڵای شۆڕشـێکی سـەرتاپاگیرییان هەڵکـرد. ئـەوە بـوو سـەرکردایەتییەکیان بـۆ شـۆڕش (نووسـینگەی ڕاپەڕانـدن) دامەزرنـد، لێژنـە و دەسـتەی جۆراوجۆریـان بـۆ سەرپەرشـتی کاروبـاری شۆڕشـی کوردسـتان لـە هەمـوو ڕووێکـەوە پێکهێنـان و (نووسـینگەیەکی عەسـکەری)یان دامەزرانـد و ڕێکخسـتنەکانی سـەربازی (پێشـمەرگایەتی)یان مکـوم و ڕێکوپێـک کـرد، ئازووقەیـان گلدایـەوە، یارمەتییـان بـۆ پێشـمەرگە و کادیـران بڕییـەوە. نەخۆشـخانەی گـەڕۆک و بنکـەی تەندروسـتییان دابینکـرد. پێشـمەرگەیان بەسـەر کـەرت و پـەل و لـق و بەتالیـۆن و دواتریـش هێـزو لەشـکر دابەشـکردن. کۆمەڵانـی خەڵـک بەتایبەتـی ئەوانـەی حـزب داوای دەکـردن یـان ڕێگـەی پێـدەدان پەیتـا پەیتـا بـە چـەک و تفاقـی خۆیانـەوە پێوەندییـان بەهێـزی پێشـمەرگەوە دەکـرد، یاخـود هیـچ نەبـا چەکەکانیـان بـە شـۆڕش دەبەخشـی. منـی مامۆسـتا ئەوسـاکە (دووربیـن) ێکـی ئەفسـەری و تفەنگێکـی ڕاو (تاپـڕ)ی ئەمەریکیـم هەبـوون بـە شـانازییەوە پێشکەشـی پارتیـم کـردن و دوای ڕێککەوتنامـەی یانـزدەی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٠ تاپـڕە (شۆڕشـگێڕەکەمم) وەرگرتـەوە و تـا ئێسـتەیش وەک یادگارێکـی هـەرە پیـرۆز پارێـزراوە!

# دوو شار، دوو سەردەم، و دوو نەورۆز

لە ژمارە (٣٦٤٢)ی ڕۆژی ٢٠٠٢/٣/٢١ی ڕۆژنامەی "برایەتی"

(نـەورۆز) کۆتایـی وەرزی زسـتان و بەسـەرچوونی سـەرما و سـۆڵە و سـەرەتای بەهـار و سـاڵی تـازە، وادەی ژیانـەوە و ڕازانـەوەی دەشـت و دەر و کەژوکێـوی ڕەنگینـی کوردسـتان و جەژنـی نەتەوەیـی قەومـی کـوردە، لـەم ڕۆژە پـڕ لەخۆشـی و هیوایـەدا شـارە خنجیلانەکـەی (کۆیـە) هـەروەک حاجـی قـادر فەرموویەتـی

" گوڕەی بەهاریە ئێستێکە شاخ و داخی وڵات"

"پڕە لە لالە و نەسرین و نەرگسی شەهلات"

ئـەو شـارە، بەتایبـەت ڕەز و باخـە دڵڕفێنەکانـی و دۆنـد و بنارەکانـی باواجـی و هەیبـەت سـوڵتان بەجارێـک، بـووک ئاسـا خۆیـان ئارایشـت دەکەنـەوە. حەمامـۆک و کانـی و سـەرچاوەکانی دەتەقنـەوە و مێـرگ و مێرخوزارەکانـی بەرگـی ئـاڵ واڵا

دەپۆشـن و کـزەی شـەماڵ و جریـوە و نەغمـەی مـەل و بلبـلان تێکـەڵ بـە هـاژەی چـەم و ڕووبـارەکان دڵ و دەروونـی دڵـداران دەخرۆشـێنن و ئەڤینـدار و عاشـقان و عەوداڵانـی سەربەسـتی و ئـازادی مەسـت و مەخمـوور دەکەن.لـەم بۆنـە تـەژی لـە ماکـی ژیـان و زیندووبوونـەوەدا، کۆیـەی شـاری جوامێـران و مەڵبەنـدی ڕۆشـنبیری و مەکـۆی سـەرهەڵدان و بەرخـۆدان و ڕاپەڕیـن و نیشـتمانپەروەریی ڕادەچڵەکـێ و (کۆیـی) لەناخـەوە گـڕ دەگـرن و ئاهەنـگ دەگێـڕن. یەکـەم ئاهەنگـی (نـەورۆز) کـە مـن بیـرم بـێ لـە کۆیـە سـاڵی ١٩٤٦ لـە سـەردەمی ڕژێمـی پاشـایەتیدا لـە (شـاخی مشـکەی) کـرا. مـن ئـەوکات قوتابـی پۆلـی یەکەمـی ناوەندیـی بـووم، وەک لــە یادمــە دوای نیــوەڕۆ ئاگرێکــی گــەورە کرایــەوە، وتــار خوێنرانــەوە، سروودی نیشـتمانی و گۆرانـی تیایـدا پێشـکەش کـران، هەڵپەڕکـێ و شـایی کـوردی کـران. کەچـی ئاهەنگـی نـەورۆزی سـاڵی ١٩٤٧ لـە (تاتووکانـی بەفریقەندییـان) بەڕێــوە بــرا. هــەردوو حزبــی ئــەو ســەردەمە (پارتــی دیموکراتــی کــورد کــە مامۆســتا عەلــی عەبدولــلا لێپــرسراوی بــوو لەکۆیــەو حزبــی تەحــەڕور (حزبــی شــیوعی عێراقــی) بەیەکــەوە مۆڵەتــی ڕەســمییان لــە میریــی وەرگرتبــوو، ئێمــەی ئەنـدام و لایەنگرانـی پارتیـی چەنـد ڕۆژێـک بـەر لـە جـەژن چالاکیـمان دەنوانـد و بەسەرپەرشـتی مامۆسـتا کەمـال عەبدولقـادر کـە بـۆ یەکەمیـن جـار چەنـد جـۆر شـایی و هەڵپەڕکێـی شـێخانی و بادینانـی هێنابـووە کۆیـە مەشـقمان دەکـرد و پــڕۆژەی تەمســیلیەکانمان ئەنجامــدا. شــوێنی ئاهەنگەکــەش ئامــادە کرابــوو، شــانۆیەک بــۆ ئــەو مەبەســتە ڕێکخرابــوو، ڕایــاخ (مافــوور و بــەڕە و لبــاد) لــە ماڵانـەوە هێنرابـوون. ئـەو یەکـدوو شـەوە لاوان و ئێمـەی قوتابـی هەتـا درەنگانـی شــەو بــە کۆمــەڵ بــۆ ئاگاداریــی شــانۆ و کەلوپەلــەکان لــەوێ دەماینــەوە و دوای ئێمەشــەوە دەســتەیەکی تــر بــە تفەنــگ و دەمانچــەوە تــا ڕۆژهــەڵات وەکــو پاســەوان ئێشــکیان لێدەگــرت!

ڕۆژی نــەورۆز، هــەر لــە زوێکــەوە جەمــاوەری شــار بــە هەمــوو چیــن و

توێژێکـــەوە پیـــرو گەنـــج و لاو، زانایانـــی ئایینـــی و دەســـتەو دایـــەرەی میـــری و فەرمانبـــەران، مامۆســـتا و قوتابـــی وکاســـبکاران، تێکـــڕا جمانـــە شـــوێنەکەوە و ئاهەنـــگ دەســـتی پێکـــرد. ئـــەوەی لەبیـــرم مابـــێ بەرنامـــەی ئاهەنگەکـــە بریتـــی بـــوو لـــە وتـــاری هـــەردوو حزبـــەکان و خوێندنـــەوەی چەنـــد هەڵبەســـتێک، لـــە نێویانـــدا هۆنراوەکـــەی (ســـەید ئەنـــوەر بەرزنجـــی) بـــوو کـــە لـــە دێڕێکیـــدا دەڵێـــت:

"کاروانـی تەقـەدووم کـە لـە بـۆ پێشـەوە ئـەڕوا

"بـەم قافیلەیـە سـەگ ئـەوەڕێ کلکـی هـەزارە"

ئـــا لێـــرەدا هـــەر جـــارە خواڵێخۆشـــبوو زەکـــی هەنـــاری دەیگـــووت " دووبـــارە، دووبـــارە" هەروەهـــا بـــۆ یەکەمیـــن جـــار شـــیعرە شـــانۆییەکەی (گـــۆران)ی نەمـــر "گوڵـــی خوێنـــاوی" بەشـــێوەیەکی گۆرانـــی ئامێـــز زۆر ســـەرکەوتووانە نمایشـــکرا و مایـــەی خۆشـــحاڵیی و ڕەزامەندیـــی ئامادەبـــووان بـــوو. جەمـــال کەریـــم حەمـــە مـــەلا لـــە دەوری گەنجەکـــە و عـــارف ڕەئـــووف دەوری کچـــە دلبەرەکـــەی و د.جەمیـــل شـــەڕەف و خوشـــکە لوتفیـــە عەبدولقـــادر وەک دوو کارەکـــەر دەورەکانیـــان نوانـــد. جێـــی باســـکردنە وەختـــێ کـــوڕە لاو لەســـەر داخـــوازی یارەکەیـــەوە بـــۆ چەپکـــێ گـــوڵ چـــووە باخچـــەی پاشـــاوە، لـــە پشـــت شـــانۆکەوە تەقـــەی دەمانچەیـــەک هـــات و جەمـــال بەخـــۆی و ســـنگی ســـپی بـــە بۆیـــاخ ســـوورکراویدا هاتـــەوە ســـەر شـــانۆ و یارەکـــەی بـــە گریانـــەوە دەیلاوانـــدەوە و بەســـۆز دەیگـــوت "تفەنگـــی دوژمـــن پێکانـــی.." ئێمەمانـــان وامانزانـــی ئـــەوا بەڕاســـتی گوللـــەی بەرکەوتـــووە و دڵـــی پێکـــراوە، چونکـــە پێشـــتر شـــتی لەوبابەتەمـــان نەدیبـــوو، بۆیـــە هەمـــوو تاســـابووین! دوایـــی چیرۆکـــی تەمســـیلی "کاوەی ئاســـنگەر و زوحـــاک" پێشـــکەش کـــرا و هێنـــدەی تـــر جەماوەرەکـــەی هێنایـــە جـــۆش و خـــرۆش و چەپڵـــە ڕێـــزان و هوتـــاف کێشـــان. ئـــەوەش فەرامـــۆش نەکـــەم، نـــاو بەنـــاو بەهـــۆی هوتـــاف و دژە هوتافـــەوە لـــە نێـــوان هەوادارانـــی هـــەردوو حزبەکانـــدا هەڵچـــوون و پشـــێوییەک دەهاتـــە ئـــاراوە و مەترســـی ئـــاژاوە و هەراوهۆریـــا پەیـــدا دەبـــوو! لـــەو بارانەیشـــدا خواڵێخۆشـــبوو

(دڵـدار)ی شـاعیر دەهاتـە سـەر میکرۆفـۆن و بەنـاوی هـەردوو حزبەکانـەوە تـکای لــە خەڵکەکــە دەکــرد هێمنــی بپارێــزن و مــاوە نــەدەن ناحــەزان و گێرەشــوێن رەوشــەکە گــرژ و ئاڵــۆز بکــەن. بەوچەشــنە لای ئێــوارە و رۆژ لــە زەردان ئاهەنــگ کۆتایــی هــات و دانیشــتووان بــەرەو شــار بوونــەوە. ئەمــە نــەورۆزی رۆژانــی تــاڵ وســەخت و پــڕ لــە نائومێــدی دوای رووخانــی کۆمــارە ســاواکەی کوردســتان (مەهابــاد) بــوو!

نــەورۆزی دووەم کــە یــادی دەکەمــەوە، لــە ســەردەمی رژێمــی کۆمــاری و دوای ســەرکەوتنی کــورد، نەورۆزەکــەی (هەولێــر)ە کــە ســاڵی ١٩٧٠ دوابــەدوای رێککەتننامــە مێژووییەکــەی ١١ی ئــاداردا لــە (دارەتــوو) کــرا. ئەمەیــان رۆژگاری هیــوا و ســەرفرازیی بــوو، بەرەنجامــی راســتەوخۆی پیــرۆزی شۆرشــی مەزنــی ئەیلـوول بـە سـەرۆکایەتی (بارزانـی نەمـر) بوو.ئـەوان رۆژان جەمـاوەری تێکۆشـەر لــە سەرتاســەری کوردســتان و بگــرە لــە عێراقیــش سەرمەســتی بەدیهاتنــی ئــەو دەســتکەوتە هــەرە گرنگــەی گــەل بــوون. شــایی و زەماوەنــد و ئاهەنــگ گێــران ســەرتاپای کوردســتانی گرتبــۆوە، رووت بــە هــەر لایەکــدا بکردایــە لەشــار، لادێ، چیــاو دەشــتودەر، هــەر هەڵپەڕکــێ و دەهــۆڵ و زوڕنــاو شــادیی بــوو!

یەکــدوو رۆژێــک بــەر لــە نــەورۆز ئێــوارە وەختێــک، پێشــمەرگەی شــەهید کاک (ئەحمــەد حاجــی) هاتــە ماڵەوەمــان لەگەڕەکــی (شــۆڕش) و پێــی راگەیانــدم کــە (پارتــی) منیــان دەستنیشــانکردوە بــۆ بێــژەری (عەریــف حەفــل) ئاهەنگــی نــەورۆز لــە ناوچــەی (دارەتــوو) ئــەو رۆژگارە مــن بەرێوەبــەر هــەردوو خانــەی مامۆســتایانی ســەرەتایی و ئامۆژگــەی (پەیمانگــە) مامۆســتایانی هەولێــر بــووم.

بەندەیــش بەخۆشــحاڵییەوە ئــەو شــەرەفەم قەبــوول کــرد و رێککەوتیــن. ئەوەبـوو رۆژی نـەورۆز سـەرلەبەیانی (جیپـە شـرە) یەکـی پێشـمەرگان هـات و مـن و منداڵەکانمیـان بـرد بـۆ شـوێنی مەبەسـت. ئـەو دارەتـووەی کـە پێشـتر نەمدیبـوو (دەشــتاییەک و چۆلەوانییــەک) بــوو هەتــا چــاو بــڕکات ســەوزایی (گەنــم و جــۆ)

بوو. ڕێگاکە زۆربەی کەند و کۆسپ و قۆرت و پێچ و پەنا بوو، بەنێوان کێڵگەی سەوز و دڵڕفێندا ڕەت دەبوو. لەوێشدا (شانۆ)یەکی ڕێکوپێک سازکرابوو، بەمیکرۆفۆن و بڵندگۆ و ئامێری تۆمارکردن و گشت پێداویستییەکەوە ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە ئەوەیە چۆن ئەو هەموو حەشیمەتەی شاری هەولێر و دەوروبەر لەوێدا گرد و کۆ ببوونەوە! بڕواتان بێت ئاپۆرەی خەڵک لەو ناوەدا نە سەری دیار بوو نەبنی! هاونیشتمانیان هەموو خۆیان ڕازاندبۆوە، هەر خێزانە بەخۆ و خواردن و چایی و سەماوەرەوە، هاتبوون، هەم بۆ ئاهەنگی نەورۆز و سەرکەوتن و هەم بۆ شایی و سەیران! دوور لەشانۆکەوە، لە کەنارێکی گۆڕەپانە بەرفرەوانەکەدا تاوڵێکی (ڕەشماڵ) گەورە بۆ بارەگای بەرپرسانی پارتی و پێشمەرگە هەڵدرابوو. ئاهەنگ کرایەوە، سەرەتا بەمارسیلیزی کورد (سرودی ئەی ڕەقیب) دەستی پێکرد. ئەوجا پاش دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی شەهیدە سەربەرزەکان، وتارەکانی سەرکردایەتی شۆڕش و لقی دوی پارتی و لێژنەی ناوچە و هێزی پێشمەرگە لەلایەن هەڤالان شێخ محەمەد هەرسینی و محەمەدی مەلا قادر و عەلی هەژار خوێنرانەوە..کە هەر خۆیشیان سەرپەرشتی ئاهەنگەکەیان دەکرد. هەروەها نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان، مامۆستایان، قوتابیان، جوتیاران، کرێکاران و لاوانی دیموکراتی کوردستان، هەریەکە وتاریان پێشکەش کرد، جگە لەوتاری میریی کە لەلایەن (خالد عبدالحليم) ی پارێزگاری ئەوسای هەولێر بە زمانی عەرەبی خوێندرایەوە و (لەلایەن منەوە یەکسەر دەکرایەوە کوردی) لە هەمانکاتدا بەرنامەی ئاهەنگ زۆر و هەمەرەنگ و دڵگر بوو، لە نێوان وتارەکاندا چەندین هۆنراوەی شۆڕشگێڕی و سروودی نەتەوەیی و نیشتمانی لەنێو چەپڵەرێزانی نەپساوەی جەماوەرە تینووەکەدا پێشکەش کران، سەرباری گۆرانی خۆش و لاوک وحەیرانی بە جۆش کە ئامادەبووانیان دەهەژاند و خەم و ناسۆری ساڵانی جەور و ستەمی پێشوویان دەڕەواندەوە! بە بەردەوامیش

شایی ڕەشبەڵەک و هەڵپەڕکێی کوردی بە دەهۆڵ و زوڕنا و بە بەشداری پێشمەرگەکانەوە دەگەڕا، ئەمانەو جگە لە چەند شانۆگەریی و چیرۆکی تەمسیلی بەپێز و پێوەنددار بەو بۆنەیەوە نمایش کران.

شایانی گوتنە لای نیوەڕۆ بۆماوەیەک بەنیازی پشوودان و نانخواردن و حەوانەوەی ئامادەبووان بڕگەکانی بەرنامەکە وەستێنران، کاتەکەش بەپارچە مۆسیقای بەسۆزو گۆرانی تۆمار کراو، پڕکرایەوە. دواتریش درێژە بە ئاهەنگ درایەوە. دەشتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم لە نێوان سەرجەمی بڕگەکانیدا (نمایشە سەربازییە هەرە ڕێکوپێکەکەی بەتالیۆنی پێشمەرگە قارەمانەکان) بە جل و بەرگ و قیافەتی پێشمەرگانە و بە تەواوی چەکەکانیانەوە جوانترین و دڵگیرترین خاڵ بوو کە ئەو خەڵکەی ئەوانەی تینووی ئازادی و بەهەمان ڕادەیش تامەزرۆی دیداری پێشمەرگە و مەشقی بە کۆمەڵی پێشمەرگایەتی بوو، سەرسام و مەست و مەدهۆش کردبوون! بەو شێوەیە ئاهەنگگێڕان تا ڕۆژ لە زەردان درێژەی کێشا. ئەوجا ئاپۆرەی سەرمەستی جەژنی سەرکەوتن و ئۆتۆنۆمی و نەورۆز بڵاوەیان لێکرد و یادگارێکی پڕ بەهایان بۆ (مێژوو) لەشوێنەکەدا (دارەتوو) جێهێشت کە ئیمڕۆ ئەوەتا یادی دەکەینەوە و بە خۆشیی و شادمانی و ورەی بەرزەوە ڕووەو و پیرە هەولێر و شوێنەکانیان بوونەوە. مایەی شانازییە کە لەم ئاهەنگە مێژووییەدا وەک (عەریف حەفل) بە زمانی شیرینی کوردی و برام مامۆستا بەدرخان سندی بە زمانی عەرەبی بەشداریمان کردووە.

هەزاران سڵاو لە یادی ئەو ڕۆژە پیرۆزانە و نەمری بۆ باوکی کورد بارزانیی نەمر و هەموو شەهیدەکانمان. سەرکەوتن بۆ گەلی کوردستان و ئەزموونە دیموکراتییەکە و دۆزە ڕەواکەی!

# شەوانی ڕەمەزانی جارانی کۆیە

لە گۆڤاری (گوڵان ژمارە ٤١١) لە ٢٠٠٢/١٢/٤ بڵاوکرایەوە.

سروشتی ئادەمیزاد وەهایە کە دوای شەکەتی و ماندووبوونی کارکردن بۆ دەستەبەرکردنی بژێوی خۆی و ماڵ و منداڵی، بۆ حەوانەوە و بەسەربردنی کاتی بێ ئیشی حەز دەکات و پێویستیشە شتهایەک بدۆزێتەوە خۆی پێوە خەریک بکات، بۆ ئەمەیش بە زۆری پەنا دەباتە بەر (یاریی) بە جیاوازی جۆر و شێوەکانییەوە، بە گوێرەی شوێن و کات و سەردەم. لەو ڕوویشەوە هەموو یارییەکان چۆن یەک نین، بەڵکو بەپێی ڕەگەز (نێرومێ) و بە گوێرەی تەمەن یارییەکان دەگۆڕێن. یارییەکانی ڕەگەزی ئافرەت تارادەیەک لەهی پیاوانە جیانە، هەروەها منداڵان و هەرزەکاران و گەورەکانیش هەر تەمەن و گەمەی تایبەت بەخۆیانیان هەنە و لەگەڵ ئەوانی دیکەدا

جوداوازن. لەهەمانکاتیشدا هەر نەتەوەو کۆمەڵگە و بگرە هەر دەڤەر و ناوچە و شار و هەر گوندێکیش لەوانەیە گەمە ویاری تایبەتی خۆیان هەبێت. وێڕای ئەوەیش یاری هەنە بە ڕۆژ دەکرێن و هی تریش شەوانەن. ئەوەی لێرەدا مەبەستە باسی لێوە بکەم شەوانی ڕەمەزانی جارانی شاری (کۆیە)یە، بەتایبەتی ئەو سەردەمانەی ڕەمەزان دەکەوتە وەرزی هاوین و سەرەتای پاییزەوە. لە یادمە ئەوکاتانەی کە ئێمەو مانان مێرمندالّ و قوتابی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی بووین، دابونەریتی شەوانی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز لە کۆیە زۆر خۆش و دڵگیر و سەرنج ڕاکێش بوو. ئەوە بوو پشتی ڕۆژ و شکاندن بە زرمەی تۆپە شەهیدەی وەستا ڕەجەب لەبەر دەرگای (قشڵە) لە (گردی کەکون- سەید جامی)دا کە خوالێخۆشبوو (حەمەعەبۆ) ئاکرەییدا ئەوەش بە هێمای ڕاوەشاندنی دووگرد (بەرماڵ) یان مەندیلە (مێزەر) سپییەکەی مەلا عەبدولڕەحمانی ڕەحمەتی (کە بە مەلا فندەق مەشوور بوو) لەسەر گومبەتی مزگەوتی گەورەوە، لە دوای نوێژی خەوتنان (عیشا) و تەراویحکردندا پیاوان ڕوویان دەکردە چەند چایخانەیەکی شار بۆ ڕابواردن و بەسەربردنی کات. ئێمە خۆمان بە زۆریی دەچووینە چایخانەکەی (کاک سمایل عەرەب)ی ڕەحمەتی کە لەناوەندی بازاڕدا بوو، لەنێو ئەوانەی هەمیشە بۆ ئەوێ دەهاتن دەستەیەک پیاوی قۆشمە و خۆش مەشرەبی بەدەرەوە و ناسراو هەبوون لای خەڵکەکەوە ڕێزی تایبەتیان هەبوو، ئەوانە دەبوونە دوو تیپ و تا درەنگانی شەو یاری (سینی)یان دەکرد لە کۆیە پێی دەگوترا (سینی و زولفانێ). لەهەر لایەکیان یەکێک کە بەڕاستی زۆر شارەزا و لە دیتنەوەی (ئەنگوستیلە)دا سەرناس بوو دەکرا بە (وەستا) و یەکێکش دەبووە پسپۆڕی شاردنەوەی ئەنگوستیلەکە.

دوای شاردنەوەی ئەنگوستیلەکە لە ژێر پەردەیەکەوە، ئەندامێکی تیپەکە سینییەکەی لەسەر لەپی دەستیدا چەند جارێک دەسووڕاند و دەیگووت

(بـاد) و لەبەردەمـی ڕکابەرانیـدا لەسـەر زەوی دایدەنـا و دەکشـایەوە.

ئەوجـا وەسـتای تیپـی بەرامبـەر خـۆی، جاروباریـش ئەندامەکانـی تـر بـە نـۆرە خولێکـی بـە سـینییەکەدەدا و (شـک)یان دەهاویشـتە سـەر چەنـد (زولفێـک) و بەدەسـتێک دەیگرتـن و بەدەسـتەکەی تـر زولفەکانـی دیکـەی تـووڕ هەڵـدەدان و بـە پەلـە دەیگـوت (ئەمـە فـت.. ئەمـە فـت.. ئەمـەش فـت).. هـەرکات ئەنگوسـتیلە لـە بـن یـەک لەوانـەدا بوایـە، تیپـی بەرامبـەر هاواریـان دەکـرد (نەڕۆیـت) و دەیانکـردە قیژەقیـژ و پێکەنیـن و بەپێـی ئـەو زولفانـەی کـە مابوونـەوە خاڵیـان بۆخۆیـان حیسـاب دەکـرد. خـۆ ئەگـەر بـە پێچەوانەیـش هەتـا دواییـن دوو زولـف ئەنگوسـتیلە دەرنەکەوتبایـە، ئـەوا وەسـتای بـراوە بـە هـەردوو دەسـت سـینیەکەی بەرزدەکـردەوە و ڕایدەوەشـاند و دەنگـی ئەنگوسـتیلەکە لـە ژێـر زولفەکـەوە دەزرینگایـەوە، ئەوهـا نـۆرەی ئـەوان دەهـات بیشـارنەوە. هـەر لەمـاوەی گەمەکەشـدا دەنگخۆشـانی ئەوسـای کۆیـە هێنـدەی تـر کۆڕەکەیـان بـە گۆرانییەکانیـان دەخروشـاند و دانیشـتوانیان مەسـت و سەرسـام دەکـردن. هـەر نـاوە نـاوەش سیی و جگـەری گـەرم و تاخمەچـای تـازە دێمکـراوی تـام و بـۆن خـۆش بـۆ هەمـوو ئامادەبـووان دەهـات. لـە کۆتایشـدا تیپـی بـراوە بـە چەپڵـە ڕێـزان دەکەوتنـە پێکەنیـن و هاتـوو هـاوار و گۆرانـی گوتـن و داوای هەرکارێکیشـیان بکردایـە دەبـوا دۆڕاوان ئەنجامـی بـدەن. ئـا بـەو شـێوەیە تـا نزیکـی پارشـێو بـەم بەزمـە ڕایاندەبـوارد. ئەوکاتیـش ماوەیـەک بـەر لـە سـاختەوەختی پارشـێو کـردن، خوالێخۆشـبووان (عەزیـزی زوڕناچـی و حەمـە عەبـۆی دۆڵەنگێـو) بـۆ بیدارکردنـەوەی کەیبانـووان (چونکـە ڕادیـۆ و تەلەڤزیـۆن و تەنانـەت کاتژمێریـش لـە ئـارادا نەبـوون) بـە کۆڵاندانـدا دەگـەڕان و هەمـوو کووچـە و گەڕەکەکانـی (کۆیـە) یـان تەیدەکـرد. لـە هەمـووان دڵگرتـر کـە تـا ئێسـتا لەبیـرم مـاوە ئاوازەکـەی (ئامۆزاگیـان) بـوو، ئێمـەی مێردمنداڵیـش لـە تـەک یەکـەم فیقـەی زوڕنـا و تەپـەی دۆڵەکـەدا لـە چایخانـەوە بـە دوایانـەوە

دەڕۆیشــتین، بــەدەم پێکەنیــن و گاڵتەوگــەپ و چەپڵــە لێدانــەوە هەرکەســە وتــا نزیــک ماڵەکــەی خۆمانــەوە بــەو شــێوەیە ژمارەکەمــان تــا دەهــات لــە کورتــی دەدا و دواییــن کــەس پــاش هەمــووان خــۆی دەکــرد بــە ماڵەوەیــدا و بەرەبــەرە دەنگــی دۆڵ و زوڕناکــەش دوور دەکەوتــەوە و ســەرەنجام نەدەمــا.

کابانــی ماڵانیــش ئــەو دەمــە لەخــەو ڕادەبــوون و زۆربــەی هــەرە زۆریــان بــۆ پارشــێو ســەر لــە نــوێ شــێو (چێشــت) یــان لێدەنایــەوە، هــەر خانەوادەیــەک بــە پێــی تــوان و بــاری گوزەرانــی خۆیــان و بــە زۆریــش پــڵاوی بەبرنجــی کــوردی و ڕۆنــی کرمانــج (خۆماڵــی) بیــان ئامــادە دەکــرد. گــەورە و بچووکیــش لــەو ڕۆژگارەدا بــە ڕۆژوو دەبــوون، تەنانــەت ســاواکانیش کــە تەمــەن ڕۆژوو گرتنیــان نەبــوو، پارشــێوان هەڵدەســتانەوە و بەرکۆڵێکیــان دەخــوارد و بەنــاز و فیــزەوە خۆیــان دەخزانــدە نێــو جێگەکانیانــەوە و هــەر زوو فریشــتەی خــەو دەیبردنــەوە.

وایــش دەبــوو هەنــدێ ســات بەیانیــان بــۆ ڕاگەیاندنــی دەســت لەخــواردن هەڵگرتــن (ئیمســاک) هەمدیــس نرکــەی (تۆپــە شــەهید) کپــی و خامۆشــی شــارەکەمانی دەهەژانــدەوە و مــژدەی بانگــی بــۆ نوێــژی بەیانــی و گەیشــتنی ڕۆژێکــی تــازەی دەدا بــە گوێــی خەڵکەکــەدا.

ئێوارانــی ڕۆژی عالفــە (عەرەفــە) و یەکــەم شــەوی جەژنیــش، مــن لەگــەڵ باوکــم و مامــمدا دەچووینــە دووکانــە خــۆش وپــاک و خاوێنەکــەی خوالێخۆشــبوو (وەســتا مەعروفــی کامــەلا)ی ســەرتاش، لەتــەک چەنــد پیــاو ماقوڵــی ئەوســاکە، وەک نەریتێکــی ســاڵانە بــەو بۆنەیــەوە بانگهێشــتی دەکــردن و لەوێــدا فتارمــان دەکــردەوە، ئەوجــا پــاش نانخــواردن و شــەربەت و چــای خواردنــەوە، هــەر لەوێــدا ســەرمان بــۆ دەتــاشرا و دواتریــش دەچوویــن بــۆ (حەمــام) ئەوســا (حەمامــی حەســەناغا، حەمامــی ناوەنــدێ (گچکەشــیان پێدەگــوت) و (حەمامــی ئیســکان) لــە کۆیــە هەبــوون، لەماڵانــدا حەمــام کــەم هەبــوون، ئــەو (سەرشــۆرکانەی) لــە هەنــدێ ماڵانیشــدا هەبــوون زۆر ســەرەتایی و ناتــەواو بــوون.

لــە هەمــان شــەودا ئافرەتــان دەســت و پەنجەیــان لــە (خەنــە) دەگــرت و ڕۆژانــی جــەژن جلــی ئــاڵ و واڵایــان دەپۆشــی و ئێمــەی کوڕوکاریــش کورتــەک و شــەرواڵی (مرادخانــی، یــان مەحمــودی و یــان دیموکــرات) و جوتــێ پێــڵاوی نوێـمان بـۆ دەکـڕدرا و سـبەینەکەی بـە پـڵاو و برنـج و قەیسـی جەژنمـان دەکـرد، جەژنانەمـان وەردەگـرت، بەبـێ خـەم و بـێ ئـاگا لـە کێشـەکانی ژیـان، بەخۆبـادان و نـاز و فیـزەوە ڕووە و (چـەرخ وفەلـەک) دەچوویـن کـە گۆڕەپانێـک بـوو ڕۆژانـی جــەژن جوڵانــە (لەیلــوک) و (چــەرخ و فەلــەک)ی تیــادا ئامــادە دەکــرا و بــۆ منــداڵان و هــەرزەکاران، فرۆشــیارانیش جۆرەهــا خــواردن و شــیرنەمەنی و شــتی خۆشـیان دێنـا و لـەوێ بـە منداڵانیـان دەفرۆشـتنەوە. جاروباریـش منـداڵان بەیـەک ئانــە (چوارفلــوس) ســواری پــاس و لــۆری دەبــوون ئەوانــەی بۆدییەکانیــان تەختــە بــوو، هەتــا دەرەوەی شــاریان دەبــردن و بــە قیــژە و هــات و هــاوار و چەپڵــە و پێکەنینــەوە دەیانهێنانــەوە. بەڕاســتی ســاڵانێکی خــۆش بــوون و زۆر بــە خێرایــی بەســەرچوون. ســەرباری دەســتکورتی و نەبوونــی و ســاکاری و ســادەیی شــێوازی ژیانیـش خەڵکـە دڵسـاف و سـەرفرازەکە، چاویـان زۆر تێـر و دڵیشـیان پـڕ لـە میهـر و پیاوەتــی و هیــوای گــەش، زۆر ئاســوودە و بەقەناعەتــەوە دەیانگوزەرانــدن!

٢٦/ڕەمەزانی ١٤٢٣ بەرامبەر ٢٠٠٢/١٢/١

# شتێک دەربارەی کۆیە

(کـۆ) یـان (کۆیـە) بـە قسـەی مێـژووزان و گـەڕۆکان وەک شـارێکی زۆر کـۆن کـە مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ هـەزاران سـاڵ پێـش زاییـن، هـەر لـە دێرزەمانـەوە بنکەیەکـی گرنگـی شارسـتانی بـووە و سـەردەمانی هەمـە جـۆرەی دیتـووەو گۆڕانکاریـی زۆری بەسـەردا هاتـووە. سـەردەمانێک وەک میرنشـینێکی سـەربەخۆ خاوەنـی دەسـەڵات و ئیـدارە و هێـزی تایبەتـی خـۆی بـووە، زۆران جاریـش کەوتۆتـە ژێـر فەرمانڕەوایـی بابـان و سـۆران و بەغـدا و عوسـمانلی و، ئێسـتەیش قەزایەکـی سـەرەکی سـەر بـە پارێـزگای هەولێـرە، دانیشـتوانەکەی چونکـە هەمـووی کـوردو زۆرینـەی هـەرە زۆریـان موسـڵمانی سـوننی مەزهەبـن، هەمیشـە پێوەندیـی خزمایەتـی و دۆسـتایەتی و تەبایـی و هاریکاریـی لـە نێویانـدا

بەهێـز بـووە. هـەر لـە کۆنـەوەش گرنگیـی تایبەتیـان بـە خوێنـدن و ڕۆشـنبیری داوە و حوجـرەی مزگـەوت وتەکیـە و خانەقاکانـی مەڵبەنـدی زانسـت و ڕووناکبیـری بوونـە، بەدەیـان کەڵـە زانـا و شـاعیر و هونەرمەنـدی پایـەداری لێهەڵکەوتـوون. تـا نیـوەی دووەمـی سـەدەی ڕابـردوو تەنهـا چەنـد قوتابخانەیەکـی سـەرەتایی و دوو خوێندنگـەی دواناوەندیـی و کـوڕان و کچانـی تیـادا بـوو، کەچـی ئیمڕۆکـە بـە دەیـان فێرگـە و ئامادەیـی و پەیمانگـە و لەسەررووپشـیانەوە (زانکـۆی کۆیـە) بـە چەنـد کۆلیـژ و بەشـی جیاجیانـەوە گەواهـی پێشـکەوتن و گۆڕانـە پـڕ بەهاکانـی شـاری (کۆیـە) دەدەن.

شـاری کۆیـە هـەر لـەزووەوە بـە سـەدان کەسـایەتی دیـار ونادیـار و هـەزاران دەرچـووی زانکـۆ و خـاوەن بڕوانامـەی ماسـتەر و دکتـۆرای پێگەیانـدوون و بـە سـەدان شـەهیدی لـە ڕێـگای سـەرفرازیی کـورد و کوردسـتان لـە بەرەکانـی شـۆڕش و بەرخۆدانـدا بەخشـیوە. لێـرەدا وەک نموونـە ئامـاژە بـە چەنـد ناوێکیـان دەدەیـن. لەگـەڵ داوای لێبـوردن لـە سـەدەها نـاوی تـری پایەبـەرزان کـە نـەک لـەم لاپەڕەیـەدا بەڵکـو لـە کتێبێکـی تایبەتیشـدا جێگایـان نابێتـەوە.

**١- پیاوماقوڵان:**

- حاجی بەکراغای حەوێزی –قاصد-
- ئەمین ئاغای حەوێزی – ئەختەر-
- حەمەئاغای غەفووری – حەماغە-
- جەمیل ئاغای حەوێزی
- مەلا حەوێز ئاغای غەفووری
- عەولاغای حەوێزی
- کاکە زیاد ئاغای غەفووری
- حاجیە گەورە

- حاجی ئەمینی چەکمەڕەق
- عەبدولای جەیدی
- حەوێزی مام یەحیا- ئامۆزا
- تایەر چەلەبی
- کاکەی حاجی مەحموود
- عەبدولڕەحمان چەلەبی حاجی ئەسعەد
- عەبدولمەجید حاجی کاکەمین

**٢-  شاعیران و زانایان:**
- حاجی قادری کۆیی
- حاجی مەلا عەبدوللای جەلیزادە
- مەلا محەمەدی جەلیزادە- مەلای گەورە
- مەلا مەعسوومی هەورامی
- حاجی مەلا شێخ سەدیق
- مەلا سەدیقی نازەنینی
- مەلا مستەفای عاصی
- سامی عەودال
- عوسمان عەونی
- دڵدار، یونس ڕەئووف
- مەسعود محەمەد
- مەلا ڕەئوول سەلیم ئاغا
- دلاوەر مەلا محەمەدی حەتک
- دڵزار – ئەحمەدی مستەفا
- وردی (محەمەد تۆفیق)

- سامی عەودال (مەلا حوسێن بابە ڕەسول)
- برژاو (سەیید ئیبراهیم سەیید سەعید)
- پشکۆ (عوسمانی عومەری مام یەحیا)
- عوسمان مستەفا خۆشناو
- جەلال جۆبار
- کەریم مستەفا شارەزا
- بێمار (عەبدولڕەزاق محەمەد)
- غەمبار (کەمال حوسێن)
- ڕۆستەم حەوێزی (شاعیر)
- فوئاد تاهیر سادق
- شێخ سەلاح تاڵەبانی
- کاکە مەم بۆتانی
- قوبادی جەلیزادە
- مەجید ئەحمەد ئاسنگەر

**٣- سیاسەتمەداران و شۆڕشگێڕان:**

- کۆیی زۆر بە پەرۆشەوە بەشدارییان لە چالاکییە سیاسیەکاندا کردووە. هەر لەسەرەتای دامەزرندنیانەوە حزبی (هیوا، ڕزگاری، شۆڕش، دواتر پارتی دیموکراتی کردستان و تەحەڕور (کۆمۆنیست) و ئێستەیش یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لە کۆیە برەویان پێدراوە و بەهێز بوونە و ئەندام ولایەنگریان زۆر بووە و هەمیشە ژمارەی بەرچاو لە کۆییان ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی ئەو حزبانە بوونە و شاری کۆیە زۆر چالاکانە و بەگەرمیی لەسەرجەم خۆپیشاندان و بزاڤ و ڕاپەڕینەکانی کوردستان و عێراقدا ڕۆڵی دیار و کاریگەریان بووە، ئەمەش چەند نموونەیەک:

- عەلی عەبدوللا
- مام جەلاڵ تاڵەبانی
- عومەر مستەفا (دەبابە)
- سەمەد حاجی محەمەد (مەنجەڵ)
- عەبدولکەریم تەوفیق
- دکتۆر فوئاد مەعسووم
- مستەفا خۆشناو
- بەکر عەبدولکەریم حەوێزی
- نافیذ جەلال حەوێزی
- عومەر جەلال حەوێزی
- فاتیح ڕەسول کەبابچی
- دکتۆر خالید حەمە سەعید
- جەعفەر عەبدولواحید
- شەفیق زاهیر کەریم
- ئاودێر عومەر عەبدوللا
- خاتوو ئایشە گولۆک
- شوکریە قادر مام حەسەن
- لەگەڵ سەدان شەهیدی سەرفرازی دیکە کە دوژمن لە سێدارەی داون یان لە بەرەکانی بەرخودان گیانیان بەخشیوە.

بەدەیان ئافرەتی تێکۆشەر و خەباتکاریش وەک نموونە:

- خوشکە فریشتە- خەجیج خانی مستەفاغا
- خوشکە نەجیبە خانی جەلیزادە
- خوشکە کوردە عومەر عەبدوللا
- خوشکە نەرمین عوسمان حەسەن...هتد.

**٤- مامۆستایان و ڕۆشنبیران:**

- عەبدولڕەحمان شەڕەف
- عەبدولمەجید نوورەدین جەلیزادە
- سابیر ئیسماعیل
- زەکی ئەحمەد هەتاوی
- تاهیر سادیق ئەحمەد
- د.عەبدولڕەحمان ئوریجان
- محەمەدەمین مەعروف کامەلا
- تاهیر ئەحمەد حەوێزی
- محەمەد حەوێز (حەمەرەش)
- شەفیق سابیر
- تایەر سەعید گارفێن
- میرزا عەبدولکەریم
- مامۆستای شەهید حاجی عەبدولباقی
- د.نەبەز مەجید ئەمین.
- ئامینە خانی حەوێزی (هاوسەری رەئیس بەکر)

**٥- هونەرمەندانی گۆرانی و مۆسیقا و شێوەکاری:**

- حەنیلە خڕە
- خاڵەسێوە
- تایەر تۆفیق (هونەرمەندی گەل)
- مەلا ئەسعەد
- مەلا ئەحمەدە کۆرە
- باکوروی (ئەندریۆس ئیسرائیل خەمۆ)

- محەمەدەمین عەباس
- وریا ئەحمەد
- زاهیر محەمەد
- خالید دلێر
- سەردار ئەحمەد
- ئەنوەر تاهیر (مەلا ئەنوەر)
- عەدنان جەمال
- سەلاح محەمەد
- ئیبراهیم سابیر
- ڕۆستەم ڕەسول ئاغاله
- حەمە گەمحان و سەعید مەلا ئەحمەد زۆر خزمەتیان بە هونەر کردووە.

# سەرگوروشتەی پرۆتۆکۆلەکانی پەرلەمان

**لە ژمارە (٢٩٦٤)ی ڕۆژی ١٩٩٩/١١/٨ی ڕۆژنامەی "برایەتی"**

ڕێـزدار جەوهـەر نامیـق سـالم سـەرۆکی پەرلەمانـی کوردسـتان ڕۆژی ١٩٩٨/٩/١٥ بــە بۆنــەی تەواوکــردن و بەچاپگەیاندنــی هــەر (١٧) بەرگــی پرۆتۆکۆلەکانــی پەرلەمانـەوە، لـە دانیشـتنێکی ڕێزلێنانـی تایبەتـدا لـە هۆڵـی پەناگیـری نێوتـەلاری پەرلەمــان، دەســتەیەکی لــە کارمەنــدان و ئەوانــەی دەســتیان لەسەرخســتنی پرۆژەکـە و ئەنجامدانـی ئەرکـە پیرزەکـەدا بـووە، خەڵاتکـردن. ئـەو ئاوڕلێدانـەوە و بەسـەرکردنەوەیەش بەوپـەڕی سـەربەرزیی و نـرخ پێدانـەوە لەلایـەن هەمووانـەوە هەڵسـەنگێنراو بـوو بەمایـەی خۆشـیی و بەختەوەریـی و هۆکارێکـی کاریگەریـش بــۆ ئــەوەی ســەرجەمی کارمەنــدان زیاتــر بەوپــەڕی توانســت و دڵســۆزیی و لەخۆبوردەییـەوە ئەرکەکانـی سەرشـانیان بەجـێ بگەیەنـن.. ئـەوەی ڕاسـتیش بـێ

گەلاڵـە و هێنانـە بەرهەمـی پرۆژەکـە بـە خاڵـی یەکـەم دەگەڕێتـەوە بـۆ هەوڵـی بـەردەوام و هیممەتـی بـێ سنوور و سـووربوونی بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان لەسـەر بەئەنجامگەیاندنـی پـڕۆژە مەزنەکـەوە، لـە هەمانکاتیشـدا (کارەکـە) سـەربوردەیەکی تایبەتـی خـۆی هەیـە و بـۆ ئـەوە دەشـێت بـۆ مێـژوو لێـرەدا پوختەیەکـی بـە کورتیـی لێبخەینـە بـەر دیـدەی خوێنەرانـی ئازیـزەوە.

مانگـی ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٩٣ بـوو، لەسـەر داوای بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان برایـان سـەرۆ قـادر، کەریـم شـارەزا و نووسـەری ئـەم بابەتـە (خـۆم) بـۆ تـەلاری پەرلەمـان بانگهێشـت کرابـن و پێشـنیازکرا ئەگـەر ئەرکـی ڕێکخسـتن و پاکنـووس کردنـەوەی سـەرجەم دانیشـتنەکانی ئەنجوومەنـی نیشـتمانیی کوردسـتان بگرینـە ئەسـتۆ، ئەوانـەی هـەر لـە مـاوەی نێـوان ڕۆژی یەکـەم کۆبوونـەوەی لـە ١٩٩٢/٦/٤ دا و هەتـا ئـەو سـاتەوەختەوە هـەر (بەرەشـنووس) هەڵگیرابـوون و کارێکـی ئەوتۆیـان لەسـەر نەکرابـوو، ئـەوە بـوو بەراسـپاردەی دەسـتەی سـەرۆکایەتیی بەڕێـز هـەر یەکـە و نموونەیەکیـان پێشـکێش کـرد بـۆ ئـەو شـێوازەی کارەکـەی پـێ ئەنجامدەیـن. نموونەیکیـان پەسـەند کـرد و ئێمەیـش ڕازی بوویـن شـانی بدەینـە بـەر.

یەکـەم قۆنـاغ: سـەرەتای مانگـی تشرینـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٩٣ بـە شـێوەی (گرێبەنـد) دامەزرایـن و دەسـتبەکاربووین بـەو مەرجـەی هەفتـەی جارێـک هـەر یەکەمـان کۆنووسـی چەنـد دانیشـتنێک وەرگریـن و بیبەینـە ماڵـەوە کاریـان تێـدا بکەیـن و کۆتایـی هەفتـە بیانگەڕێنینـەوە. ماوەیـەک بـەم شـێوازە بـەردەوام بوویـن، دوایـی بەڕێـز سـەرۆ قـادر کاروبـاری دەزگای ڕاگەیاندنـی (گـوڵان)ی پـێ ئەسـپێردراو چیـتر نەپەڕژایـە سـەر ئـەوە کـە لەگەڵمانـدا بـەردەوام بێـت. منیـش لـە جیاتـی ئـەم مامۆسـتا کەمـاڵ عەبدولقـادرم دەستنیشـانکرد و دەسـتبەجێ دامەزرێـنرا.

ئـەوەی ڕاسـتی بـێ (ئیشـەکە) بـەو سـانایيە نەبـوو چونکـە یەکـەم هەمـووی نـا بـەڵام بەشـی هـەرە زۆری کۆنووسـەکان هـەم لـە لایەنـی ڕێنووسـەوە و هـەم کـە بـە زمانـی عەرەبـی کۆپـی کرابـوون هەڵـەی ئێجـگار زەق و ناقـوڵا و دوور لـە واتـا

و بێ مانایـان تێکەوتبـوون بـەو هۆیـەوە کـە ئـەو کارمەنـدە کچانـەی بـە کـرداری (ئینسـات)ەکەی هەڵسـابوون خۆیـان لەزمانـی عەرەبـی کـەم توانـا بوونـە، یـان بـە چاکـی گوێیـان لـە قسـەکانی ئەندامـەکان نەبـووە و باشـی لـێ حاڵـی نەبـوون، یاخـود هـەر لـە بنچینـەدا (گوتـارەکان) بەباشـی تۆمارنەکرابـوون، ئەمانیـش بـە گوێـرەی تێگەیشـتن یـان هـەر بـە کەیفـی خۆیـان شـوێنی ئـەو پەیـڤ و وشـانەیان پڕکردبـۆوە کـە لایـان ئاڵـۆز و نادیـار بوونـە. لەبـەر ئـەوە زۆران جـار دەبـوا پەنـا وەبـەر (کاسـێتەکان) ببەیتـەوە و هەوڵدەدەیـن بـە پێـی توانـا لەوێـوە کێشـە و گرفتـەکان سـاخ بکەینـەوە، ئەوەیـش بـێ سەریەشـە و لەمپـەر نەدەگـوزرا.

دووەم قۆنـاغ: دواتـر کار بـەوە گەیشـت سـەرکردایەتی پەرلەمـان داوامـان لـێ بکـەن ڕۆژانـە لـە پەرلەمـان دەوام بکەیـن تاوەکـو لـە کارەکـە نزیکـتر ببینـەوە و خێراتریـش بیبەیـن بەڕێـوە، چونکـە کار هـەر بەوەنـدە نەوەسـتا کـە ئـەو هەمـووە کۆنووسـی زێـتر لـە سـاڵێکی کۆبوونەوەکانـی پەرلەمـان کـە بەهـەق سـاڵێکی فـرە چـڕ و پـڕ و بەفـەڕ بـووە بەسـەریەکەوە کەڵەکـە ببـوون و تـۆز و گەردیـان لـێ نیشـتبوو، بگـرە ڕۆژانەیـش دانشـیتنی نـوێ سـاز دەدران و ژمـارەی تـازەی کۆنووسـی دیکـەی بەسـەردا گردوکـۆ دەبـۆوە، هـەر لـەو ماوەیەشـدا بـوو (بەرپرسـی کاروبـاری ئەنجومـەن) وازی هێنـاوە داوا لـە (مـن) کـرا شـوێنەکەی پڕکەمـەوە. بەندەیـش هەرچەنـد خوازیـاری ئـەوە نەبـووم و نەمدەویسـت ئـەو بەرپرسـیاریەتییە وەربگـرم بـەڵام یەکـەم لەبـەر ئـەوەی کـە بـە ئەرکێکـی پیـرۆزی کوردایەتیـم دەزانـی و دووەمیـش لەبـەر خاتـری خـۆی بەڕێـزان کاک جەوهـەر نامیـق سـالم و فەرسـەت ئەحمـەد کارەکـەم قەبـووڵ کـرد، بەمەیـش ئەرکەکانـم دوو هەنـد و سـێ هەنـد بوونـەوە و بارەکـەی سەرشـانم بـە جـارێ قـورس و گرانـتر بـووا! پەرلەمانـی کوردسـتان لـەو ماوەیـەدا بـە چەشـنی هەنـگ لـە جموجـۆڵ و چالاکیـی بـەردەوام و بـێ پشـوودابوو، سـەرەتا کاک کەریـم و مـن کۆنووسـەکانمان بـژار و هەڵەچـن، ڕێـک و ئامـادە دەکـردن و لـە ڕووی ڕێزمـان و ڕێنووسـەوە

ڕاستمان دەرکردنـەوە، کاک کەمالیش بەخەتـە جوانەکـەی پاکنووسـی دەکردنـەوە، کەچـی دیـترا کارەکـە ئـاوا بـە کۆتایـەت و پێیراناگەیـن، بـە ناچـاری پەنامـان بـردە بـەر چەنـد خۆشنووسـێکی کوردیـزان و متمانەپێکـراوی دیکـەوە بـە پـارە (سـەرەتا لاپـەڕەی فولسـکاب بـە یـەک دینـار، دواتـر دینـار و نیوێـک و دوو دینـار و دواجـار بـوو بـە سـێ دینـار) یارمەتیـمان بـدەن و مەحزرەکانمـان بنووسـنەوە، بـە تـەواو بوونـی پڕۆژەکـەی دوای سـاخکردنەوە و پاکنووسـکردنی کۆنووسـەکان هەڵسـاین بـە لەبەرگرتنەوەیـان (استنسـاخ) هەریەکـە و بـە پێنـج دانـە.

لەسـەر ئـەم شـێوازی کارکردنـەدا بـەردەوام بوویـن هەتـا سـەرنجام پڕۆژەکەمـان بـە تـەواوی ئامـادە کـرد و پاشـماوەکانی سـاڵی پێشـووترمان بـە فایـل بۆکسـانەوە ئەسـپاردن و لـە تـەک ئەمەشـدا ئیشـوکارە تازەکانـی ڕۆژانەیشـمان ڕۆژ بـەڕۆژ و پەیتـا پەیتـا بـە کۆتـا دەهێنـان.

لێـرەدا باسـکردنی هەڵگیرسـانی شـەڕی ناوخـۆ و هەوڵەکانـی ئاسـاییکردنەوەی بارودۆخەکـە و پەناگیـری سـەرۆک و سـکرتێرە پەرلەمـان لـە گـەڵ (٢٧) پەرلەمانتـاری هـەردوو فراکسـیۆنی پارتـی و یەکێتـی (زەردو سـەوز) و لیسـتی مـۆر لـە ڕۆژی ١٩٩٤/٢/٢٣ەوە بـۆ مـاوەی (١٠١) ڕۆژ و داگیرکردنـی تـەلاری پەرلەمـان لەلایـەن چەکدارانـی یەکێتییـەوە دەرچوونـی پارتـی لـە هەولێـر و هەتـا ١٩٩٦/٨/٣١ باسـکردنی ئەمانـە بـۆ مێـژوو مێژوونووسـان جێدێڵـم، چونکـە بابەتـی ئـەم نووسـینەمان نییـە.

بەم شێوەیە قۆناغەکانی یەکەم و دووەمی کارەکە بە ئەنجام گەیشتن.

سـێیەم قۆنـاغ: کۆکردنـەوە، پاراسـتن و ڕێکخسـتنەوەی پڕۆتۆکۆلـەکان یـەک هەفتەپـاش هاتنـەوەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـۆ هەولێـر لـە ٣١ی ئابـی ١٩٩٦دا، لەسـەر داخـوازی بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمانـەوە یەکەمجـار (مـن) و کاک کەمـال سـەردانی تـەلاری پەرلەمانمـان کـرد و ئـەوەی بینیـمان کارەسـاتێک بـوو گورچکبـڕ! سـیما و ڕوخسـاری باڵەخانەکـە بەگشـتی و بەشـی (کاروبـاری ئەنجوومـەن) بەتایبەتـی وەهـا شـێوێنرا بـوو موچـڕک و تـەزووی بەلەشـی مرۆڤـدا دەهێنـا. جـارێ

هەرچـی بـە تـاڵان بردرابـوو، بردرابـوو، ئـەوەی تێکشـکێنرا و شـێوێنرا بـوو هـەر مەپرسـە، ئەوەشـی مابـووە کـورد واتەنـی هـەر دوژمـن بـە حاڵـی بێـت ئاوەهـا تێکهەڵشـێرابوو هـەر دەتگـوت مـەرەزەی چەڵتووکـە و ڕەوە بـەرازی تێکەوتـووە! کارێکـی وای پێکرابـوو بـا بـە دەواری شـڕی نەکردبێـت! پـتر لـە (٢٨٠) کاسـێتی تۆمارکـراوی دانیشـتنەکان و هەرچـی ڕیکـۆردەر و تایپرایتـەر و ڕۆنیـۆ و کۆمپیوتـەر و هیدفـۆن و تەلەفـۆن و سـۆپا و کەلوپەلـی نێـو ژوورەکان و قەڵـەم پانـدان و جـاف و کابیسـە و کوونکـەر و کاغـەزی سـپی و کونـج گوڵـدان و پـەردە پەنجـەرە و تەنانـەت دۆلکـە و پـەرداخ و شووشـە مەرەکەبیشـە بەتـاڵان بردرابـوون! بەرگـی کورسـی و قەنەفـەکان بەنێـزە و سـۆنگی هەڵزرێنرابـوون و کەنتـۆر و مێـزەکان بەتـاڵ و سـەرەو ژێرکرابـوون، دەرگا و پەنجـەرە هەمـووی شـەقوپەق و دەزگای کارەبـا و ئـاو تێکدرابـوون. ئـەو تـەلارە نـازدارە بـە دەردێکـی وابردرابـوو (کافـر) سـکی پێدەسـووتا!

هەرچـی (کۆنووسەکانیشـە) کەمەبەسـتی سـەرەکیمانە لـەم باسـەدا و بەلامانـەوە لـە هەمـوو شـتەکان گرنگـتر بـوون، ئـەوا هـەر مەپرسـە چییـان بەسـەر هێنرابـوو. زۆر سـەیر و سـەمەرەیە: هیـچ یەکێکیـان لـە جێـگای خۆیـدا نەمابـوو، بگـرە هـەر هەموویشـی پەرپـەڕ و بەسـەرتاپای تـەلاری پەرلەمانـدا وەک ئـاردی نێـو دڕکان پـەرت و بڵاوکرابوونـەوە. بـڕوا بفەرمـوون پـەڕی کۆنـووس (ئێمـە لـە نهۆمـی نێوەیـی بوویـن) لـە نهۆمـی دووەم و سـێیەم و تەنانـەت لـە ژوورەکانـی بەڕێـزان سـەرۆک و جێگـر و سـکرتێر و هەروەهـا لـە هەیـوان و هـۆڵ و ڕێڕەوەکانیشـدا پەخـش و بڵاوببوونـەوە. تیایانـدا بـوو هەویریـان بەسـەرەوە شـێلدرابوو، هەشـیانبوو پۆسـتاڵیان پـێ سـڕابوونەوە، یـان لچکێکیـان سـووتێنرا، یـان قڕتێـنرا بـوون، یاخـود چایـە و ئاویـان بەسـەردا ڕژێنرابـوو. بـە تێکـڕاش کۆنووسـەکان (پەڕەکانیـان) تێکـەڵ و پێکـەڵ کرابـوون و لـە تـۆز و خۆڵـدا نوقـم ببـوون.

ئەوانەیـش هەمـووی شـوێنەواری ڕەفتـارە دزێوەکانـی گاردی کۆماریـی بـوون کـە

لـەو مـاوە کورتـەدا بنکـەی سـەرکردایەتییان لـەوێ داکوتابـوو.

ئەوەبـوو ئێمەیـش بـە پەرۆشـەوە، بەبـێ دواکەوتـن دەسـتبەکار بوویـن و ڕۆژانـە تـا عەسرێکـی درەنـگ لەنێـو تـۆز و خۆڵـدا مـن کاک کەمـال بـەو گەرمایـە و بـێ ئـاوو کارەبـا خەریکـی کۆکردنـەوەو ڕێکخسـتنەوەی پـەڕە کاغـەز و کۆنووسـە نێوەچڵـەکان دەبوویـن، پاشـماوەیەکیش کاک کەریـم و چەنـد ڕۆژێکیـش دواتـر کارمەنـدە کچەکانـی بەشـی کاروبـاری ئەنجوومـەن بـۆ هاوکاریکردنمـان هاتنـەوە.. ئیـتر بـە هـەوڵ و هیمەتـی هەمـووان توانـرا زۆربـەی هـەرە زۆری (کۆنووسـەکان) بـە گوێـرەی ساڵەکانیان و دواتـر بەپێـی ژمـارە و مانگـەکان پۆلێـن بکرێنـەوە و لەپـاش ڕەنـج و ماندووبونێکـی بـێ وێنـەدا تـا ڕاددەیـەک بۆمـان لـوا کەموکوڕییەکانیـان پـڕ بکەینـەوە و پرۆتۆکۆڵـەکان سـاخ کەینـەوە و لـە نەمـان بیانپارێزیـن.

چوارەم قۆناغ.. بە چاپ گەیاندن

بەڕێـز جەوهـەر نامیـق سـالم، سـەرۆکی پەرلەمانـی کوردسـتان بەمەبەسـتی پاراسـتنی پرۆتۆکۆڵـەکان (بەواتایەکـی تـر مێـژووی پـڕ سـەروەریی گەلەکەمـان) لـە دەسـتدرێژی و شـێواندن و چەواشـەکاریی، یـان سـڕینەوە لەلایـەن دوژمنانـەوە، بـۆ ئـەوەی لـەم دەرفەتـە ڕەخسـاوەدا بخرێنـە بەردەسـت و دیـدەی خوێنەرانـەوە بـۆ سـوود لێوەرگرتـن و بـرەو پێدانیـان، زۆر بەگەرمـی لەخەمـی بەچاپگەیاندنـی سـەرجەم پرۆتۆکۆڵـەکان دابـووە، هەمیشـە ڕاشـکاوانە جەختـی لەسـەر ئەنجامدانـی کارەکـە دەکـردەوە.. ئـەوەی ڕاسـتی بـێ مکووڕبـوون و پـێ لەسـەر داگرتـن و گرنگـی پێدانـی تایبەتـی خـودی بەڕێزیـان نەبوایـە هەرگیـز وا خێـراو بـەو شـێوە بـێ کەموکوڕییـە ئـەو کارە ئاڵـۆز و دژوارە هـەروا بـە ئاسـانی نەدەهاتەبەرهـەم و لەکاتـی دیاریکـراودا جێبەجـێ نەدەکـرا. چەنـد کۆبوونەوەیەکـی پێکردیـن، چەنـد لیژنەیەکـی دەستنیشـانکرد، بەرنامەیەکـی ڕێکوپێـک و تەسـەلی بـۆ دارشـتین، ڕێوشـوێنی گونجـاوی دانـان و ڕێنمایـی پێویسـتی دەرچوانـد. هانیدایـن وەک مێشـهەنگ لەکاردابیـن و دەبـوا نـەک هـەر بـە ڕۆژ بگـرە بـەردەوام تـا درەنگانـی

شــەوانیش زێــدەکار بکەیــن لەمــەدا ســەری لەســەر هەڵنەگرتیــن.

ئەوەبــوو ئیــتر بەچاودێریــی و ئامۆژگاریــی زێــدە بەکەلــک و بەسەرپەرشــتی کردنــی ڕاســتەوخۆ و هانــدان و لــە نزیکــەوە لێتۆژینــەوەی بەردەوامــی بەڕێزیــان و بــە هاوکاریــی بــێ وێنــەی کاک زاهیــر ڕۆژبەیانــی و بــە هەماهەنگــی برایــان ئــازاد دڵــزار و یەحیــا جــاف و ســەرجەم کارمەندانــی هــەردوو بەشــی کاروبــاری و کۆمپیوتــەر و کۆپیکــردن، هەروەهــا بەتەنگــەوە هاتنــی بەڕێوەبــەری گشــتی دیــوان ڕێــزدار خــەسرەو گــۆران و برایــان خالــد محەمــەد و تاریــق عومــەر لەسەرپەرشــتی کردنــی چاپــدا توانــرا هــەر (١٧) بەرگــی پڕۆتۆکۆلەکانــی پەرلەمانــی کوردســتانی عێــراق بەیەکــەوە ئامــادە و چــاپ بکرێــن و بخرێنــە بەردەســتە و دیــدەی هاونیشــتمانیانەوە و بــن بــە شــایەت بــۆ مێــژووی شــکۆداری پــڕ لــە ســەروەریی و شــانازیی ئــەو پەرلەمانــەی کــە بــە ڕەنــج و خەباتــی نەپســاوەی گــەل و بــە خوێنــی گەشــی هــەزاران شــەهیدی قارەمــان دوا بــەدوای ڕاپەڕینــە مــەزن و سەرتاســەرییەکەی بــە هــاری ســاڵی ١٩٩١ و لــە ئەنجامــی کــۆڕەوە ملیۆنییەکــەی کورســتانی عێراقــەوە هەڵبژێــردرا و هاتــە کایــەوە. دواتریــش پڕۆتۆکۆڵــەکان پەیتــا پەیتــا و هەریــەک لەکاتــی خۆیــدا بەبــێ دواکەوتــن چاپکــراون و ئێســتەیش ئــەوا دوا پڕۆتۆکــۆل کــە ژمــارە (٢١)ی دراوەتــێ لــەم مانگــەدا بــە کۆتاهاتــووە و لەگــەڵ ســێیەم بەرگــی کتێبــی (کــۆی یاســا و بڕیارەکانــی ئەنجوومەنــی نیشــتمانیی کوردســتانی عێــراق) کەوتوونەتــە بــەر دەســتی هاووڵاتییانــی ئازیــزەوە تێکــڕا مایــەی شــانازیی هەمووانــە.

هــەزاران ســڵاو لەگیانــی پاکــی ســەرجەم شــەهیدانی ڕێــگای ڕزگاری کــورد و کوردســتان، داهێنەرانــی پەرلەمــان و حکومەتــی هەرێــم و لەســەروویانەوە ســەرکردەی نەمــر مســتەفا بارزانــی و کاک ئیدریســی هەمیشــە زینــدوو.

١٩٩٩/١٠/٢٥

# پڕۆتۆکۆڵەکانی پەرلەمانی کوردستان و بەدواداچوونێک

لــە ژمــارە (٢٩٦٤)ی ڕۆژی ١٩٩٩/١١/٨ی ڕۆژنامــەی "برایەتــی" تێکۆشــەردا بابەتێکـمان بەنێـوی "سەرگوزشـتەی پڕۆتۆکۆڵەکانـی پەرلەمانـی کوردسـتان" لەمـەڕ چۆنییەتـی و قۆناغەکانـی بـە چاپگەیاندنـی هـەر (١٧) بەرگـی پڕۆتۆکۆڵەکانـەوە بڵاوکـردەوەو تیایـدا ئاماژەمـان بـەو بەڕێزانـە دابـوو کـە دەسـتیان لـە ئەنجامدانـی پڕۆژەکــەدا هەبــووە و هاوکاربــوون. وەلــێ لــەو نووســینەدا نــاوی هەندێــک لـە خوشـک و بـرا بەشـداربووکان نەهاتبـوو کـە ڕەنگـە دڵیـان ئێشـا بێـت کـە هەقـی خۆیشـیانە، هەرچەنـد ناونەهێنانیـان بـە هیـچ مەبەسـتێک نەبـووە، تەنیـا هونــەری نووســین جاروبــار وادەخــوازێ ئامــاژە بــە گــروپ و دەســتەجەمعی بکرێـت وەک (کارمەندانـی بەشـی کاروبـاری ئەنجوومـەن، یـان ئـی کۆمپیوتـەر)

کەهەمـووان دەگرێتـەوە. ئێسـتەیش بـۆ ئـەوەی کـەس (وەکـو تـاک) "مەغـدور" نەبـێ و لەمافـی خـۆی بێبـەش نەکرێـت بـە چاکـی دەزانـم دەقـی بەشـێکی وتـە بـە نرخەکـەی بەڕێـز جەوهـەر نامیـق سـالم سـەرۆکی ئەنجوومەنـی نیشـتمانیی کوردسـتانی عێـراق وەکـو خـۆی لێـرەدا بنووسـمەوە کـە لـە پێشـەکی بەرگـی ١٦ی پرۆتۆڵـەکان لـە لاپـەڕە (٥ و ٦)دا بەنـاوی "وتەیەکـی پێویسـت" چاپکـراوە و تیایـدا بەڕێزیـان ڕۆڵـی هـەر هەمـوو بەشـداربووانی پڕۆژەکـەی نرخانـدوون و سوپاسـیانی کـردووە. ئەمەیـش دەقەکەیتـی لـە دووەم پەرەگرافـەوە:

"بـــەڵام بەداخـــەوە ئەنجوومەنـــی نیشـــتمانیی کوردســـتان لەبـــەر زۆرهـــۆ نەیتوانیبـوو لەسـەرەتای دەسـتبەکاربوونییەوە پڕۆتۆکۆڵـی دانیشـتنەکانی خـۆی لەکاتـی خۆیـدا بەچـاپ بگەیەنێـت و بڵاویـان بکاتـەوە، ئەگەرچـی دەقەکانیشـی لەسـەر کاسـێتی ڤیدیـۆ و ڕێکـۆردەر هەڵدەگیـران، بـەڵام ئـەو ڕووداوە دراماتیکیانـەی کـە سـاڵانی ١٩٩٤ تـا ١٩٩٧ بەسـەر کوردسـتان و خـودی پەرلەمانیشـدا هاتـن، دەریانخسـت، کـە کاسێت تەنهـا ڕێگەیەکـی لەبـار و گونجـاو و تـەواو زامـن نییـە بـۆ هەڵگرتـن و پاراسـتن و پارێزگاریـی کردنـی ئـەو پڕۆتۆکۆلانـە لـە لەناوچـوون، کـە جگـە لـە پاراسـتنی لـەو مەترسـیانە دەبـێ لـە شوێنکیشـدا و بـە ژمارەیەکیـش هەبـن، بـۆ ئـەوەی هـەر یەکێـک بیەوێـت لێیـان بکۆڵێتـەوە، بتوانێـت بـە ئاسـانی بەسـەریان بکاتـەوە، لەبـەر تێکـڕای ئـەم هۆیانـەش بـوو، کـە بڕیـاری چاپکـردن و بڵاوکردنـەوەی پڕۆتۆکۆلەکانمانـدا.

بـۆ ئەنجامدانـی ئـەم ئەرکـە پیـرۆز و مەزنـەش کـە کارێکـی ئاسـایی و ئاسـان نەبـوو، هەرچەنـدە بەشـی کاروبـاری ئەنجوومـەن بەلێپـرسراو و کارمەندانیـەوە هـەر لـە سـەرەتاوە خۆیـان پێـوە ماندوکردبـوو، کـە ناکرێـت لێـرەدا ڕەنـج و بـە تەنگـەوە هاتنـی بەڕێـز مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر و مامۆسـتا کەمـال عەبدولقـادر لەبیـر کەیـن، چونکەئەگـەر پێشـبینی و حیرسـی ئـەوان نەبوایـە لـەوە بـوو زۆر لـەم پڕۆتۆکۆلانـە ئێسـتا وەهـا بـە ئاسـانی لەبەردەسـتی خوێنەرانـی بەڕێـزدا

نەبوایـە. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبـێ کۆششـی بەردەوامـی ڕۆژنامەنووسـیی بەڕێـز زاهیـر ڕۆژبەیانـی لەمبارەیـەوە لەبەرچـاو بگیرێـت و ناکرێـت کارمەندانـی کاروبـاری ئەنجوومـەن، کەریـم شـارەزا، ئـازاد دڵـزار، سروە فەیسـەڵ، جانێـت سـڵێوە، گوڵاڵـە حەوێـز، فوئـاد عوسـمان، ڕێبـوار سـەلاحەدین، داراحوسـێن، یەحیـا فایـەق مەحمـود لێپـرسراوی بەشـی کۆمپیوتـەر و تصمیـم و کارمەندانـی ئـەم بەشـە، تـارق عومـەر، عومـەر بەکـر وەهـاب، ئەڤیـن عومـەر، سـنۆبەر سـابیر، خالـدە فەریـد، سـۆزان خالیـد، نەجـاح نعمـە، ڕووپـاک عـادل (لەبیـر بکرێـن). لەمبارەیـەوە سوپاسـی کۆششـی بەڕێـز خـسرۆ گـۆران بەڕێوەبـەری گشـتی دیـوان دەکەیـن و هەروەهـا خالیـد محەمـەد محەمەدئەمیـن لێپـرسراوی بەشـی ڕاگەیاندنـی پەرلەمـان و لـە فۆتۆکۆپـی نەجیبـە عوسـمان، جاسـم ئەحمـەد و سەرپەرشـتیاری چـاپ کـوردۆ تاقانـە، لەگـەڵ گشـت پەیوەنددارانـی ئـەم پڕۆژەیـە هەموویـان جێـگای ڕێـز و تەقدیـرن.

سـوپاس بـۆ کارمەنـدان و سەرپەرشـتیاری چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە-هەولێـر بـۆ ئـەو هەڵمەتـە و ئـەو هاوکارییـە و سـوپاس بـۆ هەمـوو ئەوانـەی کـە ڕۆڵیـان هەبـوو لـە ئەنجامدانـی ئـەم ئەرکـە پیـرۆزەدا، چونکـە ڕاپەڕاندنـی کارێکـی ئاسـان نەبـوو، لەبـەر زۆر هـۆ... ی (تـا ئێـرە).

ئیـتر هیواداریـن کـەس دڵـی نەڕەنجێـت و چـی ڕاسـتە هـەر ئـەوە بـۆ مێـژوو تۆمـار بکرێـت، چونکـە ئـەوە مێـژووی شـێوێندراوی گەلێکـی سـتەم لێکـراوە، مەرجـە و دەبێـت ئێمـە خۆمـان ڕاسـتی بکەینـەوە.

هەولێر ١٦/١١/١٩٩٩

# هەر بەسەرپێیی
# چۆن سروود و شیعری گۆرانیم نووسی

**لە گۆڤاری (بارش) بڵاوکراوەتەوە**

ئاشکرایە مۆسیقا و گۆرانی دوو پایە و بەشێکی هەرە گرنگ و دیار لە کەلەپووری میللی هەر نەتەوەیەکدا پێکدێنن، بێگومان ئێمەی کوردیش مایەی شانازیمانە کە خاوەنی سامانێکی ئێجگار دەوڵەمەند و فراوانی کەلەپوورین و لەم ڕووەوە گەر لە میللەتانی دەوروبەر و دراوسێ لە پێشتریش نەبین ئەوا بێگومان هیچمان لەوان کەمتر نییە! زانراویشە کە (فولکلۆر) سەرچاوە پێکهێنەری سەرەکی ئەو کەلەپوورە پڕ لە بەهایەمانە.

ئەوەی ڕاستی بێت، هەتا ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو زۆربەی هەرە زۆری هونەرمەندانی کوردی پەنایان وەبەر فۆلکلۆر بردووە و زۆرینەی ئاواز و نیوەرۆکی گۆرانییەکانیان لەوێوە هەڵێنجاوە و بەدرێژایی ڕۆژگار هەر لەسەر

ئــەو ڕێژگەیــە بەردەوامبوونــە و ئــەو گۆرانییــە فۆلکلۆرییــە باوانەیــان دووبــارە وسـێبارە کردوونەتـەوە (مەگـەر بـە دەگمـەن تاکـو تەرایـان جاروبـار لـەو ڕێبـازەوە کەمێــک لایاندابــێ و گۆرانیــی تــازە بابەتیــان هێنابێتــە ئــاراوە)؟

مــن خــۆم هــەر لــە تەمەنــی منداڵیمــەوە گوێــم لــەو گۆرانــی و داســتانانە ڕادەگــرت کــە گۆرانیبێژەکانــی (کۆیــە) و بەیــت و حەیرانبێــژەکان ئەوانــەی دەهاتنــە شــار و بەدەنگوســەدا زوڵاڵەکانیــان کــۆڕ و مەجلیســی شــەوانەیان دەڕازاندنــەوە و بــە چڕینــی بەیتــی دڵداریــی و داســتانەکانی قارەمانییەتــی و ســوارچاکیی بەتاموچێــژ ئــەو ناوەیــان دەجۆشــاند و گوێگرانیــان پــێ مەســت و مەدهــۆش دەکــردن. دواتــر وردە وردە هونــەری (گۆرانــی نــوێ) چەکەرەیکــرد و پــەرەی ســەند، دەنگخۆشــانی (کۆیــە) بەشــیعر و غەزەلەکانــی (ســافی و عەونــی و دڵــدار و حوســەینی و ســامی عــەوداڵ و ئیبراهیــم ئەحمــەد (بلــە) و هەروەهــا قەسـیدە ئاودارەکانـی نالـی و حاجـی قـادر و شـاعیرە کـوردە کلاسـیکییەکانی تـر) هاتنــە مەیدانــەوە، بــە جۆرێــک هێنــدەی تــر ئێمــەو مانانیــان پابەنــدی ئــەو دنیــا جــوان و پــڕ لــە تاموچێــژە ئەفســووناوییە کــرد. ئەوەبــوو لــە کۆتایــی چلەکانــدا بەشـێوەیەکی سـەرەتایی دەسـتم بـۆ ئـەو ژانـرە ئەدەبییـەوە درێـژ کـرد و چەنـد دەقێکــی ناکامــم نووســین.

بــە پەیدابوونــی (ڕادیــۆ)ش لــە کۆیــە، لەڕێــگای بەرنامەکانــی بەشــی کــوردی ڕادیـۆی بەغـداوە زێـتر ئاشـنای دەنگوسـەدای هونەرمەندەکانـی دیکـەی کـورد وەک کاوێـس ئاغـا و سـەید عەلـی ئەسـغەری کوردسـتانی و مـەلا کەریـم و مامۆسـتایان عەلـی مـەردان و تایەرتۆفیـق و حەسـەن زیـرەک و سـەعید ئاغـا و مەریـەم خـان و نەسریــن شــێروان محەمــەد عــارف و حەســەنی جزیــری و ڕەســوول گــەردی و کەریـم کابـان و ئەوانـی تـر بوویـن. دواتـر کـە ئامادەییـم تـەواو کـرد لـە کۆلیـژی (دارالمعلمیــن العالیــە- پــەروەردەی ئێســتا لــە بەغــدا) وەرگیــرام، شــەماڵ ســائیب و باکـووری ئەودەمـی ناوەنـاو (هەفتـەی جارێـک بـوو یـان دوو هەفتـە جارێـک)

ئاهەنگـی ڕاسـتەوخۆیان لـە ئێزگـەوە پێشـکەش دەکـرد و بێجگـە لـە فۆلکلـۆر و بەرهــەم و ســترانی تازەیشــیان پێشکەشــی گوێگرانــی ڕادیۆکــە دەکــرد. لــەو ســەروبەندانەدا بــوو باکــووری داوای بەرهەمــی نوێــی لێکــردم و منیــش هۆنــراوەی چەنـد گۆرانییەکـم بـۆی نووسـی، وەک: (چـاوکاڵ، ڕۆژبـاش کۆتـرە دەنـووک سـوور، گــوڵ و بولبــول، نازەکــەم چاوبازەکــەم، بــێ وەفایــی، ســکاڵای دولبــەر) و هــی تــر. کــەلای خۆیــەوە ئــاوازی تایبەتــی بــۆ دانــان و لــە ڕادیــۆوە بــڵاوی کردنــەوە. هەروەهــا دەقــی یەکــدو گۆرانیــی بــە زمانــی ئینگلیزشــم بــۆی کردنــە کــوردی. یەکێکیــان ئــەوە بــوو (وەرەلام بــژی خۆشەویســتم بــە:

لە نووسینی کریستۆفەر مارلۆ:

Come live with me and be my love

And we will all the pleasure prove

ئەوی تریان دەڵێت ئاە، ناجان، نا..جان، نا..جان، ناجان.. نا!

لەنووسینی سومەرسێت مۆم: Ah,no Jan, no Jan, no Jan, no

ئیــتر لــەوەوە هەســتمکرد گەلــی کوردمــان لەوبارەیــەوە زەخیــرەی کەمــە و زێــتر پێویســتی بــە هاریکــرای و هاتنــە مەیدانــی شــاعیران و هونەرمەندانــی خــۆی هەیــە، هــەر لــەو سەروبەندانەیشــدا بــوو (فوئــاد ئەحمــەد) وەک دەنگێکــی تــازە ســەریهەڵداو بــە گەرموگــوڕی و بەلــەز هاتــە مەیدانەکــەوە ولەســەر داخــوازی ئەمیشــدا ژمارەیــەک هۆنــراوەی گۆرانــی ســۆزداریم نووســین کــە بــە ئــاوازی خــۆی و ئەحمــەد ئەلخەلیــل و هونەرمەندانــی تــر ئــەو دەقانــی تۆمــار کــردن و لــە ڕێــگای ڕادیــۆی کوردیــی بەغــداوە و پاشــانیش لــە تەلەڤزیۆنــی کەرکووکــەوە پەخــش و بــڵاوی کردنــەوەو لەلایــەن گوێگــران و بینەرانیشــەوە تــا ڕادەیــەک پەســەند و دڵگربــوون. لــە نێوانیانــدا ئــەو گۆرانییانــە زێــتر دەنگیاندایــەوە:

١- ئەمێرەکەم دڵگیرەکەم، بەهارت لێ شەرمەزارە

گوڵی گیانە یەخسیرەکەم، تیرت لە دڵ سەد هەزارە!

٢- نامەکەت گەیشت یاری وەفادار   لە دڵما نەیهێشت برین و ئازار

٣-  گیانی شیرینم یاری نازدارم

٤-  خێوەتی ئێمە ئاسمانێکی شین

لێرەشـــدا بـــە خراپـــی نازانـــم هـــەر بـــۆ نموونـــە دەقـــی گۆرانـــی (ئەمیرەکـــەم) بخەمـــە بەرچـــاو:

ئەمیرەکـــەم دڵگیرەکـــەم، بەهـــارت لـــێ شـــەرمەزارە
گوڵـــی گیانـــە یەخســـیرەکەم، تیـــرت لـــەدڵ ســـەد هـــەزارە
چـــاوی مەســـتت گەلاوێـــژن کوڵمەکانـــت قەنـــدی شـــیرین
مـــوژەو ئەبـــرۆت تیرهاوێـــژن لەپـــت خونچەی گوڵـــی ڕەنگین
ئەمیرەکـــەم دڵگیرەکـــەم، بەهـــارت لـــێ شـــەرمەزارە
هیـــوای گیانـــە یەخســـیرەکەم، عاشـــق وا لەخـــۆی بێـــزارە
مەڕەنجێنـــە، مەمفۆتێنـــە، کاتـــی خەنـــدە و پێکەنینـــە
پەڕوباڵـــم مەســـووتێنە گـــڕی دڵداریـــم بەتینـــە
ئەمیرەکـــەم دڵگیرەکـــەم، بەهـــارت لـــێ شـــەرمەزارە
پرســـە گیانـــە یەخســـیرەکەم، بـــۆ دەکا ئـــەم شـــین و زارە!
تـــۆ لـــە دووریـــت، مـــن لـــە دوورم بەمجـــۆرە خۆشـــە دڵداریـــی
ناچـــار لـــە ئەشـــکم ئەبـــوورم  بـــێ گریـــن بۆشـــە دڵـــداری
ئەمیرەکـــەم دڵگیرەکـــەم، بەهـــارت لـــێ شـــەرمەزارە
کابـــەی گیانـــە یەخسیرەکەم (تـــۆ)ی نەڕخـــت نایـــێ بـــە پارە!
هەولێر ١٩٥٥/١١/٢٨

بـــۆ سروودیـــش هـــەر بـــە گەڕانـــەوەی (بارزانیـــی نەمـــر) و هەڤاڵەکانـــی لـــە تاراوگـــەوە، دوای هەڵگیرســـانی شۆڕشـــی ١٤ی تەممـــوزی ١٩٥٨ بەنـــاوی (مـــژدە) هۆنراوەیەکـــم نووســـی و لـــە ڕۆژنامـــەی (دەنگـــی کـــورد) دا بڵاوکرایـــەوە. کاتێکیـــش شۆڕشـــی مەزنـــی ئەیلـــوول بەســـەرکردایەتی و ڕابەرایەتـــی (بارزانـــی نەمـــر) هەڵگیرســـا،

وەک دەیـان شـاعیری کـورد هەسـتمکرد سروودی نیشـتمانی و شۆڕشـگێی بارتەقـای تفەنـگ و چـەک بـۆ پشـتگیری کردنـی (شـۆڕش) و هاوکاریکردنـی (شۆڕشـگێڕان) و هانـدان و بەرزکردنـەوەی (ورەی جەمـاوەری ڕاپەڕیـو) گرنـگ و پێویسـت و بـە سرووده. ئـەوە بـوو پەیتـا پەیتـا چەنـد سروودێکـم نووسـین و زۆربەیـان لەلایـەن هونەرمەنـدان (فوئـاد ئەحمـەد) و خوالێخۆشـبوو و هونەرمەنـدی گـەل (تایـەر تۆفیـق)ەوە تۆمارکـراون و بڵاوکرانـەوە. چ بـە نهێنـی یـان بـە ئاشـکرا لەوانەیـش ئـەم سـووردانەی خـوارەوە بەشـێکیانن.

١- بەهار – تۆمار نەکراوە

٢- ئۆپەرێتی هێزی گەل

٣- من کە ڕۆڵەی کوردستانم

٤- سوێندی پێشمەرگە

٥- هەندرێن

٦- زەنگی ئاسایش

٧- کـوردە ئـەم هەلـەی- ئەمەیـان بەتایبەتـی هونەرمەنـد تایـەر تۆفیـق تۆمـاری کـردووە ئەمـەش دەقەکەیەتـی:

کـوردە ئـەم هەلـەی مێـژوو داویـە پێـت
لـە دەسـتی نەدەیـت، لانـەدەی لـە ڕێـت
هەلێکـە و ئەشـێ ڕوو نەداتـەوە
مـەردە ئـەو گەلـەی (گـۆ) ئەباتـەوە
خوێـن تـا لەجۆشـە و بـێ داد ڕژاوە
سـارێژی نەکەیـت (لانـەت) هـەژاوە
(بریـن) تـا گەرمـە گـورج و بـێ ترسـە
کـەی سـارد بێتـەوە پـڕ لـە زام و قورسـە
(ڕێ ی) هـەردەم تاریـک وا ئێسـتێ ڕوونـە

زوو گــەر نەیبڕیــت ئەنجــام تێچوونــە
زۆر جــار (هەڵە)یــەک لــە کــۆڕی خەبــات
گەلــی خســتۆتە ڕێ هــات و نەهــات
سـا تۆیـش وریابـە لـە قسـەی ەئـم و ئـەو
گــوێ مەگــرە ڕۆژت لێنەکــرێ بــە شــەو
نەکانــی مــاوە بــۆ لوتکــەی تــەلان
بیــدە و ئەگەیتــە (کاروان)ی گــەلان
یەکدەسـت و یـەک هێـز، یـەک ڕێگـە و بڕوا
کاروانــی (شــۆڕش) پتــەو بــێ بــڕوا
جــا لــە ئاســۆی ڕوون لــە خاکــی ئــازاد
ئەلەرێتــەوە (ئــاڵا)ی ژینــی شــاد
(مێــژوو) پــەڕەی نــووت بــۆ ئەکاتــەوە
(مافــی خــوراوت) پــێ ئەکاتــەوە
١٩٦٧

ئەمەیــش کۆپلەیــەک لــە سروودی (هەندرێــن) کــە بــە بۆنــەی داســتانە مەزنەکـەی گرتنـەوەی شـاخی هەندرێـن لـە ئابـی ١٩٦٦ نـووسراوە- تۆمـار نەکـراوە.

هەندرێن بەرزی و شیاوی نازی   گەلی کورد ئیمڕۆ بە تۆ ئەنازی!

ئەمــەی خــوارەوەش کۆپلەیــەک لــە (ســوێندی پێشــمەرگەیە) بــە دەنگــی فوئـاد ئەحمـەد کـە بـە درێژایـی شۆڕشـی مەزنـی ئەیلـوول بەرنامەکانـی ئێزگـەی دەنگـی کوردسـتان لـە شـاخ بـەم سرووده دەسـت پێدەکـرا و کۆتایـی پێدەهـات و گوێچکـەی جەمـاوەری گڕگرتـووی شـار و دێهاتەکانـی کوردسـتانی پـێ دەزرنگایـەوە.

سوێندی پێشمەرگە

بــۆ گەلــی کــوردی قارەمــان
ســوێندم بــە خاکــی نیشــتمان
بەســەر لوتکــەی کێــوی بــارزان
بــە ئەشــکەوت و جێــی نەبــەزان
لــە بێتواتــە و چەمــی ڕێــزان
یــا کوردســتان، یــا خــود نەمــان

نموونەیەکـی تریـش سرووديـێک بـوو بەنـاوی (زەنگـی ئاسـایش) کـە بەبۆنـەی ڕێککەوتنـی ١١ی ئـادارەوە سـاڵی ١٩٧٠ فوئـاد ئەحمـەد لـە ئاهەنگێکـی گشـتی و ڕەسـمیدا لـە بەغـدا پێشکەشـی کـرد دەڵێـت:

ئیمســاڵ نەورۆمــان کــە گەڕایــەوە
بووکــی کوردســتان بــۆی ڕازایــەوە
نەما لـوورەی جەنـگ، لـە هـەردە و کێوا
زەنگــی ئاســاییش دەنگــی دایــەوە
پــەژارەی دە ســاڵ ژینــی پــڕ ئــازار
گــۆڕا بــە شــادی لــە یانــزدەی ئــادار
کــەلاوە کۆنــەی خاکــی وێرانبــووم
بــۆوە مەڵبەنــدی عەتــر و لالــەزار
(بــارزان و بەغــدا) لێکیاندایــەوە
کورد دەستی لە دەست عـەرەب نایەوە
بــرای هاوبەشــین، دڵســۆز و پتــەو
دوژمــن ڕوورەشــی وا بۆمایــەوە
کوردســتان ئیمــڕۆ جیهــان پێیزانــی
لانــەی پێشــمەرگە و جێــی نەبەزانــی

لێـمان پیـرۆز بـێ لـە ڕێـگای خەبـات
پێشـڕەوی ئێمـەن (پارتـی و بارزانـی).

هـەر لـەو ڕۆژگارانەشـدا شـاعیرانی دیکـەی وەکـو (مەدحـەت بێخـەو، خالیـد دلێـر جەوهـەر کرمانـج، حەبیـب عەلـی میرانـی، کەریـم شـارەزا و زۆرانـی تـر (لـەم سـاتەدا ڕەنگـە نـاوی زۆربەیانـم لـە یـاد نەبـێ) لـە هەولێـر وکۆیـە و شـارەکانی تریـش سروودی بەپێـز و هۆنـراوەی گۆرانـی ئامێزیـان نووسـیوە. ئێسـتایش نەوەیەکـی نـوێ هاتوونەتـە مەیـدان و درێـژە بـە ڕەوتـی کاروانەکـە دەدەن. هیوادرایشـم هـەم دامـودەزگا ڕەسـمییەکان و هـەم هونەرمەنـدان و ڕۆشـنبیران بەگشـتی بایەخـی زیاتـر بـدەن بـەسروود و هونـەری گۆرانیـی کـوردی و خەرمانەکەیشـی لەکاوکـۆت و کووزەڵـە پـاک بکەنـەوە لەگـەڵ ڕێزمـدا بـۆ هەمـوو لایـەک.

هەولێر: ٢٠٠٤/٦/١٦

# ماکۆک

بەبۆنـەی دەرچوونـی گۆڤـاری (ماکـۆک) و لـە دەسـتپێکی یەکەمیـن ژمارەیـدا وێـڕای بەخێرهێنـان و پیرۆزبایـی لێکـردن هیـوای بەردەوامبـوون و سـەرکەوتنی بـۆ دەخوازیـن، ئومێدەواریـن ببێتـە خشـتێک لـە دیـواری بڵنـد و هەڵچـووی پەخـش و چاپەمەنیـی کوردیمانـدا و ڕۆڵـی بەرچـاوی خـۆی ببینـێ لـە تـەک دەسـتە خوشـکەکانی دیکەیـدا بـۆ گەشـەپێدان و بـەرەو پێشـبردنی فەرهەنـگ و ڕۆشـنبیری نەتەوەییـمان و ئەمیـش ببێتـە مەشـخەڵێک و تەمـی تاریکـی لـە ئاسـۆی کوردسـتاندا بڕەوێنێـت و پانتاییـەک بـۆ خـۆی لەنێـو بزاڤـی گڕگرتـووی ڕووناکبیـری هەرێمـدا داگیربـکات و کەلەبەرێـک پـڕ بکاتـەوە.

بەڵـێ (ماکـۆک) ناوێکـی گەلـەک پیـرۆزە. (ماکـۆک) نـاوی شـاخێکی خۆڕاگـر و

سەربەرز و قەڵایەکی پۆڵایینی سەخت و دوژمن بەزێن و ناحەز و نەیار پسێنە! کێوێکە هەزارانساڵە سەری بەرزی لە کەشکەشانی فەلەک لەگەڵ هەوراندا دەستبازی دەکات، مێژووی شکۆدار و پڕ لە شانازیی کوردان تۆمار دەکا و چۆک بە دوژمنانی ئەم گەل و نیشتمانە دادەدات.

جا لێرەوە حەز دەکەم وەکو یادەوەریی چەند وشەیەک دەربارەی (گەشتێک)ی پەیوەست بە (ماکۆک) بخەمە سەر ڕووپەری ئەم تازە کۆرپەیە ئازیزەمانەوە.

سەرەتای مانگی ئاداری ١٩٧٤ بوو گومانی ئەوە نەمابوو کە ڕژێم لە بەندەکانی نێو ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ پاشگەز بۆتەوە و دووبارە خۆی تەیار و هێزەکانیشی ئامادە کردۆتەوە و بڕیاری دەستپێکردنەوەی شەڕ و هێرشی بەربڵاوی بۆ سەر کوردستان و ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر قەڵەمڕەوی شۆڕشی داوە. جەماوەری دڵسۆزی خەڵکی کوردستان بە هەموو چین و توێژ و پایەدا لە زۆربەی هەرە زۆری ناوچە و دەڤەرەکانی نێو دەسەڵاتی حکومەتەوە پەیتا پەیتا بە کۆمەڵ شەپۆل ئاسا ، شاروشارۆچکە و ماڵ و حاڵ و پلەو پایە و فەرمان و شوێنەکانیان لەناو ڕژێمدا جێدەهێڵا و ڕووە و دەڤەرە شاخاوییەکان و بۆ بارەگا و بۆ نێو ڕیز و سەنگەرەکانی پێشمەرگە بەڕێوە بوون. لەو کۆڕەوە نەپساوەیەدا زۆر دەردەسەری و ئازاریان چەشت و چەندانیشیان هەر بەڕێگاوە بە هۆی شەستەباران و سەرماو سۆڵەوە گیانیان لەدەستدا و سەرەتای زنجیرەی بێ کۆتایی شەهادەتیان نەخشاند.

ئێمەیش، لە نێو شەوی ١١ی ئاداردا لە (کۆیە) دەرچووین بۆ (سماقوڵی سەروچاوە) کە بارەگای (لقی ٢)ی لێبوو. دوای چەند ڕۆژێکیش (ڕانیە) خۆت بگرەو هاتین! ئەو دەمە (ڕانیە) ببووە مەڵبەندێکی ئێجگار جەنجاڵ و مۆڵگەی جموجۆڵێکی نائاسایی بۆ حەوانەوەی خەڵک و هێنان و بردنی چەک و تفاق و دوایین لە ڕانیەوە ئێمە چەند خزم و ناسیاو و دۆست و هاوڕێ بە (سەیارە)

تـا نزیـک گونـدی پڵینگانـێ کـە لەوێـوە ئیـتر ڕێگـەی ئۆتۆمبیـل نەدەمـا، ڕۆیشـتن. لەوێشــەوە چەنــد (هێســترێک) مــان بــە کــرێ گــرت هــەم بــۆ ســواری و هــەم بــۆ هەڵگرتنــی کەلوپەلــە ســووکەکانمان. ئێــرە ســەرەتا و بنــاری چیــای (ماکــۆک)ی ســەرکەش بــوو. وای خوایــە گیــان ئــەوە چ بەهەشــتێکە بۆخــۆی! هەرگیــز لــە توانــادا نییــە باســی جوانیــی و دڵڕفێنــی ئــەو شــوێنە بکرێــت، خــودکار بــۆی نییــە خــۆی لــە قــەرەی نووســین بــدات! ئەوەنــدە دەڵێــم ماوەیەکــی زۆر هــەروا لــە ژێــر ســێبەری لقوپۆپــی تێهەڵقــرژاو چــڕی دارودرەختــی جۆراوجــۆری جەنگەڵێکــی خۆرســکی دڵگیــر و کــەم وێنــە و بــێ هاوتــای مەنگــدا دەڕۆیشــتین و بــە تەنیشــتمانەوە لــە قوپکــەی هــەر گــرد و لاپاڵێکــەوە باوەشــە ئاوێکــی ســارد و ســازگار و شــووڕەی دەهــات و لــە دوورەوە پرووشـکی فێنککـەرەوەی بەسـەر دەموچـاوی ڕێبـوارە ماندووەکانـدا دەپڕژانـد و موچڕکـەی تەزیـوی پێدەبەخشـین و شـەکەتی ڕێـگای دوور و درێـژی دەڕەواندینـەوە. کۆمەڵــی مــەل هەمــە دەنگــو ئــاواز پێکــڕا دەیانخوێنــد و ئۆرکێســترایەکی سروشــتیی پــڕ لــە شــادییان دەئاخنییــە گوێچکەمانــدا. لــە ژێــر پێمانەوەشــڕا ئــەو جۆگــە ئاوانــە کەســەرەتا بــە گــوڕ فیچقەیــان دەکــرد و تیــژ دەهاتنــە خــوارەوە و تێدەپەڕیــن، هــاکا دەمانزانــی لەنــاکاو لەبەرچــاوان ون دەبــوون، زەوی قووتیــدەدان و هــەر هێندەمــان دەزانــی چەنــد مەترێــک لەولاتــرەوە دووبــارە بــە گــوڕ لەســەر زەوی بەدیــار دەکەوتنــەوە و ڕێچکــەی خۆیانیــان لــە بــن درەختەکانــەوە دەگرتــەوە بــەر و بــەرە و ڕووبارەکــەی ئــەو نــاوەوە ســەرەوخوار دەبوونــەوە! وای خــودای مــەزن و میهرەبــان چیــت بــەم کوردســتانە ڕەنگینــە بەخشــیوە! ئــای لــەو گوڵــزار و چــەم و لالــەزارە کــە هەمیشــە بــۆ ســەیران و گەشــتوگوزار لــە ئامادەباشــیدایە! بــا چیــتر لەســەری نەڕۆیــن چونکـە نـە تـەواو دەبـێ و نـە پێنووسـیش دەتوانـێ مافـی ڕەوای خۆیـی پێبـدات.

ئیـتر ئـەوا گەیشـتینە بەرپێـی (قـەڵای سـەنگباران) وەرە سـەرهەڵبڕە و هێنـد بـەرزە لوتکـەت لێوەدیـار نابێـت مەگـەر خـۆت بـە پشـتدا بکەیتـەوەو هێسـتر سـوارەکان هەمــوو بــە ناچــاری دابەزیــن، چونکــە کــەس خــۆی پــێ لەســەر پشــتی وڵاخــدا

ڕاناگیرێت.. هەر تەکانێکی لەپڕتاوی بۆ سەرەوەی بەستەزمانە حەپەساوەکەوە سوارەکەی یەکڕاست بە پشتدا دەکەوێت و تل دەدات و بەرەو خوارەوە خلۆر دەبێتەوە! درێژی نەکەمەوە چەند هەنگاوێکمان بەشەوقەوە سەرەو هەوراز هاویشت و وێستاین، پێشوویەک و چەند شاقاوێکی تر و هەڵوەستەیەک و هەناسەدانێک و سەیرێکی چاوەندازی سێحراویی ئەو دەڤەر و دەوروبەرە سەیر و سەمەرە و سەرنجراکێشە، تەمتومان و هەور نزیک بەسەر سەرمانەوە، لێرەو لەوێ پەڵە بەفری سپی و زەردەبا و لە دۆڵ و نواڵ و درژی تیکەشاخ و لەنێو قۆبەنەدار و لە پێچاوپێچی ڕێگاکە و لە باسک و قۆپکەکانی شاخەکەدا.

"دەبڕۆ، با جێنەمێنینت! کوڕە تینم تیادا نەماوە، دەی کاکە تەکانێ، جووڵەیێ! بادوانەکەویت! بەخوا چۆکم بەدوادا نایە، چبکەم! بزانە هەناسەیەکی قووڵ بدە و دەستەکانت بەلاکەلەکەتەوە بگرە، نەختێ خۆت بۆ پێشەوە کووڕ بکەوە و دەی غیرەتێ وەبەرخۆت بدە! ئەدی تۆ نەتدەگوت ڕۆڵەی شاخ و داخو کوڕی هەردووکێوانیت! چبکەم ناتوانم، دەی زووکە ببزووە، ڕۆژ درەنگە، سەرمایە، وا بەفروباران بەڕێوەن. بام لێرەدا جێ نەمێنێت و گورگان بتخۆن! ئەمانە و هی تریش تانوتلێدان و وەرامدانەوەی ئەو ڕێبوارە ماندووانە بوون. وایلێهاتووە دەبوا بۆ تەنیا دوو شاقاو بەرەو ژوور پتر لە پێنج خولەک بوەستێت و هەناسەی قووڵ بدەیتەوەو بە دەسماڵ یان پشتێنەکەت دەموچاو و سەرو لاملی شەڵاڵبووی ئارەقەت بسڕیتەوە، ئەوجا زۆر لەخۆت بکەیت و تاقە هەنگاوێکی تر بهاویت.. ئا بەو شێوەیە، وەختێ دەمەو ئێوارە گەیشتینە ترۆپک، ئای پەروەردەگار، چ دنیایەکی خۆش و جیاواز بوو! نیمچە پانتاییەکی نشێوی سەرەولیژ، سپی و تەژی لە بەفر و وردە تەڕاش.. لە خوارەوە دوور دووکەڵێک سپی و شینباو دیار بوو لەنێو بەفرەکەوە هەڵدەستا. هەندێکمان ساکەکانیان نایەسەر زەوییە بەفرینەکەوە و نیشتنە سەریانەوە و بەرەو خوار خۆیانیان خلیسکاند.. وەختێ گەیشتینە لای دووکەڵەکەوە دوو شوانی گەنج و مێردمنداڵێکمان بینین ئاگرێکیان

کردبــۆوە و کتڵییەکــی ڕەشـــداگەڕاو قوڵپـــە قوڵپـــی دەدا و هەڵمێکـــی ســـپیباو بـــە گــوڕ لــە لوولەکەیــەوە هەڵدەســتا و بەشــێوەیەکی ئاســۆیی لوولــی دەخــوارد و دوور دەکەونــەوە.. فەرمــووی چایەیــان لێکردیــن، بڕوابکــەن ئــەو چایــە گــەرم و ســەنگینەی لــەو ســاتەو لــەو شــوێنە ســەر ســوڕهێنەرەدا خواردمانــەوە وەک دەڵێــن تــا ئێســتایش تامەکــەی لــە بــن زمانمــان هــەر مــاوە! ئەمەجگــە لــە داســتانی پێهەڵگــەڕان بــە پــەردەی نەســت و یادەوەریمانــدا وەکــو درامایــەک چاپبــووە و ناســڕدرێتەوە!

ئیــتر باســی دۆڵ و ماڵەکانــی گونــدی پــەرش و بــڵاوی (وەرتــێ) و مانــەوەی ئــەو شــەوەم لەماڵــی (مــەلا)ی کوردپــەوەری ئــەو دێیــە ســیحراوییەداو، درێــژەی کاروان بەیانییەکـــەی ڕۆژی دواتـــر بەرێگایەکـــی پێچاوپێچـــی شـــاخاویی پـــڕ لـــە هەڵدێـــر و ترســـناک و مەترســـیدار مەگـــەر هـــەر ئێســـترە شـــارەزا و بـــە ئـــارام و جەربـــەزە و کۆڵنەدەرەکانــی کوردســتان بوێــرن پێیــدا بــڕۆن و لێــوەی تێپــەڕ بــن، بــەرەو شــارۆچکەی (گەلاڵــە) و پێوەندیکردنمــان بــە ســەرکردایەتی شۆڕشــی مەزنــی ئەیلوولــەوە، دەڵێــم ئــەو باســە خۆشــە بــا بــۆ دەرفەتێکــی تــر بێــت.. دوای دەســتپێکردنەوەی شــەڕیش، بــۆ مــاوەی نزیکــەی ســاڵێک ڕژێــم بــە هەمــوو جــۆرە چەکــی کوشــندەی ئاســمانی و زەویــن، بەوانــەش کــە بەکارهێنانیــان قەدەغەیــە بەهێزێکــی ئێجــگار زۆر و بــە تاکتیــک و پلانــی ســوپایی تــازە بابەتییــەوە، بەبــێ پســانەوە بــە ڕۆژ و بەشــەو بەمەبەســتی گرتنــەوەی (ماکــۆک) ی ســەرکەش ســەدان هێرشــی دڕندانــەی بــۆ هێنــا، کەچــی بەرامبــەر ورەی پۆڵایینــی پێشــمەرگەی قارەمــان هەموویــان شکســتیان هێنــا و مایەپــووچ دەرچــوون دوژمــن ســەری خــۆی لــە شــاخی خۆراگــری (ماکــۆک) دای لەبــەردا و پووکایــەوە.

دەوجا هەرقایم و خۆراگر و ئاوەدان بێت (چیای ماکۆک)!

هەر پیرۆز و لە برەودان بێت (گۆڤاری ماکۆک)!

٢٠٠٦/١٠/٨




# سەربوردەی وێنەیەک

ڕۆژی سێ شـەممەی ڕێکەوتـی ٢٠٠٢/٤/٢٣ نووسـینێکی بەڕێـز بەرهـەم عەلـی بــە ســەردێڕی (لەیــادی کۆچــی دوایــی مامۆســتای نەهێشــتنی نەخوێنــدەواری خوالێخۆشــبوو نەجمەدیــن مــەلادا) لــە لاپــەڕە (٣)ی ژمــارە (٣٦٦٨) ڕۆژنامــەی (برایەتــی) ئازیــزدا بڵاوکراوەتــەوە و تیایــدا بــاس لــە ژیــان و کــردەوە بــە ســوود و بایەخدارەکانــی نووســەری ناوبــراو دەکات، بەتایبەتــی لەبــارەی هەوڵــە پیــرۆز و ســەرکەوتووەکانییەوە لــە بــواری نەهێشــتنی نەخوێنــدەواری لــە نێــو گەنجانــی کرێــکار و کاســبکارانی ئــەو ســەردەمەی ســلێمانیدا، هەروەهــا لەبــارەی مردنیــەوە لــە ڕۆژی ١٩٦٢/٤/٢٣ و ناشــتنەکەی و دواجــار گواســتنەوەی تەرمــی پیــرۆزی لەلایــەن ســەرکردایەتی شۆڕشــی مەزنــی ئەیلوولــەوە دوابــەدوای بەیاننامــەی ١١ی

ئـاداری ١٩٧٠ هــەروەک خــۆی ئاواتــی بــووە دێنێتــەوە یــاد.

ئــەوەی لێــرەدا مەبەســتمە ڕوونــی بکەمــەوە پێوەنــدی بــەو وێنەیــەوە هەیــە کــە لــە تــەک نووســینکەدا بــڵاو کراوەتــەوە چونکــە (وێنەکــە) یادەوەرییەکــی خــودی خۆمــە و (ســەربوردەیەکی) تایبەتــی هەیــە کــە حــەز دەکــەم خوێنەرانــی ئازیــز، هەروەهــا نــەوەی نوێــی گەلەکەمــان ئەوانــەی ڕەنگــە لەمــڕووە هیــچ زانیارییەکیــان لا نەبێــت شــتێکی لێــوە بزانــن. زانیارییەکەیشــی ئەمــەی خوارەوەیــە کــە زۆر بــە کورتــی و بروســک ئاســا ئامــاژەی پێــدەدەم، بــەو هیوایــەی لــە دەرفەتێکــی گونجــاودا بــە وتارێکــی تایبــەت ســەرجەمی باســەکە بــە دوورودرێــژی بخەمــە بــەر دیــدەی ڕۆڵەکانــی گەلەکەمانــەوە لەگــەڵ ڕێزمــدا.

سەربووردەکەشــی ئەوەیــە کــە ئــەم (وێنەیــە) یەکێکــە لــە دەیــان وێنــەی دیکــەوە کــە وەک زنجیــرە لــە بۆنەیەکــی تایبــەت، لــە گەشــتێکی تایبــەت و لەســەردەمێکی تایبەتــدا وەرگیــراون، ئەویــش بــەم شــێوەیە:

ســەرەتای بەهــاری ســاڵی (١٩٦٠) بــوو، شــاندێکی چوارکەسیی چیکۆسلۆڤاکیایی (ئــەو ســەردەمە) کــە دوانیــان بــە نــاوی (زیکمۆنــد میروســلاڤ و جیــری هانزلــکا) نووســەری هــەرە بــە ناوبانــگ و ئەندامــی ئەکادیمیــای زانســتی بــراغ بــوون و لــە ڕیــزی حزبــی کۆمۆنیســتی ئــەو وڵاتــەدا پلــەی زۆر بەرزیــان هەبــوو، لــە گەشــتێکی زانســتیانەی جیهانییانــەدا هاتنــە کوردســتان، هاوەڵەکانیــان پزیشــکێک بەنــاوی (فیــت ڕۆبێــرت). بــۆ ئاگاداریــی خۆیــان و ئەویتریــان ئەندازیارێکــی میکانیــک بــۆ چاودێریکردنــی هــەردوو ئۆتۆمبیلەکانیــان لــە جــۆری (Tarta) لــە شــێوەی لاندگــرۆزەری ئێســتادا یاوەریــان بــوون.

بەنــدە ئــەوکات مامۆســتای زمانــی ئینگلیــزی بــووم لــە هەولێــر، بــە پێشــنیاز و لەســەر ڕاســپاردەی مەکتەبــی سیاســی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان کــە خــۆم ئەنــدام کارگێــڕی لقــی دووی بــووم، بــە فەرمانــی کارگێڕیــی ڕەســمی لــە بەڕێوەبەرایەتیــی پــەروەردەی ئەوســای هەولێــرەوە کــە پێموایــە، مامۆســتا

خوالێخۆشبوو (عەزیز قادر) بەڕێوەبەری بوو، مۆڵەتم پێدراو کردمیان بە (یاوەر و چاوساغ و تەرجومان)ی شاندەکەوە. ئەوە بوو من چوومە (کەرکووک) و لەوێ لە بارەگای لقی پارتیدا یەکتریمان گرتەوە و هەر لەوێشەوە گەشتێکی ناوازە و بە سوود و زۆر خۆشمان بە کوردستاندا کرد. سەرەتا بەرەو چەمچەماڵ و سلێمانی، لەوێشەوە ڕۆژانە و هەرجارە بۆلایەک دەردەچووین، بۆ دەربەندیخان و بەنداوو و تونێلەکەی، دوکان و دەریاچە و ژێرزەمینەکەی، سەرچنار و دەوروبەرە بەهەشت ئاساکەی، یاخود لەناوشاردا بەنێو کووچە و کۆڵان و بازاڕ و گوزەرە جۆربەجۆرەکانی و هەروەها دەشتودەرەکانی ئەو شارە خۆشەویستەدا، تێکەڵ بە خەڵک و دانیشتووان دەبوون و بە زمانی ئینگلیزی – لە ڕێگای منەوە- گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکردن، لێیان دەپرسین، ڕاوبۆچوونیان وەردەگرت، شارەزای ژیان و گوزەران و جۆرەکانی پیشە و کاسبیان دەبوون. لەم گەڕان و سووڕانەشیاندا بە هەردوو جۆری کامێرای فۆتۆگرافی و کامێرای ڤیدیۆ- کەوا بزانم تا ئەوسا لە کوردستاندا بوونی نەبوو وێنەیان دەگرتن. شەوانیش بە ڕێکخستن و پاکنووس کردنی پوختەی چالاکییەکانی ڕۆژانەیان و پێوەندیی کردن بە وڵاتی خۆیان و کاربەدەستانیانەوە خەریک دەبوون (بە ڕێگای ئەو ئامێری بێتەلە دوور ڕۆ و هەرە پێشکەوتووانەوە کە لە نێو ئۆتۆمبیلەکانیاندا چەسپێنرابوون) پوختەی نووسینەکانیشیان بە شێوەی (ڕاپۆرت) بە وێنەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی چیکۆسلۆڤاکیادا (بەتایبەتی گۆڤاری The orient) کە بە زمانی ئینگلیزی دەردەچوو بڵاودەکرایەوە، (من خۆم دوو ژمارەی ئەو گۆڤارە)یانم لا هەیە کە ڕاپۆرت و هەواڵەکانی بەشێکی ئەم گەشتەیانیانی تیادایە و کاتی خۆی دوای ڕۆیشتنیانەوە بە پۆستە بۆمیانی ناردبوون، چەندی بابەتێکیانیشم لێ وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی و لە گۆڤاری (کاروان) دا بڵاوم کردوونەتەوە. هەروەها ئەم گشتەیان بە وێنەوە لە کتێبێکدا بەناوی (هەزار و دوو شەوە) و بە زمانی سلاڤی بڵاوکردووەتەوە

و کتێبەکـە هـی هونەرمەنـدی شـێوەکار موفیـد حوسـێن کـەسرەی سەرپەرشـتیاری پسـپۆرییە کـە کاتـی خـۆی لـە چیکۆسـلۆفاکیادا کڕیویەتـی، داوایشـم لێکـردووە ئەگـەر بتوانـێ ئـەو بەشـەی لـێ وەرگێڕێـت بـۆ کـوردی یـان عەرەبـی بـۆ سـوودی گشـتی. دوابـەدوای سـەردانە چەنـد ڕۆژییەکـەی سـلێمانی کـە تیایـدا کۆبوونـەوە و گفتوگۆکـردن و وتـار خوێندنـەوە و بیروڕاگۆڕینـەوە لەگـەڵ بەرپرسـانی لـق و ناوچـە و ڕێکخراوەکانـی پارتیـی لـە سـلێمانی و تۆمارکردنـی گۆرانـی و مۆسـیقا لەگـەڵ تیپـی مۆسـیقای (مەولـەوی) بەسەرپەرشـتی خوالێخۆشـبوو (قـادر دیـلان) وێنەگرتنـی شـایی و هەڵپەڕکێـی ئافرەتانـی سـەر بـە یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان. بـە جلوبەرگـی ئـاڵ و واڵای کوردییـەوە، داوەتکـردن بـۆ سـەرخوانی خانـەوادە و بنەماڵـە ناسراوەکانـی شـار، سـاز دەدران، سـەردانی خوالێخۆشـبوو مامۆسـتا (نەجمەدیـن مـەلا) مـان کـرد لـە کاتـی وانـە وتنـەوە لـە (کەشـتی نوح)ەکەیـدا، دوای ئـەم چالاکییانـەی نێـو شـاری سـلێمانی و دەوروبەرەکەیـدا بـە ڕێـگای (دوکان) ەوە کـە شـەوێک لای کاک (جەمـال عومـەر)ی بەڕێوەبـەری قوتابخانەکەیـەوە مایـنەوە، لەوێشـەوە بـۆ (بێسـتانە) کـە شـەوەکەی لـە (شـڕە چایخانەکـەی) سـەر ڕێگایـدا بەسـەرمان بـرد- ڕۆژی دواتـر بـەرەو (چنـارۆک) و ئەوجـا بـۆ (کۆیـە) هاتیـن.

دوای ئـەوە بـەرەو (هەولێـر) و بـە میوانیـی لقـی دوو پارتـی لـە هوتێلـی (ڕێسـت هـاووس) دار الضیافـە-ی وێسـتگەی شـەمەندەفەر کـە ئێسـتا نووسـینگەی کەناڵـی ئاسـمانیی تەلەڤزیۆنـی کوردسـتانی لێیـە، دابەزیـن. ڕۆژی پاشـتر لـە هەولێـرەوە ڕووە و پیرمـام، شـەقڵاوە، گەلـی عەلـی بـەگ و ڕەوانـدوز و بـە خەتـی هامیلتۆنـدا هەتـا حاجـی ئۆمـەران ڕۆیشـتین. بـۆ بەیانـی بـەدەم وێنەگرتـن و تۆمارکردنـی دەنـگ و چالاکـی خەڵـک و خـوا، بەتایبەتـی (ڕەوەنـدە) کۆچەرییەکانـەوە بـە هەمـان ڕێگـەدا بـۆ (هەولێـر) گەڕاینـەوە. لـە هەولێریشـەوە بـەرەو (کەڵەکـی یاسـین ئاغـا) و شـاری (مووسـڵ) چوویـن.

لـە (مووسڵ)یشـەوە دوای سـەردان و وێنەگرتنـی شـوێنەوارە دێرینەکانـی نـاو شـار و دەوروبەرەکەیـدا، ئـەوان (شـاندەکە) بـەرەو (بەغـدا) و لەوێشـەوە بـۆ (ئێـران و وڵاتانـی ڕۆژهـەڵات و بەندەیـش بـۆ هەولێـر) گەڕامـەوە.

ئیـتر ئـەم وێنەیـە کـە باسـکراوە زادەی ئـەو گەشـتەیە و لەیـەک لـە ڕۆژەکانـی نێـوان (١٥) هەتـا (١٩) ی مانگـی نیسـانی ١٩٦٠ داگیـراوە. لـەو ڕۆژەدا کـە لەگـەڵ میوانـەکان سـەردانی (کەشـتی نوح)مـان کـردووە لـە کاتـی خەریکبوونـی مامۆسـتای خواڵێخۆشـبوو (نەجمەدینـی مـەلا) کـە بـە دەرس وتنـەوە بـە ژمارەیـەک فێرخـوازی پیـاو لـە ژوورەکەیـدا، کـە وێنـەی سـەرۆک بارزانـی نەمـر و فایـەق بێکەسـی شـاعیری نیشـتمانپەروەر و هەروەهـا تەسـبیح و گۆپاڵەکـەی (گۆچـان) بـە دیوارەکـەدا لـە ڕۆخ تەختـە ڕەشـەکەوە هەڵواسرابـوون، وێنەکـەش کـە لـە تـەک نووسـینەکەی بەڕێـز بەرهـەم عەلیـدا بڵاوکراوەتـەوە، لـە دەرەوە و لەبـەر دەرگای (کەشـتی نـوح)دا وەرگیـراوە، نووسـەری ئـەم بابەتـەش (خـۆم) کەوتوومەتـە پشـت کاک محەمـەدی حاجـی تاهیـرەوە و تەنیـا بەشـێکی سـەرم بـە دیارکەوتـووە. بـۆ دەوڵەمەندترکردنـی ئـەم ڕوونکردنەوەیـەش وا ئـەم دوو وێنانـەش کـە لەگـەڵ میوانـە بەڕێـزەکان (زیگمۆنـد میروسـلاڤ و جیـری هانزلـکا) و لـە هەمـان گەشـتەکەدا وەرگیـراون بـۆ یەکەمیـن جـار وەکـو دیـاری بـۆ خوێنەرانـی ئازیـز و هێـژای بڵاودەکەمـەوە.

مـاوە بـە کورتـی بڵێـم بـە درێژایـی مـاوەی گەشـتەکەدا بـە دوورودرێـژی و بـە پێـی توانـا لـە بـارەی جوگرافیـا، مێـژوو، فۆلکلـۆر، ئـەدەب، داب و نەریـت.. سـەرهەڵدان و شۆڕشـەکان و بزاڤـی ڕزگاریخـوازی نەتەوەیـی کوردسـتان، زانـا و شـاعیران و سـەرکردەکانی کـورد و پارتـی و سـەرۆک بارزانیـی نەمـر، هەروەهـا حزبـی شـیوعی عێـراق و حکومەتەکـەی عەبدولکەریـم قاسـم و شۆڕشـی چواردەی تەممـوزی ١٩٥٨ و برایەتـی کـورد و عـەرەب و کەمایەتییەکانـەوە زانیاریـم پێـداون و لای خۆیانیـان تۆمارکـردوون. ئەمانیـش –وەک بزانـم- لـە گۆڤـار و چەنـد بڵاوکـراوە

و کتێبیانـــدا، زۆر خزمەتیـــان بـــە گەلـــی کوردســـتان و دۆزەکـــەی گەیانـــدووە و تارادەیەکـی بـاش بـە گـەلان و ڕۆشـنبیرانی ئەوروپـا و ڕۆژئاواییـان ناسـاندووین، هیـوادارم توانیبێتـم شـتێکی بچووکـم پێشـکێش کردبێـت! لەگـەڵ ئەوپـەڕی ڕێـز و سـڵاو و خۆشەویسـتیمدا. هیواداریشـم دڵنیابـن لـەم ڕوونکردنەوەیـەدا بـە هیـچ جۆرێـک مەبەسـتم باسـکردنی (خـۆم) نییـە بەقـەد ئـەوەی گێڕانـەوەی سـەربوردەیەکی ڕاسـتەقینەیە- داوای لێبـوردن دەکـەم.

# دیمانه

# دیمانەیەکی گۆڤاری ڕامان لەگەڵ مەجید ئاسنگەر

**لە ساڵانی پەنجاکاندا پێوەندیی نێوان کۆیە وەک سەنتەرێکی ڕۆشنبیری بە جوڵانەوەی ڕۆشنبیری لە شاری هەولێردا چۆن بووە؟**

بۆ ئەم مەبەستە دەکرێ ساڵەکانی پەنجاکان بکەینە دوو قۆناغ، یەکەمیان قۆناغی سەردەمی پاشایەتیی و دووەمیان سەردەمی دوای شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨، لە قۆناغی یەکەمدا هەرچەندە بەهۆی بارودۆخی ڕامیاریی ناهەموار و سانسۆری توندوتیژی دامودەزگا کۆنەپەرست و پاشکەوتووەکانی میرییەوە پەیوەندییەکە تا ڕادەیەک سست و ناڕێک و پچڕپچڕ بوو، بگرە ئەوەی هەشبوو یان ئەوەتا بە نهێنی و لە ڕێگەی حزبەکانەوە (پارتی

و شــیوعی) یانەخــۆ لەســەر بنەمــای ناســیاویی و برادەراتــی و کەســیەتییەوە بــوون، بــەڵام هەرگیــز ڕۆژێــک لــە ڕۆژانــا لێــک دانەپچــڕاون. وەلــێ دوا بــەدوای ســەرکەوتن و جێگیربوونــی شۆڕشــی ١٤ی تەممــوزی ١٩٥٨ و ڕووخانــی ڕژێمــی دواکەوتــووی پاشــایەتی و دامەزراندنــی کۆمــاری عێراقییــەوە، بەتایبەتــی لــە دوو ســاڵی یەکەمــی شۆڕشــدا، ڕەوشــێکی تــازە هاتــە ئــاراوە دەروازەی ئازادیــی و سەربەســتی بــۆ یەکەمیــن جــار بــە ڕووی کۆمەڵانــی خەڵکــدا کرایــەوە و سەرپشــت و ڕۆشــنبیرانیش وەکــو هەمــوو توێــژو چینــە نیشــتمانیی و پێشــکەوتووخوازەکانی وڵات، دەرفەتــی بــاش و لەباریــان بــۆ ڕەخســاو، جووڵانــەوەی ڕۆشــنبیریی گیانێکــی نوێــی وەبەرکــراو جموجۆڵــی بەرفــرەوان دەســتی پێکــرد. ئەوەبــوو پەیوەندیــی نێــوان کۆیــە و هەولێــر لەهەمــوو بوارێکــدا بەتایبــەت لــە ڕووی ئــەدەب و ڕۆشــنبیرییەوە لــە قاوغــی بەرتەســکی نهێنییــەوە هاتــە دەر و بــە ئاشــکرا پــەرەی ســەند. ســەردان و هاتووچــۆ بەشــداریی کردنــی کــۆڕ و کۆبوونــەوە و بۆچــوون و بیروڕاگۆڕینــەوە و بڵاوکردنــەوەی نووســین و بەرهــەم و هــەواڵ لــە چاپەمەنییەکانــی هەولێــردا تەوژمێکــی دیــاری بەرچاویــان بەخــۆوە بینــی و کارلێــک وکاریگــەری پۆزەتیڤانــەی زۆر بــە ســوود و دەرەنجامــی چاکیشــیان بــوو.

## ئــەی کۆیــە هــەر خــۆی، بزاڤــە ڕۆناکبیرییەکــەی چــۆن ڕەنگــی داوەتــەوە؟

کۆیــە هــەر لــە زۆر کۆنــەوە مەڵبەنــد و ســەرچاوەیەکی بەرچــاو و دیــاری زانســت و ڕۆشــنبیری بــووە. هەمیشــە زانــا و گــەورە پیاوانــی ئایینــی وەکــو بنەماڵــەی (جەلیــزادان)، (دایەخەجــێ)، (موفتــی) (هەورامــی) و (ئیــمام) و هەروەهــا بلیمــەت وشــاعیر و ڕووناکبیرانــی وەک (حاجــی قــادری کۆیــی) (حاجــی مەلابەکراغــای قاســید) ئەمیــن ئاغــا (ئەختــەر) (حوســەینی) (دلاوەر) (دڵــدار) (عەونــی) (عاســی) (وردی) ..هتــد، تیایــدا هەڵکەوتــوون. لــە وەچــەی ئیمڕۆشــدا ئەوانــەی لــە ژیانــدا

ماون، خوا تەمەنیان درێژكات، بە دەیان ناوی دیار و بە دەرەوە هەن، چ سیاسەتمەدار لەخەبات و تێكۆشان و كاروباری حزبایەتی داو چ لە گۆڕەپانی ئەدەب و ڕۆشنبیریدا شوێن پەنجەیان بە ڕەوشەكەوە زۆر ڕوون و ئاشكرایە و لە ئاسمانی بزاڤی ڕوناكبیرییەكەدا ئەستێرەی گەش وو بریسكەدارن!

لە كۆیە هەر لەچلەكانەوە بگرە پێشتریش حزب ڕێكخستنە نیشتمانییەكان (هیوا، دەنگ، شۆڕش، ڕزگاری، داركەر، حزبی شیوعی و دواتر پارتی) ڕەگو ریشەیان داكوتاوە و پەلوپۆیان هاویشتووە و جەماوەریان لەخۆ هاڵاندووە. بەهۆی ڕێكخستنەكانی حزبەوە بەتایبەتی (پارتیی و شیوعی) دوو كتێبخانەی (حاجی قادر) و (كۆیسنجق) یان دامەزراندبوو كە بۆ پێگەیاندن و ڕۆشنبیركردنی خەڵك بەتایبەتی خوێندەوار و مامۆستایان قوتابیان زیاتریش ئەوانەی ئەندام و پاڵێوراو و یان لایەنگر و دۆستانی خۆیان بوون لە شارەكە و دەوروبەریدا. زۆر كاریگەر و سوودبەخش بوون. هەروەها لە ڕێی ئۆڕگان و بڵاوكراوەكانی حزبەكانیانەوە و كۆبوونەوەی شانە حزبییەكان كەوەك قوتابخانە وانەی ڕووناكبیرییان تێدا دەگوترانەوە و جەماوەرەكەیان بە زانیاریی و ڕۆشنبیری دروست پێ تەیار و پڕ چەك دەكرد.

ڕووناكبیران و شاعیران و نووسەرانی كۆیە بە چڕیی بەشداری جووولانەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری بوونە، لە زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەكاندا چ كوردستانی و چ عێراقی، بەرهەمی بە پێزیان بڵاوكردۆتەوە، بەتایبەتی لەسەردەمی (گەلاوێژ، هیوا، نزار، هەتاو، شەفەق و هەتاو..هتد) دا لە سازدان و ڕازاندنەوە و سەرپەرشتی كردنی ئاهەنگە قەشەنگەكانی (نەورۆز) لە (شاخی مشكە و ئۆمەرخوچان و تاتووكان) دا ڕۆڵی هەرە بەرچاویان بووە. لەهەمانكاتدا هەر لە زووەوە چالاكیی هونەری لە (كۆیە) گەشەی كردووە و تیپی شانۆیی دامەزرێنراوە و چەندەها تەمسیل و شانۆنامەی كۆمەڵایەتی و سیاسی چ لە چایخانەكاندا و چ لەسەر تەختەی شانۆی قوتابخانەكاندا، یان لە ئاهەنگەكانی

نەورۆزانــدا پێشــکەش بــە ئاپــۆرەی تامــەزرۆ و تینــوو کــراون، هەروەهــا تیپــی مۆســیقا و گۆرانــی دامەزرێــنراوە، بــۆ وێنــە (تیپــی مۆســیقای باواجــی) لــە بۆنــە کۆمەڵایەتــی و نیشــتمانیی و نەتەوەییەکانــدا ئامادەیــی بەرچاویــان بــووە و لــە تەلەڤزیــۆن و ڕادیــۆدا بەرهەمیــان پێشــکەش کــردووە. کۆیــی چەنــدان هونەرمەنــدی دەنگخــۆش و ناسراویــان تیــادا هەڵکەوتــوون کــە نــەک تەنــێ لــە (شــارەکەی کــۆ) بگــرە لەسەرانســەری کوردســتاندا نێوبانگیــان دەرکــردووە، وەک (خاڵــە ســێوە، مامۆســتا تایــەر تۆفیــق، مــەلا ئەســعەد،فەقێ ئەحمــەدە کــۆرە، حەمــە ڕەشیدشــێرزاد، ئەحمــەدی حەمــە مــەلا، قاڵــە کەچــەڵ و حەمەدەمینــە گۆجــەی کەبابچــی و حەمەدەمینــی عەبــاس و باقــی ســەرتاش و شــەفیق خەلــەف چــاوەش و .. زۆرانــی تریــش.

**پەیوەندیتــان لەگــەڵ نووســەرانی هەولێــر و شــارەکانی دیکــەی کوردســتاندا چــۆن بــووە؟**

پەیوەندیـمان لەگـەڵ نووسـەرانی هەولێـر و شـارەکانی دیکـەی کوردسـتاندا بـە دوو شــێوە بــووە، یەکێکیــان وەکــو (تــاک) هــەر یەکــەو ناســیاویی و پەیوەندیــی تایبەتــی بــە زۆر کەســانەوە هەبــووە، بــۆ نموونــە مــن (خــۆم) بەپێــی بــارودۆخ وئاســتی ڕۆشــنبیری و پلــەی کۆمەڵایەتیــم وەک ئەندامێکــی پارتــی و هەروەهــا وەک مامۆســتایەکی دواناوەندیــی، پێوەندیــی ڕووناکبیــری و دۆســتانی و ئاشــنایەتیم لەگــەڵ زۆربــەی هــەرە زۆری ئەدیــب و هونەرمەنــد و ڕۆشــنبیران و هەروەهــا لەگـەڵ ڕۆژنامـە و گۆڤارەکانـدا هەبـووە و هەیـە. شـێوەی دووەم بەدەسـتەجەمعی پێوەندیــمان هەبــوو، بــۆ نموونــە دوای دامەزراندنــی یەکێتــی نووســەرانی کــورد ئێمــە لــە (کۆیــە) پێنــج کــەس خوالێخۆشــبوو (عەونــی ســامی عــەوداڵ، ڕۆســتەم) هەروەهــا مامۆســتا تایــەر ئەحمــەد حەوێــزی و خــۆم بەرەســمی ئەندامییەکێتیەکــە بوویــن و لەکۆیــە وەکــو لێژنەیــەک بــەکاری یەکێتــی هەڵدەســتاین ونووســینگەی

خوالێخۆشبوو (عەونی شاعیر) مان کردبووە نیمچە بارەگایەک بۆ خۆمان. بەو شێوەیە بۆ چالاکییەکانی یەکێتی چ لە هەولێر یان لە شوێنەکانی تر بووایە، بۆ بەشداریکردنی لە کۆنگرە و هەڵبژاردن و کۆڕوکۆبوونەوەکان بانگهێشت دەکراین و بێ پسانەوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بەردەوامەمان لەگەڵیاندا هەبوو.

شایانی ئاماژە پێکردنیشە کە ئێمە لە کۆیە، بە هاوکاریی و بەشداریکردنێکی کاریگەرانەی ڕۆشنبیر و خوێندەوار و سەرجەم دانیشتوانەکانیانی شار و بە یارمەتیدانی بەرچاوی پارتی توانیمان دوو ئاهەنگی زۆر گرنگ و قەشەنگ بۆ (حاجی قادری کۆیی) لە کۆیە ساز بکەین یەکەمیان بۆ یادەوەریی کۆچی دوایی ئەم کەڵە شاعیرەی ڕابەری نەتەوەیی کورد و دووەمیان بۆ دانانی پەیکەرەکەی بوو کە تا ئێستەش سەربەرزانە لە چەقی چوارڕێیانەکەی نێوەندی شاردا بۆتە زیارەتگەی دڵسۆزان و هەروا خەریکی هۆشیارکردنەوە و لە (خەو هەڵساندنی بەختە خەواووەکەیەتی) کە نەک هەر ئەدیب و ڕوناکبیر و پیاوماقوڵانی هەولێر و شارەکانی دیکەی کوردستان، بگرە سەرجەم ڕۆشنبیر و شاعیر و نووسەر و نوێنەری کۆمەڵە و یەکێتییە جەماوەرییەکانی عێراق بە کورد و عارەب و تورکمان و ئاشوورییەوە بانگهێشت کران و هاتبوون و بە بەرهەمی پوخت و بە وتاری سەنگین بەشدراییان کردین و بەشێوەیەکی شارستانی و زۆر سەرکەوتووانە و کوردانە میوانداریێتی و پێشوازیان لێکراو بە گەرمی بەرێ کرانەوە، هەردوو ئاهەنگیش لەسەر ئاستی عێراق دەنگیان دایەوەو لە ئێستگەی ڕادیۆو تەلەڤزیۆن و لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی وعەرەبییەکاندا لەبارەیانەوە هەواڵ و ڕیپۆرتاژ بڵاوکرانەوە.

ئیمڕۆکەش ڕووناکبیرانی خەڵکی (کۆیە) چ ئەوانەی هەر لەوێدا ماونەتەوەو لاپەڕەکانی ڕۆژگار دەپێچنەوە، یان ئەوانەی بارودۆخ و پێداویستییەکانی زیندەگیی هەڵیفراندوون و پەرتەوازەو پەراگەندەی شاران و یان هەندەرانی

کــردوون، جێپەنجەیــان لــە ڕووپــەڕی بزاڤــە ڕووناکبیرییەکــەی کوردســتاندا دیــار و نەخشــێنراوە، ئەمەیــش مایــەی بەختەوەریــی و شــانازیی پێوەکردنــی هــەر هەموومانــە.

لەگــەڵ ئەوپــەڕی ڕێزمــدا بــۆ (ڕامــان)ی ســەنگین بــۆ ئــەم لالێکردنــەوە و بەســـەرکردنەوەیەتانەوە ســـوپاس.

مەجید ئاسنگەر.

١٩٩٩/٩/١٥

# دیمانە لەگەڵ گۆڤاری ڕامان

## مەجید ئاسنگەر:
## نەبوونی ڕەخنەی ڕاست و ڕەخنەی ئەکادیمییانە وایان کردووە لە بواری داهێناندا دوابکەوین

*مەجید ئاسنگەر پیاوێکی سادە و دڵساف و وەفادار و ئینسان دۆست، کورد پەروەر و ئەڤیندارێکی گەورەی خاکی کوردستان.. ساڵانێکی زۆر بەکاری پەروەردەوە خەریک بووە، زۆر شیعری لیریکیانەی ناسکی بۆ گۆرانی داناوە.. وەرگێڕێکی دەستباڵایە لە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.. یادەوەرییەکی زیندووی پڕ لە گەنجینە لە بارەگای گۆڤاری ڕامان بۆ چەند سەعاتێک بەگیرمان هێنا و ماندوومان کرد تا ئەم هەڤپەیڤینەی لێکەوتەوە.*

*هەڤپەیڤینی:*

*ئازاد عەبدولواحید- مەحموود زامدار*

**با لەسەرتاوە دەست پێبکەین..**

لە ساڵی ١٩٣٢ لە کۆیە لە خێزانێکی رەنجدەر چاوم بۆ ژیان هەڵێناوە هەر لەوێش خوێندنی سەرەتاییم تەواو کردووە، مامۆستاکانمان هەر هەموویان کوردپەروەر بوون، بەشی زۆریان کۆچی دواییان کردووە، وەك سابیر ئیسماعیل و حەمەدەمین مەعروف و تاهیر سەعید و عوسمان حەسەن و عەبدولمەجید جەلیزادە و چەندانی تر. لە پاشان لەقۆناغی خوێندنی ناوەندی بەهەمان شێوە چەندین مامۆستای رۆشنبیر و کوردپەروەرمان هەبوو وەك: جەلال شەریف و شەفیق سابیر و حوسێن حەسەن ئاکرەیی و هەروا کەریم ئەحمەد کە ئێستا سکرتێری شیوعی کوردستانە و ئەوسا وانەی وەرزش و ئایینی پێدەگوتین. بەهۆی خزمایەتیشمان لەگەڵ شاعیری نەتەوەیی عوسمان عەونی و عومەری برای کە ئەوکاتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بوو. ئەمانە کاریان لە پێکهاتەی هۆشمەندیی من کردووە کە روو بکەمە رێبازی کوردایەتی و خۆ رۆشنبیرکردن. هەر لەوکاتە حزبی نیشتمانی دیموکراتی بە سەرۆکایەتی کامیل چادرچی دەوری کاریگەری هەبوو لەسەر پانتایی سیاسی عێراق و رۆژنامەکەیان کە بەناوی (الأهالي) و (صوت الأهالي) بوو. وتار و سەروتاری ئاگرینی دەنووسی و ئێمەش بە تاسەوە دەمانخوێندنەوە. کە ئامادەیشم تەواو کرد پارتی داوای لێکردم کە هەمو هەفتەیەك سەروتارەکە بکەمە کوردی تا لە کۆیە بڵاوی بکەنەوە و لە پاشان گۆڤاری (گەلاوێژ و دەنگی گێتی تازە و هیوا و هەتاو)م لە رێی خزمەکانمەوە پەیدا دەکرد و دەمخوێندنەوە، ئەمانە هەموویان بوونە سەرچاوەیەك تا بەرەو نووسینی ئەدەبی لارببمەوە، بارودۆخەکەش چ وەك کۆمەڵ چ وەك خێزان ئەوەی دەخواست هەموو لایەك داوای نیشتمانپەروەری و پێشکەوتن بکەین. دوایی هاتمە هەولێر و دواناوەندیم لێرە تەواو کرد. چونکە لەکۆیە دواناوەندی نەبوو. لە هەولێریش پێوەندیم بە عەونی یوسف و حەمەدەمین حەیدەری و

ئەوانـەی لـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ئیشـیان دەکـرد، کـرد. ئـەو کەشـوهەوا رووناکبیـری و سیاسـیەی ئـەو سـەروبەندانە دەوریـان هەبـوو لـە هاندانـم بـۆ نووسـین. بـە بیـرم دێ مامۆسـتا گیوموکریانـی لـە گۆڤـاری هەتـاودا هانـی خەڵکـی دەدا شـتی بـۆ بنووسـن. منیـش یەکێـك بـووم لەوانـە شـتم لـە هەتـاو بڵاودەکـردەوە، کـە بابەتەکـەی خۆیشـم دەدی زۆر دڵخـۆش دەبـووم و خەڵکیـش باسـیان دەکـرد..

**ئـەی دەوری رووناکبیـرە دیارەکانـی ئـەو سـەردەمە و پـاش ئـەو سـەردەمە کاریگەرییـان لەسـەر بزاڤـی رۆشـنبیریی نـاو کۆیـە چـۆن بـوو؟**

دەورێکـی یەکجـار زۆریـان هەبـوو، ئـەو مـەلا و زانـا و رۆشـنبیرانە ببوونـە سـەرچاوەی ئـەو بزاڤـە لەوانـەش: مـەلای گـەورە و مـەلا محەمـەدی دلاوەر شـێخ نـووری بـرای مـەلای گـەورە و مـەلا عەلـی و مـەلا تۆفیقـی ئیمامـی و مـەلا سـادق و مـەلا رەئووفـی سـەلیم ئاغـا و حەمـە رەش زەکـی هەنـاری و تاهیـر سـادق و دکتـۆر عەبدولڕەحـمان نورجـان و مەسـعود محەمـەد و شـەفیق سـابیر و سـابیر ئیسـماعیل و محەمـەد تۆفیـق وەردی و عەبدولمەجیـد نورەدیـن و ئەکـرەم عەبدولقـادر و حەمەدەمیـن مەعـروف و تاهیـر حەوێـزی و مـەلا مستەفای عاسـی و ئەحمـەد حەوێـز و میـرزا عەبدولکەریـم و سـامی عـەودال و حەنـا ئەنتـوان و ئیبراهیـم سـابیر وەلـی و عەبدولـلا مەولـوودی سـبیلچی و جـەلال حەمـە رەسـوول و حاجـی میـرزا خادیـم و دڵـدار و دڵـزار و عەونـی و سـەید ئەنـوەری بەرزنجـی و عوسـمان خۆشـناو و جـەلال جۆبـار و خالیـد دلێـر و کەریـم شـارەزا و بیـمار و رۆسـتەم حەوێـزی و لـە پاشـانیش قوبـادی جەلیـزادە و غەریـب پشـدەری و ئـازاد دڵـزار و عوسـمان پشـکۆ و کامیـل بەهجـەت و حەمـەد مسـکین و فازیـل شـەوڕۆ و شـەفیق بەیـاد و ئیبراهیـم بـرژاو و چەندانـی دیکـە.. چ ئـەو کاتـە و چ ئێستاشـی لەگـەڵ بـێ هەریەکـە و دەوری دیـاری خۆیـان هەبـووە، بـەڵام ئەوانـەی

– سـەبارەت بەخـۆم- کاریگەرییـان لەسـەر مـن هەبـووە، جەنابـی مـەلای گـەورەو سـابیر ئیسـماعیل و عەبدوڵڵەجیـد جەلیـزادە و دڵـدار و دڵـزار و عەونـی و زەکـی هەنـاری و تاهیـر سـادق بـوون.

**ئەی سیمبولە گەورەکانی بواری شیعر و ئەدەبیات لە کۆیە؟**

لەپێشـی هەموویانـەوە حاجـی قـادری نەمـرە کـە بناغـەی ڕێبـازی کوردایەتـی راسـتەقینەی لـەم دەڤـەرە و لەپاشـان لـە کوردسـتاندا دانـا، ئینجـا مـەلای گـەورە و دڵـداری شـاعیر و نوێخـواز و عەونـی و عاسـی و دڵـزار مەسـعود محەمـەد کـە نووسـینەکانی لەسـەر ئاسـتی عێـراق و ناوچەکـە و کوردسـتاندا دیـارن. ئـا ئەمانـە سـیمبولە دیارەکنـی کۆیەبـوون و دەوریـان لەهانـدان و رۆشـنبیرکردن و تاودانـی بزاڤـی سیاسـی و رووناکبیـری هەبـووە، چ لەکۆیـە و چ لەدەرەوەیـدا.

**کۆیـە لـە بـواری مەقـام و ئـاوازی رەسـەن و گۆرانیـدا تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە، ئەمەیـان لـە چییـەوە سـەری هەڵـداوە؟ ئـەی سـیمبولەکان؟**

یەکەمیـان هەڵکەوتـەی جوگرافـی شـوێنەکەی وەك ناوەڕاسـتی کوردسـتان کـە زۆربـەی کاروان و خەڵـك لەوێـوە هاتووچۆیـان کـردووە، دووەمیـش سروشـتی رازاوەی کۆیـە کـە چێـژی خەڵکەکـەی تێـدا گۆشـکراوە. پاشـان خەڵکـی کۆیـە خۆیـان حـەز و هەوەسـیان بـە مەقـام و ئـاواز و گۆرانـی هاتـووە. هـەر لـە کۆنـەوەش کۆیـە مەڵبەنـدی شـیعر و ئەدەبیـات و زانسـت بـووە، خەڵکانێکـی زۆر هەبـوون کـە بایەخیـان بەچێـژی گۆرانـی و مۆسـیقا داوە. وەك ئەمیـن ئاغـای ئەختـەر کـە دیووەخانەکـەی بـۆ ئـەو بـوارە تەرخـان کـردووە و کۆڕەکانـی هەمیشـە پڕبـووە لـە دەنگبێـژ و خۆشـخوان و مەقامـزان، ئینجـا حەنێـل و سـەید حاجـی محەمـەدی گـەورە و سـێوە و مـەلا ئەسـعەد و فەقـێ کـۆرە و تایـەر تۆفیـق و حەمەدەمینـی عەبـاس و باقـی حـەلاق و عەبدولـلا ئیسـماعیل و شـەفیقی خەلـەف و ئیبراهیـم سـابیر و باکـووری و..و..و.

**دەڵێن گۆرانی (شلەو خانان) هینی ئەختەرە، تۆ چی دەڵێی؟**

وا دەڵێن.. بەڵام پێموایە ئەو گۆرانییە لە کۆیە دەسکاری کراوە و بووژاوەتەوە، بەڵام وشەکان و شێوەی ئاوازەکەی لەکۆیە نزیك نییە و زۆریش قورسە رەنگە لەمەهاباد و شوێنی ترەوە هاتبێ و لەکۆیە زاخدار بێ..

**ئەی کۆیە وەك سەنتەرێکی نێوان سۆران و بادینان، چ پێوەندییەکی بە شارەکانی تری کوردستانەوە هەبووە، بەتایبەتی لەسەردەمی تەمەنی خۆتدا؟**

بێگومان پێوەندیی لەگەڵ شارەکان هەبووە، بەتایبەتی سلێمانی. لەکاتی بوومەلەرزەکەی پێنجوێن و لافاوەکەی سلێمانی، تیپی مۆسیقا لە سلێمانییەوە هاتنە کۆیەو بە گەرمی پێشوازییان لێکراو ئاهەنگیان گێڕا و پیتاکیان کۆکردەوەو هەروا تیپی کۆیە و هونەرمەندان دەچوونە سلێمانی و شانۆگەری و ئاهەنگی گۆرانی و وەرزشیان لەوێ پێشکەش دەکرد. بەردەوامیش پێوەندیی توندی لەگەڵ شاری هەولێر و نووسەر و هونەرمەندانی هەبووە.

**ئەی رەخنە- بەڕای تۆ- بەشێکی گرنگ و تەواوکەری بەرهەمی داهێنەرانە یا وابەستەیە؟**

جارێ دەبێ رەخنە زانستیانە و بێلایەن بێ و دووربێ لە میزاجکاری و لە رق وتۆڵە وەرگرتن. رەخنەگریش دبەێ رۆشنبیر بێ و باکگراوەندێکی باشی لەبواری کۆمەڵایەتی و زانستی و ئەدەبیدا هەبێ لەقوتابخانەیەکی رەخنەییدا ستاری گرتبێ و بە ویژدانەوەش بەرهەمی داهێنەران هەڵسەنگێنێ.. بە هیچ شێوەیەکیش رەخنە پاشکۆی داهێنان نییە و هاوشانی داهێنانە و بگرە هەندێ جار پێش داهێنانیش دەکەوێ. داخەکەم نەبوونی رەخنەگری راست و رەخنیە ئەکادیمییانە وایکردووە لەبواری داهێنانیش دوا بکەوین.

**هەندێ جاریش مۆرکی بریندارکردن و تانە و هەراو زەنای تێدەکەوێ، پێتوانییە ئەمە پێوەندیی بە کێشەی حزبایەتی**

**تەسکەوە هەبێ، کە چ رەخنەگر و چ رەخنە لێگیراو غەدر لە یەکتر دەکەن؟**

تا رادەیەك ئەم دیاردەیە راستە، بەڵام هەموو دەمێك نا، چونکە دەمێنێتەوە سەر کەسی رەخنەگر و سەر ویژدانی خۆی و ئاستی تێگەیشتن و کامڵبوونی خۆی، ئەو رەخنەگرە ئەگەر خۆی لە بواری رەخنەگرتنەکەدا لێهاتووبێ، با بەرامبەرەکەی سەر بە حزبو ئایدیۆلۆژیای ئەویش نەبێ، بەڵام بە لۆژیك بەرهەمەکە هەڵدەسەنگێنێ.. ئەو رەخنەگرەی دەکەوێتە ناو موهاتەراتەوە ئەوە نە لە سیاسەتەکە و نە لە رەخنەکەش تێنەگەیشتووە، ئەگینا حزب و سیاسەت لەسەری فەرز ناکات بکەوێە نێو ئەو زەلکاوەوە و لە بنجیشدا رەخنە پرۆسەیەکە بۆ کاری داهێنان.

**کەواتە رەخنە کارێکی وابەستە نییە بۆ مەرامی حزبایەتی تەسك و سیاسەت؟**

ئەدەب جۆرێکە لە روخساری ژیان، ئەرکی ئەدەب خزمەتکردنی ژیانە، سیاسەتیش گوزارشت لە ژیان دەکا.. بەڕای من ئەدەب و سیاسەت جۆرە تێکەڵاوییەکیان هەیە، بەڵام نابێ مرۆڤی سیاسی، ئەگەر ئەدیب بوو، چوارچێوەی حزبایەتی و ئایدیۆلۆژیای خۆی بکاتە تەوقێك و لەگەردنی ئەدەبی بدا، ئەدیب دەبێ دوور بێ لە سنووری تەسکی حزبایەتی، هەرکەس لەو چوارچێوەیەدا ئەدەب خاتە کار، ئەوە ئەدەبەکەی نزم و رەق و وشك دەبێ.

**مامۆستا گۆران لەقۆناغێ لە قۆناغەکانیدا (هونەری بۆ هونەر) تەرخان کردبوو، ئەمەیان چۆن؟**

ئەوەی پێی وابێ هونەر بۆ هونەر بێ، ئەوە بۆ چینێکی تایبەتی دەنووسێ، برادەری وا هەیە شیعر بۆ خۆی و چەند کەسێ دەنووسێ و دەشڵێ: گرفتی من نییە جەماوەر تێم بگا یا نا.. سەیرە بەڕای من دەبێ ئەدەب لە خزمەتی زۆربەی جەماوەر دابێ.

مـن بێـم و بابەتێکـی ئەدەبـی بنووسـم و زۆربـەی زۆری میللەتەکـەم تێـی نـەگات، وا باشـترە هـەر بۆخۆمـی بنووسـم و بـڵاوی نەکەمـەوە و تەنیـا پێشـانی چەنـد کەسـێکی نزیـك خۆمـی بـدەم و بـەس..! مامۆسـتا گـۆران لەژێـر پاڵەپەسـتۆی هونــەر بــۆ هونــەر، ســەرکەوتنی لــە بــواری جوانــی و ئیســتینتیکای هونەریــدا هێنـاوە، ئەوانـی دیکەشـی کـە بـۆ میللەتـی نووسـیوە، ئـەوە لـە رووی سـوود و قازانـج گەیاندنـی کۆمەڵایەتییـەوە بایەخـی خـۆی هەیـە.

**مامۆسـتا گـۆران لای مامۆسـتا هـەردی و برادەرانـی وای درکانـدوە کـە پێـی چاکـتر بـووە خـۆی بـۆ ئەوجـۆرە شـیعرە جوانانـە تەرخـان بـکات نـەك بـۆ شـیعری بۆنـە و سیاسـیی و لاواز..؟**

ئامانـج گرنگـە، ئەگـەر حاجـی قـادر هـەر بـە نموونـە بهێنینـەوە ئـەوە ئـەو دوو جـۆرە شـیعرەی هەبـووە، پەیامێکـی بـۆ میللەتـە نەخوێنـدەوار و هەژارەکـەی هەبـووە. جـۆری دووەمیشـی هەیـە کـە بەنـدە بـە ئیسـتیتیکا و جوانییـەوە شـیعر دوو جـۆرە، یەکێکیـان بـۆ ئیسـتیتێکایە، بـەڵام پەیامەکـەی ناگەیەنـێ وەك ئـەوەی تـر کـە پەیامەکـەی دەگەیەنـێ.. ئەگـەر شـاعیر مەبەسـتی خزمەتکردنـی میللـەت بـێ، دەبـێ کەمێـك لەلایەنـی ئیسـتیتکایی بکاتـە قوربانـی..!

**نووســەری کــورد و گۆڕینــی سیســتەمی کۆمەڵایەتــی و چوونــە هەنــدەران؟**

مـن بـە شـتێکی راسـتی نازانـم، چونکـە مـرۆڤ لـە هـەر کۆمەڵگەیەکـدا بێـت، دەبـێ پەیوەسـتی ئـەو شـوێنە بـێ و لەشـین و شـاییدا بەشـدار بـێ، هەیـە دەڵـێ: تــا کوردســتان رزگار و ئــارام نەبــێ ناگەڕێمــەوە، دەبەخــوا ئــەو کەســە ئەگــەر لەناخۆشــییەکەی بەشــدار نەبــێ زۆر شــەرمە لــە خۆشــیدا بگەڕێتــەوە ســەر حــازری.. ئەوانــەی کــە رادەکــەن هەســتی نەتەوایەتییــان لاوازە، مــن پێموایــە هونەرمەنــدان و رۆشــنبیران لێــرە بمێننــەوە باشــترە. خــۆ ئەگــەر شــتێکیان بــەدڵ نییــە بــا هــەوڵ بــدەن بیگــۆڕن و جوانــتری بکــەن، راکــردن زیاتــر گرفتــەکان

قەبــە دەکات.. پێــش راپەڕیــن و لــە ڕۆژانــی زۆر ســەخت و دژواردا شــیوعییەك یــا پارتییــەك دەگیــرا، داوای پاکانەیــان لێدەکــرد. بــەڵام بــە هیــچ کلۆجێــك ســەری دانەدەوانــد و ئامــادە بــوو لــە ســێدارە بــدرێ، بــەڵام پاکانــە نــەکات و جوێــن بــە شــتە پیــرۆزەکان نــەدات.. ئێســتا کــەس ئــەو مەترسییەشــی لەســەر نییــە، کەچــی بــە زۆر بڕوبیانــووی ســەیر و ســەیرەوە روو لــە هەنــدەران دەکــەن، ئەمانــە- وەك گوتــم- هەســتی نیشــتمانپەروەری و ئاســتی بیرکردنەوەیــان نزمــە. دەبــێ رۆشــنبیران پێشــەنگی خۆراگــری بــن و لــە خزمــەت میللەتــی خۆیاندابــن و ئــەو بۆشــاییە مەعنەوییــە لایتاکــی کــورد پــڕ بکەنــەوە..!

**کورد ئەوەندەی باسی ماف دەکا، هێندە باسی ئەرك ناکا!!**

وایە، ئەو هەر دەڵێ: کاکە بێنە ناڵێ کاکە هانێ!

**ئــەی ئــەو هەمــوو بایەخدانــەت بــە وەرگێــڕان؟ ئــەی ژانەســەرەکانت لــەم بــوارە؟**

بــۆ هەمــوو میللەتێــك پێویســتە، ئــەو بەرهەمــە بەســوودانەی بیانییــان تــۆ بێــی و بیخەیتــە ســەر گەنجینــەی ئــەدەب و بەرهەمــی وڵاتــی خــۆت ئــەوە کارێکــی زۆر چاکــە.. جــاران پێــش راپەڕیــن نەمدەتوانــی بەرهەمێکــی خــۆم بەراشــکاوی بــڵاو بکەمــەوە، چونکــە کێشــەیان بــۆ دروســت دەکــردم، بــەڵام ئەگــەر وەرگێــڕان بوایــە ئــەوە ئــەو بــاج و گومرگــەی لەســەر نەبــوو، بڵاویــش دەکرایــەوە، خــۆ ئەگــەر قســەش بکردایــە دەتگــوت: هــی فیســارە نووســەری فڵانــە میللەتــە و و مــن نەمگوتــووە، بەمــەش هــەم خزمەتکێــت دەکــرد و هــەم ژانەسەریشــی بــۆ دروســت نەدەکــردی.. ئێســتا مــەرج ئەوەیــە چ وەردەگێــڕی و چ شــتێك بــە ســوودە و چ شــتێ بــێ ســوود..

**گــەڕەلاوژەی وەرگێــڕان؟ ئــەی ئەوانــەی دەڵێــن: گوایــە بــۆ ماوەیــەك لــە هەنــدەران مــاون و زمــان دەزانــن و یەکســەر دێــن وشــت وەردەگێــڕن.**

کاری وەرگێڕانـە، دەبـێ زۆر شـارەزای زمانەکـەی خـۆی بـێ، زۆریـش شـارەزای زمانەکـەی تـر بـێ. مـن بڕواناکـەم بـە سـاڵ و دوو سـاڵ کـەس بتوانـێ لـەدوای فێربوونـی زمانێـك دەقێکـی ئەدەبـی هـەروا بـە ئاسـانی وەرگێـڕێ، وەرگێـڕان هـەر بـە ختوخوڕایـی ناکـرێ و دەبـێ دەزگایەکـی پسـپۆڕ هەبـێ.. تـا ئێسـتا هەوڵـەکان تاکـە کەسـین، هەوڵـی تاکەکەسـیش وەك دەزگا نییـە، بـەڕای مـن دەبـێ ئـەو دەزگایـە هەبـێ و کارمەنـد و کەلوپەلـی خـۆی هەبـێ، بودجـەی خـۆی هەبـێ و سـەربەخۆش بـێ و بەرنامـەی داڕێـژراوی بـۆ دانرابـێ.

**ژمـارە بەراییەکانـی گۆڤـاری هەتـاو، کتێبەکـەی عەزیـزی شـەمزینیت وەردەگێـڕا و هــەر لەوێشــت بڵاودەکــردەوە، لــەم دواییــەدا ئــەو کتێبــە لــە سـلێمانی وەرگێـڕدراو بڵاوکرایــەوە، بــۆ بــەر لــە (٤٠) سـاڵ ئـەو پرۆژەیـەت تـەواو نەکـرد؟**

کـە عەزیـز شـەمزینی گەڕایـەوە بەغـدا، رۆژنامـەی خەبـات ئەڵقـە بـە ئەڵقـە دکتۆرانامەکـەی بڵاودەکـردەوە. ئێمـەی لاوانـی کوردسـتان لـەلای مامۆسـتا گێـوی موکریانـی گۆشـەیەکمان وەرگـرت و بەسەرپەرشـتی خـۆم.. هـەر ژمـارەی شـتێکمان دەنووسـی، کـە خەبـات ئـەو دکتۆرانامەیـەی بڵاودەکـردەوە.. مـن یەکسـەر وەرمدەگێڕایـە سـەر زمانـی کـوردی و لـە هەتـاودا بـڵاوم دەکـردەوە، بـەڵام کـە خەبـات لـە بڵاوکردنـەوەی وەسـتا، منیـش وەسـتام و پرۆژەکـەش راوەسـتا..!

**بۆت بلوابا، چ شاکارێکی جیهانیت دەکردە کوردی؟**

بەرهەمەکانـی شکسـپیر و ت-س- ئیلیـەت و تۆڵسـتۆی و یەشـار کەمـال، چونکـە بەراسـتی ئـەوە دەهێنـن پیـاو خۆیـان پێـوە مانـدوو بـکات.

**ئەی بزاڤی شیعر و چیرۆك و رۆمان بەر لە راپەڕین؟**

راپەڕیـن ئێمـە پێویسـتمان بـە ئەدەبـی بەرهەڵسـتکاری هەبـوو، پێویسـتیمان بـە ئەدەبێـك هەبـوو پـەردە لـە رووی شـتە دزێـوەکان داماڵـێ، کەچـی دوای راپەڕیـن پێویسـتیمان بـە ئەدەبـی بنیـاد نـان و ئاوەدانکردنـەوە هەیـە.. پێـش

راپەڕیــن خاوبوونــەوە و هەرچەنــد ئێســتاکە خەریکــە جموجۆڵــی رۆشــنبیری رەوڕەوەکــەی خێراتــر دەبــێ و پــەرە دەســتێنێ.

**رۆژنامەگەری و بزاڤی مۆسیقایی؟**

پێــش راپەڕیــن ژیانــی رۆژنامەگــەری لاواز بــوو، بــەڵام ئێســتا زۆر بەرفراوانــە، مۆســیقاش ئەگەرچــی هەتــا ئێســتا نەگەیشــتۆتە ئاســتی پێــش راپەڕیــن، بــەڵام هەنــدێ بەرهەمــی جــوان هــەن، ئەگــەر ئەوانــی تــر بــەراورد بکرێــن بــە هــی پێــش راپەڕیــن، ئــەوە دەڵێــم بــە داخــەوە ســفرن..!

**تــۆ ســەر پشــك بــی، چ شــاکارێك لــە ئەدەبــی کــوردی هەڵدەبژێــری تــا وەربگێڕێتــە ســەر زمانێکــی ئەوروپایــی؟**

مـەم و زیـن و کاریتـەی یەشـار کەمـال، حەمـەدۆك و پایـزە خەونـی مـەم و قـەڵای دمـدم و شـیعرەکانی حاجـی و گـۆران و هەنـدێ لـە چیرۆکەکانـی حوسـێن عارف.

**پێـــت وایـــە تـــا چ رادەیـــەك ئەدیبـــی رۆژنامەنـــووس دەتوانـــێ بۆشـــایی نێـــو بزاڤـــی رۆژنامەگـــەری پـــڕ بکاتـــەوە؟ ئـــەی ئەدیبـــی رۆژنامەنـــووس و رۆژنامەنووســـی ئەدیـــب؟**

دەبــێ هەمــوو رۆژنامەنووســێك تــا رادەیــەك ئەدیــب بــێ، بــەڵام مــەرج نییــە هەمــوو ئەدیبێــك رۆژنامەنــووس بــێ، پێموایــە لەبــەر ئــەوەی ئێســتا ئەدیبــان لەبــەر ئــەوەی ئێســتا ئەدیبــان کاری رۆژنامەنووســی دەکــەن، هەموویــان ســەرکەوتوو نیــن، ئێمــە رۆژنامەنووســی پســپۆرمان کەمــە، کــە ئــەو پســپۆرییە هەبــێ، ئــەوە ئــەو پاشــاگەردانییە نامێنــێ، لــەو باوەڕەشــدام ئەگــەر رۆژنامەنــووس زمانــی ئــەدەب نەزانــێ و رۆشنبیرییەکەشــی لاواز بــێ، نابێتــە رۆژنامەنــووس، زۆر ئەدیبــی دەســباڵاش هــەن کەچــی رۆژنامەنــووس نیــن..!

**لــە هــەر ســێ شــارەکەی کوردســتان نزیکــەی (١٥٠) گۆڤــار و رۆژنامــە لەکایــە دایــە، ئەمــەش وایکــردووە تواناکان پــەرت بــن، بــۆ ئــەو زۆری و بۆرییــە چیــت پێیــە؟**

راستە زیاد لە پێویست ئەو زۆری و بۆرییە هەیە، دەشبێ لە بێژینگ بدرێ و ئەوەی رەسەنە و خۆی چەسپاندووە و بواری مانەوە و ژیانی هەیە با بمێنێتەوە.. هیوادارین ئەو هەموو ئەرك و كار و پارە و توانا و ئامێرە بە فیرۆ نەڕوات و چارەیەكی زانستییانەش بۆ ئەو زۆری و بۆرییە نا هەموارە بێتە دی.

**چی بێزارت دەكات و بێزت لە چ دیاردەیەكی ناشیرینی نێوان ئەدیبان و هونەرمەندان دەبێتەوە؟**

یەكتر شكاندن و تانەو تەشەر و سووكایەتی بەیەكتر كردن. خەڵكانێكی دڵسۆزیش هەن بەردەوام و بێدەنگ لە خزمەتی میللەت و وشە و هونەردان..!

**زۆری و بۆری TV و رادیۆكان لەكوردستان؟**

كێشەی پێشووی رۆژنامەگەرییە و دەشێ چارەیەكی بۆ بدۆزرێتەوە!

**یاسایەك بۆ پاراستنی زمانی شیرینی كوردی؟**

یاسایەك تەنیا بەس نییە، دەبێ بە دواداچوون و سەرپەرشتیار هەبێ و لایەنی پێوەندیدار بە زمان و خوێندن و بوارەكانی تایبەت بە رۆشنبیری ئەو یاسایە دابڕژێن، دەبێ رۆژنامە و گۆڤارەكانیش لێژنەی زمانیان هەبێ، هەروا رادیۆ و تەلەڤزیۆن و كەناڵەكانی ئاسمانی.. پاراستنی زمان پاراستنی نەتەوەیە.

**ئێستا شاكارە كولتوورییەكانمان لێكۆڵینەوەی باشی سایكۆلۆژی وكۆمەڵایەتی و هونەریی و خوێندنەوەی بونیادگەرییان لەسەر نەكراوە، تۆ بڵێی وەختی نەهاتبێ؟**

بەڵگەنامە و كەلەپوور وەك خۆیان بمێننەوەو ئینجا خوێندنەوەی نوێیان بۆ بكرێ، ئێستا چەند هەوڵێك لە ئارادان، چەند خوێندنەوەیەكی نوێ خەریكە سەرهەڵبدەن، بایەخدان بەم لایەنە زۆر شتی تازەمان بۆ دەردەخا، دەبێ زانكۆ و مامۆستا و پرۆفیسۆرەكان كە پسپۆرن ئەو كارە بە نرخە بگرنە ئەستۆ و بە لێكۆڵینەوەی ئەكادیمییانە ئەو شاكارانەمان بۆ شیبكەنەوە.

**زانکـۆ لـە کۆمـەڵ دابـڕاوە و لـە بورجـی شانشـین دەژی، تـۆ رات چییـە؟**

زانکـۆ لـەو بورجـە دابـەزێ و ببێتـە ناوەندێـك بـۆ بوژاندنـەوەی زۆربـەی زۆری بوارەکانـی رووناکبیـری، زۆر شـت هەیـە بـە زانکـۆ دەکـرێ، چونکـە زانکـۆ چرایـە و تیشـکەکەی کۆمـەڵ رۆشـن دەکاتـەوە، پێویسـتە زانکـۆ لـە هەمـوو بوارەکانـدا بەشـدار بـێ و لـە هەمـوو لقەکانـی زانسـت و زانیاریـدا بناغـەی پتـەو دابنـێ.. ئێسـتا جموجۆڵێکـی لـەو چەشـنە لەکایـە دایـە و مایـەی هیـواو نیـازە.

**بۆ رۆشنبیری کورد بێ دەسەڵاتە؟**

زۆریـش بـێ دەسـەڵاتە، بـەڕای مـن دەبـێ خـۆی دەسـەڵات بۆخـۆی پەیـدا بـکا، بـەڵام کـە هەڵـدێ ئـەوە خـۆی واز لـە دسـەڵاتی خـۆی دەهێنـێ.

دەسـەڵات بـە دڵسـۆزی و خزمەتکـردن و کـردەوە دروسـت دەبـێ، بـە بەرهـەم و کار دەچەسـپێ، ئەگـەر مـن کـردەوە و کاری دڵسـۆزانەم نەبـێ، هەزارجاریـش هـاوار بکـەم کـەس گوێـم لێناگـرێ!

**ئـەی کاتـی ئـەوە نەهاتـووە، رۆشـنبیری کـورد لـە داڕشـتنی بڕیـارە چارەنووسسـازەکاندا بەشـداربێ؟**

بەڵـێ هاتـووە، بـەڵام کەموکوڕییـەك لـە رۆشـنبیرەکەدایە، مـرۆڤ خـۆی چاکـەی پێدەکـرێ و هەروەهـا خراپـەش.

**باشـە ئـەی چـۆن کەڵکـت لـە زمانـی ئینگلیـزی وەرگرتـووە، بەتایبەتـی لـە بـواری رۆشـنبیریدا؟**

تـا رادەیـەك کەڵکـم لێوەرگرتـووە، یەکـەم قوتابیانـم فێـری ئـەو زمانـە کـردووە و دووەم بـۆ پێوەنـدی کـردن لەگـەڵ خەڵکانـی دەرەوە، بەتایبەتـی شـاندەکاین دوای شۆڕشـی (١٤)ی تەمـوزو پـاش راپەڕیـن کـە لـە ئەوروپـاوە دەهاتنـە کوردسـتان و بەهـەردوو زمـان مـن بوومـە وەرگێڕیـان. ئـەو (٤) کەسـەی لەچیکۆسـلۆڤاکیاوە هاتبـوون گەشـتێکیان بـە کوردسـتاندا کـرد کـە نزیکـەی (٢٠)ی رۆژی خایانـد

و مــن وەك زمانــزان و چاوســاغ لەگەڵیاندابــووم، زۆربــەی شــار و شــارۆچکەمان بەســەردەکردەوە و بــە کامێــرا و ڤیدیــۆ وێنەیــان دەگــرت و شــەوانەش شــتیان دەنووســی و پێوەندییــان بــە دامودەزگاکانــی وڵاتــی خۆیانــەوە دەکــرد.

ئــەو زمانــە زۆر بەکەڵکــم هــات تــا بارودۆخــی کوردســتان و کوردیــان تێبگەیەنــم، مــن وەك کادیرێکــی (پ.د.ك) زۆر شــتم لەمبارەیــەوە لەگەڵیــان ئەنجامـدا، یـەك لەوانـە بـۆ منـی نووسـیبوو، کـە ئەندامـی ئەکادیمیـای پـراگ بـوو نووسـەرێکی باشـیش بـوو گوتبـووی (حکومـەت داوای لێکـردووم ببمـە نوێنـەری وڵاتەکـەم لـە (UN) بـەڵام مـن رەفـزم کـردەوە، هـەروا حکومـەت داوی لێـم کـردووە ببمـە باڵیـۆزی چیـك لـە بەریتانیـا، بـەڵام دیسـان رەتـم کردۆتـەوە، بەڵێـن دەدەم ئەگـەر کوردسـتان ئـازاد بـێ، دەبـێ ببمـە باڵیـۆزی وڵاتەکـەم لـە وڵاتەکـەی ئێـوەدا) سـەرباری ئـەوەش کەڵکـی باشـم لـەو زمانـە دیـوە و هەرچیـم پێکـراوە وەرمگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی و بەمـەش خزمەتێکـم نوانـدووە.

**ئەی یادگاری و دۆستایەتیت لەگەڵ نووسەر و شاعیرانی کورد؟**

پێوەنـدی دوور بـە دوورم بەمـەلا محەمـەدی کۆیـی و دڵدارەوەهەبـوو، لەگـەڵ کاك عەونـی کـە هـەم خـزم و هـەم خـەزوورم بـوو، هـەروا لەگـەڵ شـاکر فەتـاح و عومــەر عەبدولرەحیــم و هــەردی و هــەروری و هــەژار و هێمــن و قاســملۆ و شـکور مسـتەفا و حیسـامی و مەدهـۆش و شـێخ مارفـی بەرزنجـی و شـێخ رەئووفـی خانەقـا و نەریـمان و دیـلان و کامـەران و ئیسـماعیل عـارف و جەمیـل رۆژبەیانـی و عســمان ســەعید و کەریــم زەنــد و عومــەر عەلــی ئەمیــن و محەمەدئەمیــن عوسـمان و سـەلاح سـەعدوللا و چەندانـی تریـش.. تایـەر سـادق و سـادق ئامێـدی و ئیبراهیــم ئەحمــەد و ســاڵح یوســفی و گێــوی موکریانــی دۆســتایەتیم هەبــوو.. بەبیـرم دێ جـاران نازنـاوم (حـەداد) بـوو مامۆسـتا گیـو کـردی بـە (ئاسـنگەر).

عەونـی شـیعری خـۆی بـۆ دەخوێندمـەوە پێـش ئـەوەی بـۆ بڵاکردنـەوەی بنێـرێ، مــن پاکنووســم دەکردنــەوەو دەمدایــە گۆڤــاری کاروان، لــە دوو کــۆڕی گرنــگ

بەشداربووم، کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە و لە کۆڕی نووسەرانی کورد لە ساڵی ١٩٧٠ لە بەغدا کە وتاری لقی هەولێرم تێدا خوێندەوە و لەهەر دووکیشیاندا خەم کوڕەکەم دەگێڕا. فوئاد ئەحمەد شیعرێکی منی ناوی (ئەمیرەکەم) بە گۆرانی گوتوو، کە مەبەستم کوردستانە نەك ئافرەت.

**ئەی بزاڤی شانۆیی لە کۆیەی جارانی خۆت و پێش خۆت؟**

پێش خۆم لە زاری عەونی و عومەری مام عەولاّم بیستوە کە بزاڤی نمایش لە بیستەکانەوە لە کۆیە هەبوە، کاك عومەر دەیگوت: ئێمە (کچی کوردستان) و (نیرۆن)مان نمایش کردووە و دەورەکەش حەمەرەشی برای ئەحمەد حەویز نواندوویەتی، هەروا رۆستەم حەویزی بەشداریی تێدا کردووە، هەروەها (فی سبیل التاج) یان تەرجەمە کردووە و جەلال حەوێزی لەگەڵ مەلا حەویز قۆچان دەوریا تێدا دیوە. لە زەمانی من لە چایخانەی سەعیدی مەلا ئەحمەد، چایخانە گەورەکەی جێگای رۆشنبیری و سیاسەت و ئەدەب و نمایش بوو، شەوانی هاوین لەجێی دادگای ئێستای کۆیە تیپی شانۆیی هەبو نمایشیان دەکرد و خەڵك دادەنیشتن و پارەیان دەدا تا نمایشەکە ببینن، تۆفیقە شەلی بەیتار یەك لەو نمایشسازانە بوو، چەندین شەو ئەو نمایشەیان دووبارە دەکردەوە، کە لافاوکەی سلێمانی و بوومەلەرزەکەی پێنجوێن روویدا، تیپی نمایشی سلێمانی هاتنە کۆیە و بەو نمایشە پیتاکیان کۆکردەوە، ئەمەو شانۆگەری (کاوەی ئاسنگەر و ئەژدەهاك) لە نەورۆزی ساڵی (١٩٤٥) لە شاخی مشکەو هەروەها (گوڵی خوێناوی) گۆران بە بەشداری جەمال کەریم و عارف رەئووف و جەمیل شەرەف و خوشکە لوتفییە عەبدولقادر لە تاتووکان پێشکەش کرد. لە نەورۆزی (١٩٤٧) جارێکی تریش شانۆی کاوەی ئاسنگەری لەگەڵ نمایشی کۆمێدی (لێم لادەن) لەلایەن ئەکرەم عەبدولباقی و مەغدید گچکەڵ لەگۆڕەپانی یاریگای قوتابخانەی ناوەندیی کۆیە، بەداخەوە ساڵەکەیم لەبیر نەماوە.

**ئەی جووڵانەوەی شێوەکاری لە کۆیەدا؟**

زۆر گەرم بوو، لەوانەی کە دیارن، دڵشاد مەجید و هونەری عەبدولتەها کەکاری دەستی وردەکاری هەبوو، هەروا فازیل شەوڕۆ کە لەسەر دارودرەخت و کەو و کەمان و عوود نیگاری وردی دەکێشا. کە مامۆستا جابیر پیرداودیش هاتە کۆیە گوڕتینێکی دایە ئەو جووڵانەوەیە، هەروا جەواد رەسوڵ و رەهبەر جەلال و رۆستەم ئاغەلەش.

**بۆشاییەك لە نێو ئەدەبی کوردی بەتایبەتی و رۆشنبیری بەگشتی هەیە، ئەویش خۆ دوورخستنەوەیە لە فیکر و فەلسەفە، بەڕای تۆ ئەو بۆشاییە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

ئەگەر ئەدەب لە فیکر و فەلسەفە دابڕا ئەدەب نییە، کرچ و کاڵ دەبێ، ئەدەب دەبێ ئاوێتەی فیکر و فەلسەفە بێ، دوژمنانی میللەتی ئێمە کۆسپی زۆریان لە بەردەم نووسەر و رۆشنبیرانی ئێمە داناوە، تا مرۆڤی کورد لە فیکر و فەلسەفەدابڕن. ئێستا لەم کەشو هەوای ئازادییەدا دەبێ بە وردی و بە شێنەیی ئاوڕ لەم دیاردەیە بدرێتەوە.

**ئەی مافی ئافرەت؟ کام ماف؟**

دەبێ هەموو مافێکی هەبێ، جگە لەو مافانەی نابێ لە سنووری دابونەریتی کوردەواری دەربچێ، مافێك بێ بە زیانی خۆی و کۆمەڵ نەگەڕێتەوە. من لەگەڵ ئەوەدام ئافرەت لەنووسین و دەسەڵات بەشداریی پیاو بکا، بەڵام لەگەڵ ئەوئافرەتانە نیم کە دەڵێن چۆن پیاو لە هەمو شتێ سەربەستە ئێمەش ئاوا سەربەست بین، ئەمەیان لاسایی کردنەوەی رۆژئاوایە!

**چ پێشنیارێکت بۆ شاعیرە لاوەکان هەیە؟**

نابێ لاوەکان خۆیان لە پاشخانی خۆمان دابڕن، دەبێ هەردوو جەمسەری رەسەنایەتی و هاوچەرخیەتی بەیەکەوە ببەستنەوە..!

**ئەی دوو پەندی کوردی و پەندێکی ئینگلیزی؟**

هەرچــی ســمێڵی ســووربێ هەمزاغــا نییــە، کــوڕی خــۆت بــە قوربانــی کچــی خەڵکــی مەکــە.. ئینگلیزیــش دەڵــێ (چ خۆرئــاوا و چ خۆرهــەڵات گرنــگ نییــە، وڵاتــی خــۆت شــیرینترە).

**ئەمانە بەیەك راستە:**

ئۆمەر خۆچان: مەڵبەندی سروشتی شاعیران و ژوانگەی عاشقان.

کامکاران: نوێنەری ئاواز و گۆرانی رەسەنی کوردی.

ئەختــەر: شاســوار و میــری هونــەری ســەردەمی خــۆی و گوڵــی گەشــاوەی دیوەخانــی بــەزم و ئــاواز و گۆرانــی.

بیتهۆڤن: پەیامبەری مۆسیقای کلاسیکی:

چنارۆك: هەوارگەی جەلیزادان و جێژوانی دڵداران و سەیرانگەی بەهاران.

زیندان: هێمای سزادان.

خەیام: زانا و شاعیر و فەیلەسووف.

سەما: گوزارشتی رۆح.

نەورۆز: لەدایکبوونەوە.

گلۆبالیزم: بەزاندنی سنوورەکان.

شێخ رەزا: دەریایەکی بێ بنی داشۆرین و بێ ترس و بوێر.

پەچەو عەبا: پەردەپۆشکردنی جوانی و هێمای سەردەمێکی بەسەرچوو.

شەرم: کۆسپ و ئاستەنگ.

ڤان کۆخ: دیوانەی شێوەکاران.

ئەللاوەیسی: لووتکەی مەقامی کوردی.

مارکس: گەورەترین بیریاری سەردەمی خۆی.

کارێکاتێر: چەکی هونەری سادە و بە بڕشتی دژی دیاردە دزێوەکان.

مەجید ئاسنگەر: خزمەتکاری کورد و کوردستان.

رامان: چاکترین گۆڤار لەسەرانسەری نیشتمان.

# دیمانە لەگەڵ ڕۆژنامەی برایەتی

**مەجید ئاسنگەر کێیە؟**

ساڵی (١٩٣٢) لە گەڕەکی بەفریقەندی شاری کۆیە لەدایک بووە. لە ساڵی (١٩٤٧) بەدواوە لە گەڵ (پارتی)دا تێکەڵاوی هەبووە. (١٩٥٥) بە پلەی یەکەم لە بەشی زمانی ئینگلیزی لە کۆلیژی پەروەردە کە ئەوسا نێوی (دارالمعلمین العالیە) بوو لە بەغدا دەرچووە. بڕوانامەی (لێسانس)ی پێدراوە و لە قوتابخانەی دواناوەندی هەولێر بە (مدرس) دامەزرێنراوە. (١٩٥٦) بەهۆی سیاسەتەوە گوێزراوەتەوە (موسڵ). (١٩٦٠) لەسەر (پارتایەتی) گیراوە و نێردراوەتەوە (بەندیخانەی بەسرا) و دوای ئازادکردنی بۆ ماوەی ٤ ساڵ ڕێگەیان نەداوە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و تا کۆتایی (١٩٦٤) بە نەفیکراوی

و دەستبەسەری لە قەزای (سوێرە)ی سەر بە پارێزگای (کوت) مامۆستا بووە. (ساڵی ١٩٧٤) بەشداریی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی کردووە و لەناوچە ئازادکراوەکانی (مشرف اختصاصی) بووە. دوای نسکۆ کراوەتەوە بە مامۆستا و دواتر بەڕێوەبەر. (ساڵی ١٩٨٥) لەبەر فشاری میری و نزیک نەبوونەوە لە دارودەستەکانی حزبی بەعس خۆی خانەنشین کردووە، پاش ئەوەی (٣٠) ساڵ لەهەولێر و موسڵ و سوێرە و کۆیە وەک مامۆستای ئینگلیزی و بەڕێوەبەری قوتابخانەی دواناوەندیی و خانەی مامۆستایانی سەرەتایی و ئامادەیی کشتوکاڵ و پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان خزمەتی پەروەردەی کردووە. ئێستاش ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستانە.

**جاران بەشیعری گۆرانیی ئێوەمان دەناسی، بۆ دەستتان لە شیعر هەڵگرتووە؟**

هەموو شت لە ژیاندا (قابیلی)گۆڕانکارییە، دەنگە ڕەسەنەکانی (خاڵەتایەر)ی نەمر و (فوئاد ئەحمەد)ی دووره وڵات و تاڕادەیەکیش (باکووری) لە ئارادا نەماون هانم بدەن و ئەو تام و چێژەی جاران (شیعر)پێمی دەبەخشی ئێستێ کەم بۆتەوە و قۆناغەکانیش چ تەمەن و چ کۆمەڵایەتی لێکدی جودان.

**ئێستا تینوویەتی خۆتان بە چی دەشکێنن؟**

زێتر بە خوێندنەوە و کەمتریش بە نووسین.

**بۆ تا ئێستا هیچ بەرهەمێکی چاپکراوتان نییە؟**

ئۆباڵ وەئەستۆی زەمانە (ڕۆژگار) و بێگومان خەمساردیی و کەمتەرخەمیی و گوێپێنەدانی خۆیشم، تا ڕادەیەک دەوریان بینیوە!

**ئەو لەسەرخۆییەت لەبەرهەمدا، زەرەرت پێ ناگەیەنێ؟**

بـە پێچەوانـەوە، پێموایـە (لەسـەرخۆیی) گـەر زیانیشـم پێبگەیەنـێ، هـەر (سـوود)ی لـە (زەرەری) زیاتـر بێـت. پەلەکـردن ئەوەنـدە پەسـەند نییـە!

**ئـەو شـیعرانەی بـە شـیعری (طلیعـی) ناودەبرێـت چۆنیـان دەنرخێنـێ؟**

بەگشـتی بەرهەمـی ئەدەبـی هـەر قۆناغێـک و لەهـەر بوارێکـدا شـتهای (چـاک) و (زۆرچاک)یشـی تیایـە کـە مایـەی بایـەخ پێـدان و هەڵسـەنگاندن و شـیاوی شـانازیی پێوەکردنـن. لـە هەمانکاتـدا بەرهەمـی (کـرچ و کاڵ) و (زۆر لاواز)یشـی تێـدا دەبـێ کـە ئەمـە ناهێنـێ خۆتـی پێـوە ماندووکەیـت. جـا، ئەوەشـی پێـی دەگوتـرێ (شـیعری طلیعـی) ناوبەنـاو (دەقـی نایـاب و دانسـقە) دێنێتـە ئـاراوە، ئەگەرچـی زۆر بـە دەگمـەن.

**چی دەخوێنیتەوە؟**

لەپـاڵ خوێندنـەوەی بەردەوامـی ڕۆژانـەی زۆربـەی (ڕۆژنامـە و گۆڤـارەکان) دا لێـرەو لەوێـش (کتێـب) پەیـدا دەکـەم و بـە تاسـووقەوە (بـەڵام لەسـەرەخۆ) دەیانخوێنمـەوە. بەنموونـە لـەم چەنـد مانگـەی دواییـدا ئـەم کتێبانـەم خوێندوونەتـەوە. (بدرخانیـو جزیـرة بوتـان- وەرگێڕانـی مامۆسـتا شـکور مسـتەفا، لیـس لنـا اصدقـاء سـوی الجبـال- وەرگێڕانـی عەبدولسـەلام نوعـمان، أمـة فـی شـقاق (جوناتـان ڕانـدل)، جـزء مـن مذکـراتي (داود باغسـاني)، چێشـتی مجێـوری (مـام هـەژار)، کـورد دوژمنـت بناسـە (ڕەفیـق پشـدەری)، ئاگـری بـن کا (مامۆسـتا سـەعید نـاکام)، دارەکـەی ماوەرانـی (مومتـاز حەیـدەری). ئەمانـە سـەرەڕای چەنـد دیوانـە شـیعرێکی تـازە چاپکـراوی کـوردی.. ئێسـتەش بەشـی یەکەمـی ڕۆماننووسـی کـوردی (یەشـار کەمـاڵ) بەنێـوی (کاریتـە یـا ئـەو دیـوی چیـا)

وەرگێڕانــی مامۆســتای بــە توانــا و قەڵــەم بــە بڕشــت (شــکور مســتەفا)م لــە دەســتایە بــۆ دووەمیــن جــار دەیخوێنمــەوە.

**پڕۆژەیەک هەیە خەونی پێوە ببینی؟**

بەڵێ ئەگەر بۆم بلوێ پوختەی بەرهەمەکانم بە چاپ بگەیەنم.

**خەریکی چیت؟**

١- وەکو مرۆڤ: پێچەوانەوەی لاپەڕەکانی ڕۆژگار (ژیان).

٢- وەکــو ڕۆشــنبیرێک: خوێندنــەوە و نووســین و بەشــداریکردنی زۆربــەی کۆڕوکۆبوونــەوە ئەدەبــی و گشــتییەکان.

٣- وەکو فەرمان: دەوامی ڕۆژانەی پەرلەمانی کوردستان.

**دەڵێــن لــە زمانــی ئینگلیزیــدا باڵادەســتیت، بــۆ کــەم لــەم بــوارەدا دەرکەوتــوون؟**

ئــەوەی ڕاســتی بێــت بەپێــی دەرفــەت لــەم بــوارەدا بەرهەمــم بــووە بەتایبەتــی لــە ژانــری چیــرۆک و شــانۆنامەدا و کاتــی خــۆی بــەر لــە ڕاپەڕیــن زۆربەیــان لــە ڕۆژنامــە و گۆڤارەکانــدا بڵاوکراونەتــەوە. لەوانەیــە ئێــوەی بەڕێــز چاوتــان پێیــان نەکەوتبــێ. لەتــەک ئەوانەیشــدا چەنــد (کتێب)ێکــم لــە ئینگلیزییــەوە ڕاســتەوخۆ بــۆ ســەر زمانــی کوردیــی وەرگێــڕاون کــە تاکــو ئێســتا بــە چــاپ نەگەیشــتوون و بڵاونەکراونەتــەوە و تیشــکی ڕووناکیــان بەرنەکەوتــووە، وەک ئەمانــەی خــوارەوە:

١- بەندی (یان زیندانیی) زیندە- داستانێکی کۆمەڵایەتی و سوارچاکییە.

٢- لــە پێنــاوی ســەرکەوتنا (یــا چەنــد هەڵــەی شــەوێک) شــانۆییەکی کۆمەڵایەتــی کۆمیدییــە.

٣- تۆنــگ تســۆن جــۆی - پاڵەوانێکــی نەمــر، مێــژووی داســتانی شۆڕشــی

ڕزگاریخــوازی چینــی میللــی و ســەرکەوتنیان بــە ڕێنمایــی حزبــی کۆمۆنیســت و ســەرکردایەتی (ماوتســی تۆنــگ) بەســەر ژاپۆنــی داگیرکــەر و تاقمەکــەی (شــان کایشــک)دا دەگێڕێتــەوە.

٤- شــانۆنامەی (ڕزگار و جیهــان). ئەمــەش مشــتێ لــە خەروارێکــە سوپاســتان دەکــەم بــۆ ئــەم بەســەرکردنەوەیەتان. هــەر ســەرکەتوو بــن.

# دیمانە لەگەڵ ئاسۆی پەروەردەیی

## بەسەرکردنەوەی مامۆستا پێشەنگەکانی کوردستان مامۆستا مەجید ئەحمەد ئاسنگەر

ئاسۆی پەروەردەیی ژمارە (٤٠) شوباتی ٢٠٠١

بوێژ و شاعیر و نووسەر و مێژووزان مامۆستا مەجید ئاسنگەری بەڕێز بەپێی تۆمار و ڕەسمیاتی ناسنامە لە ساڵی ١٩٣٢ لە شاری کۆیەی خۆشەویست شاری شاعیر و بوێژان، شاری حاجی قادر و قاصد و ئەختەر و مەلا عەبدوللا و مەلا محەمەدی جەلیزادە و چەندان ئەدیب و ڕەندی دیکە، لە گەڕەکی بەفریقەندی بۆ یەکەمجار چاوی بە دیمەنی ڕازاوەکانی کوردستان هەڵێناوە. لە خانەوادەیەکی کاسبکاردا پەورەردە بووە و قۆناغەکانی خوێندنی دەکەوێتە نێوان ساڵانی ١٩٣٩ تا ١٩٥٥ی زایینی.

مامۆستا ئاسنگەر دەڵێ: کە قۆناغی سەرەتاییم تەواو کرد چووم بۆ قوتابخانەی ناوەندی کۆیە، لەبیرمە ژمارەی قوتابیانی ئەو ناوەندییە تەنها ٤٧

*قوتابـی بـوون بـە هـەر سـێ پۆلییـەوە.*

**ئایـا تاقیکردنـەوەی وەزاری لـەو قۆناغـەدا لـە کۆیـە ئەنجـام دەدرا؟ یـان لـە شـوێنێکی دیکـە؟**

لـە سـاڵی سـێیەم واتـە (پۆلـی سـێیەمی ناوەنـدی) بـۆ تاقیکردنـەوە، ئێمەیـان هێنـا بـۆ هەولێـر، ئێمـە لەهۆڵـی قوتابخانـەی دواناوەنـدی هەولێـر "امتحـان" دەکرایـن، لـە گـەڵ ئێمـەش قوتابیانـی دواناوەنـدی (امتحـان) دەکـران کـە ئـەوکات تـا پۆلـی پێنجـەم بـوو، لـە پۆلـی چـوارەم دەبـوون بـە (چوارەمـی ئەدەبـی (وێژەیـی) یاخـود چوارەمـی زانسـتی، پۆلـی شەشـەمی ئامادەیـی کۆتایـی سـاڵانی شەسـتەکان، پەیـڕەو پرۆگرامـی بـۆ دانـرا. ئـەو قوتابخانەیـەش کـە ئێمـە ئیمتحانمـان تێیـدا ئەنجامـدا، ئێسـتا شـوێنی پارێـزگای هەولێـرە، یادگارییەکـی خۆشـە بەلامـەوە کـە ئێمـە لـەو سـاڵەدا کـە هاتبوویـن بـۆ تاقیکردنـەوە مامۆسـتایەکمان کەنـاوی عەبدولسـاحب حـەداد بـوو گەشـتێکی پێکردیـن بـۆ شـەقڵاوە و عەنـکاوە و چەنـد شـوێنی دیکـە، عەنـکاوە ئـەوکات گوندێـک بـوو سـەرچاوەی ئـاوی هەبـوو، ئێمەیـان بـرد بـۆ سـەرچاوەکە، ئاوێکـی جـوان و سـازگاری بـوو.

**دوای قۆناغی ناوەندی؟**

لـە کۆیـە ئامادەیـی نەبـوو بـۆ پۆلـی چـوار و پێنجـم هاتـم بـۆ هەولێـر بەشـی وێژەییـم تـەواو کـرد بـە پلـەی یەکـەم دەرچـووم لـە سـاڵی ١٩٤٩-١٩٥٠.
لـە دوای بڕینـی قۆناغـی ئامادەیـی بەشـی وێژەیـی لەسـەر بڕیـاری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کەمـن ئەوکاتـە لەنێـو شـانەکانیدا کارم دەکـرد بڕیـار وادرا کـەوا سـاڵێک واز لـە خوێنـدن بێنـم بـۆ کاری حزبـی. لـە کۆیـە کارم دەکـرد لـەو سـەردەمەدا بەڕێـز مامۆسـتا عەلـی عەبدولـلا بەرپـرس و سەرپەرشـتیاری ناوچـەی کۆیـە بـوو.

لەو ساڵەدا کە لە خوێندن پشوومدا، من هەر بەردەوام لە خوێندنەوەی شتی بەسوود ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە و نووسراوانەی وەدەست دەکەوتن دەمخوێندنەوە، هەروەها چەند کتێبێکیش و خۆم بە نووسین خەریک دەکرد ئیتر سوودم زۆر وەرگرت بەتایبەت لە ڕۆژنامەی (صوت الأهالی) کە لە بەغدا "کامل چادرچی" دەری دەکرد. ئەو ڕۆژنامەیە زمان حاڵی (الحزب الوطنی الدیمقراطی) بوو. نووسین و مەقالات و سەروتاری بەپێزی تێدابوو، من ڕاسپێردرابووم کە هەر جارە مەقالەیەک وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی و بەسەر خوێندەوارانی دابەشمەوە.

**مامۆستا خوێندنی باڵات لە کوێ بوو؟ چۆن؟**

دوای ئەو پشووە کە ساڵێکی خایاند سەرلەنوێ قۆڵم لێ هەڵماڵییەوە چووم بۆ بەغدا، لە "دارالمعلمین العالیە" واتە کۆلیژی پەروەردە لە بەشی ئینگلیزی "امتحان"یان کردم من لەو قوتابیانە بووم کە لە پێشەوە ناوم دەرچوو وەرگیرام لە کۆتاییەکەیدا کە چوارساڵ خوێندن بوو دیسانەکە بە پلەی یەکەم دەرچووم.

**مامۆستا ساڵی دامەزراندن لە "تدریس" و شوێنی یەکەم جاری دەرس گوتنەوەتان؟**

بۆ دامەزراندن، من ٣ جێگام پڕکردەوە، یەکەم کۆیە، دووەم کۆیە، سێیەم هەر کۆیە، هەستم دەکرد کۆیە مامۆستای ئینگلیزی نەبوو، بەڵام بۆ هەولێر ناوم دەرچوو. ئیتر هاتم لێرەوە بووم بە مامۆستای ئینگلیزی لە قوتابخانەی دواناوەندیی هەولێر، کە ئێستا بۆتە جێگای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بۆ یەکەمجار لە ١٩٥٥/١٠/١ لەو قوتابخانەیە دەست بەکار بووم.

**بەڕێوەبــەری ئــەو قوتابخانەیــە واتــە (دواناوەنــدی هەولێــر) ئــەوكات كــێ بــوو؟**

مــن كــە چــووم بــۆ ئــەو قوتابخانەیــە بەڕێــز مامۆســتا عوســمان قۆجــە بەڕێوەبــەر بــوو، هــەر ئەویــش بەڕێوەبەرمــان بــوو كاتــێ كــە مــن قوتابــی بــووم لــەو قوتابخانەیــەدا لــە قۆناغــی ئامادەییــم. لــەو قوتابخانەیــە وەک مامۆســتای زمانــی ئینگلیــزی بــەردەوام بــووم.

**مامۆســتا جموجۆڵییەكانــی ناوەڕاســتی پەنجــاكان ئەگــەر بــە ئەركــی نەزانــی هەندێكیــمان بــۆ بــاس بكــەی لەســەر ئاســتی نێودەوڵەتــی، ئایــا ئــەو جــۆرە جموجۆڵییانــە كاریــان دەكــردە ســەر مامۆســتا و قوتابییــان و ڕۆشــبیران؟**

مــن لــە ســاڵی دووەمــی دەرس گوتنــەوەم بــووم كــە كێشــە "قنــاة الســویس" ڕوویــدا، ئێمــەش هەندێكــمان ناومــان لــە لیســتی سیاســیاندا هەبــوو، ئەوەبــوو مــن گوێزرامــەوە بــۆ "موصــل" وەكــو "نفــی" كردنێــک لــەوێ لــە "متوســطة أم الربعیــن" كــە بینایەكــی كۆنــی هەبــوو، كاتــی خــۆی كــە "ملــک فیصــل" دەچــوو بــۆ "موصــل" لــەوێ دادەبــەزی، پاشــان كرابــوو بــە "متوســطە" مامۆســتا و قوتابیــان بەگشــتی لــەو قوتابخانەیــەدا منیــان خــۆش دەویســت، بــۆ ســاڵی دواتــر منیــان هێنایــەوە هەولێــر بــۆ هەمــان قوتابخانــەی دواناوەندیــی هەولێــر. دوای شۆڕشــی ١٤ی گەلاوێــژی ١٩٥٨ یەكێتــی مامۆســتایانی كوردســتان بەنــاوی (نەقابــە) دامــەزرا، مــن لــە دەســتەی دامەزرێنــەری نەقابەكــەدا دەستنیشــان كــرام لــە كۆنگــرەی مامۆســتایانیش بەشــداریم كــرد لــە بەغــدا، هــەر لەمیانــی جموجۆڵــی خوێنــدەواران لــە كۆتایــی پەنجــاكان و ســەرەتای شەســتەكان، تووشــی گرتــن بــووم و گیــرام لــە ســەردەمی "متــصرف"ی هەولێــری ئەوكاتــە كــە عەلائەدیــن مەحمــود ناوێــک بــوو، دوای خالــد نەقشــبەندی هــات بــۆ هەولێــر پلــەی "زعیــم ڕكــن" بــوو، ناردمیــان بــۆ

بەغـدا بـە "قطـار" ڕەوانـە کـرام، ئـەوەی هەمیشـە لەبەرچاومـە خۆپیشـاندانێکی گـەورەی قوتابیـان بـوو دژی ئـەو گرتنـەی مـن، هەروەهـا ئـەو "مشهد"ەشـم لەبیـر ناچێتـەوە کـە ئـەو دوو پۆلیسـەی منیـان "تسـلیم" کرابـوو لەخۆمـان بـوون بەبـێ مـن هیـچ کارێکیـان نەدەکـرد وەک بڵێـی مـن ئـەوان ببـەم بـۆ بەغـدا، کـە گەیشـتینە بەغـداش هـەردوو بـرا پۆلیسـەکان گوتیـان چ دەڵێـی؟ ئەگـەر حـەز دەکـەی تەسـلیمت دەکەیـن، ئەگـەر بیریـش لـە قورتـار بـوون دەکەیـەوە، ئێمـە ئامادەیـن! بەهەرحـاڵ مـن وام بڕیـار دا بچیـن مامۆسـتا ئیبراهیـم ئەحمـەد ببینیـن لـە "بتاویـن" کـە ئەوکاتـە سـکرتێری پارتـی بـوو، کەمنـی بینـی گوتـی هـا ئـەوە چییـە؟ گوتـم گیـراوم. بەڕەحمـەت بـێ کاک ئیبراهیـم ئەحمـەد گوتـی، جـا کـەس نـا "مەجیـد ئاسـنگەر؟" ئیـدی گوتـی بـڕۆ خـۆت تەسـلیم کـە گرنـگ نییـە ئێمـە هەوڵـت بـۆ دەدەیـن شـتێکی وا نییـە سـەهلە. لەنـاو زیندانەکـەدا بـرادەران "سـاڵح یوسـفی" و چەنـد دۆسـت و ناسـیاوێکی دیکـەم دیـت، پاشـماوەیەک ناردمیانیـان بـۆ "بـصرە" لـە "بـصرە" ماوەیـەک مامـەوە دوای ئـەو چەنـد مانگـەی ئـەوێ "برقییـە" هـات لـە "حاکـم عسـکری" بەغـدا کـە داوای مـن کرابـوو، بۆیـە هێنامیانـەوە بەغـدا لـەوێ پێیـان گوتـم کـە هیـچ شـتێکت لەسـەر نییـە و ئـازادی بـەڵام بۆخـۆت غەیـری کوردسـتان شـوێنێک هەڵبژێـرە چونکـە نابـێ بچیتـەوە کوردسـتان، منیـش دوای تاوتوێکـردن و لێکدانـەوەی خـۆم "صویـرە"م هەڵبـژارد، ئەوەبـوو چـوار سـاڵ لـە "صویـرە" مامـەوە، برادەرانـی ئێـرە کـە لەگـەڵ مـن لـەوێ بـوون "مامۆسـتا حەنـا عەبدولئەحـەد ڕوفـۆ، مامۆسـتا "بهنـام" ناوێـک بـوو، مامۆسـتا حەبیـب، مامۆسـتا سـاڵح مسـتەفا ئامێـدی". دوای ئـەو چوارسـاڵەی "صویـرە" نەقـڵ کرامـەوە بـۆ هەولێـر بـۆ ناوەنـدی کۆمـاری "متوسـطة الجمهوریـة" ئەوکاتـە بەڕێـز مامۆسـتا مسـتەفا حەسـەن شـەعبان، بەڕێوەبـەری "دارالمعلیـن الابتدائیـة" بـوو، کـە ئـەو مامۆسـتایە کـرا بـە سەرپەرشـتیار، منیـان بـرد بـۆ شـوێنەکەی ئـەو، دوایـی چـووم بـۆ ڕێکخسـتنی ئامادەیـی کشـتوکاڵ، بـۆ

دەورەی تەوجیهیش مـن "تەکلیـف" کرابـووم، سـەرتان نەیەشێنم بەڕێوەبەرایەتـی چـوار "مدرسـە"م دەکـرد بـە وەکالـەت لەیـەک کاتـدا، تـا ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ پـاش ئـەو مێـژووە نەقڵـی کۆیـە بوومـەوە لەوێـش بـووم بـە بەڕێوەبـەری قوتابانـەی ناوەنـدی کۆیـە کـە تـازە کرابـۆوە.

**تا چ ساڵێک جەنابتان لەدەرس گوتنەوە بەردەوام بوون؟**

لەسـاڵی ١٩٧٤ کـە دووبـارە شـەڕ دەسـتی پێکـردەوە لـە ئەنجامـی ئـەو گیروگرفتانـەی کەوتنـە نێـوان "ڕێککەوتننامـە"ی ١١ی ئـادار. لـە زۆر شـوێنی کوردسـتانی عێـراق و کوردسـتانی ئێـران کاری پەروەردەییـم ڕاپەڕانـدووە وەک "مـشرف تربـوی" واتـە "سەرپەرشـتیاری پەروەردەیـی لـە زمانـی ئینگلیـزی" لـەو دیـوی ئێـران ئێمـە تـا نزیـک شـاری کرماشـان قوتابخانـەی سـەر بـە شۆڕشـمان هەبـوو سـەردانمان دەکـردن تـا نسـکۆی ١٩٧٥. مـن یەکێـک بـووم لـە گـەڕاوەکان، لـە کۆیـە دیسـانەکە نەقـڵ بوومـەوە بـۆ "دواناوەنـدی سـەلاحەدین" لەوێشـەوە بـۆ دواجـار گەڕامـەوە بـۆ کۆیـە، لـە سـاڵی ١٩٨٥-١٩٨٦ داوای خانەنشـینیم کـرد. ئێسـتاش لـە ١٩٩٣ بـەدواوە لـە پەرلەمانـی کوردسـتان بـە "گرێبەنـد" ئیـش دەکـەم، ئێسـتاش ڕاوێـژکاری ڕاگەیاندنـم لـە پەرلەمانـی کوردسـتان. لـەو مـاوە دوورودرێـژە لەگـەڵ زۆر لـە مامۆسـتا و قوتابیـان ژیـام، شـانازی بـەوە دەکـەم کـە زۆر لـە قوتابییەکانـم فێـری زانسـت و کارامەیـی و کوردایەتـی خۆشەویسـتنی خـاک و وڵات کـرد، هـەروەک شـانازی بـەو بەڕێزانـە دەکـەم کـە منیـان فێـر کردبـوو.

**مامۆسـتا هەندێـک لـەو قوتابیانـەی کـە ئێسـتا پلـەی بەرزیـان هەیـە لەنێـو کوردسـتاندا دیـارن؟**

بەڵـێ ناودارانـی کـورد زۆرن لـە هەمـوو بوارێـک ئـەو حەقیقەتـەش لـە هەمـوو

سـەردەمێک دا هەیـە و هــەر (جیل)ێـک مرۆڤـی زیـرەک و دیـار و ئـازای خـۆی هەیـە وەک لـە کوردیـدا دەڵێـن جێـی چـاوی هەیـە. ئەگەرچـی مـن هەمـوو ئـەو قوتابییــە خۆشەویســتانەی خۆمــم نایەنــەوە یــاد وەک ناوهێنــان لەبــەر زۆری و درێـژی تەمەنـی مامۆسـتایەتیم، بـەڵام ئەوانـەی هـەردەم لەبیرمـن کەسـانی وەک (کاک ســەعد عەبدوڵــڵا وەزیــری کشــتوکاڵ، هەروەهــا کاک فەرەنســۆ هەریــری لەیەکێـک لـە قۆناغەکانـی خوێنـدن، کاک دکتـۆر حەسـەن نەقشـبەندی، کـە ئێسـتا لــە (لەنــدەن)ە، دکتــۆر حەســەن ســەید ئیســماعیل و حوسـێن سـەید ئیسـماعیل، زۆر ئەندازیـار و دادوەر و دکتـۆرای مامۆسـتای زانکـۆ و ئەفسـەر و ئەدیـب.

**لایەنـی ئەدەبـی کـە جەنابتـان بوێـژ و نووسـەرن، هەروەهـا ڕۆڵـی کۆیـە و کۆییـەکان لەبـارەی ئـەدەب؟**

کۆیــە کاتــی خــۆی مەڵبەندێکــی گرنگــی هاتووچــۆ و بازرگانــی و خوێنــدن و حوجــرەی مامۆســتایانی ئاییــنی بــووە، شــوێنی حەوانــەوەی زۆری هەبــووە لــە سەرانســەری کوردســتان بــۆ خوێنــدن و فەقێیــان ســەردانی کوردســتانیان کــردووە، ســەرەڕای دیمەنــە خــۆش و دڵگیرەکانــی، کۆیــە و جێــگای گەشــت و گــوزاری وەک "حەمامــۆک و چنــارۆک و چیــای هەیبــەت ســوڵتان و دەوروبەرەکــەی" دیســان ئامادەیــی خەڵکەکەیــش بــۆ لێکۆڵینــەوە و حــەز کــردن لــە ئــەدەب و شــیعر و ئــاواز و کــۆڕی مەقامــات و لایەنــی هونــەری بەڕادەیــەک ڕۆشــنبیرییەکی ئاشــکرا زۆر جــوان بــەدی دەکــرێ لەکۆنــەوە، بزوونــەوەی ئەدەبــی و چالاکــی ڕۆشــنبیری لەدایــک بــووی چەرخێــک و ســەدەیەک نییــە بەڵکــو لــە دێرزەمانــەوە جموجۆڵــی زانســتی و ڕۆشــنبیری خاکێکــی بەپیتــی ئــەو بابەتــەی لەکۆیــە دەســتگیر کــردووە، "قاصــد" و "ئەختــەر" و "مــەلا عەبدولــلای جەلیــزادە" و شــێخ ڕەزا و چەنــدان کەڵــە ئەدیــب و شــاعیری دیکــە. لــە کۆیــە کــەم خنکاندنــی بیروبــاوەڕ بــەدی کــراوە لایەنــی یەکســانی و ئــازادی هەبــووە.

له شاعیرانی دوای ئەوان "مەلا مستەفای عاسی" مەلا ڕاجی، "عەونی".

هـەر لـە کۆیـە کـۆڕی شیعر و مەقامـات بەرادەیـەک بـاوی بـووە تـا سـەردەمی ئێمـەش گڕوگڵکـۆی هـەر بـەردەوام بـوو، لـە سـییەکان و چلـەکان تـا بڵێـی لایەنـی هونـەری و ئـاواز و کـۆڕی مەقامـات گەشـەداربووە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش مـەرج نەبـووە کـە کۆرگێـڕان تەنهـا هـەر کۆییـەکان خۆیـان بووبـن، بەڵکـو ئـەدەب دۆسـتان و هونـەروەران لـە زۆر جێـگای کوردسـتانەوە دەهاتـن بەرادەیـەک شـەوانی کۆیـە لـە سـییەکانەوە سـاڵانە وەرزی ئـەو جـۆرە کوڕانـەی بـۆ سـازو دابیـن کـراوە، وەک ئـەو مەجلیسـە ئەدەبـی و مەقاماتانـەی کـە "سـافی هیرانـی" لەگـەڵ "بیخـود" بـە یـاوەری دەنگخۆشـانی وەک مـام سـێوە و مەلائەحمـەد و مەلائەسـعەد و چەندانـی دیکـە ئەنجامیـان دەدا، مـن بەڕاسـتی سـەردەمی "سـافی"منداڵ بـووم ئـەو لەسـەرەتای چلەکانـەوە کۆچـی دوایـی کـردووە، ئەوکاتـە تەمەنـم "١٠" سـاڵان بـووە شـتێکی وام بـە چاکـی وەبیـر نایـە، بـەڵام سـەداو ناوبانگـی ئـەو شـاعیرە شـێخ و مەلایـە لەنـاو کۆیـە زۆر بەربـڵاو بـووە، منیـش وەک ئـەدەب دۆسـت و نووسـەر حـەزم لـە شـیعرەکانی دەکـرد چاپەکـەی کاک –موحسـین دزەییـم- دیتبـوو کـە لـە چاپخانـەی -المعـارف- چـاپ کرابـوو، پاشـان ئـەو دەسـت خـەت و لێکۆڵینەوانـەی "محەمـەدی مـەلا مستەفا"شـم بینـی لـە سـاڵانی هەشـتاکانەوە، سـافی شـاعیرێکی کلاسـیکی صوفیزمـی عاشـقانەیە، گەلـەک لـە هونەرمەندانـی نـاوداری وەک عەلـی مـەردان، تاهیـر تۆفیـق شـیعری سـافیان بـە ئـاوازی جۆراوجـۆر تۆمـار کـردووە لـە ئێسـتگەکانی بەغـدا و ئێـران و ئێسـتگە خۆمانییـەکان بڵاویـان کردۆتـەوە.

**بیرەوەریت لەگەڵ مامۆستا مەسعود محەمەد؟**

کاک مەسـعود لەخانەوادەیەکـی بـەرز کـە چەنـدان پشـت هـەر لەسـەر زانسـت و ئـەدەب و ئاییـن پـەروەری ڕاهاتـوون، کەسـانی وەک مـەلا محەمـەدی

کۆیـه (مـەلای گـەورە) کـە دەکاتـە باوکـی کاک مەسـعود محەمـەد، هەروەهـا مـەلا عەبدولـلای جەلـی زادە باپیرانـی ئـەوان جێـی فەخـر و "اعتـزاز"ی کـوردن، حاجـی قـادری کۆیـی لـە ئەسـتەمبۆڵەوە بـۆ مـەلا عەبدولـلای جەلـی زادە دەڵـێ: ئێـوە شـایەنی ئـەوەن لەسـەر چیـا و شـاخی وڵاتەکەتـان بەیداغـی کوردسـتان هەڵبگـرن".

کاک "مەسـعود محەمـەد" وا خـۆی پێگەیانـدووە کـە لەنـاو لێـزان و زانایانـی کـورد و بگـرە عەرەبیـش بـە کەسایەتییەکی عیلمـی و فەلسـەفی و فیکـری دەزانـن، دۆسـتایەتیم لەگـەڵ ئـەو بەڕێـزە دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆتایـی چلـەکان لەوکاتـە کـە لـە کۆلیـژی مـاف دەرچـوو بـوو پارێـزەر بـوو لـە کۆیـە، لەناوەڕاسـتی پەنجـاکان پێـش "حلـف بغـداد" کاک (مەسـعود محەمـەد) بـە ئەندامـی پەرلەمانـی عێراقـی هەڵبـژاردرا، پاشـان پلـەی "حاکـم"ی و "وزیـر"ی پـێ دراوە، مـن بـۆ (وەفـا) ئەمـە دەگێڕمـەوە، کاتـێ کـە مـن گیـرام و نێردرامـە حەپسـخانەی "بـصرە" کاک مەسـعود "شـەخصی خـۆی" کارەسـاتی گرتنەکـەی منـی گەیاندبـووە "عەبدولکەریـم قاسـم" داوای بەردانـی منـی لێکردبـوو لەگـەڵ نـاوی کاک "ئەحمـەد حەمـەد ئەمیـن دزەیـی" کـە گیرابوویـن، ئـەوە بـوو "ئەحمـەد سـاڵح عبـدی" ئـەوکات "حاکـم عسـکری" بـوو، بروسـکەنامەی لێدابـوو بـۆ "بـصرە" کەمـن بێننـەوە بەغـدا، فعـلا بەربوویـن و مـن ڕێـزی تایبەتیـم هەیـە بـۆ کاک مەسـعود محەمـەد وەک کەسـایەتییەکی زانـا بـە هەمـوو مانـاوە.

**مامۆستا شەکلی خوێندن لەسەردەمی پاشایەتی؟**

بەڕاسـتی ئـەوەی نەشـاراوەیە ئەوەیـە کـە خوێنـدن لـە سـەردەمی پاشـایەتیدا جیـاوازی زۆری هەبـوو لەگـەڵ ئێسـتا، جـا لـە هەندێـک لایەنـەوە ئێسـتا باشـترە، خـۆ لەهەندێکیشـیان ئـەوکات چڕوپڕتـر بـوو. بـۆ نموونـە قوتابـی ئەگـەر لـە(٦) ی سـەرەتایی دەرچووبـا، بەقـەد دەرچوویەکـی ئامادەیـی شـتی دەزانـی، بۆخۆشـی

ئـەوەت بـۆ دەڵێـم کـە حەقیقەتیشـە، مـن لـە چـوار و پێنجـی سـەرەتایی ببوومـە میـرزای گـەڕەک، هـەر ژنێـک کـوڕی دووربـا لێـی، ئـەوا دەهاتـن بـۆ نامەنووسـین یـان نامـەی کوڕەکانیـم بـۆ دەخوێندنـەوە، بـا ئـەوەش بڵێـم کـە لەگـەڵ کەموکـوڕی و دەسـتگیر نەبوونـی کتێـب و کەلوپەلـی "مختبر"یـش کەچـی کەموکوڕییەکـی لـێ بـەدی نەدەکـرا، چونکـە مامۆسـتایانی ئـەو سـەردەم پـتر خۆیـان مانـدوو دەکـرد، مامۆسـتایانیش کـەم وابـوو لەخـودی ناوچەکـە بـن بـۆ نموونـە جێگایەکـی وەکـو کۆیـە مامۆسـتایەکی کۆیـی لـێ نەبـوو تـا ئـەم دواییـە، خـۆ ئەگـەر هەشـبوایە ئـەو دەنـاردرا بـۆ شـوێنێکی دیکـە، ئەوانـەی مـن بـە بیـرم بـێ لـەوێ دەرسـیان دەگوتـەوە یـان لـە هەولێـرەوە هاتبـوون یـان لـە (بەغـدا) و "موصـل" و شـارەکانی دیکـە. تەنانـەت مامۆسـتایانی سـەرەتایش لـەو شـوێنانەوە دەهاتـن، جـا ئەگـەر بڵێـم زۆرجاریـش دەرسـێک دەدرا بـە یەکێـک کـە "اختصـاص"ی خـۆی نەبـوو، بـە بیرمـە سـەردەمێکی لەکۆیـە "قائمقـام" وانـەی بیـرکاری دەگوتـەوە کەنـاوی "صبحـی علـی" بـوو ئەویـش دەرسـێک دەهـات وەیـان نەدەهـات. کەوابـوو تەنانـەت "محاضر"یـش بـە چاکـی دەسـتگیر نەدەبـوون، لـەوەش سەیروسـەمەرەتر دەرسـی "زانسـت و صحـە" دکتـۆری کۆیـی پێـی دەگوتیـن، لـە کۆیـەش تەنهـا یـەک دکتـۆر هەبـوو ئەویـش کاری زۆر بـوو نەیدتوانـی "تفـرغ" بـکات بـۆ وانەگوتنـەوە. سـەرەڕای خۆماندووکردنـی مامۆسـتایان، قوتابیانیـش زۆر خۆیـان مانـدوو دەکـرد، (هـەژاری و نەداری)یـش زیاتـر هانـی دەدایـن بـۆ خۆماندووکـردن و گەیشـتن یاخـود هەوڵـی گەیشـتن بـە ئاواتەکانمـان لـە ڕێگـەی خوێنـدن، دەرس تەنهـا یـەک (ڕافـد) نەبـوو، بەڵکـو دەرجـە شـکاندن لەسـەر (واجـب) هاندەرێکـی گرنـگ بـوو بـۆ خۆماندووکـردن و مطالعـە و هەوڵـدان. یـادی بەخێـر (مامۆسـتا جـەلال شـەریف) کـە لـە "متوسـطە" مامۆسـتای ئێمـە بـوو، نیـوەی دەرسـەکەی دەکـرد بەگفتوگـۆ و لێپرسـینەوە بـە پرۆگرامێکـی تایبـەت و کۆنتـرۆڵ کردنـی قوتابیـان لـە ڕووی "تحضیـر"ەوە.

**مامۆستا دەکرێ هەندێکیش لەلایەنی هونەری کۆیەمان بۆ بدوێی؟ وەک دەنگخۆشان؟**

بەڵێ لە دەنگخۆشان، مام سێوە و زۆرانی دیکە، مام سێوەم زۆر بینی بوو، بەڵام ئەو هونەرمەندە بلیمەتە، تا نەمرد نرخی هونەرەکەیمان نەزانی "جیل"ی پێش من وەک "کاک عەونی شاعیر" و "کاک عومەری مام عەبدوللا" و "حاکم عومەر" و "ئەحمەدی حەمە مەلا" و ئەو پیرەی کە هەم ڕۆشنبیر بوون و هەم هونەر دۆستیش بوون، دەیانگوت لەگەڵ سێوە دەچین بۆ باغان لەوێ بە (ژێر چەند) و ئاوازی خۆشی کوردی خواردنی یاپراغی کۆییانە کاتی خۆش بەسەر دەبەین، جا دەچوون بۆ (ئۆمەر خوچان) و حەمامۆک و (شاخی مشکە) و (چنارۆک) و (ئاشان). هەروەها لەو شوێنانە قەوانی (کاوێس ئاغا)یان لێ دەدا، یان کاتی خۆیان بە گوێ لە ڕادیۆگرتن بەسەر دەبرد کە تازە (ایجاد) بوو ڕادیۆیەکی گەورە پاترییەکی لە تەنیشت دادەنرا. قەوانەکەش بەدەست قورمیش دەکرا. لەگەڵ "کاوێس ئاغا" بە قەوانی "دەنگی عەزیز ئاغا"ش گوێ بیست دەبوون. پاشان مام سێوە دەنگی گەیەندرا بە ئێستگەی بەغدا لەوەوە، وەک تەقینەوەکی هونەری سێوە گەیشتە گوێچکەی خەڵک، ئەوەش لە سەرەتای شەستەکان.

**مامۆستا وەک سەرپەرشتی یاخود هاندەری هونەر لە کۆیە کە ڕۆڵیان هەبووبێ؟**

یەک لەوانە مامۆستا باکووری هەروەها کاک حەمە گەمحان بەهۆی ئەو کاسێت و قەوانانەی کە لە چایخانەکەی ئەو دەبیزان، لە دەنگخۆشانی دیکە، "مەلا ئەسعەدد" هەروەها "مەلا ئەحمەد" ئامێرەکانی ئەو سەردەمیش وەک ئامێری ئێستا نەبوون، بۆیە وەک پێویست دەنگی ئەوانە نەمایەوە، بەڵام هەر باشە کە لە لەفەوتان ڕزگار کراوە.

**لایەنــی وەزیفــی جگــە لــە "تدریــس" لــەو کارە گرنگانــەی بەشــداریت تێــدا کــردوون؟**

پێــش شۆڕشــی (١٤)ی گەلاوێــژ لــە کۆمەڵــەی مامۆســتایان ئەنــدام بوومــە، پاشــان "نقابــە المعلمیــن" دامــەزرا، مــن بــووم بــە جێگــری ســەرۆکی نەقابــە، لــە هەولێــر. ئینجــا "یەکێتــی مامۆســتایانی کوردســتان" دامــەزرا، لەوێــش هــەر بــە ئەنــدام دامــەزرام. لــە ســاڵی ١٩٥٣ کــە یەکێتــی قوتابیانــی کوردســتان دامــەزرا، مــن ئەندامێکــی ئــەو ســەردەمە بــووم، پاشــان لــە یەکێتــی نووســەرانی کــورد بــووم، لــە یانــە وەرزشــی و کۆمەڵایەتییەکانیــش بەشــداری و ئەندامێتیــم کــردووە. لەگــەڵ ڕۆژنامــە و گۆڤــاران کارو بەشــداری زۆرم کــردووە.

**داوای تەمــەن درێــژی و لــەش ســاغیت لــە خــواوە بــۆ دەکەیــن و سوپاســی بــێ پایانیشــت دەکەیــن بــۆ ئــەم وتــە بــە نرخانــەت لــە بــواری خوێنــدن و فێرکــردن و هونــەر و ئــەدەب.**

- ئێــوەش هــەر بەخێــر بێــن هیــوام ســەرکەوتن و بەرەوپێشــچوونی ئێــوە وگۆڤارەکەتانــە. هــەر شــاد بــن.

ئا: محەمەد مستەفا هێرانی

# دیمانەیەک لەگەڵ کوردستان تیڤی

**بەرنامەی گەشتی ژیان**

**دیمانە: ئیسماعیل بەرزنجی**

*ئەمیرەکـەم، دڵگیرەکـەم، تیـرت لـە دڵ سـەد هـەزارە.. ئەمـە خاوەنـی ئـەو شـیعرەیە، مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر کـە گۆرانـی ئەمیرەکـەم هـەر یەکێکـمان گوێبیسـتی دەبیـن، جۆرەهـا سـۆز و حەنینـمان لـەلا دروسـت دەبێـتن، جـا بفەرمـوون بـۆ بەسـەرکردنەوەی چەنـد وێسـتگەیەک لـە ژیانـی مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر..*

**مامۆسـتا گیـان بەرنامـەی گەشـتی ژیانـت بـەوە خۆشـحاڵە کـە ئەمـڕۆ هاتینـە خزمـەت جەنابتـان، بـە حەقیقـەت بەڕێزتـان یەکێکـە لەوانـەی کـە دەبێـت وێسـتگەکانی ژیانیـان بەسـەر بکرێتـەوە.**

**جـا بەرنامەکـەی ئێمـە تایبەتـە بـە هەندێـک وێسـتگە لـە ژیانـی بەڕێزتـان. ئەگـەر قبـوڵ بفەرمـوون ئێمـە چەنـد پرسـیارێکتان ئاڕاسـتە بکەیـن.**

پێشـەکی بەخێرهاتنتـان دەکـەم، بەخێرهاتنـی تەلەڤزیۆنـی سـەتەلایتی کوردسـتان دەکـەم. بەتایبەتـی بەخێرهاتنـی جەنابـت کاک ئیسـماعیل و کاک غـازی دەکـەم، گەلێـک بەخێـر بێـن

**مامۆسـتا گیـان وەکـو ئاشـکرایە لـە ژیانـی هـەر نووسـەرێک و هـەر داهێنەرێـک سـەردەمی منداڵـی وێسـتگەیەکی زۆر گرنگـە، جەنابتـان لـە شـاری کۆیـەی ئازیـزدا هاتوونەتـە دونیـاوە، لاموایـە قۆناغـی سـەرەتایی و ناوەندیشـتان هەرلەوێـدا تـەواو کـردووە. ئەگـەر بکـرێ باسـی کۆیـە بکـەی ئەگـەر جەنابـت فامـت کـرد و چـاوت کـردەوە، لـەکام قوتابخانـە بـووی؟ بارودۆخـی ئەوسـای شـاری کۆیـە چـۆن بـوو؟**

پێشـەکی لـە قوتابخانـەی یەکەمـی سـەرەتایی کۆیـە کـە بـە عەرەبـی پێیـان دەگـوت (مدرسـة کویسـنجق الأولـی) چوومـە قوتابخانـە، سـاڵی ٤٥-٤٦ قوتابخانـەم تـەواو کـرد لـەوێ دواناوەندیـمان هـەر لـە کۆیـە تـەواو کـرد، ئەوکاتـە قوتابخانـەی دواناوەنـدی کۆیـە زۆر چـاک لەبیرمـە کـە پۆلـی سـێیەم بووین، هەمـوو قوتابخانەکـە پۆلـی یـەک و دوو و سـێ ٤٧ قوتابـی هەبـوو. مامۆسـتایەکانمان هەندێکیـان کـورد بـوون و هەندێکیـان عـەرەب بـوون. لەوانـە، وەبیـرم بێتـەوە، مامۆسـتا جـەلال شـەریف خـوا تەمەنـی درێـژ بـکات ئێسـتاکە مـاوە. مامۆسـتا شـەفیق سـابیر چـووە بـەر دلۆڤانـی خـوا، مامۆسـتا عەبدوڵـڵا... حـداد هەبـوو، پیاوێکـی نیشـتمانپەروەر و پێشـکەوتووخواز بـوو. لـە بەغدایـە ڕا هاتبـوو. دەرسـی علـوم و ئەحیـای پێدەگوتیـن. مامۆسـتا حوسـێن حەسـەن عەقـراوی خوالێیخـۆش

بـێ، ئەندامێکـی پارتـی بـوو. لەگـەڵ چەنـدان مامۆسـتای دیکـە دەرسـیان پێدەگوتیـن. لەوێنـدەرێ لـە کۆیـە هەندێـک مامۆسـتامان هەبـوون، دەرسـمان هەبـوون شـاغر بـوون، مامۆسـتامان نەبـوون. لەوانـە پزیشـکی خەسـتەخانە دەهـات دەرسـەکانی سـەر بـە صحـە و تەندروسـتیان پێدەگوتیـن. قایمقامێـک هەبـوو خەڵکـی موسـڵ بـوو دەرسـی ماتماتیـک و ڕیازیاتـی پێدەگوتیـن. مودیرمـان دوو ساڵان شـەوکەت عەبدولرەحـمان بـوو، خـوا عەفـووی کا خەڵکـی سـلێمانییە بـوو. دوای ئـەوە مامۆسـتایەک لـە موسـڵێ ڕا هـات نـاوی .... عبـدورزەاق ئەسـعەد بـوو، مودیرمـان بـوو. دوای ئـەوە کـە لـە کۆیـە تـەواو بوویـن هاتینـە هەولێـر، چونکـە لـەوێ دواناوەنـدی نەبـوو. هاتینـە هەولێـر سـاڵی چـوار و پێنجـی دواناوەندیـمان تـەواو کـرد، بەشـی ئەدەبـی و وێژەیـی کـە یەکەمجـار بـۆ ئێمـە کـراوە، پێشـتر ئـەو بەشـەی لـێ نەبـوو، تەنیـا بەشـی زانسـتی، چەنـد کەسـانێک داوامـان کـرد، مامۆسـتا عوسـمان قۆجـە خـوا عەفـووی بـکات، بەڕێوەبـەری قوتابخانـە بـوو. قوتابییەکانیـش کـە لەگـەڵ ئێمـە بـوون، لەوانـە بەڕێـز موحسـین دزەیـی، کەمـال مسـتەفا خـوا عەفـووی بـکا، عەبدولرەحـمان عەبدولـلا، عوسـمان نـوری، فەیسـەل حەمـدی، جـەلال زیـوەر کـە ئێسـتا دادوەرە لـە هەولێـرێ. عەبدولقـادر یەعقوبـی کـە ئێسـتا لـە هەولێریـە و کـوڕی یەعقـوب ئاغایـە. باکـووری کـە ئێسـتا لەگـەڵ خۆمانـە و هونەرمەنـدی گەورەیـە. هەروەهـا ئیبراهیـم قەرەداغـی کـە کـوڕی عبداللـە قەرەداغـی (متصریـف)ی ئەوکاتـی هەولێـرێ بـوو. جەمـال عەتائولـلا ئاغـا، نورەدیـن کەمـال کـە ئەنـدام پەرلەمـان بـوو ئێسـتا خانەنشـین کـراوە. شـێخ عەبدولرەحـمان ئەتروشـی کـە وەختێـک مودیـر عـام بـوو. هەروەهـا فاتیـح موحەمـەد و خەلیـل عەبدولـلا و ماموسـتا ئەحمـەد عەبدولکەریـم کـە ئێسـتا خانەنشـینە..

**ببوورە مامۆستا گیان پێش ئەوەی بگەینە ئەو وێستگەیەی کە ئێوە قۆناغی ئامادەیی تەواو دەکەن و دەچن بۆ کۆلێژ وەکو سەرەتا حەزمان کرد کە بارودۆخی ئەوسای بەڕێوەبەرایەتی کۆیەمان بۆ باس بکەی؟**

شاری کۆیە (وڵاتی کۆیە) ئەو سەردەمە لەبەر کاریگەری چەند زانا و نووسەر و شاعیر و ئەدیبێکی گەورەی کە پێشتر وەکو، حاجی قادری کۆیی وەکو ئەمین ئاغای ئەختەر، وەکو مەلای گەورەی کۆیە مەلا محەمەدی جەلی زادە، وەکو دڵدار و عەونی و دڵزار و ئەوانەی لەسەردەمی خۆیاندابوون بەڕاستی بزووتنەوەو جوڵانەوەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری گەلێک ڕێکوپێک و بەرچاوی تێدا دیار بوو. لە ئەنجامی قوتابخانەکانی مزگەوتەکان لەبارەی ئایینەوە کە خوێندەواری و ڕۆشنبیری تێدا هاتبۆ خوارێ پشت بە پشت، لەگەڵ ئەوانەی کە تازە سەردەم پەیدابوون واتە ئەو ڕۆشنبیر و شاعیرانەی کە باسم کردن و کە هەندێکیشیانم باس نەکردوون.

کۆیە لە قۆناغێکی ئەتوانم بڵێم کە تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتوو بوو، پێشکەوتووبوو. ئێمەش هەستمان دەکرد کە ئەو بزووتنەوە لە کۆیە هەیە، تەنیا دوو کتێبخانە هەبوو لە کۆیە کە باوەڕناکەم لە شارەکانی دیکەی کوردستان وەکو کۆیە کتێبخانە هەبووبێ. یەکیان بەناوی کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی کە سەر بە پارتی بوو، ئەوی دیکەش کتێبخانەی کوردستان سەر بە برادەرانی شیوعی بوو.

**ئەو کتێبخانەیە بۆ خەڵک بوو؟**

کتێبخانەی ئەهلی بوون، حزبی بوون، بەڵام خەڵک دەچوونە ئەوێ ئەو کتێبانەی لە هیچ شوێنێک بەدەست نەدەکەوتن، لەوێ وەریان دەگرتن و بە پارەیەکی زۆر کەم هەروەک خۆڕایی، ئەگەر لەوێ دانیشتبان دەیانخوێندەوە

و دەنـا وەریاندەگـرت لـە ماڵـێ دەیانخوێنـدەوە و خۆیـان پـێ ڕۆشـنبیر دەکـرد، کتێبـی چـاک و دەگمـەن و نـاوازە لەوێنـدەرێ بەدەسـت دەکەوتـن. ئـەو دوو کتێبخانەیـە ڕۆڵێکـی زۆر کاریگەریـان هەبـوو لـە دروسـتکردنی مونافەسـەیەک لـە نێـوان گەنجانـی کۆیـە و بـۆ نموونـە یەکێـک دەیگـوت ئـەو کتێبـەت دیـوە، ئـەوی دیکـە دەیگـوت فـڵان نووسـەر دەناسـی، یـان ئـەو دەیگـوت مارکـس وا دەڵـێ یـا لینیـن وا دەڵـێ، یـا حاجـی قـادری کۆیـی وا دەڵـێ، ئـەو دەیگـوت مـەلای کۆیـە وا دەڵـێ، ئـەو دەڵـێ نازانـم چـی... یانـی بـوو بەهـۆی ئـەوەی کـەوا خوێنـدەواری لەکۆیـە و تـا حەدێکـی ڕۆشـنبیری سیاسـی پـەرە بسـتێنێ. لـەو سـەردەمانەدا "هیـوا" پێشـتر لـە کۆیـە هەبـوو، لـەو دەوروبـەرەی کـە وا مـن قوتابخانـەی سـەرەتاییم تـەواو کـرد، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانیش بەنـاوی (پارتـی دیموکراتـی کـورد) دامـەزرا، کۆیـە بنکەیەکـی دەتوانـم بڵێـم سـەرەکی پارتـی بـوو. چونکـە زۆر لـە ڕۆشـنبیرەکان و سیاسـییەکانی کـورد ئەوانـەی کـە پێشـتر لـە "هیـوا" بـوون، چوونەنـاو پارتـی، هەندێکیـان چوونـە نـاو حزبـی و شـیوعی و زیاتـر چوونـە نـاو پارتـی. لەوانـە وەکـو مامۆسـتا عەلـی عەبدولـلا، ئێسـتاش جێگـری سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانە. مـام جـەلال تاڵەبانـی، حیسـامەدین کەریـم، میـرزا عەبدولکەریـم، سـەمەد مەنجـەر، کـە باوکـی سـیامەندە ئێسـتا نوێنـەری حکومەتـی هەرێمـە لـە بەغـدا، کاک جـەلال ئاغـا کـە جێگـری سـەرۆکی پارتـی بـوو، مامۆسـتا محەمەدەمیـن مەعـروف کـە ئەندامـی لیژنـەی مەرکـەزی بـوو، تـارق حەبیـب، خۆشـناو عەزیـز ئەوانـە هەموویـان لـە پارتـی ئیشـیان دەکـرد، چەنـد کەسـانێکی وەکـو...... دڵـزار و ئەوانـە لـە نـاو حزبـی شـیوعی دابـوون. بـەس ئـەو وەختـە کۆیـە وەکـو دەڵێـم کۆیـە شـارێکی ڕۆشـنبیر بـوو، شـارێکی هونـەر دۆسـت بـوو، شـارێکی ئـەدەب دۆسـت و شـاعیری لـێ هەڵکـەوت، نووسـەری لێهەڵکـەوت، چایخانەکانیشـی چایخانـەی سیاسـی بـوون، لـەو چاخانـەدا لـەو گازینۆیانـەدا، تەمسـیلیات دەکـرا، نوانـدن دەکـرا، وتـاری دەخوێندرایـەوە.

**بەشدارییت کردووە لەیەکێک لەم شانۆیانەدا؟**

بەخـوا ئەمـن بەشـداریم کـردووە لـە یـەک لـە چیرۆکەکانـی کـە لەسـەر تۆکمەبـوو، کـە چـۆن دەیانویسـت بیسـەپێنن بەسـەر عێراقـدا. ئـەوکات دڵشـاد ڕەسـولی لـە کۆیـە بـوو کـە خەڵکـی مەهابـاد بـوو، کـە دوای تێکچوونـی کۆمـاری مەهابـاد هاتبوونـە کۆیـە، ئـەوان شـتێکیان کـرد وەکـو بڵێـی ململانێیـەک لەنێـوان دەرەبـەگ و ئەوانـەی سـەر بـە حکومـەت و سـەر بـە ئیمپریالیـزم بـوون لەگـەڵ جەمـاوەر و بـەرەی میللـی و بـەرەی تێکۆشـەران. چـۆن یەکێکیـان هەڵدەبـژاردو دەستنیشـانیان دەکـرد بەنـاوی ڕێبـەری میللـەت و بـۆ نموونـە پەرلەمانتـار و بچیتـە بەغدایـە دابنیشـێت لەگەڵیـان، جـا ئـەو تەمسـیلیە لەسـەر ئـەوە دەڕۆیشـت. باسـی ئەمەریـکا دەهاتـە گـۆڕێ بەنـاوی (مـام سـام).. باسـی بەریتانیـاش دەهاتـە گـۆڕێ بەنـاوی (جـۆن بۆلـد).. ئـەوەی دیکـەش بـەرەی نیشـتمانیانە و ....

**ببـوورە مامۆسـتا مەجیـد ئێسـتا دەگەڕێینـەوە سـەر ئـەو وێسـتگەی کـە جەنابتـان ڕوو لـە بەغـدا دەکـەن بـۆ تـەواو کردنـی خوێنـدن. لـەکام بـەش وەرگیـرای و سـاڵی چەنـد بـوو؟**

مـن کـە ئامادەییـم تـەواو کـرد بـە پلـەی یەکـەم لـە پێنجـی ئامادەیـی هەولێـرێ دەرچـووم. بـەڵام بـاری سیاسـی ئـەو کاتـە وای خواسـت کـە مـن سـاڵێک نەخوێنـم.

**چوو بوویە ناو سیاسەتەوە؟**

بەڵـێ چـوو بوومـە نـاو سیاسـەتەوە. ئەندامـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـووم، لەبـەر ئـەوە پارتـی وای بـە مەسـڵەحەت زانـی ئەمـن سـاڵێک لـە کۆیـە دابنیشـم، ئەندامـی لیژنـەی ناوچـەی کۆیەبـووم. کاک عەلـی عەبدولـلا کـە ئەندامـی لیژنـەی مەڵبەنـدی ناوەنـدی پارتـی بـوو، بەرپرسـیاری کۆیـە بـوو، سـەرۆکی لیژنەکەمـان بـوو، منیـان دانابـوو لەگـەڵ یەکێکـی دیکـە، مـن ئـەو

ساڵە لە کۆیە مامەوە و بە چالاکی پارتییەوە مەشغول بووم، نەمخوێند، ساڵی دواتر هەستام چووم ئەوراقم تەقدیم کرد لە دار المعلین العالیة. کە کولیەی پەروەردەی ئێستایە با بڵێین، لە بەشی ئینگلیزی، لە بەشی ئینگلیزی بە ئیمتحان وەریاندەگرتین، ئێمەش ئیمتحانمان دا، ئێمە چەند کەسێک وەرگیراین، من پێشووی ئەوانە بووم کە وەرگیراین، ناوەکەم لە پێشەوە بوو. ئیتر چوار ساڵ لەوێندەرێ زمانی ئینگلیزی و زمانی فەرەنسیم دەخوێند، بە ئەدەبیاتییەوە و بە تەئریخەکەیەوە و بە هەموو شتەکانەوە و دواتر کە دەرچووم لە ١٩٥٥/١٠/١ بە مامۆستا دامەزرام لەو دواناوەندییەی هەولێرێ.

**ئەوکات ناوی دواناوەندی هەولێریان پێدەگوت؟**

دواناوەندی هەولێری ثانویان پێدەگوت. بەڕەحمەت بی مامۆستا عوسمان قۆجە مودیر بوو، من کۆیەم نووسیبوو، وەختێک کە تەقدیممان دەکرد سێ جێ لە ئیستمارە دەنووسرا، بە پلەی یەکەم کوێت دەوێ، بە پلەی دووەم کوێت دەوێ، بە پلەی سێیەم کوێت دەوێ؟ هەرسێک کۆیەم نووسی. هەولێرم نەنووسی بە ڕاستی، ئەمن چونکە خەڵکی کۆیەمە... کە هاتمە ئێرە وەرگیرام لێرە لە ثانوی دەوامان کرد ساڵی یەکەم هیچ، ساڵی دووەم هەرای قەناتی سوێسی بەسەرداهات، ئەمەش وەکو پارتی وەکو برادەران بەشداریمان هەبوو، جموجوڵانەوەیەکی تر، منیان نەقل کرد بۆ موسڵێ، ساڵێک لە مووسڵێ مامەوە.

**یانی لە ئەنجامی بەشداریکردنت لە خۆپیشاندانەکان؟**

خۆپێشاندان، جموجوڵی سیاسیمان هەبوو، قسەمان دەکرد لە تەرەفی لایەنگیری میسر بووین، دەیانزانی ئەوان. دیارە خەڵک لەسەر ئێمەیان دەنووسی، ئیتر لەو بەینەدا منیان نەقڵ کرد بۆ مووسڵ، لە قوتابخانەی

ناوەنـدی (ام الربعین)یـان پێدەگـوت، سـاڵێک لـەوێ مامـەوە، سـاڵی پاشـتر لێـرە بەڕێوەبـەری پـەروەردەی هەولێـرێ کـە عەبدولـلا ڕکابـی بـوو ئـەو وەختـە، خـۆی تەدەخولـی کردبـوو، داوای منـی کردبـوو کـە بمێهننـەوە هەولێـرێ، بـە واسـیتەی وەزارەتـی بەغـدا، منیـان هێنایـەوە ئێـرە و هاتمـەوە هەولێـرێ. لێـرەش هەتـا سـاڵی ١٩٥٨ کـە شۆڕشـی ١٤ی تەمـوز ڕوویـدا، ئێمـەش بەشـداریمان هەبـوو پارتـی وەکـو پارتـی و وەکـو مامۆسـتا، نەقابـەی مامۆسـتایانیش دروسـت بـوو کـە نەقابـەی مامۆسـتایان دروسـت بـوو، ئەمـن بەنـاوی پارتییـەوە هێنامـە لیژنـەی بەڕێوەبـەری.

**جـا ئەگـەر لێـرە یارمەتیـمان بـدەی مامۆسـتا گیـان، کـە تـۆ پیشـەی مامۆسـتایەتیت بـە ئەسـتۆوە بـووە لـە شـاری هەولێـر، بڵێیـن لـە (٥٥)ەوە، ئەوکاتـە زیاتـر بـەلای سیاسـەتدا دەشـکایتەوە یـان بـە لای جیهانـی نووسـیندا؟**

ئـەوەی ڕاسـتی بـێ ژیانـی مـن زۆر سـەیرە هـەر هەمـووی پێکـەوە بـووە، یانـی وەکـو چێشـتی مجێـوری مامۆسـتا هـەژاری ڕەحمەتـی. سیاسـەت و ڕۆشـنبیری و ئـەدەب و هەتـا لـە ئەدەبیـش شـیعر و چیـرۆک و کورتـە چیـرۆک و ڕۆمـان و شـانۆگەری و وەرگێـڕان و تێکەڵابـوو، یانـی وانەبـوو یـەک خەتـی تـەواو بگـرم و ئیـتر لەوبارەشـەوە وەکـو سیاسـەت، وەکـو وەرزش، وەکـو ئینسـانێکی کۆمەڵایەتـی بـا بڵێیـن پەیوەندیـمان لەگـەڵ خەڵکـدا زۆر بـاش بـێ، حـەزم دەکـرد خزمەتـی خەڵـک بکـەم و خەڵکـم خـۆش دەویسـت خەڵکیـش منیـان خـۆش دەویسـت ئیـتر لـە هەمـوو مەنزەرێکـدا ...... لەبـەر ئـەوە سیاسـەتەکەش هەبـوو، ئـەدەب و نووسـینەکەش هەبـوو.

**بببووره ئێستە گوتمان ساڵی ١٩٥٨ کە شۆڕش قەوما، تۆ لە هەولێر بووی. کە لە هەولێر بووی ئەو وەختە نەقابەی مامۆستایان دروست نەبووبوو. جا ئێوە چیتان کرد بۆ دروستکردنی نیقابە؟**

لێرە برادەران مامۆستایان، بە پەیوەندی لەگەڵ بەغدایە و بە پەیوەندی لەگەڵ پارێزگاکانی عێراق لێژنەی خۆ ئامادەکاری دروستکرا. لیژنەی تحظیری کۆمەڵێک مامۆستایان لەوانە بەشێکی برا شیوعیەکان و هەندێکی برادەرانی سەر بە پارتی و سەر بە بزووتنەوەی کوردایەتی، لەو لیژنەیەدا بوون چەند کەسانێک، زۆر بوون ناوەکانیانم وەبیر نەماوە. دوای ئەو لیژنەیە کە ئیجازە وەرگیرا ئیتر ئینتخابات کرا، لیژنەی کارگێڕی هەڵبژێردرا، لیژنەی کارگێڕی بەناوی هەر دوو حزبان کرا وەکو جەبهەیەک بڵێین، بەس بەداخەوە ئەو وەختە برادەرانی حزبی شیوعی چونکە زۆردەست بوون و بە ژمارە زۆر بوون، خەڵکێکی زۆر بە لێشاو لەگەڵ کەوتبوو، حیسابێکی کەمیان بۆ ئێمە کرد. یەک ئەندامیان دانا لە لیژنەی کارگێڕی، ئەویش ئەمن بووم، بەناوی جێگری سەرۆک. سەرۆکی نەقابەکە بەرەحمەت بێ موسا خەلیل بوو، ئەمنیان کردە جێگری سەرۆک و ئەوانی دیکەش شەش، حەوت کەس برادەرانی سەر بە حزبی شیوعی بوون. ئیتر ئەمە جموجۆڵیان دەست پێکرد، بۆ مێژوو بڵێم من بەرامبەر هەر حەفتیان بووم، تەقریبەن. بۆخۆشیان بە ئیعترافی خۆشیان بە موجامەلەی خۆشیان، ئیحترامیشیان دەگرتم خواهەڵناگرێ. ڕێزیان لێدەنام و دەشیانزانی ئەمن نوێنەری پارتیمە، یەک. دووەمینیش بۆخۆم وەکو ئینسانێک وەکو پەیوەندی کەسایەتی خۆم و دۆستایەتی و بەو شێوازەی کە بەکارم دەهێنا، یانی بڵێم تا حەدێک وەختە بڵێم من دەستم بەسەرداگرتبوو.

**حەساسیەت نەبوو؟**

نەخێر ئەگەر حەساسیەت هەشبا بە نیسبەت منەوە نەبوو.

**کــە نیقابــە کەوتــە ســەر خەتــی خــۆی و دەســتتان بــە کاروبــار و ئیــش کــرد، لام وایــە هــەر لــەو سەردەمەشــدا بــوو، جەنابــت پــاش شۆڕشــی ٥٨ بــە دیــداری بارزانــی نەمــر شــاد بــووی؟ دەکــرێ ســەربوردەی ئەمەمــان بــۆ بگێڕیتــەوە.**

جـا ئـەوە یادەوەرییەکـی گەلێـک خـۆش و شـیرین و گرنگـە، بارزانـی نەمـر کـە هاتـەوە بەخـۆی و بـە هەڤاڵانیـەوە، ئـەوە پێـی نـاوێ مـن بیڵێـم کـە چـی بـۆ کـرا لـە هەمـوو عێـراق، هـەر لـە بەغـدا و دوایـەش کـە برادەرانـی بارزانیـش بـە پاپـۆڕ هاتنـەوە هـەر لـە بـەسراوە هەتـا بەغدایـە و لـە بەغدایـە هەتـا ئێـرە، هەمـوو عێـراق ورووژابـوو. دوایـە بارزانـی نەمـر کـە خـۆی تەشریفـی هێنایـە ئێـرە، لێـرە لیژنەیەکیـان دانابـوو لـە بـۆ سەرپەرشـتی کردنـی بەخێرهاتنـەوەی وەکـو بڵێیـن، بـە پیـرەوە چـوون و ئـاگاداری و یـاداوەری، بەسـەرکردایەتی کاک موحسـین دزەیـی. ئـەو وەختـە کاک موحسـین پارێـزەر بـوو...... لێـرە بارزانـی نەمـر لـەوێ بـوو، ئەوجێـی کـە ئێسـتا سـەتەلایتی کوردسـتان تێیـدا بارەگاکـەی لەوێیـە، لەوێنـدەرێ بـوو، ڕۆژانـە خەڵـک دەچـوون سـەردانیان دەکـرد، خـۆی سـەردانی هەندێـک شـوێنانی دەکـرد، ئـەو ڕۆژی ئێمـە بـرادەران ویسـتمان بچیـن بـۆ خزمەتـی لـەو ...... کـە چووینـە ئەوێنـدەرێ، کوڕێـک هەبـوو نـاوی ڕەقیـب لـە ئەمنـی ئـەو وەختـی، کوڕێکـی چـاک بـوو، کـورد بـوو هەولێـری بـوو، پێشـتریش لـە کۆیـە موفـەوەز ئەمـن بـوو، یەکترمـان دەناسـی. ئـەوە هـات گوتـی ئـەوە جەماعەتـی کێـن؟ گوتـم ئێمـە مامۆسـتایانی سـەر بـە پارتینـە و هاتووینـە بەخێرهاتنـەوەی بارزانـی بکەیـن و بێینـە خزمەتـی. چـوو، پـاش دەمێـک ئێمـە واماندەزانـی، ئێسـتا دێتـەوە دەڵێـت فەرمـوون، وەختێـک دیتـمان بارززانـی نەمـر

خـۆی هـات، ئیـتر کاک ئیسـماعیل چیـت بـۆ بگێڕمـەوە، ئێمـە چووبینـە خزمەتـی، دوایـی هــەر بۆخۆیشــی بــە جەنابیــم گــوت، چەنــد ســاڵە ئێمــە بــەو خەیاڵــە دەژیـن کـە بارزانـی سـەرۆکمان، بارزانـی بابـی کـورد، بارزانـی پاڵـەوان، بارزانـی قارەمـان، چـی سـیفەتی باشـی هەیـە، ئـەوە ڕاسـتە و ڕاسـت بۆمـان دێـت، هـەوە هــەو نییــە، چاومــان تــەواوە تــەواو نییــە، ئیــتر هــات و بەخێرهاتنــمان کــرد و دەسـتمان مـاچ کـرد و تۆقەمـان لەگـەڵ کـرد، ئەمـن گوتـم بەخێربێیـەوە سـەرۆک، وتـی مـن سـەرۆک نیـم. گوتـم بەخێربێیـەوە قارەمـان، گوتـی قارەمـان نیـم. گوتـم پاڵــەوان، گوتــی پاڵــەوان نیــم. ئەمجــا فەرمــووی ئەمــن حــەزم لــەو میللەتــەی خـۆم بـوو، دوێنێکـەش کەسـانێک هەبـووە، ویسـتوویەتی لـە جـادەی خـۆڵ قاچـم مــاچ بــکا، ئەمــن ئــەوە قەبــوڵ ناکــەم. میللەتــی کــورد خــۆ عەبــد نییــە، گوتــم جەنــاب ڕێگــە دەفەرمــووی ئەمنیــش دوو قســان بکــەم، گوتــی فەرمــوو، گوتــم ئــەو میللەتــە کـوردەی کـە ١٣ سـاڵە بـە خەیاڵـی جەنابـت دەژی وێنـەت لـەدڵ و لــە مێشــکی هــەر کوردێکــی دڵســۆزدا چــاپ بــووە، کــە قــەت ڕۆژێــک لــە ڕۆژان بەئومێـدی ئــەوەی نەبــووە بــە ئێــوە شــاد ببنــەوە. ئێســتا لەخــوای بەزیــاد بــێ تـۆی هاتوویتـەوە و دڵـی بەتـۆ شـاد بـووە، هـەر شـتێکی بـکا بۆخـۆی بـەڕای مـن نابــێ لێیبگــری. ئــەو میللەتــەی بــە چــاوی یەکێتــی شــیوعی (یەکێتــی ســۆڤیەت) تەماشــا مەکــە. وامــان دەزانــی ئــەوکات یەکێتــی ســۆڤیەت زۆر پێشــکەوتوو بــوو، جەنابــت لــەوێ هاتــووی ئــەوێ دونیایەکــی زۆر پێشــکەوتووە، ئێــرە ئێمــە لێــرە دواکەوتوویــن و بێکــەس بوویــن و لــە ژێــر چەپۆکــی دوژمنــان بوویــن، ئێســتا ئــەوە ڕزگاریــمان بــووە. گوتــی تــۆ چ دەکــەی و ئیشــت چییــە؟ گوتــم مامۆســتام. پێکەنــی و گوتــی بــە مامۆســتایان ناوێــرم. لــەو ڕۆژەوە تەقریبــەن بووینــە نیمچــە بــرادەر. ئــەو گــەورەی مــن و منیــش پێشــمەرگە، بــەس بووینــە بــرادەر. چەنــد جــاری دیکــەش یەکترمــان بینیــوە لــە بەغــدا و لــە کۆنگــرە و لــە ســەرێ و لەناوپــردان و لـە حاجـی ئۆمـەران. ئیـتر ئەمنـی دەناسـییەوە. یانـی ناسـینێکی تایبەتـی بـوو. لـە

بەغدایــە چەندیــن جــار چووینــە بارەگاکــەی، ئــەو کاتــە کــە ئێمــە بــۆ نەقابــەی مامۆســتایانی عێــراق چووینــە بەغدایــە، یەکــەم کۆنگــرە. لــەوێ ســەردانی بارزانــی نەمرمــان دەکــرد، لــەوێ بەخێرهاتنــی دەکردیــن. کــورد هەبــوو دەچــوو لــەوێ ســەردانی دەکــرد، ڕۆژێــش هــەر خەریــک بــوو ئیشــی ئــەو خەڵکــەی جێبەجــێ بــکا.

**ببــووره مامۆســتا مەجیــد، لێرەشــدا فورســەتە بۆمــان بــاس بکــەی کــە چــۆن چوونــە لای عەبدولکەریــم قاســم؟**

پێــش ئــەوەی بچینــە لای عەبدولکەریــم قاســم دەمــەوێ بگەڕێمــەوە دواوە چونکــە شــتێکم لەبیرچــوو، ســەبارەت بــە بارزانــی نەمــرەوە، ســاڵی ٥٢ پێموایــە، ئــەو وەختــە لەکۆیــە بــووم کۆنفرانســێکی پارتــی کــرا لــە بەغدایــە، ئــەو کۆنفرانســە چاکــم لەبیــر دێ لــە ماڵــی برادەرێــک نــاوی عەلــی حەمــدی بــوو، ئــەو وەختــە ئەندامــی ســەرکردایەتی پارتــی بــوو، دوایــە لەگــەڵ پارتــی نەمــا و بەگــەڵ بــرادەران کــەوت. ســەرت نەیەشــێنم لەوێنــدەرێ ئەمــن و برادەرێکــی دیکــە لــە کۆیــە، ئێمەیــان نــارد بــۆ ئەوێنــدەرێ لــەوێ ســەرلەنوێ لێژنــەی مەرکــەزی پارتیــان هەڵبــژاردەوە. لەوێنــدەرێ هەمــزە عەبدولــلا خــوا عەفــوی بــکا، مــۆری بارزانــی نەمــری هێنایــە دەرێ و پێشــانی دایــن ئێمــە لــەوێ هــەر وەختابــوو ئــەو مــۆرەی مــاچ بکەیــن. ئەمــن منــاڵ بــووم ئــەو کاتــە ١٨ یــا ١٩ ســاڵ بــووم. هەرکــە نــاوی بارزانــی نەمــر هاتبــا، یــان بۆنــی بارزانــی نەمرمــان بکردبــا، یــا هــەر شــتێک پەیوەنــدی بــە بارزانــی نەمــرەوە بــا، بــەلای ئێمــەوە هــەر خۆشــی وابــوو، هــەر دەبایــە وابــی، چونکــە بارزانــی ســیمبولی میللەتــی کــوردە لــە مێــژووی دووردرێــژی کــورد تــا ئێســتا ســەرکردەیەکی وا هەڵنەکەوتــووە و زەحمەتیشــە هەڵکەوێتــەوە، بــەس ئومێــد دەکەیــن ئینشــاللا جێــگای ئــەو پڕبێتــەوە بــە کاک مەســعود و کوڕەکانــی دیکــە. لەوێنــدەرێ ســەرلەنوێ لیژنەیەکــی کۆمیتــەی ناوەنــدی پارتیــان

هەڵبـژاردەوە، کۆنـەکان بەشـێکی زۆریـان هاتنـەوە نـاوێ و بەشـێکیان نەهاتنـەوە و هەندێکـی نوێیـان هێنـا، ئـەوە بـە نیسـبەت بارزانـی کـە لـەوێ ئامادەیـی هەبـوو، هەرچەنـدە ئـەوکات لـە یەکێتـی شـیوعی بـوو، دوور بـوو لێـمان، ئامادەیـی لـە کۆنگرەکـە هەبـوو. دڵـمان پـێ گـەرم و فـراوان دەبـوو.

بـۆ عەبدولکەریـم قاسـم کـە چووینـە بەغدایـە، جـاری یەکـەم پێـش بچمـە بەغدایــە، ئــەو ڕۆژی کــە شۆڕشــی ١٤ تەمــوز ڕوویــدا، بەرێکــەوت ئەمــن و فوئـاد شـێخ جەمـال و فـازل کـە نـاوی باوکـم لەبیرچـووە و خـوا عەفـوی بـکا، مامۆسـتایەک بـوو بـرازای مامۆسـتا عیزەدیـن فەیـزی ڕەحمەتـی بـوو، دەچووینـە ئێرانــێ، مــن چەنــد ســاڵ بــوو خەریــک بــوو ســەفەر بکــەم بــۆ ئێرانــێ ڕێــک نەدەکـەوت، بـەڵام ئەوکاتـی ڕێککەوتبـوو. ئاخـر شـەو، شـەوی ١٤ تەمـوز ئێمـە لـە کازمیـە نووسـتین، چونکـە لـە سـەیارەکان نزیـک بوویـن، بەیانییەکـەی ئێمـە لــەوێ ســواری ســەیارە بوویــن بــەرەو ئێــران بڕۆیــن، بــە کــن قــەسری ڕیحابــدا تێپەڕیـن، جادەکـە وابـوو. هەسـتمان کـرد جمووجۆڵێـک هەیـە و سـەرباز هەیـە و عەســکەر هەیــە و جــادەش چۆڵــە. نەمانزانــی چییــە! ســەرت نەیەشــینم کــە هاتیــن پێــش ئــەوەی بگەینــە بەعقوبــەی ســەیارەیەک تیــژ بــە کنــمان دا تێپــەڕی و ڕێـک لـە پەنـای سـەیارەکەی ئێمـە وەسـتا و لـە پەنجەرەکـەوە گوتـی ڕادیۆتـان نییــە، وەڵامیــان داوە نــە. گوتــی صــار الثــورە. ئەمــن لەخۆمــەوە گوتــم عاشــت الجمهـوری. وەلـلا کاک فوئـاد و کاک فـازل و جەماعەتـی کـە لەنـاو سـەیارەی بوویـن هەمـوو سـەیری منیـان کـرد، موشـیکلەیە ئەمـە. ئەمنیـش هـەر لەخۆمـەوە ئـەوەم دەربــڕی.. ســەرەت نەیەشــینم گەیشــتینە نزیــک بەعقوبــەی ئێمەیــان ڕاگــرت و خەڵکێکـی زۆریـان ڕاگـرت و ئیـتر بەیانیـان و یەکـەم بەیانیـان دەربـڕی. هەنـدەی پێنەچــوو عەســکەر بــەرەو بەغدایــە دەڕۆیشــتن، کــە تێپەڕیــن جەماعەتێــک گوتیـان ئـەوە عەبدولکەریـم قاسـمە کـە ئێسـتا خـۆی کردۆتـە ڕەیـس وەزرا. بـە کــن ئێمــەدا تێپــەڕی بــەرەو بەغدایــە ڕۆیــی. بەغــداش گیرابــوو.

ئــەو ڕۆژەی کــە چووینــە لای عەبدولکەریــم قاســم، ئێمــە بــۆ نەقابــەی مامۆســتایان چووینــە بەغدایــە و کۆنگــرەی یەکــەم. لــەوێ بــرادەران گوتیــان ســەردانی عەبدولکەریــم قاســمی دەکەیــن. ڕێکیــان خســتبوو کــە چــۆن بچیــن، جــارێ بــۆ ئیفتیتاحــی نەقابەکەمــان ئــەو هــات وتــاری خوێنــدەوە، لــەوێ دیتــم. دواتــر کــە چووینــە لای لــە وەزارەتــی دیفــاع، ئێمــە چووینــە ژوورەکــەی دانیشــتین، وەختێــک ..... هــات و وەختێــک مورافیقەکانــی هاتــن، پــاش دەمێکــی عەبدولکەریــم هــات، ئێمــە وەفــدی هەولێــرێ بوویــن.

**کێ و کێ بوون وەفدی هەولێرێ؟**

ئــەوەی لەبیــرم بــێ، جگــە لەخــۆم کاک خالــس شــێخ جــەواد بــوو، موسا خەلیلــی ڕەحمەتــی بــوو. خەیرییــە نــادر خوشــکی فایــق نــادری بــوو. پێموایــە حاجــی حەیــدەر عوســمان بــوو، تاهیــر عەبدولــلا بــوو، ئەوانــە بــوون لــەوێ. کــە چووینــە لای ئەویــش هــات و ئێمــە لەبــەری هەســتاین و فاتیمــە ڕوکلامێکــش هەبــوو، شــاعیرێکی عــەرەب بــوو کــچ بــوو، ئەویــش وەفــدی نازانــم کــوێ بــوون هاتبــوون. ئەنــوەر ســلێمانی ڕەحمەتــی بــوو، عەبدولکەریــم هــات و دانیشــتوو، ئیــتر بــوو بــە چەپڵــە لێــدان و قســەکردن و قســە کــرا و قســە کــرا، ئەویــش هەندێکــی قســە بــۆ کردیــن و ئێمــەش قســەمان کــرد و بەحســی کوردســتان کــرا و بەحســی شــۆڕش کــرا و بەحســی جەمــاوەر کــرا و.. عەبدولکەریــم زۆری بەڵێــن پێدایــن و ئێمــەش بــە دڵخۆشــی هاتینــە دەرێ و ئیــتر ئــەو وەختــەش عەبدولکەریــم وا بەنیســبەت عێــراق کــە تــازە شۆڕشــی کردبــوو، زۆر شــتێکی ســەیر بــوو یانــی کــەس نەمابــوو بەنــاوی عەبدولکەریــم تەنیــا ئەوانــەی لێدرابــوون و لادرابــوون ئەگینــا باقــی میللەتــی عێــراق پشــتگیری عەبدولکەریمیــان دەکــرد. چونکــە ئــەو دروشــمی برایەتــی کــورد و عــەرەب و شــەراکەتی کــورد و عــەرەب و هەروەهــا ئەمــری کــرد بارزانــی نەمــر بــرادەران هاتنــەوەو چەنــد دەســتکەوتێک لەبــۆ کــورد و حەپســەکان بەرەلــلا کــران

و ئـەوەی فەسـڵ کرابـوو گەڕایـەوە سـەر وەزیفـەی خـۆی. وەزعەکـە ئـی وەی بـوو کـە هەناسـەکەی ئـازادی و سەربەسـتی هەڵمـژی، دوو سـاڵ یـا سـێ سـاڵ، بـەڵام پاشـی دەسـتی کـرد وەکـی دەڵێـم گێڕەکـەی گـۆڕی، بەدەستپێشـخەری دوژمنـان و ناحـەزان و ئیـتر بەینـی کـورد و عەبدولکەریمیـان تێکـدا و وردە وردە ئەویشـیان لەخشـتە بـرد و ئـەوە بـوو کـە دەسـتی پێکـرد بـە لێدانـی میللەتـی کـورد و ئیـدی شـۆڕش دەسـتی پێکـرد، خێریشـی تێدابـوو ئینشـاللا.

**ببـووره مامۆسـتا گیـان، بەڕێزتـان کـە ئەوەنـدە سـەرقاڵی دونیـای سیاسـەت بـوون و بـە دونیـای سیاسـەت ئەوەنـدە مانـدوو بـوون و شـەونخوونی تێدایـە، چـۆن پرژاونەتـە سـەر دونیـای ئـەدەب؟ چـۆن خەریکـی وەرگێـڕان بـوون، چـۆن خەریکـی شـیعر بـوون، خـۆت دەزانـی دونیـای سیاسـەت مەشـغەڵەتییەکی گەلێـک زۆری دەوێ، جـا بێینـە سـەر ئـەوەی پاشـی ٥٩ و ٦٠ لـە ٦١دا شۆڕشـی ئەیلـوول دەسـت پێـدەکا، یەکسـەر پەیوەندیتـان بـە شۆڕشـەوە کـرد یـان مانـەوە؟**

ئـەوەی ڕاسـتی بـێ کـە شۆڕشـی ئەیلـوول دەسـتی پێکـرد، شـوێنێک هەیـە لـەم دیـوەی هیـران لەگـەڵ هیـران ئەمدیـو ئەودیـون، چیـای سـەفینیان بەینـە، پێـی دەگوتـرێ بایزبـەگ و مێکـوکاو، ئێمـە ڕەزمـان هەبـوو لـەوێ، هاوینـان هەمـوو سـاڵێ هـەر لەباپیرمـەوە دەچووینـە ئـەوێ، ئـەو هاوینـەی ئەمـن لـەوێ بـووم، وەختێـک لەنـاو ڕەزی بـووم دیتـم لـە ماڵـەوە لـە دووم هاتـن گوتیـان وەرە میوانـت هاتیـن، کـە گەڕامـەوە سـەیرم کـرد کۆمەڵێـک چەکـدار، لەوانـە ئـەوەی لەبیـرم مابـی، مـام تەهـای خۆشـناو شـەقڵاوەیی بـوو، چەنـد هەڤاڵێکـی هەمـووی پێشـمەرگە بـوون، یانـی چەکداربـوون هێشـتا پێشـمەرگە دەسـتی پێنەکردبـوو، هاتـن شـەوێ لەماڵـی مـن میـوان بـوون گوتیـان کاکـە ئێمـە ئـەوە

بەرەو كۆیە دەڕۆین، شۆڕش دەستی پێكردووە، لەشكر دروست بووە، ئەوان دەیانگوت لەشكر دروست بووە و چەكدارمان هەیە و سەرەتایەكەی ئاوا دەستی پێكرد، ئێمەش زۆرمان پێخۆش بوو، منیش هەرئەوا لەبۆم هات، (وا لەسەر لووتكەی بەرزی كێوەكان، ئاگری هیوام بۆ دەكرێتەوە، بە هەوڵ و خوێنی دڵ بەداخەكان، ئاڵای ئازادیم هەڵدەدرێتەوە). ئەوم هەروا لۆهات.. سەرت نەیەشێنم، هاتینەوە لە كۆیە پەیوەندیمان بە برادەران كرد، ئیتر سەرەتای شۆڕشەكە بوو و جارێ چ بە چییەوە دیار نەبوو، بەمەیان گوت جارێ ئێوە خۆتان تێهەڵمەقوتێنن. جارێ ئیشمان بە ئەنگۆ نییە. ماوەیەكی پێچوو ئیتر گوتیان، یارمەتی شۆڕش. یارمەتیان كۆدەكردەوە. ئەوەی ڕاستی بێت من  دوربینێكی عەسكەریم هەبوو، ئەوكات زۆر كەشخە بوو، لەگەڵ تاپڕێكی، ئەمەریكی بوو، ئەو دووانەم من بۆخۆم حەزم لە ڕاو و لە ڕەسم گرتن بوو، گوتم باشە چ دەبێ من بەو دوانە بەشداری بكەم. گوتیان ئەوە زۆر چاكە قەت لەوەی چاكتر نابێ. پێویستیمان بە چەك هەیەو پێویستیمان بە دووربینیش هەیە. منیش هەردووكم دانێ. ئەو دووە لە شۆڕش مانەوە هەتا ١١ی ئازار. لە ١١ی ئازار تاپڕەكەم وەرگرتەوە، ئێستا مەوجوودە ماوە و ڕامگرتووە وەكو كەلەپوورێك وەكو سیمبولێك، بەڵام دووربینەكەم وەرنەگرتەوە و گوتم با ئەوە هەر بۆ ئەوان بێ، لای كێیە با هەر لەلای ئەوان بێ، بەڵام بەشداریمان نەكرد، من ئاخر شت وەكو بەشداریم كرد بەتەواوی بەڕاستی خۆم هاتمە ناو شۆڕش كە ڕێیان دام، ساڵی ٧٤ بوو. دوای ئەوەی كە شۆڕش دەستی پێكردەوە و دوای تێكچوونی ١١ی ئازار و ئەو حوكمی زاتییە كارتۆنییە. ئیتر من لە ١١ی ئازارەوە پەیوەندیم پێوەكردن هەتا ڕۆژی نسكۆی شۆڕش، دوای نسكۆی شۆڕشیش پەیوەندیم پێیانەوە گرت و گوتیان ئازادی كەیفی خۆتانە..

**مامۆستا ببووره وەکو عەرزم کردی لەو دونیایە پڕ کێشمە کێش و ماندووبونەی سیاسەت، لەوەی کە ئێمە هەرزەکار بووین گوێمان لە گۆرانی (ئەمیرەکەم) دەبوو، وامان هەست پێدەکرد ئەمە سەربوردەیەکی دڵداری و ئەڤینێکی زۆر درێژخایەن و قووڵی تێدایە، دوایی بۆمان بەدیار کەوت، ئەم شیعرە کە گوتراوە (ئەمیرەکەم، دڵگیرەکەم) پاشینەکەی سیاسییە نەک خۆشەویستی بێ، ئەگەر بکرێت بۆ بینەرانی بەڕێز سەربوردەی شیعری ئەمیرەکەم ڕوون بکەیتەوە؟**

خۆی ئەمیرەکەم ئەوەی بۆخۆمان دەزانین، شاعیرانی کورد زۆرجار دولبەرەکانیان بە مانگ شوبهاندییە و بە ڕۆژ شوبهاندییە و بە شتی تر شوبهاندییە، من لێرە هەستام ئەوەم پێچەوانە کردەوە، هەستام شتەکەی دیم بە ئافرەت شوبهاند. هەستام کوردستانم بە ئافرەتێک شوبهاند کە ناویشم لێنا ئەمیرە، کە ئەمیرەی دڵمە نەک ئەمیرەی دیکە.. وشەکە ئەگەرچی عەرەبییە یانی ئەوە سەرداری منە، ئێمە وەختێک لە کولییە بووین لە بەغدایە سۆزی کوردستان و خۆشەویستی کوردستان و سۆزی میللەتەکەم و دەمەدی میللەتەکەمان دواکەوتووە و دەمەدی میللەتەکەمان دابەشکراوە و دەمەدی میللەتەکەمان لە هەموو شتێکی بێ بەش کراوە، دەسەڵاتیشمان نەبوو، شتمان دەکرد تێدەکۆشاین بەڵام ئەوە نەبوو کە لە خەیاڵم بوو، ئیتر هەستام ئەو تەعبیرەم هێنا کوردستانەکەی خۆم و میللەتی خۆمم شوبهاند بەو دولبەرەی کە زۆر خۆشەویستەو زۆر نازادارە و زۆر جوانە و کە لێشم دوورە، دووریيەکەی ئاواتی کورد بوو واتە سەربەستی و ئازادی و ئەو ڕۆژەی کە ئێستا تێیداین و ئینشاڵڵا باشتر دەبێ. ئەوەم کردە دوورە لێم. جا ئەوەش فرمێسکی دەوێ، فرمێسک یانی ڕەنج، تێکۆشان، یانی شەونخوونی کردن، یانی ئازار چێژتن، دەربەدەری گرتن و نان بڕان و هەمووی ئەوەیە

بەمانـای ئـەوە دێـت کـە دەبێـت (لـە ئەشـک ببـووری).

**ئــەی مامۆســتا گیــان ســەربوردەی سروودی (مــن کــە ڕۆڵــەی کوردســتانم)، ئــەو سرووده خۆشــەی کــە ڕۆژگارێــک جــۆش و خرۆشــانی دەدایــە خەڵــک، ســەربوردەی لەدایــک بوونــی ئــەم سرووده چۆنــە؟**

ئـەوەش هـەر بـۆ هەمـان ڕێچکـە دەگەڕێتـەوە، ئـەوەش سـۆزی کوردایەتـی و سـۆزی نیشـتمان و سـۆزی یەکێـک کـە خـۆی هەسـتی نیشـتمانی لەدڵدابـێ و دەبـێ چـی بـۆ بـکا و چـۆن هەسـتی بەرامبـەری هەبـێ لـەو سـۆزەیەوە هاتـووە و (مـن کـە ڕۆڵـەی کوردسـتانم.. پـەروەردەی بەفـری کوێسـتانم) کوێسـتان لای مـن زۆر خۆشەویسـتە، بەفـر باریـن لای مـن زۆر شـتێکی پیـرۆزە، چونکـە ئێمـە هـەر ئەوەمـان هەبـووە چونکـە هـەم بەکەڵکـە، هەمیـش پەیوەندییەکـی گیانیـمان پێکـەوە هەیـە و چونکـە ژیانمـان بـەوەوە بەنـدە. ئیـتر پێـدا دەڕوا ئاخـر شـت کـە دەڵـێ (فیـداکاری... بـۆ رزگاری... بۆتـە پێویسـتی سەرشـانم) بـەس ئـەوەش هـەر لـەوەوە سـەرچاوەی گرتـووە کـەوا سـۆزی کوردێـک بەرامبـەر بـە کوردسـتان چـۆن خـۆی بـۆ نیشـان بـدات... چونکـە هـەش بـوو ئینـکاری کوردسـتانیان دەکـرد و دەیانگـوت تـۆ نابـی باسـی کوردسـتان بکـەی و نابـی باسـی کـورد بکـەی، کـورد نابـێ داوای شـتی خـۆی بـکا، شـتی سـەربەخۆ پێیـان شـتێکی خـراپ بـوو، ئەمـن دەمویسـت ئەمـە ئیسـبات بکـەم کـە نەخێـر (ئێمـە ڕۆڵـەی کوردسـتانین و ڕۆڵـەی کوردسـتانیش بـۆ میللەتەکـەی خـۆی تێکۆشـانی هەبـووە، بـۆ میللەتـی خـۆی هەوڵـی داوە.

**مامۆســتا مەجیــد کــە نــاوی یەکێتــی مامۆســتایانی کوردســتان، یەکێتــی نووســەرانی کــورد دێــت، بــواری پــەروەردەش هــەر**

**لەگـەڵ ئەوانـدا، حـزووری جەنابـت لـەو ڕێکخـراوەدا لـە بـواری پـەروەردەدا ئامادەبوونێکـی دیـارە، حـەز دەکەیـن لەسـەر ئـەم وێسـتگەیەش تۆزێـک قسـە بکـەی؟**

لــە ڕاســتیدا یەکێتــی مامۆســتایانی کوردســتان، پێــش ئــەوەی نەقابــەی مامۆسـتایانی کوردسـتان بـێ یـا نەقابـەی مامۆسـتایانی عێـراق دابمـەزرێ، هـەر لەسـەرەتاوە لـە پەنجاکانـەوە بیرۆکـەی یەکێتـی مامۆسـتایانی کوردسـتان هەبـوو، یانـی ئـەو مامۆسـتایانەی سـەر بـە ڕێبـازی کوردایەتـی بـوون، یـان ئەوانـەی کـە ئەندامـی پارتـی بـوون یـا لایەنگیـری پارتـی بـوون، ئەمانـە هەمـوو هەوڵیانـدا یەکێتــی مامۆســتایانی کوردســتان دابمەزرێنــن. هەرچەنــدە ڕێکخراوەکــە بــە ڕەسـمی دروسـت نەکرابـوو، لـە دوایـە کـە دروسـتکرا ئێمـە ئەندامـی دامەزرێنـەر بوویـن و لەگەڵـی بوویـن و بەشـداربووین و لـە چالاکییەکانـی و لـە کۆنگرەکانـی، بەتایبەتـی ئەمـن خـۆم وەکـو مامۆسـتایەک بـا بڵێیـن لـە زۆر لـە کۆنگرەکانـی کـە ئامـادە دەبـووم هەروەکـو بێـژەر وەکـو (ئـەوکات پێیـان دەگـوت عریـف حفـل) سەرپەرشــتی چالاکییەکانــم دەکــرد، بەرنامەکانــی ئەمــن پێشکەشــم دەکــردن، وتـارەکان مـن پێشکەشـم دەکـردن، تەعلیقـەکان نـاوە نـاوە لـە لـە شـیعری خـۆم و شـیعری دیکـە، ئـەوە چالاکیـمان لـە یەکێتـی مامۆسـتایان هەروابـوو هـەر ئەنـدام بـووم. دوایـە ئـەوە لـە پـاش حەفتـاوە ئەمـن گوزرامـەوە کۆیـە لـەوێ بوومـە بەرپرسـی فەرعـی یەکێتـی مامۆسـتایان لـە کۆیـە تـا ٧٤ کـە بەشـداریمان لـە شـۆڕش کـرد. بـە نیسـبەت یەکێتـی نووسـەرانی کـورد، لەیەکـەم دامەزراندنیـەوە ئەمـن تێدابـووم، لـە یەکـەم کۆنگـرە کـە لـە بەغدایـە بەسـترا ئەمـن ئەندامـی نوێنـەری هەولێـرێ بـووم لـەوێ وتـاری لێژنـەی هەولێـرێ ئەمـن خوێندمـەوە. وتارەکـەش پێموایـە دەنگێکـی باشـی داوە و جێـی خۆیگـرت لەوێنـدەرێ لـە قاعەکـە مامۆسـتا هـەژاری ڕەحمەتـی لێبـوو هەروەهـا سـەعید نـاکام سەرپەرشـتیان دەکـرد، ئەمـن لەوکاتـەوە بوومـە ئەنـدام تـا ئێسـتاش بەردەوامـم. لـە هەمـوو کۆنگرەکانـی ئامـادە

بوومـە و لـە هەمـوو کۆنفرانـس و کۆڕەکانـی ئامـادە بوومـە، شـتم نووسـیوە و دانەبەڕاویـن بـە هیـچ شـێوەیەک. جەنابـت پرسـیت چـۆن سیاسـەت و ئـەدەب و ئـەو شـتانە پێکـەوە ئەنجـام بـدەی، ئینسـان کـە عاشـقی شـتێک بـوو، گـوێ ناداتـە ماندووبـوون و شـەونخوونی و جەنابـت کـە عاشـقی نووسـینی، پێموایـە ڕۆژانـە ئێسـتا تـۆ چـوار پێنـج شـتان دەنووسـی، ئـەوە وەختـی خۆتـی بـۆ تەرخـان دەکـەی، جـا وەختـی خـواردن یـا وەختـی نووسـتن و ئیسراحەتـی بـۆ دەبـڕی، منیـش ئەوهـا هـەم لـە سیاسـەت ئیشـی خـۆم دەکـرد، چـی پێویسـتە ئەمـن جێبەجێـم دەکـرد، بەبـێ دوو دڵـی و دواکەوتـن لـە خـوا بەزیـاد بێـت، دوای ئـەوە هـەر کاتێکـی دیکـە دەمـاوە تەرخانـم دەکـرد بـۆ نووسـین و خوێندنـەوە و وەرگێـڕان و شـیعر دانـان و، جـاری وا هەبـووە نیوەشـەو بەخەبـەر هاتوومـەوە شـتێکم بـە خەیاڵـدا هاتـووە و هەسـتامە هاتوومەتـە خـواری چرایـم داگیرسـاندووە و دەسـتم کـردووە بـە نووسـین وەختێـک ئەوانـی دی هەسـتاون پێیـان گووتوومـە تـۆ شـێت بـووی، تـۆ نانـووی، دەمگـوت نـا ئـەوە نووسـتنی منـە، ئـەوە ژیانمـە ئـەوە زەوقـی لێوەردەگـرم، ئـەوە بەکەڵکـە. بەڕاسـت زۆر کەمتەرخەمیشـم کـردووە، چونکـە ئێسـتا دەبـا کۆمەڵێـک بەرهەمـم بڵاوکرابایـەوە.

**بەڵـێ لـە چـاو تەمەنـت بەتایبەتـی لـە بـواری وەرگێـڕان، مـن هەسـت دەکـەم کەموکوڕییـەک هەیـە لـە بـواری وەرگێڕانـدا، دەبوایـە ئامادەگـی جەنابـت لـە ڕووی وەرگێڕانـەوە لـە چـاو تەمەنـی خـۆت زۆر بوایـە مامۆسـتا..**

لێـرەدا مـن دەمـەوێ ئـەوە بـۆ جەنابـت ڕاسـت بکەمـەوە، ئامادەگیـم بـووە، بـەڵام بـە چاپـم نەگەیانـدووە. ئێسـتا مـن ئـەو هەمـوو بەرهەمـەی خـۆم هەیـە، بـەڵام تـا ئێسـتا کتێبێکـم نییـە، وەکـو کتێـب. هەتـا ئێسـتا ٢٣ هەتـا ٢٤ بابەتـم هەیـە کـە هـی کتێبـە، بەشـی زۆریـان کتێـبن، هەندێکیـان شـانۆگەرییە،

هەندێکیـان چیرۆکـن و هەشـت نـۆ دانەیـان هـەر کتێبـی کاملـن. زۆر لـە بـرادەران دەڵێـن مامۆسـتا تـۆ شـیعرەکانت بـۆ چـاپ ناکـەی؟ دەڵێـم تـا ئێسـتا نەمکـردووە و ئێسـتاش نایکـەم، دەڵێـن بـۆ؟ چونکـە شـیعرێکی پێـش سـی سـاڵ یـا بیسـت سـاڵ نووسـیومە پێـم جـوان نییـە بـۆ گەنجانـی ئەمـڕۆی بـڵاو بکەمـەوە..

**ئاخــر مامۆســتا ئــەوە مێــژووە بەشــێکە لــە مێــژووی ئەدەبــی کــوردی.**

راستە بەڵام ئاخر ئەمەش توانای دەوێ.

**ئێمـە دەزگاکانمـان هـەن لـە هەرێمـی کوردسـتان، یانـی سـێ چـوار دەزگای چاپـمان هـەن.**

لـە خـوای بەزیـاد هەبـێ، بـەڵام بەڕاسـتی لـەو بارەیـەوە کەمتـەر خـەم بوومـە. ئەگینـا لەبەرهـەم کەمتەرخـەم نەبوومـە. مـن شـتم زۆرە، بـاش و خراپیـان تێدایـە، هەیـە دەسـت دەدا بکرێتـە کتێـب و چـاپ بکـرێ و هەشـە هـەر کردوویتـم و لەوانەیـە بایەخـی ئـەوەی نەبـێ بکرێتـە کتێـب. دوایـە لـە شـیعرەکان، هەندێـک لــە شــیعرەکان بــۆ کــوردن و زۆر شــیعرم هــەن بــەڵام بــڵاون. زۆریــان نازانــم لـە کـوێ نـووسراوە و لـە کـوێ وەختـی خـۆی بڵاوکراوەتـەوە. زۆر کـەس هەیـە دەڵێــن مامۆســتا ئــەوە شــیعری تۆیــە لــە فڵانــە جێــگا، دەڵێــم بــڕوا بکــە مــن وەبیــرم نەمــاوە.

**مامۆسـتا سـەرەڕای سیاسـەت و ئـەدەب، وەکـو ئـاگادار بیـن جەنابتان لــە وەرزشــیش زۆر نزیکــن، ســەردەمانێک ئێــوە پەیوەندییەکــی قووڵتــان لەگــەڵ وەرزشــدا هەبــووە، ئەمــە چــۆن بــووە؟**

بـا باسـی وەرزشـت بـۆ بکـەم، شـتێکی نوێـم دێتـەوە بیـر، لەبـارەی پیشـەی

مامۆستایەتی و وەرزش و مامۆستایەتی، وەختی خۆی پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووز، دوو کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە گیرا، ساڵی ٥٩ و ساڵی ٦٠ لە هەردووکیاندا بەشداربووم، لە هەردووک کۆنگرەکەدا بێژەر بووم، جموجۆڵی تایبەتیشم هەبوو تێیاندا، لە کۆنگرەی سێیەمیش کە لەناوپردان بەسترا، سەرۆک بارزانی نەمر تێیدا ئامادە بوو، لەوێش ئامادەبووم و لەوێش بێژەر بووم، (عریف حفل) بووم وێنەیەکی ئەوکاتیشم هەیە. لەوێ شتەکانم تەقدیم دەکرد و بروسکە و شتی وام دەخوێندەوە، لە یەک لە بڕگەکان، گوتم ئێستاش بروسکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی قوتابیانی کوردستانتان بۆ دەخوێنمەوە، هەستم دەکرد شتێکم غەڵەت کردووە، نەدەهاتە خەیاڵم. یادی بەخێر سەرۆکی هێژا کاک مەسعود بارزانی کە تازە پێدەگەیی لەگەڵ باوکی و کاک ئیدریسی ڕەحمەتی لەوێ مەوجوود بوون، هات لە پشتەوە گوتی، مەکتەبی سکرتارییەت. یەکسەر ڕاستم کردەوە و گوتم ببوورن بروسکەی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان. کۆنگرەی مامۆستایانی کوردیش لە شەقڵاوە زۆر شتی هەبوو و زۆر بەرهەمی چاکی هەبوو بۆ ئەو وەختی کورد و ڕۆشنبیری کورد، هەرچەند کێشمە کێشی زۆرمان هەبوو لە بەینی پارتی و برادەرانی شیوعی.

جا بێینەوە سەر وەرزش، من کە لە قوتابخانەی ناوەندی بووم لە کۆیە، یادی بەخێر مامۆستا کەریم ئەحمەد کە ئێستا سکرتێری حزبی شیوعی کوردستانە، وەکو مامۆستایەکی تەعین نەقڵی کۆیە بوو لەگەڵ جابر پیرداودی، ئەو دووە پێکەوە هاتنە کۆیە، ئەویان تەنسیب کرد بۆ متەوەسیتەی، لە متەوەسیتەی دەرسی ڕیازە و دەرسی دینی بە ئێمە دەگوت، خۆی ڕیازی بوو. جسمێکی زۆر عەنتیکەی هەبوو. هەموو ڕۆژێ پاش نیوەڕانان ئێمەی دەهێنایەوە و مەجمووعەیەکی هەڵبژارد. دەرسی دینیشی پێدەگوتین. هەموو ڕۆژێ دوای نیوەڕانان هەتا ئەگەر باران با، تەرزە با، بەفر با ئێمەی دەهێنایەوە

لــە کۆیــە بــۆ مەکتەبــێ، پــاش نیوەڕانــان ڕیــازەی پێدەگوتیــن، بەتایبەتــی ســەللە و بالــێ و ئەوانــە، ئیــتر غاردانــە و بۆکســانێ و موســارەعە و...تــاد، تەنانــەت غاردانــی نــاو گۆنییەش......خۆشــم خولیــای ڕیــازەم هەبــوو، هــەروەک باســم کــرد ڕەزمــان هەبــوو لــە بــن هیرانــێ. ئــەوە زۆر هانــدەر بــوو، چونکــە بــە پێیــان دەهاتیــن بــۆ کۆیــە و دەچووینــە ســەر چیــای و دەچووینــە هیرانــێ و دەچووینــە سووســێ و دەچووینــە نازانــم چــی.. لەشــێکی ڕیــازی زۆر عەنتیکــەم هەبــوو، ئیــتر بــەردەوام بــووم. کــە هاتمــە ثانــوی لــە هەولێــر، لــە تیپــی ثانــوی دابــووم، ئــی تۆپانێــش و ئــی بالــەش و ئەوانــە کــە چوومــە کولیــەش هــەر بــەردەوام بــووم، لــەوێ هەتــا مەدالیــام وەرگــرت، لــە تیپــی خۆمــان بــووم، بەشــی خۆمــان بەشــی جوگرافیــا و زمانەوانــی. لــە تیپــی کولیــەش دابــووم کــە لەگــەڵ کولیيەکانــی دیکــە یاریــمان دەکــرد. کــە گەڕامــەوە بــووم بــە مامۆســتا ئــەو خولیایــەم هــەر مابــوو، لێــرە لەگــەڵ مامۆســتایانی خۆمــان تیپێکــی مەعاریفــمان دروســت کــرد، تیپــی تۆپانــێ. مەعاریــف یانــی پــەروەردە، ئــەو کاتــە مامۆســتایەکان و چەنــد کەســێکی دیکــە کــە ســەر بــە پــەروەردەی بــوون، وێنەیەکــی ئەوکاتــم هــەر مــاوە لــەو وێنەکــەدا فەرەنســۆ حەریــری تێدایــە، فــاروق ســەید ئەحمــەدی تێدایــە، مســتەر ڕوســەن هەبــوو، مامۆســتایەکی ئینگلیــزی بــوو لەگەڵــمان ئــەوی تێدایــە. ئیــتر کــە بوومــە بەڕێوەبــەری ئیــدارەی خانــەی مامۆســتایان لــەوێ ئــەو هیوایــەم هــەر بــەردەوام کــرد بــۆ قوتابییــەکان. ئیــتر پشــتگیری مامۆســتایانی ڕیازیــم دەکــرد، بــە تایبەتــی کاک نــاسر یوســف کــە هــات، پەیوەندیــمان زۆر خــۆش بــوو، هەرچــی ویســتی ئەمــن یارمەتیمــدا وەکــو بەڕێوەبــەر، نــاسر یوســف جیمناستیکیشــی دەزانــی، تیپێکــی دروســت کــرد لــە هەمــوو عێــراق تیپــی وا نەبــوو، دوایــە لــە تۆپــی پــێ، لــە تۆپــی بالــە لــە هەمــووی. { ئیســماعیل بەرزنجــی: نووســەرێکی دیاریــش بــوو} بەڵــێ ئێمــە لەلایەنــی ئەدەبــەوە لێــک نزیــک بوویــن.

**مامۆستا مەجید ئەو نازناوەی ئاسنگەر لە کوێیەوە هاتووە؟ کاتی خۆی کە وتارەکانتم بە عەرەبی دەخوێندەوە (مجید حداد) دەنووسرا، کە بە کوردیت دەنووسی مەجید ئاسنگەر، ئەمە پیشەی بنەماڵەیە یان لە شوێنێکی دیکە سەری هەڵداوە؟**

ئەوە پیشەی بنەماڵەیە، باپیرم ئاسنگەر بووە، بابیشم و مامیشم کە دوای باپیرم هەر ئاسنگەر بوونە، خێزانەکان و خزمەکانیشمان زۆربەیان ئاسنگەریان کردووە، هەر لەبەر پیشەی خۆمانەوە، من ئەو نازناوانەم هەڵنەبژاردووە نازانم (سووتاو و برژاو و پەرێشان و..) ڕێزم بۆ ئەوانە، من پیشەی خۆمان پیشەی ئاسنگەری، منیش نازناوەکەم حەداد دانا، چونکە ئەوکات وشەی عەرەبی باو بوو، کە هاتمە هەولێر، لێرەش کاریگەری خوالێخۆشبوو مامۆستا گیو هانی دەدایــن دەیگوت، ئەوەی شتم بۆ گۆڤاری هەتاو بۆ دەنێری، ئەگەر نازناوی کوردی نەبێ، یان بۆخۆی ناوی کوردی نەبێ، شتەکانی بۆ بڵاوناکەینەوە.

**دوای ئەو حەفتا ساڵە لە تەمەنی جەنابتان کە هیوای تەندروستییەکی باشتان بۆ دەخوازین، حەز دەکەین بزانین مامۆستا مەجید ئاسنگەر هیوا و خۆزگە و ئاواتی بۆ نەتەوەکەی بۆ ئەو خەڵکە بۆ ئەزموونەکەمان چییە؟**

بەڕاستی ئەوە پرسیارێکە وەڵامدانەوەی ڕەنگە دۆستانە بێ چونکە، یانی ئاوات و هیوای من، تایبەتی منە کە وەکو خۆم دەزانم و خۆم دەناسم، هەر لەو ڕۆژەی کە خۆم ناسیوە تا ئێستا بەو هیوایەم کە کورد وەکو کورد، وەک هەر میللەتێکی دیکەی سەر ئەو ڕووی زەمینە بە مافی خۆی بگا و بەسەربەستی و ئازادی خۆی بگا و بگاتەوە کاروانی گەلان و تەکانێ ماوە بۆ لوتکەی تەلان، بگەیتە کاروانی گەلان، ئەوە لە دیوانەکەمدا هەیە،

ئاواتـی مـن ئەوەیـە میللەتـی کـورد ببینـم بـە یەکپارچەیـی، یەکریـز، یـەک هیـوا یـەک ئامانـج، یـەک وڵات، یـەک دەسـەڵات وەکـو بـرا، خۆمـان حوکمـی خۆمـان بکەیـن، خۆمـان خۆمـان بەڕێـوە ببەیـن، خۆمـان پەیوەنـدی لەگـەڵ خەڵکانـی دیکـە بکەیـن، وەکـو هاوشـان نـەک وەکـو خزمەتـکار، یاخـود پلـە دوو. ئێمـەش میللەتیـن، ئێمـەش کـە هەمـوو بنەمایەکـی دەوڵەتمـان هەیـە بـە ئـاو و بـە خـاک بـە تێکۆشـان بـە مێـژوو بـە زانسـتی، بـە ڕۆشـنبیری بـە قوربانیـدان، بـە پارتـی و حـزب دروسـتکردن بـە خۆڕێکخسـتن هەمـوو شـتمان هەیـە و هەرچـی خەڵـکان کردوویانـە و ئێمـەش کردوومانـە، هەرچـی بـۆ خەڵـکان مەیسـەر نەبـووە، بـۆ ئێمـە مەیسـەریش بـووە، بـەڵام ڕووی زەمانـە ڕەش بـی، تەماعـی داگیرکـەران و تەماعـی وڵاتانـی زلهێـز و تەماعـی خەڵکانـی چاوبرسـی لـە وڵاتـە پـڕ زێـڕ و سـەروەتە.. کێشـەی نێـوان خۆمـان ئـەوەش هـەر دەسـتی ئەوانـی تێدایـە بـە ئەکیـد، کـەوای کـردووە زیاتـر ئێمـە ئـەو کێشـەیەمان پـێ چارەسـەر نەکـرێ یـان ئـەو کێشـانە ڕووبـدەن. ئومێـدم ئەوەیـە میللەتـی کـورد، بـە ئاشـتی و برایەتـی و بـە دیموکراتـی بەسـەربەخۆیی و سەربەسـتی و ئـازادی وەکـو هـەر میللەتێکـی سـەر ڕووی ئـەو زەمینـەی بـژی و هەمـوو ئامانجەکانـی بێتـەدی و ئـاڵای کوردسـتانیش وەک ئـاڵای هـەر وڵاتێکـی دیکـە لەسـەر هەمـوو دەزگایەکـی بشـەکێتەوە.

**دەکـرێ بپرسـین کـە دایکـی (بۆتـان)ت هێنـا خۆشەویسـتییەک لـە ئـارادا بـوو یـان بـە ڕێکـەوت بـوو؟**

دایکـی (بۆتـان) کـە نـاوی (پەرژیـن) و کچـی شـاعیری نیشـتمانپەروەری کـورد (عوسـمان عەونی)یـە. خـۆی (عوسـمان عەونی)لـە گـەڵ باوکـم حـەق ئامۆزانـە لەماڵـەوەش هـەر زۆر جیـران بوویـن، تێکەڵاویـمان هەمـوو دەمـێ هـەر هەبـووە، قەزیـەی خۆشەویسـتی هـەروەک خزمێکـی خـۆم و وەکـو کوردێـک و وەکـو ڕۆشـنبیرێک و دەنـا خۆشەویسـتی وەک لایەنـی دیکـە نەبـووە و کچـی شـاعیرێکی

دیـار و باوکـی کاریگـەری و چاکـەی لەسـەر مـن هەبـووە، چ وەکـو شـاعیر، چ وەکـو خـزم چ وەکـو ڕیـش سـپی خێزانەکەمـان، چ وەکـو دراوسـێ، ئیـتر لەگـەڵ ئـەو زەماوەندمـان کـرد لەسـاڵی ١٩٦٤، ئێسـتا سـێ منداڵـمان هەیـە، یەکـەم ڕۆژان، یەکـەم کچـمان کـە نـاوی ڕۆژانـە، یەکـەم نـاوی (ڕۆژان)یـش لـە منـەوە داکـەوت، وەکـو سرودی پێشـمەرگەی (مـن ڕۆڵـەی کوردسـتانم). یەکـەم نـاوی (ڕۆژان) کـە لـە کوردسـتان دروسـت بـێ مـن دروسـتم کـردووە، ئێسـتا دکتـۆرەی بەیتەرەیـە و ئێسـتاکە شـووی کـردووە و لـە سـویدە، ئێسـتا ئەمـڕۆ لێرەیـە. دووەمیـن منـداڵ (جۆشـان) بـرای کـە ئەویـش کولیـەی کشـتوکاڵی تـەواو کـردووە و ئێسـتا موهەندیـس زەراعیـە ئێسـتا لەهەولێـری فەرمانبـەرە لـە وەزارەتـی دارایـی. سـێیەم (بۆتـان) کـە کـوڕە گچکەمـە ئەویـش کولیـەی هەندسـەی تـەواو کـردووە لـە جامیعـەی موسـڵێ، دوایـەش ماجسـتێری وەرگـرت ئێسـتا مامۆسـتایە لـە پەیمانـگای تەکنیکـی هەولێـرێ. کچێکـی بچکۆلـەی هەیـە نـاوی (سـاوە)خانە. کوڕەکەشـم (جۆشـان) سـێ منداڵـی هەیـە (شـاکار، کۆسـار، ئـاکار).

**بـە هیـوای تەمەندرێژییـان.. بینەرانـی خۆشەویسـت دانیشـتن لەگـەڵ ئـەو زاتـە کەسـتان بێـزار نـاکات، بـەڵام هـەروەک دەزانـن هـەر بەرنامەیـەک کاتـی دیاریکـراوی خـۆی هەیـە ئێمـە لێـرەدا مامۆسـتا مەجیـد بەجێدێڵیـن و هیواداریـن هـەردەم بـە لەشـی سـاغ و بـە تەندروسـتی باشـەوە بـەردەوام بـێ لەکاروبـاری خـۆی.**

# چاوپێکەوتن لەگەڵ (ستایل)

**مامۆستا مەجید ئاسنگەر لە مەیدانی خەبات و کوردایەتیدا ڕۆژگارێک ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، ئاخۆ ئەم پەیوەندییەی نێوان کوردایەتی و مامۆستایەتی و بواری ئەدەب و کولتووری کوردی چۆن لێک دەدەنەوە و چۆن توانیوتانە لەگەڵ ئەم بوارانەدا جێ پەنجەکان دیار بێت؟**

خەبات و کوردایەتی بەلای منەوە ئەرکی سەرەکیی و پیرۆزی هەر ڕۆڵەیەکی دڵسۆزی کوردە کە خوێنی نیشتمانپەروەریی و مرۆڤدۆستی لە دەمارەکانیدا دەسووڕێتەوە و هەست بە ستەمدیدەیی و مافخوراویی و چەوساندنەوەی نەتەوەکەی - کورد و لەتلەتبوون و داگیرکردنی نیشتمانەکەی –

کوردستان- دەکات. پێوەندیی (مامۆستایەتی ڕاستەقینە)ش لەگەڵ (کوردایەتی)یدا دوو لایەنەیە، بەو واتایەی کە لەسەرێکەوە دەبێت (مامۆستا) پێشەکی خۆی لە پێناوی (خەبات و کوردایەتی)دا بەکار ببات و لەم ڕێگەیەشەوە خزمەت بە گەلەکەی خۆی بگەیەنێت و لە سەرێکی دیکەیشەوە (خەبات بۆ کوردایەتی) لەسەر (مامۆستا) فەرز دەکات لە پیشەکەی دا جیددی و دڵسۆز و کارامە و توانا بێت و هەرگیز هەرگیزاو نابێت مامۆستایەتییەکەی بەلاوە گرنگ و پڕ بایەخ نەبێ و کەمتەرخەمیی تێدا بنوێنێت! بەو مانایەی کە (مامۆستا) بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێ پێویستە هەردەم (پێشمەرگە)یەکی بڕوا پۆڵایین و زانای مەیدانی (خەبات و کوردایەتی) بێت و لە هەمانکاتیشدا هەر (مامۆستایەک) لافی (خەبات و کوردایەتی) لێبدات و دەبێت هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدابێت و تیایدا سەرکەوتوو بێت و بە بیانووی (کوردایەتی)یەوە پشتگوێی نەخات و بە چەکی (زانست و پەروەردە)ی پڕ سو بێتە نێو کۆڕی بزاڤی (کوردایەتی)یەوە.

هەر بەم شێوەیەش پێوەندیی نێوان (ئەدەب و کولتور) و (خەبات و کوردایەتی) بەلای منەوە پێوەندییەکی (دایەلەکتیکی)بەهێز و بەردەوامە، بۆیەکا من ئاوای دەبینم کە (مامۆستایەتی) و بایەخدان بە (ئەدەب و کولتوری کوردی) تەواوکاری یەکترین، یان دوو کۆڵەگەی پتەوی (خەبات و کوردایەتی)ی ڕاستەقینەن و هەمووشیان بەیەکەوە پرۆسەیەکی ئاوێتە بووی تێکەڵاو (Complex) پێکدێنن کە هەرگیز لەیەکدی جودا ناکرێنەوە!

جا گەر وەک گوتووتانە توانیبێتم و بۆم لوابێت جێ پەنجەم لەگەڵ ئەم بوارانەدا دیار بووبێت، ئەوا دەڵێم یەکەم بەهرەیەکی خوداییە.

دووەم: دەرنجامی بیروباوەڕی بێگەرد و پتەوی کوردایەتی و هەوڵ و کۆشش و خۆماندووکردن و شەونخوونی و کۆڵنەدان و هەستکردن بووە بە بەرپرسیاریەتیم لە بەرامبەر گەل و نیشتماندا.

**لــە شــیعری گۆرانیــدا چەندیــن بەرهەمــی ناوازەتــان لەلایــەن گۆرانیبێژانــی گــەورەی کــورد کراوەتــە گۆرانــی. ئێســتا شــتی لــەم بابەتــە نانووســن؟ بەســەرهاتی ئەمیرەکــەم چییــە؟**

ئــەوەی ڕاســتی بێــت دەمێکــە شــتی لــەم بابەتــە (شــیعری گۆرانــی)م نەنووســیوە، بەســەرهاتی (ئەمیرەکــەم) یــش ئەوەیــە کــە لــە ڕۆژگارێکــی کــرچ و نالەبــار و خەماوییــدا، پێوەندیــی (خۆشەویســتی) خۆمــم بــە (کوردســتان) لــە دوورەوە، بەشــێوەیەکی (ڕەمــزی) دەربڕیــوە، واتــا (ئەمیرەکــەم) وەکــو ئافــرەت هێمایــە بــۆ (نیشــتمان) ناکــرێ ئــەوەش نەڵێــم کــە هونەرمەنــدی گــەورەی کــورد (ئەحمــەد خەلیــل) بــە ئــاواز و مۆســیقا و بــرا و دۆســتی خۆشەویســتم خوالێخۆشــبوو (فوئــاد ئەحمــەد)ی هونەرمەنــد و خاتــوو (گوڵبەهــار) بــە دەنگــە ناســک و بــە ســۆزەکەیان و (ئیــمان عەزیــز) یــش بــە بەشــداریکردن لــە کلیپەکــەدا، زیاتــر گۆرانییەکەیــان بەجەمــاوەر ناســاند و ئــەو نــاو و دەنگەیــان پێبەخشــیوە!

**جــاران وەک مامۆســتایەکی لێهاتــووی زمانــی ئینگلیــزی توانایەکــی باشــت هەبــوو لەپێگەیاندنــی نــەوەی نــوێ، ئێســتا هیــچ بەرهەمێکــی ئینگلیــزی ناکەنــە کــوردی، هــۆی ئەمــە چییــە؟**

ڕاســتە ئــەوەی جــاران پێماندەکــرا و کردوومــە ئەمێســتا، بەهــۆی هەڵکشــانی تەمــەن و هۆکارگەلــی پەیوەســت بەسروشــتی لەشســاخیی (تەندروســتی) ئــەم قۆناغــەی ژیانمــەوە بــۆم نالوێــت ئەنجامــی بــدەم، لــێ لەگــەڵ ئەمەشــەوە، نــاوە نــاوە (بەرهەمــان) لــە زمانــی ئینگلیــزی و لــە عەرەبیشــەوە دەکەمــە کــوردی، بــەڵام کەمــتر بڵاویــان دەکەمــەوە.

**ئاستی ئەمڕۆی شیعری کوردی و بوارەکانی تری ئەدەب بەگشتی چۆن دەبینن؟**

بەبێ دوو دڵی ئاستی شیعری کوردی لە دوای ڕاپەڕینەوە (بەهاری ١٩٩١) ئێجگار نزم و لاواز و هەر (گڕوگیڤ) بووە، بەڵام بەخۆشییەوە ئێستێکە شیعری کوردی و هەروەها بوارەکانی تری ئەدەبیش بەگشتی خۆیانیان ڕاتەکاندوە و کەوتوونەتە سەر پێ و خەریکە ڕێچکەی ڕاستەقانی خۆیان بگرن و خۆشبەختانە لە مەیدانەکەدا چەندین ناوی بەهرەدار دەرکەوتوون و بەگەشی دەدرۆشێنەوە و مژدانەی ئایندەیەکی پرشنگدار و سەرکەوتوومان پێدەدەن کە مایەی گەشبینی و گوشادیمانە!

لە کۆتاییدا هیوای پەرەئەستاندن و گەشەکردن و پێشکەوتنی شیعر و ئەدەبیات و ڕۆشنبیری کوردی بەگشتی دەخوازم. سەرکەوتن و پێشڤەچوونی بەردەوامیش بۆ (ستایل style) و کارمەندانی و سەرجەم ڕۆژنامەوانیی و چاپەمەنییە کوردییەکان ئاواتی گەورەی منە.

لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیم بۆ هەمووان

مەجید ئاسنگەر

هەولێر ٢٠٠٥/٤/١٤

# دیمانە لەگەڵ ڕۆژنامەی بەدرخان

## مەجید ئاسنگەر:
## مامۆستا گیو موکریانی گوتی: ئەگەر نازناوەکەت نەکەی بە ئاسنگەر بابەتت لە گۆڤاری هەتاو بۆ بڵاوناکەمەوە

ڕۆژنامەی بەدرخان، ژمارە ١٠٢ی ٢٠٠٨/٨/٢٢
ڕۆژنامەی بەدرخان، ژمارە ١٠٣ی ٢٠٠٨/٩/٠٨.

*مەجید ئەحمەد ئەمینی ئاسنگەر ناوێکی دیارە لەنێو بزاڤە سیاسی و ئەدەبیاتەکەی گەلی کوردمان و جێی پێی ئاشکرایە لە بەرایی جووڵانەوەی سیاسی کورد لە کۆیە و هەولێر و لە قۆناغەکانی خوێندنی ناوەندیی و ئامادەیی و زانکۆ و لەو پێناوەدا تووشی گرتن و دوورخستنەوە بووە بۆ خوارووی عێراق و هەر لە سەردەمی قۆناغی ناوەندی، لە بواری نووسینی بە شیعر و چیرۆک و وتار و وەرگێران، خەریک بووە و چەندان بابەت و کتێبی بە نرخی لە ئینگلیزیەوە کردووە بە کوردی و سەرەڕای خزمەتێکی زۆر لە بواری پەروەردەیی لە قۆتابخانەکان و قوتابخانە پیشەییەکان و دارولموعەلمین، پەیوەندی بە شۆڕشی کورد کردووە و لە نێو شۆڕش سەرپەرشتیاری پسپۆڕی*

*ئینگلیزی بووە، سەبارەت بە ئاگاداربوونی خوێنەرانی بەدرخان بە چاکمانزانی ئەو دیمانەیەی لەگەڵ سازبدەین بەو مەبەستەی خوێنەر و هۆگرانی نووسینەکانی مامۆستا لە نزیکەوە ئاگاداری خۆی و بەرهەمەکانی بن..*

**دیمانە: نافیع دیبەگەیی**

**مامۆستا لە بەراییدا چی دەڵێی؟**

من مەجید ئەحمەد ئەمینی ئاسنگەر لە ساڵی ۱۹۳۲ لە گەڕەکی بەفریقەندی کۆیە شاری حاجی قادری کۆیی چاوم بە دنیادا هەڵێناوە، لە خێزانێکی مام ناوەندی کە باوکم و باپیرم ئاسنگەر بوون و لەوێوە نازناوی "ئاسنگەر"م وەرگرتووە، قوتابخانەی سەرەتاییم هەر لە کۆیە ساڵی ۱۹٤٥ کە بە قوتابخانەی یەکەمی کۆیە یان ئوولا ناسراو بوو، لەو قوتابخانەیەدا مامۆستای دڵسۆز و کوردپەروەر و نیشتمانپەروەری زۆری تێد ابوو کە ئەوان ڕێگای کوردایەتی نیتشمانپەروەریان فێرکردووین و هەر لەوێ هاوڕێی خۆشەویستم هەبوون. لەو قوتابیانە مام جەلال، قۆناغی ناوەندیشم هەر لە کۆیە تەواو کرد لە ساڵی ۱۹٤۷-۱۹٤۸ کە ئەوکات هەموو قوتابیانی ئەو قوتابخانەیە تەنها (٤۸) قوتابی بووین، لەبەر ئەوەی قۆناغی دواناوەندی لە کۆیە نەبوو بۆیە هاتینە هەولێر بۆ خوێندن و من بە پلەی یەکەم تەواو کرد لە ساڵی ۱۹٥۰ ئیدی وازم لە خوێندن هێنا و هەر لە کۆیە خەریکی کاری حزبی بووم و وەکو کادیرێکی پارتی دیموکراتی کوردستان کارم دەکرد و ئەنجا ساڵی دواتر چوومە دارولموعەلمینی عالیە کە تاکە کۆلیژ بوو لە بەغدا و ماوەی چوارساڵی خوێندنم لە بەشی زمانە بیانییەکان و بەشی زمانی ئینگلیزی بە پلەی یەکەم دەرچووم. ئەوە بوو ساڵی ۱۹٥٥ لە شاری هەولێر لە قوتابخانەی دواناوەندی هەولێر وەکو مامۆستای زمانی ئینگلیزی دامەزرام و پاش ساڵێک ئەوەبوو لە وڵاتی میسر لە نۆکەندی سوێس هەرای

ئـەو وڵاتـە هەڵگیرسـا لـە ١٩٥٦ و لـە لەوکاتـەدا لەسـەر جموجۆڵـی سیاسـی منیـان لـە هەولێـر ڕاگوێزایـە شـاری موسـڵ بـۆ دواناوەنـدی (ام الربعیـن)، پـاش سـاڵێک بـۆ پـەروەردەی هەولێـر گەڕامـەوە.

پـاش شۆڕشـی تەممـوز و سـاڵی ١٩٦٠ مـن گیـرام و بـە شـەمەندەفەر ڕەوانـەی بەغـدا کـرام و ئـەو ڕۆژەی مـن ڕەوانەکـرام خەڵکێکـی زۆر دۆسـت و بـرادەر و لاینەکانـی حزبـی و پارتـی ئامـادە بـوون و منیـش چەنـد قسـەیەک و تافێکـم بـۆ دان. کـە گەیشـتمە بەغـدا لـەو جێگایـەی پێیـان دەگـوت (موقـف سرای) کـە دیتـم سـاڵح یوسـفی و چەنـد کەسـێکی دیکـەی شـیوعی لـەوێ زیندانـی بـوون و مـن مـاوەی پـازدە ڕۆژ مامـەوە. ئەنجـا بـە کەڵەپچەیـی ڕەوانـەی بەندیخانـەی بـەسرا کـرام بەنـاوی (محجـوز) و مـاوەی سـێ چـوار مانـگ لـەوێ مامـەوە، ئەوەبـوو خوالێخۆشـبوو، کوردپـەروەر مەسـعود محەممـەد بـۆ بەردانـم داوای لـە عەبدولکەریـم قاسـم کردبـوو و هەروەکـو لـە یادداشـتەکانی خۆشـی دەیگێڕێتـەوە و دەڵـێ داوای بەردانـی دوو کەسـم کـرد یەکێکیـان خزمێکـی خـۆم ئەحمـەد حەمەدەدیمـن و ئەوەیـدی مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر کـە ناسیاوی خۆمـە. ئـەوە بـوو عەبدولکەریـم قاسـم داواکـەی جێبەجـێ کـرد و ئـازاد کـرام، بـەڵام پێیـان گوتـم نابێـت بـۆ وەزیفـە بگەڕێتـەوە کوردسـتان و لـە خـواروو و ناوەڕاسـتی عێـراق کێنـدەرت دەوێـت. ئـەوە بـوو منیـش ڕاوێـژم بـە برایانـی پارتـی کـرد کـە بچـم بـۆ کـوێ و لەسـەر پێشـنیاری وان (سـوێرە)م هەڵبـژارد کـەوا بەشـی زۆری خەڵکەکـەی کـوردی فەیلیـن و مـاوەی چوارسـاڵ لـەوێ مامـەوە تاکـو سـاڵی ١٩٦٤ کـە ڕێکەوتنێـک لـە نێـوان کـورد و حکومەتـی عێـراق هەبـوو هاتمـەوە هەولێـر و لـە ناوەنـدی کۆمـاری بوومـەوە مامۆسـتا و پاشـان ڕاگوێزیـان کردمـە دارولموعەلمینـی سـەرەتایی و بوومـە وەکیلـی بەڕێوەبـەر و ئەنجـا بەڕێوەبـەر و پاشـان لـە پەیمانـگای مامۆسـتایان دامـەزرام و دواتریـش بەڕێوەبـەری ئامادەیـی کشـتوکاڵ.

**کوردایەتی لە کوێوە بۆ کوێ؟**

ئەوکاتــەی لــە قۆناغــی ناوەنــدی بــووم لــە کۆیــە، ئــەوکات بزووتنــەوەی سیاســی لــەوێ زۆر بــە جــۆش و بەگــوڕ بــوو بەتایبــەت لــە نێــوان پارتــی دیموکراتــی کوردســتان کــە تــازە دامەزرابــوو لەگــەڵ حزبــی تەحــرور کــە بەشــێک بــوون لــە حزبــی شــیوعی عێــراق و کاریــان دەکــرد. بەنــاوی ڕزگاری مــن ماوەیــەک لەگــەڵ ڕزگاری بــووم، بــەڵام زوو هەســتێک لــەلام پەیــدا بــوو کــە بچمــە ڕیــزی پارتــی، ئەویــش کاریگــەری چەنــد مامۆســتایەکی ناســیاوم بــوو لەوانــە مامۆســتا حەمەدەمینــی مەعــروف و تاهیــر ســەعید، عەبدوڵڵەجیــد شــێخ نورەدیــن جەلــی زادە و مامۆســتا ســابیر ئیســماعیل و هــۆکاری دیکــەش وایــان کــرد بــەرەو هێڵــی نەتەوەیــی و کوردایەتــی بچــم، لەلایەکــی دیکــەش کاریگــەری عەونــی شــاعیر و مامۆســتا عەلــی عەبدوڵــلا و مــام جەلالیــش پــتر لــەوان کاریگــەری هەبــوو.

ئیــدی موناف‌ەســەی حزبایەتــی هەبــوو لــە نێــوان ئێمــەو شــیوعییەکان و گفتوگــۆ لــە نێوانمــان لەســەر کتێــب و بنەمــا خۆجییــەکان دەبــوو، بۆیــە ناچــار دەبوویــن کتێبەکانــی لینیــن و مارکــس و ئەوانەمــان دەخوێنــدەوە بــۆ گفتوگۆکــردن.. ئیــدی بــەو جــۆرە حزبایەتــی لــە کۆیــەدا تەشــەنەی کردبــوو، پــاش ئــەوەش هاتینــە هەولێــر و بــواری ڕێکخســتنمان بەهێزتــر بــوو...

**سەبارەت بە نازناوی ئاسنگەر مامۆستا دەڵێی چی؟**

هــەر لــە کۆیــە کــە بنەماڵەکەمــان بــە ئاســنگەر ناسرابــوو ســەبارەت بــەو پیشــەیە، بۆیــە منیــش لەســەر بــاوی ئــەوکات نازنــاوی (حــداد)م بــۆ خــۆم دانــا کــەوا دەســتی نووســینم پەیــدا کردبــوو و بابەتــم دەبــردە لای چاپخانــەی مامۆســتا گیــوی موکریانــی ئەوەبــوو مامۆســتا گیــو داوای لێکــردم نازنــاوی حــەداد بکەمــەوە ئاســنگەر ئەگینــا بابەتــەکان بڵاوناکاتــەوە، چونکــە شــتم لــە گۆڤــاری هەتــاو بڵاودەکــردەوەو لــەو ڕووەشــەوە مامۆســتا گیــو خزمەتێکــی گــەورەی هەبــوو،

کاریگـەری زۆری هەبــوو لەبەکارهێنانــی نــاو و نازنــاوی کــوردی ڕەســەن.

**دەربارەی پیشەی ئاسنگەری ئەوکاتی کۆیە چی دەڵێی؟**

ئاسـنگەری کـۆن بریتـی بـوو لـە تەعامـول کـردن لەگـەڵ ئاسـن کـە بەهـۆی کـورە و هەمبانـە و دەف ئاسـن سـوور دەکـراوە و بـە لێـدان بـە پێـی پێویسـت شـتی لـێ دروسـت دەکـرا. هەمیشـە دەبـوو یەکێـک هەمبانـە دەفەکـەی بدەفیبـا و بەپێــی پێویســت هــەوای ڕەوانــەی نێــو کــوورە دەکــرد بــۆ گەشــکردنەوە و خــۆش ســووتانی ڕەژوو، بــە زۆریــش ئەوانــەی کاری هەمبانــە دەفیــان دەکــرد دەبـوو بەهێـز و توانـا و جەسـتەیەکی وەزرشـی هەبـا، سێ کـەس لـە کاردا بـوون وەسـتا و شـاگردێک بـۆ ڕاوەشـاندنی چەکـۆش یـان کوتکـی ئاسـن لەگـەڵ کـوورە دەف کارکردنـی ئاسـنگەری پێویسـتی بـە وەسـتایی و شـارەزایی هەیـە بـۆ مـاوەی سـووربوونەوەی ئاســن و پێویســت بوونــی یاخــود بــۆ ئــەوەی بزانــێ ئاســنی پێویســت چەنــدە بــۆ دروســتکردنی ئاتاجێــک گاســن، پــاچ، بیــور، بەڵکــو زۆر لەکەلوپەلـی گـەورە پێویسـتی بـە تـەواو جۆشـدان هەبـوو واتـە ئاسـنەکە ئەوەنـدە سـوور دەبـووەوە دەگەیشـتە ڕادەی پریشـک هاویشـتن و خۆشـم کـە منـداڵ بـووم لەگـەڵ باوکـم ئـەوکارەم کـردووە. هـەر سـەبارەت بـەو کار و پیشـەیەش نـاوم لـە کـوڕی گـەورەم نـاوە (جۆشـان) کـە ئـەو نـاوەش لـە هەمانکاتـدا جۆشـانی سیاسـیش دەگرێتـەوە. واتـە پـێ ڕاگەیشـتنی شـۆڕش و تەقینـەوەی، کـوورە دەفیـش ئـەو کەسـە بـوو هەمبانـە دەفـی دەهەژانـد بـۆ هــەوا پاڵدانـی نێـو کوورەکـە کـە لـە چـەرم دروسـت دەکـرا، بـەڵام پاشـان لەبیرمـە لـە جیاتـی هەمبانـە دەف ئامێرێکـی میکانیکـی داهێـنرا بەدەسـت گەڕیـان دەدا، لـە کۆیـە مامـم یەکـەم کـەس بـوو ئـەوەی لـە بەغـدا هێنـا وەکـو پانکـەی کەبابـی دەسـتی.. بێگومـان ڕەژووی داری خۆمانـەش بـۆ کـوورە بـەکار دەهـات و پارچـە ئاسـن لـە شـارەکان دەکـڕدرا و پارچـە پارچـە دەکـرا بـە پێـی ویسـتی ئـەو ئاتاجـەی دروسـت دەکـرا

دەبڕدرا و ئەنجا جۆش دەدرا لە کوورە و بە زەبری کوتک شێوەی ویستراوی لێ دروست دەکرا وەکو دروستکردنی گاسن، داس، بیور، پاچ پشەکان، بێڵ، پێمەڕە، قەزمە، دوودەو تەنانەت زنجیر و قەراس و ناڵ و شتی واش ئیشی لێدەکرا، سەرەڕای دروستکردنی کەلوپەلی جووت و جەنجەڕ و باڵتە و تۆپی جەنجەڕ کەوا هەموو شتێک کە دەشت و دەری دەڤەرەکە لە بواری کشتوکاڵ و چاندن و پێداویستی خانووبەرە و دەرگا و پەنجەرەی ئەوکات لە شارەکانی دەرەوە نەدەهات.

ئیدی بازاڕی کۆیە لە هەرێمێنی بوو لە خۆشناوەتی، لە ڕواندزێ لە قەڵادزێ و زۆر جێگا دەهاتن بۆ کەلوپەل.

**ئێوە تا ساڵی ١٩٧٠ هەر لە دارولموعەلەمینی سەرەتایی مانەوە؟**

پاش دەرچوونی بەیانی ئاداری ١٩٧٠ حکومەتی عێراقی بڕیاریدا بە هەڵوەشاندنەوەی دارولموعەلمینی لە هەولێر و زۆر جێگادا ئەوە بوو پێم خۆشبوو بگەڕێمەوە کۆیە و لەوێ بوومەوە بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوەندی تاکو ساڵی ١٩٧٤ و لەگەڵ دەست پێکردنەوەی شۆڕش لە کۆیە ماڵ و منداڵم بەجێهێشت و پەیوەندییم بە شۆڕش کردەوە و بوومە بەرپرسی قوتابیان و ئەنجا بوومە سەرپەرشتیاری تایبەتی زمانی ئینگلیزی لە هەموو ئەو قوتابخانانەی کوردی لێبووبن لە ئێرانیش کە قوتابی خۆمان هەبوو لە زۆر لە شارەکاندا لە قوتابخانە ناوەندی و دوا ناوەندییەکان، شۆڕش قوتابخانەی کردبۆوە لە زۆربەی شارەکانی ئێرانش بۆخۆمان تەنانەت لە ئەهواز و ورمێ و شارە دوورەکان جگە لە کوردستانی خۆمان لە هەڵەبجە و تەوێڵەو بیارە لەگەڵ مامۆستا ئیسماعیل عومەر سنجاوی، ئەوکات تاقیکردنەوەی بەکالۆریاشمان دەکردن و بە وردی و بە نهێنی پرسیار دادەنرا و کارەکان جێبەجێ دەکران.

زۆر جـار وابـوو فڕۆکـە بوردمانـی دەکـرد ئێمـە خەریکـی تاقیکردنـەوە بوویـن. باوەڕنامـەی قوتابیانـی ئێمـە لـە ئێـران جێـگای بـاوەڕ بـوون، بـەڵام ئەوانـەی هاتنـەوە عێـراق دووبـارە تاقیکردنـەوەی وەزاریـان پێکردنـەوە.

ئیـدی دوای نسـکۆش هاتمـەوە کۆیـە و ئەنجـا ڕاگوێزرامـەوە هەولێـر بـۆ قوتابخانـەی ئامادەیـی سـەلاحەدین و لەڕێـگای مامۆسـتا موسـا عەبدولسـەمەد و عومـەر حەبیـب گەڕامـەوە شـاری کۆیـە و پـاش سـاڵێک کرامـەوە بـە بەڕێوەبـەری قوتابخانـەی ناوەندیـی کۆیـە و لـەو ماوەیـەدا قوتابخانەکەمـان کـە کرابـووەوە بنکـەی جاشـەکان ژوورێکیـان سـووتاند و ئێمەیـان تاوانبـار کـرد، لەگـەڵ ئـەوەی هـەر خـۆم هەواڵـم دایـە پۆلیـس و ئاگرکوژێنـەوەش، هەروەهـا ئەوکاتـەی لـە کۆیـە دەبـووم لـە دوکانـی عەونـی شـاعیر کـە لـە هەمانکاتـدا خەزووریشـم بـوو کـۆ دەبووینـەوە و دوکانەکـەی ئـەو جێـگای دانیشـتن و قسـە و سەرگوزشـتە و تەنانـەت کـۆڕی گچکـە گچکـەی خۆمـان هەبـوو، لەوانـەی ئامـادە دەبـوون تاهیـر ئەحمـەد حەوێـزی، عەبدولمەجیـد شـێخ نـووری جەلـی زادە، کـە مەسـعوود محەمەدیـش دەهاتـەوە کۆیـە دەهاتـەوێ، دوکانەکەشـی بەرامبـەر بانکـی کۆیـە بـوو، ئیـدی سـاڵی ١٩٨٥ لەسـەر داوای خـۆم خانەنشـین بـووم، لەبەرایـی قبووڵیـان نەدەکـرد، بـەڵام پاشـان ناچـار قبووڵیـان کـرد.

**ئامادەییتـان لـە دامەزراندنـی یەکێتـی مامۆسـتایان و نووسـەران چـۆن بـوو؟**

بەرلـەوەی یەکێتییـەکان دابمەزرێـن ئێمـە خۆمـان وەکـو پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ئەوانەمـان هەبـوو، لەبەرایـی بەنـاوی یەکێتـی مامۆسـتایانی کوردسـتان و پێشـتریش بەنـاوی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان واتـە لەسـەردەمی قوتابـی و لەکاتـی دانووسـتانییدا، مـن ئامادەییـم هەبـوو لـە سـاڵی ١٩٥٣ کـە قوتابـی کۆلیـژ بـووم، ئیـدی کارم لـە هەردووکیـان کـردووە و لـەو پێنـاوەدا هەوڵـی زۆرمـان

داوە و زۆر مانـدوو بووینـە و قوربانـی زۆر دراوە، لـە بەراییـدا لـە دامەزراندنـی یەکێتییەکانـدا تەگەرەمـان زۆر دەهاتـە پێـش، بەتایبـەت لەلایـەن حزبـی شـیوعی ئـەوکات، ئـەوان پێیـان وابـوو ئێمەلقێـک بیـن لـە چوارچێـوەی ئەوانـەوە لـە بەغـدا، بـەڵام خۆمـان هەمیشـە لەگـەڵ یەکێتـی سـەربەخۆ بوویـن بەنـاوی کوردسـتان، نـەوەک بـە نـاوی کـورد و لقێـک جـا چ وەک یەکێتـی یـان وەکـو سـەندیکا بـۆ هـەر چیـن و توێژێـک.

لـە دامەزراندنـی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان سـاڵی ١٩٥٣ لـە بەغـدا ئـەوەی بـە بیـرم دێ کـە لـە کۆلیـژ بـووم ئـەز بـە بەشـداربوونی مـام جـەلال، حەیـدەر حەمەدەمیـن، ئەحمـەد مادیـن هەرچـی دامەزراندنـی یەکێتـی مامۆسـتایانیش بـوو لەسـەرەتادا وەکـو پارتـی بەشـداربووم لـە یەکێتـی مامۆسـتایانی نێـو پارتـی، بـەڵام کـە کۆنفرانسـی یـەک بەسـترا ئـەوکات ئامـادە نەبـووم، چونکـە ئـەوکات مـن دوور خرابوومـەوە بـۆ (سـوێرە) لـە خـوارووی عێـراق و نەمدەتوانـی بگەڕێمـەوە بـۆ بەشـدرابوون، هەرچەنـد خۆشـم لـە هـەردوو کۆنگـرەی مامۆسـتایانی کـورد لـە شـەقڵاوە بەشـداربووم و پێشکەشـکاری بەرنامـەکان و ڕێکخـەری کارەکان بـووم و هـەردوو لایەنـی پارتـی و شـیوعی ئامـادە بـوون لـە کۆنگـرەی دوایـی گفتوگۆیەکـی زۆر لەسـەر نـاوی "بەڕێوەبـەری خوێندنـی کـوردی" یـان "بەڕێوەبـەری خوێندنـی کوردسـتان" کـرا، ئـەوە بـوو بەیانێـک دەرچـوو بـە ئیمـزای مـن و حەیـدەر عوسـمان خوێندرایـەوە و چەنـدان خاڵـی لـە خۆگرتبـوو کـە داواکانـی کۆنگـرە بـوو بـۆ جێبەجێکردنیـان. زۆر داخـوازی میللەتەکەمانـی لەخـۆ گرتبـوو لـە تێکـڕای بـوارەکان، پەروەردەیـی، ڕۆشـنبیری، سیاسـی وەکـو دامەزراندنـی کـۆڕی زانیـاری کـورد و ناردنـە دەرەوەی قوتابـی کـورد بـۆ خوێندنـی بـاڵا و خوێندنـی کـوردی و لـە کۆنگـرەکان وەزیـری پـەروەردە، پارێـزگاری هەولێـر و نەقیبـی سـەندیکای مامۆسـتایانی عێـراق و زۆریـش لـە ئەندامانـی حزبـی شـیوعی بەغـدا و زۆر لـە میـوان و کەسـایەتی دەهاتـن و چالاکـی چاکیـان دەبـوو.

**بۆچوونــی ئەوانــەی لــە بەغــدا هاتبــوون بەرامبــەر کۆنگرەکــە چــی بــوو؟**

ئامادەبوونـــی هەمـــوو نەتەوەکانـــی عێـــراق هەبـــوو، بەڵکـــو ئێمـــەش لـــە دامەزراندنـی سـەندیکای عێراقـی ئامـادە بوویـن لـە بەغـدا لـە وەفـدی کوردسـتان، مـن، کەریـم شـارەزا، شـێخ بورهـان، ئیسـماعیل عومـەر محمـەد و زۆری دیکـەش و ئێمـەش ڕۆڵێکـی کاریگەرمـان هەبـوو بـۆ چەسـپاندنی داخوازییەکانـی میللەتـی کـورد لـە بوارەکانـی پـەروەردە و مەنهەجەکانـی خوێنـدن و زمانـی کـوردی، کـە لەوێـدا سـەرۆک کۆمـار عەبدولکەریـم قاسـم ئامـادە بـوو، زۆربـەی داواکانمـان چەسـپێنران. سـەبارەت بـە ڕای وان لەعـەرەب و تورکـمان و ئەندامانـی حزبـی شـیوعی هەمیشـە ڕشـتیان لـەوە دەکـرد کـە کـورد جـودا نەبێتـەوە و بەڵکـو لـە چوارچێـوەی سـەندیکا و ڕێکخـراو و یەکێتییەکانـی ئەوانـدا بمێنێتـەوە و وەکـو هـەر پارێزگایەکـی عێراقـی لـە خـواروو و ژووردا لقـی هەبێـت و مافەکانیـش بـۆ کـورد هـەر لـە چوارچێـوەی دیموکراتـی عێراقـدا بێـت و لـەو پێودەنگـەدا کـورد سـوودمەند بێـت.

**بەرایی دەست بە نووسین کردنت لە کوێوە بوو؟**

بەرایـی دەسـت بـە نووسـینم زۆر بـەر لـە دامەزراندنـی یەکێتـی نووسـەران بـوو، مـن لـە سـاڵانی پەنجـادا دەسـتمپێکرد بـە شـیعر، بـە وتـار، وەرگێـڕان، چیـرۆک و پتریـش دەمنـاردن بـۆ گۆڤـاری هەولێـر لای مامۆسـتا گێـوی موکریانـی و ئەنجـا بـۆ ئـەو گۆڤارانـەی پـاش شۆڕشـی گەلاوێـژ دەردەچـوون، هەمیشـە شـتم هەبـوو تەنانـەت ئەوکاتـەی لـە شـاری بـەسرا لـە زینـدان بـووم نووسـینم دەنـارد و مامۆسـتا گێـو بـڵاوی دەکردنـەوە بەنـاوی لـە بەندیخانـەی بەسـڕاوە بـڵاو دەبـووەوە لەگۆڤارەکانـی چیـا، هیـوا کـە لـە بەغـدا دەردەچـوون و لـە گۆڤـاری شـەفەق لـە کەرکـوک و بیـری نـوێ و ڕۆژی نوێـی سـلێمانی ئـەوە لـە سـاڵانی شەسـت.

**لە دامەرزراندنی یەکێتی نووسەران چیتان هەبوو؟**

کۆمەڵێک مامۆستا لە بەغدا و لە سلێمانی زەمینەسازیان کردبوو لە هەوڵی دامەزراندنی یەکێتی مامۆستایان، کە بڕیار درا لە هەولێر دابمەزرێ ئەوەبوو لە کۆنگرەی بەغدا وتاری وەفدی هەولێری نووسەران من خوێندمەوە کەلە هەموو پارێزگاکان نوێنەر ئامادەبوون. لە کوردستانیش کەرکووک، سلێمانی، هەولێر، دهۆک ئەوجاریش وەفدی ئێمە ئەوەی لەبیرم بێ دڵزار، کەریم شارەزا، لە کۆیە هاتبوون و دکتۆر مارف خەزنەدار کە لەدەستەی سەرۆکایەتی بوو لە بەغدا، بەدرخان سندی، محەمەد مەولود مەم، وتارەکەی ئێمە دەنگی دایەوە و بەتایبەتیش کە لە دوای وتاری پارێزگایەکی دیکە کە بێهێز بوو بە ساردیش خوێندرایەوە وتاری ئێمەش پوخت و پڕ لە ناوەرۆک و خۆشم بە توندی پێشکەشم کرد.

ئەوە بوو کە هاتینەوە، لقی یەکێتی نووسەرانی کورد لە هەولێر دامەزرا هەرچەند من خۆم نەپاڵاوت نەچوومە نێو دەستەی بەڕێوەبەر.

**تا چەند ئاگاداری کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانی کوردبوون بەر لە بەیانی ئاداری ساڵی ١٩٧٠؟**

پێش بەیانی ئاداری ١٩٧٠ لە بەغدا کۆمەڵێک لە نووسەرانی کورد لە هەوڵی بەستنی کۆنگرەدابوون، ئامادەکاریی و بەرنامە دانرابوو، لەوان نووسەران کە بەبیرم بێ کاکە مەم بۆتانی، شێرکۆ بێکەس، جەعفەر دلێر، حوسێن عارف و چەندانی دیکە بزووتنەوەیەکی ئەدەبیان بەرپا کردبوو بەناوی ڕوانگە، کەوا لە شارەکانی کوردستانیش بڵاوبۆوە، بەو مەبەستەی کە "ڕوانگە" تێروانینێکی نوێیە، وشەی نوێیە، بیروکرداری نوێ بێت، ئەوان پێیان وابوو کە ئەو ئەدەبیاتەی تا ئەوکاتە هەبوو بەپێی ویست لە بار نییە، بۆیە نیازی ئەوەیان هەبوو گوڕێکی دیکە بە ئەدەبیاتی کوردی بدەن

و ڕابــردوو لابچێــت.. ئیــدی لــەو پێنــاوەش زۆرجــاران گفتوگــۆ لەنێــو نووســەران پەیــدا دەبــوو تەنانــەت خــۆم پێموابــوو "ڕوانگــە" نابێــت ڕابــردوو وەلابنــێ، چونکــە ڕابــردووی کــورد فۆلکلۆرەکەیەتــی لەگــەڵ ئەدەبەکــەی، گــەر ئــەوە نەمێنــێ ئــەدی چیــمان دەبــێ.. بەڵکــو پێویســتە ئێمــە پارێــزگاری لــە ڕابــردوو بکەیــن و شــتی نوێــش دابهێنیــن، ئــەوان وایــان دەدیــت بــۆ دروســتکردنی خانووێــک لەســەر پارچــە زەوییــەک دەبێــت لــە بەرایــی کۆنــە خانووەکــە تەخــت بکرێــت ئینجــا خانوویەکــی نــوێ بینــا بکرێــت، بــەڵام مــن پێموابــوو ئــەوە نابێــت، چونکــە ئەدەبیــات و مێــژوو ناســڕێتەوە و ڕێــگای پێشــکەوتنی ئێمــەی نەگرتــووە، فەرمــوو بــا تەکانــی پێبدەیــن و بــەرەو پێــش ئاڕاســتەی بکەیــن. لــە ڕاستیشــدا "ڕوانگــە" کاریگەرییەکــی توونــدی هەبــوو لەســەر نێوەندەکانــی ئەدەبیــدا و هەوڵیانــدا بــۆ دامەزراندنــی یەکێتــی نووســەرانی کــورد، ئامادەباشــی چاکیــش کــرا، پرۆگــرام و بەرنامەکانــی کاریــان تەواوکردبــوو، ئەوەبــوو بەیانــی یــازدەی ئــاداری ١٩٧٠ ی بەســەرداهات و بەمــەوە ماوەیــەک وەســتاو ئینجــا گۆڕانکارییــەک لــە دامەزراندنــی یەکێتــی نووســەران هاتــە کایــەوەو کاری لەســەرکراو جڵــەوی کار کەوتــە دەســت نووســەرانی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان وەکــو هــەژار موکریانــی، ســەعید نــاکام و چەندانــی دیکــە و کاتێــک لــە بەغــدا لەهۆڵــی خولــد کۆنگــرە بەســترا و وتــاری هەولێــر مــن خوێندمــەوە، وتــاری کەرکــوک عوســمان خۆشــناو خوێندییــەوە، بەمجــۆرە وتــاری ســلێمانی و دهۆکــۆش خوێندرانــەوە هەڵبــژاردن کــراو هــەژار کرایــە ســەرۆک. عیزەدیــن مســتەفا ڕەســوڵ و مســتەفا ساڵح کەریــم و دڵــزار و خەڵکێکــی زۆر ئامــادە بــوون لــە هەمــوو شــارەکانی کوردســتان، هەرچەنــدە دەســتەی ئامــادەکاری کۆنگــرە گۆڕابــوو، بــەڵام نووســەرانی دەســتەی ئامــادەکاری پێشــوو هەربەشــداربوون وەکــو ئەنــدام.

پــاش دامەزراندنــی یەکێتــی نووســەران ئینجــا نووســەرانی هەریــەک لــە شــارەکانی کوردســتان بــە هەڵبــژاردن لقــی خۆیــان دامەزرنــد، لــە هەولێــر مــن

خۆم نە پاڵاوت هەرچەند داواشم لێکرا لەبەر ئەوەی من ماڵم لە کۆیە بوو ئەوکات بۆم نەدەکرا ئەوەبوو، عیزەدین فەیزی، محەمەد مەولود مەم، جەلال مەدحەت خۆشناو، کەریم شارەزا، حەمەکەریم هەورامی، ئیدی کاری لق و بنکەی سەرەکی بەردەوام بوو تاکو ساڵی ١٩٧٤ بەمەوە ڕاگرتن و سستی کەوتە کاری یەکێتی نووسەران و هەرچەندە کۆمەڵێک خەریکی بوون شتێک بکەن. ئەوە بوو پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کۆنگرەیەکی دیکە لە شەقڵاوە بەستراو پاشان هاتینەوە هەولێر کۆنگرەیەکی دیکە بەسترا..

**مامۆستا ئەگەر باسێکی بەرهەم و بابەتەکانت بکەیت؟**

وەکو هەموو کوردێک لەو بوارە بە شیعر دەستمان پێکردووە، چونکە شیعر ئاسانتربووە لەنووسینی دیکە و بەتایبەتیش کە شیعر زوو بڵاودەبێتەوە، واتە دەم بەدەم ئەزبەر دەکرێت، لەلایەکی دیکە شیعر ماددەیەکی کەمی دەوێ بۆ ئەوەی خوێنەر خەریکی بێت و لەنێو کەسانی کەم خوێندەوار شیعر چاکتر خۆی دەچەسپێنێ تا نووسینی دیکە، بەتایبەتیش کاتی خۆی فاکتەرەکانی ڕاگەیاندن بەو جۆرە نەبوو، تەنانەت چاپیش، بۆیە هەرزوو خەڵک ڕوویان لە شیعر کردووە و سەبارەت بەوەش کە شیعر ئاوازداربوو پتر سەرنجی خوێنەران و گوێگرانی ڕاکێشاوە، بەمەوە شیعر چۆتە نێو خەڵک و خۆی چەسپاندووە، ئەوانەی ئاستی ڕۆشنبیرییان بەرز نییە ئاسانتر لە شیعر دەگەن تا لە چیرۆک بەتایبەتیش شیعری سادە زووتر لەنێو خەڵک بڵاودەبێتەوە. بۆ نموونە کە دەگوترێ شیعری حاجی قادری کۆیی سادەیە، بۆ سادەیە چونکە حاجی زانیویەتی مەبەستی لە شیعرەکانی خۆی چییە، کەوابوو خەڵکێکی سادەیە و دەبێ بەپێی ئاستی ئەوانەوە شیعر بنووسێ، کە بەزمانێکی سادە داوا لە خەڵک دەکات خۆ ڕێک بخەن و بەڵکو چەک پەیدا بکەن ویەکتر بگرن.. بەڵکو کەسابەت بکەن.. هەموو دەورێ دەگۆڕێ

ئەمـی مەحـاش.. لازمـە خـول بخـۆی وەکـو بـەردی ئـاش.. هـەوڵ بـدەن وەکـو هەنـگ.. پەیـدا بکـەن تـۆپ و تفەنـگ..

دەبیـنرێ بـە زمانێکـی سـاکاری کـوردی قسـە دەکات، ئەگینـا حاجـی قـادر توانیویەتـی شـیعری تونـد و فەلسـەفی و پـڕ لـە بەلاغـەت و زاراوەی بێگانـە بنووسـێت، بـۆ نموونـە:

لەمەیـــدانی بەهـــارا شـارەکەی کــۆ
قوببـەی کشـمیری دابـەر شـەق وەکـو گـۆ

ئیـدی شـیعر زەمینـەی بڵاوبوونـەوەی هەبـووە، پێویسـتی بەنووسـین و چـاپ و فاکتەرەکانـی دیکـەی بڵاوبوونـەوە نەبـووە، بۆیـە منیـش هـەر بـە شـیعر دەسـتم پێکـردووەو پاشـان وردە وردە کەوتینـە سـەر نووسـینی دیکـە و چیـرۆک و سروودم نووسـیوە کـە زۆریـان ئاوازیـان بـۆ دانـراوەن و بڵاوبوونەتـەوە، پـاش ئەوانـە شـانۆنامە و وتـارم نوسـیوە، بابەتـی سیاسـی، کۆمەڵایەتـی، پەروەردەیـی و ئەدەبـی.. ئینجـا ڕۆمانیشـم نووسـیوە کـە تـا ئێسـتا چـاپ نەکـراون، بابەتـی وەرگێـردراوم زۆرن چ لـە عەرەبـی بـۆ کـوردی چ لـە ئینگلیزییـەوە بـۆ کـوردی و زیاتریشـیان دەستنووسـن، لـە ڕاستیشـدا خـۆم بایەخـم بەهەمـوو ئـەو شـتانە داوە کـە هەسـتم پێکردبـێ سـوودی بـۆ میللەتەکـەم دەبـێ و شـیعری ئینگلیزیـم کـردووە بـە کـوردی بـۆ گۆرانـی، کاتـی خـۆی لـە کۆلیـژ باکـووری چڕیوەتـی، جگـە لـە چیـرۆک، چیرۆکـی تەمسـلیم وەرگیـراوە و زۆریشـیان لـە گۆڤارەکانـدا بڵاوکراونەتـەوە. بـەم دواییـەش کـە لەپەرلەمانـی کوردسـتان کار دەکـەم لـە ڕاگەیانـدن، ئـەوا سـێ دانـە کتێبـم لـە ئینگلیزییـەوە کـردووە بـە کـوردی و کـە چـاپ و بڵاوکراونەتـەوە.

(١. یاسـای زمانـە فەرمییـەکان لـە چەنـد وڵاتێکـی فـرە زمانـدا، ٢. خودموختـاری هەرێمایەتـی بـۆ کەمینـە نەتەوەییـەکان لەچیـن، ٣. سیتسـەمی فیدراڵـی لـە چەنـد وڵاتێکـی جیهانـدا.) جگـە لـەو سـێ کتێبـەش کتێبـی دیکـەی دەستنووسـم هەیـە کـە هێتشـا چـاپ نەبـووە، بـەم نـاوە "جانـەوەر، نـازدار و نافرەجـا کـەوا لـە

ئینگلیــزی وەرمگێــڕاوە و ناوەکەشــیی بەمجــۆرە هاتــووە Bully and the Best کۆمەڵـە چیرۆکێکـە بـۆ مێرمنداڵانـە و کۆمەڵـە وێنەیەکـی تایبـەت بـە بابەتەکـەی لەگەڵدایـە، واتـا وێنـەدارە و بەنیـازم هـەر بـە وێنەداریـش چاپـی بکـەم.

**دیــارە وەک ڕەخنەگــر بابــەت و نووســینتان هەیــە، لــەم ڕوووە ڕەخنــە چــۆن دەبینــی؟**

وتارێکـم لـەو بارەیـەوە لـە گۆڤـاری (الاقـلام) وەرگێـڕاوە بـە زمانـی ڕووسـی نووسرابــوو، کاربــووە عەرەبــی لەوێــدا هاتــووە کــە ڕەخنــە هونەریشــە و زانستیشــە، واتــا ڕەخنــە هونــەر و زانســتە، نووســەر بــاس لــە ڕەخنــە دەکات و ڕەخنگـەر پێناسـە دەکات و ئنیجـا بـاس لـە چۆنییەتـی ڕەخنەگرتـن دەکات و لـەو بابەتــە. نووســەرەکە نووســینی چەنــد نووســەرێکی خۆیــان تاوتــوێ دەکات لــە بــواری زمانــی نووســین و بۆچــوون و بەمجــۆرە خەڵکــی نووســینی ڕەخنەگرتــن سەرمەشــقی دەدات، یەکێــک لــە بنەڕەتانــی ڕەخنــە لەســەر وەرگێــڕان ئەوەیــە وەرگێــڕ دەبێــت شــارەزایی تــەواوی لەســەر هــەردوو زمــان هەبێــت و تــەواو دەســەڵاتی لەدەســت بێــت، کاتــی خــۆی لــە گۆڤــاری کاروان بــڵاوم کردۆتــەوە و زۆر بابەتــی خۆشــم لــە بــواری ڕەخنــە نووســیوە، لەوانــە ڕەخنــەی ئیجابــی و ســلبی لەســەر ڕۆمانــی کوێخــا ســێوێی عەزیــزی مــەلای ڕەش، لــە ڕەخنەنووســین نابێـت نووسـەر تەنیـا لایـەک بگـرێ، بەڵکـو لایەنـی بـاش و خـراپ نیشـان بـدات، لەوبارەیــەوە قســەیەکی مــەلای گــەورە لەدەمــی باوکــم دەگێڕمــەوە کــە مــەلای گــەورە گوتوویەتــی: خەڵکــی کۆیــە گــەر بیانــەوێ بــاس لــە یەکێــک بکــەن لــە بەرایـی زۆر بەچاکـە باسـی دەکـەن کـە پیاوێکـی واو وایـە، بـەڵام لـە دواییـدا بـۆ پێکانــی مەبەســت دەڵێــن: ئــاخ ئــەو تایبەتییــەی یــان فڵانــە شــتی نەبوایــە بــاش بــوو.

ئیــدی ڕەخنەگرانــی ئێمــەی کــورد لــە ڕەخنەکانیانــدا بەبابەتــەکان هەڵدەڵێــن،

بـەڵام دوایـی خەنجەرێکـی لێـدەدەن! کـورد وتەنـی تاکـو بـن دەسـتکانی دەچێتـە خــوارێ.. لێــرەدا مــن دەڵێــم ڕەخنەگــران زۆر لەخەڵــک دەکــەن، بۆیــە ڕەخنــە دەبێــت واقیعــی بێــت و بابــەت شــیبکرێتەوە، شــتە چــاک و جوانــەکان پیشــانی خەڵــک بــدات و شــتە کــەم و کورتییــەکان پیشــانی نووســەرەکە بــدات تــا بــۆ بەرهەمــی داهاتــوو ســوودی لێوەربگرێــت.

بــۆ ڕەخنــە مــن پێموایــە بەرهەمەکــە چەنــد جارێــک بخوێنرێتــەوە و تــەواو حاڵیبــوون پەیـدا بێـت و ڕەخنەگـر دەبێـت شـارەزایی لەسـەر هەمـوو بوارەکانـی بابــەت هەبێــت بەڕێزانــی و داڕشــتن و شــاری و مەعنــا و لێکدانــەوە، بەبــێ شـکاندنەوە و ناوزڕاندنـی نووسـەرەکە، چونکـە ڕەخنـە بـۆ ئەوەیـە بابـەت باشـتر بکرێــت و بابەتــی چاکــتر بەرهــەم بێــت و نووســەرەکان ئەزموونــی باشــتریان هەبێــت نــەوەک بــۆ کوێربوونــەوەو تێکشــکاندنی نووســەر و ڕیســواکردنی.

**لــە بــواری ڕۆژنامەنووســیدا چیتــان هەیــە و بزانیــن ئــەوە لــە چییەوەیــە؟**

لـە بەرایـی وەک نووسـەری هەمیشـەیی ڕۆژنامـە و گۆڤـارەکان بابەتـم هەبـووە و پێشـتر کـە بەڕێوەبـەری خانـەی مامۆسـتایان بـووم بـەر لـە ساڵانی ١٩٦٠ لەوێـدا بەنــاوی "تیشــک" شــتێکمان لەســەر شــێوەی گۆڤــار بڵاودەکــردەوە، بەتایــپ کــەوا ئــەو حەیامــی چاپەمەنــی وەکــو ئێســتا نەبــوو، قوتابییــەکان بەشــدارییان تێـدا دەکـرد، جەمیـل ڕەنجبـەر، ئـازاد دڵـزار شـیعریان تێـدا نووسـیوە کـەوا بـۆ ڕێزلێنـان بڵاومـان کردبـۆوە، هەرچەنـدە تەمەنـی "تیشـک" درێـژ نەبـوو تەنیـا دوو سـێ ژمـارەی لێدەرچـوو ١٥-٢٠ لاپەڕەیـەک دەبـوو لەسەرشـێوەی مەلزەمـە بـوو، بـەڵام بـۆ کاتـی خـۆی هەنگاوێکـی باشـبوو کـەوا د.کەمـال مەزهـەر ئەحمـەد لـە کتێبــی مێــژووی ڕۆژنامەنووســی کــوردی باســی دەکات و نــاوی تیشــک و نــاوی مــن دەبــات کــەوا مــن بەڕێوەبــەر و سەرپەرشــتیاری گۆڤارەکــە بووبــم، کــەوا

بابەتێکم هەبوو دەربارەی بەرهەمی خانەی مامۆستایان و چەند مامۆستامان پێگەیاندووە و قوتابیان عەبدوڵلا پەشێو، جەمیل ڕەنجبەر، شیعریان تێدا هاتووە و دانەیەکمان لە چاپخانەی مامۆستا گیو موکریانی چاپکردبوو، ئیدی بڵاوەی قوتابخانەکان و پەرتووکخانەکان کرابوو، هەروەها دیسان لە ساڵانی پەنجاکان کە لە هەولێر مامۆستا بووم گۆڤارێکی دیکەمان بڵاوکردەوە بەناوی "الامل" لەوێدا بابەتێکم بڵاوکردبۆوە بەناوی "الغة الانگلیزی و ابرها فی العالم" نووسەران و لێکۆڵەران باسی ئەوەیان کردووە ئەوەبوو ساڵی پار عومەر فەرهادی بابەتێکی نووسیبوو لەوانە باسی گۆڤاری "الامل" دەکات.

ئیدی لەو ساڵانەوە من دەستم بە نووسینی ئەدەبی کردەوە و بەڕاستیش زەوقم لەگەڵی هەبوو و پێشتریش خوێندنەوەم زۆر بوو لە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، بەتایبەتیش لە زمانی عەرەبی و ئەو چیرۆکانەی کە لە زمانی فەرەنسییەوە دەکرانە عەرەبی بایەخم پێدەدان.

**لە ڕاوێژکاری پەرلەمانی کوردستان پتر خەریکی چیت؟**

ساڵی ١٩٩٣ سەرەتای دەستبەکاربوونم بوو لێرە لە پەرلەمان، بۆ ڕێکخستنەوە و نووسینەوە و پوختکردنی پرتۆکۆلەکانی پەرلەمان بوو، کە ماوەی دوو ساڵ بوو پەرلەمان کۆبوونەوە و دانیشتنەکانی هەر لەسەر کاغەز نووسرابوون، بە دەستخەت بە پەرش و بڵاوی و بە زمانێکی نەگونجاو، ئەوەبوو ئێمە من و کەریم شارەزا کەمال عەبدولقادر هاتین لەسەر داوای بەڕێز جەوهەر نامیق کە سەرۆکی پەرلەمان بوو بە نیازی ئەنجامدانی کارەکانی پەیوەند بە ڕاگەیاندن کە هێشتا کۆمەڵە بابەت و نووسینێکی کەڵەکە بووی پەرش و بڵاوبوو، لە ماوەی دووساڵ هەموو کارەکانمان پوخت و ڕێکخست و زۆر ماندوو بووین، ئەوەبوو من کرام بە بەڕێوەبەری کاروباری ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و کارەکان بەگشتی کەوتە ئەستۆی خۆمان.

بەمجـۆرە کارەکانـی سـەرۆک و جێگـر و فراکسـیۆنەکان و ڕێکخسـتنی وتـارەکان و نووسـینەکان وهەواڵەکانـی جێبەجـێ بکەیـن. بەمجـۆرە وردە وردە پێشـکەوت، کتێبـەکان پەیـدا دەبـوون، گۆڕانـکاری دەهاتـە پێـش، خەڵـک دامەزرانـدن و پەیدابوونـی ئامێـری چـاک و نـوێ و گۆڕانـی سـەرۆک و جێگـر و ئەندامـان و هەمـوو ئەوانـە کاری زۆر جـددی دەویسـت و ئیـدی کار وای خواسـت ببـم بـە ڕاوێـژکار لـە بـواری ڕاگەیانـدن و ئێسـتا بەڕێـز تاریـق جەوهـەر سـارمەمی ڕاوێـژکاری سـەرۆکی پەرلەمـان و زاگـرۆس ئەحمـەد کەمـال ڕاوێـژکاری د.کەمـال کەرکووکـی و منیـش وەکـو ڕاوێـژکاری گشـتی پەرلەمانـم و کـە پێشـتر ڕاوێـژکاری ڕاگەیاندنـی پەرلەمـان بـووم.

**کارەکانتان لەچیدا کۆ دەبێتەوە؟**

کارەکان بریتییـە لـە ئامادەبـوون لـە دانیشـتنەکانی پەرلەمـان بـە سـەرۆک و جێگـر و سـکرتێر لەکاتـی میوانداریانـدا، لەکاتـی لیژنـە و کۆبوونەوەکانـدا، ئینجـا نووسـینی ڕاپۆرتـی ئـەو دانیشـتنانە، دابەشـبکرێتە سـەر کەناڵەکانـی ڕاگەیانـدن و بڵاوکردنـەوە و ئینتەرنێـت. دیـارە ڕاگەیاندنـی ئێمـە پەیوەندییەکـە لـە نێـوان پەرلەمـان و دەرەوەدا.

**وەکـو ڕاگەیانـدن دیـارە پەرلەمـان دەبێـت خولانـەی هەبێـت چ وەکـو گۆڤـار یـان کتێـب؟**

بەرایـی هـەر شـتێک لـە پەرلەمـان دەردەچـوو وەکـو بڕیـار، یاسـا، پـڕۆژەکان و لـە مانگنامەیەکـدا بەنـاوی پەرلەمـان بڵاودەکرانـەوە، جـار هەبـوو دوو مانـگ جارێـک دەردەچـوو، بەپێـی بوونـی کارو بەرهـەم بەمجـۆرە بڕیـار و یاسـاکان دەردەچـوون و ئێسـتا ئـەوە لـە وەزارەتـی دادی هەرێمـی کوردسـتان دەردەچێـت، کـەوا کاتـی خـۆی چەنـد ژمارەیەکـی "ڕووداوەکانـی کوردسـتان- وقائـع کردسـتان"

مـــان دەرکـــرد، بـــەڵام پـــاش یەکگرتنـــەوەی زۆربـــەی وەزارەتـــەکان ئیـــدی ئـــەو بڵاوکرایەوەیـــە کرایـــە ســـەر بـــە وەزارەتـــی داد.

هـــەر بەمجـــۆرە لەســـەر شـــێوەی بەرگـــی کتێـــب بـــە ژمـــارەی زنجیرەیـــی پڕۆتۆکۆلـەکان، دەردەچـوو، ئێسـتا بەردەوامـە کـە لـە سـاڵی "١٩٩٢"ەوە دەسـت بـە دەرچوونـی کـراوە کـە بریتییـە لـە ڕووداوەکانـی نێـو کۆبوونـەوە و دانیشـتنەکانی پەرلەمانـــی کوردســـتان و هـــەر کتێبێـــک لـــە بەرگێکـــی تایبـــەت بەنـــاوی کۆمەڵـــە یاســـا و بڕیارەکانـــی دەرچـــوو لـــە ئەنجومەنـــی نیشـــتمانی کوردســـتان.

# دیمانەیەکی بڵاونەکراوە

## مەجید ئاسنگەر:
## هەر هەنگاوێك کورد بیهاوێ
## پێویستە زەمینەی بۆ خۆشکردبێ

*لە دوای ڕاپەرینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ هاوڕێ و دۆستی دیرین و شاعیری ڕۆژهەڵات، دانیشتوی وڵاتی سوید، کە لە خانەوادەیەکی نیشتمانپەروەر و ئەدەب دۆستی شاری مهابادن، لە سەردانیکیدا بۆ کوردستانی ئازاد سەردانی مامۆستا مەجید ئاسنگەر دەکات و بە ڤیدیۆ چاوپیکەوتنیک لەگەل مامۆستا تۆمار دەکات، بفەرموون لەگەل ئەم چاوپیکەوتنە.*

*چاوپێکەوتن لەلایەن: پۆڵا نانەوازادە*

**گوێگرە بەڕێزەکان لێرەدا فورسەتێکمان وەگیرکەوت لەگەڵ شاعیر و نووسەر کاک مەجید ئاسنگەر و وتووێژێک پێک بێنین.**
**کاک مەجید گیان سڵاو..**

- سڵاو بەخێربێن سەرچاوان

**زۆر سوپاست دەکەم، پێمانخۆشبوو لەسەر بارودۆخی ئێستای ئەدەب و ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا هەندێک قسەو باسمان بۆ بکەی؟**

- بارودۆخی ئەدەب و ڕۆژنامەگەری کوردیمان ئیمڕۆ لە کوردستانی ئازاد کراو مایەی خۆشحاڵی و شانازیمانە، چونکە بەڕاستی کۆمەڵێک ئەدیب و نووسەر و شاعیر و ڕۆشنبیر هاتوونەتەوە مەیدانی نووسین و داهێنان بەمەبەستی خزمەتکردنی زمانەکەمان و ئەدەبەکەمان بە مەبەستی خزمەتی کوردستانە ئازادەکەمان. کۆمەڵێک لاوی خوێنگەرم لەو ڕێگەیەدا هاتوونەتە کۆڕی نووسین و کۆڕی داهێنان و کۆڕی خزمەتی ئەدەبی کە چاوەڕوانی داهاتوویەکی زۆر دڵخۆشکەریان لێدەکرێ لە پاڵ ئەدیب و نووسەر وداهێنەرە کۆنەکانمان ئەوانەی کە بە تەمەن لەمانە پیرتر و گەورەترن، ئەوانە بەیەکەوە ئێستا لەیەکێتی نووسەرانی کورددا یەکیان گرتۆتەوە و لە سەرانسەری کوردستان خزمەتی ئەدەب و زمانەکەمان دەکەن و جموجۆڵێکی گرنگ لە ئارادایە کە بە بۆنە نیشتمانییەکان و بە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان و بەبۆنەی ئەو ڕووداوانەی کە لە کوردستان ڕوویانداوە یا ڕوو دەدەن لە زۆربەی ئەو جموجۆڵانە نووسەران بەتایبەتی بەشدارن و بەشدارییەکی زۆر چالاکانەش.. هەروەها لەبارەی ڕێکخستنی خۆیان و وەکو گوتمان لە ڕیزەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد لە دهۆک و سلێمانی و هەولێر و هەروەها کەرکوکیش. هەمووی دامەزراوەتەوە و هەمووی هەڵبژاردنی خۆیان کردووە و بەڕێوەبەری

خۆیان دیاریکردووە و کاریان لەنێوان خۆیاندا دابەش کردووە و لەبارەگاکانیاندا جموجۆڵ دەبینرێ کە هەموو ڕۆژێ خەڵکی زیاتریان دەبێت. لەبارەی ڕۆژنامەگەریشەوە کاکە پۆلا ئەو جموجۆڵەی ئێستا لە بواری ڕۆژنامەگەری دەبیندرێ هەرگیز میللەتی کورد پێشتر بەخۆیەوە نەدیوە، چ لە مێژووی ڕابردوویدا و چ لە مێژووی نزیکی. تەواو سەربەستی هەیە و ئەو خەڵکە کەوا دەستیان داوەتە دەرکردنی گۆڤار یان ڕۆژنامە، بەتایبەتی پارت و لایەنە سیاسییەکان، ئەمە خۆی لەخۆیدا نیشانەی پێشکەوتن و نیشانەی سەربەستی و ئازادی و نیشانەی توانا و دەسەڵاتی ڕۆشنبیری لایەنە سیاسییەکانی کوردە، ئەگەرچی لەلایەکی دیکەوە من بەش بەحاڵی خۆم پێمخۆش بوو ژمارەی ئەو ڕۆژنامانەی کە دەردەچن کەمتربوایە، زیاتر لایەنە سیاسییەکان هەوڵیاندابا لایەنی ڕاگەیاندن یەکبگرێتەوە و وەک بەرەی کوردستانی کە هەیە، چەند ڕۆژنامەیەکیش لەو شێوەیە دەرچووبا، بۆ ئەوەی خەڵکەکە بیتوانیبا زیاتر یارمەتیان بگا بە نووسین و بە بیرورا و شت تێدا بڵاوکردنەوە، لەهەمان کاتیشدا لەو بارودۆخەی ئێستامان ئەو بڵاوکراوانە کاتی زۆر دەوێ و پارەوپوولیشی زۆر دەوێ کە دەتوانرێ ئەوکات ئەگەر ژمارەی ئەوانە کەم بکرابوایەوە پارەکەشی و کاتەکەشی بۆ شتێکی دیکە تەرخانکرابوایەوە و خەڵکیش ئەوکاتە خوێندەوارەکان دەیانتوانی هەموو ئەوانەی دەردەچن وەدەستیان بێنن و و بیانخوێنێتەوە، چونکە تۆ ڕۆژێ دەتوانی دوو ڕۆژنامە بکڕی و بیشیخوێنیتەوە، بەڵام ناتوانی دە ڕۆژنامە یا پانزدە ڕۆژنامە بکڕی هەمووشی بخوینیتەوە، چونکە نە کاتت هەیە و نە ئەو پارەیەش لەو کاتەدا خەڵکەکە هەیەتی. جا ئومێد دەکەین ژمارەی ڕۆژنامە کە دەردەچی هەرچەندە کە گوتمان دەرچوونی ژمارەی زۆر نیشانەی باشە، بەڵام لەو بارودۆخەکەدا کەم بکرێتەوە و کەم و پوخت بێ باشترە بەرای من. ئەوە لەبارەی ڕۆژنامەگەری لە کوردستانی ئیمڕۆکە.

**زۆر سوپاس کاک مەجید، ڕێکخراو و یەکێتییە کۆمەڵایەتی و پیشەییەکان لە بارودۆخی ئێستادا چۆن هەڵدەسەنگێنی.**

- لەبارەی هەڵسەنگاندنی ڕێکخراو و یەکێتییە کۆمەڵایەتی و پیشەییەکان، ئەوانیش وەکو گوتمان لەو هەلومەرجەی ئێستا بۆ کوردستان هاتوونەتە پێش و بۆ جەماوەری کوردستان شوێنێکی باشیان گرتووە و هەموویان وەخۆکەوتوونە و قۆڵیان لێ هەڵماڵیوە و کەوتوونەتە جموجۆڵێکی زۆر باش هەریەک لەلای خۆیەوە کۆمەڵە و ڕێکخراوەی خۆی تازە کردۆتەوە و هەڵبژاردنیان کردووە و دەستەی بەڕێوەبەرایەتیان دیاریکردووە وکاریان لەنێوخۆیاندا دابەشکردووە وەکو پێویست، بەڵام ئەوەی کە تۆزێک مایەی ئەوەیە کە خەڵک دڵی پێناخۆش بێ بەڕای من ئەوەیە کە تا ئێستا ئەو کۆمەڵانە یەکیان نەگرتۆتەوە و بۆیە ئەگەر بڵێین ئەگەر یەکێتی مامۆستایانی کوردستان کە پێویستە هەموو مامۆستاکانی دڵسۆزی کورد لەخۆیدا کۆبکاتەوە و لە یەکێتییەکی پتەودا، تا ئێستا دوو سێ لایەن هەنە کە بەخۆیان دەڵێن یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، وەک بڵێین جۆرە لێکدابڕانێک هەیە کە ئەوە شتێکی زۆر باش نییە و دەبێ هەوڵبدەین و خەڵک هەوڵبدا دڵسۆزان و مامۆستایان هەوڵبدەن کە هەموو بەشەکان لەیەک یەکێتی پتەو و یەک یەکێتی بەهێز یەک یەکێتی دروست یەکبگرنەوە و چونکە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان یەکێتییەکە مامۆستایان دەگرێتە خۆی، هەر مامۆستایەک، بەهەر بیروڕای سیاسی جیاوازەوە، بیروباوەڕە سیاسییەکەی خۆی لە دەرەوەی یەکێتی، لەناو حزبەکاندا، لەناو لایەنەکانی بەرەی کوردستانی، بیروباوەڕی سیاسی خۆی دەرببڕێ، بەڵام لەناو یەکێتی مامۆستایاندا وەکو مامۆستایەک، پێویستە هەموو مامۆستاکان یەکبگرن، هەروەها قوتابیان و خوێندکاران، هەروەها لاوان و گەنجان، هەروەها کرێکاران، تەواوی ئەو یەکێتییانە یەکبگرن، هەردەستەیەک هەر یەکێتییەک و دەستەیەکی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵی

کـوردەواری یـەک یەکێتـی بـێ. ئـەو یەکێتییـە زیاتـر بەکاروبـاری ئەندامەکانـی هەڵبسـتێ. لەبـارەی کۆمەڵایەتـی و لەبـارەی پیشـەیی بوونـی جـۆری ژیانیـان یـا جێبەجێکردنـی پێداویسـتییەکانی ئەندامەکانیـان لەنـاو ئـەو یەکێتییـە. زیاتـر لایەنـە پیشـەییەکەی و لایەنـە کۆمەڵایەتییەکـەی لەبەرچـاو بـێ تـا لایەنـە سیاسـییەکەی، چونکـە لایەنـە سیاسـییەکەی دەتوانـێ لـەدەرەوەی یەکێتیەکـەی و کاری پیشـەیەکەی ئەنجـام بـدات، هـەروەک هەمـوو شـتە گرنگـەکان، تەنیـا سیاسـەت نەبێـت، هەتـا هەوڵـدان بـۆ ژیـان، گرفتـی مامۆسـتایان و ئـەوەی پەیوەنـدی بـە سیاسـەتەوە نەبـێ، بـەڵام وەکـو یەکێتـی، وەکـو ڕێکخـراوە، کـە ئەوانـە پیشـەیی و کۆمەڵایەتیـن تاوەکـو سیاسـی بـن، زیاتـر ئەوەیـە وەکـو گوتمـان یەکێتیـەکان بایـەخ بـەو لایانانـە بـدەن تـا وەکـو بایـەخ بـە لایەنـە سیاسـیەکەیان بـدەن، لایەنـە سیاسـییەکەیان لـەدەرەوەی یەکێتییەکەیـان، لەگـەڵ حزبەکانیـان و لەگـەڵ پارتـە سیاسـییەکان، کاری سیاسـی خۆیـان بکـەن و لـەوەدا سەربەسـت و ئـازادن.

**زۆر سـوپاس کاک مەجیـد ڕاتـان بەرامبـەر بـە ئەنجوومەنـی نیشـتمانی لـە کوردسـتان، ئـەو مەسـەلەی هەڵبـژاردن و ڕیفراندۆمـە کـە دیـارە لـە مانگـی داهاتـوودا لـە مانگـی ٤ بەڕێـوە بچـێ لـە کوردسـتان چیـە؟**

- کاک پـۆڵا ئەنجوومەنـی نیشـتمانی کوردسـتان شـتێکی زۆر گرنگـە بـۆ قۆناغـی ئێسـتای کـورد لـە کوردسـتانی ئازادکـراوی عێراقـدا. چونکـە لـە کوردسـتان ئێسـتا ڕژێـم نەمـاوە، ڕژێمـی عێـراق خـۆی لـە کوردسـتان کێشـاوەتەوە. واتـە دەسـتی لـە کوردسـتان کردۆتـەوە، فەرمانبەرەکانـی خـۆی کێشـاوەتەوە، موچـە نـادات بـە خەڵـک، شـت نانێرێـت بـۆ کوردسـتان، پەیوەنـدی بـڕاوە لـە کوردسـتان، لەبـەر ئـەوە ئێسـتا بۆشـاییەک هەیـە لەنـاو دائیرەکانـی کوردسـتان و لەنـاو فەرمانگەکانـی

کوردستان. ئەو بۆشاییە ئێستاکە بەرەی کوردستانی تا ڕادەیەکی باش توانیویەتی کۆی بکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا تەگەرە و ماندووبوونێکی زۆری بۆ بەرەی کوردستانی و بۆ پارتەکانی لایەنەکانی بەرەی کوردستانی و بۆ خەڵکی کوردستان دروست کردووە. چونکە بەرەی کوردستانی هەر لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە نەهاتووە جارێ لەو قۆناغە دەستبەکار بێ لە جیاتی دەوڵەت و لە جیاتی ڕژێم، وەکو حکومەت و وەکو لێپرسراوی بەڕێوەبردنی وڵات. زیاتر بەرەی کوردستانی بۆ تێکۆشان و خەباتی سیاسی بۆ پاراستنی میللەت و بۆ پاراستنی کوردستان و پتەوکردنی ڕیزەکانی لایەنەکانی کوردستانی هاتۆتەکایەوە و دروست بووە و زیاتر خۆی بەوانەوە خەریک دەکات. جا ئێستاکە کە ئەو بۆشاییەش دروست بووە لە ئەنجامی کشاندنەوەی دامودەستگاکانی ڕژێم لە کوردستان، ئەوانە ئەرکێکی قورس زیاتر هات بۆ سەرشانی بەرەی کوردستانی و لایەنەکانی ناو بەرەی کوردستانی، جالەبەر ئەوە بۆ ئەوەوی ئەو بۆشاییە پڕ بکرێتەوە و بۆ ئەوەی سەری تێکۆشان و سەری ژیان لەخەڵک نەشێوێندرێ بۆ ماوەیەکی زیاتر. پێویستە ئەنجوومەنی نیشتمانی لە کوردستان دابمەزرێندرێ. بۆ ئەوەی ئەو ئەنجوومەنە لێرە بتوانێ بۆخۆی ئەویش ئەنجومەنێکی جێبەجێکردن لەوانە ئەنجومەنی بەڕێوەبردن هەڵبژێرێ و دروست بکا و بۆ ئەوەی کاروباری ڕۆژانە و کاروباری بەڕێوەبردنی ناوچەی کوردستان بەخۆیەوە بگرێت. بۆ ئەوەی لەلایەک خەڵکی شارەوا و لێهاتوو دەستبەکار بن لەکاروباری دامودەزگاکانی کوردستان و لەلایەکی دیکەش بەرەی کوردستانی و هێزەکانی ناوبەرەی کوردستانی بپڕژێنە کاروفەرمانەکانی خۆیان لە کە لە بنەڕەتدا بۆ ئەو کارانە دروست بوونە و هاتوونەتە کایەوە. هەر ئەوانیش هاوکاری ئەو ئەنجومەنی نیشتمانی و ئەو ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنە دەکەن و سەرپەرشتیشیان دەکرد کە لەمەودوا دروست دەبێ، ئەوە لەبارەی گرنگی ئەنجومەنی نیشتمانی لە بۆ ئەو قۆناغەی ئێستامان و

لەبارەی هەڵبژاردنیش بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی، بەڕای منەوە پێویستە ئەو یاسایەی کە داندراوە یا دادەنرێ بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەن و بۆ ئەنجومەن خۆی بە زووترین کات بڵاوبکرێتەوە لەناو جەماوەری کوردستان چ لە ڕێگای ڕۆژنامەکان و لە ڕێگای گەلی کوردستان و چ لە ڕێگای کۆڕ و کۆڕبەستن و کۆبوونەوە لەگەڵ خەڵک، بۆ ئەوەی ڕۆژانە تێیانبگەیەنێت کەوا ئەو ئەنجومەنە چۆن هەڵدەبژێردرێت و چ جۆرە خۆئامادەکردنێک بکرێت بۆ هەڵبژاردنی ئەو ئەنجومەنە. پێویستە خەڵک هان بدرێ کە ئەو ئەنجومەنە بە چاوێکی زۆر گرنگ سەیربکرێ و لەبەر ئەوە پێویستە خەڵک هانبدرێ کە بە هەمووشێوەیەک و بە هەموو توانایەکیان هەوڵبدەن ئەو ئەنجومەنە و هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکە سەربکەوێ. چونکە سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکە میللەتی کورد، بۆ خەڵک بۆ دەرەوە بۆ هەموو کەس دیاری دەکا و پیشانی دەدا کە میللەتی کورد میللەتێکی ڕۆشنبیرە و میللەتێکی زیندووەو میللەتێکی شایستەی ژیانە و میللەتێکە کە تێکۆشاوە و خەباتی کردووە کە قوربانییەکی زۆری داوە و نەبەزیوە بۆ ئەوەی کە بگا بەمافەکانی ژیان وەکو هەر نەتەوەیەک. ئەو نەتەوەیە لە ڕێگای ئەو هەڵبژاردنەوە دەتوانی پێشانی خەڵک بدا کە میللەتی کورد دوای ئەو هەموو داپڵۆساندن و ئەو هەموو سەرکوتکردن و ئەو هەموو لێدان و دەستبەسەرداگرتن و بەرەودوا بردنەوە ئێستا دەتوانین لەخەڵکیتر چاتر دیموکراسییەت پیادە بکەین. لەخەڵکی تر چاتر سەربەستی پیادە بکەین، لە خەڵکی تر چاتر ئەوانەی دەوروپشتمان ئێمە ئازادی و سەربەستی بدەین بە خەڵک بۆ ئەوەی بێن بەوپەڕی سەرفرازی و ئەوپەڕی دیموکراسییەوە خۆیان هەڵبژێرن. من دەمەوێ تەئیکد بکەمەوە لەسەر ئەوەی کە کاربەدەستانی کوردستانی ئەمڕۆ، کاربەدەستانی حزبەکانی ناوبەرەی کوردستانی هەر هەموو بەیەکەوە ئەوەیان دووپات کردەوە منیش لەگەڵ ئەوان دووپاتی دەکەمەوە کە دەبێ ئەوپەڕی دیموکراتییەت بنوێنین

بـۆ هەڵبژاردنـی ئـەو ئەنجومەنـە. بـەڕای مـن گرنـگ ئـەوە نییـە کـێ دەربچـێ گرنـگ نییـە چ پارتییەکـی زۆربـەی دەنـگ بێنێتـەوە و چ پارتییـەک ژمارەیەکـی زۆر بێنێتـەوە، بـەڕای مـن ئـەوە گرنگـە هەڵبژاردنەکـە هەڵبژاردنێکـی دیموکراتیانـە بـێ. بـەلای مـن ئـەوە گرنگـە ئـەو کەسـانەی کـە دەردەچـن جەمـاوەر خـۆی بڕیـار بـدات و خـۆی دەنگیـان پێبـدات، جەمـاوەری کوردسـتانیش، جەماوەرێکـی تێگەیشـتووە، جەماوەرێکـی قاڵبوویـەوە لـە خەبـات و لـە دیاریکردنـی نوێنـەری خـــۆی لـــە دیاریکردنـــی دواڕۆژی خـــۆی، لەبـــەر ئـــەوە چ مەترســـییەک نییـــە لـە ئەنجامـی ئـەو هەڵبژاردنـە کـە کـێ دەردەچـێ کـێ دەرناچـێ. کام پارتـی ژمارەیەکـی زۆر دێنـێ و کام پارتـی ژمارەیەکـی کـەم. گرنـگ ئەوەیـە ئـەو کەسـانەی کـە دەردەچـن ئینسـانی بـاش و لێهاتـوو و بـە توانـا بـن و کـوردی دڵسـۆز بـن و گرنـگ ئەوەیـە کـە دەرچـوون بـۆ ئـەو ئەنجوومەنـە، ئەندامەکانـی ئـەو ئەنجومەنـە بەیـەک دەنـگ، بەیـەک بیروبـاوەڕ بەیـەک ئامانـج ئیـش بکـەن و بـۆ ئـەوەی ئـەو بارودۆخـەی کـە لـە کوردسـتان ئێسـتا هەیـە بەسـەرکەوتوویی ببیـەن بـەرەو قۆناغـی داهاتـوو، قۆناغـی سـەرکەوتن، قۆناغـی چەسـپاندنی مـاف و ئازادییـەکان و مـاف و سەربەسـتییەکانی کـە ئێسـتا بەدەسـتمان هێنـاون. نیشـانی بدەیـن کـە ئێمـە ئەگـەر ڕژێمیشـمان لەنـاو نەبـێ خۆمـان دەتوانیـن کاروبـاری خۆمـا بەڕێـوە ببەیـن. بایـی ئەوەندەمـان هەیـە کـە بتوانیـن وەکـو خەڵکـی تـر بەبـێ ئـاژاوە و بەبـێ شـەڕ و شـوڕ و بەبـێ تـرس و دڵەڕاوکـێ ئێمـە بەڕێـوە بچیـن و دەتوانیـن ئـەوەی خەڵکـی تریـش دەیـکات ئێمـەش بیکەیـن. ئـەوەش تەنیـا لـەو ڕێگایـەوە دەتوانیـن لـەو هەڵبژاردنـەدا تـەواو سەربەسـتی و دیموکراسـی بەکاربهێنـدرێ بـۆ هەڵبژاردنەکـە. ئەوانـەی کـە دەریـش دەچـن و دێنـە نـاو ئەنجومەنـی نیشـتمانی دەبـێ ئەوانیـش بەرژەوەنـدی تەسـکی پارتایەتـی و حزبایەتـی و کەسـایەتی بـەلاوە بنێـن، هەمـوو ئامانجیـان تەنیـا خزمەتـی خەڵکـی کوردسـتان و میللەتـی کـورد بـێ و هەمـوو ئامانجیـان تەنیـا چەسـپاندن و پتەوکردنـی ڕیزەکانـی گەلـی کـورد بـێ،

هەمـوو ئامانـج و تێکۆشـانیان ئەوەبـێ کـە میللەتـی کـورد ئـەو مافـەی بـە خوێـن بەدەسـتی هێنـاوە بیپارێـزێ و گەشـەی پێبـدا و بـەرەو پێشـی بـەرێ، ئـەوەی ڕای منـە لەبـارەی ئـەو ئەنجومەنـەی هەڵدەبژێـردرێ. ئومێدیـش دەکەیـن چۆنمـان پێخۆشـە هـەر ئـاوا دەربچـێ.

**زۆر سـوپاس کاک مەجیـد یەکێـک لـە ئامانجـە سـەرەکییەکانی ئـەو هەڵبژاردنـە وا بزانـم ئەوەیـە ڕای مەسـەلەی کـورد لەبـارەی سیاسـی و چارەسـەرکردنی مەسـەلەی کـورد ببێتـە یـەک، ئایـا کـورد سـاغ دەبێتـەوە لەسـەر ئـەوەی کـە چ داوا دەکا، داوای سـەربەخۆیی دەکا، داوای ئۆتۆنۆمـی دەکا، داوای مافێکـی فیدڕاڵـی دەکا، لەسـەر ئـەوەی دەبـێ سـاغ بێتـەوە لـە ئەنجامـی ئـەو هەڵبژاردنـە، نـەزەری ئێـوە لەسـەر چارەسـەرکردنی مەسـەلەی کـورد چییـە؟ ئایـا سـەربەخۆیی، ئۆتۆنۆمـی و فیدرالـی و کێهەیـان باشـترە بـۆ چارەسـەرکردنی مەسـەلەی کـورد لـە ئێسـتادا؟**

- کاک پـۆڵا ئـەو پرسـیارەی جەنابـت فەرمـووت زیاتـر پەیوەنـدی بەلایەنـە سیاسـییەکان و حزبەکانـی نـاو بـەرەی کوردسـتانی و دەرەوەی بـەرەی کوردستانیشـەوە هەیـە، چونکـە ئـەوان لەبـارەی کاروبـاری سیاسـییەوە نوێنـەری میللەتـی کـوردن دەبـێ خۆیـان بڕیاریـان دابـێ کـە چ شـتێک بـۆ کـورد بـاش و بـە سـوودە. جـا ئۆتۆنۆمـی بـێ، فیدراڵـی بـێ یـا سـەربەخۆیی بـێ. بـەڵام بـەڕای منـەوە وەکـو کوردێکـی سـەربەخۆ پێموایـە کـورد دەبـێ خـۆی لـە بارودۆخـی خۆیـەوە هەنـگاو بنـێ. ئێمـە نابـێ هەنـگاو هەڵێنیـن لەکاتێکـدا کـە زەمینـە بـۆ ئـەو هەنـگاوە دروسـت نەبـێ یاخـود خـۆش نـەکا. هـەر هەنگاوێکـی کـورد بیهـاوێ پێویسـتە زەمینـەی بـۆ خۆشـکردبێ و پێویسـتە هەمـوو مەرجەکانـی ناوخۆخۆیـی و دەرەوەیـی شـیکردبێتەوە و بەراوردکرابـێ ئەنجـا هەنـگاوی بـۆ بنـێ.

جا بۆ ئەوەی ئێمە شتێک بکەین بۆ کورد یا داوای شتێک بکەین بۆ کورد دەبێ پێشتر خۆمان بزانین چیمان لەباردا هەیە، دەبێ پەیوەندی خەڵک چ لەناو عێراق و چ لە دەرەوەی عێراق و چ لە ناوچەکەو چ لەناو دەوڵەتی پەیوەندیمان لەگەڵ ئەوان و ئامادەیی ئەوان بەتایبەتی لەگەڵ ئێمە تا چ ڕادەیەکە ئایا ئەوان یارمەتییەکانیان بۆ کورد تەنیا کاتییە، یاخود بەردەوام دەبێ. دوایە کە تۆ هەنگاوێکت هاویشت بۆ دوارۆژی کورد ئایا ئەو هەنگاوە لە توانات دا هەیە لەگەڵی بەردەوام بی یان نا؟ ئەگەر لەتواناتدا بێت ئەوە جێی خۆیەتی، هەرشتێکی پەسەندی دەکەی بۆ میللەتەکەت دەبێ بۆی هەوڵ بدەی، ئەگەر دەزانی لە قۆناغی ئێستادا ئەو هەنگاوە ناتوانی هەتاسەر بڕوا تۆ دەبێ هەنگاوێکی گورجتری بۆ بهاوێی. چونکە بەلای منەوە هەنگاوی گورج بهاوێی و سوودمەند بێ و زیانی کەمتر بێ سوودی لە زیانی زیاتر بێ، بەلای من باشترە لەوەی هەنگاوێکی گەورەتر و فراوانتر بهاوێی بەڵام سەرنەگرێت و یاخود زیانی لە سوودەکەی زیاتر بێ، یاخود کورد بگەڕێنێتەوە بۆ دواوە. لەبەر ئەوە دەبێ ئێمەی کورد بەتایبەتی ڕێبەرانی سیاسی میللەتی کورد کە ئیمڕۆکە بەشێکی زۆریان لەبەرەی کوردستانیدا کۆبوونەتەوە، ئەوان دوای بەراوردکردن و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی هەموو بارودۆخی خۆمان و دەرەوەش نەخشە دابنێن کە بۆ ئەوەی چیان بۆ کورد دەوێ و چ شتێک بۆ کورد باشە تاکو ئەو خەڵکەش بەدوای خۆیاندا ڕابکێشن بۆ ئەو ئامانجە هەنگاو هەڵێنن.

**زۆر سوپاس کاک مەجید گیان، ئاخرین پرسیار ئەوەیە کە پەیامی ئێوە بۆ کوردەکانی دوور وڵات، بەتایبەت بۆ ئەدیب و شاعیر و نووسەرە کوردەکانی کە هەڵوەدای دەرەوە بوون چییە؟**

- کاک پـۆلا بـرا کوردەکانمـان کـە هەڵـوەدای دەرەوە بوونـە، هەڵبەتـە بەشـی هـەرە زۆریـان لەناچارییـەوە بـوو هەڵـوەدای دەرەوەبوونـە و ئـاوارە بوونـە. لـە ئەنجامـی ئەشـکەنجە و ئـازاردان و ڕاوە دوونـان هەریـەک لـە وڵاتـی خۆیـەوەو لـە شـوێنی خۆیـەوە، ئیـتر کەوتونەتـە ئـەو وڵاتانـەی هەنـدەران و یانـی ئـاوارە بوونـە، لـە هەمانکاتـدا دەزانـم کـە ئـەوان کـە جەنابـت یەکێـک لەوانـی کـە لـەوێ نـاو ئـاو دەخـۆی بـەڵام بیروهۆشـت هـەر لێرەیـە و هـەر لـە وڵاتـی خۆتـەو هـەر لـە کوردسـتانەکەیە، جـا ئـەو خوشـک و بـرا کوردانـەی کـە ئـاوارەی دەرەوە بوونـە ڕێـز و سوپاسـم بۆیـان هەیـە و داوای سـەرکەوتن و بەختـەوەری و خۆشـگوزەرانیان بـۆ دەخـوازم، لەهەمانکاتیشـدا تـکام لێیـان هـەر ئەوەیـە کـە دڵ و دەروون و هەسـت و هـۆش و بیرکردنەوەیـان هـەر بـە کوردسـتانەوە و هـەر بەمیللەتـی کـوردەوە بەنـد بـێ. هیـوادارم ئـەوان لـەوێ تـا ئێسـتا هـەر بـە گەرمـی تێکۆشـاون و درێغیـان نەکـردووە و بـەردەوام بـن لەسـەر ئـەو تێکۆشـانەی کـە کردوویانـە، بـەردەوام بـن لەسـەر ئـەو جموجۆڵـەی کـە هەیانـە، بـەردەوام بـن لەسـەر یەکگرتنـی ڕیـزەکان و پتەوکردنـی ڕیزەکانیـان کـە ئـەوە شـتێکی زۆر خۆشـی بەخشـە و مـژدە هێنـەرە کـە کـورد لـە دەرەوەی وڵات ئێسـتا هەمـووی لەهـەر شـوێنێک کـە هـەن لـەو شـوێنەدا هەموویـان یەکـن، وەک چـۆن لـە فیدراسـیۆنی سـوید بگـرە، کۆمەڵـەی خوێندکارانـی کـورد لـە وڵاتەکانـی ئەوروپـا وەک هەمـوو ڕێکخـراو و کۆمەڵایەتییـەکان کـە کـوردەکان خۆیـان دانـاوە لـە دەرەوە ئەمـە زۆر باشـە چونکـە جـاران وا نەبـوو. جـاران لەکوردسـتانی خۆمـان کـوردەکان چەنـد پارچـە بوونـە لەوێـش ئەوەنـدە پارچـە دەبـوون. هەروەکـو بڵێـی بـۆ ئـەوە چوونـە ئـەو وڵاتانـە کـە دەبـێ دوو بەرەکـی دروسـت بکەنـەوە نـەک لـەوێ ببنـە هـۆی یـەک بـوون و بگەڕێنـەوە و دووبەرەکـی ناوخۆشـمان لەنـاو بـەرن و یەکبوونەوەکـە دروسـت بکـەن، بـەڵام ئێسـتا ئـەوەی کـە زۆر دڵـی هەمـوو کوردێـک خـۆش دەکا ئەوەیـە کـە ئـەو شـتە نەمـاوە، ئێسـتا هـەر کوردێـک کـە لـە دەرەوەیـە وەکـو بیسـتوومە

وەکو دەخوێنمەوە وەکو ئێوە جەنابتان باستان کردووە، هەر هەموویان لەوێ یەکگرتوونە و یەک ئامانجیان هەیە و بە یەک دەنگ تێدەکۆشن بۆ مەسەلەی کورد و بۆ دیفاع لە کێشەی کورد، بۆ دیفاع لە خاکی کوردستان، بۆ دیفاع لە میللەتی کوردستان، بۆ دیفاع لە مافەکانی میللەتی کورد. جا ئومێدم ئەوەیە کە لەو ڕێگا پیرۆزەیاندا بەردەوام بن و هەر سەرکەوتوو بن، هیوداریشم بە زووترین کات ئەوانە بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان، وڵاتێکی ئازاد و دیموکراسی و گوزەرانێکی هێمن و برایانە و ئینسانانە بگوزەرێنن لەگەڵ ئەو خوشک و برایانەی کە لە وڵات بەجێماون و کە ئێستا پاش پەنجا ساڵ هەناسەی ئازادی و سەرفرازی هەڵدەمژین، حەز دەکەم ئەوانیش بەشدار بن لەو هەوا هەڵمژینە، ئەو هەوایە هەر بۆ ئێمە نەبێ، چونکە ئەوان دەستێکی باڵایان هەبوو لە دروستکردنی ئەو هەوایەو پاککردنەوەی ئەو هەوایە بۆ ئەوەی کە بۆ هەڵمژین بگونجێ. ئومێد دەکەم کە بێنەوە بەخۆشی بۆ ئەوەوەی بێنەوە کە ئەو زانیاری و ئەو شارەزایی کە لەوێ لەو چەند ساڵەی بەدەستیان هێناوە و هەرکەسە لە شتێک شارەزایە، لێرە بۆ سوودی میللەتەکەی خۆی بۆ سوودی کوردستان بیخاتە کار و وڵاتەکەیان هێندەی دی بەرەو پێشەوە ببەن.... چیتر کورد ئاوارە و دوورە وڵات نەبێ. مامۆستا هێمن زۆر بەتەنگ دوورە وڵاتییەوە دەیناڵاند و شیعرە ناسکەکانی دەگوت، ئومێد دەکەین لەمەولا کوردیش لەو ئاوارەیی و دوورە وڵاتییەی ڕزگاری ببێت هەتا هەتایە. وەک خەڵکی تر لە وڵاتی خۆی جێگیر بێ و لەوڵاتی خۆی بژی و لە وڵاتی خۆی تێبکۆشێ و لە وڵاتی خۆی خزمەتی خۆی و ئینسانییەت بکا، کورد حەزدەکا کە دۆستی هەموو کەسێک بێ و دۆستی هەموو میللەتێک بێ، کورد حەز دەکا هەموو کەس یەکسان بێ، چونکە خۆی هەندی زۆر لێکردن و هەندەی نایەکسانی و هەندەی ناخۆشی چێشتووە لەبەر ئەوەی باوەڕ ناکەم هیچ میللەتێک هەبێ لە سەرانسەری

دونیا بە قەد کورد حەز بکات کە هەموو میللەتێک ئازاد بێ و سەربەخۆ بێ و برایانە پێکەوە بژین و دیموکراسیانەو ئاشتیانە لەسەر ئەو گۆی زەمینە بەڕێوە بچێ. ئومێدێکی دیکەشم ئەوەیە هەر سێ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بگەنە بە ئامانجەکانیان.

**زۆر زۆر سوپاس کاک مەجید.**

سوپاسی ئێوە دەکەین زۆر بەخێرهاتنتان دەکەین. کاکە پۆڵا گیان و وەکو شتێکی تایبەتی ئەوە، خۆت دەزانی ئەوە هاتنەوەی تۆ لەگەڵ ئەو برایانە بۆ ئێرە ئەوە وەک کۆرێک چاوی ساغ دەبێتەوە، بەڕاستی ئاوام پێخۆش بوو. خۆت دەزانی ئێمە چەندە چاوەڕێی ئەو دیدارەی جەنابت دەکەین. ئینشاللا جارێکی دیکە بەخۆشی دەتبینمەوە و بەیەکجاری. هاتووچۆمان لە بەینی کوردستانی عێراق و کوردستانی ئێران و کوردستانی تورکیە زۆر سروشتی و ئاسایی دەبێت.

# لەگەڵ بەرنامەی میوان

## مەجید ئاسنگەر:
## یەکەم جار بوو من وەکوو شاعیرێك دروشمی (یا کوردستان یا نەمان) بخەمە نێو سرودێك و بڵاوبکرێتەوە

**ئامادەکردن و پێشکەشکردنی: سالار عوسمان**

---

ئەو کاتەو هەمـوو کاتێکتـان شـاد و سـەرفیراز، گوێگرانـی هێـژا، خوشـك و برایانـی بەڕێـز، دۆسـتانی بەڕێـزی بەرنامـەی (میـوان). پێخۆشـحاڵین، ئەمـڕۆش لـە ئەڵقەیەکـی نـوێ و تـازەی میـوان بـە ئێـوەی ئازیـز، شـاد دەبینـەوە. وەك هەمیشـە بەرنامـەی میـوان، هـەر ئەڵقەیـەك میوانـداری یەکێـك لـە کەسـایەتییە دیـار و بەرچاوەکانـی بـواری ئەدەبـی و ڕۆشـنبیری و هونـەری و بـواری فیکـر و مەعریفـە دەکات، لـەو بەرنامەیـەدا لـەو میواندارییـەدا، ئێمـە و ئێـوە، ئـەو میوانـە بەڕێـزە دەدوێنیـن و لـە گفتوگۆیەکـی گەرمـدا، لا لـە مەسـەلە گرنگەکانـی ڕۆشـنبیری و هونـەری دەکەینـەوە، وەك پێشـتر ئاماژەمـان بـۆ کـرد، میوانـی ئـەو ئەڵقەیـەی بەرنامـەی (میـوان) شـاعیری نـاسراوی گەلەکەمـان، مامۆسـتا مەجیـد

*ئاسـنگەرە. مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر تەمەنێکـی زۆرە لەنێـو بـواری رامکردنـی شـیعری کـوردی و لەنێوکـۆڕی خەباتـی کوردایەتـی و لەنێـو تەکیـەگای خزمـەت بـە کوردایەتـی تەمـەن دەباتـە سـەر. سـەرفراز و خۆشـحاڵین ئەمـڕۆ لەگـەڵ ئێمـە و لەگـەڵ ئێـوەی خۆشەویسـتدا لـە سـتۆدیۆی رادیـۆی لقـی دووی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان میوانـە. لەگەڵـمان بـن بـۆ پێشکەشـکردنی ئـەم ئەڵقەیـە بەرنامـەی (میـوان).*

*گوێگرانـی هێـژا، سـەرەتا بەنـاوی ئێـوە و بەنـاوی کاسـتی بەرنامـە، بەخێرهاتنێکـی گـەرم لـە مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر دەکەیـن، مامۆسـتا زۆربەخێربێـی بـۆ رادیـۆی لقـی دوو. مامۆسـتا بەخێربێـی.*

**مامۆسـتا بێگومـان ئـەو بـوارە گرنـگ و پـڕ لـە بزاڤـەی بەڕێزتـان کارتـان لێکـردووە، هـەم وەك مرۆڤێکـی کـورد لـە بـواری خەبـات و هەمیـش وەك شـاعیرێکی نـاسراو پـڕە لـە پرسـیار و هەڵوێسـتە و تێڕامـان، پێمانخۆشـە بـە پرسـیارێکی تەقلیـدی دەسـت پێبکەیـن ئەویـش ئەوەیـە کورتەیـەك لەبـواری ژیانـت پێشـکەش بـە گوێگرانـی هێـژا بکـەی؟**

- گوێگرانـی هێـژا ئێوارەتـان بـاش، مـن کـە نـاوم (مەجیـد ئاسـنگەر)ە، سـاڵی ١٩٣٢ لـە شـارە خنجیلانەکـەی حاجـی قـادری کۆیـە، لەکۆیـە هاتۆومەتـە دونیـاوە، قوتابخانـەی سـەرەتایی و ناوەندیـم لەکۆیـە تـەواو کـرد، قوتابخانـەی دواناوەندیـم لــە هەولێـر تــەواو کــرد چونکــە ئــەو ســەردەمە قوتابخانــەی دواناوەنــدی لــە کۆیــە نەکرابــۆوە. ســاڵی ٥٠-٥١ دواناوەنــدی هەولێــرم بــە پلەیەکــی زۆر بــاش تــەواو کــرد کــە لەســەر پارێــزگا یەکــەم دەرچــووم، چــووم بــۆ کولیجــی (دارالمعلمیــن العالی)یــان پێدەگــوت کــە کۆلیــژی پــەروەردەی ئێســتایە، لــەوێ

لەبەشی زمانە بیانییەکان لە زمانی ئینگلیزی وەرگیرام. ساڵی ١٩٥٤-١٩٥٥ کۆلیژی دارالمعلمینی بەرزم تەواو کرد بۆ یەکەمجار لە ١٩٥٥/١٠/١ وەکو مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانەی دواناوەندی هەولێر دامەزرام. ئیتر لەو ساوە خەریکی وتنەوەی دەرسی ئینگلیزی وەکو مامۆستا، دوای ئەویش وەکو بەڕێوەبەری قوتابخانەی دواناوەندی و ناوەندی و قوتابخانەی خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە هەولێر، هەروەها ئامۆژگای مامۆستایانی سەرەتایی لە هەولێر پیشەی مامۆستایەتی و بەڕێوەبەرایەتیم بەسەربردووە. ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ شێرە کوڕانی بارزانی نەمر بەشداریم لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزن کرد لە ١٩٧٤/٣/١١ لەوێش هەر بە پیشەی پەروەردەیی بووم بەسەرپەرشتیاری پەروەردەیی قوتابخانەکانی دواناوەندی کە شۆڕشی کورد لە ئێران و لە ناوچە ئازادکراوەکان کردبوویەوە، تا ساڵی ١٩٧٥ دوای پیلانە شوومەکەی جەزائیر کە بە ناچاری ئێمەش گەڕاینەوە بۆ کوردستانی عێراق و لێرەش پاش گوێزانەوە و هێنان و بردن دواکات خۆم دووبارە لە قوتابخانەکانی کوردستان دۆزیەوە وەکو مامۆستایەك، ئیتر چوومەوە بۆ کۆیە لەوێش هەتاکو ساڵی ١٩٨٥ بەردەوام بووم، ساڵی ١٩٨٥ لەبەر تەوژمی کاربەدەستانی ئەو سەردەمە ناچاربووم خۆم خانەنشین کرد و تائێستاش بە خانەنشینی ماومەتەوە. ئێستا وەکو راوێژکار لە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان کار دەکەم. لەو ماوەیەدا چەند جاران گیراوم و دوورخراومەتەوە و لە ساڵی ١٩٦٠ پێش دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن، منیان لە قوتابخانە دەرهێنا کە مامۆستا بووم لە دارالمعلینی ئیبتدائیی هەولێرێ، یەکسەر بۆ بەندیخانەی بەغدا لەوێ لەگەڵ خوالێخۆشبوو (سەیدا ساڵح یوسفی) و چەند کەسانێکیتر کە دەستگیرکرابوون ئەوانیش، چەند رۆژێكماینەوە، دوایە ئەمنیان نارد بۆ بەندیخانەی بەسرا وەکو دەستبەسەرکراو. لەوێش دوای چەند مانگێك ئازادکرام، بەڵام نەیانهێشت بێمەوە بۆ کوردستان ئیتر منیان گواستەوە بۆ

ناوچــەی ناوەنــدی عێــراق منیــش شــاری (ســوێرە)م هەڵبــژارد، منیــش لــە ســوێرە مــاوە چوارســاڵ، تاوەکــو شۆڕشــی کــورد لەگــەڵ کاربەدەســتانی ئــەو ســەردەمە پێکهاتنێــك بــوو، ئێمەیــان گەڕانــدەوە بــۆ هەولێــر و بــۆ کوردســتان، لــەو ماوەیــەدا مــن بــە کاری مامۆســتایەتی و بەڕێوەبەرایەتــی قوتابخانــە هەڵســاوم وەکــو باســم کــرد، لــە هەمانکاتیشــدا خەریکــی نووســین و شــیعر و گۆرانــی و دانانــی شــیعری گۆرانــی و چیــرۆك نووســین و شــانۆگەری نووســین و زۆر وتــاری دیکــەی ئەدەبــی و سیاســی و پەروەردەیــی و کۆمەڵایەتــی، ئێســتاش وەکــو گوتــم ئەندامــی یەکێتــی نووســەرانی کوردســتانم و نــاو نــاوە نووســینم هــەر مــاوە، خەریکــی وەکــو گوتــم کارم لــە پەرلەمانــی کوردســتانە.

- **مامۆســتا لەوانەیــە گوێگــران پرســیار بکــەن، ئەویــش ئەوەیــە نازنــاوی بەڕێزتــان (ئاســنگەر)ە، ئەوکاتــەی بەڕێزتــان و هاوەڵانــی ئێــوە لــە کاری نووســیندا بــێ پــەروا کارتــان کــردووە، نازنــاو زۆربــاو بــووە، ئێســتا خەریکــە ئــەو نازنــاوە لەنــاو نێوەنــدی ئەدەبــی کــوردی و رۆشــنبیری کــوردی نەمێنــێ، پرســیارەکە ئەوەیــە بــۆ (ئاســنگەر)؟**

- خــۆی وەکــو بــاو بــوو، زەمانــی پێشــوو هەرکــەس نازناوێکــی بۆخــۆی هەڵدەبــژارد بــۆ ئــەوەی لەگــەڵ خەڵکــی جیابکرێتــەوە، منیــش ئــەو ســەردەمە بــۆ ئــەوەی کــە مــن خــۆم لــە خێزانێکــی ئاســنگەرم، یانــی باوکــم و باپیریشــم ئاســنگەر بوونــە، خزمەکانــم بەشــێکی زۆریــان ئاســنگەر بوونــە لــە شــاری کۆیــە، ئەوســا مــن بــە هەوەســی گەنجایەتــی نازنــاوی (حــداد)م هەڵبــژارد، ئیــتر ئــەوە بــوو لــە قوتابخانــەی ناوەنــدی و دواناوەنــدی و لــە کۆلێژیــش کــە بــووم بــە مامۆســتا مەجیــد حــداد ناسرابــووم. بــەڵام دوایــە بــە هــۆی بیــری نەتەوایەتــی و کوردایەتــی بــە پەســەندم دەزانــی کــە ئــەو نازنــاوە بگــۆڕم چونکــە خــۆم کوردایەتــی دەکــەم، لەبــەر ئــەوە هەتــا لەســەر پێشــنیاری ناســیاو برادەرانیــش کــە دەیانگــوت بــۆ

(حـداد) بـۆ نایکەیـە نازناوێکـی کـوردی؟ لەوسـاوە کردمانـە کـوردی و کردمانـە ئاسـنگەر، ئـەو ئاسـنگەرەش لـە راسـتیدا لـە رەچەڵەکـدا چونکـە خـۆم و خانەوادەکـەم ئاسـنگەریان دەکـرد.

**• مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر سـەرەتای دەسـتبەکاربوونت لـە بـواری نووسـین، یەکـەم هاندانـت و ئـەوەی لـە پشـت بەڕێزتانـەوە بـووە، وەکـو بـاوە هەمـوو ئینسـانێك کەسـێك هانـی دەدات یاخـود بوارێـك، زەمینەیـەك بـۆی هەمـوار دەبـێ، بەڕێزتـان چـۆن یەکەمجـار چوونـە ناونووسـین و دونیـای شـیعر؟ ئەگـەر یادگارێکیـش هەیـە لـەم بـوارە حەزدەکەیـن بۆمـان بگێڕیـەوە.**

- ئـەوەی راسـتی بـێ ئێمـە لـە کۆیـە هـەر لـە زووە هەسـتمان بـە هەسـتی نەتەوایەتـی دەکـرد ئـەوە بەهـۆی مامۆسـتایەکەمانمانەوە و بەهـۆی ئـەوەی کـە شـارەکە شـاری خوێنـدەواری و رۆشـنبیری و کوردایەتـی بـووە، ئـەوەش هەڵبەتـە کاری لـە ئێمـە دەکـرد، مـن کـە هەڵبەسـتەکانی حاجـی قـادری کۆییـمان دەخوێنـدەوە لـە قوتابخانـە و لـە دەرەوەی قوتابخانـە، خزمەکانـم هەندێکیـان زووتـر تێکـەڵاوی سیاسـەت و کاری رۆشـنبیری ببـوون لـە بزووتنـەوەی کوردایەتـی بەشـداریان دەکـرد، ئەوانـە هەمـوو کاریـان لەمـن کـرد کـەوا ئەمنیـش لـەو رێگایـەدا بـڕۆم و دەسـتبەخوێندنەوەی زیاتـر بکـەم، دوای خوێندنـەوەش دەسـتم کـردە نووسـین. ئـەوەی کـە زیاتریـش منـی هانـدا کـە نووسـین پێـڕەو بکـەم ئـەوە بـوو، مـن کـە لـە سـاڵی ۱۹٤۹-۱۹٥۰ قوتابخانـەی دواناوەنـدی هەولێـرم تەواوکـرد بـۆ مـاوەی سـاڵێك، ئـەوە سـەردەمە کـە مـن ئەندامـی پارتـی بـووم. منـی گلدایـە وەکـو کادیرێـك بـا بڵێیـن وەکـو موتەفەرغێـك کـە تەنهـا لـە بـۆ پارتـی ئیشـم دەکـرد، ئەوسـاڵە نەچوومـە خوێنـدن. لەکۆیـە مامـەوە ئیـتر ئـەو سـەردەمە چ ئەدەبیاتـی پارتیـمان کـە دەردەچـوو، چ رۆژنامـەی (الاهالـی) کـە حیزبـی دیموکراتـی نیشـتمانی کـە (کامـل جادرچـی) سـەرۆکایەتی دەکـرد، سـەر

وتـاری زۆر بەپێـز و بەهێـزی دەنووسـی بـە عەرەبـی، ئەلبەتـە منیـش لـە ئەنجامـی زۆر خوێندنـــەوە و ئەنجامـــی هـــەوڵ و کۆششـــی خـــۆم لـــە عەربیـــدا دەســـتێکی نیمچـە بـاڵام پەیداکردبـوو و تێیدەگەیشـتم، لـە کوردیـش هەروەکـو گوتـم خولیـام هەبـوو لەبـەر ئـەوە بـە راسـپاردەی پارتیـمان رۆژانـە یـا هەفتانـە ئـەو رۆژنامـە کـە دەهـات ئەمـن ئەوەیـان پێسـپاردبووم کـە سـەروتارەکەی بکەمـە کـوردی. سـەروتاری رۆژنامـەی (الاهالـی) دەمکـرد بـە کـوردی، بەدەسـتنووس دەیاننووسـیەوە و بـرادەران بڵاویـان دەکـردەوە لەنـاو شـانەکانی پارتیـدا. ئـەو شـتانە وایانکـرد کـە مـن زیاتـر خولیـای خوێندنـەوەو خولیـای نووسـین بـم. دواتریـش هەروەکـو دەزانیـــن ئینســـان کـــە ئـــەو رێگایـــە هەڵدەبژێـــرێ، دونیـــای ئـــەدەب و دونیـــای رۆشـنبیری گەلێـك فراوانـە، سـەرنجی خەڵـك بـۆ لای خـۆی رادەکێشـێ بەتایبەتـی ئـــەوەی کـــە تۆزێـــك بەهرەیـــەك لەخۆیـــدا ببینـــێ و هەســـتی ئـــەوەی تێدابـــێ، ئیـتر لـەوەوە مـن پێدارۆشـتم. سـەرەتاکەی ئـاوا بـوو، دیـارە پێـش ئـەوەش کـە مـن لـە هەولێـر دەمخوێنـد وەکـو گوتـم لـە پۆلـی چـوار و پێنجـی دواناوەنـدی دەسـتم بـە هەڵبەسـت نووسـین کـرد وەك دەربڕینـی هەسـتی خـۆم. ئەوکاتـە وەك منداڵێـك، وەك مێردمنداڵێـك، تەمەنیشـم بچـووك بـوو، لەوانەیـە بچووکتریـن قوتابـی بـووم، یەکەمجـار بـوو کەوتبوومـە دووری شـاری خـۆم، وەکـو بڵێیـن غەریبایەتـی و هاتبوومـــە هەولێـــر، ئێســـتا لـــە هەولێـــر غەریبایەتـــی نییـــە، بـــەڵام ئـــەودەم ئۆتۆمبیـل کـەم بـوو، یەعنـی ئێمـە بـە رۆژێـك دەگەیەیشـتینە هەولێـر، نیـوەی سـاڵ و سـەری سـاڵ نەبـا نەدەچووینـەوە بـۆ ماڵـەوە، ئیـتر غوربەتـی وایدەکـرد سـۆزی خـۆی دەربـبڕێ، مـن ئەوکاتـە هەڵبەسـتێکم دانـا زۆر سـاکارە، حەزدەکـەم بیخوێنمـەوە وەکـو سـەرەتایەك. هەتـا ئێسـتا ئـەو شـیعرەم بـڵاو نەکردۆتـەوە. بـە هەڵبەسـتی دانانێـم، بـەڵام جـۆرە دەربڕینێکـی بیـری ئـەو سـەردەمە. ئـەوە مـن قوتابخانەکەمـان بەشـی ناوخۆییـمان هەبـوو کەنزیـك هوتێـل فەریـدی ئێسـتا و بەرامبـەر ماڵـی عەتاوللاغـای کـە ماڵـی بابـی رەمـزی نافیعـی رەحمەتییـە، لـەوێ

لەبەشــی ناوخــۆ بوویــن، ئــەو ســەردەم ئــەوێ ئــەو نــاوە هەمــووی چــۆڵ بــوو هەتــا دەگەیشــتیە ڕێــگای کەســنەزان و کۆیــە هەمــووی دەغــل و دان و شــینایەتی بــوو. جــا ئێــواران بــە پیاســە بەوێــدا دەڕۆیشــتم و ســەعیم دەکــرد، بــەڵام ڕووی لــە کۆیــە بــوو غەریبــی کۆیــەم دەکــرد، جــا ئــەوەم نووســی.

**• ببووره مامۆستا ئەوە یەکەم شیعرە؟**

- بەڵــێ یەکــەم شــیعرە لــە ســاڵی ١٩٤٩ دانــدراوە. شــیعرەکە ئەوەیــە دەڵــێ (بیــری مەفتــەن) دیــارە مەبەســتم کۆیەیــە کــە کۆیــە (مەفتــەن)م بــوو.

بیری مەفتەن

چەنــدی بیــر ئەکــەم لــە دووری ئێــوە
کــەس بەرچــاو نابــێ لــە پشــت ئــەم کێــوە
خــزم و کــەس و گــەل پێکــەوە هەمــوو
لێــم دوورن چــاوم فرمێســکی پێــوە
تەنیــا دووریتــان هــەر بــە دیمەنــە
گــەر بــەدڵ بایــە ئەمــرد لــە جێــوە
لام وایــە ئێــوەش وەك مــن تــێ ئەگــەن
بــۆ گەڕانــەوەم چاوتــان لەڕێــوە
یاخــود هەمووتــان بــێ ئــاگان لەمــن
بــێ خەمــن ئەگــەر بشــچم بــە زێــوە

***

هەمــوو ســبەینان ســەرلەبەیانی
دێمــە ڕێــی کۆیــە عالــەم ئەیزانــی
نەســیمی شــادی و هــەوای ئــەم دەشــتە
ســەوزی گەنــم و جــۆ و ســووری پاوانــی
ڕۆناکــی ڕۆژ و خوێنــاوی زیویــن

ئەدرەوشـێنەوە پاشـی بارانـی
ئـەم گوشـادیەش ئێسـتا هـەر کەمـە
چونکـە نەیـماوە بەزمـی جارانـی
تەنهـا ئەینووسـم تاپێـم بـڕوا کـەن
نەڵێـن قسـەی تـۆ گشـتی بـۆ نێـوە

***

بـەڵام چەنـد رۆژ بەپیاسـەکردن
هیچـم بـۆ نەکـراو کـەس دەرنەکەوتـن
چونکـە ئـارەزووم دیـدەی ئێـوە بـوو
نـەك هـەر بـە هـەوەس گـرد بەسـەرکەوتن
ئەنجـا ناچـار بـووم وازتـان لێبێنـم
دەسـت بـە کۆشـەش کـەم لەترسـی کەوتـن
بـەڵام خەیاڵـی ئێـوەم هـەر هەیـە
چونکـە غەریـب و دوورم لـە مەفتـەن
خواتـان لەگـەڵ بـێ، چاوتـان لـە رێ بـێ
بـۆ پـاش "امتحـان" دێـم بـۆ لای ئێـوە

ئـەوە یەکەمیـن هەڵبەسـتی سـاکارانەم بـوو کـە ئەوسـا لـە سـاڵی ١٩٤٩ نووسـیم.

**• مامۆسـتا لـە سـاڵی ١٩٤٩ەوە تـا ئێسـتا چەنـد سـاڵێك تێپەڕیـوە واتـە ١٩٤٩ سـاڵ کـە تەمەنێکـی زۆرە، لـەو زەمەنـە زۆرە لـە چ قۆناغێـك بـە قۆناغێکـی زێڕینـی نووسـین و داهێنانـی خۆتـی دەزانـی؟**

- ئـەوەی راسـتی بـێ کاك سـالار، لـە سـاڵی ٥١ بڵێیـن بـە سـاڵێك بـە دوو سـاڵ لەبـارەی چەندایەتییـەوە لـە سـاڵی ٥١یـەوە تـا سـاڵی ٥٤ نووسـینم گەڵێـك زۆر بـوو، بـەڵام زۆربـەی کـرچ و کاڵ و هەسـتی گەنجانـە بـوو. لـە شەسـتەکان

بەدواوە کە شۆڕشی کورد دەستی پێکرد، شۆڕشی ئەیلوولی مەزن، چەند سروودێکم دانا، چەند شتێکم دەربارەی پێشمەرگە و شۆڕش نووسی، لەلای من ئەوانە زۆر گرنگن. ئیتر دواتر بەردەوام بووم لەساڵەکانی حەفتاکان و بەبۆنەی یازدەی ئازار دواتریش هەربەردەوام بووم، ئەوە لەبارەی شیعرەوە. لەبارەی نووسینی دیکەش هەر لەو ماوەیە من هەر بەردەوام بوومە، ئیتر من لە حەفتاکان زیاتر هەستم بەوەی کرد کە نووسینەکانم زیاتر وەك نوسین دەچوون. بۆ ئەوەی دەبوو رۆژێك لە رۆژان چاپیان بکەم. وەختی خۆی زۆرەبەشیانم لە رۆژنامە و گۆڤارەکان بە پەراکەندەیی بڵاوکردۆتەوە.

**• مامۆستا مەجید ئاسنگەر گۆرانیبێژەکانی کورد بەشێکیان شیعری جەنابتیان کردۆتەوە بە گۆرانی، لەوانە هونەرمەند فوئاد ئەحمەد و تاهیر تۆفیق و باکووری و محەمەد دانیش و عەزیز شارۆخی، بەهەرحاڵ بۆ هەناسەیەکیش بۆ بەرنامەکە گوێبیستی یەکێك لەم شیعرانە دەبین (ئەمیرەکەم). بەدەنگی هونەرمەند فوئاد ئەحمەد کە لە شیعری مامۆستا مەجید ئاسنگەرە. مامۆستا مەجید ئاسنگەر چەند شیعرێکی دیکەشی کراوەتە بە گۆرانی و سروود لێرەوە پرسیارێك دێتە ئاراوە ئایا مامۆستا بەڕای بەڕێزتان، چ شتێك دەبێتەهۆی ئەوەی شیعرێك ببێتە گۆرانی، بەڵام گۆرانییەکی نەمر، بێگومان بەشێك لەو گۆرانیانەی کە شیعری جەنابتن، گۆرانی زۆر نەمرن و ماونەتەوە، هەم لە خەیاڵی هونەری خەڵك و هەم لە خەیاڵی کەسانی دیکەش وەك مرۆڤیش بۆتە یادگاری بەشێك لەو زەمەنە لەو نێوەندەدا گۆرانی کوردی ئێستا لە وەزعێکی زۆر خراپدایە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەردەم و بۆ شیعرەکانی بەڕێزتان، بەڕای بەڕێزتان، شیعری باش، یاخود ئاوازی باش چییە بۆ**

**ئـەوەی بتوانـێ گۆرانـی نەمـر بـكات؟**

- ئـەوەی راسـتی بـێ گۆرانـی ئەگـەر بـێ و بوێسـترێ سـەربکەوێ و نەمـر بـێ، دەبـێ هـەر سـێ رەگـەزی تـەواو بـێ، رەگـەزی وشـەکان، مەبەسـتم هەڵبەسـتەکەی، دواتـر ئاوازەکـە و دابەشـکردنی مۆسـیقاکەی، سـێیەم ئـەدای خـاوەن دەنگەکـە واتـە گۆرانیبێژەکـە. ئـەو سـێیە هەرسـێکیان دەبـێ تـەواو بـن، ئەگـەر هەریـەك لەوانـە ناتـەواوی تێدابـوو، گۆرانییەکـە تۆزێـك ناتـەواو دەبـێ. ئـەو سرووودەی کـە جەنابـت باسـی دەکـەی، سروودی (سـوێندی پێشـمەرگە) کـە وەك جەنابـت فەرمـووت نەمـرە، ئەگـەر نەمـر بـێ ئـەوە رای ئێوەیـە و رای خەڵـك دەبـێ ئـەوە بسـەلمێنێ، یەکەمجـار بـوو مـن وەکـو شـاعێرێك لـە کوردسـتان دروشـمی (یـا کوردسـتان یـا نەمـان) بخاتـە سروودێـك و بڵاوبکرێتـەوە. چونکـە ئەوکاتـەش دروشـمی شۆڕشـی کوردسـتان ئەوەبـوو (یـا کوردسـتان یـان نەمـان) منیـش ئـەوە کاری تێکردبـووم و هەسـتی کوردایەتیـم وایکـرد ئـەوە بخەمـە نـاو سروودێکـەوە و ئەگـەر ئـەو سرووده بڵاوبکرێتـەوە بـۆ ئـەوەی زیاتـر ئـەو دروشـمە جێـی خـۆی بگـرێ. ئیـتر ئـەوە بـوو ئـەو سروودەم دانـا بۆیـەش کاك فوئـاد ئەحمـەد یـادی بەخێربـێ، بـە دەنگـە بـە سـۆزەکەی کـردی بـە سروود، بـەوەش زانـدرا کـە ئـەو سرووده تۆزێـك بـە کەڵکـە و بـەردەوام دەبـێ چونکـە هەرلـەو ساتەوە کـە ئـەو سرووده دانـدرا و تۆمارکـرا لـە هەمـوو بۆنەکانـەوە لـە رادیۆکانـی کوردسـتان کـە لـە شـاخ بـوو، کاتـی شـۆڕش و دوای شـۆڕش و یـازدەی ئـازار و دواتـر و ئـەو دوایـەش لـە هەمـوو بەرنامـەکان ئـەو سرووده لێدەدرایـەوە. بـەوە مـن هەسـتم کـرد کـە ئـەو سرووده جێـگای خـۆی لـە رەوتـی گۆرانـی و هونـەر و لـە رەوتـی رۆشـنبیری گۆرانـی کوردیـدا و لـە رەوتـی شۆڕشـگێڕایەتی کوردیـدا بەشـداری کـردووە. چونکـە جێـگای شـانازییە کـە سروودێـك لـە سرووده‌کان بتوانـێ ماوەیەکـی دوورودرێـژ لەنـاو شۆڕشـێکی بـەردەوام و سـەرکەوتوو چ لەکاتـی شـۆڕش چ لەکاتـی ئاشـتی لەگـەڵ کاربەدەسـتانی بەغـدا ئـەو سرووده بـەردەوام دەبـوو و خەڵکـی پێیـان

خـۆش دەبـوو. دیـارە کاربەدەسـتانیش پێیانخۆشـبووە. بـۆ مێـژوو فوئـاد ئەحمـەد دەیگێڕایــەوە و گوتــی جارێکیـان نەمـر بارزانــی ڕەحمەتــی بانگــی کـردم و باســی ئـەو سروودەی کـرا و گوتبـووی توخـوا جـارێ ئـەو چوارپارچەیـەی تێمەخـە چونکـە لـە شـوێنێك دەڵــێ (ئـەو کوردسـانەی چواربەشـە) گوتـی جـارێ ئـەوە بەشـێکمان پــێ تــەواو ناکــرێ، ئێــوە دەتانــەوێ هــەر چواربەشـمان بــە مـل دابێنــن. جـا ئــەو سرووده دیــارە جێــگای خــۆی کردۆتــەوە، هەروەکــو جەنابــت فەرمــووت، منیــش کــە باســم کــرد گوتمــان هەڵبەســت و وشــەکان و دواتــر ئاوازەکــەی، ســێیەم ئــەدای گۆرانیبێژەکــە لەگــەڵ بارودۆخــی تۆمارکردنــی گۆرانییەکــە ئــەوە گۆرانــی بەســەردەخەن، بەهــۆی ئەوانــەوە ســەرکەوتوو دەبــێ. ڕەوشــی گۆرانــی ئێســتامان بەداخــەوە تــا ڕادەیــەك لــە ئاســت پێویســتدا نییــە، هەرچەنــد هەوڵــدان هەیــە، چەنــدان گۆرانیبێـــژ، دەنگخـــۆش، ئاوازدانـــەر، نووســـەری چـــاك، هەوڵـــدەدەن ئێســتاکە ئاســتی گۆرانییەکانمـان بــەرز بکەنــەوە، بــەڵام تـا ئێسـتا بەداخــەوە وەکـو گوتــم لــەو ئاســتەدانییە  و چێــژی گۆرانــی کوردیــمان لــە دابەزیــن دایــە، ئــەوە زیاتــر بەهــۆی ئــەو لاســاییکردنەوەی کــە پەیــڕەو دەکــرێ لــە لاســاییکردنەوەی گۆرانییەکانــی تورکــی و گۆرانییەکانــی فارســی و عەرەبــی، هەروەهــا ئــاوازەکان، ئــاوازی بێگانــە ئێسـتا زاڵــە، هەروەهــا ئــەو ئامرازانــەی کــە ئێسـتا بــە کار دەهێنــن لەبــۆ گۆرانــی کــوردی، ئامــرازی مۆسـیقی بێگانــە، مــن ناڵێــم ئامــرازی مۆسـیقی بێگانــە بــەکار نەهێنــن، بەڵــێ بــەکاری بهێنــن، بــەڵام بــە شــێوازێکی کوردانــە. هەرچەنــدە ئــەوە کاری مــن نییــە، مـن لـە هونـەری گۆرانـی تێناگـەم، لـە هونـەری مۆسـیقا تێناگـەم، بـەڵام وەکـو چێژوەرگرتنێـك هەسـت دەکـەم کـە ئەوانـەی گوێـم لێدەبــێ زیاتــر بیانییــە تاکــو هــی کــوردی بێــت. جـا ئومێـد دەکەیـن لەمـەودوا، بــرادەران، برایانــی دڵســۆزی هونــەری کــوردی زیاتــر بایــەخ بــەو لایەنانــە بــدەن، کـــەوا گۆرانـــی بگەڕێتـــەوە دۆخـــی جارانـــی و ئـــەو گۆرانیبـــژە ڕەســـەنانەی کـــە جــاران هەمانبــوو، ئــەو گۆرانییــە ڕەســەنانەی کــە تــا ئێسـتاش هــەر نەمــرن، ئــەو

سرووده نەمرانــەی وەکــو سرودی ئــەی رەقیــب، سرووودی (پێشــمەرگەین) کــە لــە هەڵبەســتی کاك مەدحــەت بێخــەوە، ئەویــش هــەرکاك فوئــاد ئەحمــەد وتوویەتــی. ئەوانــە شــوێنی خۆیــان گرتۆتــەوە و ئومێــد دەکەیــن لەمــەودواش گۆرانــی کــوردی و هونــەری گۆرانــی کــوردی بگاتــە لوتکــەو بــەرز بێتــەوەو لەتــەك جوڵانــەوەی کوردایەتیــدا بــەرەو پێــش بــڕوات.

**• بەڵـێ باسـی دوو مەسـەلەی گرنگـمان کـرد، ئەویـش یەك مەسـەلەی کوردایەتـی و ئـەو هەسـتە پیـرۆزە، دووەمیـش مەسـەلەی سروودی سیاسـی. مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر چـۆن بـوو بـە پێشـمەرگە و لـە ئەیلوولـی مەزنـدا وەك شـاعیرێك وەك خەباتگێڕێـك چ وانەیەکـی وەرگرتـووە؟ ئەیلـوول چـی فێـری مەجیـد ئاسـنگەری شـاعیر کـرد؟**

- ئــەوەی راســتی بێــت پێــش شۆڕشــی مەزنــی ئەیلــوول، وەکــو باســم کــرد هــەر لەســەرەتاوە خولیــای بیروبــاوەڕی بزاڤــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان بــووم، بەتایبەتــی لــە ژێرکاریگــەری کەســایەتی هــەرە کاریگــەری بزاڤــی کوردایەتــی و بەرخــۆدان و خۆنەویســتی لــە پێنــاو میللــەت ئەویــش کەســایەتی ســەرۆکی نەمــر مســتەفا بارزانــی بــوو.

کاریگــەری ئــەم زاتــە مەزنــە لەلایــەك لــە ڕووی بیــری کوردایەتــی و نەتەوایەتییــەوە و لەلایەکــی تــرەوە لــە رووی نووســین و شــیعر و سرووودەوە ئیلهامبەخــش بــوو. شــیعرێکم بــە نێــوی (مــژدە) بــە بۆنــەی گەڕانــەوەی ئــەم ســەرکردە مەزنــە لــە دوای شۆڕشــی ١٤ی تەممــووزی ١٩٥٨ بــۆ خاکــی کوردســتان نووســی، گەڕانــەوەی بارزانــی نەمــر بــوو بــە ئیلهــام بــۆ نوســینی ئــەم شــیعرە کــە دەڵێــت:

مزگێنــی بــێ لەخــاك و گــەل
وا رۆژی گــەش هەڵهــات لەکــەل
زەمیــن خــۆی وەك بــووك دەنوێنــێ

گــەردوون بــە خەنــدە ئەدوێنــێ
بــە ئــاوازی نــەرم و شــیرین
بانــگ ئەکاتــە تیشــکی زێڕیــن:
... تا کۆتایی قەسیدەکە (بنوارە بەرگی شیعرەکان لەم کۆبەرهەمە).

**• بەڵـێ مامۆسـتا ئـەو شـیعرە مەغزایەکـی جـوان و ئیسـتاتیکایەکی مەزنــی تێدایــە هــەم وەك باکگراوەنــدە تەکنیکیەکــە و هەمیــش وەك تەرحــە سیاسـیەکە، دەکـرێ بزانیـن ئـەم شـیعرە چ جارێکـی دیکــە چاپکــراوە؟**

- ئــەم هەڵبەســتە وەختــی خــۆی لــە رۆژنامــەی (پێشــکەوتن) لــە بەغــدا چاپکـرا، دواتـر لـە کۆڕێکـدا خوێندمـەوە، نازانـم لـە شـەقڵاوە بـوو یـان لـە هەولێـر وەبیــرم نەمــاوە. پێموابــێ لــەم دواییــەش لــە شــوێنێك بڵاویانکــردەوە، نایەتــەوە بیــرم کــوێ بــوو. بــەڵام گرنــگ ئەوەیــە ئــەو هەڵبەســتە وەختــی خــۆی چــوار کەســی گەشــتیاری چیکۆســلۆڤاکیا هاتنــە کوردســتان، میوانــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان بــوون. لــە ســاڵی ١٩٦٠ ئەوســا پارتــی منیــان بەگــەر خســتن وەکــو هــاوەڵ و زمانزانێــك لــە زمانــی ئینگلیــزی، چونکــە ئەوانــە ئینگلیزیــان دەزانــی. منیـش لەگەڵیـان چـووم بـۆ کەرکـووك و لـەوێ ئیسـتقباڵم کـردن و لەوێـش چوویـن بـۆ سـلێمانی و دوکان و بـۆ دەربەندیخـان و هاتینـە کۆیـە و لەکۆیـەوە هاتینـەوە هەولێـر و لەوێـش چوویـن بـۆ حاجـی ئۆمـەران و لەوێـش گەڕاینـەوە و چوویـن بـۆ موسـڵ، لەوێـش مـن بەڕێـم کـردن، ئیـتر ئـەوان ئـەو کوردسـتانەیان دیـت، ئەوســاڵیش بەهــار بــوو، بەهارێکــی جــوان، ئەوانیــش زانــا و رۆشــنبیر و نووســەر بــوون، چەنــد کتێبێکیــان دانابــوو، چەنــد فیلمیــان دروســتکردبوو لەســەر ئــەو وڵاتانــەی کــە ســەردانیان کردبــوو، چووبوونــە زۆربــەی وڵاتانــی دونیایــە، بەڵێنیشــان دا ئــەو گەشــتەیان لــە کوردســتان دەکــەن بــە کتێــب و لــە رۆژنامــە و لەگۆڤــارەکان

ڕۆژبـەڕۆژ بڵاویـان دەکـردەوە و لێـرە بـە جیهـاز لەگـەڵ چیکوسـلۆڤاکیا قسـەیان دەکـرد ڕۆژانـە و زانیاریـان دەدانـێ، تەنانـەت بـە منیشـیان دەگـوت کاك مەجیـد لەسـەرەتادا بەکـوردی قسـە بکـە و پاشـان بـە ئینگلیـزی قسـە بکـە. کوردییەکـەت لـەوێ تۆمـار دەکـرێ و ئینگلیزییەکـەش بـڵاو دەکەنـەوە. ئیـتر باسـی کوردسـتان و ئەوانەیـان دەکـرد، منیـش ئـەو شـیعرەی خۆمـم بـۆ خوێندنـەوە. زۆر لایـان جـوان بـوو، گوتیـان ئەمـە تامێکـی تایبەتـی هەیـە هـەم باسـی سروشـت و باسـی تەیـر و باسـی سـۆز دەکـەی و هەمیـش باسـی سیاسـەت و باسـی بارزانـی و گەڕانـەوەی پاڵەوانێکـی کـوردەواری دەکـەی. لـە راسـتیدا زۆریـان بـەدڵ بـوو. منیـش خـۆم زۆر دڵــم بــەو هەڵبەســتە خــۆش بــوو چونکــە لــە ســۆزێکی زۆر دڵســۆزانەی کوردانـە دەچـوو. ئـەوەی جەنابیشـت باسـت کـرد لەبـارەی شـۆڕشـی ئەیلـوول و لەبـارەی خەباتـی کوردایەتیـمان، ئێمـە هەروەکـو گوتـم چونکـە مـن ئەندامێکـی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان بــووم، ئیــتر ئەمــە ڕێبازمــان بــوو کــە دەبوایــە کوردایەتـی بکەیـن و دەبایـە لەگـەڵ شـۆڕشـی کـورد دابیـن. شـۆڕشـی کوردسـتان، شـۆڕشـی مـەزن کـە دەسـتی پێکـرد لەسـەرەتادا هـەروەك باسـم کـرد مـن گیـرام. دوورخرامــەوە بــۆ بــەسرا و دوایــە دوورخرامــەوە بــۆ (ســویرە). لــە شـۆڕشــی ئەیلوولیـش مـن تێدابـووم وەکـو شـاعیرێك وەکـو نووسـەرێك وەکـو هاندەرێـك، بـەڵام وەکـو پێشـمەرگە چەکـم هەڵنەگـرت، بـەڵام شـتم بـۆ دەنـاردن، ئـەوەی لـە توانـام دا هەبـوو، تـا لـە سـاڵی ١٩٧٤. لـەو سـاڵەوە هەرچەنـدە مـن پەیوەنـدی تەنزیمیـم بـە حیزبـەوە نەمابـوو، بـەڵام وەکـو کوردێـك و وەکـو ڕێبـازی بارزانـی نەمـر کـە مـن وەکـو دەروێشـێکی بـووم، لـە ١٩٧٤/٣/١١ەوە مـن ڕۆیشـتم، مـاڵ و منـداڵ و وەزیفـەم بەجێهێشـت، ئـەوکات بەڕێوەبـەری قوتابخانـەی ناوەنـدی کۆیـە بــووم، ڕۆیشــتم پەیوەندیــم بــە شـۆڕشــەوە کــرد و ئیــتر لــەوێ منیــان کــرد بــە سەرپەرشـتیاری مفتـش تایبەتـی زمانـی ئینگلیـزی، بارەگەمـان لـە حاجـی ئۆمـەران و دەربەنـدی رایـەت بـوو، ئیـتر دەوراتـی تەفتیشـم دەکـرد بـۆ ئـەو قوتابخانانـەی

كـه لـه كۆمەڵـگاكان دا هەبـوون تـا ئەهـواز رۆیشـتین و هاتینـەوە تەوێلـە و بیـارە و چووینــە .... زێــوە و لــە هەمــوو شــوێنێك قوتابخانەمــان هەبــوو. قوتابخانــەی دواناوەندیــمان هەبــوو، دەوام زۆر بەرێكوپێكــی دەڕۆیــی، ئیــتر لەوێــش مــن فێربــووم زیاتــر ئــەو رێگایــەی كــە ئێمــە گرتوومانــە ئــەو رێبــازی بارزانــی نەمــرە تاكـە رێگایەكـە میللەتـی كـورد رزگار بـكا و میللەتـی كـورد بـە ئـاوات و ئامانجـی خـۆی بگەیەنـێ، ئـەو رێبـازە زیاتـر ئێمـەی قـاڵ كـردەوە، لـەوێ مـن دیتـم ژن و منــداڵ و گەنــج و پیــر هەمــووی هاتــووە بەشــداری لــە شۆڕشــدا دەكا و مــاڵ و ســامان و وڵاتــی خــۆی بەجێهێشــتووە، ئــەوە هەنــدەی دیكــە گڕوتینــی زیاتــری بــە ئێمــە دا كــە زیاتــر لەســەر ئــەو رێبازەمــان ســوور بیــن و بــەردەوام بیــن.

**• مامۆســتا مەجیــد ئاســنگەر بەڕێزتــان لــە زمانــی ئینگلیزیــدا دەرچــووی ئــەو زمانــەن، زمانــی ئینگلیــزی چەنــد كاریگــەری هەبـووە لەسـەر بەڕێزتـان و ئێـوە لـە رێگـەی زمانـی ئینگلیزیـەوە لـە رێگـەی ئـەو پەنجەرەیـەوە چەنـد ئاشـنان بـە ئەدەبـی دونیـا و ئــەو ئاشــنایەتییەتان چەنــد كاریكردۆتــەوە بــە خزمەتكــردن لــە ئەدەبــی كــوردی؟**

- ئــەوەی راســتی بــێ مــن وەختــی خــۆی لــە قوتابخانــەی دواناوەنــدی كۆیــە گۆڤارێكــمان دەردەكــرد بەنــاوی پێموایــە (الامــل) بــوو، بــە زمانــی عەرەبــی دەردەچــوو، ئەوكاتــە مــن تــازە دامەزرابــووم وەكــو مامۆســتا لــە زمانــی ئینگلیــزی لــە ســانەوی، مــن ئەوكاتــە وتارێكــم نووســی لــەو گۆڤــارەدا رەنگــە ئێســتاكەش گۆڤارەكــە مابــێ. لــەوێ دەڵێــم فێربوونــی هــەر زمانێــك، ئینســانێك زیــاد دەكا، یانــی هــەر كەســێك كــە زمانێــك فێربــوو یانــی ئەوەیــە ئــەوە بــوو بــە دوو زمــان و دوو ئینســان. ئەگــەر زمانێكــی دیكــە لەگــەڵ زمانــی خــۆی ئــەوە دەكاتــە دوو كــەس، ئەگــەر ســێ زمــان فێربــوو ئــەوە دەكاتــە ســێ كــەس. یانــی هــەر زمانێــك فێربــووی ئینســانێك زیــاد دەكــەی. زمانــی ئینگلیزیــش وەكــو زمانێكــی جیهانــی

گرنگییەکـی تایبەتـی خـۆی هەیـە چونکـە لـە هەمـوو جیهـان ئـەو زمانـە بـاوە و دەستڕۆیشـتووە، فێربوونـی ئـەو زمانـە زۆر بەکەلکـە بـۆ ئـەوەی کـە بتوانـی و بزانـی لەنـاو میللەتانـی تـر گەیشـتوونەتە کـوێ و چیـان هەیـە ئەگـەر تـۆ بتوانـی ئـەو دەسـتکەوتانەی میللەتانـەی دیکـە بیهێنیـەوە بۆنـاو میللەتـی خـۆت. مـن لـە رێـگای ئـەو زمانـەوە توانیـم کـە زۆر شـت وەربگێڕمـە سـەر زمانـی کـوردی یاخـود سـەر زمانـی عەرەبـی. چەنـد چیـرۆك وەرگێـڕاوە و چەنـد شـانۆگەریم وەرگێـڕاوە، چەنـد مەقالـە و وتـارم وەرگێـڕاوە، کـە لـە گۆڤـار و رۆژنامەکانـی خۆمانـدا بـڵاوم کردوونەتـەوە. مـن لەوبارەیـەوە توانیومـە خزمەتێـك بـە زمـان و ئەدەبـی میللەتەکەمـان بکـەم.

• **مامۆسـتا بەڕێزتـان باسـی ئەوەتـان کـرد نووسـین و چیـرۆك، جگـە لـە شـیعر نووسـینتان هەیـە، چیرۆکتـان هەیـە و چەندیـن نووسـینتان لـە بوارەکانـی کۆمەڵایەتـی و مێـژوو و بوارەکانـی رەخنـەش هەیـە، دەکـرێ بزانیـن ئـەو پەرتییـە لـە نووسـین و چیـرۆك و مێـژوو و شـیعر، وای نەکـردووە نـاوی مەجیـد ئاسـنگەر بـە شـاعیر بـێ، بـەڵام شـاعیرێك کـە بەرهەمـی نییـە تاکـو ئێسـتا و دیوانـی نییـە تـا ئێسـتا، ئایـا زۆری و پـەرت و بـڵاوی لـە بەرهـەم بەگشـتی وای نەکـردووە غـەدر لەخـۆت بکـەی لـە مەجالـی شـیعر؟**

- بەڵـێ بێگومـان. چونکـە مـن رەنگـە زۆر کەسـان و بـرادەران ئـەو پرسـیارەیان لـە مـن کـردووە کـە بـۆ تـا ئێسـتا شـتێکت بـە چـاپ نەگەیانـدووە و بـۆ دیوانێکـت نییـە یـان هـۆی چییـە یـان بـۆ نایکـەی؟ لەگـەڵ پەسـەندی رایەکەیـان و لەگـەڵ رەوای رایەکەیـان، مـن خـۆم بەکەمتەرخـەم دەزانـم لـەو بوارەیـەوە. ئـەوەش هـۆی هەبـووە کـە نەمتوانیـوە بەرهەمەکانـم وەکـو دەڵێـن لـە دیوانێکـدا چـاپ بکـەم، یەکـەم لەبـەر بـاری ئابوورییەکـەی، بابڵێیـن چونکـە لـە پێشـوودا کتێـب چاپکـردن زۆری تێدەچـوو، ئـەوەش لـە دەسـەڵاتی مامۆسـتایەکی دا نەبـووە، چونکـە

مـن وەكـو مامۆسـتایەك مووچەكـەم هـەر بایـی ئەوەنـدەی كـردووە بۆخـۆم و خێزانـم پێـی بەخێـو بكـەم. نەمتوانیـوە دیوانێـك بۆخـۆم پـێ چـاپ بكـەم و دوایـە دیوانەكـە ئایـا دەفـرۆشرێ یـا نافـرۆشرێ، ئایـا پـارەی وەردەگرییـەوە یـان وەرناگرییـەوە، ئـەوەم نەكـردووە، دووەمیـن پـەرش و بـڵاوی مـن هەسـتم كـردووە وەكـو بابڵێیـن مـن وەكـو (خولیـا) نـەك وەكـو موحتەریفێـك خولیـای شـیعر و ئەدەبیـات بوومـە و نـەم كردۆتـە پیشـەی خـۆم، ئیـتر كاتێـك شـتێكم بۆهاتـووە، كاریگەرییـەك رووی تێكردوومـە، هەڵبەسـتێكم نووسـیوە یـا لـە دەرفەتێكـدا لـە رۆژنامەیـەك بڵاومكردۆتـەوە یـا هـەر لـە دووتوێـی دەفتـەرە شـڕەكەی خۆمـدا ماوەتـەوە یـان بەسـەرزارەكی بـرادەران وەریانگرتـووە یـان كراوەتـە گۆرانـی و دوای ئـەو مەسـەلەن چیرۆكـم نووسـیوە، ناردوومـە بـۆ رۆژنامەیـان بـۆ گۆڤارێكـی ئەدەبـی و رێـی پێدرابـێ بڵاوكراوەتـەوە، یـان رێـی پێنەدرابـێ و پشـتگوێ خـراوە، دوای ئـەو شـتێكم وەرگێڕاوەتـەوە سـەر زمانـی كـوردی و دوای ئـەوە كتێبكـم وەرگێـڕاوە......

**• جەنابـت قسـە دەكـەی یانـی مەبەسـتی مـن ئەوەیـە ئێسـتا دوای دروسـتبوونی ئـەو بـوار و رەوشـەی ئێسـتا لـە ژێـر كابینـەی سـێیەم بزاڤێكـی بـاش هەیـە لـە مەجالـی رۆشـنبیری و بڵاوكردنـەوە و چـاپ. بەڕێزتـان ئـەو هەمـوو نووسـینەتان هەیـە، بـۆ نموونـە مـن سـەیری ئـەو دەفتـەرەی بەردەسـتت دەكـەم كۆمەڵێـك شـیعری باشـی تێدایـە، شـیعرەكان زۆر كۆنـن هەمـوو شـیعرەكان مێژوویـەك لـە ئامێـز دەگـرن. بەسـەرهاتن، یـادەوەری تێـدان، نووسـینەكانت لـە هەمـوو بـوارەكان، ناكـرێ دوای ئـەو بـوارەی كـە ئێسـتا وەزارەتـی رۆشـنبیری هەیەتـی، هەمـوو نووسـینەكان، هەمـوو شـیعرەكان چـاپ بكـەن، لەكاتێكـدا ئێسـتا بـە گوڕوتینێكـی زۆرەوە كتێـب و بڵاوكـراوە دەكەوێتـە بەردەسـتی خوێنـەران؟**

- بەڵێی ئەوەی راستی بێ، لەو دواییە بیرێکم لێکردۆتەوە، لەگەڵ بەڕێز کاك فەلەکەدین کاکەیی وەزیری رۆشنبیری کە برادەرێکی خۆمانە باسم کردووە، ئەویش ئامادەیی پیشانداوە گوتی حەزدەکەین ئەگەر تۆ شتەکانت گەڵاڵە بکەی و ئێمەش چاپیان بکەین. ئومێد دەکەم ئینشاللا بتوانم رۆژێك لە رۆژان لەوبوارەوە ئەو کەشوهەوا رەخساوەی کە بۆ کورد رەخساوە بۆ ئێمەمانان رەخساوە، ئێمە هەموو ژیانمان لە پێناو رۆژێکی ئەوا تەرخانکردووە بۆ ئەوە تێدەکۆشاین کە ئێستاکە هاتۆتە دی. ئومێد دەکەم ئێمە شتێکمان بەربکەوێ، هەرچەندە حەز دەکەم شت زیاتر بەر خەڵکی دیکە بکەوێ، ئەوانەی لە من زیاتر شایستەتر بن، بەڵام ئێمەش ئومێد دەکەین بێبەش نەبین.

• **پشت بەخوا مامۆستا بەرهەمەکانت بە تێکڕایی لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە لە چاپ دەدرێن. مامۆستا ئێستای شیعری کوردی، ئێستا رەوت و بزاڤێکی باش هەیە لە شیعری نوێی کوردی، کۆمەڵێك گەنج هەن زۆر بە شێوەیەکی نوێ و هاوچەرخانە، شیعر دەنووسن، زمانی ئێستای شێعر زۆر جودایە لە زمانی سەردەمانێك بەر لە ئێستا، بەڕێزتان وەك شاعیرێك کە خاوەن تەمەنێکن لە شیعر نووسیندا، ئێستای شیعری کوردی، ئێستای بزووتنەوەی نوێی شیعری کوردی چۆن دەبینن؟**

- ئەوەی راستی بێ کاك سالار شیعری کوردی وەکو هەر رەگەزێکی تری ئەدەبی، وەکو هەر رۆشنبیری و ئەدەبیاتی تری هەر گەلێکی سەر ئەم زەمینە لە پەرەسەندندایە لە گۆڕاندایە، ئاڵوگۆڕی لە ژیان بێگومان ئاڵوگۆڕی لە ئەدەب و رۆشنبیریش دێنیتە کایەوە. شیعری کوردیش بمانەوێ و نەمانەوێ دەبێ ئەم رەوتە بەخۆیەوە ببینێ، جا بۆ ئەوەی کە هیچ لایەکیان مەغدور

نەکەیــن وەکــو دەڵێــن، ئێمــە جیلــی کۆنــتر بــا بڵێیــن کــە بەســاڵاچووەکانین، لــە شــیعری عەمودییــەوە پێداهاتیــن کــە ئەوســا ئــەوە باوبــوو، ئێســتا شــیعری تــازە کــە لــە گۆڕێدایــە دەبــێ ئێمــە پشــتگیری بکەیــن و بــە چــاوی رێــزەوە ســەیری بکەیــن و هانــی بدەیــن، ئێســتا لــە رەوتــی شــیعری تــازەی کــوردی جوڵانەوەیەکــی زۆر بــاش لــە گۆڕێدایــە و چەنــد شــاعیرێکی زۆر بەڕێــز و ســەرکەوتوو لــە شــیعری کوردیــدا نــاودارن و بەرهەمــی زۆر بــاش و بەپێزیــان هەیــە، بــەڵام زۆریــش هــەن بەگــەڵ کەوتــوون و لــەو ئاســتەدا نینــە و یاخــود وەکــو دەڵــێ لــە جوانــی بەرهەمەکانیــان کــەم دەکەنــەوە. شــیعری کــوردی تــازە، شــتێکی رەوایــە و شــتێکی دروســتە و شــتێکی زۆر جوانــە، بــە مەرجێــك بەنــاوی تازەگەرییــەوە شــتەکانی دیکــە لــە دەســت نــەدات. شــتەکانی دیکــە ســتاتیکای زمــان و ســتاتیکای شــیعر دانــان. یانــی کــە گوتــت شــیعر دەبــێ لــە وشــەی رووت ....... بێــت..... چیــە، وشــە هــەر وشــەیە بــەڵام جــۆری دارشــتنی، ئیقاعــی و مۆســیقاکەی و تەکنیکەکــەی دەبــێ وات لێبــکات کــە بزانــی ئەمــە شــیعرە. بــەڵام بێتــوو کابــرا بــەس شــت بنووســێ و بڵــێ ئــەوە شــیعرە بــەڵام تــۆ تێیناگــەی و خەڵــك تێینــاگا، ئــەوە نابێتــە شــیعر، بــەڕای مــن. خــۆی رەنگــە کابــرای شــاعیر بــە شــیعری تــازەی تێبــگا، بــەڵام شــیعری تــازەش مەرجــی هەیــە، خــۆ بــێ مــەرج نییــە، لەبــەر ئــەوە دەبــێ زیاتــر ئــەوان پەیوەســتی ئــەو ســتاتیکای شــیعری کــوردی بــن، چونکــە شــیعری کوردیــش وەك رەگەزکانــی دیکــە کــە بــەرەو پێــش دەڕوا مســتەوای دانەبــەزێ، ئاســتەکەی دانەبــەزێ. ئــەو جوانییەتــەی بمێنــێ و خــۆی بچەســپێنێ، چونکــە بمانــەوێ و نەمانــەوێ، ئەمــڕۆ یــا ســبەی هــەر ئــەوە دەمێنــێ لــە مەیدانەکــە، چونکــە ئــەوی کۆنەکــە وەك خــۆی دەمێنێتــەوە و چیدیکــە نایەتــە مەیــدان، چونکــە دایمــەن کــۆن جێــگا بــۆ تــازە چــۆل دەکات. لــە هەمــوو بوارێکــدا هەروایــە. لــە شیعریشــدا هەروایــە. ئومێــد دەکەیــن شــاعیرەکانمان زیاتــر بایــەخ بــەو لایەنــە بــدەن و شــاعیری زۆر چاکــمان هەیــە کــە بەرهەمــی جیایــان هەیــە. (بەرنامــەی میــوان گۆرانــی نامەکــەت گەیشــت بــە دەنگــی هونەرمەنــد

فوئـاد ئەحمـەد لێـدەدا کـە لـە شـیعری مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەرە).

• یادکردنـــەوەی ١٦ی ئـــاب رۆژی پیـــرۆزی دامەزراندنـــی پارتـــی دیموکراتـــی کوردســـتان، میهرەجانێکـی شـیعری لــە هۆڵـی رۆشـنبیری بــۆ کۆمەڵێــك شــاعیر ســازکرد، بەڕێــز مامۆســتا مەجیــد ئاســنگەر لــەو کــۆڕە شــیعرییەدا شــیعرێکی بەنــاوی (بــەری خەبــات) خوێنــدەوە. بفەرمــوون ئێــوەو چەنــد کۆپلەیــەك لــە شــیعری (بــەری خەبــات) لـــە ســاڵی ١٩٩٧ لەمانگــی ٨ لـــە یــادی ١٦ی ئابـــدا خوێندراوەتـــەوە.

بەری خەبات

خەباتم کرد.. خەباتم کرد
لە گوێرەی شوێن و کاتم کرد
بەدەست و بیر هۆشمەند و ژیر
خۆم قوربانی وڵاتم کرد
لە رۆژێکا شەوە زەنگ بوو
دوژمن تینووی خوێن و جەنگ بوو
ئەم پڕ چەك بوو
هار و بەتەر، لە دەشت و دەر
زرێی پۆڵایی لە چەك بوو
من دەربەدەر یا دەستبەسەر
کوتەکم هێزی مەچەك بوو
ئازا و دلێر، وەك نەڕە شێر
بە تیر و شیر خەباتم کرد
لە رێی هات و نەهاتم کرد!

***

رۆژگارێکی ناهەموار بوو

چەرمگ رەش و راستی خوار بوو
دوژمن بێ باك
بە ئارەزووی شەیتانی شەڕ
تێكڕا سووتاندی هیشكو تەڕ
بە "ناپاڵم" ناشتی لە خاك
"سەروماڵم"
دەوروپشتم دڕك و داڵ بوو
نەبوو بەردێ بێتە پەنام
نەبوو مەردێ بێتە هانام
لە ئاست مندا
"جیهان" هەمووی "كەڕ و لاڵ" بوو
"من" ژێر كەوتم، دوژمن زاڵ بوو!
لاشەم سەرتاپای برین بوو
بەشم رەشپۆشی و گرین بوو
"لانە"م هەژاو خانەم رووخاو
"بەرهەم" دزراو "خەرمان سووتاو
"رۆڵە"م "كوژراو" بست بە بستی خاكم
بە بۆمبا و تۆپ ئەنجن كراو
كەچی گەردوون، گەردوونێكی چەپگەردی دوون
تووشی هێنام بە دەردێكی ئێجگار بە سام
بیور لەخۆم پوواز و كلكی پێكهانی
ئەوسا توانی بە ئاسانی
ئەو كۆنجۆكەی بە فرمێسك و خوێنی جگەر
هەڵم نابوو

دەس درێژ کات.. بۆ تێکدانی!

** ***

سۆز و جۆشی کڵپەی دەروون
لە تەك نرکەی پێویستی بوون
هێندە بەتاو لەم گێژاوە تانووتی دام
شێرە پڵنگی مەکۆی بارزان
چریکاندی و گیانی پێدام
لەجیاتی چاوی کوێر بووما
هەموو جەستەی کردم بە چاو
لە بن هەوری تاریکی دا بینیم هەتاو
نەما ترس و شێوان لەلام
لە بری نەمان
ئاڵای بەرزی تێکۆشانی
"یا کوردستان، یا خود نەمان"
بوو بە سروودی نیشتمانی

*** **

**• مامۆستا هەر لەگەڵ ئەو شیعرەدا چەند پرسیارێکی خێرامان هەیە، کۆیە لای بەڕێزتان چی دەگەیەنێ؟**

- کۆیە لای من مەڵبەندی تێکۆشان و کوردایەتی راستەقینە دەگەیەنێ.

**• لە هەوڵێکی رەشی تیرۆریستانەدا لە ١٩٩٧/٧/٢٠ هەوڵدرا بەڕێزتان لەناو شاری هەولێردا تیرۆر بکرێیت، لە وەڵامی تیرۆریستان و بە ئازادانە لەبەرامبەر مایکرۆفۆنی رادیۆی دەنگی لقی ٢ چیت پێیە لەو بوارەدا بیڵێی؟**

- دەڵێم خەیاڵیان خاوە، تیرۆرکردن دڵسۆزانی کورد لە رەوتی تێکۆشان

ناوەستێنێ.

**• هەولێر لای مامۆستا مەجیدی ئاسنگەری شاعیر چ مانایەك دەبەخشێ؟**

- هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستان، لانکەی شارستانییەت و جێگای شانازی هەموو کوردێکی دڵسۆزە.

**• مامۆستا ئەگەر بەڕێزتان وەك پرسیارێکی کراوە، یاخود هەروەکو دەروازەیەك چیت هەیە لە کۆتایی و دوماهی ئەو بەرنامەیەدا، ئازادی لە شیعر خوێندنەوە لە راو پێشنیار، لە بۆچوونێك؟**

- زۆر سوپاستان دەکەم، هەروەکو بەشێك لە وەڵامی پرسیارێکی جەنابتان کە شۆڕشی ئەیلوول و کاریگەری لەسەر بەرهەمەکانی من دەمەوێت دوو کۆپلە لە دوو شیعران بخوێنمەوە، کە هەر بە بۆنەی شۆڕشی ئەیلوول وتراون، یەکەم لەسەر داستانی هەندرێن بوو کە هەندرێن تەواو بو بە سەرکەوتووانە ئەوەم بۆهات.

هەندرێن

هەندرێن بەرزی شیاوی نازی
گەلی کورد ئیمڕۆ بەتۆ دەنازی

***

هەر تیکە شاخ و هەر پەنا بەردێ
لانەی شێرێ بوو سەنگەری مەردێ
هەر بستێ خاك و هەر لق و پۆپە
هەنجراوی بۆمبا و پێکراوی تۆپە

ئەم هەڵبەستە بەناوی (کوردە ئەم هەلە) کە خوالێخۆشبوو تاهیر تۆفیق بە دەنگە زوڵاڵەکەی خۆی کردوویەتە بە سروود. ئەمەش هەر لە ساڵی

١٩٦٧ دوای ڕێکەوتنی کورد لەگەڵ کاربەدەستان کە کورد سەرکەوتوو بوو.

کوردە ئەم هەلەی مێژوو داویە پێت
لە دەستی نەدەیت، لانەدەی لە ڕێت
هەلێکە و ئەشێ روو نەداتەوە
مەردە ئەو گەلەی (گۆ) ئەباتەوە

**• سوپاس و ڕێز و وەفا و خۆشەویستی بۆ بەڕێزتان و هیچی دیکەمان نەماوە، هەرچەندە پرسیار گەلێك زۆرە، گەلێك شیعر ماوە بیخوێنینەوە و گەلێك شت ماوە گفتوگۆی لەسەر بکەین، بەڵام ماوەی بەرنامەکە هەر ئەوەندەیە و هەڵدەگرین بۆ دەرفەتێکی دیکە و لە یادێکی دیکەدا بە خزمەت بەڕێزتان دەگەینەوە ئەوکاتە زۆر بەتێر و تەسەلی لەمەڕ زۆر مەوزوعی گرنگ قسە دەکەین.**

- بە ئومێدی خوا، منیش زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەو دەرفەتەی کە بۆتان رەخساندم، ئێمە هەردەم لە خزمەتی کوردایەتی و خزمەتی پارتی دیموکراتی کوردستانین و لەم ڕێگایەشەوە خزمەتی رادیۆی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین و زۆر سوپاستان دەکەین.

• زۆر زۆر سوپاس مامۆستا. گوێگرانی هێژا جارێکی دیکە بەناوی ئێوە و بەناوی خۆمانەوە بەخێرهاتنێکی گەرمی مامۆستای بەڕێز، شاعیری ناسراو، رۆشنبیر و کوردپەروەرە و نیشتمانپەروەر مامۆستا مەجید ئاسنگەر دەکەین بۆ هاتنی بۆ ستۆدیۆی رادیۆی لقی دوو بەرنامەی (میوان). ئومێد دەکەین توانیبێتمان خزمەتێك پێشکەش بە ئێوەی بەڕێز بکەین، هەر شاد و سەرفراز و سەرکەتوو بن، خواتان لەگەڵ.

# مەجید ئاسنگەر
# لە دیدی نووسەر و
# کەسایەتییەکاندا

# مامۆستا مەجید حەداد

- **ئاسنگەرێکی کورەی کوردایەتی**
- **زمان زان و مامۆستای زمان**
- **شاعیرێکی هەست ناسك و نەتەوەیی**
- **قەڵەم گوڵە نێرگز**

**مومتاز حەیدەری**

- **کورتە پێناسەیەك:**

مامۆستا مەجید ئاسنگەر -حەداد- لەچوارچێوە گشتییەکەیدا، مرۆڤێکی رۆح پاك، سادە و ساکار، دەم بەپێکەنین و خۆش مەحشەر، هەست ناسك و زمان گوڵ، خاوەن هەڵوێستی جوامێرانەی کۆمەڵایەتی، خۆشەویستی خەڵك، لەگەڵ خوێندکارەکانی خۆی - قوتابیەکانی- برا و مامۆستایەکی خودان پەیام و ئامانج بۆ پەروەردە و فێرکردن، لەوەش رۆشنتر دروست کردنی مرۆڤی نوێی کورد، لەپێناو ویستێکی ئازاد، ئازادیی نیشتمان، سەربەستی هزر و فیکر، خۆشی و کامەرانی نەتەوە، کەسێکی خزمەت گوزار و تێکۆشەرێکی نەتەوە پەروەر، نووسەر و وەرگێڕێکی قەڵەم دار بەڕوو.. لەلایەکی دیکەوە لەرێگەی وانە و

قەڵـەم و شـیعرەکانییەوە، لەپێنـاو هۆشـیاری و جوانـی ژیـان، بگـرە لەپێنـاو جوانـی مرۆڤـی کـورد و کوردسـتان هەمیشـە لەجەنگـدا بـوو.. هتـد.

- **کەی مامۆستام ناسی...؟**

بـەر لەشۆڕشـی چـواردەی تەمـووزی ١٩٥٨، مـن و جەمشـیدی بـرام لـە پۆلـی شەشـی سـەرەتایی بوویـن، لـە ڕێگـەی ژمارەیـەك قوتابیـان و خوێندکارەکانـی دەرەوەی شـاری هەولێـر، واتـە گوندەکانـی سـەر بـە (لیـوای هەولێـر) لـە بەشـە ناوخۆییەکانـی بەڕێوەبەرایەتـی (لیـوای هەولێـر- پارێـزگا) دەژیـان، یەکـێ لـەو بەشـەناوخۆییانە، مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر بەرپـرس بـوو، بەشـەناوخۆیەکەش لەشـەقامی بـازاڕی سـیروان و نزیـك مەیدانـی مریشـکان بـوو.. ئێمـەش (مـن و جەمشـیدی بـرام) هەنـدێ جـار سـەردانی خوێندکارەکانمـان دەکـرد، لـەوێ مامۆسـتا مەجیدمـان ناسـی.. پـاش ١٤ی تەمووزیـش مامۆسـتا مەجیـد وەك کادرێکـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەسـت بـەکار بـوو، منیـش ئەندامێکـی ئاسـایی و چالاکـی پارتـی بـووم.. هـاوکات مامۆسـتا وەك خـاوەن قەڵـەم و شـاعیر دەوری خـۆی هەبـوو، بۆیـە زیاتـر لێـی نزیـك دەبوومـەوە، هەرچەنـد مـن بەوپـەڕی ڕێـزەوە سـەیری مامۆسـتام دەکـرد، هاوکاتیـش وەکـو تێکۆشـەرێکی کـورد، بـەڵام پەیوەنـدی نێوانمـان، هەسـت نەدەکـرا، پەیوەنـدی کلاسـیکی و کۆمەڵایەتـی نێـوان مامۆسـتا و قوتابیـەك بێـت، بەڵکـو وەکـو دوو بـرا، دوو نیشـتمانپەروەر لەیـەك ئاسـتدا بـوو.. ئـەوەی جێـی ئاماژەیـە مامۆسـتا مەجیـد سـەرەڕای ڕێزێکـی گـەورەی بـۆ بـرا گەورەکانـم (عاصـم، سـاڵح، جەمـال و موهیـب) هەبـوو، منیشـی زۆر خـۆش دەویسـت. تەنانـەت پـاش ئـەوەی مـن ڕیـزی پارتـی دیموکراتیشـم بەجـێ هێشـت، ئـەو پەیوەندییـە جـوان و برایانەیـە تـا کۆچـی دوایـی کـرد، هـەر بـەردەوام بـوو.. شـایانی باسـە، کـە بـۆ (مانگـی هەنگویـن) هاتبـووە بەغدایـێ لـە هوتێلێـك دابـەزی بـوو، مـن ئـەو سـەردەمە لەبەغـدا بـووم، بـۆ پیرۆزبایـی چوومـە لایـان، زیاتـر لەنیـو سـەعات لەخزمەتـی و بەڕێکـەوت تـازە

دیوانەکـەی گـەورە شـاعیری کـوردان مەولـەوی دەرچـوو بـوو، مامۆسـتا دانەیەکـی کـڕی بـوو، لـەوێ پێشکەشـی منـی کـرد، بەراسـتی زۆر زێـدە بـەو دیارییـە خۆشـحاڵ بـووم.

- **ئاسنگەرێکی کورەی کوردایەتی..!!**

دیـارە لەمـەڕ هەڵکەوتنـی مـرۆی بەتوانـا، مامۆسـتای دڵسـۆزی خـاوەن پەیـام، یـان نەتەوەپەروەرێکـی پێشـەنگ، نیشـتمانپەروەرێکی هۆشـیار، رووناکبیرێکـی تێکۆشـەر...هتد. لـە هەبوونـی ژمارەیـەك هـۆکاری ژینگـەی تایبەتـی و گشـتی و هەمەچەشـن دروسـت دەبـن. هەڵبـەت لێـرەدا، سـەبارەت بەمامۆسـتا مەجیـدەوە، ژینگـە گشـتیەکەی کۆیـە، کەشـارێکی زینـدووی کۆمەڵایەتـی، کلتـووری، سیاسـییە، لـەوەش زیاتـر قوتابخانـەی حاجـی قـادری کۆیـی و مـەلای گـەورە و بەدەیـان شـاعیری هەڵکەوتـوو و کەسـایەتی چاکەخـواز و نـاسراوی کوردسـتانە، هـاوکات وەکـو ژینگـەی تایبەتـی مامۆسـتا لەخانـەوادە و خێزانێکـی چاوکـراوەی کۆمەڵایەتـی و کوردپـەروەری زەحمەتکێشـی چینـی ناوەڕاسـتە (پیشـەی ئاسـنگەری)، و لـە هەمـان کاتـدا کـە رۆڵـەی نیشـتمانێکی داگیرکـراوی سەرتاسـەری لەمێژینەیـە.. هتـد، واتـە ئـەو هۆکارانـە هـەر هەموویـان بەسـەریەکەوە، لەچوارچێـوە گشـتییەکەیدا، مامۆسـتا مەجیـد حـەداد بـە ئەسـتێرەیەکی گەشـی ئاسـمانی کوردسـتان و کەسـایەتییەکی دیـاری کۆمەڵـی کـوردەواری بەگشـتی و شـاری کۆیـە و هەولێـر بـە تایبەتـی دەژمێـردرێ، هـاوکات وەکـو تێکۆشـەرێکی سەرسـەختی رێگـەی ئازادیـی ژیـان و هـزر، بگـرە ئـازادی نیشـتمانی نەتەوەیـی و مرۆڤایەتـی لەرەوتـی جووڵانـەوەی رزگاریخـوازی گەلـی کوردسـتان، راسـتگۆیانە، جوامێرانـە، وەك خـاوەن قەڵەمێکـی نـووك تیـژی خەنجـەری دەبـان و هەڵگـری نازنـاوی (حـەداد) بەپێچەوانـەی کەشـاعیرێکی نیشـتمانپەروەر و رۆمانسـی، بەشـانازییەوە خـۆی بەرۆڵەیێکـی زەحمەتکێـش دەزانـی و زیاتـر لەگـەڵ ئێـش و ئـازاری خەڵـك

دەژیـا، بۆیــە کەبەئاســنگەرێکی بەئەمەکــی کــورەی کوردایەتــی دەژمێــردرێ...!

- **زللەیەکی ئاشتیخوازانەی نەتەوەیی...!**

دوای شۆڕشـی چـواردەی تەمـووز، کـە دەرگایەکـی ئێجـگار گـەورەی لـە بـەردەم گەلانـی عێـراق- بەکـورد و عەرەبییـەوە- کرایـەوە، حزبـی شـیوعی عێـراق خـاوەن خەبـات و قوربانییێکـی گەلــەك زۆر بــووە، ســەرتاپای شــەقامی عێــراق، وەکــو دەگوتــرا: دەســتی بەســەردا گــرت بــوو، لــە کوردســتانیش- وەك حزبــی کــوردی- تەنیـا پارتـی دیموکراتـی بوونـی هەبـوو بـەڵام تـا رادەیـەك لاواز بـوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا پارتـی خـۆی بەحزبـی پێشـڕەو دەزانـی و دەبـا پارتـی لـە خۆپیشـاندان و چالاکییــەکان لەپێشــەوە بێ...هتــد، رێکەوتــی ١٩٥٩/٣/٢٤ کــە حکومەتــی عەبدولکەریـم قاسـم لـە پەیمانـی بەغـدا- سـەنتو- دەرچـوو، کەدەسـکەوتێکی زۆر گرنــگ بــوو، هــەردوو حزبــی (پارتــی و شــیوعی) بڕیاریانــدا رۆژی پاشــتر واتــە ١٩٥٩/٣/٢٥ خۆپیشـاندانێکی شایسـتە بەڕێـوە ببـەن، ئـەو رۆژی ناوبـراو هـەردوولا هاتنــە ســەر شــەقام (شــەقامی بــازاڕی ســیروان)، بــەرەو باڵەخانــەی کۆچکــردوو شــەریف جامبــاز رەوی کــرد، جــا لەرۆشــتنەکەدا (رێــڕەو)، ئێمــەی پارتــی گوتمــان دەبـێ لەپێشـەوە بیـن، ئەوانیـش بـەو پێیـەی گەلێـك لەئێمـە زۆرتـر بـوون خۆیـان بەپێشـڕەوی گەلـی عێـراق بەهـەردوو نەتەوەکەیـەوە دەزانـی، بۆیـە کەدەیانگـۆت: بەهیــچ جــۆرێ ئێــوە پێــشڕەو نیــن، هــاوکات ئەفســەری ئیســتیخباراتی عەســکەری هــادی الســوادی، لەســەر بالکۆنەکــەی شــەریف جامبــاز گوتــی (هــؤلاء بعســيين الاکـراد) ئیـتر ئێمـە ئێجـگار تـوڕە بوویـن لەبـەردەم باڵەخانەکـەدا، بـووە شـەڕە (هیتـاف) و جـۆرە توندوتیژیـەك دروسـت بـوو، مـن ئەوسـا لـەدژی سیاسـەتی تـاك رەوانــە و مەغرووریەتــی حزبــی شــیوعی زۆر تونــدڕەو بــووم، بــەڵام جێــی سرەنجــە لەهەمــان کاتــدا، بەهیــچ جــۆری دژی فیکــری مارکســی و شــیوعیەت نەبــووم و نابــم، جابــۆ ئــەوەی هەرایەکــە تەشــەنە نــەکات، مامۆســتا مەجیــد حــەداد کەکادرێکــی پارتــی بــوو لەتــەك مــن وەســتا بــوو، تــا دەســتی گــرت (زللەیەکــی

لەمـن دا) و دەسـتی گرتـم بـۆ بەشـەناوخۆییەکەی قوتابیـان بردمـی لـە ژوورەکـەی خـۆی دانیـام بـۆ ئـەوەی مەسـەلەکە هێـور ببێتـەوە.. لێـرەدا لەمـەڕ ئـەم زللەیـە نابـێ بـە کارێکـی ئاسـایی کۆمەڵایەتـی تەماشـا بکـرێ، دەبـێ لێکدانـەوەی بـۆ بکـرێ، هەڵبـەت مامۆسـتا بـەو کارە دەیسـەلمێنێ مرۆیەکـی ئاشـتیخواز و دژی دووبەرەکـی بـوو، هـاوکات لەلایەنـی سیاسـییەوە دووربیـن بـووە، بۆیـە کەئـەو (زللەیـەی) لەهەڤاڵەکـەی خـۆی داوە بـۆ ئـەوەی هەرایەکـە زیاتـر ئاڵـۆز نەبـێ، بەهەرحـاڵ بـۆ منیـش بەپێـی رۆژگاری خـۆی دەرسـێکی گـەورە بـوو، کـە لـە شـەڕی سیاسـیدا تونـدڕەو نەبـم.

لـە کۆتایـی ئـەم بڕگەیـەدا، مامۆسـتا مەجیـد بێدەنگیەکـەی منـی، بەرامبـەر (زللەکـە)، کـە بـە هیـچ جـۆرێ کاردانـەوەم نەبـوو، زۆر خۆشـحاڵ بـوو. بـڕوا بفەرمـوون تـا لەژیـان بـوو، هەمـوو جـارێ دەیفەرمـوو: (چونکـە مومتـاز لـە-زللـە لێدانەکـە- رێـزی لـێ گرتـم و بێدەنـگ بـوو، زیاتـر خۆشـم دەوێ لەبیـری ناکـەم)...!

- **زمان زان و مامۆستای زمان**

ئـەوەی راسـتی بـێ، بگـرە مایـەی شـانازیە، ژینگـەی کۆیـێ، بـە هەمـوو جەمسـەر و رەهەندەکانیـەوە، ژینگەیەکـی دروسـت و دەوڵەمەنـدی ئەدەبیـات لەهەمـوو ژانراوەکانیـەوە، بەتایبەتـی شـیعر بـووە، بەڵکـو خـۆی لەخۆیـدا قوتابخانەیەکـی کلتـووری هەمەچەشـنی ژیـان بـووە، ئەوەتـە ژمارەیـەك لەشـاعیرە گەورەکانـی کۆیـە، بـە مامۆسـتای زمـان دەژمێردرێـن، هەرچەنـد زۆربەیـان لەحەرەمـی مزگـەوت و لـە باوەشـی سـاکاری کۆمەڵایەتـی خەڵکـی کۆیـە هەڵکەوتـوون، نموونـەی کۆچکـردووی گـەورە مـەلای گـەورە، کـە لـە سـەرەتای سـییەکانەوە (١٩٣٣) دەسـتی داوەتـە تەفسـیری قورئـان و بـە کـوردی کـردووە، بـە پێـی سـەردەمی خـۆی و کاریگـەری زمانـی عەرەبـی و قورئـان و شـەریعەت، بـە

کوردیەکـی رەوان ئـەو کارە قـورس و گەورەیـەی جێبەجـێ کردووە...هتـد.

شایانی باسـە، شاری کۆیـە لـە مـەڕ بوونـی ژمارەیەکـی زۆری شـاعیر و نووسـەر، ئـەوە کۆچکـردووی گـەورە مامۆسـتا کەریـم شـارەزا لـە کتێبیکـی دوو بەرگـدا، تـەواوی شـاعیرانی کۆیـێ و دەوری کاریگەریـان لـە پەروەردەکردنـی ئەدەبیـات و زمانـدا نووسـیویەتی. جـا مامۆسـتا مەجیـد، بەهـەق میراتگـری پـەروەردەی ئـەو ژینگـە نەتەوەیـی و زمـان زانینـە، بۆیـە هـەر لەسـەرەتای لاوییـەوە، پێـش ئـەوەی خوێندنـی بـاڵا تـەواو بـکات بـە زمانێکـی پـاراو شـیعری نووسـیوە و وەك خـاوەن قەڵەمێکـی کـوردی زان هـاوکات عەرەبـی زان نـاسراوە، دیـارە زمانـی عەرەبیشـی لەرێگـەی خوێندنـی ئامادەیـی و کۆلێـژەوە (قسـەکردن و نووسـین) بـە باشـی زانیـوە، سـەرەڕای ئەمانـەش، خۆشـبەختانە لـە کۆلێـژ، لەبەشـی زمانـی ئینگلیـزی وەرگیـراوە و پـاش دەرچوونـی ماوەیـەك دەورەکـی تایبەتـی لـە بـارەی زمانـی ئینگلیزیـەوە لەوڵاتـی بەریتانیـا بینیـوە، بـە واتایەکـی ورد لـە هەرسـێ زمانەکـەدا گـرەوی زمـان زانینـی بردۆتـەوە، لـە ئەنجامەکەیـدا، وەکـو وەرگێڕێکـی بەتوانـای شـارەزا لـە حەرەمـی هەرسـێ زمانەکـەدا نـاسراو بـوو، کۆمەڵـە بەرهەمێکـی دانسـقەی هەیـە.. جێـی خۆیەتـی ئامـاژەی توانایـی زمـان زانینـی مامۆسـتا مەجیـد بکـەم، پـاش ١٤ی تەمـووز شـاندێکی گـەورەی سیاسـی و کلتـووری کۆمـاری چیکۆسـلۆڤاکیا سـەردانی هەولێریـان کـرد، لـە یانـەی نقابـەی مامۆسـتایان بـە گەرمـی پێشـوازیان لـێ کـرا، پێناسـی ئاهەنگەکـە- عریـف الحفـل- مامۆسـتا مەجیـد حـەداد بـوو، بڕگەکانـی ئاهەنگەکـە بـە هـەر سـێ زمـان: کـوردی، عەرەبـی، ئینگلیـزی، زۆر بەرەوانـی پێشـکەش دەکـرد، تەنانـەت گوتـاری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، خـۆی مامۆسـتا یەکسـەر بـە زمانـی ئینگلیـزی بەزارەکـی- شـفوی- پێشـکەش کـرد، هاوڕێـی کۆچکـردوو عـادل سـلیم بـە زمانـی کـوردی و مامۆسـتا سـت نیلوفـەر بەزمانـی عارەبـی پێشکەشـیان کـرد هـاوکات ماموسـتا مجیـد بـە زمانـی ئینگلیـزی پیشکەشـی دەکـرد بـەڵام هەمدیسـان ژینگـەی رۆمانسـیەتی کۆیـە ئاوێتـەی

شیعرەکانی بووە و گیانی جوانی ژیانی بە شیعرەکانی بەخشیوە...هتد. بەلای منەوە، بەهرە شیعرییەکەی لەگەڵ جوانی سروشتی کوردستان، تابلۆیەکی رەنگینی شیعری دروست بوو. ئەمەو مامۆستا وەکو نووسەرێکی زمان زانی (هەرسێ زمان)، قەڵەمەکەی، بەقەڵەمێکی ناوەرۆك دەوڵەمەندی زمان پاراو، راستگۆیی پەیام ناسراو بوو..

بە کورتی مامۆستا مەجید شاعیرێکی هەست و رۆح فریشتەیی و نووسەر و وەرگێڕێکی بەتوانای هەمەڕەنگ بوو.

- **کۆنگرەی نەوەت ساڵەی بارزانی نەمر**

کۆنگرەی نەوەت ساڵەی بارزانی نەمر لە سەرەتای مانگی سێی ١٩٩٣، جەنابی کاك مەسعود بارزانی لەبەر رۆشنایی پێشنیازێکی من لەبارەی یادی نەوەت ساڵەی لە دایك بوونی بارزانی نەمرەوە، داوام کرد کۆنگرەیەکی هەمەلایەنی لێکۆڵینەوە و دیکۆمێنتاری لەو ساڵەدا (١٩٩٣) ئەنجام بدرێ، ئەوەبوو لێژنەیەکی باڵای تایبەتی بۆ ئامادەکردنی کۆنگرەکە دەست نیشان کرا، کە پێکهاتبوو لە سەرۆکی لێژنە کۆچکردووی گەورە فەلەکەددین کاکەیی و سکرتێر مومتاز حەیدەری، دکتۆر شوکریە رەسوڵ، مامۆستا مەجید حەداد، دکتۆر خەلیل ئیسماعیل و مامۆستا حەسەن کە ئەندامانی لێژنەکە بوون..

لێژنەکەش زۆر بە کارامەیی کارەکانی خۆی بۆ سازدانی کۆنگرەکە جێ بەجێ کرد.. شایانی باسە، بۆ یەکەم جار لە مێژووی سیاسی و رزگاریخوازی گەلی کوردستان کۆنگرەیەکی (نەتەوەیی- زانستی- زۆر سەرکەوتووانە ئەنجامدرا، جێی ئاماژەیە، مامۆستا مەجید ئاسنگەر، وەك ئەندام هاوکات وەرگێڕ و نووسەر، هەروەها پێداچوونەوەی بابەتەکانی کۆنگرە دەورێکی بەرچاوی بینی.

لـە کۆتایـی دا، زۆر بەگەرمـی دەسـت خۆشـی لـە خانـەوادەی کۆچکـردووی نەمـر مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر دەکـەم کـە تێکـڕای بەرهەمەکانیـان کۆکردۆتـەوە و بەشـێوەیەکی شایسـتە چـاپ و بـڵاو دەکەنـەوە. هـاوکات سوپاسـیان دەکـەم، لەمـەڕ ئـەو شـەرەفەی پێیـان بەخشـیم، ئـەم چەنـد لاپەڕەیـە لـە بـارەی مامۆسـتا و بـرا و هەڤـاڵ مەجیـد ئاسـنگەرەوە بنووسـم.. دەسـتتان خـۆش.

سوپاس

٢٠٢٠/١١/١١

هەولێر- کوردستان

# تێکۆشەری نەتەوەپەروەری کورد
# مامۆستا مەجید ئاسنگەر

گۆڤاری K21 ژمارەی ناوەڕاستی ساڵ- خولی دووەم (١٥) ٢٠١٢

کەریم شارەزا

**• بوون و خوێندن و بڕوانامەی**

تێکۆشەری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری کورد مەجید ئەحمەدئەمین و ناسراو بە (مەجید ئاسنگەر) لە ساڵی ١٩٣٢ دا لەگەڕەکی بەفریقەندی لە شاری کۆیە، شاری ئەدەب و هونەر و خەباتی کوردایەتی لەدایک بووە و چاوی بە دیمەنە جوانەکانی چیاکانی باواجی و هەیبەت سوڵتان کراوەتەوە و گوێچکەی بە ئاوازی کۆتر و بولبولانی باخ و سەیرانگاکانی ئەو شارە گۆشبووە.

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە ساڵی ١٩٤٨ دا تەواو کردووە و قۆناغی ئامادەیشی لە ساڵی ١٩٥٠ دا لە شاری هەولێری دێرین تەواو کردووە و ساڵێک لەبەر کاری حزبی لەپارتی دیموکراتی کوردستاندا نەیخوێندووە تاکو

لـە پایـزی ١٩٥١ دا چووەتـە بەغـدا لـە کۆلیجـی (خانـەی بـاڵای مامۆسـتایان) دا کـە ئێسـتا پێـی دەڵێـن (کۆلیجـی پـەروەردە) وەرگیـراوە و لـە بەشـی زمانـی ئینگلیـزی خوێندوویەتـی و هەمـوو سـاڵێک بـە زیرەکـی دەرچـووە، تاکـو لـە هاوینـی ١٩٥٥دا خوێندنـی تـەواو کـردووە و بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـی وەرگرتـووە و بـۆ پایـزی ئـەو سـاڵەی (١٩٥٥) بـە مامۆسـتای زمانـی ئینگلیـزی لـە دواناوەنـدی هەولێـر دامـەزراوە و نموونـەی مامۆسـتای پـەروەردەکار و زانـا بـووە.

**• ژیانی حزبایەتی مەجید ئاسنگەر:**

ئـەم زاتـە لـە سـاڵی ١٩٤٨ ەوە چووەتـە نێـو ڕیزەکانـی پارتـی دیموکراتـی کـورد کـە لـە دواییـدا لـە کۆنگـرەی سـێیەمی حـزب لـە شـاری کەرکـوک لـە (١٩٥٣/١/٢٦) دا ناوەکـەی بـووە (پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان) و لـە پەنجـاکان و شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوودا دەورێکـی دیـاری بـووە لـە چالاکـی نوانـدن لـە ڕیزەکانـی پارتـی و لـە دوای شـۆڕشـی ١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨یشـدا بووەتـە بەرپرسـی ڕێکخسـتنی شـاری هەولێـر لـەو حزبـەدا و بـۆ ڕۆژی ٩ی شـوباتی ١٩٦٠ پارتـی مۆڵەتـی فەرمـی کارکردنـی ئاشـکرای لـە حکومەتـی عەبدولکەریـم قاسـم وەرگـرت و لقەکانـی پـتر کەوتنـە چالاکـی نوانـدن و مامۆسـتا مەجیـد وەک کارگێـڕی لـق و بەرپرسـی ناوچـە لـە چالاکـی نوانـدن بەباشـی نـاسرا، تاکـو لـە پاییـزی ١٩٦٠ دا عەبدولکەریـم قاسـم لـە بەڵێنەکانـی بـۆ میللەتـی کـورد و کێشـە ڕەواکـەی وردە وردە پاشـگەز بـووەوە و تـا وای لێهـات دەسـتی بەگرتنـی ئەندامـە چالاکەکانـی پارتـی کـرد و مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەریش بـە فەرمانـی حاکمـی گشـتی عەسـکەری گیـرا و ڕەوانـەی گرتوخانـەی بـەسرا کـرا و ماوەیـەک گیـرا، تاکـو لـە دەرفەتێکـدا خوالێخۆشـبوو مەسـعود محەمـەد جەلیـزادە لـە دیدەنێکـی لەگـەڵ (زەعیـم عەبدولکەریـم قاسـم) دا تـکای ئازادکردنـی مامۆسـتا مەجیـدی کـرد و ئەویـش فەرمانـی ڕەهاکردنیـدا و گەڕایـەوە هەولێـر و زۆری پـێ نەچـوو دوورخرایـەوە بـۆ خوێندنـگای دواناوەنـدی

قـەزای (سـوێره)ی سـەر بـە پارێـزگای کـووت (واسـیت) و وانـەی ئینگلیـزی گوتـەوە. تاکـو لـە سـاڵی ١٩٤٦دا ڕێـی پێـدرا بگەڕێتـەوە پارێـزگاری هەولێـر و لەوێـش کـرا بـە بەڕێوەبـەری خانـەی مامۆسـتایانی سـەرەتایی و سـەردەمێکیش کـرا بـە بەڕێوەبـەری پەیمانـگای مامۆسـتایان هـەر لـە شـاری هەولێـردا. ئـەو زاتـە لـە هەمـوو هەڵسـوکەوتێکی ڕێبـازی کوردایەتـی بەرنـەداوە و وەک تێکۆشـەرێکی کـورد نـاسراوە.

**• چالاکی لەسەندیکای مامۆستایاندا:**

لـە دوای هەڵگیرسـانی شۆڕشـی ١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨ دا سـەندیکای مامۆسـتایانی کۆمـاری عێـراق مۆڵەتـی دامەزراندنـی پێـدرا. لەهەولێـر دەسـتەیەک لەمامۆسـتایان پێکهـات بـۆ خۆئامدەکـردن بـۆ هەڵبژاردنـی ئەندامانـی کۆنگـرەی دامەزرێنـەری مامۆسـتایانی کۆمـاری عێـراق لـە پارێـزگای هەولێـر. مامۆسـتا مەجیـد وەک نوێنـەری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان یەکێـک بـوو لـە دەسـتەی ئامـادەکار.

لەمانگـی کانوونـی دووەمـی ١٩٥٩دا هەڵبژاردنـی نوێنەرانـی هەولێـر بـۆ کۆنگـرەی یەکەمـی مامۆسـتایان ئەنجامـدرا و ئـەم زاتانـەی خـوارەوە بـە زۆرینـەی دەنـگ هەڵبژێـردران.

١- مامۆستا جەلال شەریف

٢- مەجید ئاسنگەر

٣- کەریم شارەزا

٤- ئەنوەر تاهیر

٥- حەیدەر عوسمان

٦- مووسا خەلیل

٧- پەترۆس گورگیس

٨- خالص جەواد

٩- عەبدوللا زێباری

١٠- خەلیل حەمەد خۆشناو

١١- خاتوو نەیلوفەر وەجدی

١٢- بورهان نەجمەدین

١٣- محەمەمەد عەبدوللا ڕۆستەم

١٤- محەمەد عەلی دزەیی

بەو حسابەی هەر نوێنەرێك تەمسیلی ٥٠ مامۆستای دەکرد، واتە پارێزگای هەولێر لە سەرەتای ١٩٥٩ دا ٧٠٠ مامۆستای هەبوو.

کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کۆماری عێراق لە ڕۆژی ١٩٥٩/٢/٢ دا لە هۆڵی گەل لە بەغدا بە چاودێری زەعیم عەبدولکەریم قاسم کرایەوە و چەند لێژنەیەکی دامەزراند یەکێک لەوانە (لیژنەی نەتەوەکان) بوو، لە مامۆستایانی کورد مەجید ئاسنگەر و حوسێن حەسەن عەقراوی و کەریم شارەزا و محەمەد ساڵح سەعید و چەند مامۆستایەکی تورکمانی کەرکوک و یەک دوو مامۆستای عەرەب بەشدارییان تێدا کرد. سەرۆکی لێژنەکەش مامۆستایەکی شیوعی بوو بەناوی (عەلی شوک) نوێنەرەکانی کورد توانیان دوو دەستکەوت بەدەست بێنن.

یەکەم: دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی لە وەزارەتی پەروەردەی کۆماری عێراق بەناوی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی) و دووەم: بەستنی کۆنگرەیەکی ناوخۆی ساڵانە بۆ مامۆستایانی کورد، تاکو بەرنامەی خوێندنی کوردی لە کوردستان پێشبخات لەگەڵ خوێندنی زمان و مێژووی کورد لە ئامادەییەکانی هەموو کۆماری عێراقدا و کۆنگرەش لە دانیشتنی کۆتاییدا هەردوو ڕاسپاردەکەی پەسەند کردن.

بەپێی ئەم دوو بڕیارە وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی دامەزراند و لە ئەیلوولی ١٩٥٩ شدا کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی

کـورد لـە شـەقڵاوە بەسـترا، بڕیاربـوو لـە ١٠ی ئەیلـوول دەسـت بەکارەکانـی بـکات، بـەڵام لەبـەر ناکۆکـی نێـوان لایەنگرانـی حزبـی شـیوعی و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان ڕۆژێـک کردنـەوەی کۆنگرەکـە دواکـەوت، لایەنـی پارتـی دەیانگـوت: دەبـێ نـاوی بەڕێوەبەرایەتییـە گشـتییەکەی خوێندنـی کـوردی (بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی زانیـاری کوردسـتان) بـێ و شـیوعییەکانیش دەیانگـوت: جـارێ بـا نـاوی (بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی خوێندنـی کـوردی) بـێ وەک لـە کۆنگـرەی یەکەمـی مامۆسـتایانی کۆمـاری عێـراق بڕیـاری لەسـەر دراوە. لـە ئەنجامـدا هـەردوولا ڕێککەوتـن لەسـەر ئـەوەی ئێسـتا بـا ناوەکـەی وەک خـۆی بێـت و لـە دواڕۆژدا هەوڵـی بـۆ بدرێـت بکرێـت بـە (زانیـاری کوردسـتان) و بەیاننامەیەکـی هاوبـەش دەرچـوو، لەلایەنـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر واژۆی کـرد و لەلایەنـی حزبـی شـیوعییەوەش مامۆسـتا حاجـی حەیـدەر عوسـمان واژۆی کـرد و لەبەیانـی ڕۆژی ١١ی ئەیلـوول کۆنگرەکـە کرایـەوە و مامۆسـتا مەجیـد چالاکییەکـی زۆری تێـدا نوانـد و ٣ ڕۆژی خایانـد و گەلێـک بڕیـار و ڕاسـپاردەی سـووبەخش لـە بـارەی پێشخسـتنی خوێندنـی کـوردی و زمـان و مێـژووی کـوردەوە پەسـەند کـران و بەرزکرانـەوە بـۆ وەزارەتـی پـەروەردە بـۆ جێبەجێکردنـی وابـوو لـە ئەنجامـدا زۆر لـەو بڕیارانـە پەسـند کـران.

کۆنگـرەی دووەمـی مامۆسـتایانی کـورد لـە ڕۆژانـی ١٥-١٧ی ئابـی ١٩٦٠ هـەر لـە شـەقڵاوە و قوتابخانـەی کاوێـس بەسـترا و مامۆسـتا مەجیـد دەورێکـی دیـاری بینـی لـە پێشکەشـکردنی بەرنامەکانـی کۆنگرەکـەو خوێندنـەوەی بڕیارەکانـی.

کاتێکیـش کـە یەکێتـی مامۆسـتایانی کوردسـتان لـە ١٩٦٢/٥/١٥دا دامـەزرا مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر بـووە ئەندامێکـی چالاکـی ئـەو ڕێکخـراوە کوردسـتانییە و لـە کۆنگـرەی سـێیەمدا لـە دوای ڕێککەوتننامـە مێژووییەکـەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ی نێوانـی سـەرکردایەتی شۆڕشـی ئەیلـوول و حکومەتـی بەغـدا لـە ناوپـردان لـە ١٩٧٠/٨/٥ بەسـترا، مامۆسـتا مەجیـد دەورێکـی دیـاری گێـڕا لـە بەڕێوەبردنـی

کۆنگرەکــە و پێشکەشــکردنی بەرنامەکانــی.

**• مەجید ئاسنگەر شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ**

مامۆســتا مەجیــد ئاســنگەر شــاعیرێکی هەســت ناســکی ئەندێشــە قــووڵ بــوو، کۆمەڵێــک شــیعری پــڕ ســۆزی دڵــداری و نیشــتمانی دانــا، هەندێکیــان لەلایــەن گۆرانیبێژەکانــی کــوردی وەک تایــەر تۆفیــق و فوئــاد ئەحمــەد و محەمــەد دانــش هــی تــر گوتــراون و لــە ئێســتگەی ڕادیــۆی کــوردی بەغــدا و کەناڵــی تەلەڤزیــۆن تۆمــار کــراون.

لــە شــیعری نیشــتمانی و کوردایەتیشــدا دەســتێکی بــاڵای بــووە و خــۆ هۆنــراوە ناودارەکــەی (کــوردە ئــەم هەلــە) بــوو بــە دروشــمی خەباتــی نەتــەوەی کــورد و لــەدوای ڕاپەڕینــە مەزنەکــەی ســاڵی ١٩٩١دا تەنانــەت لــە ئەنجومەنــی وەزیرانیشــدا لــە ١٩٩٢دا هەڵــواسرا.

مامۆســتا مەجیــد دیوانێکــی خنجیلانــەی دەستنووســی لــە پــاش بەجێــماوە چاوەڕوانــی هیممەتــی ڕۆڵەکانــی و وەزارەتــی ڕۆشــنبیری کوردســتانین بــە چاپــی بگەیەنــن. جگــە لــەو دیوانــە شیعرەیەشــی زنجیرەیــەک چیرۆکــی پتــەوی نووســیوە و بــڵاوی کردوونەتــەوە. لــە وەرگێڕانیــش لــە زمانانــی عەرەبــی و ئینگلیــزی گەلێــک دەســت ڕۆیشــتوو بــوو.

مامۆســتا ئاســنگەر لەســەرەتادا بەرهەمەکانــی بەنــاوی (مەجیــد حــەداد) بــڵاو دەکــردەوە، بــەڵام کاتێــک ویســتی بابەتــی ئەدەبــی لەگۆڤــاری (هەتــاو) کــە لــە ١٩٥٤/٥/١٥ دا لەلایــەن مامۆســتای نەمــر گیــوی موکریانییــەوە دەرچــوو، بڵاوبکاتــەوە مامۆســتا گیــو گوتبــوی تــا نازناوەکــەت نەکەیتــە کــوردی بــۆت بڵاوناکەمــەوە و واباشــە نازنــاوی (حــەداد) بکەیــت بــە (ئاســنگەر) و ئەویــش بــە گوێــی دەکات بەنــاوی (مەجیــد ئاســنگەر) بابەتــە ئەدەبییەکانــی بڵاودەکاتــەوە و تاکــو کۆچــی دوایــی کــرد هــەر بــە مەجیــد ئاســنگەر نــاسرا.

مامۆســتا مەجیــد بابەتەکانــی لەگۆڤارەکانــی (هەتــاو) (هیــوا) (بەیــان) (کاروان)

و (ڕامـان) و (K21)دا بڵاودەکـردەوە و سـەرنجی خوێنەرانـی ڕادەکێشـا.

• **بەرهەمە چاپکراوەکانی:**

مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر لەمـاوەی ژیانـی هەشـتا سـاڵیدا شـەش کتێبـی بـە نرخـی بڵاوکردۆتـەوە کـە ئەمانـەی خـوارەوەن:

١- سیســتەمی فیدراڵــی لــە چەنــد وڵاتێکــی فــرە زمانــدا- وەرگێڕانــی لەئینگلیزیـەوە مامۆسـتا تاریـق جامبـاز بـە چاپـی گەیانـدووە و لەسـاڵی ٢٠٠٥ لەهەولێــر دەرچــووە.

٢- خودموختـاری هەرێمایەتـی بـۆ کەمینـە نەتەوەییـەکان لـە چیـن- وەرگێـڕان لـە ئینگلیزییـەوە، مامۆسـتا تاریـق جامبـاز ئامـادەی کـردووە بـۆ چـاپ و لەسـاڵی ٢٠٠٦ لـە هەولێـر دەرچـووە.

٣- سیســتەمی فیدڕاڵــی لــە چەنــد وڵاتێکــی جیهانــدا- وەرگێــڕان لــە ئینگلیزییــەوە. لــە ســاڵی ٢٠٠٨ دا لــە هەولێــر چاپکــراوە.

٤- چیرۆکـی (جوانـە و جانـەوەر) یـان (نـازدار و نافرەجـا) نووسـینی جینـی دووڵـی- وەرگێڕانـی لـە ئینگلیزییـەوە، لـە سـاڵی ٢٠١٠ دا لـە هەولێـر چاپکـراوە.

٥- بۆنـد سرات- ئەنجوومەنـی فیدراڵـی کۆمـاری ئەڵمانیـای فیـدراڵ- نووسـینی د.کۆنـراد ڕۆیتـەر- بەڕێوەبـەری بۆنـد سرات- وەرگێـڕان لـە ئینگلیزییـەوە.

٦- کۆیــە لــە ڕەوتــی شارســتانییەتدا- نووســینی کەریــم شــارەزا، مەجیــد ئاسـنگەر، نـازم حەوێـزی، عوسـمان مسـتەفا خۆشـناو لەسـاڵی ٢٠٠٩ دا لەلایـەن وەزارەتـی ڕۆشـنبیری حکومەتـی کوردسـتانەوە چاپکـراوە.

• **بەرهەمە دەستنووسەکانی:**

١- دیوانێکی دەستنووسی شیعری سیاسی و دڵداری.

٢- لـە ئەدەبیاتـی ڕۆژئـاواوە- تێکۆشـان بـۆ سـەرکەوتن. نووسـینی ئۆلیڤـەر گولدســمس (وەرگێــڕان) لــە ئینگلیزییــەوە.

٣- چیرۆکی مەمۆ- لە ساڵی ١٩٧٠ دا نووسیویەتی.

٤- چیرۆکی زارا- لە ساڵی ١٩٦٤دا نووسیویەتی.

٥- جوانمەردی- لەساڵی ١٩٧٠دا نووسیویەتی.

٦- کچی ماچە- نووسینی پۆشکین- وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە- شاری سوێرە ١٩٦٢.

٧- دڵداری لە لادێدا- چیرۆک.

٨- شێت- شانۆنامە، ساڵی ١٩٥٨.

٩- رزگاری – شانۆنامە.

١٠- شەوی چەقۆ درێژەکان- شانۆنامەیە و لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوە.

١١- لە شانۆی ئەفریقییەوە- گەڕانەوەی ناکاوەکان- نوسینی گانی مارتن ئۆیۆسیۆ- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە.

١٢- کلکە سەگ- نووسینی عەزیز نەسین، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە.

**• مامۆستا مەجید ئاسنگەر پێشمەرگە:**

مامۆستا مەجید کەسایەتییەکی نەتەوەپەروەری کورد بوو، هەر لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی ڕزگاری خوازی کورد لە ١٩٦١/٩/١١دا دڵی لەگەڵ شۆڕشگێرانی ئەو شۆڕشە مەزنەی کورد بووە، بەڵام بۆی نەڵواوە لە سەرەتاوە بچێتە پاڵ شۆڕشگێرانەوە، تاکو لە ساڵی ١٩٧٤دا لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوانی سوپای عێراقی بەعسی فاشی و شۆڕشگێرانی کورد چووە پاڵ شۆڕش و دەستی لە مامۆستایی ناو حکومەت هەڵگرت و لە ناو شۆڕشدا دەورێکی فیداکاری و پەروەردەیی نواند و کرا بەسەرپەرشتیاری پەروەردەیی بۆ سەر قوتابخانەکانی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان، تاکو نسکۆی ئەو شۆڕشە مەزنە بە کاریگەری پەیمانە شوومەکەی جەزایری ١٩٧٥/٣/٦ی نێوان سەدام حوسێن و محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی شاهەنشای

ئێـران، ئینجـا گەڕایـەوە کوردسـتان و لەشـاری کۆیـە دانیشـت و دوای کەمێـک خـۆی خانەنشـین کـرد.

**• مامۆستا مەجید و ژیانی خێزانی:**

مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر لـە سـاڵی ١٩٦٤دا هاوسـەرگیری کـرد لەگـەڵ خاتـوو پەرژیـن خانـی کچـە گـەورەی شـاعیری نیشـتمانپەروەری کـورد عوسـمان عەونـی و کچێـک و دوو کـوڕی لـێ بـوو، خاتـوو (ڕۆژان)ی کچـی لـە سـاڵی ١٩٦٥دا لـە دایکبـووە و ئێسـتا لـە سـوێدە و شـووی کـردووە و بڕوانامـەی ماجسـتێری لـە پزیشـکی بەیتـەری هەیـە و (جۆشـان)ی کـوڕە گـەورەی لەدایکبـوو (١٩٦٧)ە و بڕوانامـەی ماجسـتێری هەیـە لـە کشـتوکاڵ و (بۆتـان)ی کـوڕە گچکـەی لەدایکبـووی (سـاڵی ١٩٧١)ە و دوکتـورای لـە ئەندازیـاری شارسـتانی لـە بەریتانیـا تـەواو کـردووە و ئێسـتا گەڕاوەتـەوە کوردسـتان و مامۆسـتای زانکۆیـە لـە هەولێـر.

**• مامۆستا مەجید و پەرلەمانی کوردستان:**

مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر لـە پایـزی ١٩٩٢ دا لەگـەڵ هاوڕێیانـی کەریـم شـارەزا و کەمـال عەبدولقـادر نەشـئەتدا بەگرێبەسـت لـە بەشـی کاروبـاری پەرلەمـان دامـەزرا بـۆ ڕێکخسـتنی پرۆتۆکۆلەکانـی دانیشـتنەکانی پەرلەمـان. لـە دواییـدا کاک مەجیـد لەلایـەن (دکتـۆر ڕۆژ نـوری شـاوەیس)ی سـەرۆکی ئەوسـای پەرلەمـان بەراوێـژکاری ڕاگەیانـدن لـە سـاڵی ٢٠٠٢دا دامـەزرا تاکـو ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١ ئینجـا بـەو پلەیـە خانەنشـین کـرا و ئـەو ماوەیـەی خانەنشـینی بـە نەسـاغی بەسـەر بـرد و لـە ڕۆژی ٢٠١٢/٤/٩ لەشـاری هەولێـر بـە نەخۆشـی کۆچـی دوایـی کـرد و تەرمەکـەی بەڕێورەسـمێکی شایسـتە لـە گۆڕسـتانی (کەسـنەزان)ی سـەر بـە هەولێـر بەخـاک سـپێردرا و پرسـەیەکی گەرمـی بـۆ سـازدرا.

هــەزاران سـڵاو لـە گیانـی پاکـی ئـەم تێکۆشـەرە نیشـتمانپەروەرەی کـورد و ئـەم نووسـەر و شـاعیرە شـیعر ناسـکە هەڵکەوتـووەی کوردسـتان.

# لە یادی مامۆستا مەجید ئاسنگەردا

پۆلا نانەوازادە

ئـەورۆ ۹ی ئاپریلـی ۲۰۱۳ سـاڵێک لـە کۆچـی دوایـی کەسـایەتی نـاسراو و خۆشەویسـتی گەلەکەمـان، مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەری نەمـر تێدەپـەڕێ. پارەکـە بەداخـەوە لێـرە نەبـووم کـە لـە بـە خـاک ئەسـپاردنەکەی دا بەشـداربم، بـەڵام ئەوسـاڵ لـە سـاڵوەگەڕی کۆچـی دوایـی ئـەم کەسـایەتییە خۆشەویسـت و گەورەمـدا پێـم خۆشـە هێندێـک بیـرەوەری خۆمتـان بـۆ بگێڕمـەوە و تیشـک بخەمـە سـەر هێندێـک خاڵـی تایبەتـی ئـەم نەمـرە بـۆ زیاتـر ناسـین و ڕێزگرتنـی زیاتـر و دەربڕینـی ئەمەکناسـی پـتر بەرامبـەر بـە ئـەم زاتـە گـەورەی کـە ئێسـتا بـە جەسـتە لـە نێوانـدا نییـە، بـەڵام لـە دڵـی هەمووومـان دایـە و بـۆ هەتـا هەتایـەش لەدڵـمان دا دەمێنێتـەوە.

ئەمیرەکەم دڵگیرەم
بەهــارت لــێ شــەرمەزارە
گوڵــی گیانــە یەخســیرەکەم
تیــرت لــەدڵ ســەد هــەزارە
***
مــن کــە ڕۆڵــەی کوردســتانم
پــەروەردەی بەفــری زســتانم
رۆڵــەی شــاخ و دارســتانم
***
بــۆ گەلــی کــوردی قارەمــان
ســوێندم بــە خاکــی نیشــتمان
بەســەر لوتکــەی کێــوی بــارزان
بــە ئەشــکەوت و جێــی نەبــەزان
یــا کوردســتان یاخــود نەمــان

ئــەم سرووده نیشــتمانی و گۆرانییــە خۆشــانە بــە دەنگــی فوئــاد ئەحمــەد و تاهیــر تۆفیــق و باکــووری و شــیعری زۆر گۆرانــی و سروودی دیکــەش هــی شــاعیرێکی نیشــتمانپەروەری خەڵکــی کۆیــەن، بەنــاوی مەجیــد ئاســنگەر کــە مــن بــۆ یەکەمجــار لــە مەهابــاد، لــە گەڕەکــی خــڕێ، لەماڵــە پــوورم، شــانازی ناســینی ئــەم پیــاوە گــەورەی کــوردم پــێ بــڕا. کاک مەجیــد ڕۆژی ٩ی ئاپریلــی ســاڵی ٢٠١٢ لــە تەمەنــی ٨٠ ســاڵیدا بەجێــی هێشــتین و کۆچــی دوایــی کــرد. کاک مەجیــد هاوتەمــەن، هاوشــاریی، هاوپــۆل، هاوخەبــات و هاوڕێــی بەڕێــز جــەلال تاڵەبانــی، ســەرۆک کۆمــاری عێــراق بــوو، مــام جــەلال لــە بەشــێک لــە پرســەنامەکەی دا بــۆ بنەماڵــە و کەســوکاری کاک مەجیــد ئــاوای نووســیوە:

(مامۆستا مەجیدی ئاسنگەری نەمر هەر لەسەرەتای لاوێتییەوە وەک تێکۆشەرێکی خەمخۆری گەلەکەی و کوردستانەکەی هاتووەتە کۆڕی تێکۆشانەوە و بەردەوام لە سەنگەری پڕ سەروەری کوردایەتیدا بە سەخاوەتەوە خەباتی کردووە و هەموو هەست و نەستی بۆ خزمەتکردنی میللەتەکەی و کێشە ڕەواکەی خستووەتە گەڕ.. نووسەر و ئەدیب و وەرگێڕ و شاعیرێکی هەست ناسک و کوردپەروەری ئەوتۆش بوو کە هەموو خولیا و خەونێکی بۆ ئەوە بوو تێکۆشان و کۆستی گەلەکەمان بگاتە ئامانج و کوردیش وەک میللەتانی دونیا بە مافەکانی خۆی شاد بێت.. تێکۆشەرێکی ماندوو نەناس و پشوودرێژی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستانیش بوو.. کۆچکردنەکەی خەسارەتێکی گەورە بوو بۆ کاروانی تێکۆشانی گەلەکەمان و دونیای پەروەردە و نووسین و شیعر و داهێنان).

کاک مەجید ساڵی ٧٤ لەگەڵ شۆڕشی ئەیلوول پەرەوازەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببوو، کاک هوشیاری پوورزام ژوورێکی لە ماڵی خۆیان هەروا پێدابوو. دەیزانی کە ئینسانی ئاوا ئەدیب، شارەزا و سیاسی بەدەگمەن وەگیر دەکەوێ کە دەریایەک بێ لە زانست و ئەدەب و هونەر. خوێندەوار، شاعیر، پێشمەرگە، ڕووناکبیر، کوردیزان، زمانەوان و لەبەردڵان و ئەوەندەش بە ڕووحسووکیی مەودات بدا شتی لێ فێر بی. لەو سەردەمەدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەراشکاوی دەتوانم بڵێم، هاندەری سەرەکی هەستی کوردایەتی لاوەکانی هاوتەمەنی من مامۆستا تاهیر تۆفیق بوو کە بە دەنگە خۆش و بەسۆزەکەی شیعری نیشتمانی و نەتەوایەتی دەچڕی و بیری کوردایەتی دە دڵ و دەروونی ئێمەدا دەهەژاند. کەس نەبوو لە ئێمە چەند گۆرانی ئەم دەنگبێژە هونەرمەندەی لەبەر نەبێ. یەکێک لە مەقامە خۆشەکانی مامۆستا تایەر تۆفیق کە شیعرەکەی ئی کاک مەجید بوو ئەمە بوو:

کوردە ئەم هەلەی مێژوو داویە پێت
لەدەستی نەدەی لانەدەی لە ڕێت

کاک مەجید جگە لە ئەوانەی باسم کرد، زاوای مامۆستا عوسمان عەونیش بوو، کەیەکێک لە شاعیرە گەورەکانی کوردە و شیعرەکانی خۆ لە قەرەی شێعری شاعیرە هەرە ناودارەکانی کورد دەدا. ئەوانەی دیوانەکەیان نەدیوە حەتمەن شیعرەکانی مامۆستا عەونیان بە دەنگە بەسۆزەکەی مامۆستای مەقامات، تاهیر تۆفیق بیستووە:

جیهانم پشکنیوە
نازداری جوانم زۆر دیوە
بەڵام وەک تۆ نازەنین
نەمدی لەسەر ڕووی زەمین
نە گوڵی نە هوزاری
جوان و شیرین ڕەفتاری

***

لەم کولبەیی ئەحزانە
عەشقی سەنەمێکم بوو
لەم چۆل و بیابانە
باخی ئیرەمێکم بوو

***

وتم ئەی کچ لەگەشتی
شارستانی یا دەشتی
وا جوان و پاک ڕەوشتی
مەسیحی یا زەردەشتی

***

نەسرین ئیمڕۆ نەورۆزە
لێت بێ جەژنە پیرۆزە
لە کوردستانی گەورە
جەژنی گشت تیرە و هۆزە

***

ئەی گوڵ لەسەر چڵانت
بووین بە باسەوانت
لەترسی بولبولانت

***

تابەکەی ئەم تاڵییە ئەی دولبەری شیرین کەلام
بێتو گەر جارێ کەرەم کەی تۆ بەخەندە بێیە لام
نامەوێ من نەهری کەوسەر یا نەخۆ دارولسەلام
جەننەت و دۆزەخ چ فەرقێکی نییە قوربان لەلام
من هەتا ماوم ئەگەر شاد بم لەم فیردوسەدا

***

ئەوانە و زۆر گۆرانی تریش کە دەنگخۆشە کۆنەکانی کورد وەک دەروێش عەبدوللای گۆران و مەلا ئەحمەدی کۆرە لە شیعرەکانی مامۆستا عەونی هەڵیانبژاردووە و گوتوویانە.

ڕۆژێک کاک مەجید لە مەهاباد دە نێوان قسەکانیدا گوتی: حەزم لێیە تاران ببینم، من هەلەکەم قۆستەوە و گوتم: کاک مەجید گیان ئێمە لە تاران ماڵمان هەیە و بە شانازییەوە دەتوانین لە خزمەتدا بین، ئەوکات من و شەهید سولەیمانی بلوری لەتاران خوێندکار بووین و دەرسمان دەخوێند و دوو وەتاغی گەورەمان هەبوو، کە یەکیان هی من و سولەیمان بوو ئەوی تریان هی کاک جەعفەری نەوزاد بوو. هەرسێکیشمان یەک ماڵ و هاوخەرج

بووین. کاک مەجید لەگەڵ کاک نەژادی کوڕی مامۆستا عەونی ساز بوون و چووین بۆ تاران و لەوێ ماوەیەك میوانمان بوون و نەمانهێشت بگەڕێنەوە مەهاباد. کاک مەجید چاوی بەزۆربەی کوردەکانی دانیشتووی تاران کەوت و لەگەڵ زۆر کەسان لەتاران دۆستایەتی نزیکی پێکهێنا. کاک مەجید شۆڕشی دیبوو، زیندان و دوورخستنەوە و دەربەدەری و ئاوارەیی چێشتبوو و دەریایەک بوو لە ئەزموون هەر بۆیە لە دانیشتن لەگەڵی تێر نەدەبووین. کاک مەجید ئەهلی قەڵەم بوو وخۆی لە سەرکەوتنی کۆنگرەکانی مامۆستایانی کۆماری عێراقدا، لەدەورەی عەبدولکەریم قاسم کەلەسەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی گیرابوون، دەستی باڵای هەبوو وەک نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان ژێر ڕێککەوتنەکانی واژۆ (ئیمزا) کردبوو، ڕۆژ هەتا ئێواری دەماندواند و شتمان لێ دەپرسی و ئەویش بەدڵفراوانی وەڵامی دەداینەوە. چونکە وەک پیشە مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو زۆر لاوی کوردی پێگەیاندبوو و ئێمە تەنیا کاتی خەوتن دەستمان لە ئێخەی دەکردەوە و ماوەمان دەدا دەفتەر و قەڵەمەکەی هەڵگرێ و خەریکی نووسینەکانی خۆی بێ. کاک مەجید مامۆستا و ئەدیبێکی گەورە بوو دەریایەک بوو لەهەست و خۆشەویستی و زانست و کوردایەتی. سولەیمانی دۆستم یادی بەخێر، ڕۆژێ پێم وابێ دووسەد جار ئەو کاک نەژادە فەقیرەی بانگ دەکرد و لەپڕ دەیگوت: کاک نەژاد، ئەویش دەیگوت: بەرێ، دەستمان دەکرد بە پێکەنین و قاقا لێدان. دیسانیش دەیگوتەوە کاک نەژاد، سەرلەنوێ دەیگوتەوە بەرێ، ئەو ماوەی لە مەهاباد وتاران لەخزمەت کاک مەجیددا بۆ ئێمە وەک قوتابخانەیەک وابوو، مامۆستایەکی بە ئەزموونمان وەگیر کەوتبوو دەرسی ژیان و خەبات و کوردایەتی لێ فێر دەبووین. بەڵام خەیانەتی شای ئێران بە بارزانی و شۆڕشی ئەیلوول، هەلەکەی لێ تێکداین. بەداخەوە شۆڕشێکی مەزنی لێ تێک شکاندین کە هەموو کورد بە هومێدەوە چاوی تێبڕیبوو، پتر لە سەد

هەزار پێشمەرگەی تێدا بەشداربوو. خەڵکێکی زۆر ئاوارەی شارەکانی ئێران بوون و لەوپەڕی ناخۆشی و بێ ئیمکانیی وبێدەرەتانیدا دەژیان. هەندێک کەس لە تاوان خۆیان کوشت. کاک مەجید و کاک نەژاد چوونەوە بەرەو باشووری کوردستان و ئیتر نەمزانی چییان لێ بەسەرهات و خەبەرم لێیان نەما. مامۆستا عەونی لەسەر ئەم خەیانەتەی شای ئێران هۆنراوەیەکی هەیە و لە بەشێکی دا دەڵێ:

گەر نەمردم بەم برینە
ئەمجار ئاکارم ببینە
بەکار دێنم بیرو هەستم
سرودێک وا هەڵدەبەستم
قارەمانی ناو سەنگەر بێ
پێشمەرگەی دەست بەخەنجەر بێ
سووردێک ناوی تۆڵە بێ
دژی ئەم شایە زۆڵە بێ

وەرەق وەرگەڕا و ئەوجار ئێمە ئاوارە بووین ساڵی ١٩٧٥ شا و سەدام لە گرێبەست و پەیمانی شوومی جەزایردا لەسە ئەوە پێکهاتن کە کوردستان بە درێژایی سنووری نێوان ئێران وعێراق و بە قوڵایی ٢٠ کیلۆمەتر لە ژینەوەر چۆل بکەن. سەددام ئەم پڕۆژەی دەست پێکرد و خەریکی وێرانکردنی شار و دێهاتەکانی کوردستان بوو. شای ئێران پێڕانەگەیشت ئەم پڕۆژەیە بەڕێوەبەرێ و شۆڕشی ئێران دەستی پێکرد و لە نزیک قەزوێن و کرماشانەوە هەتا سەر سنووورە دەستکردەکانی عێراق و تورکیا وەدەست ئێمەی کورد کەوت، هەست و هێزێکی لە بن نەهاتووی کوردایەتیی لە کوردی ڕۆژهەڵاتدا هەبوو و ئامادەبوون بۆ هەر چەشنە فیداکاری و قوربانیی دانێک، بەداخەوە ئێمەش بەجێگەی کەڵک وەرگرتن لەم هەست و هێزە

پاکە کوردانەیە کە خەڵک هەیبوو بۆ ئازادی وسەربەخۆی و دەیهاتنی ئاواتە لەمێژینەکانی میللەتەکەمان، بە جێگەی یەکێتی و تەبایی لەگەڵ یەکتر، دەستمان کرد بەشەڕ و کێشەو دووبەرەکی و ئیش لە دژی یەکتر و پشت بەغەیری کورد بەستن و ئێرانچێتی کردن و بەداخەوە ئێستاش حزبە سەرەکییە سیاسییەکانمان بەناوی کوردایەتی هەر خەریکی ئێرانچییەتین. ئەوەبوو کە ئێمەش تێکشکاین و هەرەسمان هێنا و سەرەڕای ئەوەی کە پتر لە سەد هەزار پێشمەرگە و هێزی بەرگریمان هەبوو، پاش چوار پێنج ساڵ خەباتی چەکداری بۆ وەدەستهێنانی خودموختاری، وەک لەشکری شکاو لەم ناوچەیە کراین کە سەددام شوێنەواری ژینی لێ بڕیبوو و دێهاتەکانی هەموو وێران کردبوو، کانیاوەکانی هەموو تەقاندبۆوە، دارو جەنگەڵ و لێڕەوارەکانی هەموو سووتاندبوو و ملیۆنەها مینی لە زەوی و مەزراکاندا چاندبوو، حیزب و کۆمەڵە کە ئەوکات من لەگەڵ حیزب بووم لە گوندێکی وێرانکراوی ئەم ناوچەیەدا بەناوی گەلاڵە، لە پەنا یەکتر گیرساینەوە و لەسەرچاوەیەک ئاومان دەخواردەوە کە سەدام کانی و ئاودەستی مزگەوتەکەی وێکڕا تەقاندبۆوە و پێمانوابوو کانیاوە. بەڵام وانەبوو هەموومان تووشی زگچوون بووین و بەسەر و بە خواردا خوێن دەڕشاینەوە، کۆنگرەی ٦ی حیزبەکەمان لەم گوندە وێرانکراوەدا گێڕا و دەو هەلومەرجە ناخۆشەدا بە جێگای یەکێتی و تەبایی زیاتر، لەسەر هێندێک تیئۆری ئیدئۆلۆژیکی ناروونی ناوەختی نابەجێ، تۆوی دووبەرەکی و لێکهەڵپچڕان و لەتبوونەکانی نێو حیزب ڕژا و چەند کەسێک کرانە یەکەم قوربانییەکانی ئەم کێشانە کە منیش یەکێک لە ئەوان بووم، باسی وردی ئەم بابەتە با بمێنێتەوە بۆ بیرەوەرییەکانی ژیانی خۆم، بەڵام ئەوەی گرنگە و پێوەندیی بەم یادەوە هەیە، مامۆستا مەجید ئاسنگەرە کە چۆن و کەی و لە کوێ دە فریام هات و سەلماندی کە جگە لە شاعیر و ئەدیب و کرد و مامۆستا، پیاوێکی ئەمەگ ناس و مرۆڤێکی بەوەفاش بوو،

ئێمە دە نێو زاری هەژدیهادا بەرڵلا کرابووین، لە هەلومەرجێک دابووین کە نە ڕێگای پاشمان هەبوو نە ڕێگای پێش، هەموومان بۆ ئێران ناسراوبووین وئەگەر وەگیر حکومەت کەوتباین ئەنجن ئەنجن دەکراین. عەسکەری عێراقی وڵاتی تەنیبوو ئەگەر سەر بەیەکێک لە حیزبە سیاسیەکانی ئێرانی نەباین مەودای هاتووچۆ و جووڵەیان نەدەداین. دوکانی بابم تازە لە مەهاباد وەبەر بۆمبارانی فڕۆکەکەکانی عێراق کەوتبوو. من و خێزانم پاش بەدبەختی و چەرمەسەرییەکی زۆری بەسەریان هێنابووین، لە گوندی کاریزەی باشووری کوردستان گیرساینەوە و چاوەڕێی چارەنووسێکی نادیار، بێ دەرەتان و بێ پارە و بێ چەک و هەناسەسارد مابووینەوە. لەوکاتەدا، کاک مەجید وەک فریشتەی نەجات، گەیشتە سەرمان. ڕۆژێک سەعیدی سەرهەنگی، یەکێک لە پێشمەرگە دانیشتووەکانی کۆمەڵە بەپەلە هات و گوتی: ژن و پیاوێکی کورد بەسەیارەیەکی سەواری و جلوبەرگی ئەفەندییەوە لە تۆ دەگەڕێن، هەستە هەڵێ بزانە کێن. شکم بۆ کەس نەدەچوو چونکە پێنج شەش ساڵ بوو جگە لە جلی کوردیی و سەیارەی لەندوێر و چەک و پێشمەرگە، مرۆڤی ئاساییم نەدیبوو. بەهەڵاتن چوومەوە ماڵ، تەماشام کرد کاک مەجید و پەرژین خانی خێزانی، کچی مامۆستا عەونی بوون. لەوێ دانیشتوون. کاک مەجید کۆت و شاڵوار و کراوات و پەرژین خانیش بلووز و دامەنێکی خانمانەی جوانی دەبەردا بوو، لە شکستەکەی (١٩٧٥)ەوە ماوەی دە ساڵ بوو ئاگام لە کاک مەجید نەمابوو و نەمدەزانی ماوە یا کوژراوە. لە ڕۆژێکی وەها و هەلومەرجێکی ئاوا ناخۆش و نالەباردا، کە هیوامان بە ژیان نەمابوو، کاک مەجید لێمان بوو بەخدری زیندە. بۆم ساخ نەدەبۆوە کە لە کوێرا هاتبوو و چۆنی من دیتبۆوە، باسی کوڕەکانی سابڵاغیی لێ پرسیم، کە بۆم گێڕاوە هەر ئاخی هەڵدەکێشا بۆ شەهید بوونی سولەیمان، جەماڵ، تەها، مەمان، ڕەحیم و ئەو کوڕە باشانەی کە دەیناسین و بیرەوەریی لێیان

هەبوو، هەزاران پرسیارمان هەبوو لە یەکتر و گوتی: کاکە ئاوا نابێ، دەبێ هەستن لەگەڵ مریم خانمی خێزانت بچینە کۆیە بۆ لای ئێمە. قسەمان زۆرن لەوێ دەیانکەین. گوتم کاک مەجید گیان خۆ ئێمە بەبێ وەرەقەی عەسکەری عێراقی ناتوانین جووڵە بکەین، گوتی: ئەگەر وایە ئێمە دەڕۆین، ئەتۆ وەرەقەی جێبەجێ بکە و حەوتووی داهاتوو کاک نەژادی دەنێرم بە شوێنتاندا. پێش ئەوەی هەستن بڕۆن. کاک مەجید پاکەتێکی لە ژێر ئەم پەتوویە نا کە لەسەری دانیشتبوو و کوتی ئەم زەرفە ئی ئێوەیە. پاشان کە ئێمە ڕۆیشتین چاوی لێ بکەن! پارە بوو بۆیان بەجێ هێشتبووین. لەبیرم نەماوە چەند دینار بوو بەڵام هەرچەندێک بووبێ دەو هەلومەرجەدا کە ئێمەی تێدا بووین. کە لە حەوت ئاسمانان ئەستێرێکمان شک نەدەبرد، ئەم پارەیە بۆ ئێمە بەقەرا دونیایەک کە بایەخی هەبوو و ئێستاکە خەریکم ئەم بیرەوەرییە دەنووسمەوە چاوم پڕ بووە لە فرمێسک بۆ حاڵی ئەودەمی خۆم و ئەو خەڵک و پێشمەرگانە کە بەشێکی زۆریان لە زاری هەژدیها ڕزگاریان نەبوو و تێدا چوون. پاش ئێمە ئێران تیرۆریست و سیخوڕەکانی لە گیانی ئەو خەڵکە بەردا و دەوری ٤٠٠ کەس کوردی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان تیرۆر کران کەناوی ٢٢٣ کەسیان ئێتسا ئاشکرابووە و بەدەستەوەیە. حەوتووی دوایە کاک نەژاد و خێزانی بە قابڵەمەی یاپراغ و کوببە و بەند و بیساتەوە هاتن بە دوامانددا. بەرپرسی پێوەندییەکانی کۆمەڵە لەگەڵ عێراق ئەودەم کاک حەمەی نەبەوی بوو، وەرەقەی هاتووچۆ زۆر بە زەحمەت تەنیا بۆ یەک دوو کاتژمێر، ئەویش بۆ ئیشی زۆر پێویست وەردەگیرا. کاک نەژاد بەزمی بەکاکە حەمە گرتبوو و داوای وەرەقەی شەش مانگەی لێدەکرد. دەیگوت: پۆلای دەبەین و هەر ناهێڵین بێتەوە، ئاخری بە زۆری و بە چەنە لێدان مانگێکی پێ وەرگرت. لەگەڵ کاک نەژاد، چووینە کۆیە، ئەو چەند ڕۆژەی کۆیە کە میوانی ماڵە کاک مەجید و کاک نەژاد و مامۆستا عوسمان

عەونـی بوویــن لەخۆشــترین ڕۆژەکانــی ژیانــی منــن. هومێــدی ژینــمان هاتــەوە بــەر. بنەماڵەیەکـی بەڕێــز و بــە قــەدر و ئیحــترام و خوێنــدەوار و ئینســانی بــاش و زانـا و تێگەیشـتوو بـوون. مامۆسـتا عەونـی دەیزانـی ئەمـن زۆرم حـەز لـە شـیعری کوردییـە بۆیـە بەسـەعات دادەنیشـت و شـیعرەکانی خـۆی بـۆ دەخوێندمـەوە. ئـەو دەم خەریکــی وەرگێڕانــی چوارینەکانــی خەییــام بــوو کــە ئەمــن لــە زۆر شــوێن پێــم وابــوو لــە خەییامەکــەی مامۆســتا هــەژار ناســکتر و بەهێزتــر بــوون و ئــەو قــەدەرەی چــاوم لــە دیوانەکــەی مامۆســتا عەونــی کــرد و دیتــم ١٣١ چوارینــەی وەرگێڕاوەتــە ســەر کــوردی بــۆ نموونــە کــە دەفەرمــوێ:

کـــە مـــردم بمشـــۆن بەئـــاوی تـــرێ
چـوار مەسـت و سـەرخۆش تەرمـم هەڵگرێ
بەهەشـــت و هیـــوای غیلـــمان و حـــۆری
دڵنیـــام هەرگیـــز بەکـــەس نـــادرێ

مامۆستا عەونی جگە لە چوارینەی خەیام چوارینەی خۆشی هەیە وەک:

گوتـــی: زولفـــم؟ گوتـــم: داوی بەڵایـــە
گوتـــی: ئەبـــرۆم؟ گوتـــم: تیغـــی فەنایـــە
گوتـــی: کوڵمـــم؟ گوتـــم: بـــۆ شـــەو چرایـــە
گوتـــی: لێـــوم؟ گوتـــم: کانـــی بەقایـــە

یا ئەوەیان:

گوتـی: عـوود و کەمانـت بـێ گوتـم: نـەی
گوتـی: جامـی شـەڕابت بـێ گوتـم: مـەی
گوتـی: کوشـتن سـەوابت بـێ گوتـم: دەی
گوتـی: ماچـێ خەڵاتـت بـێ گوتـم: کـەی؟

پێنج خشتەکی هەیە کە دەفەرمووێ:

بەخەنـــدە و پێکەنیـــن وچـــاوی مەخمـــووری دڵـــی بـــردم
بـــە غەمـــزە و نـــاز و عیشـــوە و نازکـــی عەقڵـــی لەســـەر بـــردم
لـــە بابـــل دەرســـی ســـیحری خوێنـــدووە وا فێڵـــی لێکـــردم
ڕەفیقـــان ســـا مەکـــەن لۆمـــەم ئەگـــەر بـــەم دەردە مـــن مـــردم
تەماشـــای دولبـــەری مـــن کـــەن سوپاســـالاری خوبانـــە

مامۆســـتا عەونـــی لـــە شـــیعرەکانی ڕا جـــوان دەردەکـــەوێ کـــە بـــاوەڕی بەســـەربەخۆیی کوردســـتان هەبـــووە:

هـــەر لـــە ڕێبـــازی خەباتـــا پیـــری ئیرشـــادم دەوێ
مـــن گەلێکـــی ســـەربەخۆ سەربەســـت و ئـــازادم دەوێ
سەرگوزشـتەی قەیـس و لەیـلا بـاس مەکـە بـۆ مـن ئـەی ڕەقیـب
داســـتانی زیـــن و مـــەم، شـــیرین و فەرهـــادم دەوێ
شـــۆڕش شـــێخ حەفیـــد و شـــێخی پیـــران شـــێخ ســـەعید
بـــارەگای ســـمکۆی شـــکاک، قـــازی مەهابـــادم دەوێ

لە هۆنراوەیەکی دیکەدا دەڵێ:

ئەسڵەحەی جەنگی دەبەستم پاسی کوردستان دەکەم
قەتڵووعامی حاکمانی تورکیە و ئێران دەکەم
من لەرێگای سەربەخۆی خاک و ڕزگاری گەلم
گیانی خۆم و قەوم و خۆیشانم هەموو قوربان دەکەم

مامۆستا عەونی لەم شیعرەدا شین بۆ پێشەوا دەگێڕێ و دەفەرمووێ:

شـەوێکی پـڕ تاسـە و خـەم بـوو
لـــە کوردســـتانا ماتـــەم بـــوو
شـین بـوو ڕۆرۆ بـوو فریـاد بـوو
بـــۆ پێشـــەوای مەهابـــاد بـــوو

لە مێژووی کورددا ئەو شەوە
هەتا ئەبەد ناسڕێتەوە
کورد ناترسێنێ سێدارە
کرداری دەستی زۆردارە

شیعری نیشتمانی و پڕ لە هەستی کوردایەتی ئەم دوو کەڵە هونەرمەندەی گەلەکەمان و میوانداری و پێراگەیشتن و قەدر و قوتب و ئیحترامی خۆیان و بنەماڵەکانیان تەوژمێک بوو بۆ ژیانی تازەی ئێمە، مامۆستا عەونی بەخۆشییەوە زۆریش دەستڕۆیشتبوو بوو، ئەمبەر و ئەوبەری شەقامی سەرەکی شاری کۆیە هی ئەوان بوو و ماڵ و موڵکیان زۆر بوو. بە دڵ دەوڵەمەندی پێشنیاری پێکردم لەوێ بمێنمەوە و ببمە کوڕی ئەوان و ماڵ و دوکانم بداتێ و لەگەڵ ئەوان بژیم، بۆیە هەتا دەمرم ئەو گەورەیی و مەحەبەتەی ئەو دوو بنەماڵە بەڕێزە لەبیر ناکەم. لەماڵی کاک مەجید بووم کە کۆمەڵە وەڵامی ڤیزای مامم، کە لە سپانیا ڕا بۆی ناردبووین پێ ڕاگەیاندم و ئیتر هەر لەوێ ڕا چووینە بەغدا و سواری فڕۆکەیان کردین و هاتین بۆ دەرەوەی وڵات, دوای کارەساتی هەڵەبجە، لەگەڵ کاک ناسری ڕەزازی چووینەوە کوردستان و میوانی کاک مەجید بووینەوە. لە کۆڕەوەکەی باشووری کوردستاندا کە دونیای هەژاند بابم بست بە بستی کەمپەکانی نێو ئێران بە شوێن بنەماڵەی مامۆستا عەونی و مەجید ئاسنگەردا گەڕابوو کە تۆڵەی ئەو چاکەیان بۆ بکاتەوە کە لەگەڵ منیان کردبوو، کاک مەجید دەیگوت: لە پەنجا جێگا ڕا بۆیان گێڕاوینەوە و بیستوومانەتەوە کە حاجی هاشمی نانەوازادەی بابت بە شوێن ئێمەدا گەڕاوە. بەڵام بەخۆشییەوە ئەمجارە ئاوارە نەبوون و ماڵ و ژیانی خۆیان بەجێ نەهێشتبوو. لە ئەزموونی ئاواربوون و شکستەکانی پێشوو دەرسیان وەرگرتبوو، ئەم ئەزموونە بۆ نموونە لەم شیعرەی دا دەردەکەوێ. مامۆستا عەونی لەم هۆنراوەدا بە زمانی شاعیران قسەی دڵی خۆی دەکا

و قامــک لەســەر چەنــد شــتی بنەڕەتیــی دادەنــێ: پشــت بــە دوژمــن نەبەســتن. دەســت لــە ئامانجــی ســەرەکی میللەتەکــەی واتــە ســەربەخۆیی و ئیســتقلال هەڵنەگرتــن. بەجێنەهێشــتنی خــاک و نیشــتمان و درێژەدانــی خەبــات و هەروەهــا یەکیەتــی و تەبایــی لەگــەڵ یەکــتر و پشــتی یەکگرتــن و تۆبــە لــە شــەڕی براکــوژی. دەفەرمــووێ:

دوژمنـــی بـــەدکاری مـــن هەرچـــی بکـــەی لێـــت ناگـــرم
پێـــت دەڵێـــم مـــن تاکـــو ئێســـتا مـــاوم و قـــەت نامـــرم
هەرچـی پێـت دەکـرێ لەگـەڵ مـن بیکـە هیـچ سـوودی نییـە
ئـــەو پـــڕۆژەی خـــۆم مەبەســـتمە دەســـتی لـــێ هەڵناگـــرم
وەک هەڵـــۆ لانـــەم لـــە کێوێکـــی بڵنـــد هەڵبەســـتووە
چەنـــدی بـــەردم تێگـــرن تـــازە بەکـــەس هەڵنافـــڕم
تێگەیشـــتم چەنـــد هەڵـــەم کـــرد و فریـــوم خواردبـــوو
تۆبـــە بـــێ تۆبـــە ئیـــتر دەســـتی بـــرای خـــۆم نابـــڕم

مامۆسـتا عوسـمان عەونـی سـاڵی ٩٢ کۆچـی دوایـی کـرد و بەداخـەوە ئـەو زاتـە گــەورەم نەدیتــەوە. کاک مەجیــد دوای ڕاپەڕیــن و پێکهاتنــی حکومەتــی هەرێــم و پەرلەمانــی کوردســتان بــوو بــە ڕاوێــژکاری ڕاگەیانــدن لــە پەرلەمانــی کوردســتان و لــەم ماوەیــەدا کــە لــە پەرلەمانــی ئیشــی دەکــرد ٩ کتێبــی لــە ئینگلیزییــەوە وەرگێڕاوەتــەوە ســەر زمانــی کــوردی کــە چواریــان ســەبارەت بــە سیســتمی فیدراڵــی دە وڵاتانەدایــە کــە لــە ئەزموونــی کوردســتان نیزیکــن. لــە نووســینەوەی دەســتووری عێراقــی و دەســتوری حکومەتــی هەرێمــی کوردســتاندا زۆریــان کەڵــک لــەم کتێبانــەی کاک مەجیــد وەرگرتــووە. کاک مەجیــد هەتــا ئاخریــن ڕۆژەکانــی تەمەنــی پــڕ لــە شــانازی خــۆی خزمەتــی زمــان و ئــەدەب و سیاســەت و بەختەوەریــی میللەتەکــەی کــرد، بۆیــە بــە حــەق داوا کــراوە لــە حکومەتــی هەرێمــی کوردســتان کــە پەیکــەری لــێ ســاز بکــەن و قوتابخانــە و شــەقامی بەنــاو بکــرێ. بــە بــڕوای

مـن حـەق وایـە بـۆ مامۆسـتا عەونیـش هـەر ئـەو کارەی بکـەن، پێوەنـدی مـن لەگـەڵ کاک مەجیـد هـەر بـەردەوام بـوو، دوو جـار لـە سـوئید سـەردانی کردیـن و منیـش چەندیـن جـار لـە هەولێـر چوومـە خزمەتیـان. بـە کوێرایـی چـاوی داگیرکەرانـی کوردسـتان، ئەگەرچـی کـوردی باشـوور و ڕۆژهەڵاتیـن، بـەڵام وەک یـەک بنەماڵەمـان لێهاتۆتـەوە. لـە ئاخـری مانگـی دووی سـاڵی ڕابـردوو لەگـەڵ کاک عەلـی نانـەوازادەی ئەدیـب و نوسـوەر و شـاعیری خوێنشـیرینی خزمـی خـۆم لـە هەولێـر بـە خزمەتـی گەیشـتین و بەداخـەوە ئـەوە ئاخـر دیدارمـان بـوو مانـگ و نیوێـک دوایـی کۆچـی دوایـی کـرد و ماڵئاوایـی لـە میللەتەکـەی کـرد و بەجێـی هێشـتین. یـادی ئـەم دوو ئەدیـب و شـاعیر و نیشـتمان پـەروەر و پیـاوە مەزنانـەی کـورد بـەرز و بەڕێـز و یادیـان بەخێـر بـێ.

هەولێر ٢٠١٣/٤/٩

# مەجید ئاسنگەر لە بیرەوەریەکانمدا

پ.د. عەلی محمود جوکل

بێگومان هەر مرۆڤێك مێژووی تایبەتی خۆی هەیە لە بنیاتنانی کەسایەتییەکەی و لە هەمانکاتدا کاریگەری کەسایەتی دی لەسەر هەبووە، کاریگەری لەسەر خەڵکی دیش دەبێت، لەوانە مامۆستای رووناکبیر و خەباتگێڕ و شاعیر و چیرۆکنووس مامۆستا مەجید ئاسنگەر کە وەك مامۆستا و خەباتگێڕ و نووسەر کاریگەری لەسەر ئێمە واتە قوتابییەکانی هەبووە، سەرەتا بیستنی ناوی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ کاتی منداڵیم ئەوکاتەی کە بە زۆری باپیرەم (جوکل) وەك تاقانە و منداڵی بنەماڵەکەمان بۆ هەر شوێنێك بڕۆیشتبا منی لەگەڵ خۆی دەبرد، رۆژێك ئاهەنگ بوو لە بارەگای خەبات کە ئەوکات لە نزیك شەقامی (باتا) بەرامبەر قەڵا کە دواتر شوێنەکە

بووە بە دەرمانخانەی (شیفا) و ئێستاش ریزە دوکانی لە شوێنە، ئەوکات نەمدەزانی ئاهەنگەکە بە بۆنەی چییە؟ بەڵام دواتر زانیم بە بۆنەی وەرگرتنی مۆڵەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە حەوشەی بارەگای خەبات شایی و هەڵپەڕکێ بوو، خەڵکێکی زۆر سەردانیان دەکرد ئەوانیش پێشوازیان لە جەماوەرەکە دەکرد، نهۆمی دووەمی بارەگاکە بە چوار دەوری حەوشەی ناوەوە هەیوان هەبوو کە ئێستا باڵکۆنی پێ دەڵێن هەروا چوار دەور درابوو بە شیش بەند (مەحەجەرە)، لەم هەیوانە سێ کەس لەسەرکردایەتی ئەم بارەگایە لە پێشوازی دابوون هەرسێك رانکوچۆغەی سپیان لەبەردابوو دەستیان بۆ جەماوەرەکە هەڵدەتەکاند بۆ بەخێرهاتن دواتر لە باپیرم زانی کە کەسەکان خوالێخۆشبووان (کاك عەلی عەبدوڵڵا و کاك شەمسەدین موفتی و مامۆستا مەجید ئاسنگەر) بوون، لەو سەردەمە مامۆستا ئاسنگەر زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی وەك زمانی زگماکی شیرینی کوردی دەزانی و قسەی پێدەکردو گوتاری پێدەخوێندەوە. لە ئاهەنگی ساڵی ١٩٥٩، لەو ئاهەنگەی لە گۆڕەپانی کۆتری سەلام لە بینایەکەی ماڵی شەریف جەمبازدا، مامۆستا مەجید ئاسنگەر (عەریف حەفل - ناسێنەری ئاهەنگ) بووکە ئێستا لە زمانی کوردی لە جیاتی (عەریف حەفل) پێشکەشکار یان بێژەری پێدەڵێن، لە یادمەو لە پێش چاومە چۆن ئەوکاتە مامۆستا ئاسنگەر بە هەر سێ زمان گوتارو دروشم و هۆتافەکانی ئەو ئاهەنگەی پێشکەش دەکرد.

دواتر ئەم خۆشیانە هەندە بەردەوام نەبو کە کێشە و ناخۆشی پەیدابوو خەڵکی خەباتگێڕ لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك دەگیران و دوور دەخرانەوە بۆ ناوچەکانی باشووری عێراق وەك بەدرە و جەسان و دیوانیە و حیللە و شارەکانی دی و خەڵکی شارەکانی باشوور و دیالە (بەعقوبە) بۆ شارەکانی کوردستان دەهێنران. ئەم کێشانە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن بوون، هەر ئەم کاریگەریانەش بوو ئێمەی منداڵ و قوتابی سەرەتایی

هەر زوو کاریگەری ئەم بارودۆخەمان کەوتە سەرو بیرو هەستمان بەگیانی کوردایەتی و خەباتگێڕی و خوێندنەوە چەکەرەی کرد. هەروەها نابێت لە قۆناغی سەرەتاییمان رۆڵی راهێنەرەکانی خانەی مامۆستایان و هەروا مامۆستایانی خەباتگێڕ و سیاسی وەك هادی سەعید و عەبدولقادر قڕگەیی و لویسی یوسف مالح، یوسف عبدالمسیح ثروة لەبیر بکەین کە ئەو مامۆستایانە هەروا فێریان کردین کە چۆن رێز لە خەباتگێڕ و سیاسیەکان بگرین و کاریگەرییەکانی ئەو سەردەمە وای کرد کە بیرکردنەوە و هۆشیاریمان لە تەمەنی ئەوسای خۆمان گەورەتر بێت. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی خەریکی خوێندنەوە بین. لە خۆشبەختی ئەوکات ئێمە وەك یەك دوو هاوڕێ چەندین کتێبی بە پێز و بەنرخ لەلایەن ئەو خێزانە بارزانییانەی کە لە گەڕەکی ئیسکان دەرکرابوون و لە گەڕەکی سەیداوە نیشتەجێ ببوون بە دەستکەوت وەك کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی) و (گەشتێك بە کوردستاندا) هی دانەری گەورە مامۆستا عەلائەدین سەجادی و (مەم و زین)ی خانی بە زاری سۆرانی مامۆستا هەژار و (گوڵاڵە سوورە)ی دیوانی شیعری مامۆستا کامەران موکری و دیوانی ساف هیرانی کە پێشەکیەکەی و ئەرکی چاپدانەکەی لەلایەن کاك موحسین دزەیی ئەنجامدرابوو. هەر ئەو سەردەمەبوو کە کاك حەمە سەلیم کوڕی مامۆستا مەلا خالید مۆرتکەیی هەندێ گۆڤاری ماڵی باوکی پێشکەش کردم وەك گۆڤارەکانی (بڵێسە و هیوا و رۆناهی و هەتاو) کە ئەوکاتە وای کرد زیاتر خەریکی خوێندنەوە بم هەرچەندە ئاستی تێگەیشتنم وەك پێویست نەبوو بەڵام ئەو گۆڤارانە هاندەر بوون بۆ بەردەوام بوون لە خوێندنەوە، ئەوانە زیاتر لام خۆش بوو چیرۆکەکانی مامۆستا مەجید ئاسنگەر و وەرگێڕانەکانی مامۆستا عەبدولقادر قڕگەیی و مەتەڵەکانی بارزان مەلا خالد بوو، واتە من ئاشنایەتیم لە رێگەی نووسینەکانەوە لەگەڵ مامۆستا مەجید ئاسنگەر هەر بەردەوام بوو.

دوای کودەتایەکـــەی بەعـــس و ســـاڵانی ١٩٦٤- ١٩٦٥ کاری رۆشـــنبیری و ئەدەبـی سسـتی بەخۆیـان بینـی، بـەڵام چونکـە لەلایەنـی شۆڕشـگێڕی و خەباتـی کوردایەتـی لـە ئەنجامـی بزووتنـەوەی رزگاریخـوازی کـورد و کوردسـتان زۆر بەهێـز ببـوو و قوتابیـان زیاتـر پەنایـان دەبـردە بـەر ئەدەبیاتـی شـۆڕش و هەروەهـا کتێـب و نووسـین و بەرهەمـەکانی سـەردەمی ئاڵتونـی نێـوان ١٩٥٨- ١٩٦٣ کـە گۆڤـار و کتێـب و رۆژنامەیەکـی زۆر دەرچـوو بـوو و لەماڵـەکان هەرمابـوون و دەیانخوێندنـەوە هەرەوەهـا ئـەوکات کتێبخانـەی گشـتی هەولێـر رۆڵێکـی سـەرەکی هەبـوو لەگەشـە پێدانـی بزووتنـەوەی رۆشـنبیری بـە تایبـەت کـە لـەم کاتـەدا هیـچ گۆڤـار و رۆژنامـەی کـوردی لـە ئـارادا نەمابـوو، تەنیـا رۆژنامـەی ئـەوکات رۆژنامـەی دەنـگ و بـاس یـان (الاخبـار) کـە رۆژنامەیەکـی هەفتانەبـوو کـە بـە کـوردی و عەرەبـی دەردەچـوو لـە شـاری بەغـدا و خـاوەن ئیمتیـاز و سەرنووسـەرەکەی (محمدامیـن بریفکانـی) بـوو بـەڵام ئـەوکات نووسـەرە دیـارو خەباتگێـڕەکان بەشـداریان تێـدا نەدەکـرد.

هـەر لـەو سـاتانە بـوو واتـە دوای دانوسـتاندنی سـاڵی ١٩٦٤ لـە سـاڵی خوێندنـی ١٩٦٤- ١٩٦٥ کەئـەوکات قوتابـی پۆلـی دووەمـی ناوەنـدی بـووم لـە قوتابخانـەی ناوەنـدی (جمهـوری) مامۆسـتای ئینگلیـزی مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر هاتـە قوتابخانەکەمـان، ئێمـەی قوتابـی بەتایبەتـی ئـەو قوتابیانـەی کـە زیاتـر بەشـداری کاری رێکخسـتنەکانی بزووتنـەوەی رزگاریخـوازی کوردمـان کردبـوو زۆر پێـمان خۆشـبوو لەبـەر دوو هـۆ، یەکەمیـان دەمانـزانی کـە مامۆسـتا ئاسـنگەر نیشـتمانپەروەرو خەباتگێـڕو نوسـەرو شـاعیرەو ئومێـدی دڵسـۆزی و پێشـکەوتنمان بـەدی کـرد و دووەمیـان لەبـەر ئـەوە بـوو ناوەندییەکەمـان دوای کۆچکردنـی مامۆسـتای ئینگلیـزی خوالێخۆشـبوو مامۆسـتا (کەمـال صدیـق) مامۆسـتای ئینگلیـزی تەنیـا مامۆسـتا باکـووری مابـۆوە و بـۆ چارەسـەری کێشـەکەی مامۆسـتایەکی تورکمانـی کەرکوکـی کـە مامۆسـتای سـەرەتایی بـوو

بــە وانەبێــژ هێنابویــان، هەڵســوکەوتێکی شــۆڤینیانەی بەرامبــەر قوتابیــان هەبــوو بەتایبەتــی قوتابییــە کــوردەکان کــە زۆربەمــان خەڵکــی گەڕەکەکانــی ســەیداوە و ســێتاقان و کــوران و بــاداوە بــوون و بەحوکمــی ئــەوەی زۆربەمــان بــە ڕەچەڵــەك خەڵکــی گونــدەکان بوویــن خــزم و کەسوکاریشــمان پێشــمەرگە بــوون، بــەڵام لــە بەرامبــەردا مامۆســتا عەرەبەکانــی ئــەوکات مامۆســتا یەعقــوب کــە (جوگرافیــا) ی پێدەگوتیــن و مامۆســتا صبحــی کــە مامۆســتایەکی فەلەســتینی بــوو (زانیــاری) پــێ دەگوتیــن و مامۆستا عەدنــان کــە (ئەنــدازە)ی پێدەگوتیــن و مامۆســتا نعمــت کاکــە کــە عــەرەب و مەســیحی بــوو (عەرەبــی) لــە قۆناغــی یەکــەم پێدەگوتیــن، گەلێــك ئێمەیــان خۆشدەویســت گــەر زمانەکــە نەبــا هەســتمان پێنەدەکــرد کــە هەڵســوکەوتیان جیــاوازە لەگــەڵ مامۆســتا کــوردەکان، تەنیــا یــەك مامۆســتای عەرەبــی نەبێــت کەنــاوی (صبحــی)  ئەویــش هــەر فەلەســتینی بــوو کــە دەرســی (ئاییــن)ی پێدەگوتیــن و خــۆی (ئیخــوان) بــوو لــە پــۆل هێرشــی دەکــردە ســەر کــوردو بــە عەرەبــی دەیگــوت (کــورد عــەرەب دەکوژێــت و عەرەبیــش جوولەکــە دەکوژێــت) کــە ئەوکاتــە ئــەو قســە زۆر هەســتی برینــدار دەکردیــن، بــەڵام خــوا کــردی زوو لــە قوتابخانەکەمــان و لــە هەولێریــش دەرچــوو وە لــە شــوێنی ئــەو مامۆســتا حوســێن رەشــوانی هــات و لــە هەمــان کاتــدا مامۆســتای میسریشــمان هەبــوون بــەڵام خــراپ نەبــوون و کوردیــان خۆشدەویســت.

بــە هاتنــی مامۆســتا مەجیــد ئاســنگەر بــۆ قوتابخانەکەمــان ئێمــەی قوتابیــان زۆر دڵخــۆش بوویــن هەرچەنــدە لــە رووی کەســیەوە نەمــان دەناســی بــەڵام لەلایــەنی روناکبیــری و شــاعیری و خەباتگێــڕی ناوبانگــمان بیســتبوو، دەشــمانزانی کــە زۆر نیــە لــە بەندیخانــە ئازادکــراوەو لــە دوورخراوەیــی (نفــي) گەڕاوەتــەوە کــە لەســەر پارتایەتــی و نیشــتمانپەروەری گیرابــوو پاشــانیش دوورخرابــۆوە بــۆ ســوێرە (صویــرە) لــە پارێــزگای کــوت. هەروەهــا ئەوەشــمان زانــی بــوو کــە ئــەو مامۆســتا بەڕێــزە وەرزش دۆســت و یاریزانێکــی زۆر چاکــە لــە تۆپــێ و تۆپــی بالــە دا.

مامۆستا مەجید ئاسنگەر دەستیکرد بەگوتنەوەی وانەی ئینگلیزی بەراستی قوتابیەکانی خۆشیان دەویست، ئەویش ئێمەی خۆشدەویست، هەستیشی دەکرد کە ئێمە هەستی کوردایەتیمان بەهێزە زیاتر بە گیانی نەتەوەی و شۆڕشی ئەیلوولی مەزن پەروەردەی دەکردین. رۆژێکی مامۆستا مەجید ئاسنگەر ئەرکی ماڵەوەی پێمان دابوو یەك یەك قوتابیەکانی بەسەر دەکردەوە کە بزانێت ئەرکی ماڵەوەمان کردووە یان نا، منیش هەر بۆ هەست جوڵاندن لەسەر ئەرکی ماڵەوە نووسیبووم (زستان هەر ساردە) کە ئەمە ناونیشانی چیرۆکێکی مامۆستا مەجید ئاسنگەر بوو لەگۆڤاری (رۆناهی) بڵاوببۆوە، ئەویش کە دیتی زەردەخەنەیەکی هاتێ و بە قەڵەمە (پەندانە ٢١)ەکەی کە ئەوکات باوبوو کەسایەتیەکان بەزۆری قەڵەم پەندانی شیڤەری (٢١) یان بەکار دەهێنا، خەتێکی بەسەر نووسینەکەدا هێنا.

رۆژێکیان قوتابییەکان زۆر مشەوەش و پەشێو بوون، هۆیەکەشی ئەوەبوو کە یەکێك لە پیاوانی دەزگا ئەمنییەکانی ئەوسا هاتن مامۆستا مەجید ئاسنگەریان لەگەڵ خۆیان برد، بەڵام خوا کردی هەریەك دوو سەعاتی پێچوو گەڕایەوە.

قوتابییەکی زۆر لەسەردەستی ئەو مامۆستا ئەزیزانە وەك بەڕێوەبەری قوتابخانە، مامۆستا عەبدوڵەجید و مامۆستا فازڵ شەوکەت و مامۆستا مەجید ئاسنگەر و مامۆستا حوسێن رەشوانی و مامۆستا عەبدولڕەزاق محەمەد حەداد و مامۆستا عەبدولکەریم محەمەدەمین مەنتك و مامۆستا عەبدوڵڵا سەعید ... سەرەڕای ئەو مامۆستایانەی کە پێشتر ناومان هێنان پێگەیشتن و لەوانە چەندین دکتۆر و ئەندازیار و خەباتگێڕ و ئەدیب و نووسەر... هتد پێراگەیشتن.

دوای ئەوەی کە قوتابخانەی ناوەندیمان تەواو کرد و سەرکەوتنمان بەدەست هێنا و لە پۆلی سێیەمی ناوەندی دەرچووین زۆربەی قوتابییە زیرەکەکان لە خانەی مامۆستایان وەرگیران، چونکە ئەو سەردەم خانەی

مامۆستایان بۆ قوتابی هەژار وەك کۆلیژو زانکۆ وابوو، چونکە وای دەکرد زوو خۆت پێبگەیەنیت و بە مووچە رابگەیت و ئەوکات جگە لە قوتابییە خوا پێداوەکان یان ئەوانەی نمرەیان بەدەست نەهێنابا دەچوونە ئامادەیی ئەوکاتەش تەنیا دوو ئامادەیی هەبوون ئەوانیش ئامادەیی هەولێری کوڕان و ئامادەیی هەولێری کچان. ئەوکات ناوەندییەکان واتە ساڵی ١٩٦٥- ١٩٦٦ بریتی بوون لە ناوەندی (اربیل) و (جمهوری) و (زازا) و (صلاح الدین) و (ئیسکان)، وا بزانم ساڵی ١٩٦٦-١٩٦٧ ئامادەیی کشتوکاڵ کرایەوە و قوتابییەکی زۆر لەم ئامادەییەش وەرگیرا، هەروەها نزیکەی ١٦٠ قوتابیش لە ساڵی ١٩٦٦-١٩٦٧ لەخانەی مامۆستایانی کوڕان وەرگیران.

ئەوکاتەی کە ئێمە چووینە خانەی مامۆستایانی سەرەتایی کە بەڕێوەبەرەکەی مامۆستا مستەفا حەسەن شەعبان بوو کە خەڵکی ئامێدی بوو، مامۆستا مەجید ئاسنگەریش گوازرایەوە خانەی مامۆستایان، ساڵی دواتر مامۆستا مستەفا حەسەن شەعبان بووە سەرپەرشتیار و مامۆستا مەجید ئاسنگەر کرایە بەڕێوەبەری خانەی مامۆستایان، بەتایبەتی ساڵی ١٩٦٧- ١٩٦٨ هەر ئەو ساڵە پۆلێکیان کردەوە بەناوی ئامۆژگای (پەیمانگەی) مامۆستایان کە ئەوکات قوتابیانی دەرچووی پێنجەمی ئامادەییان وەرگرت، چونکە ئەوکات خوێندنی دواناوەندی و ئامادەیی هەتا پێنج بوو ئەوەبوو بۆ خوێندنی ساڵی ١٩٦٨- ١٩٦٩ بوو بە شەش ساڵ واتە پۆلی شەشەمیش زیادبوو.

هەرچەندە ئەوکات لە رووی سیاسییەوە ململانێکی زۆر هەبوو لە نێوان باڵی مەکتەبی سیاسی (جەلالیەکان) و سەرکردایەتی شۆڕش (مەلاییەکان) ئەم ململانەیە شۆڕ ببۆوە نێو دەزگا کارگێڕییەکان بەڵام لەبەر ئەوەی مامۆستا مەجید ئاسنگەر کەسایەتییەك بوو لە بەر خەباتی رابردووی هەروەها وەك سەرکردەیەکی خەباتگێڕی ئەو سەردەمە سەیر دەکرا، هەر دوو لا رێزیان لێدەنا، ئەویش وەك کارگێریەك و بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو لە پێناو

بەرژەوەنـدی گشـتی بـێ لایـەنی خـۆی پاراسـتبوو، لەراسـتیدا هـەردوولا هەڤـاڵ و هاوڕێـی مامۆسـتا بـوون.

لەسەردەسـتی مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر خانـەی مامۆسـتایان سـەرەڕای پێشـکەوتنی لـە رووی کارگێـڕی و زانسـتیەوە، بەڵکـو بزووتنـەوەی هونـەری و وەرزشـی و رووناکبیریـش تیایـدا بـەرەو پێـش چـوو، لـەرووی هونـەر زۆر هانـی مامۆسـتای مۆسـیقا (زیائەدیـن قەسـابی)داو هاریـکاری دەکـرد و پێداویسـتییەکانی بـۆ دابیـن دەکـرد، ئەویـش قوتابییەکـی زۆری فێـری ژەنینەکانـی ئامێـری مۆسـیقا کـرد وەك کەمانچـە وعـود و ئەکۆردیـۆن و تەپـڵ و.. هتـد وە تیپێکـی مۆسـیقای سـەرکەوتوویان پێکهێنـاو زۆر چـالاکی جـۆراو جۆریـان دەنوانـد. بەراسـتی ئـەوکات خانـەی مامۆسـتایان بایەخـی بەرچـاوی دەدا بـە بـوارەکانی مۆسـیقا و شـێوەکاری و شـانۆ، وە لـە رووی شێوەکاریشـەوە خانـەی مامۆسـتایان (مرسـم) هۆڵـی وێنەکێشـانی هەبـوو کـە مامۆسـتای خوالێخۆشـبوو و نـاوداری ئـەو سـەردەم مامۆسـتا (جـەواد رەسـوڵ ناجـی) کـە چەندیـن قوتابـی لەسەردەسـتی ئـەو بەڕێـزە بـە هانـدان و هاریـکاری بەڕێوەبـەر مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر فێـری هونـەری وێنەکێشـان بـوون، دواتـر بوونـە هونەرمەنـدی سـەرکەوتوو، هەروەهـا لـە بـواری شـانۆش مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر بایەخێکـی زۆری بـەم رەهەنـدەش دەدا، هـەر لەسـەردەمی مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر گەورەتریـن ئاهەنـگ لەهۆڵـی خانـەی مامۆسـتایان پێشـکەش کـرا کـە چەندیـن پارچـە مۆسـیقا و گۆرانـی بەتایبەیـت گۆرانیبێـژان تایـەر تۆفیـق و فوئـاد ئەحمـەد و تەحسـین تەهـا بەشـداریان تێـدا کـرد و سـەرەڕای پێشکەشـکردنی شـانۆی رۆمیـۆ و ژۆلێـت. ئەوانـەی بەشداریشـان لـە تیپـی مۆسـیقا و تیپـی شـانۆ کـرد هـەر هەموویـان قوتابـی خانـەی مامۆسـتایان بـوون، هـەر لەسـەردەمی ئـەو لایەنـی رۆشـنبیری بایەخێکـی زۆری پـێ دەدرا، چ خزمەتکـردن بـە زمانـی شـیرینی کـوردی یـان رەهەنـدی هـزر و رووناکبیـری بەهاندانـی مامۆسـتایان مەجیـد ئاسـنگەر و دکتـۆر موحسـین محەمـەد حمـرا و

مامۆستا حەمەکەریم هەورامی و دکتۆر بەدرخان سندی و زۆربەی قوتابیانیش جگە لە خوێندن لە بوارە ڕۆشەنبیری و فکری و هونەریەکان پێشەنگ بوون لەوانە: نووری ئیسماعیل نانەکەلی و سەعد عبداللە و جەمیل ڕەنجبەر و عبدولمەجید بدل و عبداللە پەشێو و سۆران عزالدین فەیزی و داود شرۆل و حسام بەرزنجی و کاکل (بەهرام) محەمەد تاهیر و ئازاد دڵزار و عەلائەدین محەمەد ڕەشید و ئیبراهیم ئەحمەد شوان، لە بواری شانۆش قوتابیان سەمیر عەبدولسەتار و صابر عبدالرحمن و وریا احمد و چەندانی دی ڕۆڵیان هەبوو ... دەتوانم بڵێم ژمارەیەکی زۆر و بەرچاوی شاعیر و نووسەر و ڕووناکبیر و سیاسی ئەمڕۆ قوتابی ئەوسەردەمەی خانەی مامۆستایان بوون و بە دڵنیاییەوە کاریگەری مامۆستا ئاسنگەر بەرچاوەو ناکرێت لەبیر بکرێت. خانەی مامۆستایان بۆ یەکەمجار لەسەردەمی مامۆستا مەجید ئاسنگەر لە ساڵی ١٩٦٩ ژمارە (١)ی گۆڤاری (تیشك) ی دەرچوواند کە مامۆستا حەمەکەریم هەورامی و قوتابیان شەهید نووری ئیسماعیل نانەکەلی و عەلائەدین محەمەد ڕەشید ڕۆڵی سەرەکییان لە ئامادەکردن و نووسین و دەرهێنانی بینی و مامۆستایان و قوتابیان بە شیعر و نووسین و چیرۆك بەشداریان تێدا کرد وە بەندەش لەگەڵ حسام بەرزنجی نووسینمان تیایدا بڵاوکردەوە. شایەنی باسە گوتاری سەرەکیش هی مامۆستا مەجید ئاسنگەر بوو وە ساڵی دوای ئێمەش لە ١٩٧٠ ژمارەی دووەمی بەدوادا هات.

هەرچەندە ئەوکات لە ڕووی سیاسییەوە ململانێ هەبوو جار وابوو دەگەیشتە شەڕ و کوشتن و پێکدادان بەڵام لەسەردەمی مامۆستا مەجید ئاسنگەر لە نێو خانەی مامۆستایان کەشێکی ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین هەبوو، قوتابیانی ئەو سەردەم دابەش بووبوون بەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی سەرکردایەتی شۆڕش (مەلایی) و باڵی مەکتەبی سیاسی (جەلالی) و هەروەها بەسەر هەردوو باڵی حزبی شیوعی (لیژنەی

مەرکــەزی) و (قیــادەی مەرکــەزی)، هەرچەنــدە هــەردوو باڵــی حزبــی شــیوعی لــە رووی فکریشــەوە جیاوازییــان هەبــوو، باڵــی (لیژنــەی مەرکــەزی) خۆیــان بــە مارکســی لینینــزم دەزانــی بــەڵام باڵــی (قیــادەی مەرکــەزی) زیاتــر (مــاوی؛ ماوســی تۆنــگ) بــوون. قوتابیــان لــە ڕووی فکرییــەوە جیاوازییــان هەبــوو وەك: (وجــودی؛ ســارتەری) و (مارکســی؛ ریالیزمــی و عەبەســی و ســۆریالیزمی) بــوون. ســەرەڕای ئــەو دابەشــبوونە دەکرێــت ئامــاژە بدەیــن کــە خەڵکانێــکی دینداریــش هەبــوون بــەڵام دووربــوون لــە ئیخــوان چونکــە ئــەو ســەردەم ئیخوانــەکان لــە هەمــوو هەولێــر بــە پەنجــەی دەســت دەژمێــردران. هەتــا ئــەوکات موحســین جوامێــر بەدیــن بــوو بــەڵام لــە رووی سیاســییەوە (مەلایــی) بــوو.

ئــەوکات لــە رووی سیاســییەوە تەنیــا یــەك كێشــە روویــدا، ئەویــش بەڕێــز مامۆســتا مەجیــد ئاســنگەر زوو چارەســەری کــرد، چونکــە هــەروەك گوتمــان مامۆســتا لــەرووی سیاســییەوە رێــزی لای هەمــوو لایەنــەکان هەبــوو، كێەشــکەش لەمــەوە ســەری هەڵــدا کــە ئــەوکات بەتایبەتــی رۆژی ١٩٦٩/٤/٩ شــەڕو پێکــدادان لــە گونــدی (کــەردز) لــە نێــوان پێشــمەرگەی هــەردوولا روویدابــوو، ئەوەبــوو (١٧) کــەس لای دەڤــەری بادینــان لــە باڵــی مەکتەبــی سیاســی (جەلالیــەکان) کوژرابــوون، لــە هەمــان کاتیــش لــە خەتــی قەشــقەوە واتــە لەنێــوان پــردێ و شــێراوە تاوەرێــکی کارەبایــان هەڵتەکاندبــوو کــە ئــەوکات کارەبــای ســەرەکی لەناسریــەوە دەهــات، ئەمــەش وای کــرد کــە شــەو و رۆژێــك هەولێــر بــێ کارەبــا بێــت، وەك ناڕەزاییــش (جەلالیــەکان) لــە رێگــەی بەڕێوەبــەری پــەروەردە مامۆســتا (فائــق جمیــل العلــی) کــە ســەر بەخۆیــان بــوو داوایــان کردبــوو کــە دەبێــت هەمــوو قوتابیانــی ناوەنــدی و دواناوەنــدی و ئامادەییــە پیشــەییەکان وەك كشــتوکاڵ و پیشەســازی و خانــەی مامۆســتایان لەبــەردەم یانــەی فەرمانبەرانــی ئــەوکات کــە ئێســتا بوویتــە بــازاڕی نیشــتمان کۆبکرێنــەوە بــۆ دەربڕینــی ناڕەزایــی کــە شــێخ لەتیــف شــێخ ســادق بەرزنجــی سەرپەرشــتی ئــەم خۆپێشــاندانەی دەکــرد. ئەوەبــوو لــە

خانەی مامۆستایان ناڕەزایی پەیدابوو لەلایەن باڵی مەلایی و حزبی شیوعی لەسەربردنی قوتابیان بە زۆرە ملێ بۆ خۆپیشاندان بەتایبەتی لەم بابەتە لە مەلاییەکان سەعد عبداللە و نووری ئیسماعیل نانەکەلی و حیسام بەرزنجی و یاسین رەشید (کاروان ئاکرەیی) و تۆفیق شێخ مستەفا و ئەنوەر ئیسماعیل بەرسلینی و عەزیز نیعمەت و ئەسعد سەعید ڕەواندزی و بەندە و لە قوتابیانی شیوعی شەهید کۆچەر (ناسیح حەمەدەمین) و خوالێخۆشبووان عەباس رەسول و صادق حەریری پێشەنگی ئەو ناڕەزایەتیانە بوون بەڵام مامۆستا مەجید ئاسنگەر بە لێزانی و کاریگەری کەسایەتییەکەی چارەسەری ئەم کێشەی کرد، دوای ماوەیەکی زۆر تەنیا یەك قوتابی لە ئەنجامی ئەم ناڕەزایەتیە شەهید کۆچەر (ناسح حەمەدەمین) لێدانی لەلایەن چەکدارەکانی جەلالیەکان بەرکەوت.

لە راستیدا خانەی مامۆستایان باشترین کتێبخانەی هەبوو کتێب و گۆڤارێکی زۆری هەبوو، ئەمینداری (رازگری) کتێببخانەکە حاجی سەلمان خۆشناو بوو، هەروەها مامۆستا جەلال غەریب کە مامۆستای زمانی عەرەبی بوو زوو زوو دەیبردین بۆ کتێبخانە هەرچەندە هەندێك لە مامۆستایان ئەم رەفتارەیان پێ ناخۆش بوو بەڵام لە راستیدا قوتابیەکان پێیان خۆش بوو، حاجی سەلمانیش قوتابیانی فێر دەکرد کە چۆن دەرمانی گژ و گیا دروست بکەن چونکە لە کتێبخانەکە کتێبێك دەربارەی دەرمانی گژو گیا بە زمانی عەرەبی هەبوو. هەر لەو سەردەمیش واتە سەردەمی مامۆستا مەجید ئاسنگەر بواری وەرزش زۆر بایەخی پێدەدرا، هەروەك باسمان کرد کاتی خۆی یاریزان بووە. ئەو سەردەمە بوو مامۆستا ناسر یوسف بایەخی بە وەرزشی جیمناستیك دەدا کە ئەم وەرزشە بۆ یەکەمجار لەسەر دەستی مامۆستا ناسر یاریزانی بۆ پەیدا کراو تیمێکی باشی لێ پێکهێنرا و رۆژانە راهێنانیان پێدەکرا و مامۆستا مەجید ئاسنگەریش هەموو کەرەستەکانی ئەم

جـۆرە وەرزشـەی بـۆ پەیـدا دەکـردن، ئـەوە بـوو تیپەکـەی خانـەی مامۆسـتایان و وەرزشـوانانەکانی لـە قوتابیـان لـە شـاری مووسـڵ بەشـداری فیسـتیڤاڵێکیان کـرد. دەتوانـم بڵێـم یاریزانـە قوتابیـەکان بریتیبـوون لـە (احمـد عبدالوهـاب، صـلاح محمـد مجیـد و خوالێخۆشـبووان حوسـێن عبدالرحمـن و نـوزاد حەیـدەر) بـوون.

مامۆسـتا ئاسـنگەر لـە رووی خوێنـدن و زانستیشـەوە هاوکارێـکی بـاش بـوو بـۆ نموونـە لـە گشـت بابەتـەکانی خوێنـدنی زیندەوەرزانـی و فیزیـا و کیمیـاو زانسـتەکانی تـر مامۆسـتا ئاسـنگەر هـەردەم هەوڵـی دەدا تاقیگەکانـی ئـەو زانسـتانە کەموکوڕیـان نەبێـت لـە ئامێـر و مـەواد و هانـی مامۆسـتایانی دەدا. مامۆسـتاکانی ئـەو کات خوالێخۆشـبوو مامۆسـتا خـدر حوسـێن کـە مامۆسـتای فیزیـا بـوو وە لـە هەمـان کات یاریـدەدەری بەڕێوبەریـش بـوو، هەروەهـا مامۆسـتا فوئـاد شـێخ جەمـال مامۆسـتای زینـدەوەر زانـی بـوو، مامۆسـتایان متـی درمـان خمـو و مامۆسـتا عەبدوڵمەجیـد مامۆسـتایانی ئینگلیـزی بـوون، مامۆسـتا نەجیـب و مامۆسـتا جـەلال علـی شـا مامۆسـتایانی بیـرکاری بـوون، مامۆسـتا فاتـح و مامۆسـتا عمـر رحـمان مامۆسـتایانی زمانـی کـوردی بـوون، هەروەهـا مامۆسـتا غـازی محەمـەد ئیسـماعیل مامۆسـتای کشـتوکاڵ بـوو. ئـەم مامۆسـتا بەڕێزانـە هەمـووان بەیەکـەوە لەگـەڵ بەڕێوەبـەرو یاریـدەدەری بەڕێوەبـەر سـتافێکی سـەرکەوتوویان پێکهێنابـوو. پێویسـتە بگوترێـت کـە بەڕێـز مامۆسـتا غانـم کـە پسـپۆری زانسـتە کۆمەڵایەتیـەکان بـوو و خەڵـکی شـاری موسـڵ بـوو بـە هەمـان شـێوە خـاوەن رێـز و کەسـایەتی خـۆی بـوو دڵسـۆزانە کاری دەکـرد. دکتـۆر بۆتـانی کـوڕە بچـووکی مامۆسـتا ئاسـنگەر بـۆی گێڕامـەوە گـووتی: مامۆسـتا غانـم پەیوەندیـەکی کۆمەڵایـەتی نزیکیـشی لەگـەڵ مامۆسـتا مەجیـد پێکهێنابـوو و مامۆسـتا مەجیـد رێـزی زۆری لێدەگـرت وەك مێوانێـك لـەم شـارە تـا ئەورادەیـە لـە خۆشەویسـتی و کاریگـەری مامۆسـتا ئاسـنگەر لەسـەر مامۆسـتا غانـم دوای گەڕانـەوەی بـۆ موسـڵ و ئەنجامـدانی هاوسـەرگیری کچێـکی دەبێـت و لـە خۆشەویسـتی و وەفـای بـۆ مامۆسـتا ئاسـنگەر نـاوی کچەکـەی بـە نـاوی کچەکـەی مامۆسـتا ئاسـنگەرەوە دەنێـت بـە نێـوی (رۆژان).

پاشـانیش لـە هەشـتاکان تـا ماوەیـەکی زۆر سـەردان و هامـۆشی خێـزانی لـە نیوانیـان بـەردەوام دەبێـت.

لـە لایـەنی کشـتوکاڵیش بـە پاڵپشـتی بەڕێوەبـەر دابینـی کەرەسـتەو پێویسـتی قوتابخانـەی خانـەی مامۆسـتایانی دەکـرد بەتایبەتـی باخچـە و حەوشـەی لای رۆژهـەڵات وەك کێڵگـە بـوو و مامۆسـتا غـازی محەمـەد ئیسـماعیل قوتابیەکانـی لەوانـەی کـرداری دەردەهێنـا کاری کشـتوکاڵی پێدەکـردن و باخچـەی جـوان و کێڵگـەی پـێ دروسـت دەکـردن و هەمـوو پێداویسـتیەکیش لەلایـەن بەڕێوەبـەر مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر بڕیـاری ئامادەکردنـی بـۆ دەدرا.

سروشـتی ژیـان ئەوهایـە کـە هیـچ کارکردنێـك بـێ کێشـە نییـە هـەر لەسـەردەمی ئـەو سـەرەڕای ئـەو کێشـەی خۆپێشـاندانەکەی باسـمان کـرد کێشـەیەکی تریـش روویـدا، ئەویـش ئـەوە بـوو جەماعەتێـك شـەو هاتبـوون بەیارمەتـی لایەنێکـی سیاسـی ئامێـری چـاپ و رۆنیـۆی خانـەی مامۆسـتایانیان بـە زۆری بردبـوو، هەرچەنـدە پاسـەوانەکەی قوتابخانەکـە چەنـد رۆژێـك گیـرا، بـەڵام بەڕێـز مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر بـە لێهاتوویەکـەی خـۆی ئـەو کێشـەیەشی چارەسـەر کـرد.

مامۆسـتا خـدر حوسـێن کـە دەکاتـە باوکـی د. سـۆزان پسـپۆر لـە زمانـی فەرەنسـی و پ.ی.م سـالار خـدر حوسـێن مامۆسـتای زانکـۆ لـە کۆلیـژی تەکنیـکی ئەندازیـاری، لـە رووی کارگێڕیـەوە زۆر سـەرکەوتوو بـوو، چونکـە لەسـەردەمی ئـەوان، قۆناغـی یەکـەم (٤) هۆبـە بـوو هـەر هۆبـەی نزیکـەی زیاتـر لـە چـل قوتابـی تێدابـوو، واتـە پۆلـی یەکـەم (١٩٦٧- ١٩٦٨) (١٨٠) سـەد و هەشـتا قوتابـی بـوون، قۆناغـی دووەمیـش هـەر چـوار هۆبـە بـوو ژمـارەی قوتابیەکانـی (١٦٠) سـەد و شەسـت قوتابـی بـوون، قۆناغـی سـێیەمیش یـەك هۆبـە بـوون نزیکـەی (٤٠) قوتابـی دەبـوون سـەرەڕای ئەمـە پەیمانگەکـە ئەویـش (٤٨) قوتابـی بـوون، لـە رووی شـوێن و رەچەڵەکـی قوتابییـەکان جگـە لـە شـاری سـولەیمانی دەرچووانـی قوتابخانـەی ناوەنـدی هەمـوو لیـوای هەولێـر (ئـەوکات نـاوی لیـوا لـە بـڕی

پارێــزگا بەکاردەهــات چونکــە ناوەکــە نەگۆڕابــوو، لــە ڕاســتیدا لــە ســاڵی ١٩٦٩ نــاوی لیــوا گــۆڕا بــۆ پارێــزگا) و هەمــوو قوتابیــانی قەزاکانــی ســەر بــە پارێــزگای مووســڵ کــە دانیشــتوانەکانی کــورد بــوون وەك دهــۆك (دهــۆك ئــەکات هێشــتا نەبـوو بـوو بـە پارێـزگا و دواتـر لـە سـاڵی ١٩٦٩ کـرا بـە پارێـزگا)، ئامێـدی، زاخـۆ، ئاکـرێ قوتـابی بـوون لـە خانـەی مامۆسـتایان. لـە رووی ئەتنیکیـەوە هـەرە زۆری قوتابییەکانــی کــورد بــوون بــە شــێوەزارەکانی بادینــی و ســۆرانییەوە هەروەهــا عەرەبـی لای قـەراج و مەخمـوورو وە تورکمانـی هەولێریشـی لەخـۆ گرتبـوو، لـە رووی ئاینیشـەوە موسـڵمان و دیـان (مەسـیحی) و یەزیـدی تێدابـوو، مەسـیحییەکانی هەڕمۆتـە و شـەقڵاوە و دیانـا و عەنـکاوە و زاخـۆ، هەتـا (کانـی ماسی)شـی تێدابـوو، لــە قوتابییــە دیارییەکانــی ئــەوکات (ئۆراهــا) صوبحــی کاکــۆ و حنــا و دنحــا و یعقــوب شــابا کــە ئەوانــە خەڵــکی شــەقڵاوە بــوون و هەروەهــا ئیشــایا هورمــز و اسـحاق ... کـە خەڵکـی دیانـا بـوون و بێجگـە لەوانـەی هەرمۆتـە ئـەوەی لەیـادم مابێــت .ســحریا عیــسی وە قوتابیــانی لای زاخــۆ و کانی مــاسی زەییــا عممانوئیــل م لەبیرمــاوە و ئەوانــەی عەنــکاوەش دیارەکانــی حەبیــب حنــا، غــازی شــابۆ، صبــاح هرمـز و عدنـان حنـا بـوو، کـە هەریـەك لـە صبـاح هرمـز و عدنـان حەنـا نووسـەر بـوون. لەراسـتیدا قوتابیەکانـی خانـەی مامۆسـتایان زیـرەك بـوون چونکـە هەمـووی بــە نمــرەی بــاش هاتبــوون بگــرە زۆریــان یەکەمەکانــی ناوەندیەکانیــان بــوون، لەوێــش پێشــبڕکێیان بــوو لەســەر یەکەمــی بەتایبەتــی صبــاح مصطفــی قــادر و خوالێخۆشـبوو حمکـو عبداللـە لـە قۆناغـی ئێمـە کـە دواتـر صبـاح یەکـەم بـوو وە حەمکـۆ دووەم بـوو.

دوای دەرچوونمــان لــە خانــەی مامۆســتایان لــە ســاڵی ١٩٦٨- ١٩٦٩ لــە خانــەی مامۆسـتایان یاسـای راژەی سـەربازی تـازە هەمـوار کرابـوو وە یاسـای ژمـارە ٦٩ سـاڵی ١٩٦٩ دەرچــوو بــوو. کــە ناوەڕۆکەکــەی ئەوەبــوو کــە دەرچووەکانــی پەیمانــگا و کۆلیژەکانیـش سـەربازی بکـەن، ئەوەبـوو لـە ١٩٧٠/١/١ بوویـن بەسـەرباز. ئـەوکات

سـەرەتای (مفـاوەزات) بـوو لـە نێـوان سـەرکردایەتی شـۆڕش و حکومەتـی بەعـس، بـەڵام ئێمـە لـە ١٩٧٠/٢/٢٢ لـە سـەربازی دواخرایـن بەمەبەسـتی دامەزرانـدن وەك مامۆسـتا، دواتریـش ئـەوە بـوو ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئـازار مۆرکـرا.

لـە ئەنجامـی ئـەو ڕێککەوتنـە خۆشـی کەوتـە نێـو خەڵـك و جەمـاوەر چونکـە بـۆ یەکەمجـار بـوو بەشـێوەیەکی یاسـایی لەلایـەن حکومەتـی ناوەندییـەوە دان بەمافەکانـی گەلـی کوردسـتان دابندرێـت لـە چوارچێـوەی ئۆتۆنۆمـی، ئـەو مـاوە هەمـوو ڕۆژێـك لـە هەولێـر ئاهەنـگ و هەڵپەڕکێ هەبـوو هەندەشـی پـێ نەچـوو ئامادەباشـی کـرا کـە ئاهەنگـی نـەورۆزی شـاری هەولێـر لـە گونـدی دارەتـوو بگێڕدرێـت، هــەر بەیانـی ڕۆژی نــەرۆز کــە ڕێکەوتــی ١٩٧٠/٣/٢١ زۆرینــەی خەڵکـی شـار بـۆ ئاهەنـگ گێـڕان ڕوویـان لـە گونـدی دارەتـوو کـرد، (عەریـف حەفــل) پێشکەشــکاری ئاهەنگەکــەش هــەردوو مامۆســتایان مەجیــد ئاســنگەر و مامۆسـتا بەدرخـان سـندی بـوون کـە بـە دەنگـە زولالەکانیـان بـە هۆتـاف و دروشـمی نەتەوەیـی و سـەرکەوتن ئاهەنگگێڕانیـان سەرمەسـت کردبـوو ئاهەنگێـك تـا ئـەوکات مێـژووی کـورد بەخۆیـەوە نەیدیبـوو.

دوای ئەمــە ئێمــە خەریکــی ژیانــی خۆمــان بوویــن بووینــە مامۆســتا و پاشـانیش مـن ڕاژەی مامۆستایەتی خـۆم لـە سـاڵی ١٩٧٢- ١٩٧٣ گواسـتەوە دەڤـەری باڵەکایەتـی واتـە ناوچـەی سـەرکردایەتی شـۆڕش لـەوێ هـەم وەك کادیرێکـی پارتـی و مامۆسـتا ئەرکـی خـۆم دەدیـت، واتـە لـە مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر دابـڕام، چونکــە لــە هەولێــر ســاڵی ١٩٧١- ١٩٧٢ خانــەی مامۆســتایانی کــوڕان نەمابـوو، بەڵکـو پەیمانگـەی مامۆسـتایان کـە قوتابیـانی دوای شەشـی ئامادەیـی لێوەردەگیـرا کرابـۆوە.

مـن مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەرم نەدیتـەوە تـا ئـازاری ١٩٧٤ کـە ئـەو کاتـەش شـەڕ لەنێـوان شۆڕشـی ئەیلوولـی مـەزن و ڕژێمـی بەعـس هەڵگیرسـاوە، زۆربـەی خەباتگێـڕ و ڕۆشـنبیران ڕوویـان لـە شـاخ کـرد و پەیوەندییـان بـە شـۆڕش کـرد

کـە یەکێـك لەوانـە مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر بـوو، هـەر ئەوکاتیـش دام و دەزگا ئیدارییەکانـی ئۆتۆنۆمـی لـە نێـو شـۆڕش دامـەزرا ئەوەبـوو دواتـر شۆڕشـی مەزنـی ئەیلـوول تووشـی نەکسـە بـوو خەڵـك پەرتـەوازە بـوو، ئـەوەی رووی لـە ئێـران کـرد و یـان لـە ئێـران مانـەوە، ئـەوەی رووی لـە ئەوروپـا و ئەمەریـکا کـرد و ئـەوەی گەڕایـەوە کوردسـتان، ئەوانیـش بەشـێکیان رەوانـەی باشـووری عێـراق کـران، لـە راسـتیدا ئـاگام لـە مامۆسـتا نەمـا تـا لـە هەشـتاکان هەنـدێ نووسـینی مامۆسـتام لـە گۆڤـاری کاروان بەرچـاو کـەوت لـە نووسـین و وەرگێـڕان.

دوای راپەڕیـن ماڵـی مامۆسـتا گەڕایـەوە هەولێـر لـە گەڕەکـی موفتـی نیشـتەجێ بـوون، زۆرجـار دەمدیـت و چـاك و چۆنیـمان لەگـەڵ یەکـدی دەکـرد، جارجـارەش سـەردانی یەکێتـی مامۆسـتایانی دەکـرد بەتایبەتـی بـۆلای مامۆسـتا محەمـەد ئیسـماعیل و شـێخ عەفـان و عەزیـز شـوان کـە هەڤـاڵ و هاوڕێـی کـۆن بـوون لـە خەباتکردنـدا.

ئـەوکات مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر لەگـەڵ مامۆسـتا کەمـال عەبدولقـادر وەك راوێـژکار و شـارەزای زمـان لـە پەرلەمانـی کوردسـتان کاریـان دەکـرد، لـە هەمـووی خۆشـتر بەلامـەوە کـە مـن چیرۆکێکـم بەنـاوی (ژانـە سـەر) لـە گۆڤـاری کاروان بڵاوکرابـۆوە، ئێوارەیـەك لەیەکێتـی مامۆسـتایان یەکترمـان دیـت و پیرۆزبایـی لێکـردم و منیـش پێـم گـوت مامۆسـتا ئێمـە قوتابـی بەڕێـزت بووینـە لـە تـۆوە فێـری چیـرۆك نووسـین بوویـن، ئەویـش وەڵامـی دامـەوە، بـەڵام قوتابـی لـە مامۆسـتا رەت دەدا و پێشـتر دەکەوێـت. هەرچەنـدە گوتـم نـا نـا مامۆسـتا هـەر تـۆ گەورەمانـی، بـەڵام وامدەزانـی هەمـوو دونیـای پێبەخشـیوم. لـە کۆتاییـدا هـەر ئەوەنـدە دەتوانـم بڵێـم هـەزار سـڵاو لەگیانـی بەرزەفـڕی و بـە بەهەشـت شـاد بێـت.

هەولێر، ٢٠٢٢/٣/٧

# مەجید ئاسنگەر
# ڕۆشنفکرێک نغرۆ لە خەون

فازیل شەوڕۆ

وادەزانم دوێنێ بوو، شەوێک لە مەجلیسی پرسەیەکدا لە گەڕەکی قەڵاتێ لە شاری کۆیە، لە میانەی قسەوباسی دونیا وقیامەتدا، دوو مامۆستای چاکەتوپانتۆڵ لەبەر، کە لەسەرەوەی مەجلیسەکەدا لە سەر دۆشەگ دانیشتبوون، سەرنجی تێکڕای ئامادەبوانیان هێندە زیرەکانە بۆلای خۆیان ڕاکێشابوو، پتر شێوازی ئاخاوتنەکەیان لە موحازەرە دەچوو، لە پێشدا مامۆستا جەلال مامش دوو سێ دێڕی لە شیعری حاجی قادری کۆیی خوێندەوە و شارەزایانە کەوتە شیکردنەوەی ـ هەر ئەو کاتە تێگەیشتم کە ئەو مامۆستایە حاجی قادرناسە ـ دوای گەیاندنی بیرۆکەکەی حاجی، مامۆستایەکی دیکە کە لە تەنیشتی دانیشتبوو، فەرمووی: "مامۆستا جەلال، ئەم شیعرە ئاماژەکردنێکە بۆ دەقێکی تەورات، چونکە حاجی

شاعیرێکی باخەبەر بوو و فەلسەفەی ژیان و ئایینی ئاوێتەی یەکتری کردوە."
ئەمە یەکەمین جارم بوو لەنزیکەوە گوێم لە مامۆستا مەجید ئاسنگەر بی و لە خۆم پرسی: چۆن ئەو دوو زاتە ئەو هەموو عیلم و زانیارییە دەزانن، خۆ ئەوان هەر مامۆستای ئاسایی قوتابخانەن؟ چۆن منیش دەتوانم ئەو شتانە بزانم! ئەوە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بوو و بەندە هەر چواردە پانزدە ساڵان دەبووم.. ئەو مەجلیسە زۆر دەرگای فراوانی بۆ والاکردم، زوو چوومە کتێبخانەی گشتی حاجی قادری کۆیی و نوسخەیەک لە تەوڕاتم، بە زمانی عەرەبی خواستەوە و کەوتمە گەڕان و پشکنینی کتێبە ئەدەبییەکانی ئەو کتێبخانەیە.

لەو ڕۆژەوە هەیئەت و ڕۆح و کەسێتی ئەو مامۆستا باڵابەرزە، ڕەقەڵە و بنیس و دەم بەخەندە عەینەک لەچاوە، بووە دەستگر و ڕابەڕی من. لە دیدی مندا مەجید ئاسنگەر هەر مامۆستا نەبوو، بەڵکو ئەدیب و ڕۆشنفکرێکی خاوەن سەدان خەونی پەمەیی بوو بۆ خاک و نەتەوە.

لە قۆناغی دووی زانکۆ بووم لە بەغدا، لە ساڵی (١٩٧٢) لە گەڵ مامۆستا جەواد ئەحمەد بەگ ـ ڕۆحی شاد، شەوێک چووینە خزمەت مامۆستا مەجید ئاسنگەر، ماڵیان لە خوار قەسری کاکەزیادی بەرانبەر ماڵی عوسمان عەونی شاعیر بوو. دیدارەکەمان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێکی ئەدەبی و هونەری بوو لە شاری کۆیە. مامۆستا نەک هەر لە دڵڕا دەستخۆشی لێکردین بەڵکو هەر ئەو شەوە بەرنامەیەکی تێروتەسەلی کارکردنی بۆ ئامادەکردین و گوتی: "ئێوەی گەنجی خوێنگەرم، دەست بەکار بن، ئێمەش پشتیوان و هاوکارتانیین." ئەوەبوو کۆمەڵەی هونەر و وێژە مان دامەزراندو، چەندان چالاکی ئەدەبیمان پێشکەشکرد. لەو ڕۆژگارەدا کە هۆکارەکانی پەیوەندی کردن وەکو ئێستا بەردەست و ئاسان نەبوون، لە گەڵ ئەوەشدا توانیمان بۆ یەکەمین جار کۆڕی شیعر خوێندنەوە لە کتێبخانەی حاجی قادری کۆیە بۆ شاعیرانی وەک عەونی و ڕۆستەم حەوێزی و قوباد بەهرەوەر و (بەندەش) ساز بکەین بە ئامادە بوونی نوخبەی ڕۆشنبیران و

خوێندەوارانـی شـار، لـە پێشـەوەی هەمووشـیان مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر.

ئـەو مرۆڤـە جەرگسـۆزە بـارگاوی لـە خـەون و خەیـاڵ، لـە پۆلێکـدا وەک سەرپەرشـتیاریی بابەتـی ئینگلیـزی لـە شـاری شـنۆیە لـە سـاڵی (١٩٧٤) سـەردانی کـردم. ئـەو ڕۆژە مامۆسـتام بینـی نـەک هـەر وەک ڕۆشـنفکرێک بەڵکـو وەک پێشـمەرگەیەک و سەرپەرشـتیارێکی کارامـەی پـڕ خـەون و ئومێـد. لـە بیرمـە لـە کتێبـی ئینگلیـزی پۆلـی دووی ناوەنـدی بابـە تێـک هەبـوو بـە نـاوی (Shat Al – Arab) جـا نووسراوێکـمان بـۆ هاتبـوو داوای کردبـوو ناونیشـانەکە بکەینـە (Persian Shat) (واتـە شـەتتی فارسـی)، بـەڵام مامۆسـتا مەجیـد گوتـی: "بـۆ ئێمـە، حکومرانانـی باشـوور و ڕۆژهـەڵات هیچیـان لـە هیچیـان باشـتر نیـن، دە بڕوانـن حـاڵ و گوزەرانـی کوردانـی ئـەم شـارە چەنـد خـراپ و دژوارە، مامۆسـتا فازیـل، نـە ناونیشـانی بابەتەکـە بگـۆڕە نـە هێـچ، واباشـتر هـەر مەیخوێنـە، چـمان لـەو (شـەتتانەی ئـەوان) ئیسـتیفادە کـردووە!"

ئاشـنابوونی بەنـدە، بـە قەڵەمـە بوێـر و خەمخۆرەکـەی مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر، پـتر لـە ڕێـی خوێندنـەوەی بابەتەکانـی ئـەو بـوو کـە بـڵاوی دەکـردەوە، هیـچ بابەتێکـی ئـەو نەبـووە کـە لـە گۆڤـاری کاروان بـڵاوی دەکـردەوە چەنـد جـار نەیخوێنمـەوە و زانیارییـان لـێ هەڵنەکرێنـم. جـا جوانـی و چێـژی نووسـینەکانی مامۆسـتا لـەوە دابـوو، هەمەڕەنـگ و هەمـە شـێواز دەینووسـی، لـە شـیعر وچیـرۆک و شـانۆنامە بگـرە تـا لێکۆڵینـەوە و وتـار و فۆلکلـۆر و کلتـوور. زۆر چێـژم لـەو چیرۆکانـە وەردەگـرت کـە لـە زمانـی ئینگلیزییـەوە دەیکـردە کـوردی.

بـۆ مـاوەی سـاڵێک لـە هەشـتایەکان، لـە لای مامۆسـتا مەجیـد، کـە ئـەو کات بەڕێوەبـەری ناوەنـدی بـوو، وەک مامۆسـتای موحازیـر لـە لای ئـەو بـووم. ئـەوەی کـە زۆر جێگـەی سەرنجڕاکێشـان بـوو، ئـەوە بـوو، کـە بـە قـەد ئـەوەی ئـەو مامۆسـتا بـوو دوو هێنـدەش پێشـمەرگە بـوو ـ ڕەنـگ بـێ هەبـێ ئەمـە بـە موجامەلـە لێکداتـەوە ـ لـێ بـاوەڕ بفەرمـوون (ڕەفیـق حیزبییەکانـی بەعسـیی)

وەک ئێمــە ڕیــزی ئــەو پیاوەیــان دەگــرت، چونکــە دەیانزانــی مەعدەنەکــەی بــێ غــەل وغەشــە و قابلــی کڕیــن و فرۆشــتن نییــە.

لــە ســاڵی (١٩٩٨) کــە لــە یەکــەم ســەردانم لــە وڵاتــی لیبیــا گەڕامــەوە کوردســتان، لــە هەولێــر چوومــە خزمەتــی مامۆســتا. بــەڵام مامۆســتایەکی جیــاواز: عــادز و مەلــوول، بێخولــق و خەنــدە، چاوبەخــەم و لێوبەبــار. تــازە شــەڕی ناوخــۆ نەختێــک هێــور ببــۆوە. مامۆســتا گوتــی: "زۆربەداخــەوە، کارێکــی زۆر ناشــیرینمان کــرد، کــە مێــژوو لێــمان خــۆش نابــێ، چەنــدە بــۆ ئــەو خوێنــە ســوورانە موتەئەســیفم، هێنــدەش موتەئەســیفم کــە ئێمــەی ئەدیــب هیچــمان پێنەکــرا.. هەرچەنــدە بۆخــۆم زەمیــرم مورتاحــە کــە بــە حەڕفێکیــش لایەنگرانــی شــەڕخوازان نەبــووم." ئەوجــا مامۆســتا یــەک بــاوەش گوڤــار و ڕۆژنامــەی بــۆ هێنــام و گوتــی ئــەوە هەمــوو دیــاری برادەرانــی ســلێمانییە حەفتانــە بــۆم دەنێــرن، مــن بــۆ یــەک ســەعاتیش لــە هاوڕییانــی خــۆم دانەبــڕاوم و دژەشــەڕ بــووم."

زۆر دڵخــۆش بــووم کــە کاکــە (جۆشــان) مــووژدەی ئــەوەی دامــێ کــە بەنیــازن کۆبەرهەمەکانــی مامۆســتا مەجیــد ئاســنگەر چــاپ بکــەن. شــەرەفێکی گەورەییــان بــە بەنــدە بەخشــی کــە ئــەم چەنــد دێــڕە سادەییە بــۆ ڕەوان شــاد تۆمــار بکــەم. خــۆم بــە بێزمــان دەزانــم، بەرانبــەر ئــەو پیــاوە جەرکســۆزە خەونــدارە دڵپــاک و کارامەیــە. کــە بــە قــەد خزمەتەکــەی لــە کوردســتانی ئــازاد دا ئــاوڕی لێنەدراوەتــەوە.

خەونەکانــی ئــەو قەڵەمــە هــەر هەمــوو بــۆ ئاســوودەیی و خۆشــگوزەرانی منداڵــی کــورد و ژنــی کــورد و لاوی کــورد بــوو، بــۆ خزمەتکرنــی زەوی و ڕەز و بــاغ و شــاخ و داغ و کانــی و ڕووبارەکانــی کوردســتان بــوو. . بەداخــەوە بــە چاوانــی خــۆی هاتنــەدی خەونــە پەمەییەکانــی دڵــی خــۆی نــەدی. ئــەو ڕۆشــنفکرێک بــوو نغــرۆ لــە خــەون.. خەونــی جــوان جــوان.

ڕۆحی مامۆستا مەجید و هەموو گەردنئازادانی کورد شاد.

دبلن - ١٢ ی ئایاری ٢٠٢١

# یادەوەرییەک دەربارەی شاعیری کوردپەروەر مەجید ئاسنگەر

حەمەکەریم هەورامی

ئـەورۆ ٩ی ئاپریلـی ٢٠١٣ سـاڵێک لـە کۆچـی دوایـی کەسـایەتی نـاسراو و خۆشەویسـتی گەلەکەمـان، مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەری نەمـر تێدەپـەڕێ. پارەکـە بەداخـەوە لێـرە نەبـووم کـە لـە بـە خـاک ئەسـپاردنەکەی دا بەشـداربم، بـەڵام ئەوسـاڵ لـە سـاڵوەگەڕی کۆچـی دوایـی ئـەم کەسایەتییە خۆشەویسـت و گەورەمـدا پێـم خۆشـە هێندێـک بیـرەوەری خۆمتـان بـۆ بگێڕمـەوە و تیشـک بخەمـە سـەر هێندێـک خاڵـی تایبەتـی ئـەم نەمـرە بـۆ زیاتـر ناسـین و ڕێزگرتنـی زیاتـر و دەربڕینـی ئەمـەگ ناسـی پـتر بەرامبـەر بـە ئـەم زاتـە گـەورەی کـە ئێسـتا بـە جەسـتە لـە نێومانـدا نییـە، بـەڵام لـە دڵـی هەموومـان دایـە و بـۆ هەتـا هەتایـەش لەدڵـمان دا دەمێنێتـەوە.

لەم وڵاتەی ئێمەدا گەلێ کەسی مەردو مەزن هەڵکەوتوون، بەبێ دەنگی و بێ خۆهەڵکێشان خزمەتی کۆمەڵ و نیشتمانەکەی خۆیان کردووە و پاداشت و ئافەرینیان لەکەس نەویستووە.

یەکێک لەو کەسانە (مەجید ئاسنگەر ١٩٣٢-٢٠١٢) ئەو زاتە لە شارەکەی حاجی قادری کۆییدا چاوی بە ڕووناکی دنیا کراوەتەوە و زمانی پژاوە.

هەر لە شارەکەی خۆی و لە هەولێر خوێندنەکانی سەرەتایی و دواناوەندی گەیاندووەتە قۆناغی چوونە زانکۆ، لەساڵی (١٩٥١) دا لە کۆلیژی خانەی مامۆستایانی ئەوسا کە ئێستا پێی دەگوترێ (کۆلیژی پەروەردە) لە بەغدا لە بەشی زمانی ئینگلیزیدا وەردەگیرێ، دوای تەواوکردنی خوێندنی ئەو بەشەی کۆلیژ لە پەروەردەی هەولێر بە مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانەی دواناوەندییەکاندا دادەمەزرێ.

وەک دەردەکەوێ ئەو گەنجە کۆییانەی سەردەمی مەجید ئاسنگەر لەمە لە قوتابخانەی پلەیەک خوێندنیان بەدەست دەهێنا و هەستیان دەکرایەوە، بۆ ئەوەی خەڵک بیناسن و واری خۆی لەناویاندا هەبێ، دەبوو دەم لە سیاسەت وەردا و خۆی بە کۆمۆنیست بداتە قەڵەم، بۆ ئەوەی بۆ بچێتە سەر، دەبوو ڕۆشنبیری خۆی بەگۆڤار و ڕۆژنامە خوێندنە و خۆ نزیککردنەوە لە ئاقاری شیعر و شیعر هۆنینەوە تاو بدات، ئەمە وەک نەریت و بگرە نیمچە دیاردەیەکی وارسی لێهاتبوو. یان ببوو بە باوی ناو خوێندوارەکان و بافتی درابوویە، کەچی (مەجید ئاسنگەر) و ڕەنگە چەندان گەنجی دیکەی وەک ئەو لەو بەند و باوەلادەدەن و ڕێچکەیەکی تری بیرو بۆچوون بۆخۆیان پەسەند دەکەن، ڕێچکەی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری سەر بەکوردایەتی.

(مەجید ئاسنگەر) بەبێ دەنگی و بە ئاستەم خۆی بە کوردایەتییەوە خەریک دەکات، دەشزانێ ڕێگەی کوردایەتی پڕە لە هەڵدێر و کۆسپ و تەگەرە و ئێش و ئازار، وەلێ گرتنەبەری ئەرکێکی پیرۆزەو فریاکەوتن و بە

هــاوارەوە چوونــی نیشــتمانی داگیرکــراوە.

لــەو بــوارەدا چالاکییەکانــی دەخاتــە کار، تــا لــە ســاڵی (١٩٤٨)دا دەچێتــە نــاو ڕیــزە نهێنییەکانــی (پارتــی دیموکراتــی کــورد- کوردســتان)ەوە شــان بەشــانی هاوبیرانــی خــۆی لەنــاو ئــەو حزبــەدا بیروبــاوەڕی کوردایەتــی خــۆی جــۆش دەدا.

هەناســەی هەســتە نیشــتمانییەکانی تێکــەڵاو بــە هۆنــراوە و وتــارە بڵاوکراوەکانــی دەکات و بـــە خوێنەریـــان ڕادەگەیەنـــێ، ئەویـــش بـــۆ گەیاندنـــی بیروبۆچوونـــە نەتەوایەتییەکانــی پەنــا دەباتــە بــەر نووســینی هۆنــراوە و کورتــە وتــار، لــە گۆڤــار و ڕۆژنامەکانــی ئەوســادا بڵاویــان دەکاتــەوە.

ئـــەو کۆمەڵـــە بەرهەمانـــەی مەجیـــد ئاســـنگەر لەهـــەر بەرگێکـــدا بووبـــن چ ئەوانــەی دەخوێنرانــەوە یــان ئەوانــەی کرابــوون بــە گۆرانــی و دەبیــسران ئەوانــەی ئاســنگەریان بــردە ڕیــزی ڕۆشــنبیران و شــاعیرە گەنجــە نیشــتمانپەروەرەکانەوە، بەرهەمەکانــی هەرچەنــد کەمبــوون، بەڵگــەی ئــەوە بــوون کــە ناوبــراو خاوەنــی خامەیەکــی بڕشــت و بــە پێــزە. وەک دەردەکــەوێ ماوەیــەک بەرهەمەکانــی بەنــاوی (مەجیــد حــداد) بڵاودەکاتــەوە، تــا جارێــک مامۆســتای نەمــر گیــوی موکریانــی پێــی دەڵــێ: تــا ئــەو (حــداد)ە نەکــەی بــە ئاســنگەر شــتت لــە (هەتــاو) بــۆ بڵاوناکەمــەوە، ئیــدی لەوســاوە نازناوەکــەی دەکات بــە (ئاســنگەر).

مــن کــە لــە ســاڵی (١٩٦٤) لــە هەولێــر لــە خانــەی مامۆســتایان بــە مامۆســتا دامــەزرام نــاوی (مەجیــد حــداد)م بیســتبوو، بــەڵام نەمدیبــوو، بیســتنەکەی لــەدوو ســەرچاوەوە بــوو لــە بەرهەمەکانیــەوە کــە بــڵاوی دەکردنــەوە، دووەم لــەو کتێبــەوە ناســیم کــە (ئەحمــەد فــەوزی) لەســاڵی (١٩٦٠)دا لــە قاهیــرە بەنــاوی (قاســم و الاکــراد- خناجــر وجبــال) دەری کــرد، لەکتێبــەدا لەلاپــەڕەی (١١٩)دا باســی ئــەو یاداشــتە دەکات کــە (١٠) کەســایەتی کــورد بەرێکەوتــی (١٩٦٠/١/٩) دەیدەنــە وەزارەتــی ناوخــۆی عەبدولکەریــم قاســم تیایــدا داوای مۆڵــەت وەرگرتــن دەکــەن بــۆ (پارتــی دیموکراتــی کوردســتان) یەکــەم و دووەمــی لیســتی دەســتەی

دامەزرێنـــەر نەمـــران (مـــەلا مســـتەفا و ئیبراهیـــم ئەحمـــەد)ن. بـــۆ پاڵپشـــتی داواکـــەی ئـــەوان لیســـتی پەنجـــا کەســـی نـــاسراوی ناوچەکانـــی کوردســـتان هەیـــە، چواردەهەمیـــن کـــەس (مەجیـــد حـــدادی مامۆســـتا)یە.

من لەو کتێبەوە ئەو زاتەم ناسی و زانیم کوردێکی نیشتمانپەروەرە.

کـــە ئـــەو کـــرا بـــە بەڕێوەبـــەری خانـــەی مامۆســـتایانی هەولێـــر، منیـــش لـــەوێ مامۆســـتا بـــووم، ئیـــدی لـــە نزیکـــەوە یەکتریـــمان ناســـی و بەیەکـــەوە بەنـــاوی خانـــەی مامۆســـتایان گۆڤـــاری (تیشـــک)مان دەرهێنـــا، لـــە ســـاڵی (١٩٧٠) دا کـــە یەکێتـــی نووســـەرانی کـــورد دامـــەزرا بەیەکـــەوە لـــە تـــەک چەنـــد شـــاعیر و نووســـەرێکی شـــاری هەولێـــردا چووویـــن بـــۆ بەغـــدا و بەشـــداریمان لـــە کۆنگـــرەی یەکەمـــی نووســـەران لـــە گەلـــەری (خولـــد) کـــرد.

لـــە ڕێگـــەی ئاشـــنابوونمانەوە بـــۆم دەرکـــەوت ئـــەو زاتـــە لـــە پێنـــاو کوردایەتیـــدا تووشـــی حەپـــس و ئـــازار و ئەشـــکەنجە و دوور خســـتنەوە لـــە کوردســـتان بـــووە و کۆڵـــی نـــەداوە.

لـــە ســـاڵی (١٩٧٤) هەردووکـــمان هەریـــەک لـــەلای خۆیـــەوە مـــاڵ و منـــداڵ و فەرمانبـــەری خۆمـــان بەجێهێشـــت و ڕوومـــان کـــردە نـــاو شـــاخ و چووینـــە نـــاو ڕیـــزی پێشـــمەرگەوە، لەوێـــش لـــە ئەمینداریەتـــی گشـــتی پـــەروەردەی شـــۆڕش یەکـــمان گرتـــەوە، ئـــەو کـــرا بەسەرپەرشـــتیاری پـــەروەردەی قوتابخانـــە ناوەنـــدی و دواناوەندییەکانـــی ناوچـــە ئازادکـــراوەکان، منیـــش بـــووم بـــە بەڕێوەبـــەری گشـــتی پرۆگرامـــەکان.

دەزگاکانـــی پـــەروەردە لەنـــاو پـــردان بـــوون، ئێـــواران دوای دەوام لەســـەر جادەکـــەی ناوپـــردان بەیەکـــەوە پیاســـەمان دەکـــرد و خەونەکانـــی ســـەرکەوتنمان دەدانـــەوە بـــەر خەیاڵـــمان و ئومێـــدی ســـەرکەوتنمان لەخـــۆ نزیـــک دەکـــردەوە، بـــەڵای گەردەشـــی وڵاتـــە زلهێـــزەکان و بیـــر تەســـکی وڵاتـــە موســـڵمانەکان چاویـــان بەرایـــی نـــەدا بمانبینـــن لەســـەر خاکـــی خۆمـــان ئـــازاد بیـــن، پیلانیـــان نایـــەوە، نسکۆی

سـاڵی (١٩٧٥) یـان بـۆ هێنایـن و دامـودەزگای شۆڕشـی پێچایـەوە و دەربـەدەری کردیـن و بـە دەسـت بەتاڵـی گەڕاینـەوە.

کـە حکومـەت و پەرلەمانـی کوردسـتان لـە سـاڵی (١٩٩٢) دامـەزران، مامۆسـتا مەجیـد لـە پەرلەمـان دادەمەزرێـت و دوای ماوەیـەك دەبێتـە ڕاوێـژکار پەرلەمانـی کوردسـتان، مەجیـد ئاسـنگەر جگـە لـەو هۆنراوانـەی کـە تـا ئێسـتا لـە چـاپ نـەدراون کۆمەڵـێ کتێـب و چیرۆکـی بیانـی لـە زمانـی ئینگلیزییـەوە وەرگێڕاونەتـە سـەر زمانـی کـوردی، هەموویـان سـەرجەم ئـەوە نیشـان دەدەن کـە بـەو کارانـەی ویسـتوویەتی کتێبخانـەی کـوردی دەوڵەمەنـد بـکات و هـەم ئـەو کارانـەی بکاتـە پردێـک بـۆ گواسـتنەوەی ڕۆشـنبیری بیانـی بـۆ نـاو کەلتـووری کـوردی و دەوڵەمەنـد کردنـی.

مـن لـەو سـاڵەوە کـە کاک مەجیـد ئاسـنگەرم ناسـی تـا پێـش کۆچکردنـی، پەیوەندیـمان هەبـوو، ڕۆژێـک بـەر لـە کۆچکردنـی چومـە لای، نەخـۆش بـوو، لەخـۆ ڕادەسـتکردنی مردنـدا بـوو، کـە وەختـێ هەڵسـام خواحافیـزی لـێ بکـەم دەسـتم خسـتە نـا دەسـتی،توند دەسـتمی گـرت و بـەری نـەدەدا، کـە بەریـدا خواحافیـزی لێکـردم، منیـش قورگـم پـڕ لـە گریـان بـوو، تـا لـە چـاو ئـەو ونبـووم هـەر بـەرەو دوا بـۆ لای ئـەو ئـاوڕم لێدەدایـەوە.

یادت بەخێر بێ، گۆڕت پڕ نووربێ مەجید ئاسنگەر

٢٠٢١/١١/١٩

# مامۆستا مەجید ئاسنگەر کەسێکی پڕ نەزاکەت و بێلاف وەك بەڕیوەبەری خانەی مامۆستایانی هەولێر

حەمەکەریم هەورامی

خانـەی مامۆسـتایان کـە بـە عەرەبـی پێـی دەگوتـرا (دارالمعلمیـن الابتدائیـە) لـە هەولێـر، لـە سـاڵەکانی پەنجـاوە تـا سـاڵی (١٩٧١) بـەردەوام بـوو، قوتابـی دەرچووانـی قۆناخـی دوەمـی ناوەنـدی- دەرچووانـی پۆلـی سـێیەم ی وەردەگـرت و دوای سـێ سـاڵ خوێندنـی هونەرەکانـی پیشـەی مامۆسـتایەتی و خوێندنـی بنەمـا سـایکۆلۆژی و پەروەردەیـی دەردەچـوون و دەبـوون بـە مامۆسـتای قوتابخانـە سـەرەتاییەکان.

لەراسـتیدا خانـەی مامۆسـتایانی سـەرەتایی وەك زانکـۆی چینـی هـەژار و بێدەرامەتـان بـوو، چونکـە دەرچووانـی دەبوونـە مامۆسـتای سـەرەتایی و بـەو مووچەیـە کـە وەریـان دەگـرت پاشـەرۆژی خۆیـان دابیـن دەکـرد و

خانەوادەکانیشـیان لەبـارەی گـوزەران و بژیویـەوە دەردی هەژاریـان لەسـەر سـووك دەبــوو.

ســاڵی (١٩٦٨) بــوو، بەڕێوەبــەری خانــە بــۆ بەڕێوەبەرایەتــی گشــتی هەولێــر گوێزرایــەوەو بەڕێوەبەرێکــی نوێــی بــۆ دانــرا، مــن تــا ئــەو دەمــەی بەڕێوەبــەرە تازەکــە دەســتی بــەکار کــرد نەمناســیبوو، بــەڵام گوێــم لەنــاوی ببــوو، کــە نــاوی (مەجیــد حــەداد- ئاســنگەر)ە، کــە دیــم بــۆم دەرکــەوت تــا بڵێــی کەســێکی پــڕ نەزاکــەت و بێــلاف بــوو، خانــەی مامۆســتایان بەڕێوەبەرێکــی وەهــای پێویســت بــوو بــۆ ئــەوەی ببــێ بــە پێشــەنگی مامۆســتایان و قوتابــی و دەســت و پەیوەنــدی خانــە کــە دەزگایەکــی پەروەردەیــی بــوو.

بەڕاســتی ئــەو بەڕێوەبــەرە (مەجیــد ئاســنگەر) بــۆ بەڕێوەبەرایەتــی ئــەو قوتابخانەیــە کەســێکی گونجــاو و هەڵکەوتــە بــوو بەدرێژایــی ســێ ســاڵ کــە بەڕێوەبــەر بــوو هیــچ گرفتێــك چ لــە نــاو مامۆســتایاندا یــان لەنێــو قوتابیــان و مامۆســتایاندا رووی نــەدا. کــە ئەمــە بەڵگــەی ســەرکەوتوویی و ژیــری بەڕێوەبــەر و دەســتەی بەڕێوەبەرایــەتی دەگەیەنــێ.

لەیادمــە یەکــدوو مامۆســتای کەمتەرخــەم هەبــوون، هەنــدێ لــە وانەکانــدا دوادەکەوتــن، یــان لەگــەڵ قوتابییەکانــدا گێچەڵیــان دەنایــەوە، بــەڵام بەرلــەوەی لــە قوتابخانــە دەنــگ بداتــەوە، یــان بگاتــە بەڕێوەبەرایەتــی گشــتی هەولێــر، یــان تەشــەنە بــکات گیروگرفتەکــە بەشــێوەیەکی پەروەردەیــی چارەســەر دەکــرا. (نــە شــیش دەســووتا و نــە کەبــاب) ئەمــە بەڵگــە و نیشــانەی ســەرکەوتنی بەڕێوەبــەری دەگەیانــد کــە بەڕێــز مامۆســتا (مەجیــد ئاســنگەر) بــوو، بڕواناکــەم خانــەی مامۆســتایان لــە هەولێــر بەڕێوەبــەری وەك ئــەوی هەبووبــێ.

مامۆســتا مەجیــد حــەداد- ئاســنگەر جگــە لــەوەی مامۆســتایەکی پــەروەردە و دیــار و بەڕێوەبەرێکــی کارامــە بــێ، لــە شــیعر و ئەدەبــی کوردیــدا بەرهەمــی هەبــوو، هەنــدێ لــە شــیعرەکانی کرابــوون بــە گۆرانــی و لــە ئێســتگەدا

بڵاودەکرانــەوە، گەلــێ جــار (فوئــاد ئەحمــەد) ی گۆرانــی بێــژ دەهاتــە لای، دیــارە بــۆ ئــەوە دەهــات پارچــە شــیعرێکی بداتــێ بیــکات بــە گۆرانــی.

ســاڵی (١٩٦٨) بــوو نیازمــان هاتــە ســەر ئــەوە گۆڤارێــك دەربکەیــن، گۆڤارەکــە مامۆســتا و قوتابــی (دارالمعلمیــن الابتدائیــە) لــە هەولێــر دەری بکەیــن، کــە پرســمان بــە بەڕێوەبــەر مامۆســتا مەجیــد کــرد، راســتەوخۆ رەزامەنــدی پێشــاندا، ئەویشــمان بــە ســەرۆکی دەســتەی بەڕێوەبــەر دانــا و گۆڤارەکەمــان ناونــا "تیشــك" ژمــارە (یــەك) و (دووی) لــێ دەرچــوو، دەســتەی نووســەری گۆڤارەکــە بریتــی بــوون لــە: مەجیــد ئاســنگەر، حەمەکەریــم هەورامــی، فاتــح محەمــەد، لــە قوتابیــان (نــوری نانەکەلــی).

لە خانەی مامۆستایان ئەم مامۆستایانە دەستەی وانە وتنە بوون:

١- خالص جواد: یاریدەدەری بەڕێوەبەر.
٢- حەمەکەریم هەورامی- مامۆستای سایکۆلۆژیەت.
٣- بدرخان سندی- مامۆستای سایکۆلۆژیەت.
٤- هاشم حسن عەقراوی- مامۆستای کۆمەڵایەتی
٥- جەلال غەریب- مامۆستای عەرەبی
٦- ضیا القصاب- مامۆستای مۆسیقا
٧- شێخ بورهان- مامۆستای ئینگلیزی
٨- فوئاد شێخ جەمال – مامۆستای بایۆلۆجی
٩- جواد رەسول – مامۆستای هونەر

هی تریش لەیادم نەماون.

پــاش بەیاننامــەی ئــازاری ســاڵی (١٩٧١) خانەکانــی مامۆســتایانی ســەرەتایی لــە هەمــوو پارێزگاکانــدا بــە فەرمانــی حکومــەت داخــران.

ئێمــە دەســـتەی مامۆســـتایان و بەڕێوەبـــەر دوای دەرچووانـــی دوا وەجبـــەی قوتابیــان ماینــەوە، هەریــەك لــە چاوەڕوانــی ئــەوە دابوویــن بەســەر قوتابخانەکانــدا

دابەشمان بکەن. تەگبیر هاتە سەر ئەوە بڕۆین بۆ لای پارێزگاری ئەو کاتەی هەولێر کە عبدالوهاب ئەتروشی بوو، دوای بەیاننامەی ١١ ی ئازار بە پێشنیاری مەکتەبی سیاسی کورد و خوالێخۆشبوو سەرۆك بارزانی دانرابوو، چووینە لای مامۆستا مەجید وەك بەڕێوەبەر پێشمان کەوت پارێزگارمان تێگەیاندن کە هەوڵ بدات خانەی مامۆستایان بکرێتەوە، چونکە هەژاران ناتوانن منداڵی خۆیان بنێرنە بەغدا خوێندن تەواو بکەن، لە هەمان کاتدا لە رۆژنامە بڵاوکرابووەوە کە حکومەت دەیەوێت لە جیاتی خانەکانی مامۆستایان (پەیمانگەی ئامادەکردنی مامۆستایان) بکاتەوە داوامان لە پارێزگار کرد هەوڵ بدات یان خانەکەی جاران لە کوردستاندا بکرێتەوە یان ئەو پەیمانگەیە کە نیاز وایە لە بەغدا بکرتێەوە بۆ پێڕاگەیاندنی مامۆستایان لە هەولێر بکرێتەوە. ئەوەمان بە پارێزگا راگەیاند، بەڵام لەوە دڵنیا نەبووین عەبدولوەهاب لەوەی ئێمە دەمانویست حاڵی بووبێ، ئێمە لە خەمی ئەوە دابووین منداڵی ئەو کوردەواریەی خۆمان دوای نەمانی خانەی مامۆستایان بۆ کوێ بچن، بوون بە مامۆستای سەرەتایی هەم سامان بوو هەم پایە بۆ منداڵانی کوردەواری.

کە گەڕاینەوە تەگبیرمان هاتە سەر ئەوە دوو مامۆستا بنێرین بۆ (ناوپردان) بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ ئەوی داوایان لێ بکات ئەو پەیمانگەیە کە نیازە لە بەغدا بۆ ئامادەکردنی مامۆستایان بکرتێەوە بێتە هەولێر، دوو مامۆستا چوون داخوازییەکیان لە بەڕێوەبەر و دەستەی مامۆستایانەوە برد ئەو داخوازیەی تێدا باسکرابوو، هەر ئەوکات مەکتەبی سیاسی شۆڕش داوای لە حکومەت کردبوو ئەو پەیمانگەیە لەهەولێر بکرێتەوە، حکومەت رەزامەندی نواندبوو ئەوە بوو پەیمانگەکە لە هەولێر لەساڵی (١٩٧١) کرایەوە، مامۆستا شێخ خالص جواد کرا بە بەڕێوەبەری پەیمانگەکە، بەندە چونکە مامۆستای سایکۆلۆژیەت بووم خرامە سەر میلاکی

پەیمانگەکـە بـەڵام لـە ژێـر هەژموونـی حیزبـی بەعسـدا بـوو.

پاشان مامۆستا مەجید خۆی بۆ کۆیە گواستەوە.

خانــەی مامۆســتایان گەلــێ مامۆســتای ســەرکەوتوو و نووســەر و شــاعیری پێگەیانــدن. بــۆ نمونــە:

عەزیز گەردی، جەمیل رەنجبەر، محەمەد کەریم شەریف

هــەر ئــەو دەمــەی کــە مامۆســتا مەجیــد ئاســنگەر بەڕێوەبــەر بــوو، دەورەیەکـی پەروەردەیـی بـۆ ئـەو دەرچوانـەی شەشـی ئامادەیـی کرایـەوە، بـۆ ئەوانــەی ئارەزوویــان هەبــوو بــبن بــە مامۆســتای ســەرەتایی، دەورەکــە شــەش مانــگ بــوو، یەکێــك لــەو قوتابیانــەی دەورەکــە (عەبدوڵــڵا پەشــێو) بــوو، ئــەو دەورەش بەسەرپەرشــتیاری بەڕێوەبــەری خانــەی مامۆســتایان مامۆســتا مەجیــد ئاســنگەر بــوو.

دوا وتـەم ئەمەیـە مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر نموونـەی کەسـایەتییەکی دڵسـۆز و کوردپـەروەر بـوو، لەسـەردەمی توندوتیـژی لـە نێـوان دوو حیزبـە سـەرەکییەکەی کوردسـتاندا مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر وەك کەسـێکی کوردپـەروەر هەڵسـوکەوتی دەکـرد و تەماشـای هەمووانـی بەیـەك چـاو دەکـرد، جێگـەت بەهەشـتی بەریـن بـێ ئـەی مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر.

هەولێر، ٢٠٢٢/٢/٧

# لە کەسایەتییەکانی کۆیە شاعیر و نووسەر نیشتمانپەروەری کورد (مەجید ئاسنگەر ١٩٣٢-٢٠١٢)

گۆڤاری (کەکۆن) ژمارە (٢٤) تشرینی یەکەمی ٢٠١٢

کەریم شارەزا

شاعیر و نووسەر و پەروەردەکار و نیشتمانپەروەری کورد مەجید ئەحمەدئەمین ناسراو بە (مەجید ئاسنگەر) لە ساڵی ١٩٣٢ لە گەڕەکی بەفریقەندی شاری کۆیە، شاری ئەدەب و هونەر و خەباتی کوردایەتی لەدایکبووە.

خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شارەکەی خۆی تەواو کردووە و لە پایزی ١٩٤٨ دا چۆتە هەولێر و ئامادەیی لە ساڵی ١٩٥٠ تەواو کردووە، ساڵێک بە کاری حزبییەوە خەریک بووە، چونکە ئەندامێکی چالاک و کادیرێکی باوەڕ پتەوی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، بۆ پایزی ساڵی ١٩٥١ چووەتە بەغدا و لە کۆلیژی خانەی باڵای مامۆستایان، کە ئێستا

پێــی دەگوتــرێ (کۆلیــژی پــەروەردە) وەرگیــراوە و لــە بەشــی زمانــی ئینگلیــزی خوێندوویەتــی، هەمــوو ســاڵێک بــە پلەیەکــی بــەرز دەرچــووە. تاکــو لــە ســەرەتای هاوینــی ١٩٥٥دا خوێنــدن تــەواو دەکات و بــۆ پایزەکــەی بەمامۆســتای زمانــی ئینگلیــزی لــە دواناوەنــدی هەولێــر دادەمــەزرێ ونموونــەی مامۆســتای ســەرکەوتوو بــووە.

مامۆســتا مەجیــد لــە دوای بەرپابوونــی شۆڕشــی ١٤ی تەمــووزی ١٩٥٨، چالاکییەکــی زۆر لــە پارتیــدا دەنوێنــێ، کــە بــە فەرمــی لــە ١٩٦٠/٢/٩ مۆڵەتــی کارکردنــی سیاســی وەک پارتێــک وەدەگــرێ، ئەویــش دەبێتــە بەرپرســی ڕێکخســتنی هەولێــر و لــە کۆڕوکۆبوونەوەکانــی وتاربێژێکــی بێهاوتــا دەبــێ.

کاتێــک لــە پایــزی ١٩٦٠ەوە عەبدولکەریــم قاســم لــە بەڵێنەکانــی بــۆ چارســەرکردنی مەســەلەی کــورد پەشــیمان بــۆوە، کاک مەجیــد لەســەر چالاکــی سیاســی بــە فەرمانــی حاکمــی گشــتی عەســکەری عێــراق لەنــاو قوتابخانــە گیــراو ڕەوانــەی (بــەسرە) کــراو لــە بەندیخانــەی ئــەو شــارە دەستبەســەرکرا، تاکــو ســەرەتای ١٩٦١، دوایــش ئازادکــراو گەڕایــەوە هەولێــر و مــاوەی نــەدرا بچێتــەوە ســەرکارەکەی، بەڵکــو دوورخرایــەوە بــۆ قــەزای (ســوێرە) لــە پارێــزگای واســیت (کــوت) لــە دواناوەندییەکــەی وانــەی ئینگلیــزی گوتــەوە، تاکــو ســاڵی ١٩٦٤، ئینجــا گوێزرایــەوە بــۆ پارێــزگای هەولێــر و ماوەیــەک کــرا بــە بەڕێوەبــەری خانــەی مامۆســتایانی ســەرەتایی و پەیمانگــەی مامۆســتایان لــە هەولێــر.

مامۆســتا مەجیــد لــە ســەندیکای مامۆســتایانی کۆمــاری عێــراق دەورێکــی دیــاری هەبــوو لــە کۆنگــرەی یەکەمــی ئــەو ســەندیکایە، کــە لــە ١٩٥٩/٢/٢ لــە هۆڵــی مەلێــک فەیســەڵ لــە بەغــدا بەســترا، وەک نوێنــەری هەولێــر دەورێکــی باشــی هەبــوو لــە لیژنەکانــی ســەندیکاکە، لــە کۆنگــرەی دووەمیشــی لــە ١٩٦٠ دا چالاکــی پــتر نوانــد و بــە هیممەتــی مامۆســتا دڵســۆزە کــوردەکان توانــدرا لــە کۆنگــرەی یەکەمــەوە بڕیــاری دامەزراندنــی بەڕێوەبەرایەتــی گشــتی خوێندنــی

کـــوردی و بەســـتنی کۆنگـــرەی مامۆســـتایانی کـــورد ســـاڵانە ســـاز بـــدرێ بـــۆ پێشخســـتنی پرۆســـەی خوێندنـــی کـــوردی.

مامۆســتا مەجیــد لــە ســاڵی ١٩٦٤ دا هاوســەرگیری بەســت لەگــەڵ خاتــوو (پەرژیــن)ی کچــە گــەورەی شــاعیری کوردپــەروەر عوســمان عەونــی و کچێــک و دوو کــوڕی بــە جەوهــەری لــێ بــوو. خاتــوو (ڕۆژان)ی کچــی ئێســتا لــە ســوێدە و بڕوانامــەی ماســتەری هەیــە لــە پزیشــکی بەیتــەری، کاک (جۆشــان)ی کــوڕی بڕوانامــەی ماســتەری لــە کشــتوکاڵ وەرگرتــووە. کاک (بۆتــان)ی کــوڕە بچووکیشــی دکتــۆرای لــە ئەندازیــاری کشــتوکاڵی لــە بەریتانیــا بەدەســت هێنــاوە.

مامۆســتا مەجیــد ئاســنگەر، کەســایەتییەکی نەتەوەیــی کــورد بــوو، هــەر لەگــەڵ هەڵگیرســانی شۆڕشــی ئەیلوولــی ڕزگاریخــوازەوە دڵــی لەگــەڵ شۆڕشــگێڕان بــوو، بــەڵام بــۆی نەلــوا بچێتــە پاڵیــان، تــا ١٩٧٤ کــە شــەڕ دەســتی پێکــردەوە لــە نێــوان ســوپای بەعــس و هێــزی پێشــمەرگەی کوردســتان دەســتی لــە فەرمانەکــەی هەڵگــرت و چــووە پــاڵ شــۆڕش و کــرا بــە سەرپەرشــتیاری پەروەردەیــی بــۆ قوتابخانــەی ناوچــە ئازادکراوەکانــی کوردســتان، تــا نســکۆی ئــەو شۆڕشــە مەزنــەی کــورد بــە کاریگــەری پەیمانــە شــوومەکەی جەزایــر. کــە لــە ١٩٧٥/٣/٦دا لــە نێــوان ســەدام حوســێن وشــای ئێــران بەســترا. ئینجــا گەڕایــەوە شــاری کــۆی دوای ماوەیــەک خــۆی خانەنشــین کــرد.

مامۆســتا مەجیــد ئاســنگەر لــە دوادواکانــی چلەکانــی ســەدەی بیســتەمەوە وەکــو شــاعیرێکی نیشــتمانپەروەر و نووســەرێک هاتــە مەیدانــی ئەدەبــی کــوردی، گەلێــک شــیعری ناســکی دڵــداری و هۆنــراوەی نەتەوەیــی دانــاو زنجیرەیەکیشــی لــە نووســینی ئەدەبــی و سیاســی و چیــرۆک نووســی و وەرگێڕانــدا هەیــە. لــە ســەرەتادا ئــەم مامۆســتایە نــاسراو بــوو بــە مەجیــد حــداد، بــەڵام کــە گۆڤــاری (هەتــاو) لــە ١٩٥٤/٥/١٥دا لــە هەولێــر لەلایــەن خوالێخۆشــبوو گیــوی موکریانــی دەرچــوو، بــە نازنــاوی (حــەداد) بابەتــی ناردبــوو بــۆ مامۆســتا گیــو، ئەویــش پێــی گوتبــوو

نازناوکـەت نەکەیتـە کـوردی بابەتـت لەهەتـاو بڵاوناکەمـەوە، ئەمیـش نازناوەکـەی کـردە کـوردی بەنـاوی مەجیـد ئاسـنگەر و بابەتـی هەمەجـۆری بڵاودەکـردەوە.

مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر تـا لـە ژیانـدا بـوو شـەش کتێبـی ئەدەبـی و یاسـایی لـە ئینگلیزییـەوە کـردن بـە کـوردی و بـە چاپـی گەیانـدن. جگـە لـە زنجیرەیـەک لــە چیــرۆک و شــانۆی کــوردی چ لــە نووســینی خــۆی و چ لــە وەرگێڕانــی لــە ئینگلیزییــەوە بەدەستنووســی لــە پــاش بەجێــماون و چاوەڕوانــی چاپکردنــن.

مامۆسـتا مەجیـد لـە پایـزی ١٩٩٢ دا لەگـەڵ هاوکارانـی وەک کەریـم شـارەزا، کەمـال عەبدولقـادر نەشـئەت بـە گرێبەسـت لـە پەرلەمانـی کوردسـتان لـە بەشـی کاروبـاری پەرلەمـان دامـەزراو لـە دواییـدا لـە ساڵی ٢٠٠٢ بـە ڕاوێـژکاری ڕاگەیانـدن دامــەزرا و بەرێکوپێکــی ئەرکــی سەرشــانی خــۆی جێبەجــێ کــرد تــا لــە٢٠١٠/٢/١ دا خانەنشــین کــراو ئــەو ماوەیــە دوا دوای ژیانــی بــە نەســاغی بەســەربرد و لــە ئەنجامـدا لەماڵـی خـۆی لـە گەڕەکـی موفتـی شـاری هەولێـر لـە بەرەبەیانـی ڕۆژی ٢٠١٢/٤/٩ دا کۆچــی دوایــی کــرد و بەڕێزێکــی زۆرەوە تەرمەکــەی لــە گۆڕســتانی کەسـنەزانی هەولێـر بەخـاک سـپێردرا، سـڵاو لـە گیانـی پاکـی.

# چەند تیشکێک لە ئەستێرەیەکی درەوشاوە بۆ گیانی پاکی مامۆستا و نووسەر و شاعیر (مەجید ئاسنگەر) خوای لێخۆشبێت

کازم کۆیی

هــەر لــەو ڕۆژەی ژیــان لەســەر گــۆی زەوی بوونــی هەبــووە و مــرۆڤ بــە هەمــوو ســوچێکی ئــەم دونیایــە بڵاوبۆتــەوە و هــەردەم بــەردەوام لەژیانــدا هێــزی شــەڕ و هێــزی خێــر لەبەرەنگاربوونــەوەی یەکتری دابوونــە لەهەمــوو ســەردەمێک مرۆڤــی بــاش و مرۆڤــی خــراپ هەبــووە، بــەڵام هەمــوو کاتــێ ئــەو مرۆڤانــەی کــە لەگــەڵ هێــزی خێــر و چاکــە و پێشــکەوتنی مرۆڤایەتــی بوونــە بــەردەام ڕێگەکانیــان زۆر ســەخت و دژوار بــووە و بەربەســتەکانی ڕێگــەی ژیانیــان زۆر بــووە. بــەردەوام کێشــەو گرفتیــان هەبــووە، ئەمیــش دەگەڕێتــەوە بــۆ ڕاســترەویان و پاکیــان و دڵســۆزیان.. هتــد.

مــن لــەو کاتــەی مامۆســتا (مەجیــد ئاســنگەر)م ناســیوە و ئــەو کاتانــەی کــە

لەگەڵی دانیشتووم و بە تەنیا لە نزیکەوە گفتوگۆم لەگەڵی کردووە من وەک خۆم وەک کازم کۆیی وەک ئەستێرەیەکی درەوشاوەم سەیر کردووە، وەک مرۆڤ و خاک و نیشتمانپەروەرێک لە ڕوخساریم ڕوانیوە، ئینجا وەک مامۆستایەکی خاوەن ئەزموون و شاعیرێکی هەست ناسک مامۆستا (مەجید) کە لەگەڵی دادەنیشتی هەستت بە کات نەدەکرد، لەبەر ڕووخۆشی و قسەخۆش و بە سوودەکانی و گوێگرتنی لێت وەکو پێویست، ئەوکاتانەی کە دەچوومە لای یا لە شوێنێ دەمبینی یائەو کاتانەی کە پێکەوە لە لیژنەی هەڵسەنگاندنی هۆنراوە بووین لە فیستیڤاڵی ساڵانەی (چوارچرا) ساڵی (٢٠٠١) کە فیستیڤاڵەکە لە ٢٠٠٢/١/٢٢ سازکرا لە هەولێر- هۆڵی میدیا. مامۆستا سەرۆکی لیژنەکە بوو ئەندامانیش (غەریب پشدەری، نەجم ئەلوەنی، کازم کۆیی) بوون. ئەوکات زوو زوو یەکتریمان دەبینی کە چاوی پێم دەکەوت یەکسەر لە دوورەوە بە ڕوویەکی گەشاوەوە پێدەکەنی چونکە دەیزانی هەردەم قسەی خۆش و خەمڕەوێنی بۆ دەکەم یەکەمجار هەواڵەکانم پێ ڕادەگەیاند بە گشت ئینجا یەک دوو بەسەرهات و قسەی خۆش و نوکتەم بۆ دەگێڕاوە کە مەبەستم بوو تەنیا پێبکەنێ و دڵخۆش بێ چونکە من بەدڵ خۆشم دەویست، ڕوانینم بۆ بەڕێز مامۆستا (مەجید ئاسنگەر)ی هەمیشە لەیاد هەردەم وەک (باوکێک، گەورەیەک، زانایەک، هەست پەروەرێک) بوو، هەستیشم دەکرد کە زۆر منی خۆشدەوێت و ڕێزم دەگرێت ئەو ڕێزگرتنەی ئەو هاندانێک بوو بۆ من بۆ کاری نوێ و باشتر. کاتێ هەر کارتێکی داوەتنامەم بۆ دەبرد زۆر بەڕێزەوە وەری دەگرت و دەیوت خودایار بێت ئامادەبم تا بۆی کرابێت ئەوەندەی من ئاگادار بم پابەند دەبوو بە بەڵێنەکان و داوەتنامەکان.

مامۆستای بەڕێز لەژیانیدا حەزی لە پلەو پایە و دەوڵەمەندی نەبوو، حەزی لەکاری خوار و نابەجێ و نایاسایی نەبوو حەزی لە دڵشکاندنی کەس نەبوو، ئەو کاروپلە و بەرپرسیاریانەش کە لە ژیانیدا وەریگرتوە هەمووی بە

ڕەنج و لێهاتوویی و زیرەکی و خەباتی خۆی بووە و لە هەموو کارەکانیشی هەردەم سەرکەوتوو بووە و جێ پەنجەی مۆری پاکی و یادگاری جوانی لە هەموو شوێنێک بەجێ هێشتووە کە کاری لێ کردووە. بەڵام وەک وتوومە:

ئەو دڵانەی بەڕاست دڵن
کانین، مۆمن، چران، گوڵن
بۆ ژیان هوزاری سەرچڵن
حەیفە زوو بەرەو ژێر گڵن

حەیف و مخابن ئەو مرۆڤانەی کە هەردەم وەک ئەستێرەیەکی درەوشاوەن و زوو ئاوا دەبن مەرگ ڕێگەیان لێ دەگرێت و یا کۆسپ و بەربەستەکانی ژیان ئەوەندە بواریان پێنادات کە وەکو پێویست و ویستی خۆیان خزمەتی گەل و نیشتمان و مرۆڤایەتی بکەن، مەرگ یا کارەساتەکانی ژیان ئەوەندە بواریان پێنادات کە بیسەلمێنن چەندە حەزیان لە کاری باش و پاکە، چەندە حەزیان لە خزمەتی گەل و خاکە، چەندە حەز دەکەن مۆم ئاسا بتوێنەوە و ڕووناکی بەدەوری خۆیان ببەخشن و عاشقانی ڕووناکی پەروانە ئاسا دڵشاد بن بە گڕ و ڕووناکییەکەی، من هەرچەند لە تەمەنی مامۆستای بەڕێز نەبووم و زۆر لە نزیکەوە لە شوێنی کارکردنەکانی ماوەیەک کارم لەگەڵی نەکردووە، بەڵام تەنیا بەو ماوە کەمەی کە ئەم مامۆستا هەست پرشنگدارەم ناسی، دەتوانم بڵێم شایانی هەموو وشەیەکی جوان و ڕازاوەیە بۆی بنووسرێ، ئەی ئەگەر من چەند ساڵێک لەیەک لەشوێنەکانی کارکردنی لەگەڵی دابوومایە، ئەوا دەبا کتێبێکی تەواوی لەسەر بنووسم، بۆیە داوای لێبوردن لە گیانی پاکی مامۆستای کۆچ کردوو و بنەماڵەکەی دەکەم کە ئەم نووسینەم وەک چەند تیشکێک لە ئەستێرەیەکی درەوشاوە دادەنێم و هەردەم خۆم بە قوتابییەکی مامۆستای پڕ زانست و هونەرو ئەدەب دادەنێم. زۆر بەداخەوە بۆ کۆچی دوایی ناوادەی. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی مامۆستا

(ئاسـنگەر). خـوای گـەورە ڕۆحـی پاکـی بـە بەهەشـتی بەریـن شـاد بـکات و ئارامیـش بـە نـەوەکان و کـەس و خزمانـی ببەخشـێت.

مامۆستای گەورە خوا بتبەخشێت.

گۆڕت ببێ بە گوڵزار ... گیانت ببێ بە شاهوزار

٢٠٢١/٥/١٢ هەولێر

# چەند وشەیەک بە کورتی
# مرۆڤێکی هێمن و لەسەرخۆ پشوودرێژی و دووربینی

**تاریق جامباز**

لەمێـژە مامۆسـتا دەناسـم بـەڵام لـە خولـی دووەمـی پەرلەمـان (٢٠٠٥-٢٠٠٩) کـە بەڕێزیـان ڕاوێـژکار بـوو لـە پەرلەمانـی کوردسـتان کـە دەچوومـە پەرلەمـان پێـش ئـەوەی بچمـە ژوورەکـەی خـۆم، سـەردانێکی مامۆسـتام دەکـرد کـە بـەردەوام دەیخوێنـدەوە و جاروباریـش دەینووسـی و دەیویسـت هەمیشـە گۆڕانکارییەکانـی سـەر گۆڕەپانـی کوردسـتان بزانـێ و لـەم چـوار سـاڵەدا لەنـاوەو دەرەوە چـوار چاپەمەنیـم بـە زمانـی ئینگلیـزی پەیـدا کـرد و پێشـنیازی مامۆسـتام کـرد کـە بیانکاتـە زمانـی کـوردی، لەبـەر ئـەوەی لەمبـارەوە کتێبخانـەی کـوردی هـەژارە و چوسـت و چالاکانـە وەریگێـڕان و، هەڵەچنینانـم دەکـرد و داوام لەمامۆسـتاش دەکـرد وردبینـی بـکات و بەرێکوپێکـی ئەنجـام نەدرابـێ و هـەر چواریـان لـە

بەرهەمـە چاپكراوەكانـی پەرلەمانـی كوردسـتان لەچاپـدران. ئامـاژەی بەنـاوی مـن كـردووە كـە كتێبەكانـم بـە زمانـی ئینگلیـزی بـۆ پەیـدا كـردن.

بەرهەمـی چاپكـراوی هەیـە دەستنووسـێكی زۆریشـی هەیـە هیواداریـن لایەنـی پەیوەنـدار چـاپ و بڵاویـان بكاتـەوە. بـەردەوام چ لـە ژووری خـۆی لـە پەرلەمانـی كوردسـتان یـا لـە سـەردانم بـۆ ماڵیـان یـا لـە دەرەوەی وڵات كـە سـەردانی مناڵەكانـی لـە بەریتانیـا و سـوید دەكـرد، بـەردەوام داوای نووسـینەوەی بیرەوەرییەكانـم لێدەكـرد و زۆر جـار دەیگـوت مناڵـەكان و دۆسـت و برادەرانیـش ئـەو داوایـە دەكـەن و جەختـی كردنـی تۆمـان لەماڵـەوەش بـاس كـردووە.

ئومێـدەوارم بنوسرێتـەوە و لـە قۆناغـی دواناوەنـدی هاوپۆلـی مـام جـەلال تاڵەبانـی سـەرۆك كۆمـاری عێـراق بـووە و لـەم وێنـە دانسـقەیەدا لەگـەڵ هاوپۆلەكانـی دیكەیـان دەبیـنرێ و دواجـار بـە تەلەفـۆن بـە دەنگێكـی نووسـاو و مانـدوو داوای لێكـردم بـە زووتریـن دەرفـەت نوسراوێـك، دوای نسـكۆی ١٩٧٥ بـە گواسـتنەوەی لـە بەڕێوەبـەری ناوەنـدی كۆیـە بـۆ مامۆسـتا لـە تكریـت دەرچـووە و لـە هەوڵـدان بـووم بـۆی پەیـدا بكـەم بـەڵام دووشـەممە ٢٠١٢/٤/٩ ماڵئاوایـی یەكجارەكـی لێكردیـن و مامۆسـتای مـەزن و بـەرز بـە مەرگـی ناوەختـی بۆشـاییەكی گـەورەی لای مـن و خەمخۆرانـی نەتەوەكـەی بەجێهێشـت و هەسـتی پێدەكـەم. هیـوادارم بـرادەر و خزمـە نزیكەكانـی بەرهەمەكانـی كۆبكەنـەوە و لـە ئاینـدەدا چـاپ و بڵاوبكرێنـەوە.

# وەفا و چەند راستیەك

زاگرۆس ئەحمەد کەمال*

مەجید ئاسنگەر، ناوێکی درەوشاوەی مەیدانی کوردایەتی و پەروەردکاری و قەلەمێکی بەبڕشت و خاوەن هەڵوێستی نەتەویی دیار لە بزاڤی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، گەلێك لەوە مەزنترە تاوەکو منێکی شاگردو وێڵ بەدوای راستیە مێژوویەکان بتوانم بە نوسینێك کاڵای پڕ بە باڵا و چەند لاپەڕەیەك لە مرواریەکانی ژیانی تەژی لە میهر و خوشەویستی بهۆنمەوە، کوردایەتی پاکوبێگەرد وکەسایەتی هێمن و لەسەرخو و ڕاستگۆ و خۆشەویستی مەجید ئاسنگەر باس بکەم، ئەستەمە بتوانم مافی تەواوی خۆی پێدەم و لێی بدوێم.

کـوردە ئـەو هەلـەی مێـژوو داویـە پـێ
لەدەسـتی نـەدەی دەرنەچـی لـەرێ

دەتوانـم بلێـم تەنیـا ئـەو شـاکارە شـیعریەی مامۆسـتا گەواهیدەرێکـی ڕاسـتی و دروسـتی کەسـایەتی ئەوزاتەمـان پـێ دەبەخشـێ، تێدەگەیـن لـەوەی تـا چەنـد کوردێکـی پاکـو راسـتگۆ و بێغـەل و غـەش بـوو، لـە قۆناغـە سـەختەکانی خەبـات تـا چەنـد سـەر ڕاسـت و خـاوەن هەڵوێسـتی نیشـتمانی و نەتەوەیـی خـۆی بـوو، ئەگـەر مامۆسـتایانی ئەدەبـی بـەراوردکاری رێگـەم پـێ بـدەن ئـەو شـیعرە بـەرزە پـڕ لـە ئامـۆژگاری مامۆسـتا بـۆ سـەرکردایەتی سیاسـی گەلـی کوردسـتان هیچـی لـەو شـیعرە بـەرزەی شـوکری فەزڵـی کەمـتر نیـە کـە بـۆ هۆشـیارکردنەوەی شـێخ مەحمـودی نەمـر فەرمویەتـی

ئیـش کـە ڕوی ئێسـتێ لـە هەورازە سـەرەو لێـژی نەکەی
بیـری ووردیشـی دەوێ هـەر بـە دوعـا و نوێـژی نەکـەی

کاری ڕاگەیانـدن بـۆ مـن دەرفەتێکـی زێرینـی پـێ بەخشـیم بەچەندیـن کەسـایەتی مـەزن ئاشـنا بـم، ئەگـەر چـی نـاوی مامۆسـتا لـە رێـی بەرهەمـە نایابەکـەی نەمـر فـواد ئەحمـەد بـە دیـدەی هەمـووان ئاشـنا ببـوو بـەڵام لـە نزیکـەوە یەکـتر ناسـینمان ئـەو کاتەبـوو وەك پەیامنێـر هـەواڵ و چالاکیەکانـی پەرلەمانـی کوردسـتانم دەگواسـتەوە. دواتـر و بەبۆنـەی کۆچـی دوایـی نەمـر فـواد ئەحمـەد دەرفەتێکـم رەخسـاند تاکـو لـە دیدارێکـی ڕاسـتەوخۆی بەرنامـەی بەیانـی بـاش کوردسـتان لـە رادیـۆی دەنگـی کوردسـتانی عیـراق کـە بەنـدە ئامـادەکارو پێشکەشـکاری بەرنامەکـە بـووم، مامۆسـتا مەجیـد بدوێنـم، مەبەسـتم بـوو باسـی هەسـت و سـۆزی دڵـداری تەمەنـی هـەرزەکاری خـۆی بـکات بزانـم چـۆن دڵـی بـۆ ئەمیرەکـەی لێـی دەدا؟ ئەمیـرە کێـە؟ خەلکـی کوێیـە؟ نـاوی ڕاسـتەقینەی چیـە؟ یـان هـەر ئەمیـرە خـۆی زیـن ولەیلاکـەی مامۆسـتایە؟ ئایـا ئێسـتاش تیـری لەدڵـی مامۆسـتا سـەد هـەزارە؟ دەبـێ تـا چەنـد جـوان و

لەباربێت تاوەکو بەهاری ڕەنگین لە ئاستیا شەرمەزاری بنوێنی؟ کەچی لەو دیدارەمدا ڕاستەوخۆ بەتەلەفۆن مامۆستا بە گوێگرانیدا ڕاگەیاند سەردەمی نوسینی ئەم شیعرە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول بووە و بەڕێزیان ئەوکاتە لە بەغدا بوو و بۆ دەربڕینی هەست و سۆزی و غەریبی بۆ کوردستان ئەم شیعرەی داناوە، دەرکەوت ئەمیرە تەنها وتەنها ڕەمزێك بوو بۆ کوردستان.

لەساڵی ٢٠٠٥ بەم لاوە ئەم شانازییەم بەرکەوت لەپەرلەمانی کوردستان لەگەڵ مامۆستا کاربکەم و هاوکاریبم، مەجید ئاسنگەر ڕێنیشاندەری من و هەموو ئەو بەڕێزانەش بوو کە بەر لەمن و داوی منیش لەو بەڕێوەبەرایەتیە کاریان دەکرد، ئیتر ڕۆژانە بەدیداری مامۆستاو کەسایەتیە بەڕێزەکانی تریش هەر لە ژورەکەی ئەودا، بەدەم دەسپێکی دەوام گفتوگۆی دواپێشهاتەکان و ڕەوتی دیموکراتی و ئەدەبیاتی کوردی سەرقەلەمی گەلێ بابەت و گفتو گۆبوون، زۆر وانەی بەرزی ژیان لە بەڕێزیان فێر بووم، گەلێ یادو یادەوەری خۆی بۆ باسکردم و هەمیشە دریغی نەدەکرد لە ئامۆژگاریمان بۆ ئەو پرسانەی کە دەمانخستە بەردەستی، بەڕێزیان هەمیشە شارەزایی و تێگەیشتنی خۆی، بێ پەروا لەخزمەت ئێمە و پەرلەمانتارەکانیشدا بوو، دەتوانم بڵێم هەموو چاپەمەنیەکانی پەرلەمان کە لە سەردەمی ئەودا دەرچوون یان کاری تەواوی خۆی بوون یا بەشێك بووە لەگەڵ هاوکارەکانی بۆ ڕاپەراندنیان بە باشترین شێوازو ئێستاش باشترین سەرچاوەن بۆ ئەو کەسانەی مەبەستیانە لەوقۆناغەی کاری پەرلەمانی و یاساو بڕیارو ڕاسپاردەکان وەك سەرچاوە یا دەستکەوت سوودی لێ ببینن.

ڕۆژێکیان بەدەم گلەیی و ڕەخنە لەو شێواوی و سەرگەردانییەی بواری ئەدەبی و فەرهەنگ و نووسین و تەنانەت هونەری کوردی تێی کەوتووە چوومە خزمەت مامۆستا و دەردە دڵی خۆم بۆی کردەوە، تەنانەت هەڵچوونیشم پێوە دیاربوو، کەچی زۆر لەسەرخۆ و بە بزەیەکی باوکانە گوێی بۆ شلکردم و

زۆر بـە هێمنـی چرپاندیـە گوێـم ووتـی: "قەڵـەم بەسـتەزمانە هەمـوو کـەس پێـی دەوێـرێ"، ئێسـتا زانیـم مامۆسـتای گەورەمـان بـۆ ئـەوەی درکانـد، ئەوانـەی لەنـاو مەیدانەکـەدان و لـە خەمـی پاراسـتنی ڕاسـتیەکانن چاکـتر لەمـن لـەو تێگەیشـتنەی مامۆسـتا دەگـەن، ئەوەنـدە دەزانـم مەجیـد ئاسـنگەر سـەربەرزانە پەیامـی خـۆی لـە پاکـی و ڕاسـتگۆیی کوردایەتـی و پـەروەردکاری گەیانـدە جێـی و بـە ویژدانێکـی ئاسـوودە بـەرەو بـارەگای خـوای گـەورەو میهرەبـان قۆناغێکـی تـری بـڕی.

مەرگــو ژیــن مســلی ســێبەرو تــاوە
ئــەوەی باقــی بمێنــێ هــەر نــاوە.

*ڕاوێژکاری پێشووی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان

# مامۆستای مەزن:
# مامۆستا مەجید ئاسنگەر

شۆڕش عەزیز بیتۆشی

گەر هەرکەسێ بیەوێ وشەی مامۆستا بە باڵای هەرکەسێ بدورێ بە حەق شایستەی مامۆستا مەجیدە، کەسێکی لەسەرخۆ و زیرەك و بەتوانا و کوردی زان.. هتد. مامۆستا مەجید نە بە وتە و ئاراستەکردنی بەڵکو بە کردار لە هەموو بوارە جوانەکانی ژیان سەرمەشق و رابەر و زۆر کەم دوو بوو کاتێ دەدوا دەیزانی چی دەڵێ و بۆ کێ دەڵێ و چۆنی دەڵێ.

گەر تەماشای نووسینەکانی و راوبۆچوونەکان و هۆنراوەکانی بە وردی بکەین و مێژووەکانی بەراورد بکەین دەزانین چەند لە رووی کاتەوە پێشکەوتوو بووە و بیرتیژ و دووربین سەرناس هەمیشە و هەردەم بەرژەوەندی گەل و نیشتمانەکەی لەسەرووی بەرژەوەندی خۆی داناوە هیچ کات درەنگ نەهاتووە

و کەمیشــی نەکــردووە.

گــەر بمەوێــت چەنــد بیرەوەرییەکــی خــۆم لەگــەڵ مامۆســتای گــەورەم مەجیــد بکــەم زۆرن.

یەکــەم هانــدەرم بــوو بــۆ خوێنــدن لــە ســاڵی ١٩٧٧، کتێبێکــی پێشــکەش کــردم کــە ئەوســا پۆلــی دووەمــی ناوەنــدی بــووم کتێبــی (پێکەنینــی گــەدا) نووســەری گــەورەی کــورد حەســەنی قزڵجــی تاکــو ئێســتاش ئــەم کتێبــەم مــاوە، هەمــان ســاڵ واتــە ســاڵی ١٩٧٧ و مانگــی (٤)ی نیســان یــاری کۆتایــی تۆپــی پــێ لــە نێــوان ناوەنــدی کۆیــەو ناوەنــدی ســەرباغ ئەنجامــدرا، ئەوســا ئێمــە لــە خوێندنگــەی ناوەنــدی کۆیــە بوویــن یارییەکەمــان بــردەوە و مــن گۆڵێکــم کــرد، بــۆ بەیانــی رۆژی دوایــی بەرامبــەر بــە گشــت قوتابیانــی قوتابخانــە ستایشــی تیپەکەمانــی کــرد و زۆری هــان دایــن لــە رووی دەروونــی و کۆمەڵایەتییــەوە کاریگــەری زۆر قســەکانی و پارچــە قوماشــێکی دا بــە مــن وەك دیــاری، (کــە گۆڵەکــەم کردبــوو) و لــە دوایــی پێــی وتــم بــڕۆ لای کاك (عوســمان عەباســی خەیــات) بیــدروم کــە خــۆی پــارەی دروونەکەشــی دابــوو، مەبەســتی مامۆســتا لــەم دیارییــە ئەوەبــوو کــە مــن بــێ بــاوك گــەورە بــووم و لــەم کاتــە بــاری گوزەرانــی خێزانیــمان بــاش نەبــوو حــەزی نەکــرد، بــە تەنهــا یارمەتیــم بــدات، نــەوەك لــە رووی کۆمەڵایەتــی و دەرونییــەوە کاریگەریــم لەســەر دروســت بــکات. بــەم بۆنەیــەوە کــە لــەم یارییــە بردمانــەوە و مــن گۆڵــم کــرد ئــەم دیارییــەی دا پێــم. ســەیرکە چەنــد جوانــە ئــەم هەڵوێســتە لــە رووی پەروەردەییــەوە لــە رووی دەروونــی و کۆمەڵایەتییــەوە. زۆر بیــرەوەری تــرم هەیــە بــەڵام لێــرەدا تەنهــا ئــەوە دەڵێــم بــە حــەق مامۆســتا بــوو بەڕێــز مامۆســتا مەجیــد.

درورد بۆ گیانی پاکت.

# مامۆستا مەجید ئاسنگەر یەکەم کەس بوو داوای بە پارێزگابوونی کۆیەی کرد

**پێشڕەوی سەید برایم**

مامۆستا مەجید ئاسنگەر یەکەم کەس بوو داوای بە پارێزگابوونی کۆیەی کرد.

مەجید ئاسنگەر شاعیر و تێکۆشەر یەکێکە لە کەسایەتییە ئەدەبی و سیاسیانەی کۆیە، وەك بەر باس و خواس، هەتا پێداهەڵگوتنیش. من بەش بە حاڵی خۆم باسی شاعیرییەت و بوێژی ئاسنگەر ناکەم، ئەوە ئەرکی شارەزایانی ئەدەب و شیعرە. لە هەمان کاتیشدا وەك تێکۆشەرێکیش تر کاری هەڤاڵە حزبییەکانییەتی، گومان لەوەدا نییە چاکتر لە مەمانان دەیناسن و چاتر دەتوانن خەبات و تێکۆشانی شەن و کەو بکەن و حەقی خۆی بە تەواوی بدەنێ. من سەبارەت بە هەڵوێستێکی جوامێرانەی دەدەوێم:

لـە ڕێ و ڕەسـمی شـکۆداری پـەردەلادان لـە سـەر پەیکـەری حاجـی قـادری کۆیـی لـە ١٩٧٣/١١/٢٩ مامۆسـتا مەجیـد وەك ئەندامـی دەسـتەی بەڕێوەبـردن و ئامادەکردنــی یادەکــە، وەك ئاهەنگێڕیــش، زۆر جوامێرانــە دێتــە ســەر ســەکۆ و بــە دەنــگ و ئاخافتنێکـی ڕەوان، دوای ئـەوەی وتـاری دەسـتەی ئامـادەکاری و کۆپلـەەك لـە شـیعری ئاگرینـی حاجـی دەخوێنێتـەوە لـە نـاو ئاپـۆڕەی خەڵـك و بـە ئامادەبوونـی دەیـان کەسـایەتی ئەدەبـی و هونـەری و سیاسـی و حزبـی و کۆمەڵایەتـی لەگـەڵ نوێنـەری حکومەتـی بەغـدا دەڵێـت:

کۆیــە شــاری ئــەدەب و هونــەر و کوردایەتییــە، هەمــوو قــەرزاری کۆیــەن بۆیـە ئێمـە وەك دەسـتەی ئامـادەکاری ئـەو ئاهەنگـە داوا دەکەیـن کۆیـە بکرێتـە پارێـزگا. کاردانـەوەی جەمـاوەری کۆیـە ئەوەنـدە گـەورە بـوو تـا چەنـد خولەکێـك هــەر چەپڵەڕێــزان و گوتنــەوەی دروشــم بــوو لــە ســەر کۆیــە، وەك:

کۆیــە دەمێکــە قەزایــە
بەخــوا حەقــی لیوایــە

دیـارە ئـەو هەڵوێسـتەی مامۆسـتا لـە کتێبـی پارێـزگای کۆیـە وەك بەڵگەیەکـی پڕشـنگداری بـاس کـراوە.

# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەری کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.

P.D.K ENCYCLOPEDIA